14

# رۆژنامەنووس

گۆڤارێکی وەرزیی تایبەتە بە کولتووری رۆژنامەنووسی

## راپۆرتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
## دەربارەی رەوشی رۆژنامەنووسی لە کوردستان
## لە ٢٠٠٨/١/١ تاکو ٢٠٠٨/٦/٣٠

## کەرکووک دەبێ بەردەوام پرسی رۆژنامەنووسان بێت...!

# حسبتكم ساهرا فنمت

فەرهاد عەونی

لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو و لە قۆناغی پاشگەز بوونەوی سەرکردایەتی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی سالّی ١٩٥٨ بە دوورکەوتنەوەی لە رەوشی دیموکراتی و مافەکانی گەلی کوردستان کە لە بڕگەی (سێیەمی) دەستوری کاتی رژێمی یەکەمی کۆماری عیراق داهاتبوو بەوەی کە (**کورد و عەرەب شەریکن لە نیشتمانی عیراق**)دا. لە سەروبەندی ئەو گۆڕانکاریانەی کە رەوشەکەی لە کوردستان بەرەو خراپ بوون دەبرد تۆرانییە بەکرێگیراوەکانی کۆمپانیاکانی نەوت (**کە لەوەتەی نەوت لە کەرکووک هەیە بۆتە «نیقمەتێک»**) بە پلانێکی رەش دەستیان دایە (**کورد کوشتن**) تەنیا لەبەر ئەوەی کوردی نیشتمانپەروەرن بێ ئەوەی خراپەیەکیان تەنانەت بۆ (**چۆلەکەش**) هەبووبێت، بەلّام کاتێ دەستی رەش و چەپەلّەکان گەیشتە خەلّکانی کوردی کەرکووکی وەکو خوالێخۆشبووان (**فازلّ لەیلانی و حەمەئەمین شەربەتچی**)، ئەوە بوو خوالێخۆشبوو شەهید (**مەلا جەمیلی رۆژبەیانی**) ووتارێکی بایەخدار وگرنگی لە رۆژنامەی (**صوت الأكراد**)، کە خاوەنەکەی خوالێخۆشبوو (**عومەر جەلال حەوێزی**) کۆیی بوو، بلّاو کردەوە کە لە راستیدا (**ناڕەزاییەک**) بوو ئاراستەی (**عبدالمجید جەلیل**)ی بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی عیراق (**مدير الأمن العامة**)ی ئەو سەردەمە کرابوو، وتارەکەش لەژێر ناوونیشانی (**حسبتكم ساهرا فنمت**) واتە (**وامدەزانی بەئاگای! بەلّام نووستبووی!**) کە تێیدا کەمتەرخەمی دەسەلّاتی سیاسی عیراق نیشان دەدا لە بەرانبەر (**کورد کوشتن**) خراوەتە بەر.

لێرەدا مەبەستی سەرەکی من لەو وەبیرهێنانەوە ئەوەیە کە ماوەیەکە هەندێ رووداوی قێزەون و تاوان بەرانبەر رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکرێ تەنیا بۆ نموونە:-

١. رفاندنی رۆژنامەنووس و ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان (**ئازاد ئەرگوشی**) بەڕێوەبەری (**نەورۆز TV**) لەسەر رێگای گشتی هەولێر- پیرمام و دواتر ئەشکەنجەدانی.

٢. تەقە کردن لە رۆژنامەنووس (**ئامانج خەلیل**) پەیامنێری رۆژنامەی (**رووداو**) لە سلێمانی لە نزیک مالّەکەی خۆی.

٣. بەلّام گرنگترینیان تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس و ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان (**سۆران مامە حەمە**) لەگۆڤاری (**لڤین**) بوو، لەبەردەم دەرگای مالّەکەی خۆی لە کەرکووک، سەرەڕای چەندین هەڕەشە لێکردنی بە موبایل لە چەند رۆژنامەنووسێک لێرە و لەوێ.

ئەوەی لێرەدا بەلامانەوە گرنگە، جۆرێک لە کەمتەرخەمی و بێ دەنگی هەیە، چ لە لایەن ئیدارە لە کەرکووک و چ لە دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان کە ئەمەشیان بۆتە جێگای تورەبوون و ناڕەزایی سەندیکای رۆژنامەنووسان کە لە (**ریسوا و ئیدانە و مەحکوم**) کردن نەبێت، لە رووی یاسایی و هیچی دیکەی پێ ناکرێ، بەلّام (**ریسوا کردن وئیدانە و مەحکوم کردن**) وەکو کودەتایەکی سەربازی لەرووی پیشەیی و سیاسی و مەعنەوییەوە حیساب دەکرێت، چونکە کاتێک سەندیکایەکی سەرانسەری کوردستان کەزیاتر لە ٣٠٠٠ ئەندامی هەیە مەحکوم و ئیدانە و ریسوا کردنی هەر دیاردەیەک بکات ئەوجا، بەرانبەر هەر کەس و لایەنێک و دامودەزگایەک بکرێت بە پەردە لابردن دەژمێردرێت لە رووی جوانی نیشاندراوی ئەو لایەنە کە دیسان پێمان وایە سەرەتایەکی ترسناکە بۆ کپ کردنی دەنگی ئازادی و رای گشتی و ئازادی رۆژنامەنووسیی کە پێویستە بە هەموو لایەکمان هەولّی بنبڕکردنی بدەین.

ئەو پاپۆڕ (**کەشتی**)یەی کە هەموومانی لەناوە بە هەموو جیاوازییەکانەوە بەرەو کەنار لەنگەردانی لەنێو دەریایەکی پڕ لە (**مین**)، پلانی ڕەش، (**پیلانی مەترسیدار**) بە مەبەستی کۆنترۆلّ کردنی پاپۆڕەکە کە لە ئەنجامدا، ئەگەر خودانەخواستە کون بوو، ئەوا هەر هەموومانی تێدا دەخنکێین. بۆیە هەرهەموومان بەرگریکاری لە پاراستنی ئەو ئەزموونەین، کە بێگومان دەسەلّاتی سیاسی ئەرک و لێپرسراوێتی یەکەمی هەیە لە پاراستنی نیشتمان و خەلّکی کوردستان دیارە رۆژنامەنووسانی ئەو ولّاتەش سەرەڕای رەخنەی بەجێ و هەندێکی نابەجێش بە تایبەتی لەڕۆژگارێکدا کە خەریکە شوفینیانی ئەم عیراقە بە جیاوازی ئینتیمای نەتەوەیی و سیاسی و مەزهەبی و هاندانی دەرەوەی سنوور گەیشتوونەتە قۆناغێک کە بە ئاشکرا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق پەردەیان لەسەر ئەو هەلّسوکەوتە چەپەلّەیان لادا، کە سەدامی گۆڕ بە گۆڕ و فەرمانڕەوایی عێراقی پێشووتر خەریکی بە عەرەب کردنی بەشێکی هەرەگرنگی ئەم کوردستانە بوون. ئەوان بەو هەموو جیاوازییە بنەڕەتییە مێژووییە بەرانبەر بە کورد بوونەتە یەک باشە بۆ ئێمەی کوردیش لەو قۆناغە خەتەرناکەدا کە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆمان نییە، کەشایانی باس کردن بێت بۆ بە یەکڕیزی بەرانبەر بەو هەموو گیرەشوێن و پیلانە رەش و شوومانەدا یەکگرتوو نەبین!؟ رۆژنامەنووسانیش سەری رمی بەرژەوەندیەکانن کە ناکرێ کەمتەرخەم بین لە پاراستنی گیانیان و بێدەنگی وامان لێ بکات هەمان نووسینەکەی شەهید (**مەلا جەمیل رۆژبەیانی**) ئاراستەی دەسەلّاتی سیاسی و ئیداری کەرکووک و هەرێمی کوردستان بکەین.

# "14"

# ڕۆژنامەنووس

گۆڤارێکی وەرزیی تایبەتە بە کولتووری ڕۆژنامەنووسیی
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەری دەکات

kurdistanjournalists.com govar111@yahoo.com

**خاوەن ئیمتیاز**

- فەرهاد عەونی

**سەرنووسەر**

- عەبدوڵڵا زەنگەنە

**جێگری سەرنووسەر**

- خالید بەکر ئەیوب

**سکرتێری نووسین**

- ئازاد عوبێد ساڵح

**دەستەی نووسەران**

- ڕەفیق ساڵح
- موسەدەق تۆڤی
- هەژار حاتەم

**تایپ و نەخشەسازی**

- ئەیوب محەمەد بابەکر
- هەوار محەمەد عەلی
- گۆران جەمال
- مەحموود مستەفا

**داڕێژەری بەرگ**

- ئاسۆ مامزادە



ناونیشان: هەولێر– شەقامی کوردستان
"شەست مەتری"– گەڕەکی زانیاری

Tel: +964 66 255 8111
Mobile: +964 750 456 8886 سەرنووسەر

## بابەتەکانی ئەم ژمارەیەی ڕۆژنامەنووس


| | | |
|---|---|---|
| – ئافرەت لە ڕاگەیاندنی کوردیدا................. | د. مەغدید سەپان | ٣ |
| – گۆڤاری (ڕاپەڕین)ی هەولێر.................. | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٤ |
| – کاری ڕۆژنامەوانی لەبواری ئاسایش........... | شاخەوان مەلا محەمەد | ٣٨ |
| – شۆڕشی پەیوەندییەکان و تەکنەلۆژیای نوێ... | د. محەمەد دلێر | ٧٨ |
| – مێژووی هونەری کاریکاتێری.................. | هەندرێن ئەسعەد خۆشناو | ٨٩ |
| – وێستگەی ڕۆژنامەنووس ................................................ | | ١٠٥ |
| – کاکی زەنگەنەی.................................. | قاسم محەمەد مستەفا | ١٠٧ |
| – ئەوا خاوەنەکەیشی گەواهی دا ................... | ئازاد عوبێد | ١١٢ |
| – دوێنێ و ئەمڕۆی ڕۆژنامەنووسیی.............. | و: هیوا ساڵح ئەحمەد | ١١٥ |
| – وێنەی ڕۆژنامەنووسیی.......................... | کاکە زەنگۆ | ١٢٧ |
| – ڕۆژنامەگەری خوێندکارانی کورد................ | ڕۆژنامەنووسێک | ١٣٧ |
| – گۆڤاری K21............ | و: خالید بەکر ئەییوب | ١٤١ |
| – کورتەیەک دەربارەی کۆششی مەسیحییەکان.... | ئیسماعیل عەلی | ١٤٤ |
| – شیعرو ئەدەبیاتی تورکمانی و ڕۆژنامەوانی.... | هەندرێن شێرزاد | ١٥١ |
| – لە بەڵگەنامەکانی ڕێکخراوی (IFJ)............. ........................... | | ١٦٥ |
| – هەواڵ و چالاکییەکان...... جێگری سەرنووسەر بەهاوکاری جەمال حوسێن | | ١٧٧ |
| – ڕاپۆرتی سەندیکا لەبارەی ڕەوشی ڕۆژنامەنووسان............................ | | ٢١٧ |
| – دیاریی ژمارە................................. | کوردێکی یەکرەنگ | ٢٣٥ |


**ڕیزبەندی بابەتەکان تەنیا پەیوەندی بە لایەنی هونەرییەوە هەیە**

هەواڵنامەی کتێب

# ئافرەت لە ڕاگەیاندنی کوردیدا

## توێژینەوەیەکی زانستییە لەسەر چوار ڕۆژنامەی کوردی:
## کوردستان ڕاپۆرت، ئاسۆ، جەماوەر، میدیا
## نێوان ٧/٥ تا ٢٠٠٧/٩/٨



**دوکتۆر سەپان**

**پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە لەسەر ژن، چوار ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان ڕاپۆرت، ئاسۆ، جەماوەر لەگەڵ هەفتەنامەی میدیا)، لەنێوان (٧/٥ تا ٢٠٠٧/٩/٨) ی بەخۆوە گرتووە.

لە ڕاگەیاندنی کوردی بەدەگمەن توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەم پرسە گرنگە کراوە، وەک زۆربەی لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵگای کوردەواری لەلایەن کەسانی پسپۆر بایەخی خۆی پێنەدراوە.

ڕۆژانە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان باس لە ئافرەت دەکرێ، زۆربەی باسەکانیش لەناوەڕۆک بۆ ئەوەیە زیاتر خزمەت بەوان بگەینێ و یەکسانی لە نێوان هەردووک ڕەگەز نزیکتر بکاتەوە، بەڵام لەبەر کەم شارەزایی لەم پرسیارە و بەش نەکردنی ڕۆژنامەنووسی پسپۆر لە ڕاگەیاندن نەتواندراوە وەک پێویست ئەم پەیامە بگات.

ئەم توێژینەوەیە لە: پێشەکی، ناوەڕۆک، ئەنجام لەگەڵ پاشکۆیەک لە بیبلیۆگرافیای تەواوی سەردێری نووسین و هەواڵەکانی لەسەر ژن لەو چوار ڕۆژنامەیە لە ماوەی دیاریکراو پێک هاتووە.

بۆ ئەم کارە، بەپێویستمان زانی لە سەرەتا باس لە ڕۆژنامەکان یەکە یەکە و بەجیا بکەین، بۆ ئەوەی بزانین هەر ڕۆژنامە و چۆن ئەو پرسیارەی بەرز کردۆتەوە، دواتر بەشێوەیەکی گشتی باس لە ئافرەت لەو چوار ڕۆژنامەیە کراوە. لە ناوەڕۆکی باسەکە، نموونەی هەندێک نووسین لەگەڵ نووسینەوەی هەندێک سەردێر هاتووە، بۆ ئەوەی خوێنەر باشتر لە بابەتەکان بگات و بزانێ ئەو گوتارانەی لەسەر ژن دەنووسرێن، چۆنن و بە چ شێوەیەک نووسراون، لێرە باسیان لێوە کراوە.

ئەنجامی توێژینەوەکەمان، پێ باش بوو، بەخاڵ بنووسین، کە چۆن ئێمە بە باشترین شێوە خەبات بۆ مافی ئافرەتان بکەین و ئەو نەوەیەی کۆمەڵ ئاسوودەتر بکەین، تاکو منداڵی تەندروستمان بۆ پەروەردە بکەن و

لە کوردستانی نوێ کۆمەڵگایەکی ساغمان هەبێ.
ئەو هەوڵەی من و ئەو کارەی من زۆر پێویستە، بۆ ئەوەی لەداهاتوودا بزانین چۆن بە باشترین شێوە خزمەت بە ڕەگەزی مێ بکەین و لە هەمان کاتیش ڕۆژنامەنووسان و سەرنووسەران ئاگادار بکەینەوە: بۆ ئەوەی خزمەت زیاتر بە ژن بکەین، دەبێ شێوەی نووسینەکان بگۆڕدرێ و بە جۆرێکی دیکە مامەڵە لەگەڵ ئافرەت بکرێ، چونکە نووسینی زۆر و بەو شێوەیەی ئەوان تا ئێستا کردوویانە، دەبێتە هۆی کوژران و خۆسووتانی زۆرتر.
لەم کارە هەندێک نموونە هێندراون و نووسنەکانیش وەک خۆی تایپکراونەتەوە. بۆیە ئەگەر لە شوێنێک سووتان بە یەک واو نووسرابێ ئێمەش بەیەک واو نووسیومانەتەوە و ئەگەر بە دوو واویش نووسرابێ، وەک خۆی بە دوو واو نووسیومانە.

**ناوەرۆک:**

ڕاگەیاندنی کوردی لە بچووکترین دەرفەتی هەوڵیداوە زۆرترین خزمەت بە خوێنەرانی بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی کورد ئەزموونی کەمی لە ڕۆژنامەگەری هەیە و لەبەر ژێردەستەیی نەیتوانیوە کادری باشی لەو بوارەدا هەبێ. زۆرجار وەک پێویست هەوڵ و هیمەتی ڕۆژنامەنووسان و پەیامی ئەوان بە باشی و وەک ئەوان دەیانەوێ نەگەیشتووە.
بۆچی نەگەیشتووە، هۆ زۆرە، بەڵام یەک لە هۆ گرنگەکان ئەوەیە، کە ڕاگەیاندنی کوردی تا ئێستاش بەگشتی ڕاگەیاندنێکی ئارەزوومەندانە و ئەوەی کاری ڕۆژنامەنووسی دەکات، خۆی، خۆی فێرکردووە و زیاتریش لە ڕێگای شیعر و چیرۆک و ئەدەب هاتۆتە ئەم بوارە. جگە لەو هۆیەی سەرەوە، زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامەنووسان گەنجن و ئەوان نە دەرچووی پەیمانگا و بەشەکانی ڕاگەیاندن، نە ئەوەندەش خەریکی پڕ زانیاری کردنی خۆیانن. ئەوان کەم دەخوێننەوە و زۆر زیاتریش دەنووسن، لەوەش خراپتر، پەلە لە نووسینەکان دەکەن و پێش بڵاوکردنەوەشی بەکەس پیشان نادەن. زۆربەی جار بابەتەکان و پرسیارەکان لەشوێنی خۆیانن، بەڵام لەبەر ئەوەی کەسی نووسەر بە پیشە ڕۆژنامەنووس نییە، ناتوانێ پەیامی بگەیێنێت و بەباشی مەبەستی دەربڕێ. ئەم خراپ دەربڕینە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتوری، وەرزش...هتد گرتۆتەوە.
یەک لە پرسیارە هەرە گرنگەکانی کۆمەڵ، دیارە پرسیاری ژنە و مافی ئەوانە لەو هەرێمە ئازادەی کوردستان. ڕۆژنامەنووسان زوو درکیان بەو کێشە گەورە و گرنگە کردووە، بۆیە ویستوویانە باشترین خزمەتی بکەن، بەڵام زۆربەی کات ئەم خزمەتە، لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە، تەواو بە پێچەوانە بۆتەوە و لەجیاتی خزمەت، بۆتە کۆسپ و درک بۆ کێشە و پرسیاری ئەوان.
پێش ئەوەی بێمە سەرباسەکەم، پێمباشبوو بڵێم، کە ڕاگەیاندنی کوردی، ئەگەرچی ئێستا لە پێشان باشترە، بەڵام هێشتا گەلەک زۆری ماوە، تا بتوانێ بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵبستێ.
تا ئێستا ئەدەب زۆر بەسەر ڕاگەیاندنی کوردیدا زاڵە، لەکاتێکدا ڕاستە ئەدەب و ڕاگەیاندن لەیەک نزیکن، بەڵام تەواو جیاشن.
"دیسانەوە ئافرەتێکی دیکە لەتکرا و کرایە قوربانی چەند فیشەکێک، دیسانەوە ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان بەخوێنی ئافرەت و کچێکی زۆری بێتاوان سوور بوو..." (چرۆ کەنعان. "ژنانی کورد و مەینەتێکی بەردەوام" ڕۆژنامەی ئاسۆ ٢٠٠٧/٩/٢، ل ٧، کۆمەڵایەتی).
وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێی کرد، لەبەر کەمی کادری باش و بەتوانا و پسپۆڕ لەڕاگەیاندنی کوردی، ئێمە نەمانتوانیووە پرسیاری ژن، وەک پێویست بەرز بکەینەوە. هەر بۆیەش، هەواڵ و نووسینەکان یەکجارین، یانی ئەوەی ڕوودەدات، یەکجار باس دەکرێ و بەدواداچوونی بۆ ناکرێ.. ئەگەر ئێمە ڕاگەیاندنمان ئارەزوومەندانە نەبووایە، بەڵکو خاوەنی ڕاگەیاندنێکی پسپۆڕ (پرۆفیشونال) بووینایە، تەواو کێشەکان بەجۆری دیکە باس دەکران. ئەو پرسیارە گرنگانە بەیەک جار

وازیان لێنەدەهێندرا و بەیەکجار لەکۆڵ خۆ نەدەکرانەوە. ئەگەر کەسانی پسپۆر بەکارەکان هەڵسابان، تا وەڵامی هەموو پرسیارەکانیان نەدابایەوە، وازیان لە نووسینەکان نەدەهێنا.

لە کوردستان، تەنیا قسەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی و مام جەلال تالەبانی و هەندێک جاریش قسەی سەرۆکی حکومەت کاک نێچیروان بارزانی و کاک کۆسرەت ڕەسول بەدواداچوونی بۆ دەکرێ و باشتر شیدەکرێتەوە. زۆربەی جاریش ئەو بەدواداچوونانە، لەجیاتی ئەوەی هەڵسەنگاندنی باش و بەتوانا بن، لە مەدح و سەنا زیاتر هیچ نییە. "ئەم وتارە لەم بارودۆخە هەستیارەی ئێستا دا، جارێکی دیکە بۆ جیهانی سەلماند کە ئەزموونی سیاسی – فیکری حکومەتی کوردستان، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەرە دەسێنێت و دەوڵەمەندتر دەبێت..."(نزار جاف. خوێندنەوەیەک بۆ وتارەکەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە دژی کوشتنی ئافرەتان. ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت ٢٠٠٧/٧/٢٦). لەڕاستیدا ئەم قسانە نابێ، کەسێکی ڕۆژنامەنووس بۆ کاک نێچیروان لە ڕۆژنامە بینووسێ، بەڵکو دەبێ کەسانی پسپۆر لە ڕاپۆرتی نهێنی و ڕاوێژکارە بەتواناکانی ئەم قسانە بکەن. دەبوایە، ڕۆژنامەنووس قسەکانی هەڵسەنگاندبا، نەک بەم جۆرە باسی لێوە بکات، چونکە سەرۆکی حکومەت، پێویستی بەمجۆرە نووسینانە و پێداهەڵگوتنە نییە، بەتایبەتیش ئێمە لە کوردستان سیستێمی فرە حیزبی پەیڕەو دەکەین، جگە لەو دوو حیزبە گەورەی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆمەڵێک حیزب و گرووپی دیکەش هەن. لەمجۆرە نووسینانە، زۆر ڕوون و ئاشکرایە، ڕۆژنامەنووسانی پسپۆر ناینووسن، بەڵکو زیاتر کادری حیزبی بەم کارانە هەڵدەستن.

نووسین و ڕاپۆرتەکانی ڕۆژنامەنووسانیش دەربارەی ژنان، زۆربەی جار لەجیاتی دانی زانیاری بۆتە ڕەچێتەی خۆکوشتنی کیژ و ئافرەتانی کوردستان. پێش کوشتنی دوعا بە بلۆک، نەزاندراوە ژنێک یان کیژێک بەمجۆرە کوژرابێت، بەڵام پاش بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بڵاوبوونەوەی فیلمی کوشتنی لە مۆبایلەکان، کاتی زۆر نەویست تا (س. ج.) تەمەن ١١ ساڵیان وەک دوعا بە بلۆک کوشت. (ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت ٢٠٠٧/٨/٧)، ئەو نووسینانەی لە ڕۆژنامەکان باس دەکرێن، ئەگەر بە وردی بخوێنینەوە، دەبینین هەموو جۆرە خۆکوشتنێک و کوشتنێکی تێدا. نووسینەکان ئەوەندە بە وردی باسیان لێوەکراوە، ئەوکەسەی بەنیازە خۆی بکوژێت، یەک لەوان هەڵدەبژێرێ. ئەو ژنە یان کچە، پاش ئەوەی جۆرێک لەو کوشتنە هەڵدەبژێرێ، دەبینێ لە ڕاگەیاندن باسی دەکرێ، زۆر جار ناوی تەواوی کچە یان ژنەش نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە، بۆ ئەوەی بە توندترین شێوە تۆڵە لە خزم و کەسانی خۆی بکاتەوە، بەو کارە مەرگەساتە هەڵدەستێ. بەمەش وەک دەزانین، خۆکوشتنی کیژان، جگە لەوەی مەرگەساتێکی گەورەیە بۆ خزم و کەس، کەمێک شەرمەزاریشی پێوەیە و لەگەڵە. ئەوان تا لەژیاندابن، ناتوانن لەخۆیان خۆش بن، بەوەی هاریکاری تەواوی کیژە یان ژنەیان نەکردووە و لەکاتی پێویست بەهانایانەوەی نەهاتوون. دیارە ئەوانەی خۆیان دەکوژن یان بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە، زیاتر کەسانی لاوازن و بەرگەی هەزمکردنی ئەم هەموو گیروگرفتە گەورانە ناگرن.

ڕۆژنامەکان، وەک لەپێشەوە ئاماژەمان پێی کرد و نووسیمان، زۆربەی جار بەمەبەستی یارمەتی نووسین و هەواڵەکان بڵاو دەکەنەوە، بەڵام ئەنجامەکەی تەواو پێچەوانە دەردەچێ و نازانن زۆربەی جار وەک چەکێک بۆ دژی ئەوان بەکار دێت.

لەخوارەوە هەندێک نموونەی سەردێر و گوتارەکان دەنووسین، کە چۆن لە ڕۆژنامە کوردییەکان ئەو پرسیارە گرنگە باس دەکرێ.

## ڕۆژنامەی ئاسۆ

لێرە نموونەی چەند نووسینێک دەهێنینەوە و لەسەر هەندێکیشیان دەوەستین، لەگەڵ دووبارەکردنەوەی هەندێک سەردێر، بۆ ئەوەی باشتر بۆ خوێنەر ڕوونببێتەوە، لە ڕۆژنامەکان چ جۆرە سەردێرێک بۆ نووسینەکانی لەسەر ژنان داندراون.




+ زۆربەی ژنانی بەندکراو بەتاوانی کوشتن زیندانی کراون

پاش خوێندنەوەی ئەم گوتارە، دەردەکەوێ، تەنیا ١٣ ژن بەم تاوانە گیراون، بەڵام بەخوێندنەوەی، هەست دەکەیت ژمارەیان زۆر زیاتر بووە. دانانی ئەم سەردێرە، یان کەسی نووسەر زۆر ناپسپۆرانە دایناوە و لە هونەری نووسینی سەردێر شارەزایی نییە، یانیش لەوانەیە خۆی دژی ڕەگەزی ژن بێت. دانانی ئەم سەردێرە بەهیچ شێوەیەک ڕەنگدانەوەی نووسینەکان نییە و ناهەقی زۆری دژ بە ڕەگەزی مێ پێوە دیارە. (ڕۆژنامەی ئاسۆ. ٢٠٠٧/٧/١١)

+ لە ئامێزی پیاوێکی تر دابووم، خەسووم دڵی وەستا

لێرە مێردی ژنە لەو نووسینە دەڵێ: "بوونی من لەسەر زەوی چی مانایەک دەبەخشێ بەژیان؟ لە کاتێکدا شەو و ڕۆژ بەدەم ئازارەوە دەناڵێنم".

ئەو ژنە لە دادگا لەجیاتی بەرگری لەخۆی بکات دەڵێ: "من کەسێکی تاوانبارم ئامادەم سزاکەی وەربگرم، چونکە من بووم بەهۆی گیان لەدەستانی خەسووم، من ناهەقیم بەرامبەر قاسم کرد..."

"دوای ئەوەی گۆنا دانی بەتاوانەکەی دانا، دادوەر سزای بەندکردنی سەپاند بەسەر گۆنادا و منیش بۆ هەمیشە لێی جیابوومەوە..." (٢٠٠٧/٨/١) لەم نووسینە زۆر بەڕوونی دیارە ژنانی کورد بەگشتی و ئەو تاکەش بەتایبەتی یان تەواو ڕووخاون و چاک دەزانن بەرانبەر بە پیاو هیچ شانسێکیان نییە، یانیش هیچ ئاگایان لە یاسا و مافی خۆیان نییە و نازانن چۆن بەرگری لەخۆیان بکەن، لەوانەشە ئەو ژنە چاک دەیزانی بەبەربوونی یەکسەر دەکوژرا، بۆیە بەندیخانە بۆخۆی هەڵدەبژێری.

+ ئەمساڵ ١٧٠ ڕووداوی کوشتنی ژنان هەبووە – دەهۆک هەشت حاڵەتی خۆسوتاندنی ژنان لەماوەی دوو مانگ .. لە

سنووری قەزای خورماتو (٥ – ٨ – ٢٠٠٧)
+ کچێک خۆی دەسوتێنێت
کچێکی تەمەن ١٤ ساڵ بەناوی ە. ڕۆژی ٨/٦ بەهۆی کێشەیەکی لەگەڵ باوەژنی خۆیدەسوتێنێ.
+ کچێک خۆی دەرمانخوارد دەکات
+ لەنێوان ماڵی مێرد و ماڵی باوکدا، دەنکێک شقارتەم هەڵبژارد
چیرۆکی ئەم کچەی تەمەن ٢٠ ساڵە بەم شێوەیەی خوارەوە دەست پێدەکات. ئەو وەک هەموو ڕۆژەکانی دیکە لە قوتابخانە دێتەوە و دەبینێ ماڵیان پریەتی لەمیوان.
– "دایکە ئەم پیاوانە بۆچی هاتوون؟ جارێ وەختی ئەو قسانە نییە، خێرا خۆت بگۆڕە و وەرە دەرەوە با دەستگیرانەکەت بتبینێ. وتم دایکە تۆ ئەڵێی چی؟ من ئەمەوێت خوێندن تەواو بکەم، ئەی بۆچی پرستان پێ نەکردم؟"
کچە ناچار دەکرێ مێرد بکات. ئەگەر چی ئەو مێردکردنەی بە ئارەزووی خۆی نەبووە، دیارە ماڵی خەسووش لەگەڵی خراپن. لە کوردستان هەزار ژن پاش ئەوەی لەلای مێردیان توورەدەبن، جگە لەماڵی باوک، هیچ شوێنی دیکە نییە، پەنای بۆ بەرن. هەندێک جار لەجیاتی ئەوەی باوەشیان بۆبکرێتەوە و یارمەتییان بدرێ و گوێ بۆ قسەکانیان شل بکرێ، تا خۆیان بەتەواوەتی لەو گرفتە بەتاڵ دەکەن و بارودۆخەکە ئاسایی بکەنەوە، تەواو بە پێچەوانە هەڵس و کەوت دەکەن. "کارزانی برام بە سوندە و دار لێیدام و هەموو گیانی شین و مۆر کردم، لەداخا بەرەو حەمام ڕۆیشتم و دەبەیەک نەوتم لەگەڵ خۆم برد.. لەنێوان ماڵی مێرد و ماڵی باوکدا، دەنکێک شقارتەم هەڵبژارد."
ئەم نوسینەو گێرانەوەی تراگێدیایە زیاتر لە رەچێتەی خۆکوشتن دەچی تا لە یارمەتی کەسوکار و ژنێکی لێقەوماو.
+ لە دوو مانگی ڕابردوو ١٠ حالەتی سوتانی ژن لە چەمچەماڵ هەبووە.


کوردستان راپۆرت
یەکگرتووی ئیسلامی پەشیمان نییە لە بەشداریکردنی لە کۆنگرەی بەعسییەکان لە قاهیرە
کەتیبەکانی قاعیدە بنکەی گومرگی سەیرانبەندیان تەقاندەوە
د. فوئاد حوسێن: تا ئێستا تورکیا بە رەسمی دانی بە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمدا نەناوە
لەسەر کوشتنی دوو سەربازی کورد بەینی ئەفسەرە کوردەکانی سوپا و پۆلیس تێکدەچێت
بەبێ ئامادەبوونی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان پرۆژە یاسای ڕێکخستنی ڕۆژنامەنوسی لە کوردستان گفتوگۆی لەسەر دەکرێت

## ڕۆژنامەی کوردستان راپۆرت

لە خوارەوە نموونەی هەندێک سەردێر لە ڕۆژنامەی کوردستان راپۆرت دەهێنین و باسیش لە ناوەڕۆکی هەندێکی دیکە دەکەین.
+ ڕێژەی بکوژی ژن لەبەرزبوونەوە دایە و لە ئەمساڵدا هیچ بکوژێکی ژنان حوکم نەدراوە
+ وەزارەتی پێشمەرگە دوو لە بکوژانی ژنان تەسلیم

ناکاتەوە/ ئەوە قسەی ئەندامێکی پەرلەمانە.
لەو نووسینە نیشانی دەدات: ١٠ ژن لەلایەن پێشمەرگە و چەکدارانی حیزب و حکومەت کوژراوە و تەنیا بکوژانی سێ ژن گیراون.

+ لەناوچەی بتوێن و پشدەر ١٤ ژن کوژراون، تەنیا ٢ کەس گیراون. (٧/٥)

+ ژنێک لە قەڵادزێ بەلەچەکی خۆی دەخنکێندرێ.. (٧/٢٩)

+ کوژرانی ژنێک شەرێکی گەورە لە دادگای سلێمانی دروست دەکات...( ٧/٣١)

+ لە دەڤەری بادینان لەماوەی ساڵێکدا ١١٧ ژن کوژران (٨/١)

+ ژن کوژی لەنێوان قەیران و یاسا و باری کۆمەڵایەتیدا...

لەم نووسینە ئەندام پەرلەمانێک دەڵێ: (کێشە لە یاسادا نییە و یاساکان زۆر توندیشن...) ئەم قسەیە لەڕاستیدا زیاتر ڕووخانی ژنانی پێوە دیارە، لەوەی یارمەتی ئەوان بدا. ئەگەر ژنێک ئەم نووسینە بخوێنێتەوە، تەواوی ئومێدی دەبڕێ، بەوەی ئەو بتوانێ لەپەنای یاسا ئاسوودەتر بژی یان یاسا بەرگری لێبکات، چونکە بەقسەی ئەو ئەندام پەرلەمانە، ئەگەر یاساکان ئەوەندە تەواو و توند بن، بۆچ نەیتوانیوە ڕێژەی کوشتن یان خۆسووتان کەمبکاتەوە؟ ژنێک یان کچێک ئەگەر هیچ گرفتی نەبێت و کەس لێی نەدا و ریسوای نەکات، بۆچ ئەم ژیانە خۆشە لەخۆی دەکات بەدۆزەخ؟ بۆچ بیر لە خۆسووتان دەکاتەوە؟ لێرە دیارە ئەگەر یاسای توندیش هەبێ، دیارە کاری پێناکرێ، ئەگەر کاریشی پێنەکرێ، لەوکات پێویستە و دەبێ هەموار بکرێ یان بەجۆرێک بێت، کە خزمەت بە ڕەگەزی مێ بکات. ئەندام پەرلەمان دەبوایە پێش ئەوەی ئەم قسەیە بکات، دوای ڕاپۆرتێکی لە کەسانی پسپۆر کردبا، بۆئەوەی بیزانیبا هۆی ئەم هەموو کوشتن و سووتانە بۆچی لە کوردستاندا هەیە؟

+ تەرمی ئافرەتێک دەدۆزرێتەوە و جێگەی دوو گوللە بە سینگییەوە دیارە.. (٨/١)

+ کوشتن و خۆکوشتنی ژنان (مامۆستا مەلا حەویز)

+ ژنێک لە ڕانیە هەوڵی خۆکوشتن دەدات ژنێکی تەمەن ١٧ ساڵ بەناوی شاناز عەبدوڵلا ڕەسول سێ گوللە بەخۆیەوە دەنێت و لە ئەنجامدا بە سەختی بریندار دەبێت.. خۆی گوتی، ڕازی نییە بچێتەوە لای مێردی، چونکە لەگەڵی ناگونجێت، بەڵام ماڵی باوکی بەزۆری دەیانەوێ بینێرنەوە لای مێردی(٢٠٠٧/٨/٦). زۆر لەو کێشە و گرفتانەی بەسەر ژن و کیژانی کورد دێن، دەکرێ لە ڕێگای قسەکردن و دکتۆری پسپۆر چارەسەر بکرێن، بەڵام لە کوردستان لەبەر ئەوەی ئەو یارمەتییە نییە، ئەوان ناچار هانا وەبەر چەک و نەوت و بەنزین بەرن.

+ ئێوارەی ڕۆژی ٤ – ٨ کچێکی تەمەن ١١ ساڵە بەهۆی دەستکاری کردنی دەمانچە لەلایەن براکەیەوە، فیشەکێکی بەردەکەوێت و گیان لەدەست دەدات.. (هەمان لاپەڕە و هەمان ڕۆژنامە).

+ لە دوای ڕاپەڕین زیاتر لە ١٢ هەزار ژن کوژراون (٨/٧)

+ ژنێک دوای تەڵاقدران خۆی دەسوتێنێت .. تەمەنی ١٨ ساڵە و بەزۆر بەمێرد دەدرێ...

+ کوڕێک خوشکەکەی خۆی دەکوژێت.. خۆشی هەڵاتووە.. (٨/١٣)

+ نهێنی ئەو کچەی لە پێناو گەیشتن بە خۆشەویستەکەیدا پەنای بردە بەر ئاگر.. "من تەمەنم لەنێوان ١٥-١٦ ساڵان دابوو پاش خۆسووتاندن ماڵەوەمان بەتەواوەتی فەرامۆشیان کردم. دوای بەسەر بردنی ماوەی نەخۆشخانە، خوشکەکەم بردمیە ماڵی خۆیان و باوکم هەر نەهات بۆ لام، خەبەری ناردبوو کە دەرزییەکی مردنم لێبدەن تاوەکو بمرم.. دوای شوکردن کوڕە لەگەڵ کیژێکی دراوسێ پەیوەندی دەبەستێ و دەڵێ: من خۆم نەدۆزیوەتەوە، تا مردن لەگەڵ کچێکی سوتاودا کات بەسەر بەرم....." (٩/٤)

هەواڵنامەی کتێب

### ڕۆژنامەی جەماوەر:

لە ڕۆژنامەی جەماوەر زۆر زیاتر لەسـەر ژن نووسراوە و هەواڵـی زیاتـر بڵاوکراونەتـەوە. لێرەش زۆربەی ئـەو کەسـانەی نووسـینەکانیان بۆ ئەم ڕۆژنامەیە لەسـەر ئافرەت نووسیووە، لە بواری کۆمەڵایەتی یان تایبەت بە ژن کەسانی پسـپۆر نیـن. بۆیـە ئـەوان نەیانتوانیـووە یارمەتـی پرسـیارەکەیان بـدەن، بێئـەوەی ئـەو نووسـەرانە هەسـتی پێبکـەن، زیاتر ئاگرەکەیان خۆشکردووە.


مەلاکان ئەبێت فێری هونەری چێشتلێنان ببن، ئەبێت فێری گوڵچاندنیش ببن 14
لە نوسینی ناوی کرنچییەکاندا بۆ زەوی وەرگرتن ناعەدالەتی هەبووە.. بۆل4
پارتی ئێستاش کەناڵی پەیوەندیی زۆر بەهێز و چاکی لەگەڵ تورکیا هەیە 11
ژمارە (266) - دووشەممە 31/ 3 / 2008
نرخی(500) دینارە
رۆژنامەیەکی سیاسی گشتی ئازادە
جەماوەر
سەرم لە ئەرشیفی هۆلۆکۆست سوڕماوە، دڵنیام ئەنفالیش وەک هۆلۆکۆست دەناسرێت 3
مەلا عەلی مەحمود:
لە کوردستان چەندین بەرپرس نەخۆشی ئایدزیان هەیە
بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی چاودێری دارایی:
چاودێرەکانمان لە بەرامبەر گەندەڵکاران توشی گرفت دەبن
ئیحسان عەلی عەبدولعەزیز:
عەلی باپیر ئەمری پێغەمبەری شکاندوە یان درۆی بە دەم پێغەمبەرەوە کردوە
داوایەکی یاسایی لە دژی پاسەوانانی ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی تۆمار دەکرێت

+ ٤١ ئافـرەت بـە تۆمەتـی جۆراوجـۆر دەستگیر دەکرێن

لەوانــە: "٣ ئافرەت بەتۆمەتی تلیاک و ١٧ بەتۆمەتـی لەشفرۆشـی، ئافرەتێکـی تر بەتۆمەتی تەزویر و ٢٠ ئافرەتی تریش لەسەر کێشـەی کۆمەڵایەتی دەستگیر کران. شـەش ئافرەت دوای ئیسـپات نەبوون، ئازاد کران.. (٢٠٠٧/٧/١٦)

زۆر جار لـەو سـەردێری بـۆ نووسـینەکان داندراوە نە پەیوەندی بـە بابەتەکەوە هەیە، نـە لە ڕووی زمانەوانییـەوە هیـچ لۆژیکێکـی تێدا. ژنانی خورماڵ خۆیـان دەکوژن .. (هەمـان ڕۆژنامـە ٧/١٦) بەهیچ شـێوەیەک ناتواندرێ ئەم سەردێرە بەباشی وەربگیـرێ، چونکە باوەڕ ناکرێ ئەوان تەنیا لەبەر ئەوەی ژنن و خەڵکی خورماڵن، خۆیان دەکوژن. دەبا بنووسرابا: ڕێژەی ئەو ژنانەی لە خورماڵ خۆیان دەکوژن زیاترە لە ناوچەکانـی دیکە. لەوکات خوێنەر دەیزانی مەبەسـت لەم نووسینە چییە.

+ ئافرەتێک لەماڵەوە ڕادەکات:

"ئافرەتێـک بەنـاوی (س) لـە گونـدی سیسـاوە نزیـک شـارۆچکەی هەریر پاش ئەوەی لەماڵەوە ڕادەکات، دواتر پەیوەندی بە کەسوکار و مێردەکەی دەکات و داوای تەڵاق لە مێردەکەی دەکات. (٢٠٠٧/٧/٩)

دەبێ پاش بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵە، مێردی و خزم و کەسی ژنە چەند هەسـتیان بە ئیهانە کردبێ؟ دەبێ چارەنووسی ئەو ژنە بەسـتەزمانە بەچی گەیشتبێت؟ دانیشتوانی شار، پێی خۆش نییە، لەمجۆرە هەواڵانە لەسـەر خوشک و ژنی ئەوان بڵاوبکرێتەوە، دەبێ دانیشـتوانی گوندێکی بچووکی کوردسـتان، چۆن ئەمە هەزم بکەن؟ ئەوەی ئەم هەواڵەی بڵاکردۆتەوە لەگەڵ ئەوەی نووسیویەتی، باوەڕناکرێ هیچ

شارەزایان لە ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری هەبێ، چونکە ئێتیکی ڕاگەیاندن ڕێگا بە بڵاوکردنەوەی ئەمجۆرە هەواڵانە نادات، لەجیاتی چارەسـەر، گرفت بۆ خزم و کـەس و ئەندامانی خێزان پەیدا بکات.
+ کچێـک بـە بەنزین خۆی سـوتاند (هەمـان ڕۆژنامە و ژمارە)
+ کچێکی تەمەن ١٨ ساڵە لە ڕانیە بە بەنزین خۆی سوتاند . (هەمان ڕۆژنامە ٢٠٠٧/٧/٢٣)
تەنیـا لە ژمارەی ڕۆژی ٨/١٣ ئەو هەواڵ و سـەردێرانە نووسراون:
+ ئافرەتێک خۆی دەسوتێنێت
+ کچێک گوللەیەک لەخۆی دەدا
+ ٣ کچ و ژنێک دەسوتێن
+ ژنێک بە پەرەمێز دەسوتێ
+ ئافرتێک خۆی دەخاتە زێی بچوکەوە
+ کچێکی تازە لەدایک بوو دەدۆزرێتەوە

**ڕۆژنامەی میدیا:**

ڕۆژنامەی میدیا بە بەراورد لەگەڵ ئەو سـێ ڕۆژنامەی ئێمە بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە بەکارمان هێنـاوە، زۆر کەمتر لە هەموویان باسـی لە پرسیاری ژنان کردووە. ئەم ڕۆژنامەیە نەک تەنیا گوتار و ڕیپۆرتاژی لەسـەر پرسیاری ژنان کەمتر نووسـیوە، بەڵکـو ڕێژەی ئەو هەواڵانـەی لێـرەش بڵاوکراونەتەوە زۆر کەمترن.


میدیا
بۆ ئاسایکردنەوەی ڕەوشی کەرکوک
لایەنێکی بەرەی تورکمانی هانا بۆ سیستانی دەبات
بودجەی حکومەتی کوردستان
کەم دەکات
هاوپەیمانی کوردستان

لـە خوارەوە باس لـە ناوەڕۆکی هەندێک نووسـین دەکەین، کەلە ڕۆژنامەی میدیا دەربارەی ژن و کیژ نووسراون.
+ ئافرەتـێـک و سـێ پیـاو بـە گومانی ئەندامێتی قاعیدە دەستگیر دەکرێن
+لەماڵە پڕ نهێنییەکەی خانزاد: ئافرتێک بە پارە بە پیاوەکەی دەفرۆشرێتەوە. (٢٠٠٧/٧/١٧)
+ کچێک دەسوتێت
+ ئافرەتێک دەسوتێت
+ کچێک دەسوتێت
+ تەرمی ئافرەتێکی ئەشکەنجەدرا و دەدۆزرێتوە
+ کچێک خۆ دەخنکێنێت تەمەنی ١٥ ساڵە...(٢٠٠٧/٧/٢٤)
+ کچێک خۆی دەرمانخوارد دەکات (٢٠٠٧/٨/١٤)
لـە کوردسـتان هەفتـەی ٥ ژن دەسـوتێن و لەوانـە ٣

هەواڵنامەی کتێب

دەمرن.
+ کچێک لەلایەن باوک و برایەوە دەکوژرێت (٢٠٠٧/٨/٢١)
ئەوانەی سەرەوە هەندێک لەو سەردێرانە بوون، کە لە چوار ڕۆژنامەی کوردستان: (کوردستان ڕاپۆرت، ئاسۆ، جەماوەر لەگەڵ میدیا) بڵاوکرابوونەوە. هیچ لەو نووسینانە لەهیچ شوێنێک دووبارە نەکراوەتەوە، جگە لەوەش، هیچ لەو بابەتانە بەدواداچوونی بۆ نەکرابوو. هەموویان لەشێوەی هەواڵ، یان گوتار و چاوپێکەوتن نووسرابوون و لەماوەی دوو مانگیش بڵاوکرابوونەوە.
ئەگەر بەوردی لە پرسیاری ژن لە ڕاگەیاندنی کوردی بکۆڵینەوە، دەبینین، ناپسپۆڕییەک بەسەر بابەتەکاندا زاڵە. زۆر لەوان دەیانەوێ خزمەت بەو کێشەیە بکەن، بەڵام تێنەگەیشتن لە پرسیاری ئافرەت وایکردووە، بە زیان بۆ کێشەکەیان بگەڕێتەوە. دیارە زۆربەی هەرە زۆری لەوانەی بابەتەکانیشیان نووسیوە، لەبەر کاڵی نووسینەکان، پێناچێت بە پیشە ڕۆژنامەنووس بن، بەڵکو کاری ڕۆژنامەگەری دەکەن و خۆیان خۆیان فێری پیشەی ڕۆژنامەنووسی کردووە. هەندێکیش لەوان لەبنەڕەتدا و بە بەپیشە لەوانەیە لە دەزگایەکی میری کار بکەن. ئەو جۆرە کەسانە دەتوانین پێیان بڵێین، ڕۆژنامەنووسی فریلانس (ئازاد) (مەبەست لە فریلانس ئەوەیە، کە ئەو بە فەرمی لە هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن کار ناکات و مووچە وەرناگرێت). ئەو نووسەرانە، خاوەنی ئەو بابەتانەی ئێمە نموونەکانیانمان هێنایەوە، زۆربەی هەرەزۆری، توێژەری کۆمەڵناس، دەروونناس یان کەسانی ئەکادیمی نین، تا ئەو گوتارە قەڵەوانە و سەردێرە زەقانە بنووسن. هۆی نووسینی ئەم جۆرە بابەتانە، بەدوور نازاندری، لەبەر ئەوەبێ، کە ئەوان زیاتر ناڕازین بەو ژیانەی ژنانی کورد هەیەتی و دەیانەوێ ئەگەر بە نووسینیش بێت، ژیانیان کەمێک ئاسانتر و سووکتر بکەن، بێ ئەوەی لەسەر ئەو بابەتەی ئەوان ئامادەن گوتاری لەسەر بنووسن، کەمێک خۆیان بە زانیاری نوێ چەکدار بکەن و چەند کتێبێک لەم بارەیەوە بخوێننەوە، تاوەکو نووسینەکەیان باشتر و خزمەت زیاتر بکات. هەر ئەو کەم زانیارییەشە وایکردووە، تەواوی نووسینەکان لەچوارچێوەی هەست و سۆز دەرنەچن. ئەوە نەک تەنیا ڕۆژنامەنووسە کەمشارەزاکانی گرتۆتەوە، بەڵکو هەندێک کەسی خاوەن بڕوانامەی بەرزیش بەهەمان شێوە دەنووسن.
"ئەو کیژۆڵە ناسکانەی کەتەنیا لەسەر هاوڕێیەتی و دۆستایەتییەک لەناو چەقی وڵاتانی ئەوروپادا لاشەیان پارچە پارچە دەکرێت و لەناو نایلۆن و جانتای سەفەرکردندا فڕێ دەدرێن. ژن کوژەکان دەبێت چاک ئەو هەقیقەتە بزانن، ئەو کولتوورە گەنیوە کە هانیان دەدات ئافرەتەکان بکوژن...
دواتر هەرخۆیان وەک جەللادێکی دڕندە و بێویژدان بە وەحشیگەرانەترین شێوازی سەری ئەو گوڵانە دەپەڕێنن.. کچەکانیان خوشکەکانیان دەدەنە بەرڕێژنەی گوللە و خەڵتانی خوێنیان دەکەن..."
(د. کەوسەر گەلاڵی. پەیامێک بۆ ژن کوژان. ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت .......ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/١٦)
د. کەوسەر گەلاڵی لەجیاتی ڕیزکردنی چەند وشەیەکی توورەو نیشاندانی هەست و سۆز، دەبوایە لێکۆڵینەوەیەکی جوان، گوتارێکی باشی دژ بەو تراگیدیایەی لەبەریتانیا ڕوویدا نووسیبا. دەبوایە سەردانی ماڵپەڕی ڕۆژنامەکانی ئەوانی کردبا و هەندێک فاکتی نوێی بە خوێنەری کورد دابا، نەک ڕیزکردنی چەند وشەیەکی توورە لەدوای یەکتر. لەم نووسینە ئەگەر وشەی د. یانی دکتۆری لادابا، کەس نەیدەزانی کەسێکی خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا بەمشێوەیە گووتار بۆ ڕۆژنامە دەنووسێ.
لە ڕاگەیاندن مرۆڤ دەبێ بێلایەنی خۆی نیشان بدات. ئەو بەهیچ شێوەیەک پێویستی نەدەکرد بڵێ، جەللاد، وەحشیگەر، ڕێژنەی گوللە، خەڵتانی خوێن.. (هەمان سەرچاوەی پێشوو).
بەگوێرەی ئەم نووسینەی سەرەوە و زۆربەی

نووسینەکانی دیکە، کەلەلایەن ژنانەوە نووسراون، نیشانی دەدات، ژنان خۆشیان نازانن چۆن خزمەتی خۆیان بکەن. ئەوانیش نازانن، کونەکە لەکوێیە و چارەسەری چۆنە.. ئەوان کەوتوونەتە بازنەیەک و هەر بەدەوری دەخولێنەوە، مانگ دوای مانگ، ساڵ دوای ساڵ..

"لە پاش راپەرینەوە تا هاوینی ساڵی ٢٠٠٧ لە کوردستان چوار هەزار وۆرک شۆپ دژی کوشتنی ژنان ئەنجام دراوە، لەگەڵ ئەوەش ١٢ هەزار ئافرت کوژراوە"(کوردستان راپۆرت ٢٠٠٧/٨/١٢) ئەوە نیشانی دەدات، کارەکان وەک پێویست ئەنجام نەدراون، لەلایەکی دیکەش، خۆ ئەو کەسانەی بەشداری لەم وۆرک شۆپانە دەکەن، کەسانی دژ بە رەگەزی مێ نین، بەپێچەوانەوە، زۆربەیان فێمینیستانە بیر دەکەنەوە. ئەگەر ٤ هەزار وۆرک شۆپ سوودی نەبووبێ یان وەک پێویست ئەنجامی باشی نەبووبێ، دیارە دەبێ رێگای دیکە بدۆزینەوە.. یان کێ دەڵێ ئەوانەی ئەم وۆرک شۆپانەیان ئەنجام داوە، خۆیان لە پرسی ژن و چەوسانەوەی ئافرەتان پسپۆرن؟ کێ دەڵێ نیوەی نەکراوە و نیوەکەی دیکە، تەنیا بە چاو کێک و پاقلاوە خواردن، کاتیان بەسەر نەبردووە؟ ئەگەر زیاتر باس لە ٤ هەزار بکەین، ساڵ ٥٢ هەفتەیە، ١٧ ساڵ دەبێ هەفتەی (٧٧) وۆرک شۆپ کرابێ، ئەو ژمارەیە زۆرە و جێگای بڕوا نییە و لەڕاستیدا زۆر دوورە.

لێرە حکومەت و دامودەزگاکانیش پێناچێ هیچ سنوورێکیان بۆ ئەم پارە دانە دانابێ. لەجیاتی دەستنیشانکردنی لیژنەیەک لە پسپۆران بۆ لێکۆڵینەوە لەم بارودۆخە دیارە حکومەت و وەزیرەکانی لایان زۆر ئاسانتر بووە، پارە بەو وۆرک شۆپانە ببەخشن، زیاتر بۆ ئەوەی ویژدانیان پاک بکەنەوە، تا بۆ خزمەت و ئەنجامی باشی..

وەک نووسیمان ژن نەیتوانیوە بەرگری لەخۆی بکات، زۆربەی هەرە زۆری ئەو گۆڤارانەی ژنان دەری دەکەن، لەبەرگی یەکەم، ژن وەک بوونەورێکی جوان، سێکسی، وەک کاڵا خراوەتە بەردەم خوێنەران، نەک وەک ئەوەی نیوەی کۆمەڵە و ئەوەی بەپیاو دەرکرێ بە ئافرەتیش دەکرێ. ناوەڕۆکی زۆربەری گوتارەکانیش یان نووسینەکان، تەنیا گلەیی و گازاندەیە لە: کۆمەڵ، پیاو، حکومەت و پەرلەمان. لای هەمووانیش ئاشکرایە، ئەم نووسینانە پرسیاری ئافرەت یەک ملیمەتر بەرەو پێشەوە نابەن و لەجیاتی بەرگری، دەکەوێتە خانەی زگپێسوتان.. ئەمەش تەواوپێچەوانەی خەباتی ژنانە بۆ یەکسانی کۆمەڵ.

ئەو رێکخراوانەی ژنان و ئافرەتان هەیانە، ئەوانیش وەک پێویست نەیانتوانیوە، خزمەت بە پرسیاری خۆیان بکەن. راستە وەک تاک لەوانەیە یارمەتی هەندێک ژن یان کیژ درابێ، بەڵام ئەمە زۆر دوورە لە خەونی ئەوان و بەهیچ شێوەیەک بەش ناکات. لێرە تەواوی هەڵەکانی ئەم رێکخراوانە، ئەوەیە نازانن چۆن خزمەت بکەن و چۆن کارەکانیش بەڕێوە ببەن. رێکخراوی ژنانیش، تووشی گەندەڵی و لەوەش خراپتر تووشی بیروکراتییەکی گەورە بۆتەوە. ژنانی ئەم رێکخراوانە پەروەردە نەکراون، چۆن خزمەت بە کێشەکەیان بکەن. زۆربەیان، لەو رێکخراوانە کاردەکەن، چونکە حیزب بە پێویستی دەزانێ، نەک رێکخراوەکە خۆی پێویستی بە توانای ئەو ئافرەتە یان ژنە هەبێ.. ئەو رێکخراوانە، ئەگەر جاربەجار لە دەوری رێکخراوێکیش کۆببنەوە یان فیدراسیۆنی ژنانەش بەیەکەوە دروست بکەن، لەبەر بیرکردنەوەی حیزبیانە، پێشنیاز و تێبینی لەیەکتر باش وەرناگرن، بەڵکو زیاتر کار لەسەر ئەوەیە، کامە پێشتر فلانە بیرۆکەی لە گوتارێک یان چاوپێکەوتنێکی باس کردووە، لە کاتێکدا بیری باش لە هەموو شوێنێک دەبووایە پشتگیری لێکرابا و لیژنەی بۆ پێکبهاتبا و فراوان کرابا.

لە کۆتایی بەهاری ٢٠٠٧ یەکێتی ئافرەتانی کوردستان رێکخراوێکیان بەناوی (هێڤی فۆن) دروست کرد. ئامانجی ئەم رێکخراوە یارمەتی دانی کچ و ئافرەتانی کوردستانە. هەر کەسێک گرفتی هەبێ، ئەم خەتە کراوەتەوە و دەتوانن

بەتەلەفۆن لە ڕێگای کچێکی تەلەفۆنیست، قسە لەگەڵ کەسێکی پسپۆر (دکتۆر) بکەن، بۆ ئەوەی بەپێی توانا یارمەتییان بدرێ. ئەگەر بەتەلەفۆن چارەسەر نەکرا، ئەوا کەسی پسپۆر ئامادەیە لە شوێنی پێویست ژنە یان کچە ببینێ و بەوردی گوێ لە قسە و گرفتی ڕابگرێت. لەماوەی شەش مانگ سەدان کەس، یارمەتییان دراوە و تەلەفۆنیان بۆ (هێڤی فۆن) کردووە. یەکێتی ژنانی کوردستان لە سولەیمانی، لەجیاتی ئەوەی بەزووترین کات سەردانی یەکێتی ئافرەتان لە هەولێر بکات و داوای یارمەتی لە کردنەوەی لکێک لای خۆیان بکات، خۆیان بێدەنگ کردووە و ئەگەر لە داهاتوو ڕێکخراوێک لەم چەشنەش دروست بکەن، بێدوودڵی، داوای هیچ یارمەتییەک لە یەکێتی ئافرەتان ناکرێ، چونکە ئەگەر لە ماوەی ئەم هەموو ساڵە داوای هیچیان نەکردبێ، چۆن ئێستا داوای دەکەن؟ لەکاتێکدا یەکێتی ئافرەتان، ئێستا خاوەن ئەزموونێکی زۆر باشە لەم بووارە. بەهەمان شێوەش ئەگەر یەکێتی ژنان کارێکی جوان و باشی کردبێت، یەکێتی ئافرەتان ئامادەنییە داوای یارمەتی لەوان بکات. لەڕاستیدا هەردووکلا دەبووایە هەموو توانای خۆیان بۆ خزمەتی ژن بخستبا گەڕ.

بەگوێرەی نووسین و کاری ڕێکخراوەکانی ئافرتان، دەردەکەوێ ژنان خۆشیان نازانن خەبات بۆچی دەکەن. هەندێک لەوان تەواوی ئەم بارودۆخەی بەسەر ژنانی کوردستان هاتووە، خەتاکەی دەخەنە ئەستۆی ئایین، لەکاتێدا کەسانی پسپۆر لەئایین، تەواو بە شێوەیەکی دیکە بۆ پرسیارەکان دەچن.

پ.د.مستەفا زەڵمی کە لەو سیمینارەی لە ١١-٢٠٠٧/٧/١٢ لەهۆڵی مەڵبەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی زانکۆی سەلاحەدین ئەنجامدرا، دەربارەی (کوشتنی ئافرەت بەبیانوی شەڕەف) ئەو دەڵێ:

-١ ئەم کوشتنە دابوونەریتێکی سەردەمی نەفامییە و لە ئایین ڕەتکراوەتەوە.

-٢ سزای ئافرەتێکی بێمێردی زیناکەر دوای ساغبوونەوەی ئەم تاوانە لێدانی سەد جەڵدەیە نەک کوشتن.

-٣ ئەگەر مێردێک ژنەکەی بەتاوانی زینا تۆمەتبار کرد و نەشیتوانی ئەم تۆمەتەی بە بەڵگە و مەرجە داندراوەکان لەسەر ئەو ئافرەتە ساغ بکاتەوە، ئەوە لەشەرعی ئیسلامدا "مولاعەنە" یان لەنێوان دەکرێ و دواتر لەیەک جیا دەکرێنەوە، نەک ئافرەتەکە بکوژرێت.

-٤ ئەگەر کەسێکی بێگانە ئافرەتێکی بەم تۆمەتە تۆمەتبار کرد ئەوە لەسەری پێویستە چوار شایەد بێنێت و شایەدی لەسەر بدەن لەسەر ئەم تاوانە.( ڕۆژنامەی جەماوەر: ٢٠٠٧/٧/١٦)

ئەوە تەنیا بیروڕای مستەفا زەڵمی نییە، بەڵکو زۆربەی مەلاکانی کوردستان لەسەر ئەمە کۆکن، کە ئایین دژ بە کوشتنە. "لە شەریعەتی ئیسلامیدا، بڕیارێکی خوایی نییە نە لە قورئانی پیرۆز نە لە سونەتی (صحیح) ی پێغەمبەردا (د.خ.) بەناوی : کوشتنی ئافرەت لەسەر شەڕەف، بەڵکو ئەوە نەریتێکی کۆمەڵایەتی و خێڵایەتییەکی ناڕەوایە لەناو هەندێک نەتەوە یان هۆزی دراوسێوە گوێزراوەتەوە بۆ ناو کۆمەڵگای کوردەواری. (مامۆستا مەلا حەوێز. ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت ٢٠٠٧/٨/١).

تاوانبارکردنی ئایین، بەوەی گوایە هەموو کوشتنەکان، خەتای ئەوانە، لەوانەیە لە سەرەداوی دۆزینەوەی گرفتی ڕاستەقینە تەواو دوورمان بخاتەوە. ئەگەر تۆ بڵێی خەتای ئایینە، دەبێ هەوڵ بدەیت، هیچ ئایینێک لە کوردستان نەهێڵین، ئەمەش بەهیچ شێوەیەک ناکرێ و هیچ لۆژیکی تێدا نییە. ئەگەر ئێمە بزانین، ئەم هەموو کوشتنەی ژنان خەتای ئایین نییە، با لەگەڵ یەکتر ڕاستگۆبین و بەدوای چارەسەری تەواو بگەڕێین و بیدۆزینەوە. ئەگەر مەلای ١٢ عیلم و پرۆفیسۆر پێت بڵێ، خەتای ئایین نییە و بە ئایەت و حەدیس بۆت باس بکات و بیسەلمێنێ، بۆ ئێمە پێی باوەڕ نەکەین؟ بۆ نەڵێن، ئێمە گەلێکی دواکەوتووین و پیاو هەموو شتێکە و تەواوی دەستەڵاتی هەیە.. بۆ نەڵێین خەتای پیاوەکانمانە.. بۆ دان بەو ڕاستییەی سەرەوە

نەنییــن.. تا ئێمە خەتای ئەم کوشــتن و برینە بخەینــە ئەســتۆی کەس و نەتــەوەی دیکە و ئایین، ناتوانین هیچ چارەیەک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزینــەوە. دەبــێ فێــر بین، بــە رەش بڵێین رەش و بە سپیش بڵێین سپی...

بۆ چارەسەرکردنی یا باشتر کردنی بارودۆخی ژنان، دەبێ لە هەموو دەرگایەک بدرێ، دەبێ ســوود لە ئەزموونی دەوڵەتانی پێشــکەوتوو وەربگرین، بزانین ئەوان چۆن کار لەسەر ئەم پرسیارە دەکەن، چونکە لێرە پرسیارەکە تەنیا کوشتنی ژنان نییە، بەڵکو زۆر لەوە گەورەترە.. لێــرە، ژنان خۆیــان خۆیان دەکوژن! ژنانی کوردســتان خەریکــە لەپیاو دڵڕەقتــر دەبن. بەتایبەتیــش ئەگــەر بزانی، کــە دایک نایەوێ منداڵی خۆی پــەروەردە بکات! "دوای ئەوەی شیرینی تەمەن ٢٣ ساڵە، مێردەکەی دەریکرد و لێی جیابۆوە و تەڵاق درا، ســێ منداڵیشــی لێوەرگرتەوە و دوا منداڵیشــی، کاتێک لەدایک بــوو، کــە چەند مانگێــک بوو تــەڵاق درابوو، بەڵام ســەیر لەوەدایە، هەر ئەو منداڵەشی بە کۆرپەیی بۆ مێردەکەی ناردەوە" ( ڕۆژنامەی جەمــاوەر لــە رۆژی ٢٠٠٧/٧/٩). ئەمــە تاکە هــەواڵ نییە لەم بوارە، بەڵکو چەندین هەواڵی دیکــەی لــەم جــۆرە لــە ڕۆژنامــەکان هەن، جگــە لەوانەی ناگەنە ڕۆژنامــە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن. لێرە پرســیارێک بــەرز دەبێتەوە: دەبــێ چ هۆیــەک بێت، وا لەدایــک بکات، ئەو منداڵەی نۆ مانگ لەناو هەناوی هەڵی گرتووە، فڕەی بدات و نەیــەوێ جارێکی دیکە ببینێ؟ بۆ ئەو ژنە ئەوەندە دڵی ڕەقە؟ لێرە خۆ تەنیا خەتــای پیاوەکە نییە؟ ئەگــەر پیاوەکە خراپ بێ، بۆچی ژن لەگەڵ هەســت و سۆزی خۆی و دایکایەتــی خــراپ دەبــێ؟ ئەگــەر ئەوانــە هەمووشــی کــرا، بۆچــی چارەنووســی ئەم منداڵــە تێک دەشــکێندرێ و لەنــاو کۆمەڵێک گرفــت بەجــێ دەهێڵــدرێ و تــەواوی ژیانی دەشــێوێندرێ؟ ئەوانــە هەمووی پرســیاری زۆر گرنگن و پێویســتە زانایان زۆر بەوردی کاری لەســەر بکەن. دەبووایە ئەم پرسیارانە لەنــاو ڕێکخراوی ژنــان بەرزکرابانەوە، نەک خــۆ خەریک کــردن، بــە پرســیاری لابەلا و ڕاکە ڕاکە بەدوای، بۆچی فڵانە پێشــمەرگەی بەردەرگا بۆ ســەرکار نایەت و یەک پۆلیسی دیکە داوای مۆڵەت دەکات. دەبێ کاتەکان زۆر بەجوانی بۆ خزمەت کردنی کێشەی ئافرەتان خەست بکرێنەوە.

ژنانــی کورد تا ئێســتا زۆربەیان لــە ئازادی نەگەیشــتوون. ئــەوان ئــازادی زیاتــر لەگەڵ بەرەڵڵایــی تێکــەڵاو دەکەن، لــەو بڕوایەدان، ئەگەر پیاوەکەی یان مێــردی کارێکی خراپی کــرد، ئەویش بــۆی هەیە هەمــان کار بکات! ئەوان خراپە بە خراپە، هەڵە بە هەڵە چارەســەر دەکەن. "گەر هاوســەرەکەم خیانەتم لێبکا، بێ دوودڵی خیانەتی لێدەکەمەوە. ئەوەی سەرەوە قســەی کچێکە ناوی (شــەیما) لــە ڕۆژنامەی جەماوەر ٢٠٠٧/٨/٢٨ ل. ١٣ گوتوویەتی، جگە لەوە ئەو زۆر دوورتریش ڕۆیشتووە: "منیش هەقی خۆمە، لەپێش ئەمەوە پێنج کوڕی دیکەم خۆشبوێت و یەکێک لەوان هەڵبژێرم و ببکەم بە مێــردی خۆم و ئیلــەلاو بڕایــەوە..." لێرە ڕۆژنامەنووس دەنووســێ: شەیما، کەماوەی ساڵێکە شوی کردووە، زۆر بەتووندی وەڵامی دایەوە و گووتی: "گەر هاوسەرەکەم خیانەتم لێبــکات، بەبێ دوودڵــی خیانەتی لێدەکەمەوە، چونکە تاکە ڕێگایە بۆ تۆڵە سەندنەوە بەخۆشم دەڵێم هەربژی و دەســتت خۆش بی..." شەیما لەبیری کردووە لە کوردســتان دەژی و هیچ شوێنی تۆڵەســەندنەوەی لەم جۆرە تێدانییە، چونکە بە ئاشــکرابوون، خــۆی دەکوژرێ و پیاویش ژنێکی دیکەی گەنج دەهێنێتەوە.

لەسەر دڵڕەقی ژنانی کورد، هیچ نهێنییەک نییە، یان شــتی نوێ ناڵێین، کە پەیوەندی لە نێوان بووک و خەسوو زۆر خراپە، لەکاتێکدا نێوان دایک و کیژ زۆر باشــترە. بۆچی ئەو پیرەژنە لە خانەی بەساڵاچوان بووکی پێی دەڵێ: "گەر بەخەمــان بەرنەدەیت، ژەهــرت بۆ لەخواردن دەکەم، منیش هاتم بۆ خانەی بەساڵاچووان..." (ڕۆژنامەی کوردســتان ڕاپۆرت ٢٠٠٧/٨/١) دەبــێ لێــرەش لــەو پەیوەندییــە خراپــەی کۆمەڵایەتی بەجوانی بکۆڵدرێتەوە.

کچی ئەورووپی، قەت ئەو قسانەی ســەرەوە ناکات. ئەگەر بزانێت مێردی خیانەتی لێدەکات

وازی لێدەهێنێ و لێی جیا دەبێتەوە. ئەم جیابوونەوەش بە دەهۆڵ و زوڕنا نییە، بەڵکو دۆزەخێک بۆ هەردووکیان دروست دەبێ. هەندێکجار لەیەکتریش دەبوورن، بەڵام ئەمەیان زۆر کەمە.

شەیما خان لەوانەیە نازانێ خۆشەویستیش چییە؟ ئەو بەرەڵڵایی لەگەڵ خۆشەویستی تێکەڵاو دەکات. نەبووە، کچ لەیەک کات پێنج کوڕی هەبێ و لەناو ئەوان یەکیان هەڵبژێرێ. کوڕ قەت ئەوکچانە بە جیددی وەرناگرێ و بەچاوی سووک سەیریان دەکات. کچ لەدەرەوە یانی لە وڵاتانی ئازاد، یەک کوڕی هەیە و بەو ئاواتەن، تەواوی ژیان بەیەکەوە بەسەر بەرن، ئەگەر لەگەڵ کوڕی یەکەمی پێک نەهاتن، دیارە ژیان کۆتایی نایەت و هەمان هەوڵ لەگەڵ کوڕێکی دیکە دەدات، بەم شێوەیە ژیان بەردەوام دەبێ تا یەکێک دەدۆزێتەوە، تەواو خۆشی بوێت و لە ئەنجامدا یەکتر بخوازن.

شێوەی بەرزکردنەوەی پرسیاری ژنان لە ڕاگەیاندنی دەرەوە تەواو جیایە لەوی چۆن لە ڕۆژنامەکانی خۆمان باسی لێوە دەکرێ. لە ڕاگەیاندنی وڵاتانی ئەوروپی بەهیچ شێوەیەک باس لە خۆکوشتن وەک لای ئێمە ناکرێ.. ئەوان دەزانن لە وڵاتەکەیان ساڵانە چەند کەس بە ڕێگای جۆرا و جۆر خۆی دەکوژێ، بەڵام ئەمە لە ڕاگەیاندن ناوی کەس نایەت، بەڵکو باس لە کێشەکە دەکرێ. ئەوان ئامارییان هەیە و لە دەزگای تایبەت یان لە ئینتەرنێت هەر کەسێک بیەوێت زانیاری دەست دەکەوێ، بەڵام لە ڕاگەیاندن بەهیچ شێوەیەک وەک لای خۆمان باسی لێوە ناکەن، چونکە باسکردنی خۆکوشتن، دەکاتە هاندانی خۆکوشتن.. بۆیە بەلای ئەوانەوە تابووە، بە پێچەوانەوە، ئەگەر یەکێک بکوژرێ، تا دادگاش ڕۆژنامەنووس لەگەڵی دەڕۆن و بەردەوام زانیاری نوێ بە جەماوەریان دەدەن.

لە وڵاتی ئێمە جاری هەموو شتێک جیایە و هەمووشی خەتای ژنانە." پیاو لە گوندی ئێنزیێ بناری قەندیل بەشەڕ دێن، سێ ژن بریندار دەکرێن (ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت ٢٠٠٧/٨/٢٠، لە ئاگرێ لە گوندی جوجر بچوک لە قەزای بەردەڕەش لەسەر پارچە زەوییەک دوو بنەماڵە بەشەڕ دێن و ژنێک بەناوی عالیە ڕەشید، کە دایکی دوو منداڵە دەکوژرێ.(هەمان سەرچاوەی پێشوو)

لە ئەنجامی خوێندنەوەی هەموو ئەو بابەتانەی چوار ڕۆژنامەی کوردی: (کوردستان ڕاپۆرت، ئاسۆ، جەماوەر لەگەڵ هەفتەنامەی میدیا) لە نێوان ٥ – ٧ – تا ٨ – ٩ – ٢٠٠٧ لەسەر ژنان نووسیویانە و بڵاویانکردۆتەوە گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١. هەموو ئەو نووسینانەی لەسەر کیژ، ئافرەت نووسراون تاکوتەرا نەبێ، لەلایەن کەسانی ناپسپۆڕ نووسراون. زۆربەی هەرەزۆری نووسەرەکان نەک تەنیا لە پرسیاری ژن پسپۆڕ نین، بەڵکو لە ڕاگەیاندنیش پسپۆڕ نین و خۆیان خۆیان فێر کردووە.

٢. لەم نووسینانەی سەرەوە زیاتر باس لە کوشتن، سووتان دەکات. لێرە ژن وەک لایەنی شەڕ نیشان دەدرێن و بەشێکن لە گرفتەکانی کۆمەڵ.

٣. لە کۆمەڵگای کوردەواری، خەڵک بۆخۆی ناژیت، بەڵکو بۆ کەسانی دیکە دەژیت. ئەمەش وایکردووە، هەندێک گرفتی خێزانی ئاڵۆزتر بین و هەندێک لەوانەبگەنە ڕادەی کوشتن و خۆکوشتنیش.

٤. نووسینەکان زیاتر لە شێوەی هەواڵ و باسکردنی ڕوداوەکە نووسراون، بەتایبەتیش زۆربەیان پەلەی تێدا کراوە و لەکوڵ خۆکرانەوەی پێوە دیارە.

٥. ئەوانەی دەکوژرێن یان خۆیان دەکوژن و دەسووتێن، زۆر گەنجن.

٦. زۆربەی کوشتنەکان زیاتر لەناو خێزانی هەژار و ئاستی ڕۆشنبیری نزم ڕوودەدات. ئەوان لەجیاتی هانا وەبەر پزیشک و یارمەتی بەرن، شەڕ دەکەن و یەکتر دەکوژن یان خۆیان دەسووتێنن.

٧. کارکردن بۆ ژنان زۆر گرنگە، جگە لەوەی باری ئابوورییان باشتر دەبێ، ئەو ژنە لەڕێگای کارییەوە تێکەڵاوی لەگەڵ کەسانی دیکەی هاوپیشەی خۆی زیاد دەکات و فێری

شتی نوێ دەبێ و گوێ لە گیروگرفتی یەکتر دەگرن.

٨. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لەسەر ئافرەت دەنووسن، دەبێ لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە پەروەردە بکرێن، تا فێربکرێن لەسەر چ بنووسن و لەسەر چ نەنووسن. چۆن بە باشترین شێوە خزمەتی پرسیاری ئافرت بکرێ، نەک هەر یەکە و بە ئارەزووی خۆی بنووسێ.

٩. بەگوێرەی نووسینی ئەو ژمارانەی لەبەردەست دان، نیوەی ئەو ژنانەی دەسووتێن، لەکاتی نانکردن، خۆشووشتن، یان جل شووشتن دەسووتێن، یانیش پریمز ئاگر دەگری، هەندێک جاریش بوتڵی غاز دەتەقێتەوە. لێرە دەبێ ئەو ئامێرانە باشتر بکرێن و ئەو کەسەی کەلوپەلی مەتبەخ دروست دەکات، دەبێ ئەگەر کەمترخەمی تێدا بێت، فرۆشیار یان دروستکەر بۆ دادگا ڕابکێشرێت.

١٠. بۆ ئەوەی کار بۆ زانایان ئاسانتر بکرێ، چاکە یەکێتی ئافرەتان و یەکێتی ژنان تەواوی هەواڵ و نووسینەکانی لەسەر ڕەگەزی مێ دەنووسرێ، لەلایەن سەرنووسەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە بۆیان هەڵبگیرێ بەرگ بکرێ و لە شوێنی تایبەت بپارێزدرێ، تا لەوکاتەی توێژەران بیانەوێ، لە سکرتاریەتی ئافرەتان یان ژنان بۆ کارکردن لەسەری وەریبگرن.

١١. زۆر لە نووسینەکان، ڕۆلی مامۆستایی دەبینن، لەوەی فاکتەکان نیشان بدەن.

١٢. زۆر لەونووسینانەی کوڕ لەسەر ئافرەت دەینووسێ، ئەو نازانێ ئافرەت چۆن بیر دەکاتەوە و هیچ شارەزاییەکی لەسەر ئەوان نییە.

١٣. زۆربەی کات وتاری سەرپێین و قوڵبوونەوەیان لەسەر کێشەکان نییە، زۆر بەدەگمەن خەتاکەی دەخرێتە ئەستۆی پیاو، بۆ نموونە: پیاو یەکتر دەکوژن، بەلام لەسەر ژنە، یانی خەتای ئەوانە.

١٤. لەوانەیە پەیدابوونی مۆبایل کاریکردبێتە سەر سووتان و کوشتنی زۆرتر، چونکە بەو هۆیەوە، زۆربەی کچان ئاسانتر دەتوانن دۆست و برادەر بۆخۆیان پەیدا بکەن. پێش ئەم تەکنۆلۆژیایە، هەرکەسێک بۆ داخوازی کچە چوبا، لەوانەیە پێی ڕازیبا، بەڵام ئێستا بەهۆی مۆبایلەوە، برادەرێکی بۆخۆی پەیداکردووە و دەشبێت مێرد هەر بەو بکات. لێرە خزمێک دەچێتە داخوازی کچە، لەبەر ئەوەی یەکێکی دیکە خۆش دەوێ، مێردی پێناکات و گرفت لێرە پەیدا دەبێ.

١٥. بوونی وەزارەتێکی تایبەت بە ژنان، لەوانەیە هەندێک کێشە کەمتر بکاتەوە.

١٦. ئەو قوماشانەی بۆ جلوبەرگی ژنان دێن، چاکە کۆنترۆل بکرێن، تا هەرنەبێ درەنگتر بسووتێن.

١٧. کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار لەوانەیە ئەوەندە سوودی بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک وەک پێویست نەبێ، چونکە زۆربەی ئەو کەسانەی خەریکی ژن کوشتنن، ڕۆژنامە و گۆڤار ناخوێننەوە و بەشداری لە کۆڕو سیمینار ناکەن.

١٨. بەزووترین کات ناوەندێکی توێژینەوە تایبەت بە ئافرەت لە کوردستان دابمەزرێ و بەردەوام ڕاپۆرت بنووسن، دانەشی بۆ سەرکردایەتی کورد بنێردرێ تا ئەوان بزانن، بارودۆخ چۆنە و لێی هۆشیار بکرێنەوە. بوونی ناوەندێکی لەم شێوەیە، لەوانەیە هەندێک پرسیار وەڵام بدەنەوە.

١٩. نەبوونی پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان دایک و کیژ. وەک د. کوردستان موکریانی دەڵێ: دەبێ زیاتر کار لەسەر دایک بکرێ.

٢٠. زیادکردنی وانەیەک لە ناوەندی و ئامادەی تایبەت بە تێگەیشتن لە ئافرەت و خەباتی ئەوان و ژیانی خێزان و پەروەردە کردنی منداڵ تا باس کردن لە سێکس هەر لەو وانەیە بگوترێتەوە.

٢١. نووسین و دانانی یاسایەک، کە بتوانێ زیاتر لەخزمەت کێشەی ئافرەتان بێ و وەک پێویست بەرگریان لێبکات.

٢٢. کچان و ژنانی کورد، خاوەن هەر بروانامەیەک بن، بەبەراورد لەگەڵ پیاو زۆربەی جار، لاواز خۆیان دێتە بەرچاو. ئەوان خۆیان بەکەمتر لەپیاو دەزانن.

٢٣. زۆربەی ژنکوژەکان دوورن لە خوێندنەوەی ڕۆژنامە، بۆیە دەبێ ڕێگای دیکە بۆ هۆشیارکردنەوەی ئەوان بەکار بێ وەک تەلەفزیۆن و ڕادیۆ...

**بیبلیۆگرافیای سەردێر و گوتار و هەواڵ لە ڕۆژنامەی:**

**کوردستان ڕاپۆرت لە ٧/٥ تا ٢٠٠٧/٩/٦**

+ ڕێژەی کوشتنی ژنان لەبەرزبوونەوەدایە و لە ئەمساڵ هیچ بکوژێکی ژنان حوکم نەدراوە//

کوێستان محەمەد. ئەندام پەرلەمان

وەزارەتی پێشمەرگە دوو لە بکوژانی ژن تەسلیم ناکاتەوە

+ کێشەی ئافرەت لەنێوان تێڕوانینی یاسا و کۆمەڵدا

+ دوو ئافرەتی کرێکاری ئەسیوپی ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە

+ سوتانی لانی کەم ٤٠ کەس لە ڕەگەزی مێ و ٣٠ کەسیش لە ڕەگەزی نێر// ( ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/٥)

+ لەماوەی نیوەساڵێکدا لە سۆران ٥٦ حاڵەتی تەلاق ڕوو دەدات

ژنێکی تەلاق دراو:

ژیان ئەگەر هەبێ تەنها بۆ پیاوانە، بۆ ئەوانەیە کە نە دڵیان هەیە و نە هەست //( ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/٨)

+ زەواجی (میسار) هەنگاوێکی تر بۆ سووکایەتی کردن بە ژن // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/٩)

+ ڕۆڵی یاسا لە بنبڕکردنی دیاردەی کوشتنی ئافرەتان

نەبوونی توخمی ڕۆشنبیری لە مرۆڤ هۆکارە بۆ ئەنجامدانی تاوان

+ لەیلا دوای ئەوەی پیاوەکەی فڕێی دایە سەر شەقام نازانێ هانا بۆ کێ بەرێ

+ ژن ئەو نیوەیەی کە نیوەکەی تریش دروست دەکات

+ بۆچی ژنان سەرکۆنەی مێردەکانیان دەکەن؟

+ ژنان پیاوانی هاوشێوەی باوکیان بۆ هاوسەری هەڵدەبژێرن // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/١٢)

+ ڕۆڵی یاسا لە بنبڕکردنی دیاردەی کوشتنی ئافرەتان

+ چەند سەرنجێک لەسەر وەڵامەکەی ڤینۆس فایەق

ئەگەر ئەو یەکجار مافی ئافرەتی پێشێل کردبێت تۆ سەد ئەوەندە سووکایەتیت بە ژن کردووە

+ فرەژنی کێشەیە یان چارەسەر

+ لە کەمپەکانی حیزبی دیموکراتی کوردسان ژنێک دەسووتێ // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/١١)

+ پیاوێک کچی خوشکە ژنەکەی هەڵدەگرێ و هەمان شەو دەیکوژێت

+ توندوتیژی، چەمکی دژە ئافرەتی

+ ئابرۆبردنی شەڕەف لەپێناو کڕینەوەی شەرف

+ ڕۆڵی یاسا لە بنبڕکردنی دیاردەی کوشتنی ئافرەتان // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/١٢)

+ ئایا ماڵی پیاوانی فرەژن تەویلەخانەیە؟// (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/١٥)

+ مادەی سرکەر و ژنکوشتن و دزینی سەروەت و سامانی گشتی..شموولی لێبوردنی گشتی ناکا// (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/١٦)

+ کەمپینی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان، نامەیەکی کراوە ئاراستەی سەرۆکی هەرێم و حکومەتی کوردستان دەکات

+ جێوازی د ناڤبەرا رەگەزێ نێر و مێ دا ل جڤاکێ کوردەواری // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/١٧)

+ تەنیا قسە .. خۆکوشتن بنبڕ ناکات// (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/١٨)

+ بەڕێوەبەری پۆلیسی سۆران: دیعایەیە بە هیچ شێوەیەک پۆلیسەکان لە ئافرەتیان نەداوە

+ ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردەواریدا

+ هەندێک سەرۆک عەشیرەتەکانی عەرەب بەشێک لەکچە ئەنفالکراوەکانیان لە کوڕی خۆیان مارەکردووە// (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/١٩)

+ هەر ژنکوژێک لە هەر شوێنێک خۆی داڵدە بدات دەربازی نابێت

+ لە مەخمور کچێکی نۆ ساڵان بە پارچە

پارچە کراوی لەسەر گۆڕستان دۆزرایەوە و بکوژەکەشی نادیارە
+ لە تورکیا بەتۆمەتی شەرەف ٨٤٢ ئافرەت دەکوژرێن
+ ژنان و چەوسانەوەی لە وڵاتانی دواکەوتوو
+ بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر: سەرۆکی حکومەت خۆی سەرپەرشتی ئەوە دەکات ژنکوژی بنبڕ بکرێت، بۆیە هیچ ژنکوژێک دەربازی نابێت// (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/٢٢)
+ مەفرەزەیەکی پۆلیسی دهۆک لە سێ ئافرەت و دوو پیاو دەدەن
+ وردەکاریی دوایین دانیشتنی دادگایکردنی بکوژانی بەناز مەحەمەد
+ عیسمەت گولی: ل دەڤەرا ئامێدییێ ڕێژا کوشتنا ئافرەتا دزێدەبونێدایە کێشە بکراسەکێ دی بۆ مە دهێت
+ یەکێتییەکانی ئافرەتان // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/٢٣)
خۆکوشتن نەک تەنیا خەڵکی هەژار، بەڵکو کەسی ڕۆشنبیر و خاوەن بڕوانامەشی گرتۆتەوە// (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/٢٤)
+ بەرپرسی ڕێکخراوی تواناسازیی ئافرەت: ئافرەت هەڵەیەک بکات دنیا کاول دەبێت و فەتوای بەسەر دەدرێت// (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/٢٤)
+ خوێندنەوەیەک بۆ وتارەکەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەدژی کوشتنی ئافرەتان// (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/٢٦)
+ ژنێک لە قەڵادزێ بەلەچەکەکەی خۆی دەخنکێندرێ
+ دەنگ: ژن و پیاو لەتای تەرازوودا// (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/٢٩)
+ کچێکی ١٧ ساڵان دەخنکێندرێت
+ کچێک خۆی دەسووتێنێت // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/٣٠)
+ کوژرانی ژنێک شەرێکی گەورە لە دادگای سلێمانی دروست دەکات // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/٣١)
+ لە دەڤەری بادینان لە ماوەی ساڵێکدا ١١٧ ژن کوژراون (لە یەکێک لە قەزاکان)

+ توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت
+ ژنکوژی لەنێوان قەیرانی یاساو باری کۆمەڵایەتیدا
پەرلەمەنتارێک: (تاڤگە محەمەد) کێشە لە یاسادا نییە و یاساکان زۆر توندیشن
تەرمی ئافرەتێک دەدۆزرێتەوە کە جێی دوو گوللە بە سینگیەوە دیارە// (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/١)
+ کوشتن و خۆکوشتنی ژنان
مامۆستا مەلا عوزێر:
کوشتنی ئافرەت لەسەر شەرەف نەریتێکی خێڵایەتییە لەناو هەندێک نەتەوە و هۆزی دراوسێوە گوێزراوەتەوە بۆ ناو کۆمەڵگەی کوردەواری
+ لەپێناو ناندا پیاوێک کچە ٥ ساڵییەکەی دەبەخشێ
+ پیرەژنێک:
بووکێکم پێیگوتم گەر یەخەمان بەرنەدەی ژەهرت بۆ لەخواردن دەکەم، منیش هاتم بۆ خانەی بەساڵاچووان
+ کچێک لەلایەن براکەیەوە دەکوژرێت // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٢)
+ ژنێک بەهۆی سووتانەوە گیان لەدەست دەدات// (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٥)
+دەنگ: ژنکوژان لە قاعیدە کەمتر نین
+ کچێکی کورد بووە پێشکەشکاری ڤێستیڤاڵی هۆمۆسێکس
+ ژنێک لە ڕانییە هەوڵی خۆکوشتن دەدات
+ کچێک گیان لەدەست دەدات// (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٦)
+ کچێک بە بلۆک دەکوژرێت و پاشان دەسووتێندرێت
+ لە کوردستان ٤٠٠٠ هەزار ۆرک شۆپ دژی کوشتنی ژنان ئەنجام دراون
لەماوەی پانزە ساڵیشدا زیاتر لە دوازدە هەزار ژن دەکوژرێ
+ لە قەڵادزێ کچێک هەوڵی خۆکوشتن دەدات
+ لە دوای ڕاپەڕینەوە لە کوردستان زیاتر لە ١٢ هەزار ژن کوژراون
ڕوناک فەرەج:



هەواڵنامەی ڕێژی

هیچ زەمینەیەک نییە نە بۆ دەنگی ئازاد نە بۆ ڕێکخراوێکی ئازاد نە بۆ ڕێکخراوێکی فشار
+ لەبارەی کوشتنی ئافرەت
لە یاسای حەمورابییەوە بۆ دادگاکانی هەرێم// (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٧)
+ ژنێک دوای تەڵاقدانی خۆی دەسووتێنێت
+ پیاوێک لەبەر تۆرانی ژنەکەی خۆی دەکوژێ // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٨)
+ کچێک خۆی دەسووتێنێ و گیان لەدەستدەدات // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٩)
+ هەفتەیەک دژی کوشتن و توندوتیژی بەرامبەر ژنان
+ بۆچی ژنا کورد یا کێمە دبیاڤێ نڤیسینی دا
+ سەردەمی ژنکوژی و کارا نەبوونی یاسا
+ پێشانگایەک بۆ مافەکانی ئافرەت
+ کوشتنی ئافرەت بەجۆرێکی دی
+ ترس ئافرەت کۆمەڵگای کوردی
+ داواکاری کچە شەهیدێک بۆ بەردەم مەکتەبی هاوکاری سەرۆکی حکومەت// (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/١٢)
+ لەسەر داواکاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ٢١ ڕێکخراوی ئافرەتان و ژنان فیدراسیۆنێک پێکدەهێنن // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/١٣)
+ ئافرەتێک بەهۆی کەم دەرامەتی و نەبوونیەوە خۆی دەسووتێنێ
+ ژنێک بەهۆی کارەباوە گیان لەدەستدەدات
+ کوڕێک خوشکەکەی خۆی دەکوژێت // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/١٥)
+ لە قەڵادزێ پیاوێک ژنەکەی و کوڕەکەی دەکوژێت
+ ژن قوربانی هەموو توندوتیژییەکانی کۆمەڵگایە
+ لە هەفتەی توندوتیژی بەرامبەر ژنان دیدوبۆچوونەکان و کاریگەرییان لە سەر ڕەفتاری تاک // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/١٦)
+ توندوتیژی لە دژی ژن، دەسکەوتی سیاسییە بۆ پیاو
+ بیروبۆچوونی هاوڵاتیان لەسەر یاسای نەهێشتنی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان

+ دەستدرێژی سێکسی بۆسەر ژنان لەزیادبووندایە // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/١٩)
+ لە شەڕی نێوان دوو بنەماڵەدا سێ ژن بریندار دەبن و چەند کەسێکیش دەستگیر دەکرێن
+ لە ئاکرێ کچێک دەسووتێ و ژنێکیش لەسەر پارچە زەوییەک دەکوژرێت
+ لە دهۆک دوو ژن دەکوژرێن // (ڕۆژی٢٠٠٧/٨/٢٠)
+ یاسا چۆن لە کوشتنی ئافرەت دەڕوانێ
+ تریبوونی هاوڵاتی
هۆکارەکانی جیابوونەوەی هاوسەران (١٤ کەس ڕایان وەرگیراوە)
+ ئافرەتان بەدوای چ جۆرە پیاوێکدا دەگەڕێن؟ // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٢٣)
+ دوو خوشک لە رانیە دەسووتێن // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٢٦)
+ ژنانی کورد مەینەتییەکی بەردەوام // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٢)
+ لە دینارتە ژنێک دەکوژرێت
+ دووپشک کچێک دەکوژێت
+ لەکاتی خاوێنکردنەوەی تاپرێک ژنێک دەکوژرێت
+ کچێک گیان لەدەستدەدات و برایەکەشی بریندار دەبێت
+ تەرمی ئافرەتێکی نەناسراو دۆزرایەوە
+ نهێنی ئەو کچەی لە پێناو گەیشتن بە خۆشەویستەکەیدا پەنای بردە بەرئاگر
+ ئایا هاوسەرگیری هۆیەکە بۆ خەمۆکی؟
+ دوورخستنەوەی ژنان لە فەرمانگە حکومییەکانی کەرکوک
+ کچانیش حەز بە توندوتیژی دەکەن
+ بەدواداچوونێک لەسەر ژنانی جگەرەکێش // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٣)
+ ژنێک خۆی دەسووتێنێ
+ بڕوانامە بە ژمارەیەک ئافرەت بەخشرا // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٥)
+ نارنجۆکێک فڕێدەدرێتە ناوماڵێک و کچێک بریندار دەبێت
+ تەرمی کچێک دەدۆزرێتەوە // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٦)

## بیبلیۆگرافیای سەردێی گوتار و هەواڵ لە ڕۆژنامەی:
## ئاسۆ لە ٧/٥ تا ٢٠٠٧/٩/٨

+ کچان لە پەنهانیدا لە ناو دەبرێن.
لەباربردنی منداڵەکەم زۆر پێناخۆش بوو، هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە
+ پەرلەمانی کوردستان باس لە توندوتیژی ژنان دەکات
ئەمساڵ کەس بەتۆمەتی کوشتنی ژنان سزا نەدراوە// (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/٥)
+ پرسیاری هاوڵاتیان:
ئایا پیاو ئازادە هەر کات ویستی دەتوانێت ژنی خۆی تەڵاق بدات؟
+ ناکرێ تاسەر کوشتن و بڕی ژنان درێژە بکێشێ// (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/١٠)
+ زۆربەی ژنانی بەندکراو بە تاوانی کوشتن زیندانی کراون
+ نەزەند بەگیخانی:
داخوازییەکانی ئافرەت پابەندە بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستانەوە// (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/١١
+ چەمچەماڵ لەگەڵ فرەژنی و بەزۆر بەشودانی کچاندا نین
+ کەمپینی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت ڕەخنە لە حکومەتی هەرێم دەگرن // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/١٧
+ ئەو ژنانەی کۆیلەی سێکسین باس لە تەنگانەی خۆیان دەکەن
+ بە گچکەییش قوربانی پیاوانن
ناتوانم کوڕێک بەدڵی خۆم هەڵبژێرم و تەڵاقدانیشم پارەی زۆری دەوێت // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/١٨
+ سەرکردە کوردەکان قەدەغەکردنی فرەژنی تاوتێدەکەن
+ بەپێی ڕاپرسییەکی ڕۆژنامەیەکی تایبەت بە ژنان لە گەرمیان ٦١٪ کچانی گوندنشینی گەرمیان قەیرەن
+ بەهۆی خۆسوتاندنی ژنێکەوە دوو کەس دەستگیردەکرێن // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/٢١)
+ دۆزینەوەی تەرمی ژنێک // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/٢٢)
+ سێ لە بکوژانی شەرەف بۆ هەتاهەتایی زیندانی دەکرێن (مەبەست لە بەناز مەحمودە لە لەندەن کوژرا)
+ لە ئامێزی پیاوێکی تردا بووم و خەسووم دڵی وەستا // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/١)
+ ژنان دەستەمۆی ترس دەکرێن // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٢)
+ دهۆک: لەمساڵدا ١٧٠ ڕووداوی کوشتنی ژنان هەبووە
+ خورماتو: هەشت حاڵەتی خۆسوتاندنی ژنان لەماوەی دوومانگدا // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٥)
+ کچێکی ١١ ساڵان دەکوژرێ (لە خانەقین بە بلۆک دەکوژرێ)
+ بۆ ڕەتکردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان کۆبەندی ئافرەتانی پارتە سیاسییەکان، سیمینارێکی جەماوەری سازدەکەن // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٦)
+ تۆڕی ڕاگەیاندن و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان دادەمەزرێت
+ پیاوێک بە بەرچاوی خێزانەکەیەوە خۆی دەکوژێت // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٧)
+ هەفتەیەک دژی توندوتیژی بەرامبەر ژنان بەڕێوەدەچێت // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/١١)
+ لیژنەی ژنان لە پەرلەمان، توندوتیژی دژ بە ژنان تاووتوێ دەکات // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/١٢)
+پانۆرامای هەواڵەکان: کچێک خۆی دەسووتێنێت
+ کچێک خۆی دەرمانخوارد دەکات // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/١٣)
+ تەرمی ئافرەتێک دەدۆزرێتەوە // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/١٦)
+ بەهۆی جیاکاریی لە دژی ژنان ١٩ وڵات (کە حەوتیان موسڵماننشینن) ساڵانە ٨٠ بلیۆن دۆلار قازانج لەدەست دەدەن // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/١٨)
+ لەنێوان ماڵی مێرد و ماڵی باوکدا دەنکێک شقارتەم هەڵبژارد // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٢٠)
+ لە (٧) مانگدا (١٠٧) حاڵەتی توندوتیژی دژ بە ژنان ئەنجام دراوە // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٤)

+ لە دوو مانگی ڕابردوودا ١٠ حاڵەتی سوتانی ژن لە چەمچەماڵ هەبووە
+ تەرمی کچێک دەدۆزرێتەوە // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٨)

## بیبلیۆگرافیای سەردێی گوتار و هەواڵ لە ڕۆژنامەی:
## جەماوەر ٧/٩ تا ٢٠٠٧/٩/٣

+ جەماوەر ڕاپۆرتی پزیشکی دوعا بڵاودەکاتەوە
لە بەر بۆگەنبون نەتواندراوە بسەلمێندرێت کە دوعا مومارەسەی سێکسی کردبێت
+ کچێکی ٨ ساڵە دەکوژرێت و تەرمەکەی لە گۆرستان فڕێ دەدرێت (وێنەی لەگەڵە)
+ کچێک خۆی کوشت
+ ژنێک دوای سووتانی گیان لەدەست دەدات
+ ژنێک لەلایەن مێردەکەیەوە بە چەقۆ بریندار دەکرێ
+ کچێکی شەبەک دەرفێندرێت
+ ئافرەتێک لەماڵەوە ڕادەکات (گوندی سیساوە)
+ کچێک بە بەنزین خۆی سوتاند
بەپێی قسەی چەند پەرلەمەنتار و وەزیرێک مەکتەبی کۆمەڵایەتی پارتی و یەکێتی کەسایەتی سیاسی و عەسکەری داڵدەی بکوژی ژنان دەدەن
+ ئەڤین ڕەشید بەڕێوەبەری ماڵی خانزاد. داوای لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەمان لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە، دەبێ ئەو کچەش بێتە بەرامبەر من قسە بکات
+ ژنێک لە دۆزەخی دڵپیسی پیاوەکەیدا
+ د. کوردستان موکریانی سکرتێری یەکێتی ئافرەتای کوردستان:
ستافی نوێی یەکێتی ئافرەتان بۆی دەرکەوتوە، کەلەبەرامبەر کوشتنی ئافرەت نابێ کارەکانمان تەنها لە ڕێپێوان و بەیان دەرکردن بمێنێتەوە
+ ئاگری پیرۆزی جاران و پەرەمێزە نەفرەتییەکانی ئەمڕۆ // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/٩)
+ ٤١ ئافرەت بە تۆمەتی جۆراوجۆر دەستگیر دەکرێن
+ پەرەمێز ئافرەتێک دەسوتێنێ
+ لە قوشتەپە تەرمی ٢ ئافرەت و منداڵێک دەدۆزرێتەوە
+ تەرمی کچێک بە شێوێندراوی لە زێی گەورە دۆزرایەوە
+ مەلا محەمەد ئەحمەد ئاکرەیی:
پێویستەلەسەر هەر ئافرەتێکی موسڵمان لە کوردستان خۆی داپۆشێت
+ وەڵامێک بۆ هەفتەنامەی جەماوەر (باس لە کوشتن و داڵدە دەکات)
+ پرۆفیسۆر د. مستەفا زەڵمی: مامۆستایانی ئایینی بەسە، تاکەی ماڵی خەڵک تێکدەدەن
+ ژنانی خورماڵ خۆیان دەکوژن
+ بکوژی ئافرەتان لەسێدارە درا
+ پەیامێک بۆ ژنکوژەکان
کێ دەستوری پێداون ئاوا گوڵەکان بژاکێنن؟!// (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/١٦)
+ کچێک خۆی دەسوتێنێت
+ چەند ڕێکخراوێکی ئافرەتان نارەزایی لە نەبوونی پاڵپشتی حکومەت دەردەبڕن
+ لەماوەی ٢٩ مانگی رابردوودا لە سنوری رانیە
١٩٥ ئافرەت بە هۆکاری جۆرا و جۆرەوە گیانیان لەدەست داوە
+ دەروێش ئاغا:
هیچ کاتێک مەکتەبی کۆمەڵایەتیی پارتی داڵەی بکوژانی ئافرەتانی نەداوە
+ جوان بابان: بۆوەرگرتنی مافی ئافرەتان دەبێ پیاوان بخەینە بەرەی خۆمان // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/٢٣)
+ پیاوێک خێزانەکەی خۆی بریندار دەکات
+ ئافرەتێک خۆی دەخنکێنێت
+ ئافرەتێک دەسوتێت
+ کچێک خۆی دەخنکێنێت
+ کچێک لەترسی باوکی خۆی دەسوتێنێت
+ ئافرەتێک بریندار دەبێت
+ ئافرەتێک بریندار دەبێت
+ کچێکی تەمەن ١٨ساڵ دەسوتێت
+کچێکی تەمەن ١٤ ساڵ دەسوتێت
+ بەڕێوەبەری دەزگای چاکسازی سنیل و

ئافرەتان
پێش لێبوردن ٤٧ ئافرەتمان لابوو، لەسەر تەزویر و کوشتن و دەستدرێژی دەستگیر کرابوون
+ بڕواناکەم توندوتیژی ئافرەتان بەم شێوەیە بێت، کەلە ڕاگەیاندن باس دەکرێت
نوێنەری حکومەت بۆ کاروباری ئافرەتان
+ سەدایەکی کپ کراو
ژنێکی کورد لە سوید بەسەرهاتی خۆی لە دەستدرێژی سێکسی قاچاخچیانەوە تا دەستدرێژیە سێکسیەکانی کوڕانی کورد لە سوید دەگێڕێتەوە // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/٣٠)
+ کچێک چوار ساڵە لەلایەن کەسوکارییەوە لە ژوورێکدا زیندانی کراوە
+ کوڕێک بەهەڵە خوشکەکەی خۆی کوشت
+ ٢ ئافرەت دەسوتێن
+ ٤ ئافرەت دەسوتێن
+ لەرانیە تەرمی ئافرەتێک دەدۆزرێتەوە
+ ژنێک دوای خۆسوتان گیانی لەدەست دا
ژنێک سێ گوللە لە خۆی دەدات // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٦)
+ ئافرەتێک خۆی دەسوتێنێت
+ ٣ کچ و ژنێک دەسوتێن
+ ژنێک بە پەرەمێز دەسووتێ
+ کچێک گوللەیەک لەخۆی دەدات
+ د. محەمەد گەزنەیی: کوشتنی ژنان بەهەنجەتی شەرەف و ناموس نیشانەی بێ دەستەڵاتییە
+ لایەنێکی فەرامۆشکرا و لە هەواڵەکانی بنبڕکردنی کوشتنی ئافرەتان (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/١٣)
+ لە دهۆک دوو ئافرەت دەکوژرێن
+ کچێک ئاگری لەخۆی بەردا
+ ئافرەتێک خۆی دەخاتە زێی بچووکەوە
+ ژنێک دوای سووتانی گیانی لەدەست دەدات
+ کچێک خۆی سوتاند
+ د. محەمەد گەزنەیی: کوشتنی ژنان بەهەنجەتی شەرەف و ناموس نیشانەی بێ دەستەڵاتییە
+ تاوانەکانی شەرەفپەرستی لە کوردستان

+ وەڵامێک بۆ سۆزان ئاکرەیی // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٢٠)
+ کچێک دوای سووتانی گیانی لەدەست دەدات
+ ژنێک دەسووتێت
+ کچێک دوای خۆسووتاندنی گیان لە دەست دەدات
+ کچێک بەلێدان بریندار دەکرێت
+ ئافرەتێک دەسوتێت
کچە قوتابییەک خۆی دەسوتێنێت
+ د. محەمەد گەزنەیی: کوشتنی ژنان بەهەنجەتی شەرەف و ناموس نیشانەی بێ دەستەڵاتییە
+ هاوسەرگیری میسار لە نێوان ڕازیبوون و ڕەتکردنەوەدا
+ خیانەت: ژنێک گەر هاوسەرەکەم خیانەتم لێبکا، بێ دوودڵی خیانەتی لێدەکەمەوە
+ تا خیانەتی پیاوەکە ئاشکرا نەبوو، بە خیانەتی ژنەکە نەدەزاندرا
+ تاوانەکانی شەرەفپەرستی لە کوردستان // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٢٧)
+ ژنێک دەسوتێت
+ ئافرەتێک دەسوتێت
+ کچێکی تەمەن ٢٣ ساڵ خۆی بریندار دەکات
+ کچێک دەسوتێت
+ ئافرەتێکی تەمەن ٦٠ ساڵ دەسوتێت
+ ئافرتێکی تەمەن ٢٦ ساڵە دەسوتێت
+ کچێکی تەمەن ٢٠ ساڵ دەسوتێت
+ ئافرەتێک بەهۆی سوتانەوە گیان لەدەست دەدات
+ ئافرتێک دەسوتێت
+ پیاوێک ژنەکەی خۆی دەکوژێت و کچەکەشی بریندار دەکات
+ د. محەمەد گەزنەیی: کوشتنی ژنان بەهەنجەتی شەرەف و ناموس نیشانەی بێ دەستەڵاتییە
+ هاوسەرگیری میسار بۆ چەوساندنەوەی ئافرەتان
+ تاوانەکانی شەرەفپەرستی لە کوردستان // (ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٣)

### بیبلیۆگرافیای سەردێی گوتار و هەواڵ لە ڕۆژنامەی: میدیا ۷/۱۰ تا ۲۰۰۷/۹/٤

+ ئافرەتێک سێ پیاو بەگومانی ئەندامێتی قاعیدە دەستگیردەکرێن
+ پیاوێک ئافرەتێک برندار دەکات
+ (هیڤی فۆن) دەبێتە پارێزەری ئافرەتان // (ڕۆژی ۲۰۰۷/۷/۱۰)
+ ئینتەرپۆل، مێردی شەوبۆی دەستگیر کردووەو بەریتانیاش تەسلیمی کوردستانی دەکاتەوە
+ لەماڵە پرنهێنییەکەی (خانزاد) ئافرەتێک بەپارە بە پیاوەکەی دەفرۆشرێتەوە // (ڕۆژی ۲۰۰۷/۷/۱۷)
+ کچێک دەسووتێت
+ ئافرەتێک دەسوتێت
+ کچێک دەسووتێت
+ تەرمی ئافرەتێکی ئەشکەنجەدراو دەدۆزرێتەوە
+ تەرمی سێ ئافرەت دەدۆزرێتەوە
+ کچێک خۆی دەخنکێنێت
+ شیلان شۆرش هاواری ژنانی کورد دەگەیێنێتە میدیای نەرویج
+ قوربانییەکانی ماڵی خانزاد هەرئافرەت نین، پیاویشن // (ڕۆژی ۲۰۰۷/۷/۲٤)
+ ئافرتێک خۆی بە پەتی لفکە دەخنکێنێ
+ ئافرتێک خۆی دەسووتێنێ
+ کچێک خۆی دەخنکێنێت
+ ڕێکخراوەکانی ژنان لە شارەزوور مێشی مەینەتییەکانی ژن میوانیان نییە! // (ڕۆژی ۲۰۰۷/۷/۳۱)
+ ئافرەتێک سێ گوللە لەخۆی دەدات
+ ئافرتێک خۆی دەسوتێنێ
+ ئافرەتێک گوللە لەخۆی دەدات
+ ۲ ئافرەت دەسوتێن
+ ئافرەتێک بە پەرەمێز دەسووتێت
+ دوای دوعا، سارا بەبلۆک دەکوژرێت
+ چیرۆکی مەرگی ئەو پیاوەی ژنەکەی بە سەربرینیدا // (ڕۆژی ۲۰۰۷/۸/۷)
+ لەماوەی ۷ مانگی ڕابردوو ۱۸۲ ئافرەت و پیاو لەرانیە سووتان
+ کچێک خۆی دەرمانخوارد دەکات
+ لە کوردستان هەفتانە ٥ ژن دەسووتێن و ۳ لەو سووتاوانە گیان لەدەستدەدەن
+ تەکنۆلۆژیا و سوکایەتیکردن بە ژنان و کچانی کورد
+ د ئێک سال دا ۱۰۸ ئافرەت ل ئامێدیێ هاتنە کوشتن (۲۰۰٦) // (ڕۆژی ۲۰۰۷/۸/۱٤)
+ کچێک لەلایەن باوک و برای دەکوژرێت
+ ئافرەتێک بەهۆی پەرەمێزەوە دەسووتێت
+ با ژنان حوکم بکەن
+ پەرلەمان پێشنیار دەکات بەشی ژنناسی لەزانکۆکانی کوردستان بکرێتەوە
+ زەواجی میسار نوکتەی نێوان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان // (ڕۆژی ۲۰۰۷/۸/۲۱)
+ کچێک بەچەکوش و کێبڵی کارەبا لێی دەدرێت // (ڕۆژی ۲۰۰۷/۸/۲۸)
+ باوکێک کچێنی لە کچەکەی دەسێنێتەوە
+ پەردەی کچێنی...پەردەی کوشتنی ئافرەتان

بەپێی ئاماریکی ڕێکخراوی ئاسوودە ۲٥۰ ئافرەت بەبیانوی نەمانی پەردەی کچێنی لە ساڵی ۲۰۰٦ دا کوژران // (ڕۆژی ۲۰۰۷/۹/٤).

# گۆڤاری «ڕاپەڕین»ی هەولێر



**نەوزاد عەلی ئەحمەد- سوید**
nawzad.ali@hotmail.com

هەواڵنامەی کتێب

**بۆچی ئەم گۆڤارە؟**

**«ڕاپەڕین»**گۆڤاری‌کۆمیتەی‌سەرکردایەتی هەولێر، پاشان مەڵبەندی هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە، لە ساڵی ١٩٨٢ و ١٩٨٣ ، هەشت ژمارەی لێدەرچووە، ئەم گۆڤارە لە زۆر ڕووەوە نرخی مێژوویی خۆی هەیە، بە تایبەتیش ئەو ڕۆژگارەی کە گۆڤارەکەی لێ دەرچووە، هەم بارودۆخی خودی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جێگای وردبوونەوە و ڕامان و خوێندنەوەیە، هەم پەیوەندییەکانی یەکێتیی لەگەڵ حزب و هێزە کورد و کوردستانی و عێراقییەکان، هەم پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی کوردستان، واتە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، دەتوانرێت لە چەند بوارو بارێکدا خوێندنەوە بۆ گۆڤاری **«ڕاپەڕین»** بکرێت و ئەو پەیوەندییانەی پێشەوە لە ناوەڕۆکی بابەتەکانی دوو توێی گۆڤارەکە بدۆزرێنەوە، لەم ڕووەوە تا ئێستا هیچ خوێندنەوەیەک بۆ گۆڤارەکە نەکراوە، تا ئەو زانیاریانەش کە لەمەڕ گۆڤارەکە بلاوبوونەتەوە بریتین لە چەند کورتە زانیارییەکی پڕ لە هەڵەو کەموکوڕی، لەسەر ئەم بنەمایانەی پێشەوە ئاوڕێک لە گۆڤاری ناوبراو دەدەمەوە کە هیوادارم سوود ببەخشێت و ببێتە جێ سەرنجی لێکۆڵەران و پسپۆڕانی بواری ڕۆژنامەگەری.

**زاراوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەڵبەند**

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ١٩٧٥ تائەمڕۆ خاوەنی دەیان نەخشە و پڕۆژەی کاری ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەگەرییە، گۆڤاری **«ڕاپەڕین»**یش یەکێکە لە بەرهەمە ڕۆژنامەگەرییەکانی یەکێتیی، گۆڤاری ناوبراو لە دوو خولدا دەرچووە، لە خولی یەکەمیدا (٤) ژمارەی لێدەرچووەو لە لایەن کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر دەرچووە، لە خولی دووەمیشدا (٤) ژمارەی‌تری لێدەرچووە، بەڵام ئەمجارە لە لایەن مەڵبەندی هەولێر دەرچووە، ئەو دوو ناوەی پێشەوە، لە کارو بنەما و پەیوەندبووندا بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هیچ جیاوازیان نییە، تەنیا وەک دوو زاراوەی سیاسیی و پێکهاتەی حزبی گۆڕدراون و گۆڕانکاریان بۆ کراوە، بۆ تێگەیشتن لە پێکهاتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وا بە کورتی هەڵوەستە لەسەر چەند زاراوەیەک دەکەم.

کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەڵبەند بریتین لە دوو زاراوە بۆ دوو قۆناغی ژیانی حزبایەتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، کە بۆ پێکهاتەی سنووری چالاکییە سیاسی و پێشمەرگایەتییەکانی دایناون، لە سەرەتای خەباتدا لە قۆناغی شۆڕشی نوێدا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناوی لە پێکهاتەکانی نابوو « هەرێم» کە بریتی بوو لە دارشتن و دیاریکردنی سنوورێک بۆ دابەشکردنی کارو چالاکییەکان، کە زیاتر لەسەر ژمارە دابەشکرابوون وەک هەرێمی ١، هەرێمی ٢، هەرێمی ٣، پاشان کە سنووری چالاکییەکانی یەکێتیی فراوان بوون، پێکهاتەی هێزەکە گۆڕاو ساڵی ١٩٨١ سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناوی لە پێکهاتەکانی نا کۆمیتەی سەرکردایەتی وەک کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر، کۆمیتەی سەرکردایەتی سلێمانی.... هتد، دوای ئەم پێکهاتەیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پێکهاتەی هێزە سیاسی و پێشمەرگایەتیی لە ساڵی ١٩٨٢ بۆ پێکهاتەی مەڵبەند دابەش کرد، کە تا ڕۆژانی ڕاپەڕینی ١٩٩١، ٤ مەڵبەندی هەبوو بە ناوی مەڵبەندی ١ی سلێمانی، مەڵبەندی ٢ی کەرکووک، مەڵبەندی ٣ی هەولێر، مەڵبەندی ٤ی دهۆک.

### زانیاری سەبارەت بە کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەڵبەندی هەولێر و ڕاگەیاندن

لە ساڵی ١٩٨١ کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیاریدا، کۆمیتەیەک بۆ سنووری چالاکییەکانی پارێزگای هەولێر دابنێت، بارەگای کۆمیتەی ناوبراو لە گوندی « وەرتێ» بوو، سەرەتا بارەگای ڕاگەیاندن لە خوێندنگاکەی وەرتێ دانرا، پاشان بۆ گەڕەکی بەڕۆژە گوازرایەوە و خانوویێک بە کرێ گیرا، کۆمیتەی سەرکردایەتی لە سەید مەجید، د. کەمال خۆشناو، ملازم فوئاد پێکهاتبوو، کاروبارەکانی ڕاگەیاندن لە لایەن کاکە عەبە- ی هونەرمەندی کاریکاتێریست سەرپەرشتی دەکرا، دوای ئەوەی بارەگاکان دانران و ئۆرگانەکان ڕێکخران، ئۆرگانی ڕاگەیاندن ڕێکخراو و پێکهاتبوو لە کاکە عەبە، شاسوار هەرشەمی، مامۆستا حەمید کۆیی «خاڵە حەمید» کە پاشان شەهید بوو، گوشاد عەبدولرەحمان، ئەمەو سەرەڕای دوو پێشمەرگەی‌تر کە وەک کارەبایی و تەکنیک لە ڕاگەیاندن کاریان دەکرد، ئەو چاپخانەیەی کە ساڵی ١٩٨١ لە لایەن بورهان قانعی ڕەحمەتی دانرا دوای ماوەیەک بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر گواسترایەوە و وەک پێشوو بە ناوی شەهید جەعفەر دەستی بە کارکردن کرد، شەهید جەعفەر عەبدولواحید، یەکێکە لە سەرکردەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ خاڵە شەهاب و شەهید ئەنوەر زۆراب لە لایەن ڕژێمی بەعسی سەددام حوسێن لە سێدارەدرا.

دوای ئەوەی سەرکردایەتی یەکێتیی لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٢ بڕیاریدا کە پێکهاتەی یەکێتیی بۆ مەڵبەند بگۆڕێت، پێکهاتەی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر بۆ ناوی مەڵبەندی سێ گۆڕدراو سەید مەجید بووە لێپرسراوی مەڵبەند، کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە ڕاگەیاندنی مەڵبەندیش کرا و حاجی مەمۆ « عەباس محەمەد حوسێن» بووە لێپرسراوی ڕاگەیاندنی مەڵبەند و لەگەڵ گواستنەوەی ئەو، شەماڵ « شەماڵ عەبدوڵلا» و مەریوان وریا قانع و گارای هونەرمەندی شێوەکار و چەند کەسێکی‌تر بۆ ڕاگەیاندنی مەڵبەند گوازرانەوە.

### بورهان قانع، مامۆستای ڕۆژنامەوانی پێشمەرگە

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕی ڕەحمەتی بورهان قانع لە ساڵی ١٩٨١، بۆ ماوەی کەمتر لە ٢ ساڵ  پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، لەو ماوەیەدا زیاتر خەریکی وەرگێڕان و کردنەوەی کۆرسی ڕۆژنامەگەریی بوو بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکێتیی کاریان دەکرد، لەو ماوەیەدا چەندان کەسی فێرە تایپکردن، دیزاین، چاپکردن کرد، دەتوانین بڵێین بە هۆی کۆرسەکانی بورهان قانع

بواری ڕۆژنامەگەریی لە دەزگاکانی چاپ و چاپخانەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان گەشەی کرد و هەنگاوی پێشکەوتنی نا.

زیاتر کاکە عەبە، حەمید کۆیی، شاسوار هەرشەمی و گارا کاروبارەکانی تایپ، دیزاین، خستنەسەر ستێنسڵ، چاپکردنی گۆڤارەکەیان رایی دەکرد، بە تایبەتیش حەمید، کە یەکێک بوو لەو پێشمەرگە خوێندکارانەی کە لە کۆرسە ڕۆژنامەگەرییەکانی بورهان قانع بەشداری کردبوو، زانیارییەکی فراوانی سەبارەت بە دیزاین و چاپکردن لە کۆرسەکە وەرگرتبوو.

## مەقەسەکەی گیو موکریانی لە مەڵبەندی ٣

ئەو چاپخانەیەی کە گۆڤاری ڕاپەڕینی لێ چاپدەکرا ناوی چاپخانەی شەهید جەعفەر بوو، هەموو چاپخانەکە بریتی بوو لە یەک دوو تایپی ئای. بی. ئێم و ڕۆنیۆیەک لەگەڵ مەقەسێکی کۆنی کاغەز بڕینی چاپخانەکەی گیو موکریانی ڕەحمەتی کە ئەو کاتە لە ڕێگای ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بە چاپخانەی شەهید جەعفەر گەیەنرابوو، بەڵام دڵنیا نیم و نازانم ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ لە چاپخانەکەی گیو موکریانی کڕدرابوو؟ ئەگەرچی مەقەستەکە کۆن و مەقەستی دەستی بوو بەڵام بۆ ئەو کاتە سوودی زۆری لێ بینرا.

هەروەها ئامێرێکی تازە بابەتیان هەبوو کە پێیان دەوت کەهرۆ زەوئی، کە کارئاسانی باش و وردی بۆ دەکردن لە بواری تایپکردن و گرتنەوەی وێنە لەسەر ستێنسل.

## چۆن و بۆچی ناو لە گۆڤارەکە نرا ڕاپەڕین؟

ئەو کاتەی کە بڕیار درا گۆڤاری ڕاپەڕین دەربچێت، سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرنامەی بۆ ڕاپەڕینی شارەکان دارشت بوو بە تایبەتیش لە زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر « سلێمانی کۆن» و پەیمانگا و خوێندنگا ئامادەییەکان، وەک دەزانرێت ساڵی ١٩٨٢ ساڵی هەژان و ڕاپەڕینی زانکۆ و پەیمانگاکان و خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی‌یە بە هاوکاری شەقامی ڕاپەڕیوی خەڵکی کوردستان، کە وەک خەڵکی کوردستان شاهیدە زیاتر ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و باڵەکانی‌تری ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەرکردایەتی ڕاپەڕینەکەیان دەکرد، ناوی گۆڤاری **«ڕاپەڕین»** یش ئیلهام بەخشی ڕاپەڕینی ناوبراوەو بۆ مێژووش پێویستە ئەوە تۆمار بکرێت کە هونەرمەند: کاکە عەبە ناوی لە گۆڤارەکەی ناوە « **ڕاپەڕین**» .

## «ڕاپەڕین»ەکان!

بە هەڵدانەوەی ئەو کتێب و لاپەرە و نووسینانەی کە سەبارەت بە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی نووسراون، ناوی چەندان بڵاوکراوەو گۆڤار و ڕۆژنامە دێنە بەرچاو کە هەڵگری ناوی « ڕاپەڕین» ن، ئەوەی ئێمە دەزانین تەنیا یەک ڕۆژنامە پێش گۆڤاری ڕاپەڕین هەڵگری ناوی ڕاپەڕینە، ئەمەش ناوی کۆمەڵێک گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەیە کە ناویان ڕاپەڕینە:

## ڕاپەڕین «الانتفاضة»

هەفتەنامەیەکی بازرگانی و ئەدەبی بووە بە زمانی کوردی و عەرەبی لە شاری سلێمانی دەرچووە

ژمارە ١ لە ساڵی ١٩٦٤ دەرچووە

دوا ژمارە لە ڕۆژی ١٩٦٨/١/١٩ دەرچووە و سەرجەم ٢٠٨ ژمارەی لێ دەرچووە.

خاوەن و سەرنووسەری بریتی بووە لە عەبدولعەزیز تالیبی و سدیق عەبدوڵڵا.

## ڕاپەڕین «الانتفاضة ١»

بڵاوکراوەیەکی نهێنی سیاسی و ڕۆشنبیری بووە لە لایەن فەوجی ٣، سریەی ٣، کەرتی بەهدینانی حزبی شیوعی عێراق بە زمانی کوردی و عەرەبی لە دەڤەری دهۆک دەرچووە

ژمارە ١ لە بەهاری ساڵی ١٩٨٢ دەرچووە.

ژمارە ١٨ کە دوا ژمارەیە لە ساڵی ١٩٨٥ دەرچووە.

**ڕاپەڕین «الانتفاضة ٢»**

بڵاوکراوەیەکی نهێنی سیاسی و ڕۆشنبیری بـووە، لە لایـەن فەوجی ١ ی حزبی شـیوعی عێـراق لیژنەی پارێزگای نەینـەوا لە ناوچەی بەرواری باڵای سـەر بە پارێزگای دهۆک بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە
ژمارە ١ لە ساڵی ١٩٨٤ دەرچووە
دوا ژمارەی ساڵی ١٩٨٨ دەرچووە.




**ڕاپەڕین:** بڵاوکراوەیەک بووە کۆمەڵەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات « ئەکسـا» لقی ئەمریکای باکوور بە زمانی ئینگلیزی دەریکردووە.
ژمارە ٧ ساڵی ١٩٨٣ دەرچووە.

**ڕاپەڕیـن:** بڵاوکراوەیـەک بـووە کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا لقـی سـۆڤیەت بـە زمانی کوردی و عەرەبی دەریکردووە
تەنیـا ژمارە ٢ ی دیارە، ئەویش سـاڵی چاپکردنـی بەسـەرەوە نیـە، بەڵام مـن وای بۆ دەچم کە لە سـەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەرچووبێت.

**ڕاپەڕین:** لە لایەن بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عیراق وەک پاشکۆی گۆڤاری النفیر دەرچووە
ژمارە ١ لە مانگی ئابی ١٩٩٠ دەرچووە
ژمارە ٢ لە مانگی ئازاری ١٩٩١ دەرچووە.

**ڕاپەڕیـن:** ڕۆژنامەیەکی سیاسـی بـووە، بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی لە شاری هەولێر دەریکردووە
ژمارە ١ لە ڕۆژی ١٩٩٧/١١/٢٢ دەرچووە.
ژمارە ٤٣ دوا ژمارەیە کە ڕۆژی ١٩٩٩/٧/١٢ دەرچووە.

**نووسەرانی ڕاپەڕین**

بێجگە لەو نووسـەرانەی کە لە هەردوو خولی گۆڤاری ڕاپەڕیـن کاریان دەکرد، وەک کاکە عەبـە، حاجی مەمۆ، شاسـوار هەرشـەمی، مەریوان وریا قانع، ئازاد ئەحمەد، شـەماڵ عەبدوڵـڵا، چەند نووسـەرێکیتر بە نووسـین و

ناردنـی هـەواڵ هـاوکاری گۆڤارەکەیـان دەکـرد، وەک شــەهید: حەســەن کوێســتانی، ئازاد جندیانـی، ئەبوبەکر خۆشناو، شــەهید یوسف شەریف و شەهید حاکم جەمال کـە بـەردەوام بـە ناردنـی بابـەت هـاوکاری گۆڤارەکەیان کردووە.

هەروەها پێویسـتە ئاماژە بە هەندێک ناو بـدەم، کە بە نـاوی خوازراو نووسـینیان لە گۆڤاری ڕاپەڕین بڵاوکردۆتەوە؛

سەرهەنگ: شەهید حەسەن کوێستانی‌یە
ا. سەفین: ئەبوبەکر خۆشناو
ی. شەریف: شەهید یوسف شەریف
جەمال: شەهید حاکم جەمال
شەماڵ: شەمال عەبدوڵڵا
شاسوار: شاسوار هەرشەمی
پێشڕەو: شەهید پێشڕەو کەرکوکی‌یە
ع. م. ح / ح. م: حاجی مەمۆ
شێرزاد: شێرزاد ڕەنجەڕۆ
ا. مەسیفی: ئەنوەر مەسیفی ڕەحمەتی
مەریوان: مەریوان وریا قانع
ف. دێهاتی: فەیسەڵ دێهاتی

بـە داخـەوە ناوەکانی‌ترم بۆ سـاغ نەکرایەوە.




## گۆڤاری ناوبراو بۆ وەستا؟

ئەوەی شاسـوار هەرشـەمی بۆی گێرامەوە کە گوایە گۆڤاری ڕاپەڕین بە هۆی بڵاوکردنەوەی وتارێک وەستاوە کە شەهید یوسف شەریف سەبارەت بە ئێران نووسیویەتی، وتارەکەی شەهید یوسف بەم ناونیشانەیە: «**چۆن دەڕوانینە ئەو دیو سـنوور؟**» لە ژمـارە ٣، خولی ١ بڵاوبۆتەوە، کە ئەو کاتە پەیوەندی ئێران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان باش نەبوو، دوای ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان هەر لە یەکەم دانیشـتندا ئێرانییەکان ڕەخنەیان لە وەفدی یەکێتیی گرتووە کە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی وتاری لەم شێوەیەیان لەسەر ئێران بڵاوکردۆتەوە، شاسوار هەرشەمی پێی وتم؛ کۆمەڵێک بابەتی حەساس هەبوو بە تایبەتیش سەبارەت بە وڵاتانی ناوچەکە تەنیا مام جەلال، کاک نەشیروان مستەفا بۆیان هەبوو بینووسـن؛ سـەرەڕای ئـەوەی کاتێکی زۆر بەسـەر بڵاوکردنەوەی وتارەکە تێپـەڕی بوو بەڵام دوای گلەیـی ئێرانیەکان مەکتەبی سیاسـی بڕیاریدا کە گۆڤاری ڕاپەڕین بوەستێت.

ئەمـە لە لایەک، لـە لایەکی‌ترەوە ئەوکاتـە بارودۆخی

ناوخـۆی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان بـە تایبەتیش کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتان باش نەبـوو، چونکە ململانـێی فکـری و ئایدیۆلۆژی کەوتبـووە نێو ئەندامان و بارودۆخەکـەی زۆر ئاڵـۆز کردبـوو، کـە هەسـت بـە لێکترازانێک دەکراو ڕێکخسـتنەکانی ئاڵای شۆڕش لە ناو هەناوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتاندا دەستیان بە جموجۆڵ کردبـوو، مەڵبەنـدی هەولێریـش یەکێک بوو لـە کوانووە گەرمەکانی ئاڵای شۆڕش بە تایبەتیش دەزگای ڕاگەیاندنی مەڵبەنـد، کە دەکرێت ئەمەش بە هۆکارێکیتر دابندرێت بۆ وەستانی گۆڤارەکە.

**مەڵبەندی هەولێر، مەڵبەندی ڕۆژنامەگەریی**

لـە کۆتایـی ئـازاری ١٩٨٢ چاپخانـەی شـەهید جەعفـەر بـۆ گونـدی وەرتـێ گواسـترایەوە و درا بـە کۆمیتەی سـەرکردایەتی هەولێر، بـۆ ڕایکردنی کاروباری چاپەمەنییەکانی سـنووری هەولێـر و دهۆک هەروەها بۆ تەواوی هێزی پێشـمەرگە و ڕێکخستنەکانی ناو شاریش، چاپخانەکە هـەر تەنیا بڵاوکراوەکانی سـنوورەکەی چاپ نەدەکرد بەڵکو دەبووایە بڕی سـنوورەکە لە ڕۆژنامەکانی الشـرارة و ڕێبازی نوێ- ش چاپ بکات، هەروەها دەیان کتێـب و نامیلکەشـی چاپکـردووە، بـۆ نموونـە ڕۆمانی سەگوەڕ کە لە نووسینی محەمەد موکرییە چاپی یەکەمی لەو چاپخانەیە کراو هەر دوای چاپەکە هەژانێکی سـەیری لە ناو هێزی پێشمەرگە و هەندێک سیاسەتمەدار لێکەوتەوە و ئـازاد جندیانی و ئیبراهیم جـەلال و مەریوان وریا قانع سـێ نووسینی جیایان لەسـەر ڕۆمانەکە نووسی هەر لە چاپخانەی ناوبـراو لە کتێبێکدا چاپکرا، ئەمەو گۆڤارەکانی ئەسـتێرە، سروشت، هەڵوێسـت ، هەروەها پێشمەرگە کە پاشـکۆی گۆڤـاری ڕاپەڕین بوو لە هەمـان چاپخانە چاپ کراون.

بـەرای من دەکرێت لێکۆڵینەوەی تایبەت سـەبارەت بە چاپخانەکانی شۆڕش بنووسرێت بە تایبەتیش چاپخانەکانی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان کە بە قـەد هەموو حزب و هێزە سیاسـییە کوردسـتانییەکانی تـر بەڵکو زیاتریش کتێـب و گۆڤـار و ڕۆژنامە و پۆسـتەر و بەیاننامەیان لێ چاپکراوە.

**❝ * بـەرای مـن دەکرێت لێکۆڵینـەوەی تایبـەت سەبارەت بە چاپخانەکانی شۆڕش بنووسرێت.**

*** ئـەو بابەتانـەی کە لـە گۆڤـاری ڕاپەڕین بڵاوکراونەتەوە بەشێکن لە بارودۆخی ئەوسـای ژیانی شۆڕش و پێشمەرگایەتی، لە زۆربەی نووسینەکاندا بـە وریایـی کار لەسـەر بابەتەکان کراوە. ❞**

**ناوەڕۆکی بابەتەکان**

ئـەو بابەتانەی کە لە گۆڤاری ڕاپەڕین بڵاوکراونەتەوە بەشـێکن لـە بارودۆخـی ئەوسـای ژیانـی شـۆڕش و

پێشمەرگایەتی، لە زۆربەی نووسینەکاندا بە وریایی کار لەسەر بابەتەکان کراوە بە تایبەتیش بۆ چنینی بابەتەکان و چۆنیەتی هەڵس و کەوت کردن لەگەل ڕووداوە هەستیارەکان، لە زۆربەی ژمارەکاندا وتاری ژمارە نووسراوە کە گوزارشتکردن بووە بۆ ڕووداوی ڕۆژ وەک یادە حزبییەکان، پاراستنی ڕیزی حزب و هێزە کوردستانی و نیشتمانییەکان، دەرخستنی تاوانەکانی ڕژێمی بەعسی سەددام حوسێن، هەروەها گۆڤارەکە گرنگی بە بڵاوکردنەوەی یاسا نێو دەوڵەتی و پرسەکانی دیموکراتی و مافی مرۆڤ و ئاکارەکانی فاشیەت داوە، بۆ بابەتی فاشیەت و فاشیزم بە بەئەلقە کتێبێکی ئامادەکراوی بڵاوکردۆتەوە، شەهیدان و یادکردنەوەیان ڕووبەڕێکی باشی بۆ تەرخانکراوە، هەروەها ئەزموونی خەباتی گەلان و ئەدەبی بەرەنگاری بە گوێرەی دەرفەت و بوونی بابەت فەرامۆش نەکراون و کۆمەڵێک دەقی جوانی ئەدەبی خۆماڵی و وەرگێڕدراو بڵاوکراونەتەوە کە بۆ ئەوێ ڕۆژێ جێگای سەرنجی پێشمەرگە و خوێنەرانی گۆڤارەکە بوون، هەروەها لە گۆڤارەکەدا دوو گۆشەی ڕۆژنامەنووسی دێنە بەرچاو بە ناونیشانی «بە ئومێدی سەرکەوتن» ، گۆشەکەی‌تر بریتی بوو لە «خەرمانەی وشە» کە مەرج نییە لە هەموو ژمارەیەکدا هەبووبن.

زۆربەی بابەتەکان، بەزمانێکی سادە داڕێژراون و دوورن لە زەخرەفەی نووسین، دەتوانین زمانی نووسینی بابەتەکان وەک هەوڵێک بۆ گرنگیدان بە زمانی ڕۆژنامەگەریی و خۆدوورخستنەوە لە زمانی ئەدەب و ئەدیبان و کارکردن بۆ پەرەپێدانی زمانی ڕۆژنامەگەریی بە تایبەتیش زمانی ڕۆژنامەگەریی شۆڕش و پێشمەرگە وەسف بکەین.

هەواڵنامەی کتێب

## فۆڕمی گۆڤارەکە

هەموو ژمارەکانی ڕاپەڕین لە چاپخانەی شەهید جەعفەر چاپکراون و قەبارەی زۆربەی ژمارەکانی بریتیە لە کاغەزی نیو فۆلسکابی و زیاتریش کاغەزی ٧٠ گرامی ئێرانی بەکارهاتووە و هەمان جۆری کاغەزیش بۆ بەرگ بەکارهاتووە نەک کارتۆن، وەک دەردەکەوێت بەرگی گۆڤارەکە کاکە عەبەی هونەرمەند دیزاینی بۆ کردوون چونکە لە ژمارە ٢ دا لە ژێر ناوی گۆڤارەکە واتە لە ژێر ناوی «ڕاپەڕین» ئیمزای خۆی داناوە، بەڵام مەرج نییە بەرگی تەواوی ژمارەکان کاکە عەبە دیزاینی بۆ کردبن. لە بەرگی هەر ژمارەیەکدا بە ڕووکاری سەرەوەدا ئەم دوو دروشمە داندراوە: عێراقێکی دیموکرات و سەربەخۆ،

*** گۆڤارەکە گرنگی بە بڵاوکردنەوەی یاسا نێو دەوڵەتی و پرسەکانی دیموکراتی و مافی مرۆڤ و ئاکارەکانی فاشیەت داوە، بۆ بابەتی فاشیەت و فاشیزم.**

*** لە گۆڤارەکەدا دوو گۆشەی ڕۆژنامەنووسی دێنە بەرچاو بە ناونیشانی «بەئومێدی سەرکەوتن»، گۆشەکەی‌تر بریتی بوو لە «خەرمانەی وشە».**

کوردستانێکی ئۆتۆنۆم، بۆ ٤ ژمارەکەی خولی یەکەم نووسراوە: گۆڤارێکی گشتیە کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر دەری دەکات، بەڵام بۆ ژمارەکانی خولی دووەم نووسراوە: گۆڤارێکی گشتی‌یە مەڵبەندی «سێ» ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەری دەکات، هەروەها هەر لەسەر بەرگ لە سەر ناوی گۆڤارەکە ئەستێرەیەک دانـدراوە و لـە ژێر ناوەکە ئیندێکسـی ناوی چەند بابەتێکـی دووتوێی ژمارەکە داندراوەو بە لای دامێنی خوارەوەش ژمارە، خول، مانگ و ساڵی کوردی و زایینی نووسراوە.

تـەواوی بابەتەکان بە تایپی دەسـتی ئای. بی. ئێم لە لایەن شاسوار هەرشەمی و شەهید حەمیـد کۆیی تایپکـراون و زیاتریش بە یەک سـتوون یاخود دوو سـتوون لەسەر ماکێت «فـەزا» ی لاپـەڕەکان دابەشـکراون، وێنـە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بە گوێرەی پێویست نییە، زیاتریـش وێنـەی شـەهیدان بڵاوکراوەتەوە، لـە چەند ژمارەیەکدا کاکـە عەبە کاریکاتێر و هێلـکاری بـۆ ژمارەکان کێشـاوە، کە بە ڕای مـن تا ئێسـتا ئەو کارانـە گرنگـی خۆیان لە دەست نەداوەو دەکرێت لێکۆڵەران لە باسێکی ورددا باس لە وێنە و کاریکاتێر و هێلکاری لە ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی بکەن، هەروەها گارای هونەرمەند لەگەڵ شەهید حەمید کۆیی دیزاینـی لاپەڕەکانی نـاوەوەی گۆڤارەکەیان کـردووە و هونەرمەنـد گارا بـە کێشـانی هێلکاریش بەشداری کردووە.

ناوونیشـانی بابەتـەکان بـە دەسـت نووسـراون یاخود لە ڕێـگای ڕیزبەندکردنی پیتـی حازربەدەسـت نووسـراون، وەک بـە دواداچوونم بۆ کردووە ئەو ناوونیشـانانەی کە بە دەست نووسراون مەجید هەرشەمی‌ی خۆشنووس نووسیویەتی.

ئەگەرچـی زۆربەی ژمارەکانـی ڕاپەڕین بەراورد بە گۆڤارەکانی کۆمەڵە و ڕۆژنامەکانی الشرارة و ڕێبازی نوێ لە بـاری چاپدا پاک نیـن، بـەڵام بابـەت و دیزاینەکەی ئـەو خاڵە نێگەتیڤەی داپۆشیوە.

**٨ ژمارە و ٥ پاشکۆ**

من تەنیا ٧ ژمارەم لە گۆڤاری ڕاپەڕین دیوە و بۆم ساغ بۆتەوە، بەڵام شاسوار هەرشەمی کە خۆی لە گۆڤارەکەدا کاریکردووە، دەڵێت: ٨ ژمارە لە گۆڤارەکە دەرچووە لە خولی یەکەمدا ٤ ژمـارە بە نـاوی کۆمیتەی سـەرکردایەتی هەولێری یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان و لـە خولی دووەمیشـدا ٤ ژمارەی‌تر بە ناوی مەڵبەنـدی سـێ دەرچووە، ئـەوەی کەوتۆتە بەرچـاوم و دۆزیومەتـەوە تەنیـا ٧ ژمارەی گۆڤارەکەیـە، کە ٤ ژمارەکـەی خولی یەکەم و ٣ ژمـارە لە خولی دووەم، کە بە حیسـابی شاسوار بێت من تەنیا دوا ژمارەی گۆڤارەکەم نەبینیووە کە دەکاتە ژمارە ٤ ی خولی ٢.

گۆڤـاری ڕاپەڕیـن لە مـاوەی تەمەنیدا ٥ ژمارەی لە پاشـکۆیەک دەرکردووە بە ناوی گۆڤاری «پێشمەرگە» کە زیاتر تایبەت بووە بە ژیانـی پێشـمەرگە و چالاکییەکانی هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتان، پێویسـت بوو کە لەگەڵ ئەم باسـە لەو گۆڤارەش بدوێم، بەڵام هەسـتم دەکرد بابەتەکە درێژتـر دەبووەوە، گۆڤـاری « پێشـمەرگە» ش لە زۆر ڕووەوە یەکێکە لە گۆڤارە ڕێک و پێکەکانی شۆڕشـی نوێ و ئاساییە باسێکی سەربەخۆی دەربارە بنووسرێت، کە هیوادارم لە نزیکترین دەرفەتدا بگەڕێمەوە سەری و بە خوێنەرانی بناسێنم.

**خولی سێیەمی ڕاپەڕین**

دوای ڕاپەڕینـی ١٩٩١ و پـاش کـۆڕەو بـارەگای سـەرەکی زۆربەی حـزب و هێزە کوردسـتانییەکان لـە شـەقلاوە دانـدرا، مەڵبەندی ٣ « هەولێر» ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردسـتانیش بـارەگای خـۆی لە شـەقلاوە دانـا و ڕاگەیاندنـی مەڵبەند دەسـتی بە کارو چالاکـی کرد، کـە یەکێک لـە چالاکییەکانیان دەرکردنەوەی گۆڤاری «ڕاپەڕین» بوو، بەڵام ئەمجـارە لە شـێوەی ڕۆژنامە دابـوو، ئازاد جندیانـی سەرپەرشـتی دەکرد، لـە ڕاپەڕینی خولـی سـێیەمدا ٣ ژمـارە دەرچـوو، لەگەڵ چەنـد پاشـکۆیەک، وەک پاشـکۆی مانگرتن کە پاشـکۆیەکی ڕۆژانە بـوو ٦ ژمارەی لێ دەرچووە، هەروەها پاشـکۆیەک سەبارەت بە

کۆنگرەی نووسەران.
یەکەمین ژمارەی خولی سێیەمی راپەڕین لە مانگی ئابی ١٩٩١ دەرچووە و تا کۆتایی هەمان ساڵیش ٢ ژمارەیتر لە رۆژنامەکە دەرچووە و بە دەرچوونی رۆژنامەی کوردستانی نوێ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەموو قورسایی خۆی خستە سەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ، رێبازی نوێ و راپەڕین- ی وەستاند.
نامەوێت زیاتر لەسەر خولی سێیەمی راپەڕین بنووسم چونکە بە دواداچوونێکی وردم سەبارەت بەو خولە نووسیووە بە تایبەتیش پاشکۆی مانگرتن کە رۆژانە دەرچووە و زیاتریش پاشکۆیەک بووە تەرخان کرابوو بۆ هەواڵ.

## ئیندێکسی ناوی بابەتەکان

ئەمەی خوارەوە ناونیشانی ئەو بابەتانەیە کە لە ژمارەکانی **«راپەڕین»** دا بڵاوکراونەتەوە

**ژمارە ١، خولی ١، خەرمانان ٢٦٨٢، تەمموزی ١٩٨٢، قەبارە ٢٤ بە ١٦ سم، ٤٤ لاپەڕە.**

- سەرووتار..... ل ١ تا ل ٣
- فاشیزم، بەشی یەکەم، عەبە... ل ٤ تا ل٨
- کورتە مێژوویەک لە راپەڕینەکانی گەلی کورد، شێرزاد.. ل٩ تا ل ١٣
- یادی ٢٤ ساڵەی شۆڕشی ١٤ ی تەمموزی مەزن و ئاورێکی سەرپێیی بۆ دواوە، م. برایم.. ل١٤ تال١٧
- بڕیارێک و سەرنجێک، سەرهەنگ.... ل١٨ تا ل ٢٠
- کاروانی شەهیدان... ل ٢١ ل ٢٣
- تاوانێک... ل٢٥
- ئەم سەردەمە و شارەکەی من، شیعر، ئارام... ل ٢٦ تا٢٧
- هەر دێمەوە، شیعر، ئازاد ئەحمەد... ل٢٨ تا ل٢٩
- دەرفەت، چیرۆک، تاڤان.. ل٣٠ تا ل٣٥
- نیازە گڵاوەکانی بەعس بەرەو کوێ، ا. سەنگەر ... ل٣٦ تا ل٣٨
- دیاریکردنی جۆری حوکم لە عیراق تەنها مافی گەلانی عیراق خۆیەتی، شۆڕش.. ل٣٩ تا ل٤١
- راپەڕین و چاوە نەزۆکەکانی رژێم، ا. دەرسیم... ل٤٢ تا ل٤٤
- بە ئومێدی سەرکەوتن، لە دوا بەرگدا بە لای ناوەوە بڵاوکراوەتەوە
- **سەرنج:** لەگەڵ ئەم ژمارەیەدا پۆستەرێکی چوارلاپەڕەیی بڵاوکراوەتەوە.

**ژمارە ٢، خولی ١، گەلاوێژی ٢٦٨٢، ئابی ١٩٨٢، قەبارە ٢١ بە ١٦ سم، ٣٨ لاپەڕەیە.**

- چاپخانەی شەهید جەعفەر لە پرسەی شەهید وشیاری نەمردا... بەرگی یەکەم بە لای ناوەوە
- پاراستنی باری تەبایی گۆڕەپانی خەبات ئەرکێکی پێویستە، سەروتار.. ل١ و ل٢
- بەستنی کۆنگرەی حەوتەمی دەوڵەتە بێ لایەنەکان لە بەغدا لە خزمەتی کێدایە؟ لاله.. ل٣ تا ل٦
- مەسەلەی لوبنان، ئاسۆ... ل٧ تا ل١١
- فاشیزم، بەشی دووەم، عەبە.... ل١٢ تا ل ١٩
- راپەڕینی جوتیاران، شێرزاد... ل ٢٠ تا ل٢٣
- پێشمەرگایەتی یان مرۆڤایەتی، سەرهەنگ... ل ٢٤ تا ل٢٦
- دوو کاروانچی، شیعر، ا. مەسیفی.... ل٢٦
- کاروانی شەهیدان، عەبدولکەریم رووف.. ل ٢٧ و ل ٢٨
- بوکێکی شەهید، شیعر، خەرەند ل ٢٩
- لە شیعری شۆڕشگێڕی گەلانەوە، خەونەکەی ئیبراهیم، شیعری: نازم حیکمەت، ئەفسانەی خوێن، شیعری: عەلی مەتروسی، وەرگێڕانی لە عەرەبی و فارسیەوە: ا. دەرسیم.. ل٣٠ و ل٣١
- دیمەنێک، پەخشان، هیوا... ل٣٢ و ل٣٣
- دیماگۆکی، باوکی هەژار.... ل٣٤
- کێ تاوانبارە، رێبوارێک... ل٣٥ و ل٣٦
- قۆناخی ئێستاو ئەرکی هێزە

هەولێرنامەی کتێب

پێشکەوتنخوازەکان، بێستوون... ل٣٧ و ل٣٨
– بە ئومێدی سەرکەوتن.... لە دوا بەرگدا بە لای ناوەوە بڵاوکراوەتەوە.
– سەرنج: لەگەڵ ئەم ژمارەیەدا هێلکارییەکی دوو لاپەڕەیی بڵاوکراوەتەوە




**ژمارە ٣، خولی ١، ساڵی ١٩٨٢، قەبارە ٢١ بە ١٦سم، ٥٢ لاپەڕەیە.**
– سەروتار.... ل١ و ٢
– چۆن دەڕوانینە ئەودیو سنور؟ ی. شەریف... ل٣ تا ل١٢
– هێزەکانی بەرهەم هێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان، پێشڕەو... ل١٣ تا ل١٥
– ئاوڕدانەوەیەکی سەرپێیی بۆ سەرباری ئابوری عیراق، مەروان دزەیی... ل ١٦ تا ل٢٣
– با لە ئێستاوە رەگی دیموکراتیەت داکوتین، ا. دەرسیم... ل٢٤ و ل ٢٥
– میکافیلیزم...... ل٢٦
– کاروانی شەهیدان.... ل٢٧
– نامەیەک بۆ سێ پشکۆی لە کوژانەوە نەهاتوو، ح. م..... ل٢٨ تا ٣٠
– پێچەوانەی ئارەزووی دوژمنانمان لە تێکۆشان ناوەستین، سەرهەنگ... ل٣١ تا ٣٤
– لە ژێر سایەی دووەم هیتلەر، شیعر، ئارام... ل٣٥ و ل٣٦
– لە ئەدەبی بێگانە، دونات شاینیر، ف. دێهاتی... ل٣٧ تا ل٣٩
– ئەدەب و کۆمەڵ، مەریوان.... ل ٤٠ تا ل٤٦
– رێکەوتنە شوومەکەی جەزایر، عوسمان دەشتی.... ل٤٧ تا ل٥١

**ژمارە ٤، خولی ١، سەرماەزی ٢٦٨٢، تشرینی دووەمی ١٩٨٢، ٢١ بە ١٦ سم، ٥٦ لاپەرەیە.**
– سەروتار... ل١ تا ل٣
– سەرنج و هەڵوێستێک، عەبە... ل٤ تا ل١١
– ئۆتۆنۆمی... ل١١
– کورتەیەک دەربارەی سۆشیالیزمی زانستی، پێشڕەو... ل١٢ تا ل٢٧
– بنچینەی کۆمەڵ، د. ئاریا نپور، و: ئازاد جندیانی.... ل٢٨

تا ل٣٨
- رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی نێو دەوڵەتان، پێشەوا تاڵەبانی.... ل٣٨ تا ل٤٥
- ئــەرک و فەرمانەکانی ئــەدەب، ف. دێهاتی... ل٤٦ تا ل٤٨
- سەنگەری خۆر، شیعر، فەرید زامدار... ل٤٩ و ل٥٠
- سیانییەک، تاڤان... ل٥١ تا ل٥٥




**ژمارە١، خولی ٢، ڕێبەندان٢٦٨٢، شــوباتی ١٩٨٣، قەبارە ٢١ بە ١٦سم، ٦٠ لاپەڕەیە.**
- خانووەکانیان لە شووشــەیە با بەرد لە پەنجەرەی خەڵکیتر نەگرن.. ل١ تا ل٥
- دەربــارەی ئــاکاری شۆڕشــگێڕانە، ا. سەفین..... ل٦ تا ل١٦
- لە یادی پێنجەمین ســاڵڕۆژی شەهید ئارامدا.... ل١٧ تا ٢١
- بەرەو رەوشتێکی سۆسیالیستانەی نوێ، ئا: مەریوان.. ل٢٢ تا ٣٤
- فەلســەفەی ســزابە پێی یاســای بەراورد، جەمال.... ل٣٥ تا ٣٩
- چەند موحازەرەیــەک دەربارەی فاشــیزم، کتێبــی راپەڕیــن، عەبە.. ل٤٠ تا ل٥٤
- ســاتێک لەگەڵ ژیانی ئارام- ی نەمردا، شەماڵ.. ل٥٥ تا ل٥٩
- نامەیەکی کراوە .... ل٥٩
- خەرمانەی وشە.. ع،م،ح

**ژمارە ٢، خولی ٢، نەورۆزی ٢٦٨٣، نیسانی ١٩٨٣، قەبارە ٢١ بە ١٦سم، ٦٤ لاپەڕەیە.**
- تاوانێکی گەورەی داخ لە دڵان، ئاوڕدانەوەیەک بۆ رۆژە رەشەکەی ٢٤ ی نیسانی ١٩٧٤، سەروتارە، ل١ تا ل٣
- نەورۆز یان نهێنیەکی تری ژیان، مەریوان... ل٤ تا ل٩
- دیــاردەی راپەڕینــی خوێنــدکاران، شاســوار.... ل١٠ تا ل١٢
- لە یادی ٨٥ ســاڵەی رۆژنامەگەریی کوردیدا، شێرزاد... ل١٥ و ل١٦
- راپۆرتێــک دەربارەی پۆلیســاریۆ، ئازاد جندیانی... ل١٧ تا ل٢١
- دیکتاتۆریەت، عوسمان دەشتی... ل٢٢ تا ل٣١

- لە بیرەوەری جەژنـی کرێکارانی جیهان‌دا، راپەڕین... ل٣٢ تا ل٣٦
- کتێبـی راپەڕیـن: چەنـد موحازەرەیـەک دەربارەی فاشیزم.... ل٣٧ تا ٥٠
- بیرەوەری پێشـمەرگەیەک، حەمە...... ل٥٣ تا ل٥٦
- ئۆگین بۆتێی کرێکار و شـاعیر و مرۆڤ، شەماڵ.... ل٥٧ تا ل٦١
- رۆژی مـاڵ ئاوایـی، شـیعری شـاعیری ڤێتنامـی» لی ڤـان تاو» بروا لـە عەرەبیەوە کردویە بە کوردی... ل٦٢ تا ل٦٤
- خەرمانەی وشـە..... لـە دوا بەرگدا بە لای ناوەوە بڵاوکراوەتەوە.

**ژمـارە ٣، خولـی ٢، پوشـپەڕی ٢٦٨٣، حوزەیرانی ١٩٨٣، قەبارە ٢١ بە ١٦ سـم، ٦٤ لاپەرەیە.**
- تانە، شـیعری ئەبوبەکر شـاخی.. لە بەرگی یەکەم بە لای ناوەوەدا بڵاوکراوەتەوە
- یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان هەشتەمین چرای ژیانی هەڵدەگیرسێنێ... ل١ تا ل٣
- ئەنجومەنـی ئاواییـەکان شـێوەیەکی شۆڕشگێڕانەی نوێی دەسەڵاتن، خەسرەو... ل٤ تا ل١٢
- چینەکان و ناکۆکی چینایەتی، ئامادەکردنی: هاشم شەمامکی... ل١٣ تا ٢٢
- مەترسـی ئۆپۆرتونیـزم و دیـاردە و هۆییەکانی سـەرهەڵدانی، چیـا کردویەتی بە کوردی... ل٢٣ تا ل٢٩
- پیرۆزبایـی بیـرەوەری سـاڵانەی لە دایک بوونـی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردسـتان... ل٢٩
- کتێبـی راپەڕیـن: چەنـد موحازەرەیـەک دەربـارەی فاشـیزم، موحازەرەی سـێیەم.. ل٣٠ تا ل٤٥
- مژدە... ل٤٥
- یاسای نێو دەوڵەتان رژێمی بەغدا مەحکوم دەکات، جەمال... ل٤٦ تا ل٥٠
- لە یادی حەوتەمی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا.... ل٥١ تا ل٥٦
- دوو نامە بۆ هاوڕێیانی شـەهید سـەعدی خەلیـل و ئەحمەد قەمبەری، نامەی یەکەم، ع. م. ح.... ل٥٧ تا ل٥٩
- پارچە شـیعرێکی شەهید جەمیل رەنجبەر.. ل٥٩
- با لینینیـزم بە زمانی کوردی بخوێنینەوە... ل٦١ تا ل٦٤
- کاروان، شیعر: ا.خۆشناو.. لە دوا بەرگدا بە لای ناوەوە بڵاوکراوەتەوە.

## بابەتی هەڵبژاردە

بۆ باشـتر تێگەیشتن لە ئاسـت و پەیامی گۆڤارەکـە، وا لە خوارەوە چەنـد بابەتێک لە دووتوێی ژمارەکانیدا دەگوازینەوە، بابەتەکانم لە ژێر ناوی چەند بابەتێکی رۆژنامەنووسـی پۆلێن کردووە، وەک: هەواڵ، سەروتار، هەواڵ و سەرنج، وتار، ئەدەب.

**- هەواڵ**

ئـەم گۆڤـارە زۆر کـەم گرنگـی بـە بڵاوکردنەوەی هەواڵ داوە چونکە پاشـکۆی گۆڤـاری « پێشـمەرگە»ی زیاتر بـۆ هەواڵ تەرخان کردبوو، ئەمە یەکێکە لەو هەواڵانەی کە گۆڤاری راپەڕین بڵاویکردۆتەوە:

(مامۆسـتایانی ناوچـەی رەواندزلـە رۆژی ١٩٨٢/١٠/١٩ کۆبوونەوەیەکیـان کرد، بە بەشـداریکردنی نوێنـەری کۆمیتەی سـەرکردایەتی « ی. م. ک» لـە ناوچەیەکی ئازادکراودا، کە زیاتر لە دوو سەعاتی خایاند و باسـی هەمـوو ئـەو گیروگرفـت و تەنـگ چەڵەمانە کرا، کە دێتـە رێی ئیش کردنیان.. لە ئەنجامیـشدا لیژنەیەک پێک هات بە ناوی لیژنـەی مامۆسـتایانی ناوچـەی رەواندز بۆ راپەڕاندنـی ئیـش و کاری مامۆسـتایان و سەرپەرشتی کردنی خوێندن لەم ناوچەیەدا!، هەروەها مشوری ئەوەش خورا کە پرۆگرامێک بـۆ خوێنـدن دابڕێـژرێ لەگـەڵ بارودۆخی شـۆڕش بگونجێت و قوتابیەکان سوودی لێ وەربگرن.... ژمارە ٣، خولی١)

**- هەواڵ و سەرنج**

لـە هەندێـک وتـاردا هەسـت دەکرێت کە ڕووداوێک وەرگیراوە و نووسەرێک سەرنجی خۆی دەربڕیوە، وەک ئەم وتارە:

(ئەنجومەنی ئاواییەکان:-

لـەم ماوەیەدا گەلـی کوردمان لـە ناوچە ئازادکراوەکانـدا بـەرەو ڕوی ئەزمونێکـی دیموکراتی زۆر گرنگ بوەتەوە کە ئەزموونی «ئەنجومەنـی ئاواییەکانـە» ئەگەرچـی ئـەم ئەزموونـە وەک هەمـوو ئەزمونێکی دیکە لە بەراییدا کەم و کورتی تێدا دەبێ و ئاسـتەنگ و تەگـەرە دەکەوێتـە بەر ڕەوتـی کارکردن، بـەڵام لە هەمووی گرنگتـر ئەوەیە کە هەموو شۆڕشـگێڕان دەبـێ لەم ڕاسـتیە بگـەن، کە ئـەوەی بیـەوێ کۆمەڵێکی بێ چەوسـانەوە بنیـات بنـێ کـە جەمـاوەری زەحمەتکێـش تیایدا دەسـت پێشـکەری بکات، هەر دەبێ لە ناوەڕۆکـی ئەنجومەنـی ئاواییـەکان بگات و پێویسـتی و بایەخ و دەوری ئەو ئەنجومەنانە لە بنیات نانی کۆمەڵی سۆشیالیستی بزانێت... ژمارە ٣، خولی ٢ )

- **وتار**

ئەمگۆڤارەش،وەکهەربڵاوکراوەیەکیتری شۆڕش، زۆرترین ڕووبەری بۆ بڵاوکردنەوەی وتار و نووسـینی سیاسـی تەرخان کردووە، گرنگـی وتارەکانی گۆڤاری ڕاپەڕین لەوەدایە کە هەم زمانی نووسین و داڕشتنیان سادەیە، هەم ئەوەندە درێژنین تـا خوێنەران وەڕەس بکـەن، ئەمـەش دوو خاڵـی گرنگـی بـواری ڕۆژنامەنووسـین ئەمەش دوو پەرەگرافە لە دوو وتاردا:-

**«با لە ئێستاوە ڕەگی دیموکراتیەت داکوتین»**

بـە لای ئێمەوە ئەگەر دیموکراتیەت مانای ڕژێمی خەڵک یان دەسـەڵاتی خەڵک بگەیەنێ ئەوا دەبێت لە هەر شوێنێک و جێیەک دابێت هەنـگاوی دابینکردنـی بهاوێژرێـت و بە بڕو بیانوی نەگونجانی بارودۆخ و نزمی ئاسـتی وشـیاری جەماوەر و.. هتد پێ شێل نەکرێت، دیـارە لێرەشـدا هەمـوو تاقمێـک و حزبێکی پێشـکەوتنخواز نـەک هـەر دەبـێ لەسـەر دابەزاندنـی ئـەم شـتە ڕێک بـن بەڵکو دەبێ خۆشـیان پارێـزگاری لێ بکەن و پشـتگیری بکەن ... ژمارە ٣، خولی١ )

(ئەمـەش پەرەگرافێکە لە بابەتی؛ یاسـای نێو دەوڵەتان ڕژێمی بەغدا مەحکوم دەکات :

نەهێشـتنی ڕەگـەز بـە مانـای قـڕان تێ خسـتنی بـێ شـەرمانەی تـەواوی ڕەگەزی نەتەوەیەکـە «**بـە کوشـتن، وێـران، کـردن، سـوتاندن، دورخسـتنەوە**» ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لە بـەرواری ١٩ ی ئەیلولـی.. ١٩ بڕیارێکی لەم بـارەوە دەرکرد دەڵـێ؛ «نەهێشـتنی ڕەگـەز ئینکارکردنـی مافـی هەبوونی تـەواوی تاقمـە مرۆییەکانە وەک کوشـتن، هەروەهـا ئینکارکردنی مافی مرۆڤە لـە ژیان، ئەم ئینـکار کردنەش لەگەڵ زەمیـری گشـتی ناتەبایـە و مرۆڤایەتیـش زیانێکـی گـەورەی لێ دەکـەوێ چ لە ڕووی فەرهەنگیـەوە بـێ و چ لـە ڕووی کاروباری دیکـەوە کە ئـەم تاقمـە مرۆییانە بەشـداری تێدا دەکەن ئەمەش لەگەڵ یاسـا و ڕەوشـت و گیـان و مەبەسـتی نەتەوەیەکگرتـوەکان ناگونجێ» کۆمەڵەی گشـتی ( الجمعية العامة) سـاڵی ١٩٤٨ بڕیارێکی دەرکرد سەبارەت بە پەسەند کردنی ڕێکەوتنامەی نەژادی مرۆیی، بڕیارەکە لە سـاڵی ١٩٥١ ەوە دەست کرد بە ڕاپەڕاندنی.... ژمارە ٣، خولی٢ )

- **سەروتار**

ئەگەرچـی سـەروتاریش، بەشـێکە وتار و هەڵگری تـەواوی خاسـیەتەکانی هونەری وتارنووسـینە، بەڵام لەبەر ئەوەی سـەروتار بەشـێکە لە سیاسـەتی جیهانـی چاپەمەنی و زیاتریش خاوەن بڕیار و کەسـە نزیکەکان لە سەنتەری بڕیار دەینووسن، لەبەر ئەم هۆیانە، وتار و سـەروتارمان لە یەکتر جیا کردەوە و لە ژێر دوو ناونیشـانی جیادا پۆلێنمان کردن، گۆڤـاری ڕاپەڕین لـە زۆربـەی ژمارەکانیدا سـەروتاری تێدایـە، مـن تەنیـا ئـەم دوو پەرەگرافەم لە دوو سەروتاردا هەڵبژارد:-

( ی.ن.ک هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە شـیعاری ڕوخاندنی ڕژێمـی بەرزکردۆتەوە،

گەرچـی ئەمـە لە کاتێکدا بوو کـە تەرازووی ئێمـە و دوژمـن چ لـە ڕووی سـەربازی و ئابووریـیـەوە چ لـە ڕووی سـایکۆلۆژیەوە ناهاوسـەنگ بـوو، بـەڵام ئێمە لـە ئەنجامی شـیکردنەوەیەکی قـووڵ و مەوزوعیانـەی هـەر لایەنەکانی ڕژێمەوە گەیشـتبووینە ئەم قەناعەتـە و ئـەم قەناعەتەش لـە جولانەوەی ئەم سەردەمەی نەتەوەی کوردا شتێکی تەواو تازە بابەت بوو... سەرچاوە: ٢، خولی١ )

(ئەمـەش پەرەگرافێکـی تـرە لـە سـەروتارێکیتر : چەند سـاڵێک بوو شەڕی ناوخـۆی لایەنـە چەکدارەکانی کوردسـتان، کۆسـپێکی گەورەی ڕێگەی گەشەکردن و بۆ پێشـەوە چونی جولانەوەی شۆڕشـگێڕانەی گەلـی کورد بـوو. چەند سـاڵێک بـوو هێزە کوردییـەکان بە شـەڕی یەکتریـەوە خەریک بـوون و ڕەنـج و فیداکاریەکانـی زۆریـان بـە فیرۆ ئەچـوو. لە باتی ئـەوەی بە هەموو تواناوە خەریکـی دوژمنەکانی گەلەکەمان بن و گورزی کوشندەی تێ بسرەوێن و تەکانی بـە تیـن و بە گوڕ بـدەن بـەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانـی جولانەوەکـە. خەریکـی یـەک خستنی هێرش و پەلاماردانی شۆڕشگێڕانەی پێشـمەرگە قارەمانـەکان بـن... هـەر تاوە نا تـاوێ گەلـە کۆمەکی چەکداریـان لەو تەقەڵا بەردەوامە ئەکرد کە ڕوی لە بەرزکردنەوەی ئاستی چالاکی پێشمەرگە و دەست وەشاندن بوو لە دوژمنی داگیرکەر.... ئەو حاڵەتە ئاڵۆزە پەژارەیەکـی زۆری بـۆ کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتان پێـک هێنابـوو دڵی زۆربەشـی لە تێکۆشـان سـارد دەکردەوە، بە ناڕەواش خوێنی دەیان هاوڵاتی کوردسـتان لە شەڕی ناوخۆدا، لەوانـە چەندین هەڤاڵی هەڵکەوتوی ئێمە ئەڕژا.... ژمارە ٤، خولی ١).

## - هونەرەکانی ئەدەب

گۆڤـاری ڕاپەڕیـن لـەو ٧ ژمارەیـەی کە من کارم لەسـەریان کردووە، کۆمەڵێک دەقی ئەدەبـی لـە شـیعر و چیـرۆک، خۆماڵـی و وەرگێڕان بڵاوکردۆتەوە، کە زۆربەی دەقەکان ئاستیان باشە و شایان بە ئاماژەکردنن، بەڵام بە مەبەسـتی درێژ نەکردنـەوەی ئەم بابەتە، وا تەنیـا کۆپلەیـەک لـە شـیعرێکی خۆماڵی دەنووسینەوە:

سـەرەتای شـیعرەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکات.

(هەردێمەوە
ڕۆژێ لە ڕۆژان دێمەوە
دەست لە ناو دەست دڵدارەکەم ئەنێمەوە
تاریکایی و جەور و ستەم، گشت ئەخەمە ژێر پێمەوە
لاوک و حەیـران بـۆ ئازادیـی کوردسـتانم ئەڵێمەوە
هـەر دێمەوە، چۆن نێمەوە؟! ڕۆژێ لە ڕۆژان دێمەوە
دەست لە ناو دەست دڵدارەکەم ئەنێمەوە
ژمارە ١، خولی ١)

سەرنج: ئەم شـیعرە لە لایەن هونەرمەند **(تاهیر خەلیلی)** کراوەتە سروود.

**سەرچاوەکان:**


**١. هەر ٧ ژمارەکەی گۆڤاری ڕاپەڕین.**
**٢. ئـازاد خانەقینی، مادێنا، مێژوو و بیبلیۆگرافیای ڕاگەیاندنی ی. ن. ک، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک، سلێمانی ٢٠٠٠.**
**٣. وەصفی حەسـەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا دەڤەرا بەهدینان، دەزگەها سـپیرێز یا چاپ و وەشاندن، دهۆک، ٢٠٠٦**
**٤. نەوزاد عەلی ئەحمەد، ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا و ئەمریکادا، سـەنتەری کوردۆلۆجی، سلێمانی ٢٠٠٨.**
**٥. بۆ سـاغکردنەوەی هەندێک سـەرەداوی ئەم بابەتە کۆمەڵێک پرسیارم لە نووسـەر و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردستان شاسوار هەرشـەمی کرد، کە زۆربەی ژیانی پێشمەرگایەتی لە چاپخانەکانی شۆڕشـی نوێ و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاری کردووە، بۆ زانیاری، شاسوار لە ساڵی ١٩٨١ تا ١٩٩٠ پێشمەرگە بووە و پاشان هاتۆتە وڵاتی سوید.**

# کاری ڕۆژنامەوانی لەبواری ئاسایشی ناوخۆدا

## حکومەتی هەرێمی کوردستان – ئیدارەی سلێمانی

**شاخەوان مەلا محەمەد**

هەواڵنامەی کتێب

**پێشەکی**

ئەوەی ئەمڕۆ لەهەرێمی کوردستان جێگای بایەخپێدانە و بە بەردی بناغەی درێژەپێدانی ئەزموونی کورد ئەژمار دەکرێت، بۆ بەرقەراربوونی ئارامی لە نیشتمانێکی ئاسوودە و شارستانیدا، دابینکردنی ئاسایشی ناوخۆیە، بۆ بەهێزکردنی ئەو ڕەهەندە، پێویستە ڕاگەیاندنێکی بەهێزی بەرنامە داڕێژراوی لەپشتەوە بێت. بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییان و دوورکەوتنەوەیان لە سەرپێچی و تاوان. هەروەها وەک کەناڵێکیش پەیوەندیی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەهێز بکات لەگەڵ خەڵکدا.

میتۆدی لێکۆڵینەوەکەم هەردوو لایەنی (**شیکاری و بەراوردکاری**) دەگرێتەوە. کە دابەش بووە بۆ دووبەشی سەرەکی، لە بەشی یەکەم کاری ڕۆژنامەوانی لە بواری ئاسایشی ناوخۆ لەحکوومەتی ناوەند و هەرێمدا باس دەکەین، لەگەڵ کاریگەری و شێوازەکانی ڕاگەیاندن. بەشی دووەمی توێژینەوەکە کاری ڕۆژنامەوانی لە بواری ئاسایشی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ١٩٩٧ – ٢٠٠٣ دەگرێتەوە کە پشت ئەستوورە بە (١٤) ژمارەی گۆڤاری ناوخۆ و چەند کتێب و ناملیکەیەک و بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی حکوومەتی هەرێم و هەندێک گۆڤاری کۆنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی حکوومەتی ناوەند (**عیراق**).

نەبوونی سەرچاوە، ئاستەنگێکی گەورە بوو لەبەردەم توێژینەوەکە، ئەو سەرچاوانەی کە بە دەستیش هاتوون لەبەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بووە، کتێبخانەی گشتی هەولێر، زانکۆی سلێمانی هیچ سەرچاوەی ئەوتۆی تێدا نەبوو بۆ ئەوەی لەو بوارە سوودی لێوەربگرم، ئەوەی جێگای ئاماژە پێدانە بەر لەو توێژینەوەیە، هیچ نووسین و لێکۆڵینەوە و ڕەخنەیەکم دەربارەی ڕۆژنامەوانی لە بواری ئاسایشی ناوخۆ بەرچاو نەکەوتووە. هەرچەند مامۆستای سەرپەرشتکارم (**ئاکۆ شوانی**) هاوکاری و ڕێنمایی زۆری کردووم، بەڵام توێژینەوەکەم هەر بێبەش نییە لە کەموکورتی. هیواخوازم توێژینەوە و نووسینی باشتر و پڕ زانیاری تری بەدوادابێت، توێژینەوەکەی منیش کەلێنێکی بچووکی ڕۆژنامەوانی لەو بوارەدا پڕکردبێتەوە و مایەی سوود گەیاندن بێت.

# پێڕستی بەشی یەکەم

١: کاریگەریی میدیا و ڕۆڵی لە دابینکردنی ئاسایش

١-١: مێژووی سەرهەڵدانی ڕاگەیاندن

١-٢: کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندن

١-٢-١: تیۆری کاریگەریی میدیا

١-٢-٢: جۆرەکانی کاریگەریی

١-٣: کاری ڕۆژنامەوانی حکوومەتی ناوەند و هەرێمی کوردستان لە بواری ئاسایشی ناوخۆ

١-٣-١: حکوومەتی ناوەند و ڕۆژنامەوانی لە بواری ئاسایشی ناوخۆ

١-٣-٢: ئاراستەی ڕاگەیاندنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ (ناوەند)

١-٤: دەربارەی ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەرێم (هەردوو ئیدارە)

١-٤-١: ڕێکخستنەوەی دەزگاکانی پۆلیس

١-٤-٢: تەلەڤزیۆن

١-٤-٣: گۆڤار

١-٤-٤: کتێب، نامیلکە

١-٤-٥: سینەما

## کاری رۆژنامەوانی لە حکوومەتی ناوەند و هەرێمی کوردستان لە بواری ئاسایشی ناوخۆدا

**١: کاریگەریی میدیا و رۆڵی لەدابینکردنی ئاسایش**

راگەیاندن بە هەموو شێوازەکانییەوە (بیستراو، بینراو، نووسراو) کاریگەریی لە ژیانی هەموو تاکێک لە کۆمەڵگا بە جێدەهێڵێ. راگەیاندن (لە چەقۆیەکی دوو دەم دەچێت)[١] هەندێک لە توێژەرەوەکان وای بۆدەچن پاڵنەرێکە بۆ ئەنجامدانی تاوان، ژمارەیەکیشیان پێیان وایە دەبێتە هۆی پێشکەوتن و زیادکردنی زانیاری.

راگەیاندن دەبێتە هۆی دروستکردنی (رای **گشتی)**، لێرەدا مەبەست لەو کۆمەڵە خەڵکەیە کە پەیامەکە وەردەگرن. ئەو پەیامە ئاراستە کراوە، (**وەرگر هەڵوێستی رازی بوون بێت، یان رەتکردنەوەی پەیامەکە بێت**)[٢] ئەگەر لە وڵاتدا سیستەمی سیاسی پەیرەوی دیموکراسی بکرێت و گوێ بۆ بۆچوونە جیاوازەکان بگیرێت، هەوڵ بدرێت بۆ قەڵاچۆکردنی لایەنە خراپەکانی ناو کۆمەڵگا، لێرەوە دەتوانین بڵێین راگەیاندن رۆڵی خۆی دەبینێت لە دروستبوون و ئاراستەکردنی رای گشتی. ئەمەش لە کاتێکدایە (سروشتی تاکی ئێمە کەسێکی نارازییە، بەردەوام گازەندە دەکات هێندەی چاوی بۆشایی و کەلێنەکان دەبینێت، ئەوەندە کارە باشە ئەنجامدراوەکان نابینێت.[٣] بۆ ئەوەی کاریگەریی دروست بکرێت پێویستە لەکاتی دەستگیرکردنی تاوانباران پاش گەیشتنە ئەنجام و تەواو لێکۆڵینەوە، لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە روونکردنەوەی لەسەر بکرێت.

ئەگەر تاوانەکە دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو، روونکردنەوەی ماددە یاساییەکان لە رێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە چالاکییە ئەنجامدراوەکانی پۆلیس لە دەستگیرکردنی تاوانباران، کارەکانی پۆلیسی هاتووچۆ لە رێکخستنی جووڵەی هاتووچۆ، چالاکییەکانی بەرگری شارستانی لە هەر کارەساتێکی سروشتی، ئەو کارانە بە بوونی بەرنامەی ئامادەکراو لەلایەن بەشی راگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆوە ئەنجامدەدرێت لە رێگای تەلەڤزیۆن، رادیۆ، رۆژنامە. بۆچوونی من ئەوەیە ئەگەر بەرێوەبەرایەتی **(راگەیاندن و پەیوەندییەکان)**[٤] پەرە بە راگەیاندنێکی بەرنامە بۆ دارێژراو بدەن، دەتواندرێت لە رێگای هۆشیاری بڵاوکردنەوە لەسەرجەم بوارەکان رێژەی تاوان دابەزێت. هەروەها هەموو ئەو کار و چالاکیانەی بەشی پەیوەندییەکان ئەنجامی دەدات بڵاوبکرێتەوە بۆ ئەوەی پۆلیس کەسێکی دابڕاو نەبێت لە ناو جەماوەر، بۆ نموونە لەکاتی (**سەردانی خوێندکاران بۆ بەشەکانی پۆلیس و بە پێچەوانەشەوە سەردانی پۆلیس بۆ خوێندنگاکان بۆ پێشکەشکردنی (محاضرات) لەسەر دەوری پۆلیس لە کۆمەڵگا، یان بەشداری خوێندکاران لەرێکخستنی هاتووچۆ لەسەر شەقامەکان)**[٥]، ئەو کارانە وا دەکات سیمای حکوومەت جوان و خەڵک لە جیاتی ئەنجامدانی تاوان بەشداری بکەن لە بنبڕکردنی تاوان..

**١-١: مێژووی سەرهەڵدانی راگەیاندن:**

سەرەتا چەند پێناسەیەک دەخەینەروو دەربارەی راگەیاندن، لە رووی زمانەوانییەوە وشەیەکی لێکدراوە لە پێشگری «را» و چاوگی «گەیاندن» واتای گەیاندن و گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری و بیرو ئەزموون لە کەس و کۆمەڵێکەوە بۆ کەس و کۆمەڵێکی تر.[٦] راگەیاندن (گەیاندنی زۆرترین زانیاری راست، یان هەواڵی راست و روون بە جەماوەرە، چەند ئەو هەواڵ و زانیاریانە راست بن هێندەش راگەیاندنی راست جێگای متمانەی جەماوەر دەبێت. دەتوانین بەشێوەیەکی تر بڵێین راگەیاندن ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵە لە هەموو هەواڵ و رووداوە گرنگەکانی **(ئابووری، رووناکبیری، وەرزش)**[٧] بۆ ئەوەی وەرگر لەو گۆڕان و چوونە پێش و رووداوانەی کە لە دەور و پشتی روو دەدەن ئاگادار بێت. هەروەها **(دەربڕینێکی بابەتییە بۆ ژیریی، مەیل و ئاراستە و روحیەتی جەماوەر)**[٨] یان **(هۆکاری سەرەکی گەیاندن**

**و ئاڵوگـۆڕی زانیـاری و هەواڵەکانە لەنێوان خەڵکیـدا، ئـەو پەیوەندییەی نێـوان گەلان بۆ گەیاندن و ئاڵوگۆڕی زانیاری نوێ نییە. بەڵکو ئـەوەی نوێیە کە بە تێچوونێکـی کەم بڕێکی زانیـاری زۆر لەگـەڵ دوورتریـن ناوچـەی جیهاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێت).**(٩)

ڕاگەیاندن لەسـەرەتای ژیانی مرۆڤایەتییەوە هەبووە و کاری پێکراوە، بەڵام بەشـێوەیەکی سـەرەتایی و ساکار بووە بۆ هەر بەدەنگەوە هاتـن و پێویسـتییەک لەنێـوان مرۆڤـەکان (دووکەڵ، ئاگر، بانگ کردن لە شێوەی گیانداران بەکارهاتـووە لـە ڕووی (**فسـیۆلۆجییەوە**) گۆڕانـی دەموچـاوی بۆ شـێوەی گـرژی لە ناخۆشـی، و شـێوەی پێکەنیناوی هێما بووە بـۆ هەواڵی سـەرکەوتن. لەسـەردەمی کۆندا ڕاگەیاندنـی تاکـە کەسـی و بنەماڵـە و تیرە پەیدا بوو: وەک بازاڕی (**فوروب**) لە یۆنان، لە نیمچە دوورگەی عەرەبیشدا بازاڕی (**عوکاز**) جێـگای پڕوپاگەندە و ڕاگەیاندنی بازرگانی و بتپەرسـتی بووە. لەلایەکی دیکەوە ڕاگەیاندن بـەکار دەهێنرا بـۆ جێگیرکردنی دەسـەڵاتی ناوخـۆ و لـە هەمانکاتیـش فاکتەرێکی گرنگ بووە لەسەپاندنی ئاشتی و کوژانەوەی ئاگری شەڕ.

ڕاگەیانـدن و میدیاکان هاوشـانی دەرکەوتن و بڵاوبوونـەوەی سیسـتەمە سیاسـییەکان بـوون لـە هەرێـم و ناوچـە جیاوازەکانـدا، فیرعەونەکانی میسر فەرمانیان بە دوورترین سـنوورەکانی خۆیـان دەگەیانـد بەهـۆی نووسـینەوەی دروشمەکان و فەرمانکردن بە هەڵکۆڵینیان لەسـەر دیواری پەرستگاکان، تا خەڵکـی بیخوێننەوە و لێی ئـاگادار بن. بەڵام فیرعەونـەکان تەنیا بۆ مەبەسـتی پارێزگاری جەسـتەی مـردووەکان و بەجێهێنانی ئەرکە ئاینییـەکان ڕاگەیاندنیـان بـەکار نەهێنـاوە، بەڵکـو بـۆ نووسـینەوە و تۆمارکردنـی سەرکەوتنەکانیشـیان لەسـەر دیوارەکانیـان هەڵکۆڵیوە. هەروەها لەسەردەمی یۆنانییەکان ڕاگەیاندن خـۆی لەوتاربێژەکانـدا دەدیتەوە. وەک باسـی داسـتانی نەمریـی شـەڕەکان و نموونـەی نووسـراوەکانی (**ئەلیـادە و هۆمیـرۆس**)، کتێبەکەی کۆمـاری (**ئیفلاتون**) ی فەیلەسـووف پـڕ بوو لـە زانیـاری لەبارەی ئـەوەی باشـە بگوترێت و ئـەوەی باش نییە نەگوترێـت بۆ گەورە و بچووکـی کۆمارەکە وەک یەک.(١٠)

لەسەردەمی ڕۆمانییەکانیشدا قەیسەر هەوڵی دەدا لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە سـەرنجی خەڵک لە کێشە ناوخۆییەکان دوور بخاتەوە و بەلای هەواڵی وەرزشـی و هەوڵەکانـی دەرەوەیان ببـات. لە مێـژووی کۆن هاتـووە (ڕاکەرێکی ئەغریقـی بـۆ ئـەوەی هەواڵی سـەرکەوتنی سوپاکەی بە دانیشـتوانی ئەسینا ڕابگەیەنێت (٣٦) کیلۆمەتری بە ڕاکردن بڕیوە و دواتریش لە هیلاکی مردووە.(١١)

**ڕاگەیاندن لەسەردەمی نوێدا:**

بەهۆی دۆزینەوەی چاپخانە لەساڵی (١٤٣٦)ز لەلایـەن زانای ئەڵمانی (**گۆتەنبێرگ**) سـەدان کتێب و ڕۆژنامە دەرچوون. سەدەی شانزەیەم شاری(**ڤینسـیا**) ببووە ناوەنـدی بازرگانی و ڕۆژنامەیەک لەو بازاڕەوە دەردەچوو بەناوی (**گەزەتـە**)(١٢) ببـووە هـۆی بڵاوکردنـەوەی زانیاری و هەواڵی ڕووداوەکانی ئەو شارە.

لـە سـەدەکانی ناوەند لە ئەورووپـا «پامفلیت pamphlet پەیـدا بـوو گەلێـک لـە پیـاوە ناودارەکانی ئەو سـەردەمە بیروڕا و هەستی خۆیـان لـەو ڕێگەیـەوە بە خەڵـک دەگەیاند. (١٣)

**ڕادیۆ:**

یەکەمین تاقیکردنەوەی گواسـتنەوەی دەنگ بـۆ شـوێنی دوور (**عبـر الاثیـر**) لـە کۆتایی سـەدەی نۆزدەیـەم بـوو، لـە سـاڵی ١٩٠١ مارکۆنی یەکەمین ئامێری دەنگ ناردنی تاقی کردەوە. یەکەم تاقیکردنەوەی ڕادیۆ لەسـاڵی ١٩٢٠ بـوو لـە ئەمەریکا، پاشـان فەڕەنسـا، ئەڵمانیـا، ئوسـترالیا، کەنەدا. لە سـاڵی ١٩٢٤ ڕادیۆ بەشـێوەیەکی بەربڵاو لەزۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بڵاوبۆوە. ساڵی ١٩٦٠ زیاتر لـە (٧٥٠) ئێسـتگەی ڕادیۆ لەسەرتاسـەری جیهـان بەرنامەکانی خۆیـان بڵاودەکردەوە.

سـاڵی ١٩٣٤ یەکەمین ئێسـتگەی رادیۆیی لە عیـراق دامـەزرا، کـە بەریتانیا پێشـکەش بە خێزانی پاشایەتیان کردبوو.[١٤]

**تەلەڤزیۆن:**

خاڵی وەرچەرخانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٣ کاتێ دکتۆر فلادیمیر (**ئیکۆسکۆب**)ی داهێنا کە (**ئامێری وێنەگرتنی تەلەڤزیۆن**)ە، هەروەها (**فیلوفرانسۆرت**) کامێرای ئەلکترۆنی پێشخست، پاشان (**ئەلێن ب دۆمۆنت**) (**صماعات و الاستقبال**)ی پێشخست و یەکەمین ئامێری وەرگرتنی تەلەڤزیۆنی (**جهاز استقبال تلفزیون منزلی**) دروست کرد. ساڵی ١٩٢٨ کۆمپانیای (**جنرال الکتریک**) بەرنامەی تەلەفزیۆنی تاقیکردەوە. سەرۆکی ئەمەریکا (**رۆزفیلت**) یەکەمین سەرۆک بوو بە (**تەلەفزیۆن**) وێنەی بڵاوکرایەوە. لە بەریتانیا ساڵی ١٩٢٤ لەلایەن (**جۆن ل. بیرد**) تەلەڤزیۆن تاقیکراوەتەوە. لە ساڵی ١٩٢٧ تاقیکردنەوە لەسەر رەنگ کراوە. ساڵی ١٩٣٦ یەکەمین بەرنامەی تەلەڤزیۆنی بەرێکوپێکی بڵاوبۆتەوە.

تەلەڤزیۆن کاریگەریی زۆری هەبووە لە بواری گەیاندن چونکە بە وێنەو جوڵە و قسەکردن دەگاتە بینەر. ئەمڕۆ لە پاڵ تەلەڤزیۆن کەناڵە ئاسمانییەکان و ئەنتەرنێت پەرەیان سەندووە و بوونەتە سەرچاوەی گرنگی زانیارییەکان.

**١-٢: کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندن:**

**١-٢-١- تیۆری کاریگەریی میدیا:**

**تیۆری کاریگەریی میدیا خۆی لە حەوت شێواز دەبینێتەوە:**

١- شێوازی کاریگەریی راستەوخۆ (Short-term effect) ئەو شێوازە بە(**کورت مەودا**) دەناسرێت و هەندێک جاریش بە تیۆری (**فیشەک**) ناودەبرێت، تیۆری راستەوخۆ کاریگەرییەکەی لەماوەیەکی کورت کاری خۆی دەکات و ئەو پەیامە ئاراستە کراوە لە هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندنەوە بێت (**رۆژنامە، رادیۆ، تەلەڤزیۆن**) بۆ نموونە پەخش کردنی کوشتن و بڕینێکی زۆر لە شاشەی تەلەڤزیۆنەوە.

٢- شێوازی کاریگەریی دوورمەودا (**بعید المدی**) (**النظریة التراکمیة**):

ئەم شێوازە بەپێچەوانەی خاڵی یەکەمەوەیە، ماوەیەکی زۆری دەوێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە دەتەوێت بە دەستی بهێنی، (مرۆڤ پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە (١٥) بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوتی ژیانی و ڕێگای مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو شتە دیارانەی لە دەوروبەر و لەژینگەدا هەیە. لە ماوەیەکی دوورو کۆکردنەوە و کەڵەکەکردنی، میدیا کاریگەری دەبێت.

ڕژێمی عێراق (**المجلس الاعلامي المرکزي في العراق**)[١٦]ی دامەزراندبوو کە پەیڕەوی سیاسەت و دەسەڵاتی ڕژێمەکەی دەکرد. هەروەها لە سەردەمی جەنگ لەنێوان عێراق - ئێران ناوی دەزگای ڕاگەیاندن بووە (**فەیلەقی هەشت**)[١٧] بەو مانایەی کە عێراق حەوت فەیلەقی هەبوو. بە هاتنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن فەیلەقەکان ژمارەیان دەبووە هەشت. ئەو شێوازە وا دەکات مرۆڤ بەکارتێکردنێکی زۆر لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە کە دەگاتە لای خودی خۆی لەدەست بدات، ئەمەش سەرەنجامی گۆڕانە لەو ژینگەیەی کە تێیدا پەروەردە بووە.

**٣- شێوازی کوتان (نظریة التطعیم)**

بیرۆکە و بەکارهێنانی ئەم تیۆرە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کوتانی نەخۆش بە میکرۆبی ئەو نەخۆشییەی کە هەیە، ئەو تیۆرییە بەشێوەی دیکە کاریگەریی بۆ (**ماوەی دوور**) بەجێدەهێڵێ.

**٤- شێوازی دوو قۆناغ:**

ئەو شێوازە سەرەتا لەلایەن کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە زەمینەی بۆ خۆش دەکرێت، ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی لە وڵات بیەوێ گۆڕانکارییەک ئەنجامبدات، لە پێشەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن قسەی لەسەر دەکەن، پاشان سەرکردەی وڵاتەکە یان یەکێک لە لێپرسراوان پەیامەکەی رادەگەیەنێ، لەکاتی ڕاگەیاندنەکە ئەو پەیامە بەلای خەڵکەوە

شتێکی چاوەڕواننەکراو نییە و بە ئاسانی وەردەگیرێت.

**٥- شێوازی گرنگ و گرنگتر:**
ئەم جۆرەیان لە(**خشتەی کارەکان**) وەرگیراوە، کە باس لە گفتوگۆکان و کۆبوونەوەکان دەکرێت بەپێی گرنگیان ریزبەند دەکرێن و بەو شێوەیەش لەلایەن وەرگرەوە، وەردەگیرێت. ئەگەر بابەتێک یان هەواڵێکی بێ بایەخ لەلایەن کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە کەوتە پێش هەواڵێکی گرنگ کە جێگای بایەخپێدانی خەڵک بوو، ئەوە لەوکاتەدا هەواڵەکە یان زانیارییەکە کاریگەریی نابێت. بۆیە دەبێت بەپێی بایەخی هەواڵ و زانیارییەکان بڵاوبکرێتەوە کە زیاتر دەبێتە مایەی گرنگی پێدان لەلایەن وەرگرەوە، فەلسەفەی ئەو تیۆرە (**تحدد الاولويات**) یەکدەگرێتەوە لەگەڵ قسەی زانایەکی بەناوبانگی بواری پەیوەندی کە دەڵێت: (**انه مهم جدا لدرجة انه حاضر دائما في وسائل الاعلام، والاخر تافه اللحد الذي لايرى الا نادرا في وسائل الاعلام**)[١٨]

**٦- سانسۆر (حارس البوابة) Gate keeper theory**
بیرۆکەی ئەو تیۆرە لە پاسەوانی (**دەرگا**) سەرچاوە دەگرێت. هەموو بابەتێک، هەواڵ، زانیاری، ئەگەر بەدڵ نەبوو بۆی نییە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بڵاوبکرێتەوە بەم ڕێگرییەش پەیامەکە ناگاتە لای پەیام وەرگر. ئەوەش دەبێتە هۆی ناچارکردنی جەماوەر بە وەرگرتنی هەندێک زانیاری و ڕەتکردنەوەی بەشێکی دیکەی، سانسۆر تەنیا لە سیستەمی وڵاتێکدا نییە کە پەیڕەوی (**لیبرالیزم**)[١٩] بکات، بەڵام لەسیستەمەکانی تری وەک (تاکە حزبی، سۆسیالیزمی، کۆمەڵایەتی)[٢٠] سانسۆر بوونی هەیە، بە ڕێژەی جیاواز بۆ هەر یەک لەو یەکە سیاسییانەی دەسەڵاتی وڵات.

**٧- شێوازی کاریگەریی بەکارهێنانی تێرکردن: (الاستخدامات و الاشباع)**
لەو شێوازە ڕاگەیاندن ئەرکی تێرکردنی جەماوەر، پێداویستی کەسی، هەرکەسێک ئارەزوو دەکات میدیا بەپێی حەزەکانی ئەو پەخش بکرێت. بۆ نموونە هەیە ئارەزوو دەکات زۆربەی فیلمەکان شەڕ و کوشتار بێت. بۆی هەیە گەنجێک حەز لە فیلمێکی سێکسی بکات. بەتێر نەبوون لەو ئارەزووانەی ئەو پەنا بۆ شتی دیکە دەبات.

**١-٢-٢: جۆرەکانی کاریگەریی:**
میدیا سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ (**چالاک**)کردنی مرۆڤ و گۆڕان لەبارێکەوە بۆ بارێکی دیکە.
**١- گۆڕینی هەڵوێست و ئاراستەی مرۆڤ (تغير الموقف والاتجاه):**
**(میدیا جۆرێک کاریگەریی دروست دەکات کە ئاراستەی بیرکردنەوەی مرۆڤ دەگۆڕێت)**[٢١] بە باش یان خراپ کاریگەریی پەیدا دەکات لەسەر ڕەوشت و هەڵسوکەوتی کەس.
بۆ نموونە بەهۆی بەرفراوانی سەتەلایت و برینی سنوورەکان بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گۆڕان دروست بووە، بەتایبەتی بەهۆی لێشاوی میدیا لە کوردستان گۆڕانکاری بووە لە بەرتەسک بوونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لەشێوەی جل و بەرگ.

**٢- گۆڕانی زانستی:**
میدیاکان کاریگەریان دەبێت لەسەر کەسێ ئەگەر ماوەیەکی زۆر ئامادەی بەردەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بێت. ئەو کاتەی ئەو کەناڵە وەک سەرچاوەی زانیاری بەکار بهێنێت. بۆ نموونە ئەگەر ژنێک بەردەوام چاودێری ڕاگەیاندن بێت ئەو ژنە ئاستی زانستی باڵاتر دەبێت لە ژنانی ناو کۆمەڵگاکەی خۆی.[٢٢]

**٣- پەروەردەی کۆمەڵایەتی:**
میدیا ڕۆڵی زۆری هەیە لە پەروەردەی کۆمەڵایەتی هەر لە پەروەردەی منداڵێکەوە تا دەگاتە مرۆڤی گەورە، دەکرێت لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە بەهۆی پەروەردەی کۆمەڵایەتییەوە تاوان کەم بکرێتەوە. بەڵام بەمەرجێک ئاراستە کردنەکە بەشێوەیەکی

راست و دروست بێت.

**٤- وروژاندنی بەکۆمەڵ:** (**الأثارة الجماعية** )
دەتواندرێت لە رێگای راگەیاندنەکانەوە، کۆمەڵ بۆ کارێک بوروژێندرێت. بۆ نموونە: لە کوردستان بۆ مافی چارەنووس خەڵک بوروژێندرێت بێنە سەر جادە، یان کارکردن بۆ دژایەتی کردنی تیرۆر لەهەموو ئاستەکانی کۆمەڵ، دروستکردنی ئەو رقەش بەرامبەر تیرۆر ئەرکی کەناڵەکانی راگەیاندنە.

**٥- وروژاندنی سۆزداری:**
دەزگاکانی راگەیاندن دەتوانن هەست و سۆزی جەماوەر بجولێنن بەرامبەر بەکارێکی تێکدەرانە و کوشت و برێکی زۆر)[٢٣] بۆ نموونە: دەزگاکانی راگەیاندن وایان کرد هەست و سۆزی هەموو ئەوروپا و ئەمەریکا بجولێنن بەرامبەر بە کۆچە یەک ملیۆنییەکەی کورد. یان لیدانی (**فیلمە غرامییەکان**) دەتخاتە ژێر کاریگەری سێکسییەوە)[٢٤] نیشاندانی منداڵێکی فەلەستینی کە لەپەنای باوکی تەقەی لیدەکرێت و گوللەیەکی بەردەکەوێت، بینەر ناتوانێ هەست و سۆزی نەجولێت و سۆزداری لای دروست نەبێت.

**٦- کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی** control Social
ئەو جۆرە پەیوەندیی بە دەزگاکانی ئاسایشەوە هەیە بۆ دەست بەسەرداگرتنی هەر کێشە و ئاژاوەیەک لەناو کۆمەڵ. (رایسمان ١٩٥٠) کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کردووە بەسێ بەشی جیاواز.
**یەکەم:** پەیوەندیی هەیە بە نەریتی کۆمەڵایەتییەوە.
**دووەم:** پەیوەندیی هەیە بە قەناعەتی کەسەکەوە.
**سێیەم:** پەیوەستە بە خەڵکی دیکەوە.
لەبارەی یەکەمەوە پەیوەندیی بە رەوشی کۆمەڵایەتی و نەریتی کۆمەڵایەتییەوە هەیە وەک: شەرەف، ناموس کە ئەمە لە کۆمەڵگای ئیسلام باوە. دووەمیان هەڵسوکەوتی کەسێکە پەیوەندیی بە خۆیەوە هەیە واتە لەسەر بنەمای قەناعەت و باوەڕ هێنانە بە هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوروبەری، سێیەم: ئەو جۆرە خەڵکانە هەڵسوکەوتیان وەک خەڵکانی دەوروبەریانە بۆ نموونە: لەبەرکردنی پۆشاکێکی باو لە دەوروبەرت وەک ئەوەی هەموو کەسەکان (**جامانەی سوور لەسەر بکەن یەکێک بە تەنیا جامانەی سپی لەسەر بکات**) نەشیاوە[٢٥] بەلایەوە.

**٧- دارشتنی واقع** (**صياغة الواقع**)
میدیا دەتوانێت واقعێک نیشان بدات یان دروست بکات لەسەر باری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی. بۆ نموونە (فیلمی میسری لەراگەیاندنی عێراق ببوە واقعێک لەلای جەماوەر)

**١-٣: کاری رۆژنامەوانی حکوومەتی ناوەند و هەرێمی کوردستان لەبواری ئاسایشی ناوخۆدا**

**١-٣-١ حکوومەتی ناوەند** (**عێراق**)
بەماوەیەکی کورت دوای دامەزراندنی حکوومەتی عێراق لەساڵی ١٩٢١ (**دەزگای پۆلیس**)[٢٦] وەک دەزگایەکی چالاکی ئەو دەوڵەتە دامەزرا. (ساڵی ١٩٤٠ بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی گشتی دامەزرا ١٩٤١ بەرێوەبەرایەتی پارێزگاکان دامەزران. لەساڵی ١٩٤٤ بۆ یەکەمجار خوێندنگای پۆلیس دامەزراو، دوایی بوو بەکۆلیژی پۆلیس[٢٧].

* **گۆڤار**
یەکەم: گۆڤاری پۆلیس (**مجلة الشرطة**) بەرێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس لەنیسانی ١٩٥٧ لە بەرگێکی شین کە لەبەشی سەرەوەی هێمای پۆلیسی عیراق دانراوە دەریکردووە. لە ناوەراستی بەرگەکەدا بە خەتێکی گەورە نووسراوە (**مجلة الشرطة**) لە ژێرەوەی بە بچووکی نووسراوە (**تصدرها مديرية الشرطة العامة**) ژمارەی یەکەم نیسانی ١٩٥٧، ساڵی یەکەم، چاپخانەی (**العاني**) بغداد.
لەبەرگی کۆتایی ناوی گۆڤار و ساڵی دەرچوونی لەگەڵ ناوەرۆکی بابەتەکان و

خاوەنەکانیان بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە. لەلاپەڕەی ناوەوەی گۆڤارەکە نووسراوە ساڵی چوار ژمارەی لێ دەردەچێت. هەروەها نرخی بەشداربوونی ساڵانەی بە (٨٠٠ فلس) بۆ ناوەوەی عیراق و (١) یەک دینار بۆ دەرەوەی عیراق [٢٨] بۆ (کارمەندانی) وەزارەتی ناوخۆ (٥٠٠) فلس دانراوە. نرخی (١) دانە لەو گۆڤارە ٢٠٠ فلس بووە. ناوونیشانی: سکرتێری گۆڤاری پۆلیس بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گشتی بەغدا.

مەبەست لە دەرکردنی گۆڤارەکە بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری پیاوانی ئاسایشی ناوخۆ بووە بەبێ جیاوازی پلەکانیان، لەسەر بنەمای ئەو جۆرایەتییە لە توێژینەوەکان دەربارەی یاسای سەربازی، مەسەلەکی[٢٩] (هەژدە) بابەتی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە، (١٤٢) لاپەڕە بووە. گۆڤارەکە گشتییە بوارەکانی پۆلیس، ئاسایش، بەرگری شارستانی، هاتوچۆی گرتۆتە خۆی. هەروەها بابەتی وەرگێڕدراوی لەخۆگرتووە وەک (پۆلیس لەلەندەن ل ٧٩). ئەوەی جێگای ئاماژە پێدانە ئەو گۆڤارە هیچ وێنەیەکی لەخۆنەگرتووە (فۆتۆ، کێشراو، کاریکاتێر). ئەوەی ئاشکرایە ئەو کاتە وێنە بەشێوەیەکی فراوان بڵاوببۆوە.

جارێکی دیکە لەپاش ئەو ژمارە و دوای ماوەیەکی دوورودرێژ ژمارەی (٢،٣)ی بەهەمان ناو دەرچووە لە بەرگێکی جوانتر و رێکتر. هەرچەندە ئەو دوو ژمارە بە یەکەوەن، بەڵام ساڵی دەرچوونیان بەسەرەوە نییە.

تەنیا لەکۆتایی گۆڤارەکە کە باس لەسەردانێکی (**عبدالسلام محەمەد عارف**) دەکات بۆ یاریگایەکی کارگێڕی ناوخۆیی (**الادارة المحلية**) لەفیستیڤاڵێکی وەرزشی ساڵانە لە ١٩٦٤/٤/١٠ . هەرچەندە ئەو ماوەیە لەنێوان ژمارەی یەکەم و ئەو دوو ژمارەیە حەوت ساڵێک دەکات، بۆی هەیە ئەمەش پەیوەندی بەبارودۆخی سیاسی ئەو کاتەوە هەبووبێت. هەروەها گۆڤارەکە بە چەند وێنەیەکی وەرزشەوانی وەک (کاسیوس کلاک) لەگەڵ چەند وێنەیەکی (ریکلامی) رازاوەتەوە.

**دووەم: (گۆڤاری دەنگی بەرگری میللی)**[٣٠]

ئەو گۆڤارە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بەرگری میللی هۆبەی مەشق، ژمارەیەکی ساڵی دووەمی لە ١٩٦٦ دەرکراوە، لەلاپەڕەی دووەمی نووسراوە بەرگری میللی (**هێزە، هاوکارییە، گیانبەخشیە**) شایانی باسە ناوی سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازو کارە هونەرییەکانی سەبارەت بەدەرچوونی گۆڤارەکەوە بەسەرەوە نییە. کۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوە دەربارەی چۆنییەتی خۆپاراستن و بەتەنگەوە هاتنی تێدایە لەهەر رووداوێکی سروشتی لە شەڕدا.

**سێیەم: (نداء السلامة )**

یەکێکە لەو گۆڤارانەی تایبەتە بە بواری هاتووچۆ، گۆڤارەکە لەلایەن (**کۆمەڵەی عیراقی بۆ ئۆتۆمبیل و گەشتوگوزار و خۆپاراستن لەرووداوی رێگاوبان**)ەوە دەرچووە، ژمارەیەکی لەساڵی ١٩٨١ دەرچووە و سەرنووسەری دکتۆر (حکمت جميل) بووە یەکەم بابەتی باس لەبەکارهێنانی(حزام الامان) دەکات، لەلاپەڕە (٧) ئەو ژمارەیە هاتووە (لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پەیمانگای توێژینەوە لە سەلامەتی رێگاوبان توێژنەوەیەکی کردووە کە (٥١٠٠) کەس بەشداری تێدا کردووە لە رووداوی لێکدان و (٩٩٤) کەسیش لە رووداوی وەرگەڕان بەشدار بوونە، پاشان ئەو پەیمانگایە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بەستنی پشتێنە بۆتە هۆی هێنانە خوارەوەی رێژەی زیانی گیانی بەرێژەی ٧٧٪ بۆ ئەوانەی لەپێکدادانا بەشداربوونە و ٩١٪ بۆ ئەوانەی لە وەرگەڕاندا بەشدار بوونە.

ئەو گۆڤارە دەکرێت بەسەرچاوەیەکی گرنگ دابندرێت بۆ هۆشیارکردنەوەی شوفێر و خەڵکی بەگشتی، بەمەبەستی خۆپاراستن لەهەر رووداوێکی هاتووچۆ.

**چوارەم: گۆڤاری هاتووچۆ: (المرور)**

گۆڤارێکە لەلایەن(**بەڕێوەبەرایەتی گشتی**

**هاتووچـۆوە دەرکراوە)** ژمارەیەکی لەسـاڵی ١٩٨٥ دەرچـووە. بەرگـی یەکەمی وێنەیەکی **(سـەدام حوسـێن)**ی بـە جـل و بەرگـی سەربازییەوە تێدایە. لە دیوی ناوەوەی وێنەی عەربانەیەکی ئاشوورییەکانە **(یەکەم نەتەوەن پێشنیاری دروستکردنی عەرەبانەیان کردووە)**. ئـەوەش هەنگاوێکی گـەورە بـووە لەبەرەو پێشـبردنی مرۆڤایەتـی و جیاکردنـەوەی لە زەوی بۆ گواسـتنەوەی کەلوپەل)[٣١] بەشێکی زۆری لاپەڕەکانـی گۆڤارەکـە ڕەنگاوڕەنگە. دەتواندرێـت وەک سـەرچاوەیەک سـوودی لێوەربگیرێت دەربارەی هاتووچۆ.

بێجگـە لـەو گۆڤارانـەی کە باسـمان کرد بە دەیـان گۆڤار و ناميلكـە دەربارەی هێزەکانی ئاسایشـی ناوخۆ دەرچـووە، لەوانە گۆڤاری **(السـاهرون)** یەکێکـە لـە گۆڤارە باشـەکانی بواری کاروباری پۆلیس. هەرچەندە بەشێکی زۆری لاپەڕەکانـی تەرخان کراوە بۆ جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عیراق ـ ئێران.

گۆڤـاری **(قوى الامن الداخلي)** یەکێکی دیکەیە لەو گۆڤارانەی وەزارەتی ناوخۆ دەریکردووە. هەموو بوارەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەگرێتەوە **(پۆلیس، هاتوچۆ، ئاسایش، بەگری شارستانی)** هاوشـانی ئەو گۆڤارانە چەنـد بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیش پێشکەش دەکرا، وەک بەرنامەی تەلەڤزیۆنی **(السلامة العامة)**[٣٢] و **(الساهرون)**، هەروەها **(طريق السـلامة)** لە ڕادیۆ پێشکەش دەکرا.

**١-٣-٢ – ئاراسـتەی ڕاگەیاندنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ**

ئـەوەی جێـگای تێڕامانـە لەسەرتاسـەری جیهـان **(پۆلیـس لەخزمەتی گەلدایە)** هەموو ئـەو کارانـەی دەزگاکانـی پۆلیـس ئەنجامی دەدا هـەر لەڕاگەیانـدن و پەیوەندییەکانـەوە تـا خزمەتگوزارییـەکان لەپێنـاوی هێنانەدی کۆمەڵگایەکـی ئـارام و شارسـتانییە، بـەڵام لەعیراقـدا پۆلیـس بەهەمـوو بەشـەکانییەوە ئاراسـتەی کارە پیرۆزەکـەی شـێوێندرابوو ببوو بەپاشکۆی سوپا.

ئـەو لادانـەش بەشـێوەیەکی فـراوان لـە ڕاگەیاندنەکانییـەوە ڕەنگـی دابـۆوە **(جیـش البعـث.. جيش المهمات)**[٣٣] ئەو ڕاسـتییە بوو کـە کارە ڕۆژنامەوانییـەکان لەهـەر کونج و کەلەبەرێکەوە کاریان کردبێت لەپێناوی هێزی سـەربازیدا بووە. هـەر ئـەو ڕاگەیاندنانەش گوتـەی گوبلـز **(درۆ بکە درۆ بکـە تا بڕوات پێدەکـەن)** یـان کردبـووە بەرنامـەی کاری خۆیـان بۆ گۆڕینی ئاراسـتەی بیرکردنەوەی خەڵکی عیراق لە شـێوازە ڕاسـتەقینەکەیەوە بـۆ تێکەڵاوبـوون بەو شـێوازەی دەسـەڵات دەیویست و پیادەی دەکرد.

**١-٤ دەربارەی ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەرێم**

**١-٤-١ پۆلیس و ڕێکخستنەوەی:**

پـاش هەڵبژاردنـی پەرلەمـان و دامەزراندنی یەکـەم کابینـەی حکوومەتی هەرێم یاسـای ژمارە (٩) لەساڵی ١٩٩٣ دەرچوو، بەپێی ئەو یاسایە هەموو دەزگاکانی پۆلیس بەشێوەیەکی گونجـاو دامەزرانەوە. لـە ١٩٩٦/١١/٥ یەکەم خولی ئەفسەرانی پۆلیس لە هەولێر کرایەوە. بڕیـاری (١٠٥)ی بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی پۆلیسی هەرێم بۆ کردنەوەی خولی ڕێپێدراون لـە ١٩٩٦/٦/٦ دەرچوو، ئـەو ماوەیەی پێش دامەزراندنـی حکوومەتی هەرێـم دەزگاکانی هێـزی ئاسایشـی ناوخـۆ کارەکانـی خۆیان ئەنجام دەدا بەبێ وەستان.

**١-٤-٢ تەلەڤزیۆن:**

١ـ تەلەڤزیۆنی گەلی کوردسـتان (TV.PUK) سلێمانی یەکەم بەرنامەی دەربارەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە ناوی **(پۆلیس و کۆمەڵ)**[٣٤] پەخش کرد ئەو بەرنامەیە لە دوای دامەزراندنی تەلەڤزیۆنی (puk) لە سـلێمانی، بەماوەیەکی کـورت لەسـاڵی ١٩٩١ لەلایـەن **(مفـوض)**ی پۆلیـس **(ئاسـۆ ئیبراهیم)** وە پێشـکەش کرا، دەرهێنانـی بەرنامە **(ئەنوەرقەرەداغی)**، **(ئازاد قەرەداغی)** لەوێنەگرتنی **(ئاکۆ عبدالقادر)**.

ناوەڕۆکی بەرنامەکە:

١. ڕێگای چارەسـەرکردنی یەکێک لە دیاردە باوەکانی ناو کۆمەڵ.

٢. چالاکییەکانی پۆلیس لەبەڕێوەبەرایەتییەکانی سلێمانی.
٣. شیکردنەوەی مادده یاساییەکان.
٤. باسکردنی تاوانێکی ئاشکرا وێنەگرتنی (**کشف دلالة**).
٥- ئاگاداری و ژمارە تەلەفۆنەکانی (**هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ**).

**دووەم: بەرنامەی هاتووچۆ:**
پێشکەشکردنی بەرنامەکە لەلایەن ڕێپێدراوی هاتووچۆ[٣٥] (**محەمەد ڕەمەزان**)، ڕێپێدراو (**ئەنوەر محەمەد حەسەن**) وە بوو. لە تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان کەناڵی سلێمانی (TV.PUK) لە ساڵی ١٩٩٢. لە ئامادەکردنی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانیەوە بوو.

**ناوەڕۆکی بەرنامەکە:**
١. وتەی بەرنامە.
٢. هێماکانی هاتووچۆ.
٣. ڕێنماییەکان.
٤. قسەکردن لەسەر ڕووداوێکی هاتووچۆ.

ب- تەلەڤزیۆنی هەرێم لە هەولێر..
بەرنامەی (ژیانی مرۆڤ و ڕێکخستنی هاتووچۆ) لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی ئەفسەری هاتووچۆ (قادر سەدیق مەحموود) لەڕێکەوتی ١٩٩٣/٥/١ پەخش کراوە.

**ناوەڕۆکی بەرنامەکە:**
١. وتەی بەرنامە
٢. ڕێنماییەکانی هاتووچۆ
٣. ڕووداوی هەفتە
(ئەو بەرنامەیە لە پاش پێشکەشکردنی چەند ئەلقەیەکی وەستا)[٣٦]
دووەم: بەرنامەی (**پۆلیس و کۆمەڵ**) لە ١٩٩٨/١/١٧ پێشکەش دەکرێ لەلایەن ئەفسەری پۆلیس (**کاروان**) و لە وێنەگرتنی ڕێپێدراو (**کامەران**).

ج- تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان کەناڵی - هەولێر
بەرنامەی (**یاسای کۆمەڵ**)[٣٧] یەکەم بەرنامەی لەمانگی ١٩٩٦/٤ پێشکەشکراوە لەلایەن ڕێپێدراوی پۆلیس (**ئاکۆ عبدالکریم**) لەئامادەکردنی عبدالعزیز خانەقینی (**کاروان**) لە ژێر چاودێری وەزیری ناوخۆ. ئەو بەرنامەیە ١٥ ڕۆژ جارێک لەکاتژمێر (٦-٧) ی ئێوارە پێشکەش کراوە.
ناوەڕۆکی بەرنامەکە:
١. وتەی بەرنامە.
٢. چالاکییەکانی وەزارەتی ناوخۆ.
٣. کاریکاتێر لەشێوەی نواندن.[٣٨]

**١-٤-٣: گۆڤار**
لە پاش ڕاپەڕینەوە بڵاوکراوەیەک یان گۆڤارێک لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە دەرنەچووبوو. تەنیا (**گۆڤاری پۆلیس**).[٣٩] لەلایەن خوێندکارانی خولی یەکەمی ئەفسەرانی پۆلیس لە هەولێر لەحوزەیرانی ١٩٩٦ یەک ژمارەی لێدەرچوو چەند بابەتێکی لەخۆگرتووە دەربارەی پۆلیس و کاروچالاکییەکانی خوێندنگا، لەگەڵ چەند وتارێک بە زمانی عەرەبی و کاریکاتێر و وێنەی جۆراوجۆر.

**١-٤-٤: کتێب - نامیلکە:**
١- نیشانەکانی هاتووچۆی جیهانی و چەند ڕێنماییەک لەساڵی ١٩٩٩ بە چاپ گەیەندراوە بە ژمارە سپاردنی (٤٥) وەزارەتی ڕۆشنبیری، لە نووسین و ئامادەکردنی (**ئاراس بەکر هەلاج**).
هەرچەندە ئەو کتێبە لەلایەن بەشی ڕاگەیاندن لە وەزارەتی ناوخۆ دەرنەچووە، بەڵام نووسەری کتێبەکە ئەفسەری هاتووچۆیە و لە خزمەتی هاتووچۆدایە.
٢. نامیلکەی ڕێنمایی خۆپاراستن ئامادەکردنی بێستوون نورالدین - هەولێر لە ساڵی ٢٠٠٣ دەرچوو تایبەتە بە هاتووچۆوە.
٣. ئامۆژگاری و هێماکانی هاتووچۆ: لەنووسین و ئامادەکردنی عەقیدی هاتووچۆ (**حسن نەبی حسین و کازم کۆیی**) لە هەولێر چاپ کراوە لەساڵی ٢٠٠٠ [٤٠] لە بابەتێکی هاتووە (ئەو

پەرتووکەی بەردەستتان یەکەم هەوڵدانە بە زمانی شیرینی کوردی لە بواری هاتووچۆ). نووسەر لەو پێداهەڵدانەی بە هەڵەداچووە چونکە نیشانەکانی هاتووچۆی جیهانی و چەند ڕێنماییەک کە لە ساڵی ١٩٩٩ لەلایەن (ئاراس بکر فەرەج) دەرچووە بە یەکەم کتێب دادەندرێت لەبواری هاتووچۆ، ئەو کتێبە ئامۆژگارییە بە چەند پارچە شیعرێک و چەند هێمایەکی جیهانی ڕازاوەتەوە.

٤ — ڕێنماییەکانی هاتووچۆ بۆ قوتابیان و خوێندکاران: ئەو نامیلکەیە لەساڵی ٢٠٠٠ - ٢٠٠١ بە چاپ گەیەندراوە لەسەر ئەرکی وەزارەتی پەروەردە چاپخانەی سلێمانی بەشێوەیەکی وێنە ئامێز و جوانی ڕەنگاورەنگ ئامادە کراوە. دەکرێت بەهەنگاوێکی باش ئاماژەی بۆ بکرێت تا خوێندکار و قوتابیان بەشێوەی وێنە مەترسییەکانی هاتووچۆ و چۆنایەتی خۆپاراستن لێی شارەزابن.

٥ـ بەشی یەکەم و دووەمی نامیلکەی تاوانی گیرفان برین و تاوانی ئۆتۆمبێل دزین.کە لەنووسینی د. احمد ابوالروس و وەرگێڕانی موقەدەمی یاسایی (فەرەیدون عومەر ئەحمەد) بۆ کوردی. ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنییەت Civilization development organization ئۆفیسی سلێمانی لەساڵی ٢٠٠٣ بەچاپی گەیاندووە. کە کۆمەڵێک زانیاری گرنگی تێدایە لەبواری ئاسایش سوودی لێوەردەگیرێت.

**١-٤-٥: سینەما**

فیلمێکی پۆلیسی سینەمایی کوردی لەلایەن بەشی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بەرهەم هێنراوە. ناوی فیلمەکە **(تەڵەزگەی گورگەکان)** لەنووسین و دەرهێنانی هونەرمەند موئەیەد فەقێیە و حەسەن عەلی سیناریۆی بۆ نووسیوە پتر لە (٢٥) ئەکتەری شاری هەولێر (١٥٠) کۆمبارس بەشداریان تێدا کردووە.[٤١] بیرۆکەی بنەڕەتی ئەم فیلمە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە دوژمنکاری چارەسەری مەسەلەکان ناکات، تەنیا ڕێگا پەنابردنەبەر یاسایە.[٤٢] لەگەڵ چەند نامیلکە و پەرتووکی دیکە کە لەکۆمەڵە خێرخواز و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە دەرچوونە بۆ نموونە ڕۆژنامەی (فریا).[٤٣]

**پەراوێزی بەشی یەکەم:**

١– الدکتور خالد حبیب الراوي: دور الاعلام فی تحصین الشباب ضد الجریمة، مجلة قوی الامن الداخلي، ژمارە ٨٥، بغداد مدیریة الشرطة العامة سنة ١٩٨٦، ل ٩٨.

٢– ڕێباز مەحموود: ڕاگەیاندن و رای گشتی، بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان، گۆڤاری ناوخۆ، ژمارە (١٣–١٤) ساڵی ٢٠٠٢ ل ١٠٠.

٣– هەمان سەرچاوە ل ١٠٠

٤– بەڕێوەبەرایەتییەکە سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، ئەفسەرێکی پلە بەرز سەرپەرشتی دەکات.

٥– سنان عبدالله: العلاقات العامة و دورها في الشرطة، مجله الشرطة علاقات عامة، بغداد، ژمارە ٣٥و ل ١٧

٦– احمد صالح: ڕاگەیاندن، مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی، ساڵی ١٩٩٤ ل ٤

٧– سەلام کەریم: ڕاگەیاندن گەشەسەندنی شێوازەکانی، هۆیەکانی، وەرگێڕان، سلێمانی ٢٠٠١.

٨– د. ئەرسەلان بایز: چەند محازەرەیەک، زانکۆی سلێمانی ـ بەشی زانستە مرۆڤایەتیەکان، ڕاگەیاندن، قۆناغی دووەم ساڵی ٢٠٠٢.

٩– بەختیار حاجی عەبدوڵلا: چەند تێزێک دەربارەی ڕاگەیاندن، گۆڤار رایەن، ژمارە (٧ ـ ٨) ساڵی ٢٠٠٣، ل ٥٢.
١٠– سەلام کەریم: ڕاگەیاندنی. هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٨.
١١– هەمان سەرچاوە، ل ٩.
١٢– ئەو بڵاوکراوەیە بوو بە دراوێکی زیو دەفرۆشرا، پاشان ناوی دراوەکە بووە ناوی رۆژنامەکە.
١٣– د. کەمال مەزهەر، تێگەیشتنی راستی، شوێنی لە رۆژنامەنووسی کورد ١٩٧٨، ل ٢٠.
١٤– د. فارس منصور: حول الاعلام، تەموزی ١٩٩٨، ل ٣٢.
١٥– د. محمد بن عبدالرحمن الحضيف: كيف تؤثر وسائل الاعلام، ل٣٦.
١٦– احمد صالح: ڕاگەیاندن، هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٢٢.
١٧– هەمان سەرچاوە، ل٢٢.
١٨– د. محمد بن عبدالرحمن الحضيف: كيف تؤثر وسائل الاعلام، ل٣٨.
١٩– د. موەفـــەق دەرگەڵەیـــی: چەند موحازەرەیەک قۆناغی یەکەم ســاڵی ٢٠٠٠، بەشـــی ڕاگەیاندن، زانکۆی سلێمانی.
٢٠– هەمان سەرچاوە.
٢١– د. محمد بن عبدالرحمن الحضيف: كيف تؤثر وسائل الاعلام، ل٣٠.
٢٢– م. عبد: رای گشتی، چەند محازەرەیەک، بەشی ڕاگەیاندن، رۆژنامە، قۆناغی سێیەم، ساڵی ٢٠٠٣.
٢٣– د. محمد بن عبدالرحمن الحضيف: كيف تؤثر وسائل الاعلام، ل٣٧.
٢٤– هەمان سەرچاوە، ل ٣٨.
٢٥– هەمان سەرچاوە، ل ٤٠.
٢٦– دەزگای پۆلیس پێکهاتبوو لە ٣٠٠ پیاوی پۆلیس (پیادە، سوارحوشـــتر) تەنها ٢٤ ئەفســـەری هەبوو، (٢) ئەفسەر عیراقی ٢٢ ئەفسەر بریتانی بوون، ٩٢ ڕێپێدراوی عیراقی و هیندی بوون. (٧١) فەرمانبەری هەبووە.
٢٧– حەمید عەبدوڵلا: گۆڤاری پۆلیس، خولی یەکەمی ئەفسەران، ساڵی ١٩٩٦، ل٤.
٢٨– کارمەند: (ڕێپێدراو، رئيس عورەفا، عەریف، پۆلیسی یەکەم) دەگرێتەوە.
٢٩– عباس علي غالب: مجلة الشرطة، مقدمة، سنة ١٩٥٧، عدد(١) .
٣٠– تەنیا گۆڤارێک بوو لەســـەر بەرگری میللی و هێزەکانی ئاسایشـــی ناوخۆ لە کتێبخانەی گشتی هەولێر، ساڵی ٢٠٠٤.
٣١– مجلة المرور: بغداد، بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ، ساڵی ١٩٨٥، ژمارە ١.
٣٢– بەرنامەیەکی مروری بوو لە پێشکەش کردن و ئامادەکردنی (مقدم ابتهاج فخري) بوو لە تەلەڤزیۆنی بەغدا لە هەشتاکان.
٣٣– گۆڤاری (ساهرون): بغداد، ساڵی ١٩٨١، ژمارە ٢.
٣٤– چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاسۆ ئیبراهیم، سلێمانی ٢٠٠٤/١/٢٢.
٣٥– چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەقیدی هاتووچۆ (قادر سەدیق) هەولێر، ٢٠٠٤/٢/١.
٣٦– ئەو بەرنامەیە لە ١٩٩٦/١٢/١٥ جارێکی دیکە لە تەلەڤزیۆنی گولان پێشکەش کرایەوە. لەلایەن (قادر سەدیق) وێنەگر (سەعد کاکە خورشید)، (سەروان شێروان) وێنە گیراوە. هەمان بەرنامە لە تەلەڤزیۆنی هەرێم پێشکەش دەکرێت، لە ١٩٩٨/١/١٧ هەمان پێشکەشکەر و دەرهێنانی توانا سەباح، ریڤان بەدیع و عەبدولسەلام.
٣٧– وێنەگرتنی هونەرمەند (جەلال جوبار) لەتەلەڤزیۆنی پارێزگاران.
٣٨– کاریکاتێر لە نواندنی هونەرمەندان (ئەیام ئەکرەم، شێرزاد پۆلیس).
٣٩– هەفتەنامەی ناوخۆ، ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٤ لە سلێمانی وەزارەتی ناوخۆ دەریدەکات.
٤٠– د. عومەر ئیبراهیم پەتی: ئامۆژگاری و هێماکانی هاتووچۆ، ساڵی ٢٠٠٠، ل ٧.
٤١– رۆژنامەی هەرێمی کوردستان (هێ کاف)، ژمارە ٢٠٦، ١٩٩٩/٢/٤.
٤٢– هەمان سەرچاوە.
٤٣– رۆژنامەیەکە ســێ ژمارەی لێدەرچووە، کۆمەڵەی بەرگری لەرووداوە دڵتەزێنەکان دەریان کردووە ساڵی ٢٠٠٣.

# پێڕستی بەشی دووەم

١: کاری ڕۆژنامەوانی لەبواری ئاسایشی ناوخۆ – حکوومەتی هەرێم ١٩٩٧ ـ ٢٠٠٣
٢–١: گۆڤار
٢–١–١: گۆڤاری ناوخۆ
٢–١–٢: شێوەی گۆڤارەکە و نەخشەسازی
٢–١–٣: دەستەی بەڕێوەبردن
٢–١–٤: سەرپەرشتی هونەری
٢–٢: ناوەڕۆکی نووسینەکان
٢–٢–١: ژمارەی گۆڤاری ناوخۆ
٢–٣: گۆڤاری شارستانی
٢–٣–١: دەستەی بەڕێوەبردن
٢–٣–٢: بابەتەکانی ناو گۆڤارەکە و نووسەرەکانی
٢–٣–٣: بەراوردێکی گۆڤاری شارستانی لەگەڵ گۆڤاری ناوخۆ
٢–٤: کتێب ، نامیلکە
٢–٤–١: کتێبی ڕێبەری ئۆتۆمبێل لێخوڕین.
٢–٤–٢: نامیلکەی خەرمانە.

هەواڵنامەی کتێب

## ٢ـ کاری ڕۆژنامەوانی لە بواری ئاسایشی ناوخۆدا حکوومەتی هەرێم ١٩٩٧ـ ٢٠٠٣

### ٢-١: گۆڤار:

### ٢-١-١: گۆڤاری ناوخۆ:

لە پایزی ساڵی ١٩٩٨ بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆ وەک وەرزنامەیەکی تایبەت بەهێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ (**گۆڤاری ناوخۆ**)ی دەرکرد. یەکێک لەو هۆکارانەی کە گۆڤارێکی لێکەوتەوە (**نەبوونی کەناڵێکی پەیوەندی بۆ گەیاندنی چالاکییەکان، بۆچوونەکان، بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و لەپێناو دروستکردنی پردێکی پەیوەندی لەنێوان وەزارەت و هاووڵاتییان بوو**)[١]، دوا ژمارەی کە (١٣-١٤)یە لە ساڵی چوارەم پوشپەڕی ٢٧٠٢ی کوردی ٢٠٠٢ی زایینی دەرچووە. ئەو بابەتانەی کە لەخۆی گرتووە بریتییە لەکاروباری ئاسایش، پۆلیس، هاتووچۆ، بەرگری شارستانی، کاروباری یاسایی، ڕەگەزنامە، گشتی. سەرجەم بابەتەکانی (٣٢٦) بەرهەمە کە لەخشتەی ژمارە (١) دیاری کراوە.

### ٢-١-٢ شێوەی گۆڤار و نەخشەسازی:

بەرگی هەر گۆڤارێک بەشێوازێکی تایبەت نەخشەسازی بۆ کراوە. قەبارەی گۆڤارەکەش هەر ژمارەی بە جۆرێک دەرچووە ئەمەش وایکردووە گرنگی خۆی کەم بکاتەوە:

**١ـ بەهۆی گۆڕانی نەخشەسازی.**

**٢ـ بەهۆی جۆراوجۆری قەبارەکەی**

لە هەر ژمارەیەک دوو وێنەی لەخۆگرتووە یەکێک لە بەرگی پێشەوە، ئەوی دووەمیش لە کۆتایی گۆڤارەکەیە.

بەگشتی (٢٢) وێنەی لەخۆگرتووە، یەکێک لە کەموکوڕییەکانی ئاماژە نەدانە بەو ڕۆژنامەوانەی کە وێنە فۆتۆگرافییەکانی گرتووە تەنیا لە ژمارە (٨) گۆڤاری ناوخۆ نەبێت باس لە نەخشەساز (**سەروەت ئەنوەر سەوز**)[٢] دەکات. هەروەها لە ژمارە (٦)ی گۆڤارەکەش ئاماژە بە کامیرای (**کوردستانی نوێ**)[٣] دەدات. جۆری وێنەکان لە خشتەی ژمارە (٢) دیاری کراوە.

### ٢-١-٣ دەستەی بەڕێوەبردن:

لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری ناوخۆ خاوەن ئیمتیازی (**مستەفای سەید قادر**)[٤] بووە، هەڤاڵ غەفور سەرنووسەری گۆڤارەکەبووە، لە ژمارە (٩)ی گۆڤاری ناوخۆ سەرنووسەر گۆڕاوە بۆ عبدالرحمن قادر شێخ عەبدول. لەژمارە ١٠ خاوەن ئیمتیاز گۆڕاوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ. لە ژمارە (١)ی ناوخۆ دەستەی راوێژکاران هەبووە کە بریتی بووە لە(**چوار ئەفسەری پلەبەرزی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ**)[٥] لە ژمارە (٢) بەهەمان شێوە ڕۆیشتووە، تەنیا لیوا (**ئەحمەد موسا**) لەدەستەی راوێژکاران زیادی کردووە. لە ژمارە ٣ی گۆڤارەکە، ئەم دەستە راوێژکارییە گۆڕاوە بۆ دەستەی نووسەران بە زیادکردنی ناوی عەمید (**مەحمود تاهیر سادق، سەردار عەزیز کاکەیی، ئاسۆ ئیبراهیم، بەیان عیسا، شێخ عەبدول**) لەژمارەکانی (٤، ٥، ٦، ٧) دەستەی نووسەران هەروەکو خۆی ماوەتەوە. لە ژمارە (٨) بەشێک لەدەستەی نووسەران بوونەتە راوێژکار. دەستەیەکی نوێی نووسەران دانراون. وەک سەیفەدین عەلی ئەحمەد، سەردار عەزیز کاکەیی، بەیان عیسا.

لە ژمارە (٩) ناوی شێخ عەبدول لە راوێژکاران نەماوەو ناوی ئاسۆ ئیبراهیم هاتووە. لە ژمارە(١٠)ی ناوخۆ دەستەکە وەک خۆی ڕۆیشتووە. لە ژمارە (١١، ١٢) کە هەردوو ژمارەکە بەیەکەوەن، راوێژکاران تەنیا لیوا ئەحمەد موسا، د. خسرۆ گول محەمەد ماوە، (**دەستەی نووسەران جارێکی**

**دیکە گۆڕاوە**)[٦]. لــە ژمارەکانی (١١، ١٢، ١٣، ١٤) سەرنووســەر بــووە بە عەقید ســەردار عەزیز کاکەیی و دەســتەکەی دیکەش وەک خۆی ماوەتەوە بۆ ئەم مەبەســتە تەماشــای نەخشەی ژمارە (٣) بکە.

ئەوەی باســمان کرد دەستەیکی تێکەڵ و تێکهەڵچرژاو بوو، ئــەوەی لێی خوێندرێتەوە زیاتــر دڵرازی کــردن و ناوهێنان بێت لەوەی شــتێکی دیکە بێت، ئەمەش لە دونیای فراوانی ڕۆژنامەنووســی پوچەڵــە و شــوێنێک لــەو دنیایە ناگرێت. دەستەی نووسەران، هەروەها ڕاوێــژکاران لــە پلــەی بــەرزی ســەربازی دابوونــە ڕەچاوی توانای کەســەکانی دیکەی نــاو هێزەکانی ئاسایشــی ناوخۆ نەکراوە، کە بــۆی هەبــوو قەڵەمی زۆر باشــی تێــدا بێت، ئەم زۆری و بۆرییەش دەســتەی گۆڤارەکەی لاواز کردووە.

**٢-١-٤ سەرپەرشتی هونەری:**

دەرکردنــی گۆڤارێــک یــان هــەر کارێکی ڕۆژنامەوانی تەنیــا دەوڵەمەندی لە دارایی و دەست ڕەنگینی، بەڵکو لایەنە هونەرییەکەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی ڕۆژنامەنووسیدا کاریگەری هەیــە لە بەدواداچوونی خوێنــەر بۆ بابەت و نووســینەکانی نــاوەوەی گۆڤارەکە. گۆڤاریی ناوخــۆش کۆمەڵێک کادری ڕاگەیاندن کاریان تێدا ئەنجامداوە. لەوانە سەرپەرشتی هونەری گۆڤــاری ناوخۆ (**ئالان رئــوف**)، کۆمپیوتەری ڕۆژ، چاپخانەی ئۆفسێتی کوردستان[٧]، بەڵام لــە سەرپەرشــتییەکەش جۆرێک لــە نارێکی یــان تەنیا بۆ ناوهێنان گۆڕانکاری زۆری تێدا کراوە.

لــە ژمــارە (٢) ئاســۆ ئیبراهیــم هەڵەچنە لە ژمــارە (٥) هەڵەچــن دەبێت بــە (**محەمەد کەســاس**) لە ژمــارە (٧) هەڵەچــن دەبێت بە (**ڕێبــاز مەحموود**) و لە ژمــارە (١٠) هەڵەچن دەگۆڕێ بۆ شــێرزاد عوســمان لەژمارەکانی کۆتایــی جارێکــی دیکــە ڕێبــاز دەبێتــەوە هەڵەچــن. لە هــەر (١٤) ژمارەکــە یەک ناوی نەخشەســاز دێت بەناوی (**حســین عەبدوڵڵا**) لەژمــارە (٢)ی گۆڤارەکــە لــە چاپخانــەی ئۆفســێتی کوردستان چاپکراوە لە ژمارەکانی تــر بەدواوە لە چاپخانەی ڕوون چاپکراوە. لە ژمــارە (٩) دەگۆڕێت بۆ چاپخانەی تیشــک و ژمــارە (١٠) چاپخانەی گۆڤــار چاپی دەکات. ژمارەکانی (١١، ١٢)[٨] لە چاپخانەی وەزارەت و ژمارەکانــی (١٣، ١٤) دوا ژمــارەی لــە چاپخانەی ژیار چاپ دەکرێت. لە ژمارە (١٠) بــە دواوە چاپخانــەی ڕوون چاپــی بەرگــی گۆڤارەکە دەکات، جیاکردنەوەی ڕەنگەکان لە ژمارە (٥) وە دەست پێدەکات لەکۆمپیوتەری ناز خاوەنی سامان محەمەد.

کاری کۆمپیوتــەری ژمارە (١، ٢) ی تاڤگە نوری ئەنجامی داوە،

لەژمارەکانــی (٣،٤،٥، ٦) هۆشــیار حەمــە غەریب لە ژمارە (٧) دیاری جەمال عەبدوڵڵا و ژمارە (٨) عەبدولکەریم مەحموود سانا، ژمارە (٩) نازەنیــن عەبدولڕەحمان هاتووە لە ژمارە (١٠) تەنیــا عەبدولکەریم مەحموود، لە ژمارە (١١، ١٢) ســەناریا و نازەنین عەبدولڕەحمان زیادیان کردووە. لە ژمارەکانی کۆتایی شەوبۆ محەمەد لەکۆمپیوتەر بەشداری کردووە.

**سەرپەرشــتی هونــەری**: لە ژمــارە (١)ی ئــالان رئووف و لە ژمــارە (٢)ی ناوی کەس نەنووســراوە لە ژمارە (٣) عەبدولموحســین عەبدوڵــلا لــە ژمــارە (٤) محەمــەد نەجــم و ژمارەکانــی (٦، ٧، ٨، ٩، ١٠) ئاســۆ ئیبراهیم لەژمارە (١١، ١٢، ١٣، ١٤) حەســەن خۆشناو. لەو بڕوایەدامە[٩] ئەگەر گۆڤارەکە لە چاپخانە و کۆمپیوتــەر چــاپ بکرایە، یەکێــک هەموو جاران سەرپەرشــتی هونــەری بکردایە زۆر جوانتر و قەشەنگ تر دەردەچوو لەوەی ئێستا هەیــە. ئەو گۆڕانە بەردەوامە سەرنووســینی ناوی گۆڤارەکە ڕەنگی داوەتەوە هەر جارە و بە فۆنتێک نووســراوە و شێوەکانی جیاجیان کە ئــەوەش وا دەکات لە بایەخی ناســنامەی گۆڤارەکــە کــەم بکاتــەوە، بڕوانە نەخشــەی

ژمارە (٤).
**٢-٢ ناوەڕۆکی نووسینەکان:**
**١-٢-٢ ژمارەکانی گۆڤاری ناوخۆ**

**ژمارە (١) ی گۆڤاری ناوخۆ:**
لەدوای پێشەکی یەکەم بابەت (**دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و مافی مرۆڤ**) بە پێنووسی شێخ عەبدول نووسراوەو دەڵێت: (**ئێستا لە جیهاندا باس لە بەجیهانی کردنی مافی مرۆڤ دەکرێت لە ساڵی ١٩٩٣ دا لە (ڤێنا)ی پایەتەختی نەمسا زۆربەی دەوڵەتانی دونیا کۆنگرەیەکیان بۆ ئەو مەبەستە سازدا. دیارە هەندێک لەدەوڵەتان وەک چین بە پاساوی جیاوازی کەلتووری نێوان گەلان، پێی رازی نەبوون، بەڵام بیل کلینتۆنی سەرۆکی ئەمەریکا لە سەردانێکیدا بۆ چین لە رۆژی ١٩٩٨/٦/٢دا وڵاتی چینی وا لێکرد کە دان بەو رێککەوتننامەیەدا بنێت. ئێمەش لە کوردستان لەم رۆژگاری پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیایە پێویستە رووی گەشی ئەزموونەکەمان پاراستنی مافی مرۆڤ بێت**)،[١٠]. هەر لە ناوەڕۆکی ئەو بابەتە هاتووە: پێویستە ئاسایش پۆلیس، ئەوە فێر بن چۆن مامەڵە لەگەڵ خەڵکی دەکەن. هیچ کەسێک بەبێ دادگا نەگیرێت و خۆ دوورگرتن لە لێدان، لە جێگای ئەمانە مامەڵەکردن بەشێوەی مرۆیی، ئاگادارکردنەوەی کەس و کاری گیراو، بڵاوکردنەوەی تاوانەکەی بەتایبەتی ئەگەر هەر بە گومان کەسێ لە جیاتی کەسێکی دیکە نەگیرێت و جێگا و شوێنی گیراوەکە مەرجەکانی تەندروستی تێدا بێت.[١١] ئەو بابەتە گرنگی خۆی هەیە، چونکە ئەگەر پۆلیس و ئاسایش نەزانن مافی مرۆڤ چییە؟ چۆن دەستەبەر دەکرێت؟ ئەوە لەوڵاتدا دەبێتە پاشاگەردانی. بۆیە پێویستە پۆلیس خوێندەوار بێت و پارێزەری سەروماڵی خەڵک بێت، ئەمەش وا دەکات متمانە دروست بێت لەنێوان هاووڵاتییان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

دووەم بابەت (**گرنگی پشکنینی تاقیگەیی لەلێکۆڵینەوەی تاواندا**) یەکێکە لە بابەتە بەسوودەکانی ئەو ژمارەیە. لە نووسینی (**نظر علی اکبر**)ە راوێژکاری یاسایی وەزارەتی ناوخۆیە کە تێیدا هاتووە:
(ئەو نووسینەم چونکە گرنگییەکی ئەوتۆی هەیە بۆ ئەو برا ئەفسەر و رێپێدراوانە، کە لەبواری لێکۆڵینەوەی تاوان، کاردەکەن، لێکۆڵەرەوە بەردەوام ناچار دەبێت پەنا بەرێتە بەر لێزانی پزیشک و پسپۆڕانی لەتاقیگەدا کاردەکەن، هەروەها ئیشی ئەوان، پشکنینە لەسەر ئەو پەڵە خوێنە تۆخانەی لەسەر جلوبەرگ و لەشی تاوانبار[١٢] ئەو بابەتە وا لەلێکۆڕەوە دەکات، پەنا ببات بۆ شتی بەڵگەدار (ملموس) کە تاوانبار نەتوانێ نکۆڵی لە تاوانەکەی بکات.

**ژمارە (٢) ی گۆڤاری ناوخۆ:**
ئایا ڕاگەیاندن سیاسەتە؟ ئەو بابەتە باسی ڕاگەیاندن دەکات لەناو کۆمەڵگا. ڕاگەیاندن بۆ بەرپەرچدانەوە، ڕاگەیاندن بۆ پێشخستن، بەرپەرچدانەوە، (**لاوازکردنی ئایدۆلۆژیەتی دوژمن واتە پوچەڵکردنەوەی جەنگە دەروونییەکان**)[١٣] بۆ ئەوەی ڕاگەیاندن سەرکەوتوو بێت لەو پەیامەی دەیگەیەنێت، چەند خاڵێکی خستۆتەڕوو:
١. بەڕاشکاوی مەسەلە و ڕووداوەکان بخاتەڕوو، شیکردنەوەی زانستیانەی بۆ بکرێت.
٢. جەماوەری بێت، رەنگدانەوەی سروشتی خواست و ئامانجەکانیان بێت.
٣. دووربێت لە زیادەڕۆیی و گۆڕین و چەواشەکردن.
٤. ڕاستگۆ و واقیعبینانە بێت.
٥. هەمەلایەنە و بابەتیانە بێت.
٦. بە زمانێکی سادەو رەوان داڕێژرابێت.
٧. لە قۆستنەوەی ڕووداوەکان لێزان بێت.
٨. ڕەچاوی رادەی هۆشیاری جەماوەر بکات.

٩ـ مینبەری خەباتی سیاسی جەماوەر بێت.
دەکرێت وەک بابەتێکی ڕاگەیاندن سوودی لێوەربگیرێت، بەڵام نووسەر دەبوو زیاتر گرنگی بەبابەتێکی ڕاگەیاندن بدات کە پەیوەندیی هەبوایە بەئاسایشی ناوخۆ نەک بەشێوەی گشتی، یان بابەتێکی پەراوێز لەکاری ئاسایشی ناوخۆ باس بکات.

هەر لەو ژمارەیە چەند بابەتێکی گرنگی دیکە بەرچاو دەکەون کە جێگای ئاماژە پێدانە وەک:

١ـ لەنێوان مەڵبەندی و نامەڵبەندی، لە ئامادەکردنی لیوا ئەحمەد موسا.

٢ـ ریپۆرتاژێک لەسەر تیرۆری ژنان، گۆڤاری ناوخۆ ئامادەی کردووە.

٣ـ نیشانەکانی هاتووچۆ، ئامادەکردنی نەقیب ئاراس بەکر حەمە فەرەج.

**ژمارە (٣) ی گۆڤاری ناوخۆ:**

**(بنچینە بنەڕەتییەکانی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی هاتووچۆدا)** بابەتێکی تێروتەسەلە لەسەر لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی هاتووچۆ، بەشی دووەمی ئەو بابەتە لە ژمارە چواری هەمان گۆڤار بڵاوکراوەتەوە، ئەم بابەتە لەنووسینی عەقیدی هاتووچۆ **(مەریوان شێخ کەمال)**ە، لەبابەتەکە هاتووە دەڵێت (پێش ئەوەی ڕووداوی هاتووچۆ ببێتە **(الدعوی الجنائیة)** لە پێش دادوەر پێویستە بە چەند قۆناغێکدا بڕوات)[١٤]. باسی ژمارەیەک هەنگاوی لێکۆڵینەوە دەکات کە لێکۆڵەرەوە دەتوانێت. لەکاتی هەبوونی هەر ڕووداوێکی هاتووچۆ کەڵکیان لێوەرگرێت.

بابەتی دووەم لە هەمان ژمارە: پشکنین **(التفتیش)** بابەتێکە تێیدا هاتووە «پشکنین بریتییە لەو کردارانەی کە دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە دەکات و یەکێکە لەو کردارانەی کە دەبێت دوای ڕووداوی تاوان ئەنجامبدرێت[١٥].

بابەتی سێیەم **(ڕووداوی هاتووچۆ لە ڕێگاکانی دەرەوە هۆکار و چارەسەر کردنی)**[١٦] بابەتێکی بایەخداری هاتووچۆیە، خوێنەر ئاگادار دەکاتەوە لەمەترسییەکانی هاتووچۆ، (بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیە کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (W.H.O) کردوویەتی لەساڵی ١٩٦٩ لە هەموو دوو خولەک و نیودا بەهۆی کارەساتی ئۆتۆمبێلەوە مرۆڤێک دەمرێت لەشوێنێکی ئەم جیهانەدا، ئەمە جگە لەبریندار بوون و کەمئەندامبوونی چەندان مرۆڤی دیکە، بەپێی ئەم سەرژمێرییە کە لەهەموو وڵاتانی جیهان کراوە، دەردەکەوێت کە ڕووداوی هاتووچۆ، بەتایبەتی لەڕێگاکانی دەرەوەدا لەزیادبوونە، بۆ زیاتر ئاشنابوونی خوێنەری بەڕێز لەهۆکاری ڕووداوی هاتووچۆ کە وا زۆر لەوڵاتانی جیهان ڕێککەوتوون لەسەری، ئەو هۆیانەی لای خوارەوەیە:

**یەکەم:** مرۆڤ **(بەکارهێنەری ڕێگا)**

**دووەم:** ئۆتۆمبێل

**سێیەم:** ڕێگاوبان

**چوارەم:** بارودۆخی سروشتی (بەفر وباران، تۆز و با)

ئەو بابەتە وا لەخوێنەر دەکات لەکاتی سەفەر بە ڕێگا و بانەکانی دەرەوەدا ڕەچاوی ئەو چوار خاڵە بکات، بۆ خۆپاراستن لەهەر ئەگەرێکی کەوتنەوەی کارەسات.

**ژمارە (٤) ی گۆڤاری ناوخۆ**

**(پێناسەی سیستەمی ئاسایشی هاوچەرخ)** بابەتێکی گرنگی ئەو ژمارەیە، نووسەر بۆ بەهێزکردنی بابەتەکەی نموونەیەکی هێناوەتەوە (ڕووداوێکی ئێجگار بچووکی یەکێک لە وڵاتە ئەسکەندەناڤیەکان و (١٨) ساڵ بەر لە ئەمرۆ خۆپیشاندانێکی ژنان سازکرا دژ بەبڕینی باخچەیەک لەشاری**(ستۆکهۆڵم)** ژنان بەو مەبەستە نارەزایی دەردەبڕن کە ئەو باخچەیە جێژوانی چەندان ساڵەی تەمەنی لاوێتییان بووە، هەرچەندە بڕینی ئەو شەقامە بەناو باخچەکەدا بۆ جوانترکردنی سیمای شارەکە بووە، نەک بۆ مەبەستی تر. بە ڕێککەوت پۆلیسێک دەست بۆ پرچی

کچێک درێژ دەکات بێ ئەوەی هیچ ئازارێکی پێبگەیەنێت، کامێرای ڕۆژنامەگەر و نوێنەری دەزگاکانی تەلەڤزیۆن بە خێرایی وێنەی دەست درێژییەکە دەنێرن بۆ پەخشکردن و بڵاوکردنەوەی. هەمان ڕۆژ بە خەتی گەورە و مانشێتی بەرچاو ئەم وێنەیە بە هەزاران (نوسخەی) لە ژێر ناوی (**پۆلیسی سوید فاشیستییە**) دەکەوێتە بەرچاوی سەرجەم دانیشتووانی وڵاتی سوید لەمە سەیرتر هەمان ڕۆژ پۆلیسی دەستدرێژیەکەر دەگرن و زیندانی دەکەن. دوای هەفتەیەک بە (٦) مانگ زیندانی دادگایی دەکرێت، تا لە ژیاندا بێت لە پیشەی پۆلیسدا وەرناگیرێتەوە. [١٧] نووسەر ئەم نموونەیە دەکاتە پێوەر بۆ ئەوەی پۆلیسی ئێمە شارستانی بن و ئاگاداری هەر هەڵسوکەوتێکی خۆیان بن لەئەنجامدانی کارەکانیان بەرێزگرتنی مافی مرۆڤ، بەڵام بە بۆچوونی من دەبوو نووسەر (هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی لەوە ئاگادار بکردابوایەوە کە دەتوانن وا بکەن ڕاگەیاندن بەپێچەوانەی ئەو نموونەیە ڕۆڵیان باس بکات ئەوەش بەهەڵسوکەوتی شایستەی کارمەند و ئەفسەرەکانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ دەبێت.

**ژمارە (٥) ی گۆڤاری ناوخۆ**

(**سەکۆی ئازاد**) یەکێکە لەو بابەتانەی لەناو گۆڤارەکەدا هاتووەو بەپێنوسی خاوەن ئیمتیاز(**مستەفا قادر مستەفا**) نوسراوە. ئەو گۆشەیە لەو ژمارەیەوە گۆشەیەکی نوێ یە نوسەر دەڵێت: (**لە ژمارەی ڕابردووەوە دەمانەوێ ئەم گۆشەیە بکەینەوە لە گۆڤارەکەماندا بەمەبەستی زیاتر خزمەت کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لەوەزارەتەکەمان**).

لەڕێی بیروبۆچون و پێشنیارو ڕاو سەرنج و تەنانەت ڕەخنەو گلەیی ئازادەوە کە لەلایەن هاووڵاتیان و هەر بەڕێزێکی ترەوە ئاراستەمان بکرێ) وا دیارە ئەم شێوازەی ڕەخنەو ڕەخنە گرتنە لەلایەن خەڵکەوە پەیوەندیی و لێک تێگەیشتن زیاد دەکات و دەوری ڕاگەیاندنیش زیاتر دەکات بۆ گەیاندنی کەموکورتی و ڕەخنەکانی خەڵک . . .

**ژمارە (٦) ی گۆڤاری ناوخۆ**

«**بازرگانی بەگۆشتی مرۆڤ**»[١٨] بابەتێکی وەرگێڕدراوە کە بەشی دووەم و کۆتایی لەو ژمارەیە بڵاوکراوەتەوە، باسی لەشفرۆشی ژنان دەکات لە جیهان. بەبۆچوونی من (**بازرگانی بەگۆشتی مرۆڤ**) ناوونیشانێکی نەگونجاوە، لە ڕووی زمانی ڕاگەیاندنەوە. وا جوانتر بوو لەژێر ناوی بازرگانی بە لەشی ژنانەوە بوایە. چونکە خوێنەر سڵ لەو جۆرە دەستەواژانە دەکات کە وا پێدەچێت بازرگانی لەشێوەی گۆشت فرۆشێک (**قصاب**) یک بێت لە فرۆشتنی گۆشتی مرۆڤ. بەڵام ناوەڕۆکی بابەتەکە سەرنج ڕاکێشەو بەشێوەی ئامار خراوەتە ڕوو و گرنگی خۆی هەیە.

**ژمارەی (٧) ی گۆڤاری ناوخۆ (١٩)**

گفتوگۆیەکی ئازاد لەگەڵ لیوا ئەحمەد موسا بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەرێم بڵاوکراوەتەوە خشتەیەک دەخاتە بەردەست کە ئاماری تاوان و ڕووداوی سنووری بەڕێوبەرایەتی گشتی هەرێمی تێدا هاتووە، لە هەر سێ پارێزگای (**سلێمانی، هەولێر،کەرکووک**) ئەوەی لە خشتەکەدا هاتووە، ئەوەمان نیشان دەدات ساڵ بەساڵ ڕێژەی تاوان لەبەرزبوونەوەدایە. ئەگەرچی دەبوو لەبەر ئەو هۆیانەی خوارەوە ئەو ڕێژەیە دابەزێت:

١ـ لەساڵی ١٩٩٨ـ ١٩٩٩ شەڕی ناوخۆ کۆتایی هاتبوو.

٢ـ دەزگاکانی پۆلیس باشتر گەشەیان کردبوو:

أ- چەند خولێک کۆتایی هاتبوو لە پێگەیاندنی ئەفسەر و ڕێپێدراو.

ب- چەک، ئامێری بێتەل، ئۆتۆمبێل لە چاو ساڵانی پێشتر باشتر لەبەرەستدابوون.

### خشتەی (أ)

| جۆری تاوان | سلێمانی ١٩٩٧ | سلێمانی ١٩٩٨ | سلێمانی ١٩٩٩ | کەرکووک ١٩٩٧ | کەرکووک ١٩٩٨ | کەرکووک ١٩٩٩ | هەولێر ١٩٩٧ | هەولێر ١٩٩٨ | هەولێر ١٩٩٩ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کوشتن | ٩٢ | ٩٨ | ١٢٣ | ٤١ | ٤٨ | ٢٥ | | ٧ | ١٠ |
| کوشتن بەمەبەست | ١٤٦ | ١٧٠ | ٢٦٨ | ١٣ | ٣٢ | ٣٧ | | ١١ | ٢ |
| بە نەزانین کوشتن | ٦ | ٦ | ٨ | | ١ | ١ | | | ٣ |
| ڕووداوی مردوو | ٢٤ | ٥٤ | ٦٧ | ١٥ | ٢٥ | ٣٢ | | ٢ | ٧ |
| ڕووداوی نەمردوو | ٢٠١ | ٢٧٥ | ٤٥١ | ١٩ | ٥٠ | ٤٦ | | ٧ | ٥ |
| ڕفاندن | ٤٤ | ٦٤ | ٧٩ | ٦ | ١٨ | ١٥ | | ١ | ١ |
| دزی گەورە | ٢١٧ | ٢٩٣ | ٤٢٢ | ٢٦ | ٢٥ | ٢٧ | | ٦ | ٧ |
| دزی سووک | ١٩٣ | ١٢٣ | ٢٢٦ | ١١ | ٧٠ | ٤٩ | | ٢ | ١٣ |
| بەدرەوشتی | ٢٢ | ٤٠ | ٩٩ | ١ | ٩ | ٧ | | ٩ | ٢ |
| هەڵخەڵەتاندن | ٢٧٨ | ٤١٢ | ٥٨١ | ٢٦ | ١٠٦ | ١٠٤ | | | ١٩ |
| هیتر | ١٦١٩ | ١٨٧٩ | ٤٠٩٣ | ٢٦٥ | ١١٢٦ | ١٠٨٨ | | ٢٠ | ٢١٩ |
| **کۆی** | ١٤٦٨ | ٢٤٢٧ | ٦٤٣٢ | ٤٣٣ | ١٥٣١ | ١٤٣٥ | | ٧٧ | ٢٨٩ |

### خشتەی (ب)

| | پۆلیسی سلێمانی ١٩٩٧ | پۆلیسی سلێمانی ١٩٩٨ | پۆلیسی سلێمانی ١٩٩٩ | پۆلیسی سلێمانی ٢٠٠٠ | پۆلیسی کەرکووک ١٩٩٧ | پۆلیسی کەرکووک ١٩٩٨ | پۆلیسی کەرکووک ١٩٩٩ | پۆلیسی کەرکووک ٢٠٠٠ | پۆلیسی هەولێر ١٩٩٧ | پۆلیسی هەولێر ١٩٩٨ | پۆلیسی هەولێر ١٩٩٩ | پۆلیسی هەولێر ٢٠٠٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کارمەند | ١٤٦٨ | ١٨٨٥ | ٢٩٥٦ | ٣٣١٣ | ٤٩١ | ٦٠١ | ٦٣٢ | ٦٣٢ | ٣٩٥ | ٤١٥ | ٥٦٩ | ٥٨٨ |
| چەك | ٣٧٦ | ٥٣٧ | ٧٢٣ | ٩٩٠ | ١٢٦ | ١٢٧ | ١٢٧ | ١٢٧ | ١٢٥ | ١٢٥ | ١٤٠ | ١٤٠ |
| ئۆتۆمبیل | ١١ | ٢٥ | ٢٣ | ٣٣ | ٤ | ٤ | ٤ | ٥ | | | | ١ |

هەواڵنامەی کتێب

**ژمارە (٨) ی گۆڤاری ناوخۆ**

چەند بابەتێکی گرنگی گرتۆتە خۆی لەوانە: **(چارەسەرکردنە سەرەتاییەکان لەکاتی ڕووداوی ئۆتۆمبێلدا)** برینەکان کاتێک یاسا سەروەر دەبێت، نامەچێنراوەکان و چۆنییەتی چارەسەرکردنیان. لەگەڵ چەند بابەت و لێکۆڵینەوە و چاوپێکەوتنی تر. هەر لە ژمارە هەشتی ئەو گۆڤارە وتارێک بڵاو بۆتەوە بەناوی **(ئەزمەکانمان لەسەرخستنی ئەزموونی ئێستامان)**[٢٠] ئەو بابەتە چەند مەسەلەی گرنگی ورووژاندووە وەک **(ئەزموونێکی پێشبینی نەکراو)**مان ئەوەی باس و گفتوگۆی لەسەر کرابێت ئۆتۆنۆمی، بووە پاشان ئەو داوایە گۆڕاوە بۆ فیدراڵی ئەمەش زۆرجار بۆی هەیە سیاسەتێک بوو بێت بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی، بەڵام هاتنە پێشەوەی ئەو ئەزموونە و کشانەوەی هێزەکانی عیراق و ئیدارەی لەناوچەکانی کوردستان خەڵکی کوردی خستە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی نوێی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی. **(دەسەڵات و دەسەڵاتی حیزب)** پاش ڕاپەڕین هێزە سیاسییەکان لەبەرەیەکی کوردستانی کەوتنە خۆبۆڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گۆڕانکارییەی ڕوویدا، ئەم ئەرکەش بەشێوەیەکی باش بەڕێوە چوو کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی لێکەوتەوە، **(ئەرکەکان سەرخستن)** بۆ سەرخستنی ئەو ئەزموونەش هەوڵی زۆری ویستووە **(ئەزموونی دیموکراسی کوردستان، لەناو ئەزموونە دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکە و هی گەلانی ڕاپەڕیو و تایبەتمەندی خۆی هەیە)**. لە کۆتایی ئامۆژگاری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەکات کە ڕەچاوی مافەکانی

مرۆڤ بکەن.
هەوڵـدەن ببنە پاریـزەری شارسـتانییەت و پێشـکەوتن لە هەڵسـوکەوتیاندا رەنگبداتەوە. هەروەها پێشنیاری ئەوەی کردووە لە جیاتی پۆلیسی هاتوچۆ (ریوان) بەکار بێت جوانترە.

**ژمارە (٩)ی گۆڤاری ناوخۆ:**
**(عەشـقی سـەربازی و ئومێدێکی بۆ مۆدێرن کردنی دەزگای پۆلیس)** چەند خاڵێکی پێشنیار کردووە بۆ پێشـکەوتنی دەزگاکانی پۆلیس و مۆدێرن کردنیان:
١- مەشـقی سـەربازی گرنگـی زیاتـری پێبدرێت.
٢- ڕاهێنان لەسەر چۆنییەتی دەستگیرکردنی تاوانبار.
٣- کردنەوەی خول لەسـەر زمانی ئینگلیزی و کۆمپیوتەر.
٤- کردنـەوەی خولی هۆشـیاری، سیاسـی، مافی مرۆڤ و یاسایی.

**بابەتی دووەم:**
بڵاوکردنـەوەی هەواڵی تاوان لەرۆژنامەکاندا لەنێـوان ڕێپێـدان و ڕێپێنـەدان، نووسـەر دەنووسـێت **(ئاشـکرایە کە هەواڵی تاوانەکان لەرێگـەی کەناڵـە جیاوازەکانـی بیسـتراو، بینـراو، خوێندنـەوە)** دەگاتـە هاووڵاتییـان و بەهـۆی کاریگەریـی لەسـەر گۆڕینـی ئاراسـتەی بیرکردنەوەی خەڵک رای گشـتی دروسـت دەبێت. بۆیە پێویسـتە ئـەو هەواڵ و زانیارییانـە زیاتـر گرنگیـان پێبدرێـت و لەرۆژنامـە، تەلەفزیۆنـەوە بڵاوبکرێتـەوە کـە ڕۆڵـی پەروەردەیی و زانیاری بەخشـە، بـەردەوام لـە هەوڵی ئـەوە دایە کێشـەکان بەشـێوازێکی شارسـتانی دوور لـە هـەر توندوتیژەیەک چارەسـەر بکات. بە بۆچوونی من **(توێژەرەوە)** هەواڵی تاوان بڵاوبکرێتەوە، بەڵام ڕوونکردنـەوەی لەگەڵدا بێت بەتایبەتی ئەو تاوانانەی ئاشکرا بوونە و تاوانبارەکانی گیراون. ئەنجامدەری تاوانەکە بەشـێوەیەکی نادیار قسە بکات لەسـەر پەشیمان بوونەوە، لەو کارەی کردوویەتی و جۆری سزاکەشـی دیـاری بکرێت. ئەمەش بۆ ئەوەی کەسـانێک چـاو لەوە نەکـەن لەئەنجامدانی هەر تاوانێک کـە زینـدان چاوەڕێیانـە. بۆیە وا پێویسـت دەکات دەزگای ڕاگەیاندنی وەزارەت بەخۆی بەپێی توێژینەوە بزانێـت بڵاوکردنەوەی ئەو تاوانـە چەنـد کاریگەریـی خراپ یان باشـی دەبێت، ئەوسا بڵاوبکرێتەوە.

**ژمارە (١٠) ی گۆڤاری ناوخۆ:**
ژمارە (١٠)ی گۆڤاری ناوخۆ وەک ژمارەکانی دیکـە کۆمەڵێـک بابەتـی لەخۆگرتـووە. **(خۆبچووککردنـەوە)**[٢٢] بـۆ ئەوانـەی لـە پۆلیس ناگەن. نووسـەر وتارەکەی بەشێوەی ئامادەکردن نووسـیوە. دەبوو نووسین بوایە چونکـە بابەتەکـەی ئـەوە هەڵدەگرێـت، ئەو باسـەی بەشـێوەیەکی ڕەخنە ئامێز ئاراستە کردووە، دژ بەوانەی، لە دەقە شـانۆییەکان و هەندێک شاعیر لەشیعرەکانیاندا لەسەر پۆلیس دەنووسـن. ڕەخنەی ئاراسـتەی شانۆگەری **(ئەو شـایەتەی هەموو شـتێکی دی)** کە تیپی شـانۆی هەڵەبجـە بـۆ مـاوەی دوو مانـگ پێشکەشی کردووە شـانۆگەرییەکی کۆمێدی دەورێکی نەشیاو درابوو بە پۆلیس، هەروەها ڕەخنە لەشیعرێکی یوسف خەلیل حەمەدەمین دەگرێت بەناوونیشـانی **(حەسرەتی ژانەکانم بەکـوێ دەگات؟)** کـە لـە گۆڤـاری ئـارات بڵاوکراوەتەوە. دەڵێت:

چیبکەین مرۆڤین
نەدەتوانین ڕێ بە گوڵەکان بدەین
نە بەشەیداکانی ماچ
بۆ ئەوەی بدەنە شـەقەی باڵ و لەگەڵ شنەی بادا،
سـەما بکەن وەک گورگ بە لـووره لوور لە شەودا
یەکتر دەخەفێت،
بە سپێدەش وەک پۆلیسە سەگسارەکانی. . .
یەکتر ڕاودەنێن

لەشوێنێکی دیکەی بابەتەکە ڕەخنە لە قوبادی جەلی زادە دەگرێت کە لەشیعرێکدا دەڵێت:

هەموو پۆلیسەکانی ئەم شارە
بەدوای ڕەشەبایێ کەوتوون

گۆیە دەڵێن
لەتووی مەلیک
تەنوورەی ژنێکی. . هەڵداوەتەوە
لەکاتێکدا یوسف خەلیل بەخۆی پۆلیسەو قوبادی جەلی زادەش کاری ڕۆژانەی لەگەڵ پۆلیس دایە. نووسەر پێیوایە نابێت سووکایەتی بەپۆلیس بکەن. بەڵام من (توێژەرەوە) بە پێچەوانەی ئەو نووسەرە بیر دەکەمەوە، باسکردنی ناوی پۆلیس لەو دەقە شیعریانە نیشانەی خۆشەویستی و وەفایە بۆ پۆلیس، چونکە ئەوەی کار نەکات ناوی لە هیچ شوێنێک نایەت و هیچ هەڵەیەکی نابێت. بەڵام ئەوانەی بەردەوام لەخزمەتدانە، دەبێت ڕەخنەشیان لێبگرێت و ئافەرینیشیان بدرێتێ. واتە لەشوێنێک پۆلیس، بە سەگ چواندرایە، ئەمە نیشانەی وریایی پۆلیس دەردەخات لە شیعری دووەمیش بە دوای ڕەشەباوەن، واتە پۆلیس یەکێک لەو کارانەی دەیکات بەرگری کردنە لە ڕەوشتی گشتی (**الاداب العامة**) ئەویش ئەگەر ڕەشەباش ئەو لادانە بکات لێی قبووڵ ناکرێت..

**گۆڤاری ناوخۆ ژمارە (١٢،١١)**
کاریگەریی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەسەر ڕەوشتی تاوانکاری ڕائدی پۆلیس (**سیڤان محەمەد**) وەرگێڕ سەید تاهیر حەمەدەمین. نووسەر نموونەیەک لەلێکۆڵینەوەیەکی ئەمریکی باس دەکات. کە لەسەر کاریگەرییەکانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ئەنجامدراوە. لەهەر (١٠) منداڵ لەئەمەریکا (٧) داوای ئەو کاڵایانە لە باوکیان دەکەن کە لەتەلەڤزیۆندا پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێت، دەربارەی تاوانکاری لە ژێر کاریگەریی ڕاگەیاندن سەرژمێریک کراوە. لەژێر کاریگەریی سینەما ڕێژە ١٠٪ لە نێردا ٢٥٪ لە مێینە کەوتوونەتە ژێر کاریگەرییەوە) ئەو بابەتە لەڕووی چۆنایەتی و بەکارهێنانی ڕاگەیاندنەکانمان دەتواندرێت سوودی لێوەربگیرێت.

**ژمارە (١٤،١٣)ی گۆڤاری ناوخۆ**
هەڵبژاردەیەک لە بابەتەکانی زانستی تاوان، لێکۆڵینەوەی تاوان بەڵگەکانی تاوان، دزینی ئۆتۆمبێل، مافی پێشڕەوی لە ڕێنمایی هاتووچۆ، ڕەوایی بەڵگە لەسەلماندنی تاواندا، سریەی بەرگری ناوخۆ و داهێنانێکی نوێ، پشوویەک، ڕاگەیاندن و ڕای گشتی..

**٢-٣ گۆڤاری شارستانی:**
گۆڤاری شارستانی ژمارە (١)ی لە نیسانی ٢٠٠٣ بڵاوبۆتەوە. لە بەرگێکی قەشەنگدا نەخشەسازییەکی جوانی بۆ کراوە. گۆڤارێکی دوومانگییە، وەزارەتی ناوخۆ دەریدەکات.

**٢-٣-١ دەستەی گۆڤارەکە:**
خاوەن ئیمتیاز: وەزارەتی ناوخۆ، سەرنووسەری (**فەرەیدون عەبدولقادر**)، سکرتێری نووسین: ئازاد تۆفیق، نەخشەساز: هەڵکەوت عەبدوڵڵا، دەستەی نووسەران: هەڵکەوت عەبدوڵڵا، قوبادی جەلی زادە، جەزا تۆفیق، سابیر بەکر بۆکانی، شاهۆ سەعید. ڕاوێژکاران: ئەحمەد مووسا، د. خسرۆ گوڵ، محەمەد موکری، د. فاروق عەبدوڵا، ئەکرەمی میهرداد.

**کاروباری هونەری:**
کۆمپیوتەر: شاهێن سابیر و ڕاز کەماڵ.
هەڵەچن: ڕێباز مەحموود.

**٢-٣-٢ بابەتی ناو گۆڤارەکە و نووسەرەکانی:**
دیاری کردنی سنووری دەسەڵات، فەرەیدون عەبدولقادر.
ئاسۆی سیاسی کوردستان، ئەکرەمی میهرداد.
لە مافە سیاسییەکانی مرۆڤ، چێنەر عەلی جۆڵا.
دەربارەی سۆسیۆلۆژیای جیهانگیری، شاهۆ سەعید.
دامەزراوەکان و پەیوەندییەکانی دەسەڵات، هەڵکەوت عەبدوڵڵا.
سایکۆلۆژی توندڕەوی، سابیر بەکر بۆکانی.
شیتەڵکاری ڕامیاری بۆ ژیارەوەی شارستانی:

هەولێرنامەی کتێب

جەزا تۆفیق تالیب.
سەرخۆشی و قورسکردنی بەرپرسیارێتی سزا، حاکم قوباد.
سەگی پۆلیسی، پەشێو فریزی.
لەگەڵ چەند بابەتێکی ترو بەشێک لەکاروچالاکی وەزارەتی ناوخۆ، نووسەرانی ئەو گۆڤارە هیچیان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە وەزارەتی ناوخۆوە نییە. ئەو وتار و نووسینانە بۆ گشت نەنووسراوە، بەڵکو بەزمانێکی قورسی ئەدەبی نووسراوە و دوورە لە زمانی ڕاگەیاندن. تەوەری سیاسی و فکری دەگرێتە خۆی نەهاتووە باسی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆم بۆ بکات و **(پۆلیس چاوێکی کراوە بێت و ڕۆڵی چالاکانە بگێڕێت لەکۆمەڵگادا)**[٢٥] نەهاتووە پەیوەندی نێوان جەماوەر و دەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆ بەیەکەوە ببەستێتەوە. بەڵام ئەو بابەتانە خوێنەری تایبەتی دەوێ نەک هاووڵاتییان و دەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆ بەگشتی.

**٢-٣-٣: بەراوردێکی گۆڤاری شارستانی لەگەڵ گۆڤاری ناوخۆ:**

هەرچەندە گۆڤاری ناوخۆ پڕە لە کەموکورتی لە رووی نەخشەسازی و جۆری دابەشکردنی بابەتەکان و جۆری دەستەی نووسەران، لەگەڵ هەموو ئەو خراپییانەی سەرەوە، گۆڤاری ناوخۆ مۆرکی وەزارەتی ناوخۆی پێوە دیارە. لە ناوەڕۆکی نووسینەوە تا ریپۆرتاژ و لێکۆڵینەوەکانیان، بەڵام گۆڤاری شارستانی، سەرەتا قسە لەسەر ناوەکەی بکەین.
شارستانی وا جوانتر بوو، بۆ گۆڤارێکی شارەوانی بوایە. چونکە ئەو گۆڤارە ئەگەر لەپەرتووکخانەیەک دانرابێت، یان لای ڕۆژنامە فرۆشێک لەسەر جادە داندرابێت، کەس نازانێ ئەو گۆڤارە وەزارەتی ناوخۆ دەری دەکات، بەڵام گۆڤاری ناوخۆ، ئاماژەیە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، دووەم: نووسەرانی گۆڤاری شارستانی نووسەرەکانی لە دەرەوەی وەزارەتن کە بووە هۆی پەکخستنی چەند پێنووسێکی تازە پێگەیشتوو لە ئەفسەر و کارمەندانی ناو وەزارەتی ناوخۆ. کە دەوری هەیە لەساردبوونەوە لەبەشداری نووسین و خوێندنەوە. لەڕووی نەخشەسازی و جوانییەوە گۆڤاری شارستانی جوانتر و رازاوەترە لەگۆڤاری ناوخۆ. بەڵام گۆڕانی ئەو گۆڤارە بۆ ناوی شارستانی تەنیا گۆڕانی وەزیرێکە بۆ وەزیرێکی دیکە. کە بەبۆچوونی من دەبوو پەرە بەگۆڤاری ناوخۆ بدرێت، ئەو توانایەی لەشارستانی بەکارهاتووە، لەڕووی هونەرییەوە لەگۆڤاری ناوخۆ بەکار بهاتایە زۆر باشتر دەبوو، چونکە گۆڤاری ناوخۆ خەریک بوو لەناو جەماوەرو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەناسرا.

**٢-٤: کتێب، ناملیکە**

**٢-٤-١: کتێبی (ڕێبەری ئۆتۆمبێل لێخوڕین)**[٢٦]
ئەو کتێبە هەڵکەوت عەبدوڵڵا لە دانمارکییەوە، کردوویەتی بەکوردی. بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی سەر بەوەزارەتی ناوخۆ بەچاپی گەیاندووە، لەساڵی ٢٠٠٣ بە تیراژی (٢٠٠٠) دانە بڵاوکراوەتەوە. لەچاپخانەی شڤان، بابەخێکی زۆری هەیە لەشێوازی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل کە دەکرێت لە کوردستان بەشێوازێکی ڕێکتر و شارستانیتر پەیڕەو بکرێت و سوود لەو شێوەی دانیمارکی وەربگیرێت..

**٢-٤-٢: ناملیکەی خەرمانە**

خەرمانە ناملیکەیەکی بچووکە، کۆی ئەو چالاکی و کردارانەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆیە لەماوەی ساڵی ١٩٩٩- ٢٠٠٠ ئەنجامیان داوە، بەشێوەی خشتە خراوەتە روو، ئەو ناملیکەیە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی وەزارەتی ناوخۆ بە چاپی گەیاندووە بە هاوکاری بەشی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم و لەلاپەڕە (٣)ی ناملیکەکە خشتەی ئامار و چالاکی ساڵی ١٩٩٩-–٢٠٠٠ داوە بەم شێوەی خوارەوە.
لە ماوەی نێوان ساڵی ١٩٩٩-–٢٠٠٠، (٦٨٧٢)[٢٧] تاوانبار دەستگیر کراوە بە پێی ئەو تاوانانەی خوارەوە:

| جۆری تاوان | پۆلیسی سلیمانی | | پۆلیسی کەرکووک | | پۆلیسی هەولێر | | کـــۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | تۆمارکراو | ئاشکرابوو | تۆمارکراو | ئاشکرابوو | تۆمارکراو | ئاشکرابوو | تۆمارکراو | ئاشکرابوو |
| کوشتنی بەئەنقەست | ١٢٣ | ٩٢ | ٢٥ | ١٩ | ١٠ | ٦ | ١٥٨ | ١١٧ |
| نیەتی کوشتن | ٣٦٨ | ٢٥٥ | ٣٧ | ٣٦ | ٢ | ٢ | ٢٠٧ | ٢٩٣ |
| به نەزانین کوشتن | ٨ | ٨ | ١ | ١ | ١ | ١ | ١٠ | ١٠ |
| رووداوی هاتووچۆ مردوو | ٦٧ | ٦٤ | ٢٢ | ٢٣ | ٧ | ٧ | ٩٧ | ٩٤ |
| رووداوی هاتووچۆ نەمردوو | ٤٥١ | ٤٦ | ٤٦ | ٤٦ | ٥ | ٥ | ٥٠٢٠ | ٤٨٦ |
| رفاندن | ٧٩ | ٦٩ | ٧ | ٧ | ١ | ١ | ٨٧ | ٧٧ |
| دزی گەورە | ٤٢٣ | ٢٩٣ | ٣٧ | ٢٩ | ٧ | ٧ | ٤٦٦ | ٣٢٩ |
| دزی سووک | ٢٣٦ | ١٨٧ | ٥٧ | ٥١ | ١٣ | ١٢ | ٢٠٦ | ٢٥١ |
| بەدرەوشتی | ٩٩ | ٩٧ | ٧ | ٧ | ٢ | ٢ | ١٠٩ | ١٠٧ |
| هەڵخەڵەتاندن | ٥٨١ | ٥٦٩ | ١٠٤ | ١٠٢ | ١٩ | ١٩ | ٧٠٤ | ٦٩٠ |
| بەرتیل | ٥ | ٥ | ٢ | ٢ | | | ٨ | ٨ |
| ئیتر | ٤٠٩٢ | ٢٩٧٥ | ١٠٨٨ | ١٠٨٥ | ٢١٩ | ٢١٩ | ٥٤٠٠ | ٥٢٧٩ |
| **کۆ** | ٦٤٣٢ | ٦٠٤٩ | ١٤٣٥ | ١٤٠٩ | ٢٨٧ | ٢٨٣ | ٨١٥٤ | ٧٧٤١ |

هەواڵنامەی کتێب

١- بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی ٤٨٥١ تاوانباری دەستگیر کردووە.

٢- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکووک ١٥٥٢ تاوانباری دەستگیر کردووە.

٣- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر ٥٠٢ تاوانباری دەستگیر کردووە.

ئەو ناملیکەیە هەرچەندە بچووکە، بەڵام بایەخی زۆری هەیە، چونکە ئامار بەشێکی گرنگە بۆ خۆناسین و ساغکردنەوەی مەسەلەکان و دانانی بەرنامەی گونجاوتر بەپێی ئەو ئامارەی لەبەردەستدایە. هەروەها دەتواندرێت سوودی لێوەربگیرێت بۆ توێژینەوە لەسەر هۆکاری ئەو تاوانانە و بەرز و نزمی رێژەکانیان لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە. بەڵام پێویست بوو ئەو ئامارە زیاتر ورد بکرێتەوە بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر دەستەبەر بکات هەروەک لە خشتەکە هاتووە، رەگەزی نێر، مێ دیاری نەکراوە. رێژەی قوربانیانی منداڵ دیاری نەکراوە. ئاستەکانی تەمەنی تێدا نەهاتووە، رەگەز، تەمەن، پیشەی تاوانباران دیاری نەکراوە. کە پێویست بوو ئاماژەی پێبدرێت و بۆ ئەو مەبەستەش ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن و پەیوەندییەکانە بە هاوکاری بەشی ئامار لەوەزارەت فۆرمی تایبەت بە سەرجەم وردەکارییەکانەوە دابەزێنن. بۆ بەڕێوەبەرایەتی و بنکەکان لەسەرجەم سنووری حکوومەتی هەرێم و تەئکید لەسەر راستی ئامارەکان بکرێتەوە.

**٢-٥: تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان**

**٢-٥-١: بەرنامەی گۆڤاری ناوخۆ**[٢٨]

ئەو بەرنامەیە لە تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان پەخش کراوە (١٥) بەرنامەی لە ماوەی ساڵی ١٩٩٧-١٩٩٨ پێشکەش کردووە. لەئامادەکردنی، بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆ و پێشکەش کردنی: نەقیبی هاتووچۆ، ئاراس بەکر هەلاج و مولازمی پۆلیس، ئاسۆ ئیبراهیم، ئەو بەرنامە دوو بەش بووە: بەشێک پەیوەندی بەهاتووچۆوە

بوو، بەشـی دووەمی بەرنامەکەش پەیوەندی بەکاروچالاکییەکانی پۆلیسەوە هەبووە.

**٢-٥-٢ بەرنامەی (هاتووچۆ)**(٢٩)

لـە ئامادەکـردن و پێشکەشـکردنی رائیـدی هاتووچۆ **(ئاراس بەکر هەلاج)** لە ساڵی ٢٠٠١ بەسەرپەرشـتی بەڕێوەبـەری هاتووچـۆی سـلێمانی لیـوا محەمـەد حەمە بابەکـر ئاغا بەڕێوەچـووە (٩) بەرنامـەی لـێ پێشـکەش کراوە. بەرنامەکانی پێکهاتبوون لە:

- وتەی بەرنامە
- ڕێنماییەکانی هاتووچۆ
- نیشانەکانی هاتووچۆ
- نیشاندانی ڕووداوێک
- ئاگادارییەکان

٢-٥-٣ بەرنامەی هاتووچۆ و کۆمەڵ(٣٠)

لە ساڵی ١٩٩٨ تا ٢٠٠٣ تەنیا شەش بەرنامەی لێ پێشکەشکراوە. لە ئامادە و پێشکەشکردنی نەقیبـی هاتووچۆ **(شـاخەوان محەمەد)**. ئەو بەرنامەیە تایبەت بووە بەکاروباری هاتووچۆ لە تەلەڤزیۆنی گەلی کوردسـتان کەناڵی کۆیە پەخشـکراوە. دوا بەرنامەی لە لایەن ملازمی یەکەم زاهیر پێشکەش کراوە.

ناوەڕۆکی بەرنامەکە:

- وتەی بەرنامە.
- شیکردنەوەی یاساکانی هاتووچۆ.
- سـەردانی قوتابخانـە سـەرەتاییەکان بەمەبەسـتی دروسـتکردنی دەسـتەی چاودێری.
- هێماکانی هاتووچۆ
- نیشاندانی ڕووداوێک، یان چاوپێکەوتنێک

**پەراوێزەکانی بەشی دووەم:**

**١. مستەفای سەید قادر، گۆڤاری ناوخۆ، ساڵی١٩٩٨، ژمارە (١)، ل٣.**
**٢. وێنەکە گوزارشت لە چەسپاندنی (مافەکانی مرۆڤ) دەکات.**
**٣. وێنەی بەشداری کردنی پۆلیس لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکان ساڵی ٢٠٠٠.**
**٤. وەزیری ناوخۆ بوو لەگەڵ تەواوبوونی پۆستەکەی خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە نەما.**
**٥. لیوا عومەر حاجی حەسەن، فەرەیدون، عەلی شەریف، نەزەر عەلی ئەکبەر، مەحموود زاهیر سادق.**
**٦. سەیفەدین، سەید ئەحمەد حەمە لاو، بەیان عیسا، فەرەیدون عومەر، خەیری شەنگاڵی.**
**٧. گۆڤاری ناوخۆ: ژمارە ١، ساڵی ١٩٩٨، ل ٨٤.**
**٨. هەردوو ژمارەکە بە یەکەوە دەرچوونە. ساڵی دەرچوونی دیاری نەکراوە.**
**٩. هەردوو ژمارەکە بەیەکەوە دەرچوو ساڵی چوارەم ٢٧٠٢ی کوردی ٢٠٠٢ زایینی.**
**١٠. شێخ عەبدول، گۆڤاری ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن، ژمارە (١) ل٥.**
**١١. هەمان سەرچاوە، ژمارە (١)، ل ٦.**
**١٢. عەمیـد نەزەر عەلی ئەکبەر، گۆڤاری ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆ، سـلێمانی، ساڵی ١٩٩٨، ژمارە (١) ل ٢٣.**
**١٣. هەڤـاڵ غەفور، گۆڤاری ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن، وەزارەتی ناوخۆ، سـلێمانی سـاڵی ١٩٩٩، ژمارە (٢)ی ل ١٣.**
**١٤. عەقیدی هاتووچۆ مەریوان شێخ کەمال: گۆڤاری ناوخۆ، بنچینە بنەڕەتییەکانی لێکۆڵینەوە، بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی وەزارەتی ناوخۆ، سلێمانی. ساڵی ١٩٩٩، ژمارە ٣، ل٢٤.**
**١٥. بەیان عیسـا: جێگری دادوەری گشتی بابەتی لە زۆربەی ژمارەکانی بڵاو بۆتەوە، بڕوانە گۆڤاری ناوخۆ، ل ٥١، ژمارە (٣).**

هەواڵنامەی کتێب

١٦. ئاراس بەکر هەلاج: هەمان سەرچاوەی پێشووتر. ل ٥٥.
١٧. سوارە قەڵادزەیی: گۆڤاری ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندی وەزارەتی ناوخۆ، ساڵی ١٩٩٩، سلێمانی، ژمارە ٤، ل ٢٩.
١٨. گۆڤـــاری ناوخۆ: نزمبوونەوەی ڕێژەی تاوان، بەڕێوەبەرایەتـــی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان لە وەزارەتی ناوخۆ، سلێمانی، ساڵی دووەم ٢٠٠٠ ژمارە ٤، ل ٤٠، ل ٤٤، ل ٤٣.
١٩. مەلا بەختیار: ئەرکەکانمان لەسەر. گۆڤاری ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی وەزارەتی ناوخۆ. ساڵی دووەم ٢٠٠٠، ژمارە (٨)، ل (٦، ٧، ٨).
٢٠. بەختیار محەمەد: گۆڤاری ناوخۆ، لەنێوان ڕێپێدان و ڕێپێنەداندا. ساڵی ٢٠٠١، ژمارە (٩)، ل ٥٣.
٢١. ئەمین سالح: خۆ بچووکردنەوە، گۆڤاری ناوخۆ، ساڵی سێیەم ٢٠٠١، ژمارە ١٠، ل ٥٦، ل ٥٧.
٢٢. ژمارە (١٣، ١٤) بەیەکەوە لە گۆڤاری ناوخۆ دەرچووە، ســـاڵی چوارەم ٢٠٠٢ زایینی و دوا ژمارەی گۆڤاری ناوخۆیە.
٢٣. ئەوکات وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێم ـ لە سلێمانی بوو، ساڵی ٢٠٠٣.
٢٤. یەکێک لەدروشمەکانی لەلاپەڕەی کۆتایی لە گۆڤاری شارستانی ٢٠٠٣ سلێمانی.
٢٥. توێـــژەر: خوێندنـــەوەی کتێبی ڕێبەری ئۆتۆمبێل لێخوڕین، هەفتەنامەی ناوخـــۆ، ژمارە (١) ئاداری ٢٠٠٤ سلێمانی.
٢٦. خەرمانە: کارو چالاکییە خزمەتگوزارییەکانی وەزارەتی ناوخۆ لە ساڵی ١٩٩٩ـ٢٠٠٠، ل ٣.
٢٧. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ نەقیبی پۆلیس ئاسۆ ئیبراهیم، سلێمانی ٢٠٠٤/١/٢٧.
٢٨. چاوپێکەوتنی توێژەر: لەگەڵ ڕائیدی هاتووچۆ (ئاراس بەکر هەلاج) سلێمانی، ٢٠٠٤/١/٢٥.
٢٩. توێژەر خۆی پێشکەشکەرە و ئامادەکاری بەرنامەکە بووە.

نووسین لەبوارە جۆر بەجۆرەکانی سەر بە ئاسایشی ناوخۆ لە گۆڤاری زانکۆ

| ژ | ژمارەی گۆڤار | ژمارە ای گۆڤاری ناوخۆ | ژمارە ٢ | ژمارە ٣ | ژمارە ٤ | ژمارە ٥ | ژمارە ٦ | ژمارە ٧ | ژمارە ٨ | ژمارە ٩ | ژمارە ١٠ | ژمارە ١١-١٢ | ژمارە ١٣-١٤ | کۆی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئاسایش | | ٢ | ٢ | ٥ | ١ | ١ | ١ | ٤ | ٢ | | | | ١٨ |
| ٢ | پۆلیس | ٧ | ١١ | ١٠ | ١٣ | ١١ | ١١ | ٩ | ١١ | ١٤ | ٤ | ٨ | ١١ | ١١٣ |
| ٣ | هاتوچۆ | | ١ | ٦ | ٣ | ٢ | ٢ | ٣ | ٣ | | ٣ | ١ | ٤ | ٢٨ |
| ٤ | بەرگری | | ١ | | | | ١ | ١ | ١ | | | | ١ | ٥ |
| ٥ | گشتی | ٩ | ١١ | ١٣ | ١٥ | ١٤ | ١٣ | ١٤ | ١٤ | ١٢ | ١١ | ٩ | ٧ | ١٤٢ |
| ٦ | کاری یاسایی | ١ | | | | | ٤ | ٥ | ٣ | ٣ | ٢ | | | ١٨ |
| ٧ | ڕەگەزنامە | | | | | ١ | | | | | | ١ | | ٢ |
| کۆی | | | | | | | | | | | | | | ٣٢٦ |

خشتەی ژمارە (١)، (٢٢٦) بابەت لە (١٤) ژمارەی گۆڤاری ناوخۆ

| ژمارەکانی گۆڤاری ناوخۆ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١-١٢ | ١٣-١٤ | کۆی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نووسین | ١٤ | ٥ | ٨ | ١٦ | ١٥ | ١٥ | ١٩ | ١٨ | ١٧ | ٤ | ١١ | ٥ | ١٤٧ |
| وەرگێڕان | ١ | | ٣ | ٦ | ٧ | ٦ | ٥ | ٩ | ٤ | ٣ | ٤ | ٢ | ٥٠ |
| ئامادەکردن | | ١٨ | ١٥ | ١١ | ١٠ | ٧ | ١٢ | ٩ | ٦ | ١٢ | ٥ | ١٢ | ١١٧ |

## وێنەی بەرگی گۆڤارەکانی ناوخۆ

| ژمارەی گۆڤاری ناوخۆ | بەرگی یەکەم | بەرگی دووەم کۆتایی |
|---|---|---|
| ١ | چوار وێنەی بچووک کراوەی هێزەکانی ئاسایش | بینایەی وەزارەتی ناوخۆ |
| ٢ | وێنەیەک لە کاتی (حرس جمع) بەردەم وەزارەت | سێ وێنەی هاوشێوەی منداڵان گوڵ پێشکەش بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەکەن |
| ٣ | پۆلیسێکی هاتووچۆ چوار منداڵ لە شەقام دەپەڕێنێتەوە | چوار وێنەی بچووک کراوەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ |
| ٤ | ئاهەنگی دەرچوونی خولی یەکەمی ئەفسەرانی پۆلیس | شەهیدی فەرماندە حەمەرەش بە جل و بەرگی کوردییەوە |
| ٥ | سەردانی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دیوانی وەزارەتی ناوخۆ | بەشداری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە نەمام چاندن |
| ٦ | بەشداری کردنی پۆلیس لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکان بە (کامێرای کوردستانی نوێ) | وێنەی شەهید خالید عەبدوڵڵا فەتحوڵا |
| ٧ | سەردانی بەڕێز مام جەلال سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ وەزارەتی ناوخۆ | فولکەی بەردەرکی سەرا ساڵی ١٩٦٣ |
| ٨ | چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ نەخشەسازی هونەرمەند (سەرووت ئەنوەر سەون) | دیمەنێکی قەڵای شاری کەرکووک. |
| ٩ | کۆبوونەوەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان (مام جەلال) لەگەڵ بەرپرسانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ | ئاهەنگی دەرچوونی خولی سێیەمی ئەفسەرانی ئاسایش |
| ١٠ | خوێندکارانی خولی یەکەمی کۆلیژی پۆلیس بە جل وبەرگی دابەزینەوە | خوێندکارانی خولی یەکەمی کۆلیژی پۆلیس بە جل و بەرگی خوێندنەوە |
| ١١-١٢ | کۆترێکی گەورەی ڕەنگ سپی لەسرە بینایەی وەزارەتی ناوخۆ باڵەکانی لێککردۆتەوە | لە بەرگێکی سەوزی نەخشێندراو ئارمی پۆلیس دەرکەوتووە |
| ١٣-١٤ | وێنەیەک بەشێوەی هێما | وێنەی پێنج شەهیدی دەستی هێرشە تیرۆریستەکەی ڕۆژی ٢/٤/ ٢٠٠٢کە بە خوێنی گەشیان پارێزگاریان لە حکوومەتی هەرێم کرد. |

## دەستەی گۆڤاری ناوخۆ

| ستافی گۆڤار | ژمارە ١ | ژمارە ٢ | ژمارە ٣ | ژمارە ٤ | ژمارە ٥ |
|---|---|---|---|---|---|
| خاوەن ئیمتیاز | مستەفای سەید قادر | مستەفای سەید قادر | مستەفای سەید قادر | مستەفای سەید قادر | مستەفای سەید قادر |
| سەرنووسەر | هەڤاڵ غەفور مەحەمەد | هەڤاڵ غەفور مەحەمەد | هەڤاڵ غەفور مەحەمەد | هەڤاڵ غەفور مەحەمەد | هەڤاڵ غەفور مەحەمەد |
| راوێژکاران | لیوا عومەر حاجی حەسەن<br>لیوا فەرەیدوون عەلی شەریف<br>عەمید نەزەر عەلی ئەکبەر<br>عەمید تاهیر سادق | لیوا ئەحمەد موسا خدر<br>لیوا عومەر حاجی حەسەن<br>لیوای یاسایی فەرەیدوون ـ لیوای<br>یاسایی نەزەر عەلی ئەکبەر<br>عەمید مەحمود تاهیر | | | |
| دەستەی نووسەران | | | لیوا ئەحمەد موسا ـ عەمید مەحموود<br>تاهیر سەدیق<br>عەقید سەردار عەزیز کاکەیی ـ ملازم<br>ئاسۆ ئیبراهیم<br>پارێزەر بەیان عیسا ـ شێخ عەبدول | لیوا ئەحمەد موسا<br>عەمید مەحموود تاهیر سەدیق<br>عەقید سەردار عەزیز کاکەیی ـ ملازم<br>ئاسۆ ئیبراهیم<br>پارێزەر بەیان عیسا ـ شێخ عەبدول | لیوا ئەحمەد موسا<br>عەمید مەحموود تاهیر سەدیق<br>عەقید سەردار عەزیز کاکەیی ـ ملازم ئاسۆ ئیبراهیم<br>پارێزەر بەیان عیسا ـ شێخ عەبدول |

## دەستەی گۆڤاری ناوخۆ

| ستاڤی گۆڤار | ژمارە ٦ | ژمارە ٧ | ژمارە ٨ | ژمارە ٩ | ژمارە ١٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| خاوەن ئیمتیاز | مستەفای سەید قادر | مستەفای سەید قادر | مستەفای سەید قادر | مستەفای سەید قادر | وەزارەتی ناوخۆ |
| سەرنووسەر | هەڤاڵ غەفور محەمەد | هەڤاڵ غەفور محەمەد | هەڤاڵ غەفور محەمەد | عەبدولرەحمان قادر<br>(شێخ عەبدول) | عەبدولرەحمان قادر<br>(شێخ عەبدول) |
| ڕاوێژکاران | | | لیوا ئەحمەد موسا خدر<br>عەمید مەحموود تاهیر سادق<br>د. خسرۆ گول محەمەد<br>شێخ عەبدول | لیوا ئەحمەد موسا خدر<br>عەمید مەحموود تاهیر سادق<br>د. خسرۆ گول محەمەد ـ شێخ عەبدول<br>ملازمی یەکەم ئاسۆ ئیبراهیم | لیوا ئەحمەد موسا خدر<br>عەمید مەحموود تاهیر سادق<br>د. خسرۆ گول محەمەد ـ شێخ عەبدول<br>ملازمی یەکەم ئاسۆ ئیبراهیم |
| دەستەی نووسەران | لیوا ئەحمەد موسا خدر<br>مەحمود تاهیر سادق<br>سەردار عەزیز کاکەیی<br>شێخ عەبدول<br>ئاسۆ ئیبراهیم ساڵح<br>بەیان عیسا | لیوا ئەحمەد موسا خدر<br>مەحمود تاهیر سادق<br>سەردار عەزیز کاکەیی<br>بەیان عیسا<br>ئاسۆ ئیبراهیم ساڵح<br>شێخ عەبدول | سەیفەدین عەلی ئەحمەد<br>سەردار عەزیز کاکەیی<br>بەیان عیسا | سەیفەدین عەلی ئەحمەد<br>سەردار عەزیز کاکەیی<br>بەیان عیسا | سەیفەدین عەلی ئەحمەد<br>سەردار عەزیز کاکەیی<br>بەیان عیسا |

| سەرپەرشتی هونەر | ژمارە ١ | ژمارە٢ | ژمارە٣ | ژمارە٤ | ژمارە٥ | ژمارە٦ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرپەرشتی گۆڤار | ئالان ڕەئوف | | عەبدولحسین عەبدوڵلا | محەمەد نەجمەدین | ئاسۆ ئیبراهیم | ئاسۆ ئیبراهیم |
| کۆمپیوتەر | ڕۆژ (تاقگە نوری) | ئێواران (تاقگە نوری) | هۆشیار حەمەغەریب | هۆشیار حەمەغەریب | هۆشیار حەمەغەریب | هۆشیار حەمەغەریب |
| چاپخانە | ئۆفسێتی کوردستان | چاپخانەی ڕون هۆشیار هۆگر | چاپخانەی ڕون | ڕون | ڕون | ڕون |
| نەخشەساز | | حسێن عەبدوڵلا | | | | |
| هەڵەچن | | ئاسۆ ئیبراهیم | محەمەد کەساس | محەمەد کەساس | محەمەد کەساس | محەمەد کەساس |
| جیاکردنەوەی ڕەنگ | | | | | کۆمپیوتەری داناز سامان محەمەد | کۆمپیوتەری داناز سامان محەمەد |
| پێداچوونەوە | | | | | | ڕێباز مەحمود |
| چاپی بەرگ | | | | | | |
| فۆتۆ | | | | | | |

| سەرپەرشتی هونەر | ژمارە٧ | ژمارە ٨ | ژمارە ٩ | ژمارە ١٠ | ژمارە ١١-١٢ | ژمارە ١٣- ١٤ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرپەرشتی گۆڤار | ئاسۆ ئیبراهیم | ئاسۆ ئیبراهیم | ئاسۆ ئیبراهیم | ئاسۆ ئیبراهیم | حەسەن خۆشناو | حەسەن خۆشناو |
| کۆمپیوتەر | دیار عەبدوڵلا | عەبدولکەریم مەحمود<br>سەنا بەکر | عەبدولکەریم مەحمود<br>نازەنین عەبدولڕەحمان<br>سەنا بەکر | عەبدولکەریم<br>مەحمود | عەبدولکەریم مەحمود<br>نازەنین عەبدولڕەحمان<br>سەنا بەکر | عەبدولکەریم مەحمود<br>نازەنین عەبدولڕەحمان<br>سەنا بەکر<br>شەوبۆ محەمەد |
| چاپخانە | رون | روون | تیشک و ئاکۆ محەمەد | چاپخانەی وەزارەت | چاپخانەی وەزارەت | ژیار |
| نەخشەساز | | | | | | |
| هەڵەچن | رێباز مەحمود | رێباز مەحمود | رێباز مەحمود | شێرزاد عوسمان | رێباز مەحمود | رێباز مەحمود |
| جیاکردنەوەی رەنگ | کۆمپیوتەری داناز<br>سامان محەمەد | کۆمپیوتەری داناز<br>سامان محەمەد | کۆمپیوتەری داناز<br>سامان محەمەد | کۆمپیوتەری داناز<br>سامان محەمەد | کۆمپیوتەری داناز<br>سامان محەمەد | کۆمپیوتەری داناز<br>سامان محەمەد |
| پێداچوونەوە | رێباز مەحمود | محەمەد کەساس | محەمەد کەساس | | | |
| چاپی بەرگ | | | | رون | تیشک | تیشک |
| فۆتۆ | | | | | | محەمەد کەریم<br>ئاسۆ عومەر |

## دەرئەنجام

لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەم کە دەربارەی ڕۆژنامەوانییە لە بواری ئاسایشی ناوخۆ، گەیشتمە ئەو دەرەنجامە کە دەتوانم بە چەند خاڵێک دەریان بخەم.

١. هەستکردن بەوەی کاری ڕۆژنامەوانی لەو بوارە زۆر کزە. بەتەواوی بەردەمی خۆی رووناک ناکاتەوە.
٢. قەڵەمی بەهێز کاری تێدا ناکات.
٣. پەرتەوازەیی و پەرش و بڵاوی پێوە دیارە.
٤. کۆنترۆڵی تەواوی لەدەستی بەرپرسی یەکەمی وەزارەتە.
٥. زۆر بابەتەکانی بڵاوکراونەتەوە، وەرگێڕان، ئامادەکردنە.
٦. نەیتوانیوە ببێتە پردێکی بەهێز لەنێوان دەزگاکانی پۆلیس و هاووڵاتییان.
٧. زیاتر لەبڵاوکراوەیەک دەچێت تەنیا بۆ ناو وەزارەت بێت.
٨. ئەفسەرە پلە بەرزەکان ڕێگایان لەکارمەند و ئەوانەی خوارووی خۆیان داخستووە.
٩. جەماوەر ئاشنایەتی لەگەڵ ڕاگەیاندنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ نییە.
١٠. بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان زۆر لاسایی کەرەوە (تقلیدی)یە، ماوەی لە بەرنامەیەکەوە بۆ بەرنامەیەکی دیکە زۆرە، زۆربەی بەرنامەکانیش پەیوەندییان بە هاتوچۆوە هەیە و لایەنەکانی تر فەرامۆش کراوە.
١١. ڕاگەیاندن لە وەزارەتی ناوخۆ لەچاو کارەکانی دیکە، کەوتۆتە پەراوێزەوە.

## سەرچاوەکان:


**کتێب بە زمانی کوردی:**

**١. ئاراس بەکر هەلاج: نیشـــانەکانی هاتووچۆی جیهانی و چەند ڕێنماییەک لەساڵی ١٩٩٩ لەسلێمانی بە چاپ گەیشتووە.**

**٢. د. احمد ابو الروس: تاوانی گیرفان بڕین، وەرگێڕانی فەرەیدون عومەر، ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنییەت (C.D.O) پرۆژەی هۆشیاری یاسایی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بۆ کارمەندانی پۆلیس و ئاسایش، ئۆفیسی سلێمانی، ٢٠٠٣، نامیلکەی یەکەم.**

**٣. احمد ابو الروس: تاوانی ئۆتۆمبێل دزین، وەرگێڕانی فەرەیدون عومەر ڕێکخراوی گەشـــەپێدانی مەدەنییەت (C.D.O) پرۆژەی هوشـــیاری و یاســـایی و پاراســـتنی مافەکانی مرۆڤ بۆ کارمەندانی پۆلیس و ئاســـایش، ئۆفیسی سلێمانی ساڵی ٢٠٠٣، نامیلکەی دووەم.**

**٤ـ ئەحمەد ســـاڵح: دەربارەی ڕاگەیاندن، ئامادەکردنی مەڵبەندی ڕێکخســـتنی ســـلێمانی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە چاپی گەیاندووە، سلێمانی ساڵی ١٩٩٤ .**

**٥. بێستوون نورەدین: ڕێنمایی خۆپاراستن، چاپی یەکەم، هەولێر ساڵی ٢٠٠٣.**

**٦. هەڵکـــەوت عەبدوڵڵا: ڕێبـــەری ئۆتۆمبێل لێخوڕیـــن، وەرگێڕانـــی لەدانیمارکییـــەوە، وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی گشتی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ساڵی ٢٠٠٣ .**

**٧. وەزارەتی پەروەردە: ڕێنماییەکانی هاتووچۆ بۆ قوتابیان و خوێندکاران، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و نەخشەکێشان، چاپخانەی سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٠ ـ ٢٠٠١ .**

**٨. حسن نبی حسین: کازم کۆیی: ئامۆژگاری و هێماکانی هاتووچۆ، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٠ ز.**

**٩. د. یوسف محی الدین: ڕاگەیاندن، گەشەســـەندنی شێوازەکانی هۆیەکانی، وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە سەلام کەریم، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی بانگەوازی ڕووناکبیری ئیسلامی کوردستان، ساڵی ٢٠٠١.**

**١٠. د. کەمال مەزهەر: تێگەیشتنی ڕاستی شوێنی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، بەغداد، ساڵی ١٩٧٨ .**

**١١. خەرمانە: بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی وەزارەتی ناوخۆ بە چاپی گەیاندووە، بەهاوکاری بەشی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس، لە ١٩٩٩ـ ٢٠٠٠ .**

**سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:**

**١٢. د. محمد بن عبدالرحمن الحضیف: کیف تؤثر وســـائل الاعلام؟ دراسة في النظریات الاعلام، ال. الثاني سنة ١٤١٩ ە. ١٩٩٨ م.**

**١٣. د. فارس منصور: حول الاعلام، مەڵبەندی ڕێکخســـتنی ســـلێمانی یەکێتیی نیشـــتمانیی کوردستان، لەژێر چاودێری بەشی ڕاگەیاندن لەتەمموزی ١٩٩٧، لەسلێمانی لە چاپ دراوە.**

**گۆڤارە کوردییەکان:**

**١٤. گۆڤاری پۆلیس: گۆڤارێکی ڕۆشنبیری مانگانەیە، خولی یەکەمی ئەفسەرانی پۆلیس دەریکردووە، لەهەولێر، ژمارە یەکی لە ساڵی ١٩٩٦ دەرچووە.**

**١٥. رایـــەن: گۆڤارێکـــی وەرزی تایبەتە بە ڕاگەیاندن و کاری ڕۆژنامەوانی بایەخ بـــە وەرگێڕانء توێژینەوەی زانستی دەدات، ساڵی سێیەم، ژمارەی (٧، ٨) زستان و بەهاری ٢٠٠٣.**

**١٦. شارستانی: گۆڤارێکی دوو مانگییە، وەزارەتی ناوخۆ دەریدەکات، ژمارە یەکی لە نیسانی ٢٠٠٣ دەرچووە.**

**١٧. گۆڤاری ناوخۆ: بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆ دەری کردووە، لە پایزی ١٩٩٩ لە چاپخانەی ئۆفێستی کوردستان، لەسلێمانی چاپکراوە، ساڵی یەکەم، ژمارەی یەکەم.**

**١٨. گۆڤاری ناوخۆ: ژمارە (٢)ی لە ساڵی ١٩٩٩ لە چاپخانەی ڕوون چاپکراوە.**

**١٩. گۆڤاری ناوخۆ: ژمارە (٣)ی ساڵی یەکەم، خەرمانانی ١٩٩٩ لە چاپدراوە.**

**٢٠. گۆڤاری ناوخۆ: ژمارە (٤)ی ساڵی یەکەم لەساڵی ١٩٩٩ لە چاپ دراوە.**

٢١. گۆڤــاری ناوخۆ: بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی وەزارەتی ناوخۆ دەریکردووە، ژمارە (٥)ی ساڵی دووەمی ٢٠٠٠ لە چاپخانەی روون دەرچووە.
٢٢. گۆڤاری ناوخۆ: بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی وەزارەتی ناوخۆ، دەریکردووە، ژمارە (٦)ی ساڵی دووەم لە ساڵی ٢٠٠٠ دەرچووە.
٢٣. گۆڤاری ناوخۆ: ژمارە (٧)ی ساڵی دووەمی، تەمموزی ٢٠٠٠ دەرچووە.
٢٤. گۆڤاری ناوخۆ: ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٠ دەرچووە.
٢٥. گۆڤاری ناوخۆ: ژمارە (٩)ی ساڵی سێیەم لە ٢٠٠٠ دەرچووە.
٢٦. گۆڤاری ناوخۆ: ژمارە (١٠)ی ساڵی سێیەم (ساڵی ٢٠٠١) دەرچووە.
٢٧. گۆڤاری ناوخۆ: ژمارەی (١١، ١٢)ی ساڵی سێیەم ساڵی دەرچوونەکەی نەنووسراوە.
٢٨. گۆڤــاری ناوخۆ: ژمارە (١٣، ١٤)ی ســاڵی چوارەم لە ٢٠٠٤ زایینی بەشــی راگەیانــدن و پەیوەندییەکانی وەزارەتی ناوخۆ دەریکردووە لە سلێمانی.

گۆڤارە عەرەبییەکان:
٢٩. مجلة الشرطة: مديرية العامة الشرطة في بغداد، سنة ١٩٥٧ العدول.
٣٠. مجلة الشــرطة: شــعبة اعلانــات العامة فــي مديرية الشــرطة العامة: العــدد ٣٥ (ســاڵی دەرچوونی نەنووسراوە)
٣١. مجلة المرور: مجلة فصلية تصدرها مديرية المرور العامة، بغداد، سنة ١٩٥٨ عدد (١).
٣٢. مجلة الساهرون: مديرية العامة الشرطة: بغداد سنة ١٩٨١ عدد (٢).
٣٣. مجلة قوى الامن: مجلة فصلية تصدرها الشرطة العامة، بغداد، العدد ٥٨، لسنة ١٩٨٦.

ڕۆژنامەکان:
٣٤. ڕۆژنامەی هی کاف: ژمارە (٢٠٦) ڕۆژی پێنج شەممەی ١٩٩٩/٢/٤ هەولێر.
٣٥. ڕۆژنامەی برایەتی: ژمارە ٣٩٠٢ لە ٢٠٠٣/١/٢٧.
٣٦. ڕۆژنامەی برایەتی: ژمارە ٢٧٥٧ لە چوار شەممەی ساڵی ١٩٩٩/١/١٣.
٣٧. فریا: بڵاوکراوەیەکی فریاگوزاری هۆشــیارییە، کۆمەڵەی بەرگری لــە ڕووداوە دڵتەزێنەکان مانگی جارێ دەریدەکەن، ژمارە (سفر)ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٠.
٣٨. هەفتەنامەی ناوخۆ: هەفتەنامەیەکی وەزارەتی ناوخۆیە، مانگی دوو جار لەشــێوەی ڕۆژنامە دەردەچێت، ژمارە (١)ی ئاداری ٢٠٠٤ .

چاوپێکەوتنەکان:
٣٩. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاسۆ ئیبراهیم: سلێمانی ٢٠٠٤/١/٢٢.
٤٠. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەقیدی هاتووچۆ (قادر سەدیق) هەولێر ٢٠٠٤/٢/١
٤١. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ رائیدی بەرگری شارستانی (ئاراس بەکر هەلاج) سلێمانی، ٢٠٠٤/١/٢٥.

محازەرەکان:
٤٢. د. ئەرسەلان بایز: چەند محازەرەیەک، زانکۆی سلێمانی، زانستە مرۆییەکان، بەشی ڕاگەیاندن، محازەرەی مێژووی ڕاگەیاندن لە قۆناغی یەکەم ساڵی ٢٠٠١.
٤٣. د. موەفەق دەرگەڵەیی، چەند محازەرەیەک، زانکۆی سلێمانی، زانستەکان، بەشی ڕاگەیاندن، محازەرەی تیۆری ڕاگەیاندن، قۆناغی یەکەم ساڵی ٢٠٠٠.
٤٤. م. عەبد: چەند محازەرەیەک لە زانکۆی ســلێمانی، زانســتە مرۆڤایەتییەکان بەشــی ڕاگەیاندن، بەشی ڕۆژنامە، قۆناغی سێیەم، ساڵی ٢٠٠٣ .


وەزارەتی ناوخۆی هەریمی کوردستان

بەریوەبەرایەتی پولیس گشتی

کولیەی پولیس

پۆلیس

Police

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری مانگانەیە خولی یەکی ئەفسەرانی پۆلیس دەری دەکات

پۆلیس/ حوزەیران/١٩٩٦



مجلة الشرطة

تصدرها مديرية الشرطة العامة

العدد الاول | نيسان ١٩٥٧ | السنة الاولى

مطبعة العاني - بغداد



گۆڤاری ناوخۆ

1

ئایاری ١٩٩٨

وەرزنامەیەکی تایبەتە بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ

بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆ دەری دەکات


مجلّة
الشرطة والأمن
مديرية الشرطة العامة



هەواڵنامەی کتێب



شارستانی

گۆڤارێکی دوومانگییە وەزارەتی ناوخۆ دەریدەکات

1

نیسانی ٢٠٠٣

| | |
|---|---|
| دیاریکردنی سنووری دەسەلات | فەرەیدون عەبدولقادر |
| ئاسۆی سیاسیی کوردستان | ئەکرەمی میهرداد |
| لە مافە سیاسییەکانی مرۆڤ | چێنەر عەلی جۆلا |
| دەربارەی سۆسیۆلۆژیای جیهانگیری | شاهۆ سەعید |
| دامەزراوەکان و پەیوەندییەکانی دەسەلات | هەلکەوت عەبدوللا |
| سایکۆلۆژیای توندڕەوی | سابیر بەکر بۆکانی |
| شێتەلکاری ڕامیاری بۆ دیاردەی شارنشینی | جەزا توفیق تالیب |
| سەرخۆشی و قورسکردنی بەرپرسیارێتی سزایی | حاکم قوباد |
| سەگی پۆلیسی | پەشێو فەریدی |

Şaristanî

# شۆڕشی پەیوەندییەکان و تەکنەلۆژیای نوێ و کاریگەرییان لەسەر جیهانی سێیەم

د.محمد دلێر أمین میسری

شۆڕشی پەیوەندییەکان یان شۆڕشی زانیاری و گۆڕانکاری خێرا، کەبە شەپۆلی سێیەمی شۆڕشی نوێی ڕاگەیاندن ناوزەد کراوەو لەسەدەی پێشوودا سەری هەڵداو تەواوکەری پەیامی شۆڕشی چاپەمەنی سەدەی پانزدە و ئاژانسی دەنگ و باسەکانی سەدەی نۆزدەیە، دیاردەیەکی جیهانگیرییە، هۆکارێکی گرنگ و بەرچاوی سوود وەرگرتنە لە تەکنەلۆژیای نوێ و هاتنە ئارای داهێنانی سەرسوڕهێنەر و چاوەڕوانەکراو.

گەرچی شۆڕشەکانی ڕاگەیاندن ئەو گرکانە بەهێزبوون، کات و شوێنیان گۆڕی و جوگرافیا و نەخشەی داڕێژراوی گۆی زەویان کورت کردەوە و لەبەرانبەردا هزری مرۆڤ ئاراستەیان فراوان کرد، بەڵام بەدەر لە شۆڕشەکانی دیکە، شۆڕشی پەیوەندییەکان خەیاڵی مێژینەی کردە واقیع و بەرگ و سیمایەکی دیکەی دا بە تۆڕی پەیوەندییەکان کە زیادەڕۆیی نییە بە ((**چرکەساتی پەیوەندی مرۆڤایەتی**)) ناو ببرێت. ئەگەر کۆمەڵگا لەبەررۆشنایی کەناڵ و پرۆسەی پەیوەندیدا، شی بکرێتەوە، نهێنییەک نەما بێ بلاژوکتەری ڕاگەیاندن، ئاشکرای نەکات، وەک مارشال مالکوهن لە شەستەکانی سەدەی پێشوودا پێشبینی کردبوو، جیهان گوندێکی بچووکە و شووشەیی یە هەموو تاکاکانی ئەتوانن یەکتر ببینن و ڕاوبۆچوون بگۆڕنەوە.

دیارە وەک هەموو دەستکەوتێکی مرۆڤایەتی، ئەم شۆڕشە لایەنی ڕووناک و تاریکی هەیە، سوودمەندە بۆ داهێنەرانی وبەرژەوەندی وئامانجی ئایندەیان تاڕادەیەکی لەبەرچاو بۆ جیهانی سێ و ئەو نەتەوەو دەسەڵاتانەی بەهۆی ژێر دەستەیی و گەمارۆی ڕۆشنبیری و ئابوورییە، قۆناغەکانی گەشەکردنی ئاساییان تێنەپەڕاندووە، زیان بەخشە لەبەرئەوەی ئامادەیی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسییان بۆ ئەم پێشهاتە گەورەیە نەبووە، چوونە ژێر چەتری سستمی نوێی ڕاگەیاندن و تۆڕی پەیوەندییەکان بە زۆر یان بە ئارەزوو، ئەنجامی باش و خراپی لێدەکەوێتەوە، کە وردە وردە هەست بە ئاکامەکانی دەکەین و بەشێوە سادەکەی ئەو پرسیارەی لادروست کردوین، ئەم شۆڕشە چی پێ بەخشین و چی لێسەندینەوە؟ ئەم نووسینە هەوڵێکی سەرەتاییە بۆ دەست نیشانکردنی ئەو دوولایەنە بە شێوازێکی زانستی و دوور لەسۆز، لەبەرۆشنایی دیدو بۆچوونی ئەو تیۆرو ڕێبازە زانستییانەی ڕاگەیاندن کەلە مێژووە خۆیان بەشیکردنەوەی ئەم دیاردەو ڕووداوە گرنگەوە سەرقاڵ کردووە، لەگەڵ لێدانی زەنگی مەترسی و وریاکردنەوەدا، ڕێنوێنی و ئاراستەمان دەکەن

بۆئەوەی بتوانین لەبەرامبەر ئەم شاڵاوەدا، ئەوەندەی دەکرێ بە هۆشیارییەوە هەڵس وکەوت بکەین، بەکەمترین بەخشین، زۆرترین دەستکەوت بقۆزینەوە.

دەرهاویشتەکانی شۆڕشی پەیوەندییەکان زۆر کاردانەوەو دیمەنی جیاجیایان هەیە، ڕۆژانە درک بە ڕەنگ و سیما و کاریگەریان دەکەین، ناکرێ لێرەدا، ئاماژە بە وردەکارییەکانی بدەین، هەوڵ دەدەین تەنیا هێڵە گشتییەکانی دیاری بکەین:



١. گەورەترین دەرفەتی بۆ بڵاوبوونەوەی زانیاری و زانست ڕەخساندوە، بە شێوەیەک گەر شۆڕشی پیشەسازی بەهۆی توانای بەدەستهێنانی ئامێری بەرهەم هێنەرەوە جیهانی دابەش کردبێ بۆ دەوڵەتی خاوەن پیشەسازی پێشکەوتوو، کشتوکاڵی دواکەوتوو کردنی بەدوو بلۆکی ناتەباو دوور لەیەکتر، ئەوا بەدەست خستنی زانیاری و کۆدەکانی بووە هۆکاری دابەش کردنێکی دیکە، دەوڵەتی خاوەنی زانیاری و دەست پێشخەر، بەرانبەر بە دەوڵەتی پاشکۆ و بەرخۆری زانیاری دوو تەوەری جیهانی نوێن، بانکی زانیاری نەک جێی بەبانکی سەرمایە و دراو لەق کردووە بەڵکەکۆنترۆڵی کردووە و بەبەرنامە ئاراستەی دەکات، بەدەست خستنی زانیاری نوێ لەبواری تەکنەلۆژیادا لە پێشەوەی ململانێی سیاسی و زاڵ بوونی خاوەنەکەیەتی بەسەر بەرانبەردا، مەبەست لێرەدا ئەو توێژاڵە زانیارییە نییە کە پاش ماوەی زەمەنێکی پێشترەو بەسانایی دەست دەکەوێت.

٢. بەشێوازێکی نوێ و جیاواز لە قۆناغە مێژووییەکانی پێش خۆی شۆڕشی پەیوەندییەکان، ململانێی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرپاکردووە کەبەدووئاراستەی دیارونادیار کاردەکات و ڕووکەش و مەرامیان جیاوازن، هەڵوێست وەرگرتنی خێرا و گۆڕانی ستراتیژی سیاسی دوگما و چەق بەستوو بە تاکتیکی ڕۆژانە، ڕاکردن بە دوای بەرژەوەندی هەنووکەییدا.

٣. بەدەست هێنانی زانیاری نوێ بەتایبەت لەبواری دروستکردنی چەکی کۆکوژ و ئەتۆمی و سەربازی سەردەمدا و ئاسان گواستنەوەی لەناوەندی دەسەڵات و زلهێزەکانی سەردەمی شەڕی ساردەوە بۆ نەیارەکانیان و

وڵاتە تازەگەشەسەندووەکان.
٤. کاریگەریی ئەم شۆڕشە زۆر بە زەبر و خێرا بوو لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی سیستمی دوو بلۆکی جیهان و دامەزراندنی نەخشەیەکی دیکە لەپەیوەندی نێودەوڵەتی کەسیستمی تاک جەمسەرەیە و لە کۆتاییەکانی سەدەی پێشووەوە کە بانگەشەی نەزمی نوێی جیهانی دەکات و ئەمریکا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و گەشەی ئابووری و سەربازی یەوە، بووە ئاراستەکەر و خاوەنی یەکەم دەسەڵات بەتایبەت دوای هەرەسی سۆڤیەت و یەکلابوونەوەی شەڕی سارد کە کەرەسەکەی پەیام و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بوو، لێرەدا پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی کەناڵی (C.N.N) بدەین، کەلەبەرکاریگەرییەکەی لەو شەڕانەدا کە ئەمریکا سەرکردەیی کردوون، بۆتە جێی سەرنجی توێژەر و شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن.




٥. بەزاندنی سنوور وسانسۆر ئەو دوو بەلایەی ساڵەهای ساڵ مرۆڤیان کردبووە کۆیلەی خەت خەتێنی جوگرافیا و زەوت کردنی مافی ڕادەربڕین و پەیوەندی کردن. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسییان گۆڕی بەتایبەت لە ڕۆژئاوادا، بەڵام وەک شێوەی پەخش و بڵاوکردنەوە، کەپێشتر نەیانتوانی بەدەنگ و ڕەنگ، ئاراستەی ئاسۆیی بگۆڕن بۆ شاقووڵی واتە لە زەوییەوە بۆ ئاسمان و دووبارە گەڕانەوە بۆ زەوی، کە شۆڕشی پەیوەندییەکان بەسەرکەوتوویی ئەنجامی داوە، هەموو تاکێکی کردۆتە بینەری ئەم شانۆگەرییەی جیهانی پێ دەڵێن و هەندێ جار وەک کاراکتەریش تێدا هەڵئەسووڕێن.
٦. لێشاوو هەڵقوڵینی هەواڵ و شیکردنەوەی لەیەک سەرچاوەوە یان چەند سەرچاوەیەکی دەستەباڵاوە، کردە بنەما و کانگە کە زیاتر لای ئەو دەسەڵاتانە کۆبوونەتەوەکە تەکنەلۆژیای نوێیان بەدەستەوەیە و زیاتر لەسەدا هەشتای کەرەسە و بابەت ئاراستەی خەڵکی گۆی زەوی دەکەن و جارێکی دیکە پەیامی ڕاگەیاندن بەسەر داهێن و بەرخۆردا دابەش ئەکەنەوە.
٧. ڕۆشنبیری وێنەیی جێی بەڕۆشنبیری گووتن و نووسین لەق کردووە و بوارێکی کەمی بۆ تێفکرین و مشتوماڵ کردنی بیروڕا هێشتوتەوە، ئەو بۆچوونەیان سەلماند کە

وێنە دەتوانی جێی سەد وشەی بەزەبرو کاریگەر بگرێتەوە یان بەشێوەیەکی دیکە دیکتاتۆریەتی وێنە زاڵ بووە بەسەر تێرامانی وشەو تێفکرێندا میدیای نوێ بۆئەوەیە هەموو هەستمان بهەژێنێ و کۆنترۆڵی کات و هزرمان دەکەن، زۆرینە دەبنە بەشدارێکی ڕاستەوخۆ لە شیکردنەوە و بۆچوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا، هەرلێرەوە بۆمان هەیە بپرسین ئایا ئازادی بیروڕا نەکەوێتەبەر مەترسی گەشەی ئەم شاڵاوە و چۆن ئەو کاتەی ولیام شرام چوار تیۆرەکەی ڕاگەیاندنی ئاشکراکرد و لەبەر ڕۆشنایی دەسەڵاتی سیاسی و تێکەڵاوی و جێکردنەوەی دەسەڵاتەکان ئەو تیۆرانەی دابەش کرد. هێشتا شۆڕشی پەیوەندییەکان لەسەرەتادابوو، هەر لەبەر ئەوەش ئەو زانایەو کەسانی دیکە ئەم شەپۆلەیان نەکردە تیۆرو خەسڵەت و تایبەتمەندییان دیاری نەکرد، تیۆری ئازادی کە سەرەتا و بیرۆکەی لە ڕۆژئاوادا سەری هەڵدا، کە مەبەست و پەیامی بەختیاری تاکە و کۆمەڵ و دەسەڵات، گەر بۆ خۆشگوزەرانی تاک کار نەکەن ئەوا پێویست نین دەبێ وەلا بنێرن، ئازادی ڕەها لەهەموو بوارێکی ڕادەربڕین و داهێنان و بەشداری گروپ و ڕێکخراوی سیاسی بێ دەستێوەردانی کەسانی دیکە، ئەو دروشمە و هەوڵانەبوون لەسەدەی هەژدەیەمەوە تیۆری دەسەڵاتی ڕەهایان هەڵتەکاند و لەکاری ڕۆژنامەنووسیی نووسراودا، ئەو دەستکەوتە گەورەیەی مرۆڤایەتیان لە کۆنترۆڵی دەسەڵات ڕزگار کردو ڕووبەڕووی جەماوەریان کردەوە هەر لەوێوە ڕۆژنامەنووسیی بیروڕا گەشەی کرد و دایەلۆگی کۆمەڵایەتی دروست بوو، لەسایەی ئەم تیۆرەدا،لاپەڕەی ڕۆژنامەکان لەباس و خواس و وێنەی کەسی کاریزما و سەرکردەی سیاسی و سەربازییەوە تاڕادەیەک کەم کردەوەو لەبری ئەوان دەنگ وێنەی تاکە پەراوێزخراوەکانی خستە دووتوێی لاپەڕەکانییەوە.

هەوڵی کارا بۆ بەکاربردنی دەسەڵاتی چوارەم لەم تیۆرەدا خۆی دەرخستووە و سنووربەندییەکی خستە نێوان دەسەڵاتەکانی (**یاسادانان و جێ بەجێ کردن و دادوەری**) کە ڕژێمە شمولییەکان ئاوێتەیان کردوون لەیەک سەرچاوەوە بڕیار وەردەگرن و کاری پێ دەکەن.

لەگەڵ ئەم دەستکەوت و پێشکەوتنانەی تیۆری ئازادی بە مرۆڤایەتی بەخشی، وەنەبێ لە خەوش و کەموکورتی بە دوور بووبێت بەتایبەت ئەو ڕەهایەی لە هەموو مەیدانێکدا داوای دەکرد و خواستی بووە لە ئەنجامدا بەرەو ئانارشیزم ملی ناو و پێویستی بەوە دەکرد لەبەرانبەر مافی تاکدا، مافی کۆمەڵ بپارێزرێ و بەچەند

**"ئازادی ڕەها لەهەموو بوارێکی ڕادەربڕین و داهێنان و بەشداری گروپ و ڕێکخراوی سیاسی بێ دەستێوەردانی کەسانی دیکە، ئەو دروشمە و هەوڵانەبوون لەسەدەی هەژدەیەمەوە تیۆری دەسەڵاتی ڕەهایان هەڵتەکاند و لەکاری ڕۆژنامەنووسیی نووسراودا، ئەو دەستکەوتە گەورەیەی مرۆڤایەتیان لە کۆنترۆڵی دەسەڵات ڕزگار کردو ڕووبەڕووی جەماوەریان کردەوە هەر لەوێوە ڕۆژنامەنووسیی بیروڕا گەشەی کرد و دایەلۆگی کۆمەڵایەتی دروست بوو."**

یاسایەکی لەبار ئازادی تاک سنووری بۆ دیاری بکرێت ئەم هەنگاوانەش لە تیۆری بەرپرسیاری کۆمەڵایەتی شوێن و مەبەستی خۆیان پێکا، دیارە قسەکردن لەسەر ئەو تیۆرانە زۆر هەڵدەگرن و لێرەدا زیاتر بۆ دیاریکردنی ڕایەڵە گشتییەکانی بوو، تا لەو سەرەتایەوە ئەوە دیاری بکەین کە شۆڕشی پەیوەندییەکان لەگەڵ گەشەی تەکنەلۆژیای نویدا چ زیادەیەکی خستۆتەسەر پەیامی ئازادی تاک؟

ئەم شۆڕشە، سوودمەندە بۆ ئەو نەتەوانەی کە پێشبڕکێی قۆزتنەوەی کات دەکەن بە دروشمی تەنیا **(کات سەرەوەرو گەورە)**یەیان کردۆتە واقیع و کاری پێ ئەکەن، گەرجاران و لە ئەنجامی شۆڕشی پیشەسازیدا گەورە بچووکی بخواردایە و لەهەموو کارو کردەوەکانیدا ئامادەبووایە. ئەمرۆ خێراو گورج و گۆڵ لە داهێنان و دەستکەوتدا، گەورەیە و دەبێتە سەروەر و ڕێنوێنی ئەو میللەت و نەتەوانە دەکات ڕێز لە زەمەن ناگرن و لەگەشەکردندا خاو خلیچکن، بەم جۆرەش جیهان دابەش بۆتەوە بەسەر بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیاو بەرخۆر و ساغ کردنەوەی کاڵاکاندا.

ڕاستە بەهۆی پەیوەندی جەماوەرییەوە توێژاڵی لە زانیاری و بە ئاگابوون لە ڕێگای ڕۆشنبیری وێنەوە کەوتۆتە بەردەست و زۆرینە لێی سوودمەندن و جیهان لە ڕێگای شارستانی وێنەوە بە ڕووداوەکانی ڕۆژ ئاشکران وەک دەڵێن **(وێنە کتێبی خەڵکی سادە و ئاساییە)**، بەڵام بەبارێکی دیکەدا ئەو دەستکەوە گەورەیەی شۆڕشی چاپەمەنی بە دەستبڕێری بەخشی کە خوێندنەوە و ڕامان و بەراوردکاری و قووڵبوونەوە بوو لە هۆکاری ڕووداوەکان، شۆڕشی پەیوەندییەکان بەشێکی زۆری لێ وەرگرتنەوە لەبەرئەوەی هەڵگری پەیامی ئەو زلهێزانەیە کە ئەمرۆ زانیاری و تەکنەلۆژیایان لەبەردەستدایە، لەڕێگای دەنگ و وێنەوە پەخشی دەکەن و بایەخ بەو ڕووداوانە ئەدەن کەلەبەرژەوەندی خۆیاندایە نەک ئەوانەی دژیانە، وەک ئەوەی تەنیا ئەوانە جێی سەرنج و چارەسەربن.

ئەمرۆ تێکەڵاوییەکی زۆر هەیە لە نێوان پەیامی نێرەر و وەرگردا، ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی وەرگر دەکاتە بەشدار لە گفتوگۆ و دایەلۆگدا، ئەمەش بەدەر لەوەی ڕێگا بۆ ئازادی بیرورا دەرەخسێنێ، لەئاستی پەیام دێنێتە خوارەوەو دەرفەت بۆ سەدان خوێندەواری ئاسایی، خۆشی دەکات کەبێ باکگراوندی ڕۆشنبیری و ماندووبوون بە خوێندنەوەو خۆتەیارکردن، لەمەسەلە گرنگەکانی ڕۆژدا بدوێن و سەدان وتاری بەرخۆر بڵێنەوە کە زیادەیەک ناخەنەسەر مەلۆی ڕووناکبیری و لە زۆرجاردا فەرهەنگی

> **ئەمرۆ تێکەڵاوییەکی زۆر هەیە لە نێوان پەیامی نێرەر و وەرگردا، ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی وەرگر دەکاتە بەشدار لە گفتوگۆ و دایەلۆگدا، ئەمەش بەدەر لەوەی ڕێگا بۆ ئازادی بیرورا دەرەخسێنێ.**

لەکەدارکردن و سڕینەوەی بەرانبەر دەوڵەمەند دەکەن، دیارە لەم حاڵەتەدا، فیکرو ڕێبازو بەرپرسیارێتی نووسین ئەبنە قوربانی، بەتایبەت لە جیهانی سێیەمدا کە بێ بەرنامەی ڕۆشنبیری ناتوانن ئامانجە نەتەوەییەکانیان بەرەوپێش بەرن، بە ئەزموون دەرکەوتووە کەبێ فاکتەری ڕۆشنبیری و دواتر، سیاسەت، سەرمایە، هەوڵی گۆڕان و گەشەکردن بە ئامانج ناگات و شەڕی نوێبوونەوەدا شکست دەخوات.

ئایا شۆڕشی پەیوەندییەکان گەر وەک تیۆرێکی ڕاگەیاندن ئەژماربکرێت و بنەماکانی دیاری بکرێت، توانیویەتی تیۆری ئازادی کە دووسەدە پێش خۆی لە ئارادابووە، بەرەو پێش ببات یان پاشە کشەی پێ کردووە؟

گەورەترین زەبری شۆڕشی پەیوەندییەکان بەرتوێژی گەنج و لاوی جیهانی سێیەم کەوتووە، هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵگایانە بگرین هەست دەکەین، تووشی نامۆبوونی دەروونی و نامۆبوونی شوێن و کات بوون و بێ هیوایی باڵی بەسەریاندا کێشاوە، کەناڵە ئاسمانییەکان دەرەکی و ناوەکی ڕۆڵێکی ڕووخێنەر دەبین لە ژیانی لاوەکاندا، بەوەی بێ مەبەست و بەمەبەست دیمەنی خۆش گوزەرانی ڕۆژئاوا و کلیپی هونەرمەندان و ئاهەنگی ڕەنگاڵی ئاڵ و واڵا نیشان ئەدەن کە دیوی ڕووکەشی ئاشکرای شارستانیەتێکە ئەنجامی ڕەنج و ماندووبوونی دوای وێرانکاری هەردوو جەنگی یەکەم و دووهەمی جیهانییەو خەباتی سیاسی و ململانێی زۆری نەوەکانی ئەو قۆناغە بەرهەمیان هێناوە، بێ ئەوەی هۆکاری ئەو گەشەسەندە بخەنەڕوو، لێرەوە خوولیای کۆچ و ڕووکردنە بەهەشتی ون سەرهەڵئەدا، دواتر دەیان کارەساتی لێدەکەوێتەوە و جگە لەشێواندنی تۆڕی کۆمەڵایەتی و هاتنەخوارەوەی بەهامرۆییەکان، هەستی پابەندبوون بە نیشتمان و گۆڕینی واقیع کزدەکات و گیانی خۆپەرستی زیاددەکات، ئەم حاڵەتە زەنگی مەترسییە بۆ دوارۆژێکی باشتر کە لەپێناوی دا چەندین نەوە قوربانی داوە.

**" گەورەترین زەبری شۆڕشی پەیوەندییەکان بەرتوێژی گەنج و لاوی جیهانی سێیەم کەوتووە، هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵگایانە بگرین هەست دەکەین، تووشی نامۆبوونی دەروونی و نامۆبوونی شوێن و کات بوون و بێ هیوایی باڵی بەسەریاندا کێشاوە. "**

هەر دوابەدوای دامەزراندن و گەشەکردنی کەناڵە ئاسمانییەکان و تەکنەلۆژیای نوێ لە ڕۆژئاوا و ئەمریکادا شەپۆلی زانیاری و ڕۆشنبیری وێنەی و ئامادەکراو پشت بەستوو بە ئەزموونی پێشینەی خۆیان لە بواری ڕاگەیاندندا، ڕووی کردە جیهانی سێیەم و بەتایبەت لە کۆتاییەکانی سەدەی پێشوودا ((سەدەی بیستەم))، دەستەبژێ و ئەکادیمیانی بواری ڕاگەیاندن لە وڵاتە تازە گەشەسەندوو دواکەوتووەکاندا، بە گومان بوون لەم

شۆڕشـــە نوێیـــە و کەوتنـــە شـــیکردنەوەی ئەنجامە باش و خراپەکانـــی زۆر نـــاوی جیاجیایان لێ ناو لە مەبەســـت و پەیامەکـــەی گەیشـــتن لـــە ئاســـتیدا هەڵویســـتەیان کرد، بەشێکیان ئەم شۆڕشە نوێیەیان بە (**گەمارۆی ڕۆشنبیری، شەڕی مانگە ئاسمانییەکان، شێوازێکی نوێی کۆلۆنیالیزم، جیهانگیـــری پەیوەندیەیـــکان......**) ناوزەدەکـــرد و لـــە زۆر توێژینەوە و نووسین و وتاری تایبەتدا، بۆچوونی خۆیان خســـتە ڕوو و بەو ئاراســـتەیە ڕوویان کردە دەسەڵات و جەمـــاوەر کـــە هۆشـــیاربن و بە خۆیاندا بچنـــەوە و زیاتر بازنـــەی ئازادی بیروڕاو فراوان بکـــەن و گرنگ بە کەناڵە ناوخۆییەکان بدەن، نەخشـــەی ڕاگەیاندنی لەسەر بنەمای زانســـتی دابڕێـــژن و ســـوود لـــە ئەزموونـــی نەتەوەکانی وەربگرن تا لەبەر ئەم شاڵاوەدا، تاکی کۆمەڵ لە نامۆبوون و هەژموونـــی گووتاری دەرەکی ڕزگار بکەن، بەڵام وەک دەرکـــەوت دوای ئـــەم ســـاڵانە ، دەســـەڵاتدارانی جیهانی ســـێیەم وەک پێویســـت بایەخیان بەم توێژینەوانە نەداوەو بە پێچەوانـــەوە کاردانەوەیان هەبووە، زیاتر مەبەســـتیان مانـــەوە و پتەوکردنـــی پێگەی دەســـەڵاتەکەیان بووە نەک کرانەوە بە ڕووی خواســـتە جەماوەرییەکان و ڕاگەیاندنی ئازاددا.

بـــۆ نموونە نووســـەری کتێبی (**ســـاڵی دوو هـــەزار و شـــەڕی کەناڵە ئاســـمانییەکان**) پێشـــینی ئەوە دەکات، ئەم شەپۆلی زانیاری نوێیەی لە ڕێگای کەناڵە ئاسمانییەکانەوە ئاراســـتەی وڵاتانی عەرەب دەکرێـــت، تەنیا کاریگەریان بۆ ســـەر ڕۆشـــنبیری نەتەوە نییە، بەڵکو مەترســـین بۆ سەر پێکهاتـــەی نەتەوەییـــان، هـــەروەک چـــۆن هەڕەشـــەیە لە شوناسی و بیرو ئاراستەی تاکەکان .

نووسەر بۆچوونەکانی لەم چەند خاڵەدا چڕدەکاتەوە:

١. ئەم شەپۆلە لە ململانێی ڕۆشنبیری جیهانێکی پێشکەوتوو لەگەڵ ڕۆشنبیرییەکی خۆماڵی سنووردا‌ردا بەردەوامە.

٢. هەوڵـــی بڵاوکردنەوەی بەهای بەرخۆرییە (**اســـتهلاکی**) بـــە واتایەکی دیکە بەرنامە و پلانە بۆ ئەوەی ئەم کۆمەڵگا داخراوانـــە لەبەرهـــەم هێنـــەوە بگـــۆڕن بـــۆ بەرخـــۆر و چالاکییـــە پیشـــەییەکانیان پەک بخـــەن، بەرخۆر لە هەموو ڕوویەکەوە (**هزری بەرخۆر، پیشەسازی و تەکنەلۆژیای بۆ ماوەو بەســـەرچوو، شارســـتانییەتی لاسایی کردنەوەو پەراوێزخراو.. هتد**).

٣. ســـەپاندنی نموونەیی ڕۆشـــنبیری (**مۆدێلی**) ئەمریکی و ڕۆژئاوایی، بە شێوەیەکی ئامادەکراو مەبەستدار.

بـــەدەر لەمانـــە گەشـــەکردنی شـــێوازی پروپاگەندە و ڕیکلام، کە مەبەستی دۆزینەوەی بازاڕە و ساغکردنەوەی

> **هـــەر دوابـــەدوای دامەزراندن و گەشەکردنی کەناڵـــە ئاســـمانییەکان و تەکنەلۆژیـــای نـــوێ لە ڕۆژئـــاوا و ئەمریـــکادا شـــەپۆلی زانیـــاری و ڕۆشـــنبیری وێنـــەی و ئامادەکراو پشـــت بەستوو بـــە ئەزموونی پێشـــینەی خۆیـــان لـــە بـــواری ڕاگەیاندنـــدا، ڕووی کردە جیهانی سێیەم.**

بەرهەمـە جۆراوجۆرەکانی بە چـاک و خراپیانەوە، وەک دەبینین ڕۆژانە چەندین جۆری کاڵای هاوردە بە شێوازی نـوێ و سـەرنج ڕاکێشـەوە دەکەونە بـازاڕەوە و کار لە خواسـتە هەنووکەییەکانـی کڕیـار دەکـەن لەبەرئـەوەی بەشێک لەو کاڵایانە پێویست نین و زیادە و سەربارن.

بـە گشـتی کێشـەی نێـوان هێـز و زەبـری کەناڵـە ئاسمانییەکانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا کە دەستەباڵان لە خێرای پەخش و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و گەیاندندا، بە جـۆری کاتبڕن و زانیاری نوێ و کاریگەر دەدەنە وەرگر، لەگەڵ کەناڵە ناوچەیی و خۆماڵییەکاندا کە لەو ئاراسـتەدا نین، لە هەموو ڕەگەزەکانی پرۆسەی ڕاگەیاندا جیاوازیان هەیە، بە کورتی لێرەدا دەیخەینەڕوو:

١. **ڕەگـەزی نێـرەر**: وەک دامەزرێنەری گوتـار و هەوڵی یەکەمی پرۆسـەی پەیوەندی کردن، پێویسـتە لە ئاستێکی کاریگەر و بە تواناد بێت، هەوڵ بدات ئەو خواستەی وەرگر هەیەتی بۆ بەدەسـتهێنانی زانیـاری نوێی و پڕ کردنەوەی نائارامی و شـیکردنەوەی هەواڵ و بەختەوەرکردنی بەدی بهێنێ، دیـارە دەوڵەمەندکردنی گووتاری نێرەر بەبەڵگە و وێنەی ڕووداو سـەرچاوە .. هتد، لەمـڕۆدا زۆر گرنگن و ناکرێ چاوپۆشیان لێ بکرێن.

بـەراوردی نێـوان کەناڵـەکان و ئاژانسـەکانی هەواڵ و سـەرچاوەی زانیـاری لـە جیهانـی یەکەم و سـێیەمدا، جیاوازی زۆر دەردەکـەون، نێرەر لەلایەنی دووەمدا جگە لە لاسـایکەرەوە و بەرخۆرێکی لایەنی یەکەم (سەرچاوە)، خاوەنی بەرنامە و ڕێبازی پتەونییە.

نێـرەر لە دوای شۆڕشـی زانیارییەوە و لە پرۆسـەی پەیوەنـدی جەماوەریدا، ئەرکـی گرانتـرە و پێویسـتی بـە بەرنامـە و پلانـی داڕێـژراو و درێژ خایـەن هەیە بە مانایەکی دیکە پێویسـتە پلانی میدیای کاتی و کەم خایەن و ئامادەبـکات تـا بتوانـێ لە ناو زۆری کەنـاڵ و بەرنامە جیاجیاکاندا کاریگەریی خۆی هەبێت.

٢. **کەنـاڵ**: ئەو ڕەگەزە گرنگەیە کـە بە هۆی تەکنەلۆژیای نوێـوە، بەبەردەوامـی گۆڕانی بەسـەردا دێـت و توانای بـە یەککەیاندنـی نێـرەرو وەرگـری زیـاد دەکات، وڵاتە پیشەسـازییەکان بەبەردەوامـی ئامێری نـوێ ڕاگەیاندن بەرهەم دەهێنن کە لە ڕووی نرخەوە هەرزانن و دەتوانرێ دەسـتەبەربکرێن و لـە ڕووی گواسـتنەوە و بەکارهێناوە ڕووی لە ئاسـانکارییە، ئەمەش هۆکاری گرنگە بۆ ئەوەی زۆرینـەی جەمـاوەر لە جیهانـدا بکەونـە ژێرکاریگەریی کەناڵەوەو دواتر پەیامی کەناڵەکە هەروەک تیۆری مارشاڵ ماکلوهن کە جەختی لەسەر گرنگی کەناڵ دەکردەوە هەوڵی

> „
> **بە گشتی کێشەی نێوان هێـز و زەبـری کەناڵـە ئاسـمانییەکانی ڕۆژئاواو ئەمریکا کە دەسـتەباڵان لـە خێـرای پەخـش و بڵاوکردنـەوەی هـەواڵ و زانیـاری و گەیاندندا، بە جۆری کاتبـڕن و زانیاری نـوێ و کاریگـەر دەدەنـە وەرگـر، لەگـەڵ کەناڵـە ناوچەیی و خۆماڵییەکاندا کە لەو ئاراستەدا نین**
> “

دەدا بیسەلمێنێ کە (**کەناڵ پەیامە**).

٣. **پەیام**: لە دوای شۆڕشی پەیوەندییەکانەوە، جۆر و ئاراستەی پەیام گۆڕاوە، چ لە ڕووی کات و چ لە ڕووی ڕووبەری بڵاوبوونەوە، بە ئاشکرا و نهێنی پەیام ئامانجی سیاسیی و ئابووری و بازاڕی ئازادی لە پشتەوەیە وەک (**عەلی حەرەب**) ئەڵێ ((**ئەمڕۆ خۆمان بەرانبەر بە ڕووداوێکی گەردوونی دەبینێتەوە لە گەڵیا ئەچینە نێو سەردەمێکی گەردوونی بە ئاسۆ و بوارەکانییەوە**)) کەواتە پەیامی کەناڵە جیهانییەکان زیاتر ڕووی لە گەردوونی ئەکەن و پەیامی ناوخۆی کاڵ ئەکەنەوە.




٤. **وەرگر**: ئەرکی وەرگر لە سەردەمی نوێدا گۆڕاوە، زیاتر لە ژێر کاریگەریی کەناڵ و وێنەدا، لە ڕێگای هەواڵ و پەیامی خێراوە، زانیارییەکی سادە و ڕووکەشی وەردەگرێ و کەمتر مەودای تێفکرین و وردبوونەوەی هەیە بۆچوونەکانی زیاتر لە ژێر کاریگەریی سیاسی کەناڵ و بۆچوونی کەسایەتیەکاندایە ئەوانەی بەپێی ڕوانینی خۆیان ڕووداو شیی دەکەنەوە وەرگر ناچار دەکەن لەو ئاراستەیەوە بڕوانە ڕووداوەکانی دەوروبەریان.

وەرگر لەدوای شۆڕشی چاپەمەنییەوە لە ڕێگای خوێندنەوەی کتێب و بڵاوکراوەکانەوە، مەودای وردبوونەوەو تێفکرین و تێرامانی هەبووە، بەڵام ئەمڕۆ بە ناچاری دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هەواڵی لاوەکی و دووبارەبوونەوەی ڕیکلام و بایەخدان بەو کەسایەتییە سیاسی و یاریزان و ئەکتەرە سینەمایانەوە کە لە کەناڵەکاندا چەند بارە دەبنەوە بە وێنەی جیاواز خۆیان ئەنوێنن.

ئەنجامی ئەم نووسینە دەکرێ بە چڕی لەم خاڵانەدا بخەینە ڕوو:

١. شۆڕشی پەیوەندیەکان و تەکنەلۆژیای نوێ، ڕووداوێکی حەتمی و سەپاوەو ناکرێ چاو لەکاریگەریی و تەشەنەکردنی بپۆشین و ئەنجامەکانی نەخەینە بەر باسی و توێژینەوە، بە تایبەت لە کۆمەڵگای خۆماندا کە لە هەوڵی گواستنەوەداین لە قۆناغی دواکەوتوو بۆ گەشەسەندوو.

٢. ململانێیەکی ئاشکرا و نهێنی هەیە لە نێوان ئاراستەو ئامانجی ئەو شۆڕشەی لە ڕۆژئاواو ئەمریکاوە سەری

هەڵداوە لەگەڵ جیهانی سێیەمدا کە بەشێوەی نائاسایی گەشە دەکەن و بە زنجیرەیەکی مێژوویی بە شۆڕشەکانی ڕاگەیاندندا تێپەڕنەبوون، لە پرۆسەیەکی خێرا و کوتوپڕدا، کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەم شەپۆلە نوێیە، مەترسی ئەم زۆرانبازیە لە نێوان ئەم دوو جەمسەرەدا دەبێتە هۆی دروستبوونی خواستی توندڕەوی و بەگژاچوونەوەی پەیامی ڕۆژئاوا بەو پێیەی کە لەگەڵ ئەم کۆمەڵگای ڕۆژهەلاتەدا نامۆیە و جۆرێکی نوێیە لە سەپاندنی بیرو ڕۆشنبیری داگیرکەرانە.



٣. بەهەڵە بەکاربردنی تەکنەلۆژیای نوێ و هەڵس وکەوت لەگەڵ شۆڕشی پەیوەندییەکاندا، بێ بەرنامەو ئاراستەیەکی هۆشیارانە و ڕوونکردنەوەی لایەنی باش و خراپی ئەم داهێنانە نوێیە، ئەنجامی خراپی لێئەکەویتەوە بە تایبەت لەسەر نەوەی نوێ کەسەرمەستی ئەو بەرهەمە زۆر و بەردەستانەن کە ئەوەندی بۆ کات بەسەر بردن و ئارەزووە لاوەکییەکان بەکاردەهێنن، زۆر کەمتر بۆ خۆ هۆشیارکردن و بەشداری سیاسی و لایەنی زانستی سوودی لێوەرئەگرن.

٤. خاوەن کەناڵە ناوخۆییەکان لەجیهانی سێدا، پێویستیان بەخۆداچوونەوە هەیە چ لە ڕووی سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای نوێ و چ لە ڕووی دارشتنەوەی بەرنامە و پەیامی ئاراستەکراو بۆ جەماوەر، تابتوانن بازنەی پەیوەندی نێرەر وەرگر کورت بکەنەوە و تۆڕی کۆمەلایەتی پتەوبکەن.

٥. هەوڵی زۆربوونی کەناڵی ئاسمانی و گۆڕینی کەناڵە ناوخۆییەکان بۆ ئاسمان، بەبێ بەرنامە و پلانی میدیایی درێژخایەن، ئەو ئامانجە ناپێکی کە خاوەن کەناڵ مەبەستیەتی و لە پێناویدا خەرجی زۆر سەرف ئەکات و توانای مادی و مەعنەوی ئەخاتە گەڕ، زۆربوونی کەناڵ بێ جیاوازی بەرنامە و ڕەچاوکردنی ئارەزووی وەرگر و خواستە نوێیەکانی ناتوانێ وەرگر ناچاربکات چاو لە کەناڵە جیهانییەکان بپۆشێ.

٦. بێ گەڕانەوە بۆ بەشداری جەماوەر لە بەرنامەکاندا و خوڵقاندنی زەمینەی دایەلۆگ و قسەکردن بە ئازادی لەسەر کێشە و ڕووداوەکان و بەدواداچوونیان، ئەو

متمانەیە دروست نابێت لە نێوان نێرەرو وەرگردا و بەم جۆرە پرۆسەی پەیوەندی کردن بە ناتەواوی ئەمێنێتەوە.

٧. کەناڵە ئاسمانییەکان کە پەیامی کۆمەڵگاکەیان ئەگەیەنن، پێویستیان بەوەیە بچنە ناو سیستمی نوێی ڕاگەیاندنی جیهانییەوە، کە ئەو کاتە دەتوانن لە ناساندنی نەتەوەکاندا بەیەکتر هاوکاری بکەن و سوود لە سەرمایە و تەکنەلۆژیای نوێ وەرگرن و هەوڵ بدەن جۆرێک لە یەکسانی و بەرانبەری لە نێوان سستمی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا بهێنێتە ئاراوە.

٨. بۆ نەتەوەکانی جیهانی سێیەم پێویستە، ڕێگا بۆ زانا و پسپۆڕ و شارەزایانی بواری ڕووناکبیری و ڕاگەیاندن خۆش بکەن تا بتوانن بەرنامە و پلانی میدیای ئامادەبکەن و پەیامی کەناڵەکان بەهێزبکەن، پێویستە خاوەن کەناڵە حیزبی و دەوڵەتییەکان بڕوا بەو ڕاستییە بهێنن کەڕاگەیاندن زانستە و ئاوێتەی هەموو زانستە مرۆڤایەتییەکان بووە، ناکرێ هیچ تاک و دەستەو توێژی لە کۆمەڵدا پەراوێز بخرێت، هەوڵ بدرێت هەموو تاک و ئاراستە فیکرییە جیاجیاکان لە بەرنامەڕێژی کەناڵدا جێیان ببێتەوە، بە مەبەستی بەرەو پێشچوونی کۆمەڵ و فراوانکردنی زانیاری و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی نەتەوەکانی دیکە، بە مانایەکی دیکە بەکاربردنی میدیا بۆ فراوانکردنی بازنەی ئازادی بیر و ڕا نەک هەوڵی چاندنی تۆوی دەمارگیری ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەی و ناوچەگەری.

٩. کەناڵە ئاسمانییە ناوخۆییەکان، ئەتوانن بە بەرنامە هۆکاری گۆڕان بن لە کۆمەڵی تقلیدی دواکەوتوو بۆ کۆمەڵی گواستنەوە ئەوەش بەبەشداریان لە شیکردنەوەی ڕۆشنبیری دیموکراسیی خستنە ڕووی ڕاوبۆچوونی بەرانبەر و نیشاندانی ڕووداوەکان بێ لایەنگری و بێ شێواندنیان و چەواشەکردنی وەرگر.

**سەرچاوەو پەراوێز:**

* کەناڵی C.N.N. (کە کورتکراوەی Cable News Network)ـە، لە مانگی حوزەیرانی ١٩٨٠ دا لەلایەن (تید تیرنیر) دروست بووە لەسەر ئەو بنەمایەی کە هەموو ڕووداوە گەرم نوێیەکانی جیهان لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا شەو و ڕۆژ پەخشی بکات ئەوەش بە سوود وەرگرتن لە مانگە دەستکردەکان (الأقمار الصناعية) تا ساڵی ١٩٩٢ ئەم کەناڵە ١٧٠٠ کارمەندی هەبووە.

ئەم کەناڵە ٢٨ نووسینگەی هەیە، (٩) لە ناو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سێ لە وڵاتە عەرەبیەکاندا (عەممان، قاهیرە، قدس)، ١٢٠ پەیامنێریان لەسەر ئاستی جیهاندا هەیە، دیارە بەبەردەوامی لە فراوان بووندایە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (أياد شاكر البكري، عام ٢٠٠٠ حرب المحطات الفضائية، عمان – ١٩٩٩.

**سەرچاوەکان:**


١. د. صابر فلحوط و د. محمد البخاري، العولمة و التبادل الاعلامي الدولي، ديمشق، ١٩٩٩.
٢. د. تيسر مشارقة، مدخل الى الدراسات الاعلامية، منشورات بيت القدس، ١٩٩٩.
٣. أياد شاكر البكري، عام ٢٠٠٠ حرب المحطات الفضائية، دار الشروق، عمان، ١٩٩٩.
٤. مصطفى حجازي، حصار الثقافة بين القنوات الفضائية والدعوات الاصولية، ط٢، المركز الثقافي العربي، ٢٠٠٠.
٥. عەلی حەرب، باسی کۆتاییەکان، وەرگێڕانی سەلاح حەسەن پاڵەوان، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.

# مێژووی هونەری کاریکاتێر
# لە شاری هەولێر

◢ ئا: هەندرێن ئەسعەد خۆشناو

**کورتەیەکی مێژوویی**

ئاشکرایە کە هەردەم وێنە بایەخ و گرنگی خۆی هەبووە لە تێگەیشتن و تێگەیاندنی مرۆڤ و وێنە پێش نووسین پەیدابووە و هەبووە و مرۆڤ بۆ یادداشتکردنی بیرو هزری خۆی بەکاریهێناوەو بۆ تۆمارکردنی سەربوردەی خۆی لەسەر دیوارەکانی ئەشکەوت و دواییش خانوو و شارەکان و دیوارەبەندەکان وێنەی بەکارهێناوە، لە ئەرشیفکردنی رووداوە مێژوویی و شارستانییەکانیش وێنە رۆڵێکی دیار وگرنگ و بەرچاوی هەبووە و دەبێ، بۆیە ئێستا وێنە رۆڵێکی گرنگتر و پێشکەوتووتر دەبینێ لە بواری مەعریفی و زانستی و شارستانی و پەروەردەیی و رۆشنبیریی و هونەریی و رۆژنامەگەریشدا، لە بواری رۆژنامەگەریدا ئەوەی کە سەرنجی خوێنەر رادەکێشێ بە پلەی یەکەم وێنە دێ و بە پلەی دووەمیش ناوونیشانە دیار و سەرەنجڕاکێشەکان، بێجگە لەوەی کە وێنە رۆڵێکی جوانکاریی بێهاوتا دەبینێ لە رۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا و دەقەکان جوانتر و پڕماناتر و بەپێزتر دەکات و مەودایەکی قووڵیشی پێدەبەخشێ.

کوردیش لە دوای گەلانی دیکەوە بەهۆی چەندین هۆکاری بابەتی و خۆیی بووە بەخاوەن رۆژنامەگەریی خۆی و یەکەم رۆژنامەی خۆی لە ساڵی ١٨٩٨ بڵاوکردۆتەوە لەسەر دەستی میقداد مدحەت بەدرخان لە شاری قاهیرە، بەڵام بەداخەوە یەکەم رۆژنامەمان کە رۆژنامەی **(کوردستان)**ە بە درێژایی ماوەی دەرچوونی لە قاهیرە و لەندەن و فۆلکستۆن و ژنێف بەبێ وێنە دەرچووە و دواییش رۆژنامەی **(کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتاسی)** کە لە ساڵی ١٩٠٨ لە ئەستەنبوڵ دەرچووە، و لە ساڵی ١٩٠٩ رۆژنامەی **(شەرق ڤە کوردستان)** لە ئەستەنبوڵ و رۆژنامەی **(پەیمان)** لە دیاربەکر- ئامەد دەرچوونە، هیچ وێنەیەکیان تێدا بڵاونەکراوەتەوە، دوای ئەوان گۆڤاری **(رۆژکرد- رۆژی کورد)** لە ساڵی ١٩١٣ لە



ئەستەنبۆل لەلایەن کۆمەڵەی (**هیڤیا کورد**) تەنیا سێ ژمارەی لێدەرچووە، یەکەمین گۆڤاری کوردییە وێنەی بڵاوکردبێتەوە. لە هەر ژمارەیەک یەک وێنە، دوای ئەویش بە چەندین ساڵ بۆ نمونە (**ڕۆژی کوردستان**) لە ساڵی ١٩٢٢ لە سلێمانی و (بانگی کوردستان) هەر بەبێ وێنە دەرچوون.

لە هەولێریش کتێبی (**غنچە بهارستان**)ی حوسێن حوزنی موکریانی کە لە ١٩٢٥ بڵاوبۆتەوە، زیاتر لە (٢٠) تابلۆی تێدابووە کە ناوبراو بۆخۆی کێشاویەتی، بەمەش دەبێ بە یەکەم نووسەری کوردی هاوچەرخ کە کتێبی خۆی بە گرافیک و نیگار ڕازاندبێتەوە، ئەمەش سەرهەڵدانی هونەری گرافیکە لە کوردستان و هەولێر بەتایبەتی.

دەکرێ گۆڤاری (ڕوناهی – Ronahi) کە لە ساڵی ١٩٤٢ لە شام دەرچووە بە یەکەمین گۆڤاری وێنەداری کوردی دابنێین لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، چونکە تا ساڵانی دوای شۆڕشی ١٤ یۆلیۆی ١٩٥٨ هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەک ئەوەندەی گۆڤاری (**ڕوناهی**) بایەخی بە بڵاوکردنەوەی وێنە نەداوە، هەرچەندە هەندێکیان وێنە و وێنەی بەدەست کێشراوی بڵاودەکردەوە.

سەبارەت بەکاریکاتێریشەوە لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٢٧ هونەرمەند مەحمود شەوقی باوکی ئازاد شەوقی کاریکاتێر و نیگاری کێشاوە لە سلێمانی.

لەهەولێریش (**لێژنەی فەن و تەمسیل**) بووە (**لێژنەی فنون جەمیلە**) کەپێکهاتبوون لە دانیال قەساب، منیرو ناحوم عوزێر قەساب و براکانی، سەلاحەددین مستەفا محامی، ڕەشید عەبدولقادر ڕەشید، جەواد ڕەسوڵ ناجی، فوئاد ڕەسوڵ ناجی، عەبدوڵلا حوسێن کەسرە. ئەم لێژنەیە لەکۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکاندا گەشەی سەند و لە ساڵی ١٩٣٢-١٩٣٣ لە دواناوەندی هەولێر ژوورێکیان بۆخۆیان تەرخانکرد و یەکەم (**ستودیۆی ڕەسم**) یان بۆخۆیان لە شاری



هەولێر دامەزراند. دانیال قەساب لە ساڵی ١٩٣٤ لە هەولێر یەکەم گەلەری نیگارکێشی خۆی دەکاتەوە کە دەبێتە دووەم گەلەری لە هەولێر و لە ساڵی ١٩٤١ دانیال قەساب پەیوەندی بە (**أصدقاء الفن**) دەکات لە بەغدا و بەشداریکردووە لە یەکەم پێشانگەی هاوبەشی ئەو پێوەندە کە بریتی بوو لە (٨٤) تابلۆی رۆنی و (١٦) تابلۆی ئاوی و (٣) تابلۆی پاستیل و (٥) سکێچ و (١٥) پارچە پەیکەرتاشین و (١٧) کاریکاتێر.

هەروەها شەمسەدین عەبدولقادر ناسراو بە (**حەسەن فەلاح**) (١٩١٠ سلێمانی – ١٩٧٦ بەغدا) کە بەیەکێک لە یەکەمین هونەرمەندە شێوەکارەکانی کوردستانی عێراق دەژمێردرێ، لە ساڵی ١٩٤١ لە کاتی شەڕەکەی رەشید عالی گەیلانیدا، لە بەغدا لە گۆڤاری کاریکاتێری (**حبزبوز**) کاریکردووە (کە بەرپرسی گۆڤارەکە نوری سابت بووە کە ئەویش کورد بووە) و بە کاریکاتێر وێنەی (**عەبدول ئیلاهی – وصی**) و (**نوری سەعید – سەرۆک وەزیران**) کێشاوە. هەروەها لە گۆڤاری کاریکاتێری (**الکشکول**) کە بەرپرسەکەی حمادی الضاهی بوو، داوای لێدەکرد کە وێنەی کاریکاتێری هیتلەر و نوری سەعیدی بۆ بکات.

هەروەها هونەرمەند ئەنوەر سینو تووڤی ( **١٩٢٧ بامەڕنی – ١٩٩٤ بەغدا**) کە خەڵکی گوندی توڤییە لەکوردستانی تورکیاوە هاتوونەتە کوردستانی عیراق، ئەگەر یەکەمین هونەرمەندی کوردی کاریکاتێریستیش نەبێ، ئەوا یەکێک بووە لە یەکەمین ئەو نیگارکێشانەی کە کاریکاتێریان دروستکردووەو بڵاوکردۆتەوەو هونەری کاریکاتێر لای ئەو ناوەڕۆکێکی رەخنەگرانە و زمانێکی کۆمەڵایەتیانەی هەیە لە بەرگێکی

جوانی دەربڕینخوازدا.

**مێژووی وێنەی کاریکاتێریی لە رۆژنامەگەریی کوردیدا**

دیارە کە مێژووی وێنەی کاریکاتێریی بە درێژایی مێژووی پەیدابوونی نیگارکێشانەوەیە کە لە پێش نووسینەوە هەبووەو شێوازی نووسینی تەنزئامێز و گاڵتەجاڕی رەخنەیی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا مێژووییکی دێرینی هەیە، و تەنانەت ئەرستۆ لە کتێبی (**پیوتیکا**) ئاماژەی بۆ کردووەو لە سەردەمی یۆنانی و رۆمانیشدا سەرنجی راکێشاون و ئەرستۆ پێیوایە تەنز و کۆمیدیاش هەروەکو تراژیدیا رۆڵێکی گرنگ لە پاکبوونەوەی دەروونی مرۆڤدا دەگێڕێ، کە ناوی ناوە (Cathersis )، وشەی کاریکاتێریش لە کاریکاتۆراوە هاتووە کە وشەیەکی ئیتاڵیاییە و بە مانای وێنەی کێشراو بە زێدەڕۆییەوە یان وێنەی گاڵتەئامێزییەوە دێ. ئەگەر کاریکاتێر سادەترین هۆی دەربڕینی رۆژنامەنووسی بێ بەڵام بەهێزترینیانە. تەنانەت کاریکاتێرێک بەقەد چەندین لاپەڕەی نووسین توانای دەربڕینی هەیە. لە دەستنیشانکردنی ئەرک و پەیامی تەنز و کۆمیدیاش لە رووی کۆمەڵایەتیەوە، لەپاڵ دیاریکردنی چەوتی و دیاردە دزێو و ناهەمواربییەکاندا، لە رووی دەروونیشەوە ئاسوودەیی و خۆشیی دەبەخشێ.

یەکەم کاریکاتێر لە رۆژنامەگەریی کوردی لە گۆڤاری (رۆناهی - Ronahi) لە ساڵی ١٩٤٢ کە لە شام دەرچووە بڵاوکراوەتەوەو کاریکاتێرەکەش لە رۆژنامەیەکی بیانیەوە وەرگیراوە هەروەک زۆربەی ئەو وێنانەی کە تێیدا بڵاوکراوەتەوە.

پێ دەچێ تا سەرەتاکانی حەفتاکان کاریکاتێر لە رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاونەکرابێتەوە، لەگەڵ هەبوونی چەندین گۆڤاری عەرەبی و تورکی و فارسی تایبەت بە هونەری کاریکاتێر لە عێراق و ناوچەکەدا. بە تایبەتی کە هەندێ لە بەرپرسی ئەو گۆڤارە کاریکاتێرییانە کوردبوون وەک (**نوری سابت**) بەرپرسی گۆڤاری (حەبەزبوز)ی کاریکاتێری کە بە زمانی عەرەبی لە عیراق یەکەم ژمارەی لە ١٩٣١/٩/٢٩ بڵاوکراوەتەوە، کە حەسەن فەلاح لە ساڵی ١٩٤١ کاریکاتێری تێدابڵاوکردۆتەوە هەر وەک لەپێشەوە ئاماژەمان پێداوە. جێگەی سەرنجە کە ئەم رۆژنامە و گۆڤارە عەرەبیانە نەبوونەتە هۆی ئەوەی، کە رۆژنامەوانە کوردەکان بیر لە پرۆژەیەکی وا بکەنەوە، وەکو پێویستییەکی ئەو رۆژگارە ئەم ئەرکە بخەنە سەرشانی خۆیان.

تا دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی خەڵکی کوردستان،

**ئەگەر کاریکاتێر سادەترین هۆی دەربڕینی رۆژنامەنووسی بێ، بەڵام بەهێزترینیانە. تەنانەت کاریکاتێرێک بەقەد چەندین لاپەڕەی نووسین توانای دەربڕینی هەیە لە دەستنیشانکردنی ئەرک و پەیامی تەنزو کۆمیدیاش لەرووی کۆمەڵایەتیەوە، لە پاڵ دیاریکردنی چەوتی و دیاردە دزێو و ناهەمواربییەکاندا، لەرووی دەروونیشەوە ئاسوودەیی و خۆشیی دەبەخشێ.**

گۆڤاری تایبەت بە هونەری کاریکاتێری کوردی دەرنەچووە، یەکەمین بڵاوکراوەی گاڵتەجاڕیی تەنزئامێز لە کوردستان دەرچووبێ بڵاکراوەی (**فشقی تایمز**) بوو، یەکەمین ژمارەی لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ لەلایەن چەند خوێندکارێکەوە لەزانکۆی سەلاحەددین لە شاری هەولێر دەرچووەو یەکەم گۆڤاری کاریکاتێریی کوردی لە شاری سلێمانی دەرچوو لە مانگی ٢ / ١٩٩٧ بە ناوی (**سیخورمە**) و دوای پێنج مانگیش یەکەم گۆڤاری کاریکاتێری لە شاری هەولێر دەرچوو لە مانگی ٧ / ١٩٩٧ بە ناوی (**مەلامەشهور**). لە گۆڤار و رۆژنامەکانی تریش مەگەر تاک وتەرا نەبێ، دەنا ئەو بایەخ و گرنگییە شایستەیەی ئەو هونەرەی پێنەدراوە، زۆرجاریش بۆ زیاتر بەهێزکردنی بابەتێکی نووسراو بەکاردێ و یان لەسەر داوای بەرپرسی رۆژنامەکە یان بەرپرسی لاپەڕەکە کاریکاتێرێک دەکرێ بۆ ئەو بابەتەی کە ئەو بەرپرسە گەرەکییەتی بۆ مەبەستێک لە ناخی یەعقوبەوە!. ئەمە لە کاتێکدا کە لە زۆربەی رۆژنامە و گۆڤارەکانی دەرەوەدا کاریکاتێر لەگەڵ گرنگترین نووسینی رۆژنامەکە کە سەروتارە بەیەک چاو سەیردەکرێ و لە شوێنێکی شایستە و لە لاپەڕەی یەکەمدا بڵاودەکرێتەوە، کەچی لای ئێمە زۆرجار کاریکاتێر تەنیا بۆ پڕکردنەوەی شوێنێک لە لاپەڕەیەکدا بەکاردێ کە کارمەندانی ئەو بڵاوکراوەیە بابەتی نووسراویان نەبووە بۆ پڕکردنەوەی ئەو شوێنە بەتاڵە!. پەیوەندییەکی ئەوتۆش لە نێوان بەرپرسی نووسین و نووسەری رۆژنامە و هونەرمەندی کاریکاتێریست هەستی پێناکرێ کە تەواوکەری یەکترین و دەبێ هەبێ.

**رۆژنامە و گۆڤارەکانی شاری هەولێر و هونەری کاریکاتێر**

شاری هەولێر یەکێکە لە شارە هەرکۆنەکانی جیهان و بە گووتەی مێژوونووسان و شوێنەوارناسان کۆنترین شاری دنیایە کە ئاوەدانی لێماوەتەوە و ژیانی تێدا بەردەوامە، بێگومان شارێکی وا کۆن دەبێ خاوەن کولتور و رۆشنبیریی و هونەری رەسەن و دێرینیش بێ. لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لەگەڵ بڵاوبونەوەی ئامێری چاپ بە رۆژهەڵاتدا لە رێگەی ئەرمەنی و مەسیحییەکانەوە، و دواتر هێنانی ئەو ئامێرانە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بۆ کوردستان و دواتر هێنانی چاپخانە لەلایەن حوسێن حوزنی موکریانیەیوە بۆ رەواندز و دواتر بۆ هەولێر، سەرەتای بزاڤێکی رۆژنامەوانی لە هەولێر دەست پێدەکات، بڵاوبونەوەی گۆڤاری (زاری کرمانجی ١٩٢٦-١٩٣٢) لە

**لای ئێمە زۆرجار کاریکاتێر تەنیا بۆ پڕکردنەوەی شوێنێک لە لاپەڕەیەکدا بەکاردێ کە کارمەندانی ئەو بڵاوکراوەیە بابەتی نووسراویان نەبووە بۆ پڕکردنەوەی ئەو شوێنە بەتاڵە! پەیوەندییەکی ئەوتۆش لە نێوان بەرپرسی نووسین و نووسەری رۆژنامە و هونەرمەندی کاریکاتێریست هەستی پێناکرێ کە تەواوکەری یەکترین و دەبێ هەبێ.**



ڕەواندز، و گۆڤاری (**ڕووناکی ١٩٣٥/١٠/٢٤ – ١٩٣٦/٥/١٦**) لـە هەولێرو هەفتەنامەی (**گۆڤار – ١٩٤٣**)، و ڕۆژنامـەی (**ئـازادی – ١٩٤٤**)، و ڕۆژنامـەی (**هەتـاو – ١٩٤٨**)، و گۆڤـاری (**یەکێتی تێکۆشین**) کە بە نهێنی لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە دەردەچوو و گۆڤاری (**هەتاو ١٩٥٤-١٩٦٠**)، و گۆڤـاری (**هەولێـر – مایس ١٩٧٠**) لە هەولێر بڵاوکراونەتەوە. بە داخەوە ئـەم گۆڤار و هەفتەنامە و ڕۆژنامانە لەلایەنی بڵاوکردنـەوەی وێنە و کاریکاتێر لاواز بوون و سـوودیان لە وێنە وەرنەگرتووە و بڵاویان نەکردۆتەوە.

پێدەچـێ (**محەمەد مەولـود مەم ١٩٢٦-١٩٨٧**) کـە سـەرۆکی نووسـینی گۆڤـاری (**هەولێـر ١٩٧٠**)بـووە، وەکو ڕۆشـنبیرێک و خوێنەرێکی ڕۆژنامـە و گۆڤارە عەرەبییەکان، ئاگاداری گۆڤـارە کاریکاتێرییە عەرەبییەکان بـووە، کە لە عێـراق دەردەچوون، بە تایبەتی گۆڤاری کاریکاتێریـی (**الفکاهة ١٩٦٣-١٩٧١**) و شـێوە تەنزئامێزەکانی مـارف بەرزنجی و خوێندویەتییەوە و ئەوەی شـایانی سـەرنجە بابەتەکانـی خاڵـۆی ڕێبـوار (مـەم) تەنیا بە زمانێکـی میللـی و تەنزئامێز نەنووسـراون، بەڵکـو وەکو کۆمەڵـێ شـێوەی کاریکاتێریی نووسراون. بۆ نموونە لە یەکێ لە گۆشەکانی بە ناوونیشـانی (**بانگێک لە بەڕێوەبەری پۆلیس**) نووسیوویەتی و دەڵێ: «**بەڕێوەبەری پۆلیس بانگـی هەموو ئەوانە دەکات، لە دانیشـتوانی شـار کـە تا ئێسـتا نەیانکردووە بـە خوو لە چەقـی جادەکان بڕۆن و جوڵانەوەی هاتوچۆ بشڵەژێنن، بۆ ئەوەی خەڵاتیان بکات، بروایشی بە قسـەی هەموو ئەوانـە هەیە کە بۆ خەڵات وەرگرتن موراجەعەت ئەکەن و پێویستیش بە شـاهید هێنان ناکات!**» ئەم شێوازە نووسینە لە لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانیدا دەچێتە خانەی سـاتیری کۆمەڵایەتییـەوە، کە لـە وێنەیەکی کاریکاتۆری زیدەڕۆییدا خۆدەنوێنێ.

هەواڵنامەی کتێب



**بڵاوکراوە و گۆڤاری کاریکاتێریی کە لە شاری هەولێرەوە دەرچوون**

**١- بڵاوکراوەی فشقی تایمز:**

یەکەمین بڵاوکراوەی گاڵتەجاڕیی تەنزئامێزە نەک لە هەولێر، بەڵکو لە کوردستان، ئەم بڵاوکراوەیە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ ژمارە (سفر)ی بە تیراژی (٤٠) دانەی (٨) لاپەڕەیی لە زانکۆی سەلاحەددینی شاری هەولێر لەلایەن چوار خوێندکارەوە دەرچووە. بڵاوکراوەیەکی هەمەڕەنگ بوو، زیاتر گرنگی بە توێژی خوێندکارانی زانکۆ دەدا، کاتی دەرچوونی بڵاوکراوەکە دیارنەبوو، هەر کاتێک ئارەزوویان لێبا ژمارەیەکیان دەردەکرد، ژمارەی لاپەڕەکانیشی دیارنەبوو، تیراژەکەی بەردەوام لە زیادبووندابوو، دوا ژمارەی تیراژەکەی گەیشتە (٤٠٠) دانە. **(فشقی تایمز)** تەنیا (٢٨) ژمارەی لێدەرچوو. بەهۆی لێکدابڕانی دەستەی نووسەرانی و نەبوونی پاڵپشتی ماددی وایکرد بڵاوکراوەکە نەتوانێ بەردەوام بێ.

**٢- گۆڤاری مەلامەشهور:**

یەکەمین گۆڤاری تایبەتە بە کاریکاتێر و ڕەخنە و پێکەنین کە لە هەولێر دەردەچوو، ژمارە (١) لە مانگی ٧ /١٩٩٧ لە هەولێر دەرچووە. تا ساڵی ٢٠٠٣، (٤٥) ژمارەی لێدەرچووە، گۆڤارێکی (١٦) لاپەڕەیی بە تیراژی (١٠٠٠) دانە بوو، گۆڤارێکی مانگانەی سەربەخۆ بوو، سەر بە هیچ لایەن و حزبێکەوە نەبوو، بەڵام کۆمەکی دارایی دەکرا لەلایەن ئەو بەرپرس و کەسانەی کە باوەڕیان بە دیموکراسی و ڕەخنە هەبوو، گۆڤارێکی بوێر بوو، دیاردە دزێوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خستۆتەڕوو، توانجی لە کاربەدەست و بەرپرسانی حزبی و ئیداری داوە. بەدرێژایی تەمەنی گۆڤارەکە، توانیویەتی دوو پێشانگەی هاوبەشی کاریکاتێریی بۆ کاریکاتێریستانی

گۆڤارەکە لە شاری هەولێر بکاتەوە یەکەمیان لە ساڵی ۲۰۰۰ و دووەمیان لە ساڵی ۲۰۰۳، دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە پێکهاتبوو لە:

**خاوەن ئیمتیاز:** عەبدولڕەحمان پاشا.

**سەرنووسەر:** حەیدەر قادر.

**سکرتێری نووسین:** عەلۆ سندی بە هاوکاری جەلال زەنگابادی.

**کاریکاتێریستەکان:** سەردار کێستەیی، کامەران خۆشناو، لوئەی کۆیی، جەمیل محەمەد، گرفتار کاکەیی، هەندرێن خۆشناو، عەلی دەروێش (بەمۆ)، صلاح محەمەد عەلی و دیار ئاکرەیی بوون.

ناوە ناوەش گۆڕانکاری بەسەر دەستەی بەڕێوەبەری داهاتووە و لەژمارە (٤٢) لە ٢٠٠١/٥ **(کامەران خۆشناو)** بووە بە بەڕێوەبەری نووسین و لە ژمارە (٤٣) ەوەش لە ٢٠٠٢/١٢ بووە بە سەرنووسەر و لە ژمارە دواییەکانیش تەنیا **(لوئەی کۆیی، هەندرێن خۆشناو و عەلی دەروێش)** وەک کاریکاتێریست بەردەوام بوون.

**٢- گۆڤاری (دەهۆڵ تایمز):**

گۆڤارێکی تەنزئامێزی کۆمەڵایەتی - کاریکاتێریە، ژمارە (١) لە ١٥/ ١٢/ ١٩٩٩ لە هەولێر دەرچوو، تا مانگی ٧ / ٢٠٠٢ (٣٢) ژمارەی لێدەرچووە. گۆڤارێکی مانگانەی (٢٠) لاپەڕەیی بوو، دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤارەکەش پێکهاتبوو لە:

**خاوەن ئیمتیاز:** خالید ئەحمەد خدر **(میران)**.

**سەرنووسەر:** د.شاپان **(رزگار نوری شاوەیس)**.

**کاریکاتێریست:** عەلی دەروێش **(بەمۆ)**.

لە زۆربەی ژمارەکانیدا گرنگییەکی تەواوی بەلایەنی کاریکاتێر و وێنەی فۆتۆیی دەدا، چەند گۆشەیەکی بەردەوامی هەبوو کە تیایدا رەخنە لە کەسانی یاساشکێن و چەند دەزگایەکی حکومی دەگرت و زۆر بە کەمی بەلای دیاردە سیاسییەکاندا دەچوو. ئەم گۆڤارە لەلایەن مەکتەبی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەڕێوەدەچوو و پاڵپشتی دارایی دەکرا.

**٣- ڕۆژنامەی (گەپ):**

ڕۆژنامەیەکی کاریکاتێریە ژمارە (١) لە ٢٠٠٤/١٠/١ لە هەولێر دەرچووە، و مانگێ دووجار دەردەچێ، و تا ئێستاش بەردەوامە، ڕۆژنامەیەکی (١٢) لاپەڕەییە، دەستەواژەی ڕۆژنامەیش لە تێکهەڵکێشی نێوان وشەی ڕۆژنامە و وشەی گۆڤارەوە هاتووە، دەستەی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکەش پێکهاتبوو لە:

**سەرنووسەر:** ئازا حەسیب قەرەداغی.

**جێگری سەرنووسەر(هونەری):** محەمەد قادر-سەردەم.

**جێگری سەرنووسەر (نووسین):** ئیسماعیل بەرزنجی.

**سکرتێری نووسین:** بەرهەم عەلی.

**کاریکاتێریستان:** عەلی دەروێش، سەردار کێستەیی، کامەران خۆشناو، لوئەی کۆیی، هەندرێن خۆشناو، سەلاح محەمەد عەلی، هەروەها کاریکاتێریستی عێراقی خزەیر حمێریش بەشداربوو.

دواییش دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤارەکە بە بەردەوام گۆڕانکاری تێداکراوە، ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەڕێوەدەچێ و دارایی دەکرێ.

**٤- گۆڤاری تەنزوێنە:**

ژمارە (١) لە ٢١ / ٣ / ٢٠٠٦ لەهەولێر دەرچوو، تا ئێستا (٨) ژمارەی لێدەرچووە، و گۆڤارێکی مانگانەیە بەڵام لەبەر گرفتی داراییەوە نەتوانراوە مانگانە بەشێوەیەکی رێکوپێک دەرچێ، گۆڤارێکی (١٦) لاپەڕەییە، سەربەخۆیە و بەشێوەیەکی نارێک لەلایەن کۆمەڵەی کاریکاتێریستانی کوردستانەوە کۆمەکی دارایی کراوە، دەستەی بەڕێوەبەری پێکهاتووە لە:

**خاوەن ئیمتیاز:** کامەران خۆشناو.

**بەڕێوەبەری نووسین:** هەندرێن ئەسعەد خۆشناو.

**کاریکاتێریستان:** عەلی دەروێش، لوئەی کۆیی، صلاح محەمەد عەلی، دیار ئاکرەیی بوون.

## ریزبەندی کاریکاتێریستانی شاری هەولێر بەپێی تەمەنیان.



ناوی تەواو: **دارا محەمەد عەلی**
لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٠ شاری هەولێرە.
دەرچووی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانە – بەغدا ساڵی ١٩٧٤.
ئەندامی رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستانە.
ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە.
ئەندامی کۆمەڵەی شێوەکارانی عیراقە.
بەشداریکردووە لە دامەزراندنی پ.ە.ج لە هەولێر، و گەلەری زاموا لە سلێمانی، و گەلەری ئەربێلا لە هەولێر، و بنکەی کاری دەستی لە هەولێر.
ئێستاش سەرپەرشتیاری پسپۆری پەروەردەی هونەرییە لە وەزارەتی پەروەردە.
سیانزە پێشانگەی تایبەتی شێوەکاری خۆی کردۆتەوە لەساڵانی ٧١، ٧٣، ٧٧، ٧٩، ٨١، ٨٤، ٨٧، ٩١، ٩٤، ١٩٩٨، ٢٠٠٤، ٢٠٠٥ بەشداریکردووە لە زیاتر لە (٥٠) پێشانگەی هاوبەشی شێوەکاری لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، وەکو بەغدا، ئەردەن، پۆلۆنیا، ئەلمانیا، ژاپۆن، کۆریای باشوور، ئێران، ئەمریکا.
یەکەم کاریکاتێری خۆی لە هەفتەنامەی **(هاوکاری)** لە ژمارە (٢٧٤) لە ٤ / ٧ / ١٩٧٥ دا بڵاوکردۆتەوە. دواتریش لە هەفتەنامەی **(کاروانی وەرزش)** لە ساڵی ١٩٨٥ەوە چەندین کاریکاتێری بڵاوکردۆتەوە.
هەر لە حەفتاکانەوە خولیای هونەری منداڵان بووە و لە گۆڤاری **(ئەستێرە)** کە لە بەغدا دەردەچوو لە ساڵی ١٩٧٥ نیگاری بڵاوکردۆتەوە و لە گۆڤاری **(هەنگ)**یش هەر لە سەرەتای دەرچوونییەوەو لە گۆڤاری **(پەرەسێلکە)** و لە گۆڤاری **(پەریستان)** نیگاری بۆ منداڵان بڵاوکردۆتەوە. بەڕێوەبەری هونەری گۆڤاری **(ئاسۆی منداڵان)**بووە کە




یەکێ لە کاریکاتێرەکانی هونەرمەند (دارا محەمەد عەلی) کە لە ١٩٧٨/٩/١ کێشاویەتی.

لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمەوە دەردەچوو.
لە ساڵی ٢٠٠٤بەشداریکردووە لە نیگارکێشانی وێنەکانی کتێبەکانی پەروەردەی مەدەنی و لە ساڵی ٢٠٠٦ بەشداریکردووە لە نیگارکێشانی وێنەکانی کتێبی خوێندنەوەی سریانی بۆ وەزارەتی پەروەردە.
لەبوارەکانی هونەری کاریکاتێر، دیکۆری شانۆیی، هونەری مۆتیڤ، خۆشنووسی نوێ کاریکردووە.
**(کەونە گوند هەر لە یادمی)** پەرتوکی یەکەمی هونەرمەندە کە لە ساڵی ٢٠٠٤ چاپیکردووە.
**(دیوانی مۆتیڤ)** پەرتوکی دووەمی هونەرمەندە کە لە ساڵی ٢٠٠٧ چاپیکردووە.



ناوی تەواو: **سەلاح محەمەد عەلی.**
لە دایک بووی ساڵی ١٩٥١ هەولێر.
یەکەم کاریکاتێری خۆی لە هەفتەنامەی **(هاوکاری)** ساڵی ١٩٩٠ بڵاوکردۆتەوە.
بەشداری لە چوار پێشانگەی کاریکاتێری هاوبەش کردووە لە ساڵانی ٧٧- ٧٨- ٨٥ - ١٩٨٧ لە رۆژی هونەر لە هەولێر.
(٩) پێشانگەی کاریکاتێری تایبەتی خۆی کردۆتەوە لە هەولێر لە ساڵانی ١٩٩٠ - ٢٠٠٣.
بەشداری کردووە لە پێشانگەی هاوبەشی کاریکاتێری لە یادی ١٠٢ ساڵەی رۆژی رۆژنامەگەری کوردی بە هاوکاری دەزگای بەدرخان لە ساڵی ٢٠٠٦.
لە زۆربەی رۆژنامەی و گۆڤارەکانی کوردستان کاریکاتێری بڵاوکردۆتەوە.
هەروەها لەو هەفتەنامە و گۆڤارانەی بەر لە راپەرینیش وەکو **(پاشکۆی عیراق، هاوکاری، کاروانی وەرزش، تەندروستی و کۆمەڵ، رەنگین، کاروانی منداڵان)** کە سەر وەزارەتی رۆشنبیری عیراق بوون کاریکاتێری بڵاوکردۆتەوە.




**یەکێ لە کاریکاتێرەکانی هونەرمەند سەلاح محەمەد عەلی کە لە ژمارە (٤)ی گۆڤاری تەنزوێنە لە ٢٠٠٦/٩ بڵاوکرایەوە.**

لە بواری نواندنیش، بەشداری کردووە لە شانۆگەری **(داسەکەی شاسوار)** لە ساڵی ١٩٧١ و شانۆگەری **(دەنگی تەلەفۆن)** لە ساڵی ١٩٧٣ و شانۆگەری **(وێنەیەک لە رابردوو)** لەساڵی ١٩٧٤

و شانۆگەری (**الرحیل**) لە ساڵی ١٩٧٧ و شانۆگەری (**ئەودەمەی ئەڤین مەزنتردەبێ**) لە ساڵی ١٩٩٣ و شانۆگەری (**مەملەکەتی ئەفیون**) لە ساڵی ١٩٩٥ و شانۆگەری (**کەچەڵ کەچەڵ قاقا**) لە ساڵی ٢٠٠٠.

بەشداری کردووە لە زنجیرەی تەلەڤزیۆنی (**کەوەکانی قەرەچوخ**) و (**نامە**) و (**فرمێسکی پەشیمانی**) لە ساڵی ١٩٩٤ و زنجیرەی تەلەڤزیۆنی (**ژانی رۆژگار**) و (**سوتانی عشق**) و (**ڤینۆس**) لە ساڵی ١٩٩٩ و زنجیرەی تەلەڤزیۆنی (**چارەنووس**) و (**ترس وئەڤین**) و(**ژانی دڵ**) لە ساڵی ٢٠٠٠ و زنجیرەی رادیۆ و تەلەڤزیۆنی هەرێم (**ئەمە بەشمانە**) لە ساڵی ٢٠٠٠ و زنجیرەی تەلەڤزیۆنی (**کێ بەرپرسیارە**) و فیلمی سینەمایی (**ژیان**) لە ساڵی ٢٠٠١.

بەشداری کردووە لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی (**ئاوێنە**) و (**هەگبەی کوردەواری**) و (**شەوچەرەی رەمەزان**) و بەرنامەی رادیۆیی لقی دووی پارتی (**دەمەتەقێی بەیانیان**).

---



ناوی تەواو: **ئەدیبە سمایل مامە**

لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٦ ی شاری هەولێرە.

لە ٢٠ / ٣ / ١٩٩٢ بە کارەساتێکی دڵتەزێنی ئاگرەوە کۆچی دواییکرد.

ئەدیبە سمایل مامە کە بە یەکەم کچ دەژمێردرێ لە باشووری کوردستاندا کە دەستی

داوەتە قەڵەم لە بواری هونەری کاریکاتێر.

یەکەم بەرهەمی کاریکاتێریی لە ١٩٨٧ لە هەفتەنامەی کاروانی وەرزش بڵاوکردۆتەوە.

لە ١٩٩١ یش یەکەم پێشانگەی کاریکاتێری تایبەتی لە هەولێر کردۆتەوە.

بەشداری لە پێشانگاکانی سەندیکای هونەرمەندان کردووە لە بۆنەکانی رۆژی هونەر لە ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٩دا.

بەردەوامیش بوو لە بڵاوکردنەوە تابلۆ کاریکاتێرییەکانی لە رۆژنامەکانی هاوکاری و پاشکۆی عیراق و رەنگین و تەندروستی و کۆمەڵ و گۆڤاری منداڵان.

هەروەها دوای راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ ئەدیبە سمایل مامە بەردەوام بوو لەسەر ئەم رێچکە هونەرییە و لە رۆژنامەکانی کوردستانیش بەرهەمەکانی بڵاودەکردەوە. لە خێزانێکی هەژار لەگەڵ ئەوەی دوای مردنی دایک و باوکی، ئەرکی هەردووکیانی خستبووە ئەستۆی خۆی بەرانبەر بە خوشک و براکانی، بۆیە وازی لە خوێندن هێنا بە رۆژ و چووە خوێندنی شەوانە، تا بتوانێ کاربکات و خوێندنیشی تەواو بکات، لە چاپخانەی رۆشنبیریی بەشی مۆنتاژ بووە کارمەند، ئەو کچە هەست ناسکە زۆر خولیای هونەر بوو، بۆیە هەوڵی ئەوەی دا کە ئەکادیمیانە شارەزای بنەماکانی

هونەر بێ و ویستی لە ئەکادیمیای هونەرجوانەکان لە بەغدا وەربگیرێ، بەڵام لەبەر ئەوەی نەبوو بەبەعسی ئەو ئاواتەی نەهاتەدی و لە پەیمانگەی هونەرجوانەکانی سلێمانی وەرگیرا، بەڵام لەبەر گرانی ئەرکی سەرشانی ئەدیبە نەیتوانی درێژە بەخوێندن بدات. ئەم هەموو کارەسات ونەهامەتیانەی کە هاتبوونە بەردەم ئەدیبە، وای لێکرد کە دەست بداتە قەڵەم و فڵچە بۆ نەخشاندنی چەندین تابلۆی هونەری بۆ دەربڕینی ئەو ئێش و ئازارانەی کە لەناخیدا قەتیس ببوو، دوایی هەستی کرد کە تەنیا بەهونەری کاریکاتێر دەتوانێ بەجوانترین شێوە ئەو ئێش و ئازارانە دەرببڕێ و هەوڵی گۆڕینی ئەو واقیعە تاڵە بدات کە تێیکەوتبوو خۆی و خێزان و گەلەکەشی.



یەکێ لە کاریکاتێرەکانی هونەرمەند ئەدیبە سمایل مامە کە لە ژمارە (١) گۆڤاری تەنزوێنە لە مارس/٢٠٠٦ بڵاوکرایەوە.

هەواڵنامەی کتێب



ناوی تەواو: **لوئەی مەتی دەرمان کۆیی**
لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٦ – شاری هەولێرە.
دەرچووی کۆلیژی ئەندازیاری پەترۆڵە.
یەکەم کاریکاتێری خۆی لە گۆڤاری (ئەلف با)ی عیراقی لە هەشتاکان بڵاوکردۆتەوە.
یەکەم کاریکاتێریستی شاری هەولێر بووە کە وێنەی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عیراق بکێشێ و یەکەم کاریکاتێریست بووە کە ڕەخنە لە ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان لە کوردستان بگرێ و بە کاریکاتێر ڕەخنەی لە گەندەڵی ئەو ڕێکخراوە جێبەجێکارانەی بڕیاری ٩٨٦ گرتووە.
یەکەم پێشانگەی تایبەتی کاریکاتێری لە بەغدا ساڵی ١٩٨٤/ بەشی چالاکی قوتابخانەکان بووە.

دووەم پێشـــانگەی تایبەتی کاریکاتێری لە بەغدا ساڵی ١٩٨٥/ هۆڵی سەندیکای ئەندازیاران.
سـێ پێشـانگەی تایبەتـی کاریکاتێـری لـە هەولێـر کردۆتەوە لە سـاڵانی ٩١ – ٩٢ – ١٩٩٤.
بەشداریکردووە لە هەردوو پێشـانگەی هاوبەشـی کاریکاتێـری گۆڤـاری مەلامەشـهور لە هەولێر لە ساڵانی ١٩٩٨ و ٢٠٠٣.
بەشـداریکردووە لە یەکەم پێشـانگەی هاوبەشـی کاریکاتێـری (**کۆمەڵـەی کـاریـکـاتـێـریـســتـانی کوردسـتان**) لـە هەولێر ساڵی ٢٠٠٥.



**یەکێ لە کاریکاتێرەکانی هونەرمەند لوئەی کۆیی کە لە ساڵی ٢٠٠٦ کێشاویەتی.**

بەڕێوەبەری هونەری و کاریکاتێریست بووە لە گۆڤاری مەلامەشهور و بەڕێوەبەری بەشی سایت و ئینتەرنێت و کاریکاتێریست بووە لە گۆڤاری تەنزوێنە.
ئەندامی کارای سەندیکای ئەندازیارانی کوردستانە.
ئەندامی کارای کۆمەڵەی کاریکاتێریستانی کوردستانە.
کاریکاتێریســتە لــە گۆڤــاری (تەنزوێنــە)ی تایبەت بە رەخنە و کاریکاتێر.

---



ناوی تەواو: هەندرێن **ئەسعەد ئەحمەد خۆشناو.**
لە دایک بووی ساڵی ١٩٦٩ شاری هەولێرە.
دەرچووی کۆلیژی زانستی زانکۆی سەلاحەدینە.
یەکەم کاریکاتێریستی شاری هەولێرە کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک سوودی لە کۆمپیوتەر وەرگرتبـێ لـە وێنەکێشـانی کاریکاتێـردا و یەکـەم کاریکاتێریستی شاری هەولێرە کە وێنەی سەدامی دیکتاتۆری عیراق بە کاریکاتێر کێشابێ.
یەکـەم کاریکاتێری خۆی لە ڕۆژنامـە کوردییەکان لە ژمارە(١٣٧) ی ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) لە ١٩٩٤/٩/٤ بڵاوکردۆتەوە.
بەشداریکردووە لە (٦) پێشانگەی هاوبەشی شێوەکاری لە ساڵانی ٨٦، ٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٠، ٩٢ لە هەولێر.
یەکـەم پێشـانگەی تایبەتی کاریکاتێـری کردۆتەوە لە هەولێر ساڵی ١٩٨٦.

بەشـداریکردووە لە (٥) پێشانگەی هاوبەشی کاریکاتێری لە ساڵانی ٨٧-٨٨-٨٩-٩٠-١٩٩٢ لە هەولێر.

بەشـداریکردووە لـە پێشـانگەی دووەمـی هاوبەشی کاریکاتێری (**گۆڤاری مەلا مەشهور**) لە هەولێر ساڵی ٢٠٠٣.

بەشداریکردووە لە یەکەم پێشانگەی هاوبەشی کاریکاتێـری (**کۆمەڵـەی کاریکاتێریسـتانی کوردستان**) لە هەولێر ساڵی ٢٠٠٥.

بەشـداریکردووە لـە پێشـانگەی هاوبەشـی کاریکاتێـری لە رۆژی رۆژنامەگەری کوردی بـە هـاوکاری دەزگای بەدرخـان لـە ٢٠٠٦ و خەڵاتـی رۆژی رۆژنامەگـەری کـوردی وەرگرتووە.

بەشداریکردووە لە سێ پێشانگەی هاوبەشی فۆتۆگرافی (**کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان**) لە کەرکوک- ٢٠٠٥ و هەولێر- ٢٠٠٥ و بەغدا- ٢٠٠٦.

لـە سـاڵی ١٩٩٨ - ٢٠٠٣ لـە گۆڤـاری (**مەلا مەشـهور**) کاریکاتێریسـت و نووسەر بووە.

لـە سـاڵی ٢٠٠١ - ٢٠٠٤ لە گۆڤـاری (**پەلکە زێڕینە**) نیگارکێش و نووسەر بووە. لە ساڵی ٢٠٠٢ – ٢٠٠٤ لـە مانگنامـەی (**سـەروەریی یاسا**) کاریکاتێریست و نووسەر بووە.

لـە سـاڵی ٢٠٠٤ - ٢٠٠٥ لـە هەفتەنامـەی (**دەنگی میللەت**) کاریکاتێریسـت و نووسـەر بـووە. لە سـاڵی ٢٠٠٤ - ٢٠٠٥ لـە رۆژنامەی (**گەپ**) کاریکاتێریسـت بووە. لە سـاڵی ٢٠٠٥ تاوەکو ئێسـتا لە گۆڤاری (**ئاسـۆی منداڵان**) نیگارکێشـە. لـە سـاڵی ٢٠٠٥ تاوەکو ئێسـتا لـە هەفتەنامـەی (**میدیـا**) کاریکاتێریسـتە. لە بڵاوکـراوەی (**کاریکارتـۆن**) کـە مانگنامـەی (**بەدرخـان**) دەریـدەکات کاریکاتێریسـت و نووسـەرە.

لە گۆڤاری (**تەنزوێنە**) بەڕێوەبەری نووسینەو لە زۆربەی رۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان کاریکاتێر و نیگار و مۆتیڤ و نیگاری تایبەت بە منداڵان و نووسـین و بابەتی وەرگێڕاو بە بەردەوامی بڵاودەکاتەوە.

ئەندامی کارای فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتییە.

ئەندامـی کـارای سـەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە.

ئەندامـی کـارای رێکخـراوی هونەرمەندانی کوردستانە.

ئەندامـی کـارای کۆمەڵـەی وێنەگرانی کوردستانە.

ئەندامـی کـارای کۆمەڵـەی کاریکاتێریستانی کوردستانە.




یەکێ لە کاریکاتێرەکانی هونەرمەند هەندرێن خۆشناو کە لە ژمارە(١٣٧) ی رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) لە ١٩٩٤/٩/٤ بڵاوکرایەوە.

ناوی تەواو: **کامەران عەبدولکەریم عەلی خۆشناو.**
لەدایکبوون: ١٩٧٠ هەولێر
دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەدینە ساڵی ١٩٩٢.
سەرۆکی ئەندازیارانە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری **(تەنزوێنە)**یە کە تایبەتە بە رەخنە و کاریکاتێر.
سەرنووسەری گۆڤاری **(ئەندازیار)**ە کە سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان دەریدەکات.
سەرنووسەری گۆڤاری **(مەلامەشهور)** بووە کە تایبەت بوو بە رەخنە و کاریکاتێر.
چەندین نیگاری تایبەت بەبواری منداڵان و وتار لەمەڕ مێژوو وئەدەب و سیاسەت لەرۆژنامە و گۆڤارە کوردستانی و عێراقییەکان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردۆتەوەو چەندین کاریکاتێری لە رۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوکردۆتەوە لە ١٩٩٢-٢٠٠٦.
بەشداریکردووە لە پێشبرکێی کورتە چیرۆک لەسەر ئاستی عێراق / ١٩٨٤
تیپی شانۆی کۆلێژی ئەندازیاری دامەزراندووە لەگەڵ کۆمەڵێک لە قوتابیانی کۆلیژ و دوای راپەڕین دووبارە تیپی شانۆی کۆلیژی ئەندازیاری لەگەڵ کۆمەڵێک لە قوتابیانی کۆلیژ دامەزراندووەو شانۆگەری **(مردووە زیندووەکان)** لەساڵی ١٩٩١ نووسیووەو دەرهێناوە. تیپی شانۆی دەرچووان لەگەڵ کۆمەڵێک لە دەرچووانی کۆلیژەکان دامەزراندووە، شانۆگەری **(دواسکاڵا)** لە ١٩٩٢ نووسیووە و دەرهێناوە، کە لەسەر تەختی شانۆی **(هۆلی گەل)** لە هەولێر نمایش کرا.






**یەکێ لە کاریکاتێرەکانی هونەرمەند کامەران خۆشناو کە لە ژمارە (١)ی گۆڤاری تەنزوێنە لە مارسی / ٢٠٠٦ بڵاوکرایەوە.**

(٨) پێشانگای تایبەتی و هاوبەشی کاریکاتێری کردۆتەوە لە ساڵانی ٩٤، ٩٥، ٩٦، ٩٧، ٩٨، ١٩٩٩ لە هەولێر.
بەشداری کردووە لە پێشانگای کاریکاتێری یەکەم و







دووەمی گۆڤاری مەلامەشهور ۱۹۹۸ و ۲۰۰۳ لە هەولێر.
بەشداریکردووە لەیەکەم پێشانگای هاوبەشی کۆمەڵەی کاریکاتێرستانی کوردستان - هەولێر ۲۰۰۵.
نووسین و ئامادەکردنی بەرنامەی دووربین لە تەلەڤزیۆنی کوردستان – هەولێر ۲۰۰۲.
ئارمی یانەی وەرزشی بروسک – هەولێر لە ساڵی ۲۰۰٤ دروستکردووە.
بەشداریکردووە لەنەخشەسازی و کارە هونەری و ئەندازیاریەکانی کۆتەڵی شەهیدانی یەکی شوبات – هەولێر ۲۰۰٤- ۲۰۰٦.
شانۆگەری (وڵات شیرنترە)ی نووسیوە کە تایبەت بوو بەمنداڵان – هەولێر ۲۰۰۵.
ئەندامی کارای سەندیکای ئەندازیارانی کوردستانە.
ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
ئەندامی کارای کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردیە.
سکرتێری کۆمەڵەی کاریکاتێرستانی کوردستانە.

**سەرچاوەکان:**


١. کتێبی (ڕۆژنامەگەریی کوردی، چەند سەرەقەڵەمێک لە بارەی تەکنیک و هونەرەکانی)، دانەر: نەژاد عەزیز سورمێ.
٢. کتێبی (چەند بابەتێکی ڕۆژنامەوانی)، دانەر: محەمەد سەعید کوردە.
٣. گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس) ژمارە ۱ ساڵی ۲۰۰٤، بابەتی دڵشاد سابیر کەریم.
٤. گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس) ژمارە ۷ ساڵی ۲۰۰٦، بابەتی د. هیمداد حوسێن.
٥. گۆڤاری (ڕۆژنامەڤانی) ژمارە٦–۷ ساڵی ۲۰۰۲، بابەتی د. ئەمیر شێت چەلەبی.
٦. گۆڤاری (ڕۆژنامەڤانی) ژمارە ۸ ساڵی ۲۰۰۲، بابەتی فەرەیدون سامان.
٧. کتێبی (مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا)، دانەر: فەرهاد پیرباڵ.

# وێستگەی

# ڕۆژنامەنووس

# کاکی زەنگەنەی خامە زەنگین و بەیاد هێنانەوەیەک



قاسم محەمەد مستەفا

ئەم بابەتە دوای خوێندنەوەی ئەو وتارە هاتۆتە نووسین لە ژێر ناونیشانی ((**ببوورن نابێ پەسنی هیچ کەسێک بە (براتان) بکەن..**)). کە لە ژمارە (١٣)ی گۆڤاری ڕۆژنامەنووس هاتۆتە بڵاوکردنەوە.

لەسەرەتادا نووسەری بەڕێز بەناساندن و گێڕانەوەو باسکردن و شرۆڤەی (**برا**) دەستی پێکردووە. تا لە کۆتاییدا دوای کۆمەڵێک بە دوا داچوون بۆ ئەم وشەیە و بە هەڵسەنگاندنێکی زانستی و بە گوزەر لە نێو پرۆتۆکۆڵە دیپلۆماسییەکان کۆتایی بە باسکردنەکەی لەمەڕ (**برا**) هێناوە.

ئینجا لە بەشی دووەمی بابەتەکەی و لە ژێر ناونیشانێکی کورت ((**خۆم کردوومە و خۆم دەیخۆم**)) گێڕانەوەی لاپەڕەیەکی مێژوویی لە سەردەمی شێخی نەمری کردووە. لە توێی باسەکەدا ئاماژەی بە نووسینی تایبەت و پرسە ڕۆژنامەنووسییەکان و پەیوەندی نێوان ڕۆژنامەنووسان و تێکهەڵکێشی هەندێ بابەت کردووە.

ئینجا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە لە ژمارەی پێشتری ئەم گۆڤارە. بابەتێکی لە ژێر ناوونیشانی (**عەبدوڵلا تەوافوقی**) بڵاوکردۆتەوە و ئەم بابەتە سەرنجی زۆر لە خوێنەرانی ڕاکێشاوە. هەریەکەی بە شێوەیەک و بەجۆرێک لێکیان داوەتەوە.

ئینجا بە ناساندنی بابایەکی دیکە ئاماژە بۆ ئەم نووسینەمان دەکات کە سەبارەت بە بابەتەکەی (**عەبدوڵلا تەوافوقی..!**) لە گۆشەیەکدا نووسیومانە. سەرەتا ئاماژە بۆ بابەتەکەی و ئینجا نووسینەکەم دەکەم ئینجا دێمە سەر چۆنییەتی نووسین و وەڵامەکەی بەڕێزیان.

لە باسەکەیدا ئاماژە بۆ هاتنی بەرپرسی (**بنکەی ژین**)، بۆ بەشداریکردن لە سیمیناری (**محەمەد عەلی عەونی**)، بۆ هەولێر دەکات و لە دانیشتنێکیاندا گوێبیستی نازناوی (**عەبدوڵلا تەوافوقی**) دەبێت. دیارە مامۆستایەکی دیارو ناسراوی زانکۆ ئاماژە بۆ ڕۆڵی کارای ئەم کاک عەبدوڵلایە لە چاپکردنی کتێب دەکات. وا دیارە ئەم کاک عەبدوڵلایە کاریگەریی کارای هەبووە لە چاپکردنی کتێبێک. چەند

ڕۆژ دواتریش برادەرێکی دیکە هەر لەسەر ئەو کتێبە پێی ڕاگەیاندووە و گوتوویەتی: تۆ ئاگات لە چییە؟ ئەوا پێت دەڵێن. زەنگەنە بۆتە (**بەربووک**)ی (**بنکەی ژین**) و (**دەزگای ئاراس**). ئەو کابرایە بەخۆڕایی خۆی ماندوو دەکا و فلان و فیسار ئیستیفادەی لێ دەکەن، ماوەیەکی دیکە دەست لە چۆکان شۆڕتر دەمینێتەوە.

باشە ناساندنی ئەم برادەرە بە (**تەوافوقی**) چ کەموکورتییەکی هەیە؟. لە ڕاستیدا نەک هەر عەیبی نییە، بەڵکو شوێن پێزانینە.

ئینجا دێمە سەر ئەو نووسینەی کە لە گۆشەکەی خۆم نووسیومە کە دەڵێم:

لە نووسینەکەی خۆم لەمەڕ ئەم بابەتەدا. دیارە ئاماژە بۆ بەڕێزی دەکەم و دەڵێم دوای ئەوەی لە چاپەمەنییەک خوێندوومەتەوە. برادەرێک گلەیی لە بەختی خۆی دەکات! گوایە پێیان گوتووە. بوویت بە ((**بەربووک**))ی بنکەی ((**ژین**)) و ((**دەزگای ئاراس**)) ئەی ئەمە ڕاست نییە؟. لە لاپەڕە ٤ی ژمارە ١٢ی گۆڤاری ڕۆژنامەنووس و لەدێڕی (٢٠)ەمدا ئەم نووسینەی بڵاونەکردۆتەوە؟. دواتر درێژەی پێداوەو ڕستەکەی تەواوکردووە ((**پێیان وتووە ئەم کابرایە بە خۆڕایی خۆی ماندوو دەکاو فڵان و فیسار سوودی لێدەبینن. ماوەیەکی دیکە دەست لە چۆکان شۆڕتر دەمێنێتەوە**)) تاوەکو ئێرە تەنیا نووسینی خۆیم دووبارە کردۆتەوە. ئینجا لە پەڕەگرافی دواتر نووسیومە: ئای کە سەیرە. کابرا دوو دەست و دوو بنکە و ڕەنگ و دوو ئاڕاستەی ئاوێزانکردووە. لە هەوڵی ئەوەدایە. یەک دیدگا لە دوو چاوان هەڵێنجێنێت بە (**بەربووک**)ێک ناویان بردووە.

با بزانین چیمان نووسیووە؟ دەڵێم ئای کە سەیرە واتە شتێکی سەیرو نەگونجاوو نا دروستە، واتە من خۆم لەسەری کۆک نیم، ئەم سەرسووڕمانەش سەبارەت بەو هەڵوێستەیە کە بەڕێزیان، واتە کاک عەبدوڵڵا زەنگەنە خۆی، دوو دەست واتە هەر دوو دەستی دوو دەزگای جیا، دوو بنکە و دوو ڕەنگ، کە ئەویش هەردوو بنکەی «**بنکەی ژین**» و «**دەزگای ئاراس**»ە کە ئەوانیش ئاشکرایە پێویست بە لەسەر ڕۆیشتن ناکات. لە ماوەکانی پێشتر دوورو نزیک و کەم تا زۆر ڕەنگدانەوەی کاری ڕووناکبیری و ڕۆژنامەنووسیی و کارگێڕیی و ئەدەبی دوو ڕەنگە جیاوازەکە بوون. بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافی شارەکان و تۆخی دەسەڵاتی کارگێڕیی تیایاندا. ئەمیش چ بەپێی بازنەی کارگێڕیی و چ بەپێی سەرچاوەی کۆمەکی دارایی. دوو ئاڕاستەش دەرئەنجامی ئەم جیاوازییەی دەست و بنکە و ڕەنگەکان بووە. ئینجا ئاماژەم بە کاری ئەم برا بەڕێزە کردووە کە ئەویش ئاوێزانکردنیانە و بەکارێکی شایستەم ناسیوە. ئینجا نووسیومە لە هەوڵی ئەوەدایە یەک دیدگا لە دوو چاوان هەڵێنجێنێت. باشە هەروەکو چۆن مرۆڤ دووچاوی هەیە و تاوەکو ئەم دوو چاوە ئاڕاستەیان دروستتر بێت. دیدگایەکەیان ڕێککتر و دوور لە خێلی و خواری و دروستتر و بێ کەموکوڕی نابێت؟. دوای ئەوە دەڵێم بە «**بەربووک**»! ناویان بردووە. واتە ئەوەی شوێن سەرسووڕمانە ئەم کارە جوامێرییە، بەداخەوە لەم کۆمەڵگایەمان، لە جیاتی پێزانین بەم چەشنە پێناسەی بۆ دەکرێت. دواتر دەڵێم: گوایە دەست لە چۆکان شۆڕتر مابێتەوە!. دووبارە نیشانەی سەرسووڕمانەکەم «!» شاهیدی ئەوەیە. کە چ شەرمەزارییەکە و چ نەخۆشییەکە کە ئەم کارە دروستە بە (**دەست لە چۆکان شۆڕمابێتەوە**) بناسرێ و پێناسە بکرێ و هەڵبسەنگێندرێت. دواتریش گوتوومە: ((**نازانن کەسانی دیدگا دروست و ئاشتیخوازو ڕاستیخواز دەستیان چەند لە چەوری دوورتر بێت لە هەموو دەست و پاچە گەورەکانی ئەم سەردەمە باڵاترن..**))

ئەی ناساندنی کەسانی دیدگا دروست، واتە دیدگای ئەم بەڕێزەمان بەدروستی نرخاندووە، ئینجا ئاشتیخواز. واتە لە ڕێڕەوێکی ئاشتیخوازانە ڕێدەکات و دواتر دەڵێین ڕاستیخواز. لێرەش هەر بە ڕاستی دروستی خواز ناساندوومانە. لە هەڵسەنگاندنی

ئەم جۆرە خودان دەست و مەچەکانەش. چەند دەستیان لە (**چەوری**) واتە چەورایی و دۆن و پیوو رۆن و .. هتد، کە هەموو ئەم دەستەواژانە بۆ دەوڵەمەندبوونی سەردەم بەکاردەهێنرێن و پێوەی دەناسرێن. ئینجا لە کۆتاییدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین کەسانی خێرخواز، برامان ئاسا، لەم جۆرانە بالاترن.. گەورەترن..

دوای ئەوەی پێداچوونەوەیەکمان بۆ نووسینەکەمانکرد. ئیتر با بزانین جەنابی کاک عەبدوڵلا چۆنی خوێندۆتەوە!

جارێ لە سەرەتا بە (**بابایەک**) دەمانناسێنێت و هەر دوای رستەیەکی دیکە دووبارە باباکە دووبارە دەکاتەوە. ئینجا پێش ئەوەی خوێنەر بەنووسین و تێروانین و هەڵسەنگاندنمان بۆ بابەتەکەی خۆی ئاشنا بکات و بچێتە سەر ناوەرۆکی نووسینەکەم ئاماژەمان بۆ دەکات و دەڵێت:

چ لە ساتە نائاساییەکانی ناوخۆو چ ئێستا، بابەت بە چەند ناوێک لەم لاو لەولاش بڵاودەکاتەوە.

باشە لە ساتە نائاساییەکان کە بابەتم بڵاوکردۆتەوە. با بفەرمووێت کام بابەتم چ ئەوساو چ ئێستا شوێن گلەیی و گومان و تانەو تەشەرو دژ بەگەل و رەوتی پێشڤەچوون و بەرژەوەندی میللەت بووە؟:

ئینجا ئەم بابەتانەی بڵاومکردۆتەوە و ئاماژەی بۆ دەکات چ لە ساتە نائاساییەکان بووبێت چ ئێستا با بەرێزی خۆی دادوەر بێت و بەوپەڕی دڵفراوانی و ملکەچی بۆ بڕیاری ئەو، چونکە لە بەویژدانی ئەو دڵنیام بە مەرجێ لێحاڵی نەبوونی تیا نەبێ، با ئاماژە بۆ نادروستییەک لە نووسینەکانمدا بکات. چ لەم لاو چ لەولا وەک ئاماژەی بۆ کردووە. دواتر بۆ لەلایەک چەق ببەستین. ئایا هەردوولا ماڵی هەمووان نییە و نووسینەکە هەر بۆ ماڵی کورد نییە، سەبارەت بەو چەند ناوەی کە بابەتم پێ بڵاوکردۆتەوە.

بابەتی ئەدەبی و سیاسی و یاسایی و لێکۆڵینەوەم بەناوی و سیانی خۆم بڵاوکردۆتەوە. هەر لە رۆژنامەی هاوکاری ساڵانی ناوەراستی حەفتاکان، کە ئەو بابەت شوێن شانازیمە و بۆ هەمیشە شانازی بە بڵاوکردنەوەی دەکەم، بۆ ئەو سەردەم مل لە تیغدان بوو. ئەوسا لە زانکۆ دەمخوێند، لە بەغدا، سەرەنجامیش کە لە ساڵی ١٩٧٨ لە (**ئەمن**)ی بەغدا دەستگیر کرام سەرەرای تاوان پاڵدراوییە سیاسییەکان، لەسەر ئەم بابەتەش دووچاری لێپرسینەوە، ئازاردان بوومەوە کە شوێن شانازیمە.

دواتریش لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا راستە ناوی دیکەم بەکارهێناوە. بۆ نموونە لە ژمارە (١)ی تەوار سەبارەت بە ئاماری ژن و منداڵانی قوربانیانی سنووری ناوچەی هەولێر لە رۆژانی رەوینەکەی ساڵی ١٩٩١، تەنیا ناوی یەکەمی خۆم لەسەر بابەتەکە بڵاوکرایەوە.

ئەوسا رژێم لە شاری هەولێر بوو. ئێمەش لە شەقلاوە بووین. هۆکارەکەی مەترسی بوو لەسەر دەستدرێژی رژێم بۆ سەر خێزانمان لە هەولێر. یان جاری وا هەبووە دوو بابەتم لە یەک ژمارەدا لە رۆژنامەیەکدا بڵاوبۆتەوە. بۆ نموونە لە بابەتێکیاندا زاراوەی (**حاکم**) بە ناوەکەمەوە لکێندراوە. دیارە لەسەردەمی شۆرشی شاخ بەم نازناوە ناسرابووین جاری وا هەبووە، وەک بەرێزی خۆشی پەیرەوی دەکات، تەنیا بەپیتی یەکەمی ناوەکەم بابەتم بڵاوکردۆتەوە. یان نازناوی (**موکری**)م بەناوی یەکەمی خۆمەوە لکاندووە بۆ هەندێ نووسینی دوور لەتایبەتمەندی بواری نووسینەکانم. وەک ئەو بابەتانەی لە(**تیراژ**)ی گۆڤاری رامان بڵاومکردۆتەوە کە پتر هونەری بوون.

دواتر کە دێتە سەر ئەو پەیوەندییە (٤٠) ساڵییەی پێشوومان. نەک تا هەر ئەوساتە وەختەی ئێستا، بەڵکو بەدڵنیاییەوە رێزی ئەوم هەر لا بووە و هەر دەمێنێت، دیارە خۆی پیاوێکی شایانی ئەم رێزەیە، بەڵام دێت و دەڵێت: نوقورچەی لێگرتووم. ئەمە نوقورچەکەمە و با خوێنەر خۆی دادوەر بێت..

لە نووسینەکەیدا دەڵێت: حیساب بۆ هەست و سۆزی بەرامبەر ناکەن، بەبێ لێکدانەوە قسە دەکەن و توانج دەگرن و نازانن کوێندەر دەگرێتەوە.

لە وەڵامدا دەپرسم: ئایا ناحەزانە هیچم پێگوتووە؟ بێجگە بە گەورە ناسینی و بەپێزانین بەهەڵوێستی دروستی کە ئەویش ئاوێزانکردنی دوو دەست و دوو بنکە و دوو ئاراستە بووە. کە هەموو میللەت لە خەم و حەزی یەکپارچەیی و یەک دەستی و هەماهەنگی و یەکبوونە.

دواتریش وەک خۆی دەڵێت: من بە (**برادەر**)م داناوە و لە وشەی (**کابرا**)یەکە ورد بووبایەوە.

برای ئازیز: ئەم (**کابرا**) یە هی خۆم نییە. بەڵکو لە نووسینەکەی خۆتم گواستۆتەوە!. دەتوانیت بگەڕێتەوە بۆ وتارەکەی ژمارە ١٢ی گۆڤاری رۆژنامەنووس لاپەڕەی ٤، دێڕی ٢١. جا کاکی برای بەڕێز وا بزانم لە هەڵبژاردنی وشەکان بەهەڵە نەچووم! دواتریش بۆ سەلماندنی ئەوەی کە جەنابی هاتووچۆی کتێبخانەی گشتی هەولێری کردووە. دیارە مەترسی ئەوەی هەیە نەخۆشی (**زەهایمەر**) پەییمان پێ ببات. شایەتی ئەوەمان بۆ نەدرێت کە ٣٩ ساڵ بەر لە ئیمڕۆ ئەو هاتووچۆی کتێبخانەی گشتی کردووە.

لە وەڵامدا دەڵێین بەڵێ، ئەگەرچی بەناو ساڵیشدا کەوتووین: ئەو رۆژانەی کە ئەو باسیان دەکات لە بیرمە و هەریەک دووساڵ دواتر بوو کە لەریزەکانی خوێندن و لە بواری چالاکی رووناکبیری و ئەدەب تێکرا لە نێو ئەم توێژەی خوێندن کە برادەرانت جەلال بەرزنجی و دڵشاد عەبدوڵلا و، جەنابی ئامادەییەکی بەرچاوی هەبوو لە دەرکردنی گۆڤاری (**بیری نوێ**) و «**رهێڵە**»، لە بابەتی گێڕانەوەکەشی بۆ کتێبخانەی گشتی، وەک خۆی دەڵێت ئێمە: یەکێکی خەپەتۆڵەی سوورو سپی جوانیکیلە بووین. راست دەکات، بەڵام لەم گێڕانەوەیەدا. ئەگەر لە یادی ماوە، ئاماژەی بۆ ژوورەکانی تایبەتیش بە رۆژنامە و گۆڤارەکان و ژووری بەرگکردنی کتێب، کە مەلا شەریف ناسراو بە مەلا عروس کارمەندی بوو، مێزە گەورەکەی ناو هۆڵەکە کە رۆژنامەکانی ئەو سەردەم، کە لە بەغدا دەردەچوو لەسەری پەخش دەکرا. هەروەکو چۆن نووسینەکانی تاموبۆیەکی مێژوویی هەیە. ئەوا بابەتەکە گێڕانەوەکەی پتر دەرازایەوە.

سەبارەت بە ئێمەش بڕوا بکات، نەوەک ئەو دەڵێت نەمانزانیبێت (**موتاڵەعەی خارجی**) یانی چی!، سەردانی ئەم کتێبخانەیەمان دەکرد و هەر بە رێککەوت تائێستاش کەشکۆلێکی پەڕ زەردی سی پەڕیمان ماوە. ئەوسا لە ژێر ناوونیشانی (**كلمات كردية و فارسية مشتركة في لغة الفارسية**) بە دەستخەت و نووسینی ئەوسامان نووسیومانە و ساڵی ١٩٧٣ی لەسەر نووسراوە. لێرەدا مەبەستم وەڵامی بەڕێزیانە کە دەڵێت: بڕوا ناکەم ئەوسا، زانیبێتمان (**موتالەعەی خارجی**) چییە؟

هەر لێرەدا جەنابی رووبەڕووی پرسیارێک دەبێتەوە.

ئەویش ئەوەیە وەک خۆی دەڵێت و موتالای خارجیمان نەبووبێت، ئەی چۆن داوای شایەتیمان لێدەکات کە ئەو هاتووچۆی کتێبخانەی گشتی کردووە ئەگەر ئێمە هاتووچۆیمان نەکردبێت. دیارە ناڕاستەوخۆ خۆی شایەتی ئەوە دەدات کە ئامادەبوونمان هەبووە لەم پێگە رووناکبیرییە.

دواتریش دەربارەی ئەو یارمەتییەی کە بەچەند کەسێکی دابێت، وەک لە نووسینەکەیدا باسیکردووە، لەو کەسانە کە برادەری ئێمە بووبن، من لێرەدا لەلای خۆمەوە ئەم قسەیەم لەلا قبوڵە و بەڕاستی دەزانم، چونکە هەم لە پیاوەتی و کەسایەتی ئەو دەوەشێتەوە لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە رێزو هاوڕێیەتی و دڵسۆزییان بۆ یەکتر بۆی هەیە ئەم مەردایەتییەی لێوەشابێتەوە. ئاماژەکردنیان بۆ ئەم راستییەش لە بیرەوەرییەکانیاندا، وەک کاک عەبدوڵلا خۆی نووسیویەتی ئەوە بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە. برادەرایەتیشمان بۆ ئەم بەڕێزانە دیارە بۆ (٤٠) ساڵ بەر لە ئیمڕۆ

دەگەڕێتەوە. جا هەڵکردن یان هەڵنەکردن وەک ئەمەی دوایی بەڕێزی ئاماژەی بۆکردووە. لەلای خۆمەوە هەر ئەوەندە دەڵێم کە بەدرێژایی ئەم ساڵانە پەیوەندیمان هیچ کەلێنێکی تێنەکەوتووە، بەڵام ساڵانی خوێندنم لە بەغدا و ساڵانی زیندانیم لە ئەبوغرێب و ساڵانی پێشمەرگایەتیم ئەگەر دابڕانێکی لە نێوانماندا دروست کردبێت، ئەوە شتێکی دیکەیە و بواری کاری ئەوان کە (ئەدەب)ە ئەوەش بۆی هەیە جیا لە بوارەکانی دیکە کە من سەرقاڵیم هۆکارێک بێت کە هەمیشە لێک نزیک نەبین. لەلای منەوە ڕێزو خۆشەویستی و هەڵسەنگاندنم گەرم و گوڕییەکەی هەرماوە، بەڵام ئەگەر ئەوان هەڵنەکردنیان لەگەڵمدا لای بەڕێزتانی نیشانداببێت. ئەوا خۆیان و ڕای خۆیان!..

دواتر دەڵێت: زۆرم پێ عەنتیکەیە کە دەبینم ڕستەی «**چەند لە چەوری دوورتر بێت. لە هەموو دەست و پاچە گەورەکانی ئەم سەردەمە باڵاترە**» ڕووبەڕووی من کراوەتەوە ئاخر کاکی خۆم ناڵێم (**کەکۆش، شێتۆکە، گێلۆکە، ساویلکە!!**) بڕوا بکە تەنیا بەمەبەستی بەرز ڕاگرتنی هەڵوێست و ئەم کارە جوانەی کردووتەو چەنگ نەکەوتنی چەوری، واتە سامان و داهات و چەورایی و دراوە، کە لە ئەنجامدا هەموو ئەو کەسانەی لێی دوورن باڵاترن و سەنگینترن.

ئازیزەکەم: کام دەستەواژە بەرامبەرت بەکارهاتووە تا ئەوەندە دلگران بیت تا سەرەنجام بێدەنگ بوون لێی ببێت بەگوناه! ئاخر ئەم نووسینە چ کورتییەکی تیایە بێجگە لە باڵایی ((قۆڕ))ی، وەک ئاماژەت پێکردووە، بابەتەکە لە کوێدایە؟

ئازیزەکەم، دەربارەی شت لە بار نەبوونمان و لە خۆڕا دیتن.

لاپەڕەکانی کتێبە بەنرخەکەی ((**مێژووی ڕۆژنامەگەری دوای ڕاپەڕین**)) لە هەر یەک لە لاپەڕەکانی (٥٣) کە لە ساڵی ١٩٩١ یەک لە دەستەی نووسەرانی ئەم ڕۆژنامە بووین کەناوی ((**مافناس**)) بووە و لاپەڕە (١٤٦) کە ئاماژە بە بڵاوکراوەی (**هۆشیاری**) دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە ڕاپەڕاندنی لە ئەستۆی ئێمەدا بووە و لە ١٩٩٣ تاوەکو ١٩٩٦ بە بەردەوامی دەرمچواندووە. پێشتریش لە ١٩٧٧ بەرهەمێک کە بەراورد لەگەڵ ئەو سەردەم شوێن شانازیمە و بڵاوکردنەوەی ئەوسا ئازایەتییەکی دەویست.

برای خۆشەویستم لە کۆتاییشدا شانازی بەوە دەکەیت کە ئەوانەی خزمەتی کورد دەکەن، کاتی لێقەومانی لە نەخۆشخانە پاشەڵیانت شووشتووە، حەزیشت نەکردووە کەس بیزانی. ئاخر باوکەکەم قسە قسە ڕادەکێشێت. لەگەڵ ئەوپەڕی پێزانینم بۆ ئەو هەڵویستەت، مادام بابەتەکە هاتە سەر شانازیکردن. لە ساڵی ١٩٨٣ و لە ڕۆژانی سەختی شەو بەشاخ و ڕۆژ بە شاخ هاوڕێیەکی هەردووکمان، شەهید د. مەجید کەلهووری، لە شەڕو پێکدادانێکدا لە ناوچەی خۆشناوەتی گوللەیەک بەر سەری کەوت و دووچاری ئیفلیجی نیوەی لەش بوو، ئەو سەرەڕای هاوسەنگەری دکتۆرێکی بەجەرگی ماندوونەناس بوو، لە ساڵی ١٩٨١ لە گوندی (**سێگردکان**) لە دەشتی کۆیە لەگەڵ شەهید (**جەمیل ڕەنجبەر**) پێشوازیمان لێکرد بوو بە (پ.م) ئیتر وەک هاوەڵێک دوای بریندار بوون لە نەخۆشخانەی (**شەریعەت مەداری**) وەک هەڤاڵێک لە تاران بۆ چەند مانگێک تا هاتەوە سەرخۆ لە خزمەتی بووم و بە شانازییەوە دەیڵێم پاشەڵیم شووشتووە، قسە قسە ڕادەکێشێت. ئەگینا ئەم ئەرکە پیرۆزە هی باسکردن و شان بادان نییە! لە کۆتاییشدا کاکە عەبدوڵڵای سەعیدی زەنگەنەی بەڕاست زەنگین و ماندوونەناس لە بوارە ماندووەکەی ڕۆژنامەنووسی هەر شاد و سەرکەوتوو بێت.

# ئەوا خاوەنەکەیشی گەواهی دا



ئازاد عوبێد

زۆر لایەنی مێژوویی ڕۆژنامەوانیی نەتەوەکەمان هێشتا پێویستی بە ساخکردنەوە و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون هەیە، بۆئەوەی بەڕاستی و دروستی ئەو مێژووە بنووسرێتەوە. لە ژمارە (٤)ی ٢٢ی ئایاری ٢٠٠٥ وتارێکم بەسەردێڕی (**دیسان ئازادی**) لە گۆڤاری (**ڕۆژنامەنووس**)دا بڵاو کردەوە، دوای ئەو مشت و مڕەی سەبارەت بە ساڵی دەرچوونی ڕۆژنامەی (**ئازادی**) لەئارادابوو کە هەندێک پێیان وایە ساڵی ١٩٤٤ و هەندێکیش لایان وایە ساڵەکەی (١٩٤٥)ە، هەر ئەوەش تا هەنووکە لەسەر لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی (**ڕێگای کوردستان**)ی حزبی شیوعی کوردستان دەنووسرێت. لەو وتارەماندا بە چەندین بەڵگەی بەهێز ئەوەمان سەلماند کە (**ئازادی**) لە نیسانی ١٩٤٤ دەرچووە نەک ساڵی ١٩٤٥، هەرچەندە وتارەکە کەمێ ناتەواوی تێکەوتبوو کاتی خۆشی ڕوونکردنەوەی بۆ نەکرا[1].

ئەوەی لێرەدا مەبەستە، ئەوا لەدوای سێ ساڵ، وا جارێکی دیکە بەڵگەی یەکجار بەهێز لەو سەروبەندانەن کەوتنە بەردەست کەمایەی خۆشحاڵییە، گەواهێکی ڕاستەوخۆی خاوەنەکانیانە نەک سەرچاوەی دووەمین و سێیەمین. ئەوەی







دیکەش بەڵگەنامەی نهێنی حکومەتی بەریتانیایە لە ساڵی ١٩٤٧.

سەعدی مالحی[٢] شاعیر و ڕۆژنامەنووس، لە دیدارێکی تایبەتی لەگەل مەلا شەریف مەلا عوسمان (١٩٢٥-١٩٧٦)[٣] وەک نووسیوویە نووسەری سەرەکی ڕۆژنامەی نهێنی (ئازادی) بووەکە یەکەمین ڕۆژنامەی نهێنی کوردی لە عیراق و یەکەمین ڕۆژنامەی حیزبی شیوعی عیراق بە زمانی کوردی لە ساڵی ١٩٤٤ دەرچووە[٤]. هەروەها نافیع یونس (١٩٢٦-١٩٦٣)یش لە ساڵی ١٩٤٦ بەشداری لە دەرکردنی ئازادی کردووە، کاتێ قوتابی بووە لەدوا ساڵی خوێندنی لە کۆلێژی ماف و لە کەرکووکیشەوە نووسینی بۆ ناردووە، ئەویش جەختی لەسەر دەرچوونی ئازادی لە مانگەکانی یەکەمی ساڵی ١٩٤٤ کردۆتەوە. (ئازادی) تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٤٧ دەرچووە لەو مێژووە وەستاوە و سەرلەنوێ جارێکی دیکە لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ دەرچۆتەوە و هەمیسان جارێکی دیکەش وەستاوە تا لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٥٢ دەرچۆتەوە وبە (٨-١٢) لاپەڕە بوو هەندێ جاریش بە دوو لاپەڕە دەرچووە تا ساڵی ١٩٥٩ بە نهێنی بەردەوام بووە. ئەوەبوو یەکەمین ژمارەی ئاشکرای لە ١ی ئایاری ١٩٥٩ دەرچووە وەک مەلا شەریف دەڵێت، دەچوونی بەندبووە بە بارودۆخی سیاسی وڵات، کە بارودۆخ گرژ بووە دەرکردنی




دواکەوتووە و لە هەندێ کاتیشدا بەرێک و پێکی دەرچووە[٥]. ئیدی ئەوە دوو گەواهی ڕاستەوخۆ و لە دوو کاتی جیاوازیش دا.

هەر سەبارەت بەو بابەتە، بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیاش ڕاستی دەرچوونی ڕۆژنامەی (ئازادی) نهێنی بۆ تۆمار کردووین، کاتێ دەڵێت لە ساڵی ١٩٤٤ دەرچووە[٦]. ئیدی ئەوە بوونە سێ گەواهی زۆر بەهێز و گرنگ کە هەریەکەو لە کات وسات و شوێنێک گوتراون، بۆیە ناکرێ چیدی دان بەو ڕاستییە دەروشایەوە نەنرێت.



پەراوێز:

(١) ئازاد عوبێد ساڵح، دیسان ئازادی، «**ڕۆژنامەنووس**»، ژمارە (٤)، ٢٢ی ئایاری ٢٠٠٥، ل١٧٨–١٧٩.

(٢) سعدي المالح، الصحافه الكوردية للحزب الشيوعي العراقي ١٩٤٤–١٩٧٢، من منشورات نقابة صحفيي كوردستان، ٢٠٠٨.

(٣) ئەو دیدارە لە ژمارە (٢٠٢)ی ٣١ی تەمووزی ١٩٧٦، لە (**بیری نوێ – الفكر الجديد**)، ڕۆژنامەی حیزبی شیوعی عیراقی ئەو سەردەمە، بڵاوکردۆتەوە. دەقەکە جارێکی دیکە لە کتێبەکەی سەعدی مالح بڵاو کراوەتەوە.

(٤) سعدي المالح. ل١٥، ٢١، ١١٤

(٥) ە.س، ١٥، ٢١، ٢٢، ٢٣، ١١٠، ١١١.

(٦) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیادا، بەرگی یەکەم، ئامادە کردنی عەبدوڵلازەنگەنە و شەهلا حەیدەری ٢٠٠٨، ل٢٣١. ئەمەش دەقی بەڵگەنامەکەیە بە زمانی ئینگلیزی:
N.A.، F.O.، 3711/61678، The Kurdish Problem. 1947 . PP . 817.

تێبینی: ئەو کتێبەی د.کەمال لەم ڕۆژانەدا بڵاودەبێتەوە.

# دوێنێ و ئەمڕۆی ڕۆژنامەنووسیی

## بەراوردکردنی قەیرانی ڕۆژنامەنووسی و مافی مرۆڤ

نووسینی:
شارلین پۆتەر
دایڤید فاینا
ئیریکا رەزوق

وەرگێڕانی:
هیوا ساڵح ئەحمەد

هەواڵنامەی کتێب

### قەیرانی راگەیاندن

کۆمپانیا تەکنەلۆجییە پێشکەوتووە تازەکان لە بازارەکانی جیهاندا سەختترین و پڕ مەترسیترین ڕێگایان گرتووەتەبەرو لە هەوڵدان تا لە کۆمەڵگا داخراوەکان و سەرکوتکراوەکاندا بکەونە کار.

کاڵای ئەم کۆمپانیایانە بەرهەمی راگەیاندن و پەیوەندی کردنن، بەکاربەرانی دەتوانن لێشاوی ئەو هەموو زانیارییانەیان پێ بگات، بە بێ زیادەڕۆیی ملیۆنەها سەرچاوە پەخش و دابەش دەکەن.

مەرجە ئەم کۆمپانیایانە کە لە بازاڕی جیهاندا سەقاڵی بازرگانی کردنن، یەکەم جار لەگەڵا هەندێ حکومەتدا رێک بکەون کە هاوڵاتیان زانیاری و بیرو رایان بەدەست ناگات، لەوانەیە هەڕەشەیەک بۆ شێوازی حکومڕانی ئەم حکوومەتانە بێت.

ئەمە دروست ئەو کێشەیەیە کە بەرپرسانی جێبەجێکاری کۆمپانیای یاهوو بەمجۆرە باسی قەرانەکرانی کردووە: **«دەزانم هێندێ حکومەت لە سەرتاسەری جیهاندا هەن، هەر بە تاوانی دەربڕینی بیروڕای خۆیان لە ڕێی ئینتەرنێتەوە کەسانێکیان لە زیندان توندکردووە، ئەم رەفتارەیش لەگەڵ گشت بیروڕای تایبەتی و بنەڕەتی خۆم ناکۆکە».**

کۆمپانیای یاهوو دوای یەک هەفتە رازی بوو بڕێک پارە **(ئاشکرا نەکرا کە چەندەیە)** بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەیەک بدات کە لە دادگادا لە دژی بەرزکرابووەوە، تێیدا هاتووە کۆمپانیاکە بەشێکی بەرپرسیارێتی زیندانی کردنی دوو رۆژنامەنووسی جیهانی بەو تاوانەی لە ئینتەرنێتدا چالاکیان هەبووە، دەکەوێتە ئەستۆی **(شی تاو)** و **(وانگ جیانونینگ)** کە حاڵی حازر لە زینداندان و ماوەی (١٠) ساڵ زیندانیان بۆ بڕاوەتەوە، دوای ئەوەی یاهوو ملی بەو فەرمانەی حکومەتی چینی دابوو، زانیاری لەبارەیانەوە پێدابوو، حکومەتی چینی ئەو دوو رۆژنامەنووسەی لەڕێی ئینتەرنێتەوە بە چالاکی ئۆپۆزیسیۆنەوە بەستەوە، ئەم ملدانەیش بووە مایەی تووڕەیی چەند یاسادانەری ئەمەریکی و ژمارەیەک رێکخراوی ناحکومی، یاهو لە ئەنجامی یەکلاییکردنەوەی ئەم کێشەیە بڕێک پارە قەرەبووی خێزانی هەردوو رۆژنامەنووسی

زیندانی دەکاتەوە، بۆ پشتگیری کردنی بەرهەڵستکارە سیاسییەکانی دیکەو خێزانەکانیان سندووقی یارمەتیدانی مرۆیی دادەمەزرێنێت.

یانگ لە بەیاننامەیەکدا کە راپۆرتە هەواڵەکان بڵاویانکردووەتەوە دەڵێت:

دوای چاوپێکەوتنی ئەو خێزانانە ئاشکراو روونە کە دەبێت چی بکەین، تا بۆ ئەو خێزانانە و لە پێناوی یاهوو، دواڕۆژیشدا ئەم هەڵەیە راست بکەینەوە. **«هەروەها»** کۆمپانیای یاهوو لەسەر بنەمای بیری ئاڵوگۆڕی ئازادانەی زانیاری دامەزراوە، دەتوانێت گۆڕانێکی بنەڕەتی لە شێوازی ژیانی خەڵکی و کاروبار و مامەڵەیان لەگەڵ حکوومەتەکانیاندا بکات، ئێمەیش پێمل دەبین بە دەستەبەر کردنی ئەوەی لە کارەکانمان لە سەرتاسەری جیهاندا لەگەل بەهاکانماندا گونجاو بێت.

یانگ بە درێژی لە دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەراندا لەم بارەیەوە باسی هەوڵی کۆمپانیاکەی کردووە، ئاماژەی بەوە کرد کە کۆمپانیای یاهوو لە بارەی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ نوێنەرانی میدیاو راگەیاندن و ئاکادیمییەکان و سەرمایە گوزاران و ئەو رێکخراوانەی کە بەرگری لە مافی مرۆڤ دەکەن و رێکخراوی دیکەی ناحکومی کەوتووەتە دیالۆگ و وتوێژ.

یانگ لەو بەیاننامەدا کە لە دانیشتنەکەدا خوێندوویەتییەوە گووتی: ئەم گروپە جیاجیانە بە ئاشکرا خۆیان بە دامەزراندنی کۆمەڵێک پرنسیپی جیهانی و رێسای کاری تایبەت بەئازادی رادەربڕین و تایبەتمەندێتی کەسێتی بەمەبەستی رێنوێنی کردن و ئاراستەکردنی رەفتاری کۆمپانیاکان پابەند کردووە، کاتێک بەرەو رووی ئەو یاساو سیستم و سیاسەتانە دەبنەوە کە پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤن.

ناوەندی دیموکراتی و تەکنەلۆجیا (CDT) رێکخراوێکی ناحکومییە و بارەگاکەی لە واشنتۆنی پایتەختدایە، کەوتووەتە ئاسانکاری و بەرەو پێش بردنی ئەو رێسای رەفتارانە، قسەکەرێک بەناوی ناوەندەکەوە گووتی: (بەئومێدە ساڵی ٢٠٠٨ پرنسیپ دابنرێت).

**قەیرانی ئازادی رادەربڕین**

هەمەجۆریی هۆکارەکانی راگەیاندن و باشتر کردنی تەکنەلۆجیای زانیاری دەرفەت بە خەڵک دەدات تا زۆرترین بیروڕای جیاجیا بکەوێتە بەرچاویان، بەڵام هێندێ حکومەت بەوە رازی نین و هاووڵاتی لەزانیاری بێبەش دەکەن.

رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی (**ئەمنیستی ئینتەرناسیونال**)، رێکخراوێکە لە سەرتاسەری جیهان بەرگری لە مافی مرۆڤ دەکات، حاڵی حازر بەرەنگاری کارو کردەوەی سەرکوتکەرانەی ئەو حکومەتانە بووەتەوە و بە روویاندا وەستاوەتەوە.

پرۆسەیەکی زۆر سادە لە گۆڕێدایە، دەستی درێژی سانسۆر لە ئینتەرنێتدا دەخاتەڕوو، ماڵپەڕی (www.google.com) کە ماڵپەڕی چینی گوگڵە و خۆی سانسۆر و چاودێری خۆیەتی، بەدووی گۆڕەپانی تیان ئان مین دا بگەڕێ و دواتر لە ماڵپەڕی سەرەکی گوگڵ لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا بەدووی هەمان ناودا بگەڕێ، بە شێویەکی سەرنجراکێش ئەنجامەکان هەر زۆر جیاواز دەبن، لە ماڵپەڕی چینیدا گشت ئەنجامەکان وەسفی شوێنی جوگرافی گۆڕەپانەکە دەکەن و بە تەواوی و بە شێوەیەکی ئابڕووبەرانە هیچ باسێکی قەسابخانەکەی ساڵی ١٩٨٩ی خوێندکاران ناکات، ئەو رووداوە لەپێشی پێشەوەی ئەنجامی گەڕانە (**بەڵگەی رادەی پەیوەست بوونی بابەتەکەیە کە لە بارەیەوە دەدوێین**) لە ماڵپەڕی گوگڵی ئەمەریکادا، گوگڵ لەم کێشەیەدا بەتەنێ نییە، کۆمپانیای وەک مایکرۆسۆفت و یاهوو بایدو .... کۆمپانیای دیکە کە لە چیندا کار دەکەن، سا بارەگایان لە وڵاتە یەکگرتووەکان بێت یا چین، فەمانی حکومەتی چین جێبەجێ دەکەن، ئەنجامی گەڕانەکەیان لە ئینتەرنێتدا بەوردی بژار و تەتەڵە دەکەن و لە بێژنگی دەدەن.

لەم ماوەیەدا کە ئەو لێشاوە زۆرەی زانیاری و مەعریفەمان لە رێی هۆکارە تازەکانی راگەیاندنەوە پێ بگات، کەوتنی زەق

و روون و ئاشــكراى رووداوه مێژووييەكان دەسەلمێنێت، ئەم زانيارييانەى بەم رووداوه پەيوەســتن، كە ئاژانسەكان هــەواڵ و حكومەتــە ديموكراســييەكان و رێكخراوەكانى مافى مرۆڤ فەراهەمى دەكەن، بوونى هێرشــێكى بەربڵاو بۆســەر ئــازادى رادەربڕين دەســەلمێنێت، مەســەلەكەى لــە ديدى ئــەو حكومەتانەــەوە كە ئــازادى رادەربڕينيان سەركوت كردووە، هەر زۆر مايەى نائاراميیە، درك كردنە بەوەى كۆمپانياكان بە تايبەتى ئەوانەى ئەمەريكا بەزۆرى هاوكارى ئەو حكومەتانە دەكەن.

## راپۆرتەكانى چين

رێكخــراوى لێبووردنــى نێودەوڵەتــى مانگى تشــرينى دووەمــى ٢٠٠٢ يەكەميــن راپۆرتــى خۆيــى ســەبارەت بــە مەســەلەى ســەركوت كردنــى ئــازادى رادەربڕين و راگەياندنى ئينتەرنێت لە چيندا دەركردووە، لەو راپۆرتەدا كــە بە ناوونيشــانى «**سانســۆرى دەوڵەتى چين لەســەر ئينتەرنێــت**» بوو، رێكخراوەكە نــاوى چەند كۆمپانيايەكى ئەمەريكايــى وەك سيســكۆ سيســتم و مايكرۆســۆفت و لۆرتل نێت وۆرك و وێب ســەنس و سەن مايكرۆسيستم دەبــات، هەروەك لــە راپۆرتەكەدا هاتــووە تەكنەلۆجيايى پێويستيان بە حكومەتى چينى داوە تا بە هۆيەوە سانسۆر بخاتە ســەر ئينتەرنێت و جڵەوى بەكارهێنانى بكات، دواى بڵاوبوونەوەى ئــەو راپۆرتە كۆمپانياكان ئەو تۆمەتانەيان رەت كردووەتــەوە، كــە لە پێشــێل كردنى مافــى مرۆڤدا بەشداربووبن، كۆمپانياى سيسكۆ سيستم نكولى لەوە كرد كە بەرهەمەكانى لەســەر خواســتى حكومەت دەستكارى بــكات و بيخاتە بازاڕى چينــەوە، گووتى:- گەر حكومەتى چيــن ئارەزوو بكات و سانســۆر بخاتە ســەر ئينتەرنێت، ئەوەيشى خۆيانە، بەڵام ئێمە هەر لە بنەڕەتەوە لەوەى كە بە سياسەتەوە پەيوەستە بێلايەنين.

مايكرۆســۆفت گوتى: «**ئەمان ئەوپــەڕى هەوڵ دەدەن تا لەسەرتاســەرى جيهانــدا باشــترين تەكنۆلۆجيا بخەنە بەردەســتى خەڵكى**» بەڵام «**ناتوانن جڵەوى چۆنيەتى دوا بەكارهێنانى ئەو تەكنۆلۆجيايانە بكەن**».

ئەم جۆرە وەڵامانە، تێڕوانينێكى پێشــوەختى مناوەرەو خۆهەڵكێشــان و پوختەى تووڕەيى و وەرزبوونە، بووەتە خەسڵەتێكى جياكەرەوەى چۆنيەتى وەڵامدانەوەى كۆمپانيا تەكنۆلۆجيە ئەمەريكييەكان لەكاتى رووبەڕووبوونەوەياندا، بەو پێيەى دەستيان لەگەڵا ئەو حكومەتە سەركوتكەرانە دا تێكــەڵا كردووە، چەندين كۆمپانيا هەر بە تەواوى ملكەچى داواكارى چەند حكومەتێك بوون و راستەوخۆ و چالاكانە

> **لــەم ماوەيــەدا كە ئەو لێشــاوە زۆرەى زانيارى و مەعريفەمان لە رێى هۆكارە تازەكانــى راگەياندنــەوە پــێ بــگات، كەوتنــى زەق و روون و ئاشــكراى رووداوە مێژووييــەكان دەسەلمێنێت.**

خزمەتگــوزاری پێویســتی چاودێــری کردنی پۆستی ئەلەکترۆنی و نووسراوی ئینتەرنێتیان بــۆ دابیــن دەکــەن و سانســۆر دەخەنــە ســەر ناوەڕۆکــی ماڵپەڕەکانــی ئینتەرنێت و پاکتاوکردنــی ئەنجامــی پرۆســەی گەڕان و پشــکنینی ئینتەرنێت، ســەرەڕای، ســەرباری ئــەوەی کە گوتاری گشــتی ئــو کۆمپانیایانە سەبارەت بەمافی مرۆڤ لە هەڵبژاردنی وشە گەلێــک جیاوازی لەخۆی بگرێــت و لە واتادا بە زەحمەت ســەرنجی لێ دەدرێت هەر زۆر زیرەکانەیــە، بــەڵام هێشــتاکە بەردەوامن لە ملدان بــۆ کارو کردەوەی ســەرکوتکەرانەی حکومەتــەکان لــە خــراپ کەڵــک وەرگرتنــی تەکنۆلۆجیــادا بۆ ســەرکوت کردنــی ئازادی رادەربڕین بەڕێوەی دەبەن.

ڕێکخــراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی مانگی تەممــووزی ٢٠٠٦ توێژینەوەیەکــی نوێــی لەبــارەی دەوری کۆمپانیاکانــی ئینتەرنێتــی ئەمەریکای بە ناوونیشــانی **«دەســت خستنە ســەر بینەقاقای ئــازادی رادەربڕین لە چین»** کردووە، زیاتر پێی لەســەر هاوکاری کردنی کۆمپانیاکانــی یاهوو، مایکرۆســۆفت و گوگڵ داگرتبوو، لە بــواری پاکتاوکردنی بزوێنەری پشــکنینی ئینتەرنێت و پۆســتی ئەلیکترۆنی و سانســۆر خســتنە ســەر ناوەڕۆکی ماڵپەڕ و تۆمــارە ئەلیکترۆنییــەکان، کە حکومەتی چین جێبەجێی دەکات.

بــۆ نموونــە راپۆرتەکە باســی کردەوەی کۆمپانیــای مایکرۆســۆفت دەکات، بــە پاکتاوکردنی بزوێنەری پشــکنینی ئینتەرنێت، تــا هــەر ئەو بابەتانــە بدات بە دەســتەوە کە حکومەتی چین پێی قایل بێت، سەرباری ئەوە، مایکرۆســۆفت رازینەبــوو خزمەتگــوزاری (MSN Spaces) کە توانای نووسینی هێندێ بابەتــی دیــاری کراوی هەبێت کــە حکومەتی چین پێی قووت ناچێت،وەک (Flam Gong) و (Tibet Independence) و (٤ی **حوزەیــران**) (**مێژووی کوشــتارگاری گۆڕەپانی تیان ئان مین**).

(**جــاو جینگ**) ناســراو بە (**مایکل ئەنتی**) لــە بورای رەخنــە گرتن لە سانســۆری چین چالاکە، نووســراوەکانی لە (MSN Spaces) دا بــڵاو دەرکــردەوە، بــەڵام مایکرۆســۆفت پاش ئەوەی حکومەتــی چین داوایەکی ئاوای لێکردبوو، ئــەم تۆمارەی (**جاو**)ی لە کانوونی یەکەمی (٢٠٠٥)دا داخست.

حکومەتــی چیــن لــە هەوڵێکــی دیکــەدا بــۆ بەرتەســک کردنــەوەی مــەودای ئازادی رادەربڕیــن، ٣٠ تاوانــی ناردنــی پۆســتێکی ئەلیکترۆنــی لــە یاهــوو دا (!) بــۆ ماڵپەڕێکی ئەمەریکا کە پشــتگیری دیموکراســی دەکەن، مــاوەی ١٠ ســاڵ زیندانــی بۆ (**شــی تاو**)ی رۆژنامەنووس بڕییەوە، ئەو نامە ئەلیکترۆنییە زانیاری تێدابــوو کە فەرمانگەی بانگەشــەی ســەرەکی چین بۆ ئەو رۆژنامەیەی ناردبوو، کە (**شی تاو**) کاری تێدا دەکرد، حکومەتی چین بە پێی ئەو زانیارییە تایبەتیانەی کە کۆمپانیای یاهــوو پێی دابوو، توانی ســزای (**شــی تاو**) بــدات و زیندانــی بکات، لەکاتێکــدا یاهوو بێ ئاگایی خۆی لەبەردەم کۆنگرێسی ئەمەریکادا راگەیانــد، ئــەوان هیــچ شــتێک ســەبارەت بەسروشــتی لێپرســینەوەکە» نازانــن، کە لە کێشەی (**شی تاو**)دا هەبووە، ئەو بەڵگەنامانەی کە حکومەت بڵاوی کردوونەتەوە پێچەوانەی ئەوەی دەرخست.

بەرپرســێکی کۆمپانیای یاهوو لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٧دا لەبەردەم لیژنەی کاروباری دەرەوەی ئەنجومەنــی نوێنەرانی ئەمەریکادا بــۆ بەرپەرچدانــەوەی ئــەو تۆمەتانە گوتی:- کۆمپانیاکــە بۆ پێدانــەوەی زانیاری لە بارەی (**شــی تــاو**) دەیزانی کــە مل بــە داوایەکی نا عادیلانــە دەدات، (**تــۆم لانتــۆس**)ی نوێنــەر و ســەرۆکی لیژنەکــە یاهــووی تاوانبار کرد بــەوەی درۆی لەگــەڵ کۆنگرێــس کــردووە، کاتێک سوور بوو لەسەر ئەوەی کەشتێکی وا لەبــارەی ئەو داوایــەوە نازانێت، پاش ئەوەی چەنــد ئەندامــی ســەربە هــەردوو حیزبەکە لــە لیژنەکــەدا، بەرپرســیاری رەخنەگرتن و نارەزایەتیان لــە بەدەنگەوەچوونــی یاهوودا و ئــەو داواکاریانــەی لــە نووســینگەی ئاسایشــی دەوڵەتــەوە لە (**بیجینــگ**)ەوە پێی گەیشــتبوو، هەروەهــا ئامادەنەبوونیــان بــۆ

قەرەبووکردنـەوەی خێزانـی قوربانیـان، (**لانتۆس**) سەرۆکی جێبەجێکار و راوێژکاری یاسـایی کۆمپانیاکەی لە رووی ئەخلاقییەوە بە دووگرگن وەسـف کرد، کاری ئەوانیشـی «**تارادەیەکی ترسـناک مایـەی نائومێدیە**»ی دانا.

پاش ١٠ رۆژ دانیشـتن، کۆمپانیای یاهوو لەگەڵ خێزانی (**شـی تاو**) و رۆژنامەنووسێک دیکەی چینی کە سکالایان دژی کۆمپانیا بەرز کردبووەوە، گەیشـتنە ریککەوتنێک، هەردوو رۆژنامەنووس بە سکالاکەیاندا هەوڵیان دابوو بیسەلمێنن کە لقی (**هۆنگ کۆنگ**)ی کۆمپانیای یاهوو بەرپرسـە لە زیندانی کردنیان، لەکاتێدا کۆمپانیاکـە نکوڵی لـەوە دەکات، بەڵام رازی بـوو بـە چەردەیەک پـارە کە ئاشـکرا نەکرا چەندەیە، قەرەبووی ئەو دوو رۆژنامەنووسە بکاتەوە.

لەمـاوەی نێـوان لێپرسـینەوەی یەکەمی کۆنگریـس لـە شـوباتی ٢٠٠٦ و تازەتریـن دانیشـتنی لێپرسینەوە و گوێ گرتن لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧دا، کۆمپانیاکانی یاهوو مایکرۆسۆفت و گوگڵ و کۆمپانیاکانی دیکەی ئینتەرنێـت و پێوەندی گرتنـی لەخۆ گرتبوو، هەروەها چەند رێکخراوی مافی مرۆڤ لەوانە رێکخراوی لێبووردنـی نێودەوڵەتی تێدا بوو، دەستپێشـخەرییەکانی کرد، بەو مەبەسـتەی چەند پێوەرێکی خۆبەخشـانەی پیشەسـازی رایانگەیانـد لەبـواری ئـازادی رادەربرین و تایبەتمەندێتی کەسێتیدا دابنرێت، بەڵام یاهوو لەگەڵ مایکرۆسـۆفت و چەنـد کۆمپانیایەکی چینـی هەر لـە بـارەی دیسـپلینی خۆییەوە، بەڵێننامەیەکـی دیکەیـان لـە چیـن مۆرکرد، ئەمەیـش دەسـتدرێژییکی دیکەی سـەرمافی ئەو کەسـانەی لەرێـی ئینتەرنێتەوە نارەزایی سیاسی خۆیان دەردەبرن، هەر بە ئاشکرا دژ بەم دەستپێشخەرییە بوو.

رێکخراوێکـی ناحکومـی بەرگـری رۆژنامەنوسـیی دەکات (**پەیامنێـری بـێ سنوور**) هەروەها بەناوی (**رۆژنامەنووسانی بـێ سنوور**)یشـەوە ناسـراون، دەقـی ئـەو رێککەوتن نامەیان بلاوکردەوە کە کۆمپانیاکان پێی رازی بوون، بەوەی ناوی ئەو کەسـانەی لە ئینتەرنێتدا دەنووسـن تۆمار بکرێت و هەڵ بگیرێـت و چاودێـری ناوەرۆکـی نایاسـایی تۆمـار (**المدونـه**)ەکان بکرێت و بسـڕێتەوە، ئـەوەی زیاتـر مایـەی نارەحەتییـە، یاهـوو نەیتوانی بۆ کۆنگریسـی بسـەلمێنێت و رازی بکات کە ئەوەی بەسـەر (**شـی تاو**)دا هاتووە بە هیچ شێوەیەک دووبارە نابێتەوە.

## کۆڵ و بەندی سەپێنراوی وڵاتانی دیکە

بێگومـان چیـن تاقـە وڵاتێـک نییـە بەم کارە راگەیشـتبێت، لە ڤێتنام چەند یاسـایەک دەرچوون، تەوقیان ناوتە سـەر بینی ئازادی رادەربرین لە ئینتەرنێتدا، (**نگوین فوبنیە**) حاڵی حازر ٧ سـاڵ بە تاوانی رەخنەگرتن زیندانی بۆ براوەتەوە، کە بەشـێکی لە ئینتەرنێتدا بڵاو کراوەتـەوە، هەروەها (**ترۆنـگ کیوک هوی**) لە کافی ئینتەرنێتێکی شـاری هۆشـی منە دا دەستگیر کراون ئێستایش نازانێت چی بەسەر هاتووە و بە ئاشکرا هیچ تاوانێکی بەرەورووو نەکراوەتەوە.

هەروەهـا حکومەتـی عەسـکەری بۆرما کەوتووەتە ترسـاندن و تۆقاندنی گەلەکەی و لەهەڵومەرجێکـی ئەوپەڕی نالەباردا هەزاران کەسی راپێچی زیندانەکان کردوون، کەوتووەتە تێهەڵدان و ترساندنی خێزانەکانیان و تەنانەت دەسـتگیرکردنی مێردمنداڵانی تەماشاکەری خۆپیشاندانە ئاشتیخوازەکەی ئەیلوولیش.

بەرهەڵسـتکارانی سیاسـی بۆرمـا، نەک تەنیا لەشـەقامەکاندا بەڵکو لە ئینتەرنێتیشـدا سەرکوت دەکرێن، ساڵانێکی درێژە سانسۆر و پاکتاوکـردن و سـڕینەوەی زانیـاری لـە ئینتەرنێتـدا گیراوەتـە بـەر، پێدەچێت هەوڵی سـەپاندنی سانسۆر لە ٢٩ی ئەیلولی ٢٠٠٧دا گەیشـتبێتە ئەوپەڕی، کاتێک دەسـەڵاتدارانی سوپای بۆرما رادەیەکیان بۆ دەست نەکەوتن و بەکارهێنانـی هێڵـی ئینتەرنێـت دانا، بەپێی راپۆرتـە هەواڵـەکان کاری زۆر کۆمپانیـای مۆبایل راگیراوە، دوای ئەوەی کە کەوتوونەوتە پەخش کردنی راپۆرتی شـایەتحاڵ و وێنە و فیلمـی ڤیدیۆ .. کـە پێشـێلکاری زۆری مافی

مرۆڤـن دەردەخات، کە لـە ڕێی ئینتەرنێـت مۆبایلەوە بۆ زۆر لای جیهانی گواستەوە.

ناڕەزایەتییە سیاسـییەکانی بۆرما و وەڵامی حکومەت، هەر لە ئابەوە تا کۆتایی تشـرینی یەکەمی سـاڵی (٢٠٠٧) توانـای ئینتەرنێتـی لە چەسـپاندنی دیموکراسـی و مافی مرۆڤدا دەرخسـتووە، هەروەها ئامرازێکیشـە بە دەسـتی سیستمی حکومڕانی سەرکوتکەرەوە تا مەرامەکانی خۆی بـۆ ئەوەی هاووڵاتیانی پێوەندیـان بە جیهانەوە نەبێت بێ جێبەجێ بکات.

ئـەم دوو فاقییە ناکۆکەی توانـای ئینتەنێت بە تایبەتی بووەتە مایەی دەرکەوتنی ماڵپەڕێک کە سەرکوت نەکرێت (http:llirrepressible.info) هەڵمەتێکە بارەگاکەی ماڵپەڕێکی ئینتەرنێتە ئامانجی خسـتنەگەڕی تەکنۆلۆجیای ئینتەرنێت لە کۆتایی هێنان بە سانسـۆر و چاودێری کردن، رایەڵەی ئینتەرنێـت ئامرازێکـی بێ وێنـەی دەربڕینـی ئازادانەیە، سـەرباری هەوڵی روو لە زیاد بۆ جڵەوکردن و سەپاندنی سانسـۆر و سـزادان و زیندانی کردنی ئەوکەسـانەی لە ئینتەرنێتـدا رەخنـە لـە حکومەتەکانیان دەگـرن و داوای دیموکراتی و ئازادی رۆژنامەنووسـی و پاراسـتنی مافی مـرۆڤ دەکەن، ئەم ماڵپەڕە کە رێکخراوی لێبووردنی نێو دەوڵەتی دایمەزراندووە و رۆژنامەی ئۆبزێرڤەری بەریتانیا و دەست پێشخەری رایەڵەی ئاواڵە (Open Net) پشتگیری لێ دەکەن، کەوتوونەتە بڵاوکردنەوەی هەواڵی سـەرکوت کردنی لە هەر جێگایەکی جیهاندا بێت، لەوانە بۆرما و چین و ڤێتنام و تونس و ئێران و سوریا و سعودیە.

ئەم ماڵپەڕە هانی خەڵکی دەدات تا بکەونە بڵاوکردنەوەی کورتـەی ناوەڕۆکی هەواڵێک سانسـۆری خرابێتە سـەر گـەر بە درێژی بـڵاو بکرێتەوە، حکومەتـەکان و کۆمپانیا هاوکارەکانیـان دەیسـڕنەوە، هەروەهـا داوا لەخەڵکـی دەکات بەڵێن بـدەن کە داوا لە حکومەتەکان بکەن کۆت و بەندی بێ بیانوو لەسـەر ئازادی رادەربڕین لە ئینتەرنێتدا هەڵگرن، داوا لە کۆمپانیاکانیش بکرێت چیدی یاریدەی ئەو حکومەتانـە نەکەن، ئەم ماڵپەڕە بووەتە گەنجینەی هەواڵی پەیوەسـت بە گشت لایەنێکی سـەپاندنی سانسۆری سەر ئینتەرنێت.

رێکخـراوی لێبووردنـی نێـو دەوڵەتـی لـە تشـرینی دووەمی سـاڵی (٢٠٠٦)دا ئیمزای ٥٠ هەزار کەسی خستە بەر دەسـتی سـەرۆکی «**مونتەدای حوکمڕانی ئینتەرنێت (IGF)ی سـەر بە نەتەوە یەکگرتـووەکان**» کە پابەندن بە بەڵێننامـەی «**ناخرێتەبەر سـەرکوت کـردن**»، لەم کاتەدا هەزاران کەس بـەو بەڵێننامەیەوە پێمل دەبن، هەواڵەکانی

**حکومەتـی عەسـکەری بۆرما کەوتووەتە ترساندن و تۆقاندنـی گەلەکـەی و لـە هەڵومەرجێکـی ئەوپـەڕی نالەبـاردا هـەزاران کەسـی راپێچـی زیندانـەکان کـردوون، کەوتووەتـە تێهەڵـدان و ترسـاندنی خێزانەکانیان و تەنانەت دەستگیرکردنی مێردمنداڵانی تەماشاکەری خـۆ پـیـشـانـدانـە ئـاشـتـیـخـوازەکـەی ئەیلوولیش.**

ڕێکخراوی ناوبراو لە پێناوی بەدەست هێنان و پاراستنی ئازادی ڕادەربڕین لە ئینتەرنێتدا هەروا بەردەوامە، لە چوارچێوەی کاری نێودەوڵەتیدا وەک مونتەدای ناوبراو پاڵپشت کردنی هەوڵی دانانی یاسای نێوخۆیی بۆ دەستەبەر کردنی بەشدارنەبوونی کۆمپانیا ئەمەریکیەکان لە پرۆسەی ڕێگرتنی بێ بیانووی ئاخاوتن و دەربڕینی ئاشکرا و ئاشتیانەی بیروبۆچوون لە ئینتەرنێتدا.

لایەنگرانی ئازادی ڕادەربڕین لە ئینتەرنێتدا چاوەڕێی ئەو ڕۆژەن کە حکومەت و کۆمپانیاکان کە ناویان لەم گوتارەدا هاتووە ئەو ترسەی تێیدا باس کراوە، لە دوارۆژدا بکەوێتە گەڕان بەناو ئینتەرنێتدا هەروەک لەسەرەتاوە باس کراوە، بەو ئومێدەی ئەو جیاوازییە نەبینێتەوە، هەموو کەسێک بتوانێت لە جیهان بڕوانێت و لە ڕووداوەکانی بەئاگابێت و هیچی لێ نەشاردرێتەوە.

پێوەری دەستکەوتەکانی نیشتمان ئەوەیە سەردەمێک بەسەر ئەم گوتارەدا تێپەڕبووبێت بابەخی ماڵپەڕی (Irrespressble.info) کاڵ بووبێتەوە و وای لێبێت چ پێوەندییەکی بەڕەوشەکەوە نەمێنێت، لە بەدیهاتنی چەند دەسکەوتی بەکۆمەڵی خۆمان سەرکەوتووبین.

## بەراوردێکی میدیای نوێ و میدیای کۆن

تەکنۆلۆجیای نوێ شێواز و سەکۆی میدیای نویی بەرهەم هێناوە، چەند ئەم شێوازە نوێیەی ڕاگەیاندنیش خوێنەر و بینەر و گوێگری زیاتر لەخۆی خڕدەکاتەوە، ئەوەندەیش گفتوگۆ و مشتومڕ گەرمتر دەبێت، لەبارەی ئەوانەی سوود لەم شێوازە نوێیەی ڕاگەیاندن وەردەگرن گەر بە پێوەری پیشەیی پێڕەوکراوی سەردەمێکی زۆر بەر لە ئێستا کە ڕۆژنامەنووسی و بڵاو کراوەی دەنگۆ و واتەوات لەیەک جیا دەکاتەوە پێمل بن.

ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو، داوا لە (**شواین لاین**) سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی چین کرا، باسی گرنگترین مەسەلەیەکی شۆڕشی فەرەنسی ساڵی ١٧٨٩ بکات، دەڵێن کەمێک بێدەنگ بوو، دواتر گوتی:- هێشتا زۆر زووە وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە، «دەکرێت مرۆڤ هەمان شت بڵێت کاتێک کاریگەریی شۆڕشی ڕۆژنامەنووسی هاووڵاتی سەر گوتاری سیاسیی لە وڵاتە یەکگرتووەکان هەڵدەسەنگێنێت.

سەبارەت بەو کاریگەریانەی کە پێدەچێ بەخراپ بشکێتەوە ترس لە ئارادایە، لەماوەی گواستنەوەماندا لە سەردەمی ڕۆژنامەنووسی باوی پاسەوانی تەتەڵەکاری بابەتە بڵاوکراوەکانەوە، بەرەو سەردەمێک لانی کەم بەشێکی کەمی لێ پێکهاتووە، ژینگەیەک لە (**مدونات**)

> **”لایەنگرانی ئازادی ڕادەربڕین لە ئینتەرنێتدا چاوەڕێی ئەو ڕۆژەن کە حکومەت و کۆمپانیاکان لە دوارۆژدا بکەوێتە گەڕان بەناو ئینتەرنێتدا بەو ئومێدەی ئەو جیاوازییە نەبینێتەوە، هەموو کەسێک بتوانێت لە جیهان بڕوانێت و لە ڕووداوەکانی بەئاگابێت و هیچی لێ نەشاردرێتەوە.“**

ی ئەلیکترۆنی نامەرکەزی کە ئێستاکە هاوولاتیان تێیدا ڕوودەکەنە کەسانێکی ناپسپۆڕ و لەبارەی کۆشکی سپی و شەڕی عیراق و کێشە سیاسییە دەرەکییەکان داوای زانیارییان لێ دەکەن.

لایەنگرانی ئەم شێوە نوێیەی ڕۆژنامەگەری وەڵامی ئەو ترسە دەداتەوە کە سەرچاوەی هەواڵەکان لە دەرەوەی مەیدانی دیمەنی میدیای باودایە، بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە مایەی دەوڵەمەند کردنی گوتاری گشتی نەک ئاستەکەی نەوی بکات.

لەوانەیە هەردوو مەسەلەکە تا ڕادەیەک ڕاست بن، پێوانەکردنی ئەو هاوسەنگییەی نێوانیان پێدەچێت نەک چەند ساڵێکی دیاری کراو بەڵکو چەندین ساڵ درێژە بکێشێت، مەگەر پاش تەواوبوونی ئەم پرۆسەی ئاڵوگۆڕە گەورەیە بزانرێ لە ولاتە یەکگرتووەکاندا چ کاریگەرییەکی لەسەر دیموکراسی هەیە.

## کوڕێژگە تازەکەی کۆڵان

زۆربەی نائارامی و جاڕسی لە دەرکەوتنی ڕۆژنامەنووسیی هاوولاتیان **(وەک «مدونات» و بەرنامەی ویکی و یوتیوپ)** لەو سەرچاوەیەوە کە دەڵێت:- زانیاری پەرەگرتووی ئەم ڕۆژنامەنووسییە ڕاستی و دروستی تێدا کەمترە، چونکە بەپێی ئەوشێوازە باوەی نووسەرانی ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامە و ڕایەڵەی تەلەفزیۆندا پشتی پێ دەبەستن، لە ڕاستییەکەی دڵنیا نابین بۆ نموونە، ئابڕووچوونی **(جون کیری)** پاڵێوراوی دیموکراتی بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا، بەهۆی هەواڵی دەست تێکەڵاوکردنی هەڵبەستراوی لەگەڵ کچێکی گەنجی ڕاهێنراوی نووسینگەکەی خۆیدا.

**(مات درداج)** کە بەلای گۆڤاری **(نیویۆرک)** وە بەر لە ئێستا بە **«ئەو ڕۆژنامەنووسەی لە ئەمەریکادا هەر زۆر کاریگەرە»** وەسفی کردبوو، لە ماڵپەڕی هەواڵی خۆیدا لە ئینتەرنێتەوە و لە گەرمەی هەڵبژاردنە بەراییەکانی سەرۆکایەتی ٢٠٠٤دا هەواڵێکی بڵاو کردەوە، دەڵێت: پێدەچێت جۆن کیری بە پێوەندی لەگەڵ کچێکی گەنجی زۆر لەخۆی بچوکتر **(درداج ناوی کچەکەی نەبردووە)** تێوەگلابێت، ئەم پێوەندییە هەڕەشە بۆ ئەو شکست پێهێنانی جۆرج بۆش لە پایز دا.

هیچ بەڵگەیەک لەگۆڕدا نییە **((درداج))** چاوی بەوکی کەوتبێت یان لەگەڵا یەکێک لە فەرمانبەری هەڵمەتەکەی کیریدا دوابێت، تا لە ڕاستی و دروستی هەواڵەکە دڵنیا بێت، پێش ئەوەی هەواڵەکە لە ماڵپەڕە هەواڵییەکەی **«ڕاپۆرتی درداج»** وانەبێت، کە بەپێی دامەزراوی هیت وایز (Hit Wise) کە لە ولاتە یەکگرتووەکان ڕووی تێ دەکرێت لە پلەی شەشەمدایە هەریەک لە کیری و کچەکەیش بوونی ئەو پێوەندییەیان ڕەت کردەوە و دواجار هیچ بەڵگەیەک دەرنەکەوت بوونی پێوەندییەکی سۆزداری بیسەلمێنێت، ڕێکخراوە سەرەکییەکانی هەواڵ ڕازی نەبوون ئەم هەواڵە بلاو بکەنەوە، چونکە لەو قۆناغەدا بوون کە بەڵگەکەی **«ئەوپەڕی لاوازە»**.

بێگومان کیری توانی سەربکەوێت، بەوەی حیزبی دیموکرات وەک پاڵێوراوی خۆی بۆ سەرۆکایەتی هەڵیبژێرێت، بەڵام ئایا ئەم چیرۆکە بەشداربوو لەوەی کە ئەمەریکییەکان لە بەرپرسانی پاڵێوراویان بەد گومان بن؟ هەروەک **(دیڤید فرۆم)** نووسەری پێشووی گوتارەکانی بۆش، سەبارەت بە پێوەندی سۆزداری جۆن کیری لە ماڵپەڕی (National Revew)دا بلاو کردەوە، لە گۆڤاری **(نیویۆرک)** گوتوویەتی:- دەکرێت هەواڵی بلاو کراوەی ئینتەرنێت لە ماوەیەکی زۆر کورت دا کە بڕواناکرێت خورافە یاچیرۆکێکی وەهمی بکاتە ڕاستی و واقیع، ئەو هەڵبەستراوەم لە ڕۆژنامەدا خوێندەوە و بیستم و لەبارەیەوە دواوم، بەڵام شتێکم نەکردووە، هەروەک نووسینی ڕاپۆرتە هەواڵ وابێت، لەبارەیەوە بە شۆخییەوە لە ئینتەرنێتدا دواوم، هەروەک لەسەر مێزی خوانی بم، ئەوەندەی پێ نەچوو فێر بووم کە ڕایەڵەی ئینتەرنێت شێوازێکی ڕاگەیاندنی چاپ کراوە نەک مێزی نان خواردن بێت.

لەکاتێکدا ڕۆژنامەنووسە باوەکان لەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە نیگەرانن و هەست بە ناڕەحەتی دەکەن کە لە ڕاستی و دروستی هەواڵ ناکۆڵێتەوە، لەوانەیە ئەوانەی پەرۆشی هۆکاری تازەی ڕاگەیاندنن پێیان وابێت کە پیشەکەیان بە تەواوی لە پیشەی ئەوانە جیاوازە کە ل نیویۆرک تایمز یا وۆل ستریت

جۆرناڵ کار دەکەن، کە هەردووکیان قەڵایەکی پڕ ئەزموونی نێوان هۆکارە سەرەکییە باوەکانی ڕاگەیاندنی وڵاتە یەکگرتووەکانن.

پڕۆژەی پیو لە بارەی ئینتەرنێت و ژیانی ئەمەریکا (Pew Internet and America Life Project) لە توێژینەوەیەکدا گەیشتە ئەوەی تەنها سێیەکی (٣٤٪)ی ئەو نووسەرانە پێیان وایە نووسینی ئەلیکترۆنی شێوەیەکی کاری ڕۆژنامەنووسییە لەکاتێکدا دوو لە سێی دانییە تەنها (٥٦٪) یان گوتوویانە کە هێندێ جار یا زۆر جار کەمێک لە ڕاستی و دروستی زانیارییەکان ورد دەبینەوە، پێش ئەوەی لە ماڵپەڕەکەیدا دابەزێت.

میدیای نوێ بەهۆی ئەو نووسەرانەوە کە ناوونیشانیان نابات ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەتەوە، هەمان توێژینەوە کە دامەزراوەی (**پیو**) کردوویەتی دەری خستووە کە (٥٥٪)ی نووسەران لە ئینتەرنێتدا بەناوی خوازراوەوە بابەتەکانیان بڵاو دەکەنەوە ئەوەی لەم بارەوە مایەی نیگەرانییە ئەگەری بڵاو کردنەوەی خاوەنی ئەو نووسینانە کە دەنگۆی درۆ و دەلەسە بڵاوبکەنەوە ڕوو لە زیاد بێت، چونکە زەحمەتە لە سەرچاوەکە بە شوێن هەڵەکەوە بین، کە ناکرێت هەواڵی بڵاوکراوە لە نووسراوەکەو ناوی ڕاستەقینەی هەرکەسێک پێکەوە ببەسترێتەوە.

سەرەڕای ئەوە، مرۆڤ هەست بە ناڕەحەتی دەکات، گەر نەکرێت ئەو کەسانەی لە ئینتەرنێتدا هەواڵ بڵاو دەکەنەوە بەرپرسیار بن یان لێیان بپرسرێتەوە، نەک هەر بە بڵاوکردنەوەی زانیاری گومان لێکراو، بەڵکو بەشداربوونیشی لە بڵاوکردنەوەی قسەی منداڵانە و ناشیرین لەسەر تابلۆی نووسراوەکان بڵاوبکرێتەوە. گەر ئەوە ڕووی دا، ئایا هەر بەتەنها ئەوانەی شەیدای سیاسەتن دەتوانن بەرگەی ئەم ژینگەیە بگرن، تەنانەت بایەخی زۆربەی پاڵێوراوانیش لەدەست دەدات و وایان لێ دەکات هیچ بایەخێک بە سیاسەت نەدەن؟

## بایەخی نووسراوە ئەلیکترۆنییەکان چییە؟

گفتوگۆی زۆر لە نێوەندە سیاسی و ڕۆژنامەوانییەکاندا لەم بارەیەوە کراوە. گەر ڕۆژنامەنووسە هاووڵاتییەکان لەماوەی ئەو چەند ساڵە کەمەی ڕابردوودا زیانی گەورەیان بە پرۆسەی سیاسی ئەمەریکا گەیاندبێت، بەڵام مەیل و ئارەزووی بەرەو ڕۆژنامەگەری ڕا هەر لە ڕاگەیاندنی بڵاوکراوەی ئینتەرنێتدا گیر ناخوات، لەو بەرنامانەی کە زۆرترین بینەری لە تەلەفزیۆنی کێبڵیدا هەن ئەوانەن کە کەسانی وەک (**کەبیل ئۆرایلی**) و (**کیت ئۆلبرمان**) پەخشی دەکەن و بۆ کێشەکانی وڵاتە چارەسەری سیاسیانە دەخەنەڕوو، (**مارڤن کیتمان**) لە گۆڤاری (The Nation)ی لیبرالی سەرەکی وڵاتە یەکگرتووەکان لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧دا نووسیویەتی: شێوازی بابەتیانە، شێوازی **«ئەوە مەسەلەکانە هەروەک هەن»** کە گشت بەرنامەکانی هەواڵی سەر لەئێواران لەڕایەڵەکانی تەلەفزیۆنیدا پێڕەوی لێ دەکەن، کۆن بووە و کاتیان بەسەرچووە، «**کیتمان هانی** ڕایەڵەکانی تەلەفزیۆنی داوە کار بە پەخشکار و بێژەری (**معلق**)ی وەک (**ئۆلبرمان**)ی چەپڕەو بکەن، ئەم جۆرە وەچەرخانە گەر ڕووی دا، دەشێت ئاڵوگۆڕێکی گەوهەری لە پێمل بوونی ڕایەڵەکانی تەلەفزیۆنی مێژووی بێلایەن پێک بهێنێت، کە (**ریچارد سالانت**)ی سەرۆکی بەشی هەواڵی (CBS) لە ساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو باسی کردبوو، ئەوکاتە گوتبووی: **«پەیامنێرانمان لە تێڕوانینی خۆیانەوە ڕووداوەکان ناگێڕنەوە، ئەوان لە تێڕوانینی هیچ کەسێکەوە ڕووداوەکان ناخەنە بەرچاو»**.

کەرەستەی بەرهەمهاتووی پرۆسەی کۆکردنەوەی هەواڵ لە وڵاتە یەکگرتووەکان مەسەلەیەکی دیکەیە کار لە کەشوهەوای ڕۆژنامەنووسی گۆڕاو دەکات. بەهۆی کەم کردنەوەی فرمانەکانی ڕۆژنامە، ڕۆژنامەنووسان لەچاو چەند ساڵ بەر لەئێستا هەر زۆر کەمی کردووە. واتای کۆمەڵەی نووسەرانی ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا دەری دەخات کە ژمارەی فەرمانبەرانی نووسینگەکانی نووسەرانی ڕۆژنامە کە دەوامی تەواوەتی دەکەن لە نزیکەی ٣هەزار کەس کەمترە، بە بەراوردی ژمارەیان لەماوەی ترۆقیدا ساڵی (٢٠٠٠) گەیشتبووە (٦٤٠٠) فەرمانبەر، ئەمەیش زۆر کەسی خستە

ترسەوە کە دەوری رۆژنامە وەک پاسەوانی چاودێری کردنی کاروباری حکومەت و کۆمپانیا گەورەکان لەوانەیە بەخێرایی بپوکێتەوە.

وادیارە لانی کەم هێندی لەوانەی لە ئینتەرنێتداو دەنووسن درک بەم بۆشاییە بەرچاوە دەکەن، لەوانەیە ژمارەیەکیان خۆی نابێتەوە و لە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەدا بین، هەروەک بەم دواییانە (**داڤید گلین**) لەگۆڤاری (**کۆڵۆمبیا جۆرناڵیزم ریڤیو**) ئاماژەی پێ کردووە، ئەو ریپۆرتاژە رەسەنانەی (**جوشوا میکا مارشال**) و دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە ئابڕووچوونە سیاسییە سەرەکییەکانی ئاشکرا کردووە، لەوانە کۆشکی سپی و دوو داواکاری گشتی ئەمەریکی دەرکردووە، گرێبەستێک گومانی لێ دەکرێت، پەیوەستە بە گرێبەستێکی پارچە زەوییەوە کە (**لیزا مورکوشکی**) لەویلایەتی تەکساس لایەنێکی بووە، هەروەها ئەوانەی لەماڵپەڕی هافینگتۆن پۆست (www.haffingtonpost.com) و ماڵپەڕی پاجاماس میدیا (www.pajamasmedia.com)دا کار دەکەن و ریپۆرتاژی رەسەن بڵاودەکەنەوە، ئەوە پیشان دەدات کە لێکچوونێکی زۆر و زیاد لە جیاوازی نێوان رۆژنامەگەری کۆن و تازەدا هەیە.

## گشت هاووڵاتییەک پەیامنێری رۆژنامەنووسییە

ماڵپەڕی هەواڵی (Oh my news) کە لەساڵی (٢٠٠٠) ەوە لە کۆریای باشووردا دەست بەکارە، پێشەنگی رۆژنامەنووسیی هاووڵاتییە، (**یون هو**)ی رۆژنامەنووس ئەم ماڵپەڕەی وە ئەزموونی بەکارهێنانی ئینتەرنێت خستەگەڕ کە شێوازێکی راگەیاندنی هەرەوەزییە، لەم ئەزموونەدا ٧٠٠ هاووڵاتی پەیامنێری رۆژنامەوانی لەگەڵیدا کار دەکەن، کاتێک ماڵپەڕەکە یادی حەوت ساڵەی خۆی لە شوباتی ٢٠٠٧دا کردووە ٦٥ فەرمانبەر دەوامی تەواوی تێدا دەکەن و زیاتر لە ٦٠ هەزار هاووڵاتی پەیامنێری رۆژنامەوانی لە سەد وڵاتی دیکەیش کاری تێدا دەکەن.

سەرکەوتن و بەرفراوانبوونی ئەم ماڵپەڕە سەرنجی چاودێرانی هۆکارەکانی راگەیاندنی لە سەرتاسەری جیهاندا بۆلای خۆی راکێشا، کاتێک کۆمەڵگای ئینتەرنێت لە کۆریای باشور چالاکانە بەشداری هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کرد، بەوە کاری کردە سەر ئەنجامەکای هەڵبژاردن.

وێنەی ماڵپەڕەکە و دامەزرێنەرەکەی لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧ گەیشتە ترۆپک، کاتێک کۆلێجی رۆژنامەنووسیی میزۆری میداڵی شەرەفی بە یۆن هو بەخشی، وەک پێزانینی هەوڵی پێشەنگانەی ئەو لە پەیوەست بوونی هاووڵاتیان وەک رۆژنامەنووسی لایەنگری دیموکراسی. ئەم پاداشتە مێژوویەکی دێرینی

> **کەرەستەی بەرهەمهاتووی پرۆسەی کۆکردنەوەی هەواڵ لە وڵاتە یەکگرتووەکان مەسەلەیەکی دیکەیە کار لە کەشوهەوای رۆژنامەنووسیی گۆڕاو دەکات، رۆژنامەنووسان لەچاو چەند ساڵ بەر لەئێستا هەر زۆر کەمی کردووە.**

هەیە و زیاد لە ٧٠ ساڵە بە بەنێوبانگترین سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووسی لێهاتووی ڕۆژنامەگەری و ئێزگەو تەلەفزیۆن دەبەخشێت. یون هو کاتێک لەو ئاهەنگەدا کاتێک بۆنەوە لەکۆلۆمبیا سازکرابوو میدالەکەی وەرگرت، گووتی: ئەمڕۆ من ئەم میدالە وەردەگرم، بەڵام ئەم ڕێزلێنانە مافی من نییە، بەڵکو مافی ٦٠ هەزار هاووڵاتی پەیامنێری ڕۆژنامەنووسی هاوکارمان و ڕۆژنامەنووسان و پەیامنێرانی هەمیشەیین لەدەستەی فەرمانبەراندا، کە بەخۆشحاڵییەوە بەم جیهانە نوێیەی ڕۆژنامەنووسی هاووڵاتی پەیوەست بوون.

سەرەڕای ئەوەی کە بەدیهاتنی شێوازێکی نوێی ڕاگەیاندن کە تازە پێکهاتبێت و بەشێوازی نوێ کاربکات، سەرکەوتن و شۆرەت پەیداکردنی خۆی لەخۆیدا دەستکەوتێکە، بەڵام یون هو بەئامادەبووانی گوت: خولیای گەورەتری هون، لەوەی کە بەڕۆژنامەنووسی هاوڵاتییەوە بەندە بەدی بهێنێت، ماڵپەڕەکە لەهەواڵەکانی خۆیدا سەبارەت بەم ڕووداوە لەزمانی (یون هۆ)ەوە دەڵێت: ئامانج هەر فەراهەم کردنی زانیاری زیاتر نییە، بەڵکو ئامانجمان ئەوەیە ژیانێکی بەختەوەرترو ڕەزامەندی دەروونە.

**کاتێک کۆلێجی ڕۆژنامەنووسیی میزۆری میداڵی شەرەفی بە یۆن هو بەخشی، وەک پێزانینی هەوڵی پێشەنگانەی ئەو لە پەیوەست بوونی هاووڵاتیان وەک ڕۆژنامەنووسی لایەنگری دیموکراسی. ئەم پاداشتە مێژوویەکی دێرینی هەیە و زیاد لە (٧٠) ساڵە بە نێوبانگترین سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووسی لێهاتووی ڕۆژنامەگەری و ئێزگەو تەلەفزیۆن دەبەخشێت.**

### بنەما ئەخلاقییەکانی ماڵپەڕی
### (Oh my news)

وا لەپەیامنێرانی ئەم ماڵپەڕە چاوەڕێ دەکرێت بەم بنەما ئەخلاقییانەوە پێمل بن:

١. مەرجە هاووڵاتی پەیامنێری ڕۆژنامەنووس بەڕوحیەتی «**هەموو هاوڵاتییان پەیامنێرن**» کاربکات، خۆی بناسێت وەک هاووڵاتی پەیامنێر کاتێک دەکەوێتە پەخش کردنی هەواڵ.

٢. هاووڵاتی پەیامنێری ڕۆژنامەنووس زانیاری درۆ بڵاوناکاتەوە، گوتارێک نانووسێت پشت بەگریمانەو بۆچوونی بێ بنەما ببەستێت.

٣. هاووڵاتی پەیامنێری ڕۆژنامەنووس بەزمانێکی ناحەزو دزێو و سووکایەتی نانووسێت، هێرش نەبرێتە سەر تایبەتمەندێتی کەسێتی.

٤. هاووڵاتی پەیامنێر ناو و ناوبانگی کەسی ناڕزێنێت بەنووسینی گوتاری وا تایبەتمەندی کەسەکانی تێدا پێشێل بکات.

٥. هاووڵاتی پەیامنێر شێوازی یاسایی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکاردەهێنێت بەئاشکرا سەرچاوەیەکیش ئاگادار دەکاتەوە کە بەنیازە بڵاوی بکاتەوە.

٦. هاووڵاتی پەیامنێر بەخراپی کەڵک لەجێ و شوێنی خۆی

نابینێت تا دەستکەوتی ناهەقانەی دەستگیر ببێت. یا بەهەر شێوەیەکی دیکە دەستکەوتێکی تایبەتی بەدەست بهێنێت.
٧. هاوولاتی پەیامنێر بۆ بەرژەوەندی خۆی یا هەر ڕێکخراوێک کە ئەندام بێت تێیدا ڕاستییەکانی گەورە ناکات و نای شێوێنێت.
٨. هاوولاتی پەیامنێری ڕۆژنامەنووسی بەتەواوی و بەزوویی لەبلاوکردنەوەی هەر هەواڵێکی ناڕاست و لەهەر ڕوویەکەوە نەگونجاوبێت، داوای لێبووردن دەکات.

## تیمی کاری تایبەت بەئازادی ئینتەرنێت لەجیهاندا

(**پۆلا دوبریانسکی**) یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ دیموکراسی و کاروباری جیهانی لە ٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦ دا گووتی: ڕایەڵەی ئینتەرنێت کە دەکرێت بکەوێتە بەردەست و ئازادانە بەکاربێت و ئابڕووی گەندەڵی ببات و هانی شەفافیەت و بەشداری کردن و چەسپاندنی پرۆسەی سیاسی دەدات. هەروەها دەتوانین پاڵ بەپەروەردەی فێرکردن و تەندروستی و گەشەسەندنی ئابووری بدات، بەکورتی ئینتەرنێت شێوازێکی یەکلاییکەرەوەی تین و توانی خەڵکییە.

لەکاتی نوێژەنکردنەوەی پرۆسەی کاری جیهانی تایبەت بەئازادی ئینتەرنێت کە میکانیزمی کاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا پێک دەهێنێت، (**کوندولیزا رایس**)ی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دایمەزراندووە، دوبریانسکی ستراتیجی وەزارەتی دەرەوەی بەسی لایەنەوە وەسف کردووە، بەمەبەستی دابینکردنی ئازادی ئینتەرنێت لەڕێی:
١. چاودێری کردنی ئازادی ئینتەرنێت، وەزارەتی دەرەوە سەبارەت بەکاروباری مافی مرۆڤ، بەڕاپۆرتی ساڵانەی دەوڵەت ئەنجامەکەی ڕادەگەیەنێت. هۆکارو میکانیزمەکەی لەیەکدی جیابکرێنەوە، کە حکومەتەکان بەهۆیەوە تەنگ بەچالاکیی سەر ئینتەرنێت هەڵدەچنن.
٢. ڕووبەڕووبوونەوەی سەرکوت کردنی ئازادی ئینتەرنێت، بەخشینی هێزێکی زیاتری ئازادی لەسەر شانۆی جیهانی و لەڕێکخراوە فرە لایەنەکاندا، وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا هەنگاوێکی بەم ئاراستەیەدا هەڵگرتووتەوە، کانوونی دووەمی ٢٠٠٧ میوانداری کۆنگرەی نەهێشتنی سانسۆری سەر ئینتەرنێتی لەجیهاندا کرد، لەو کۆنگرەیەدا زیاتر لە ١٢٠ نوێنەری کۆمپانیاو دامەزراوە سەرمایەگوزاری لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەرپرس و ڕێکخراوی ناحکومی و باڵیۆزخانەی دەوڵەتان و نووسینگەی چەند ئەندامی کۆنگرێس تێیدا بەشداربوون.
٣. بەرفراوانکردنی هەرچی زیاتری دەست خستنی ئینتەرنێت، بەپشتگیری دارایی و هونەری زیاتر، تا نوێترین تەکنۆلۆجیای پێوەندی نێودەوڵەتی لەجیهانی گەشەسەندوودا فەراهەم ببێت.

ولاتە یەکگرتووەکان پشتگیری زۆری بەرنامەی یاریمەتیدان دەکات کە هانی زیاد بوونی توانای گەیشتن بەئینتەرنێت و فەراهەم بوونی هەرچی زیاتری تەکنۆلۆجیای زانیاری و پێوەندی لەدەوڵەتانی گەشەسەندوودا دەدات. حکومەتی ئەمەریکا لەساڵی (٢٠٠٤) ەوە، زیاتر لە ٢٥٠ ملیۆن دۆلاری لەبنیاتنانی ژێرخانی تەکنۆلۆجیای زانیاری لەولاتانی گەشەسەندوودا خەرج کردووە.

ئەنجام:

پێدەچێت ئەو گفتوگۆیەی لەبارەی کاریگەریی ڕۆژنامەگەریی هاوولاتییانەوە دەکرێت، ئێستاکە گەیشتبێتە خاڵی (**چی دەبێت ئەگەر...**) ئەو هزرەی کە پێی وایە **«المدونات»** زیان بەپێکهاتەی ژێرخانی هاوولاتیبوونی ئەمەریکا دەگەیەنێت، هزرێکی تیۆرییەو زیاتر چاوی بڕیوەتە چەند حاڵەتی تاکەکەسی و بەڵگەی زانستی پێ نییە.

**سەرچاوە:**
– e.journal.do.usa

# وێنەی ڕۆژنامەنووسیی
# مێژوومان بۆ تۆمار دەکا..!

**کاکە زەنگۆ**

(١)

هەندێ چالاکی ڕێکخراوە مەدەنییەکان هەن، لەژێر سایەی دەسەڵاتی پێشوو، خەڵک لە بیری چووبوونەوە، بە وێنەی سەردەمی منداڵی ئێمە، کە هێشتا نەچووبووینە قوتابخانە، هی لەخۆمان هەڕاشتر دەبینی ئەو جلە جوانەی دیدەوانییان لەبەر دەکرد بە واق وڕمانەوە تەماشامان دەکردن، کە ئێمە پێڕاگەیشتین ئەو چالاکیانە نەمان، ڕژێم منداڵ و مێردمنداڵانی دەکردنە (طلائع) و شتی دیکە، بەم دواییە وا دیارە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو کلتوورەی پێشوو زیندوو دەکاتەوە، چەند چالاکییەکی وای نواندووە، ناویان لێناوە خێوەتگا. چالاکی ئەم جارەیان بە بەشداری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و لە دەربەندیخان بۆ ڕۆژنامەنووسانی هەموو لایەکی کوردستان بوو، ئەو ڕۆژنامەنووسانەی درەنگ پێیان زانیوە با گلەییان نەکەن، ئێمەش هەروەکو ئەوان لەم ناز و نیعمەتە بێبەش بووین، کەچی تا خوا حەز دەکا دڵمان بەم چالاکییەی ڕۆژانی ٧/٢٧ – ٢٠٠٨/٨/١ خۆشە.

(٣)

ئێمە لە (ڕۆژنامەنووس) حەز دەکەین هەر جارە و ڕۆژنامەنووسێک، چ لە کۆچکردووان و چ لە زیندووان، بەسەر بکەینەوە و ژیان و چالاکییان لەسەر لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە بۆ خوێنەرانمان بنووسینەوە. بە داخەوە تاوەکو ئێستا ئەو حەزەمان ئەوەندە نەهاتۆتە دی، لە ٢٠٠٨/٧/٨ گۆڤاری **(بیری نوێ)** و ڕۆژنامەی **(ڕێگای کوردستان)** لەبەر مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم هەستانەوەو ڕێزیان لێ گرت، ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی شیوعی و ئەوانی دیکەش لەوێ ئامادە بوون. نەقیبی

هەواڵنامەی کتێب




ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش بە ناوی سەندیکا، لەنێو چەپڵە ڕێزانی ئامادەبووان داوای مافی ڕۆژنامەنووسانی کردو هۆڵەکەی هەژاند.

(٢)

مانگرتن و خۆپیشاندان یەکێکە لە مافەکانی خەڵک، ئەو وڵاتانەی ڕژێمیان دیموکراتییە دەڵێن زۆر بایەخ بەم لایەنە دەدەن، تەنانەت مافی دەستە و ڕێکخراو و کەمینە نەتەوایەتییەکانیشیان بە یەک لەم چالاکییانە دابین دەکرێ، بە داخەوە لەم ڕۆژهەڵاتەی ئێمە ئەم مافانە بە خوێن نەبێت دەستەبەر ناکرێت، ئەوەتا ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٨ کوردانی کەرکووکی خوێنێکی زۆریان لەم پێناوەدا ڕشت، کەچی کەللەپووتەکان بە ناوی هاوپەیمانی هێشتا مافەکانیان ناسەلمێنن، ڕۆژانی دواتریش خەڵکی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و شارەکانی دیکە بە هەمان چالاکی بوونە پشت و پەنای ئەو خۆشەویستانەمان، ئەو وێنانەی لێرەدا بڵاویان دەکەینەوە نموونەیەکی سادەی ڕۆژ ٢٠٠٨/٧/٢٩، کە لە هەولێر سازکراوەو سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش بە شۆڤێنیستانی گوت: (**خەیاڵتان خاوە**).




هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدات
لە رۆژانی 27 - 31 / 7 / 2008
سلێمانی / دەربەندیخان


وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرایەتی خێوەتگەی رۆشنبیری
حکومەتی هەرێمی کوردستان خێوەتگەی
رۆشنبیری و راگەیاندن بۆ رۆژنامەنووسانی
هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدات
لە رۆژانی 27 - 31 / 7 / 2008
سلێمانی / دەربەندیخان


رۆشنبیری و راگەیاندن بۆ رۆژنامەنووسانی
هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدات
لە رۆژانی 27 - 31 / 7 / 2008
سلێمانی / دەربەندیخان














داوا دەکەین ماددەی 140
وەک خۆی جێبەجێ بکرێ
دوکاندارانی بازاری قەیسەری


رۆژنامەنووسانی کوردستان
دەردەبڕێت بەرامبەر پەسەندکردنی یاسای
پارێزگاکان کە پێچەوانەی دەستوور و بنەماکانی
پێکەوەژیانە لە عێراقی نوێ دا.






ئیمەی کوردی فەیلی لە دژی دەرکردنی
شنبیری فەیلی
ردایەتی سیاسی کوردستان
مادەی ١٤٠ی دەستوری



# ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا و ئەمریکا ١٩٤٩ — ١٩٩١

**خوێندنەوەی: (ڕۆژنامەنووسێک)**

ئەو سەرناوەی سەرەوە، ناوی تازەترین کتێبی توێژەرو نووسەری بەبڕشت و وردەکار (**نەوزاد عەلی ئەحمەد**)ە، کە چاپکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی ژمارە (١٣) یەو لەچاپخانەی تیشک لەسلێمانی بەچاپێکی جوان و ڕێک و پێک دەرچووە.

کاک نەوزاد عەلی ئەحمەد چ لەکوردستان و چ لەدەرەوە قەڵەمەکەی هەر لەکار بووەو چەندین بەرهەمی گرنگی لەبواری مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی نووسیوەو بڵاو کردۆتەوە و شارەزایانەو وەستایانە سەروتاری بابەتەکانی کردوون.

بەهۆی نەبوونی سەرچاوەو نەبوونی کتێبی ئەو ئەرشیفێکی وا کە ئەو گۆڤارو بڵاوکراوانە لەخۆبگرێت، کارێکی سەخت بووە بۆ کۆکردنەوەی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوانەی کە سەرچاوەی بنەڕەتی بابەتەکەن، کە زۆربەیان لەکتێبخانە شەخسییەکان لەسوید کۆکراونەتەوە.

ئەو کتێبەی ئەمجارەی بابەتێکی گرنگی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردییە لەهەندەران، ئەورووپاو ئەمریکا لەنێوان ١٩٤٩ – ١٩٩١.

ناوەرۆکی کتێبەکە وێڕای پێشەکییەک بۆ چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەو ساڵ و شوێن و گرفت و ڕێباز و باسەکە بنیاتی بابەتەکەی پێنج بەشە.

بەشی یەکەمی لەبارەی کورتەیەک سەبارەت بەمێژووی بزاڤی خوێندکارانی کورد لەئەورووپاو ئەمریکا دواوە، لێرەدا بەسەرەتایەک دەست پێدەکات، ئینجا کورد لەهەندەران کە لەدوای ڕووخاندنی کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦، ڕوویان لەدەرەوەی کوردستان کردووە و ئەمەش بەردەوام بووە، دوای هەرەسی ١٩٧٥ و ئەنفالەکانی ١٩٨٨، ١٩٩١، ١٩٩٦ لەکوردستانی عیراق و کە لەئەنجامی ستەم و چەوساندنەوەی حکومەتەکانی کوردستانیان دابەش کراوە. ئەمە جگە لەو خوێندکارانەی کە بۆ خوێندن کوردستانیان جێهێشتووە، لەو وڵاتانە چالاکی باشیان نواندووە و نەخشی دیاریان هەبووە.

ئینجا باسی (**کوردستان**)ی وەک یەکەمین ناوەندی ڕووناکبیری کردووە، چونکە هەر ڕۆژنامەی (**کوردستان**) یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییە لەتاراوگە، کە لەپەرلەماندا بەیەکەمین ڕۆژنامەی نهێنیش دادەنرێت.

کورتە مێژوویەکی بزاڤی خوێندکاران لەدەرەوەدا، کە سەرەتای بزاوی خوێندکاری لەدەرەوە بە دامەزراندنی کۆمەڵەی لاوانی دیموکراتی کورد لەئەورووپا لەساڵی ١٩٤٩ لەشاری لۆزانی سویسرا و بەدەستپێشخەری نورەددین زازاو عیسمەت شەریف وانلی، دەست پێدەکات.

دواتریش لە ١٠ – ١٦/ ئابی ١٩٥٦ لەشاری ڤیزبادنی ئەلمانیای ڕۆژئاوا کۆمەڵەیەک بەناوی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری خوێندکارانی کورد لەئەوروپا، لەلایەن حەڤدە خوێندکاری کورد و بەهاندانی دکتۆر نورەددین زازا دامەزرا، کە دواتر لەکۆنگرەی سێیەمدا ناوی گۆڕا بۆ (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا) تا ساڵی ١٩٧٥ بەیەکگرتوویی مایەوە، کە بەدرێژایی ئەو نۆزدە ساڵەدا نورەددین زازا، کەمال فوئاد و تاریق ئاکرەیی سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە بوونە، پاشان باسی شکستی کۆمەڵە دەکات لەکۆنگرەی حەڤدە، کە دواتر هەر حزبەو ڕێکخراوی خوێنکارانی خۆی دامەزراندووە و چەندین ناوی جیاجیاوە کارو چالاکییەکان ئەنجام داوە، بۆ نموونە حیزبی شیوعی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بەناوی **(کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا** (KSSE)، دامەزراندووە هەریەکەو بەجیا و بەهەمان ناوەوە، خۆیان بەدرێژەپێدەری کۆمەڵەی پێشوو زانیوە. یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانیان لەدەرەوەی وڵات – ئەکسا – دامەزراندووە. هەروەها ڕێکخراوی دیکە بەناوی یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا لەساڵی ١٩٦٥ لەلایەن جەمال نەبەز و هاوڕێیانی دامەزراوە، لەئەیلوولی ١٩٨٠یش ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆشیالیستی کورد لەئەوروپا و سۆکسە دامەزراوە کە سەر بەپارتی سۆشیالیستی کورد **(پاسۆک)** بوون. پارتی گەلی دیموکراتی کوردستانیش ساڵی ١٩٨٢، یەکێتی خوێنکاران و لاوانی کوردستان دامەزراندووە، لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی دیکەی خوێندکاری. کە بەپارچە پارچەیی و پەرتەوازەیی کاریان کردووە تا دروست بوونی بەرەی کوردستانی لەباشووری کوردستان و لەڕۆژانی ١٩ – ٢١ی ئابی ١٩٨٨ کۆنگرەی یەکگرتنیان بەئامادەبوونی



٦٠٠ کەس لەبەرلینی ڕۆژئاوا بەست و ناوی کۆمەڵە بووە (**کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەئەورووپای** (KSSE) پاشان نووسەر کۆنگرەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپای بەسەرکردۆتەوە ئینجا ئامانجەکانی کۆمەڵە خوێندکارییەکانی بەسەر کردۆتەوە، پاشان ئەرک و ئامانجەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەئەورووپا، ئینجا دێنە سەر مێژووی ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لەدەرەوەی کوردستان لەقۆناغەکانی ئەو مێژووە دواوە و دابەشی کردووە بەسەر.

**یەکەم: سەرەتای خەبات ١٩٤٨ – ١٩٥٦:**

کە بەگۆڤاری بوڵیتەی بەزمانی فەرەنسی و ئینگلیزی دەست پێدەکات لەلایەن کامەران بەدرخانەوە لە ١٩٤٨ – ١٩٦١، یازدە ژمارەی لێ دەرچووە، لەساڵی ١٩٤٩ یش گۆڤاری (**دەنگی کوردستان**) بەزمانی فەرەنسی لەلایەن کۆمەڵەی لاوانی دیموکراتی کورد لەئەورووپا لەشاری لۆزان لەلایەن عیسمەت شەریف وانلی و نورەددین زازاوە. دووەمیش هێزێکی یەکگرتوو ١٩٥٦ – ١٩٧٥ کە بەدامەزراندنی و گۆڤاری (**کوردستان**) بی بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی ژمارە ١ ی لەساڵی ١٩٥٨ تا ١٩٧٢، (١٦) ژمارەی لەبەریتانیادا دەرچوو. لەئەمەش گۆڤاری (**پرشنگ**) ژمارە ١ی ساڵی ١٩٦٦، لەساڵی ١٩٦٣، ڕێکخراوی خوێندکارانی کورد لەئەمریکا دامەزراوە و گۆڤاری (**ز کوردیش جورنال**) بەزمانی ئینگلیزی دەرکردووە تا ساڵی ١٩٦٩ بەردەوام بووە. لەساڵی ١٩٦٥ لەئەڵمانیا، یەکێتی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا دامەزراوە، بەناوی (**خوێندکاری کورد**) بەزمانی کوردی و ڕۆژنامەیەکی دیکەش بەناوی (**کوردستان ئینفۆرماسیۆن**) بەزمانی ئەڵمانی دەرکردووە، ئەمە جگە لەوەی کۆمەڵە لقی لەزۆربەی وڵاتانی ئەورووپا کردۆتەوەو هەر لقەو گۆڤارو بڵاوکراوەی خۆی هەبووە و چالاکی بەرچاوو دیاریان بەڕێوەبردووە.

**سێیەم: پەرت بوون و فرە ڕێکخراوی ١٩٧٦ – ١٩٨٨:** کە سەردەمێکی ڕێکخراوی جیاجیا دروست بوون و هەر حزبەو ڕێکخراوی خۆی دامەزراندووە و هەریەکەو بایەخی بەبواری ڕۆژنامەگەری داوە و چەندان گۆڤار و بڵاوکراوەیان دەرکردووە، بەشی چوارەمی کتێبەکەی بۆ تەرحان کراوە.

**چوارەم: بەرەی خوێندکاران ١٩٨٨ – ١٩٩١.**

کە جارێکی دیکە خوێندکاران ڕیزەکانیان یەک بوونەوەو چالاکی خۆیان بەدەرکردنی چەند بڵاوکراوە و چەند گۆڤارێک نواند.

وێڕای چالاکی ڕۆژنامەوانی، ئەو ڕێکخراوانە چالاکی دیکەشیان هەبوو، خۆپیشاندان و ڕێپێوان و مانگرتن و ئاهەنگ گێڕان و دەرکردنی بەیاننامەو پۆستەر و دەرکردنی نامیلکە دەرخستووە.

بەشی دووەم لەهونەرەکانی تەکنیکی ڕۆژنامەگەریی دەدوێت و بەسەرەتا دەست پێدەکات و پاشان سەرناوی چەند بابەتێکی دیاریکردووە و کە وەک نموونە تەنیا ژمارە یەکی ژمارەیەک گۆڤارو بڵاوکراوە وەرگیراون، ئینجا هونەرەکانی چاپ و چاپخانە، (**دیزاین – نەخشەسازی**)، وێنەو هێلکاری، زمان و ڕێنووس، ناونیشان، مانشێت، هونەری تر، بۆچوونی تر.

بەشی سێیەم: هەڵبژاردەی بابەتەکان بەگوێرەی هونەرەکانی نووسین لەدوای سەرەتا، باس لەهەواڵ، وتار، ئەدەب، مێژوو، فۆلکلۆر و کەلەپوور، هونەر، هەر بابەتەو بواری بەنموونەی پێویست و ڕێک و پێک خستۆتە ڕوو.

بەشی چوارەمی ئەم کتێبە ڕابەرێکە بۆ ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا و ئەمریکادا ١٩٤٩ – ١٩٩١، لێرەش بەسەرەتایەک دەست پێدەکات، پاشان بەپێی ساڵی دەرچوونی گۆڤارو بڵاوکراوەکانی بەسەرکردۆتەوە و زانیاری پێویست، ناوی بڵاوکراوەکە و شوێنی دەرچوون و ساڵی دەرچوون و کێ دەری کردووەو بە چ زمانێک و ژمارە و مێژووی دەرچوونیان، کە بەراستی

دوا بەشی ئەم کتێبە وەک نموونە گۆڤارێکی خوێندکارانی ناساندووە، ئەویش

گۆڤاری (**پرشنگ**)، کە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان (AKSA) لەدەرەوەی وڵات دەریان کردووە، ژمارە (١) ١٩٨٥، ژ (٣)ی لە ١٩٨٦ دەرچووە، چوار یان پێنج ژمارەی لێ دەرچووە، ئەویتر عەبدولموئمین دەشتی و فریاد محیەددین کارەکانیان بەڕێوەبردونە، دوای ناساندن و ئامانجی گۆڤار، باسی ئەکسای کردووە، کە کورتکراوەی ناوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان – لەدەرەوەی کوردستان، بەزمانی ئینگلیزی پاشان باسی بەرهەمی ڕۆژنامەنووس لەپرشنگدا کراوە، ئینجا ناوەڕۆکی گۆڤارەکە دەخاتە ڕوو، هەوەل، هونەرەکانی ئەدەب، مێژوو، بابەتی ڕۆژنامەنووس فۆلکلۆرەو شارستانی، زمان، بابەتی هەڵبژاردە، بڕیارەکانی کۆبوونەوەی خوێندکارانی کورد لە ڤیزبادن لەئابی ١٩٥٦ لەئەڵمانیایە، بەڵگەنامەیەکی مێژوویی گرنگە. پاشان ئینۆکسی (٤) ژمارەی خستۆتە ڕوو، وا دیارە ژمارە (٥) ی دەست نەکەوتووە.

هەر بەشەو پەراوێزو سەرچاوەی تایبەتی خۆی هەیە، پاشان پاشکۆ دێت کە دەقی کۆمەڵێک بەڵگەنامەی لەخۆ گرتووە:

– وەڵامی بانگەوازێکی گۆڤاری (**هەڵوێست**) بۆ بەشداربوون لەکۆنگرەی گەلی کوردستان.

– ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی دووەمی یەکگرتووی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەئەوروپا.

– کۆمەڵەی یاریمەتیدانی خوێندکارانی کورد لەبەریتانیا (KSAC)

پاشان دێتە سەر ئەنجام، کە سەرەنجامی باسەکەی بەچەند خاڵێک لێک داوەتەوە کە چوونی خەڵک بۆ دەرەوە چ لەبەر کارەسات یان بۆ خوێندن بووە، بۆ دامەزراندن و دروست کردنی ڕێکخراوی کورد لەدەرەوە بێ سەرەتاکانی سەدەی بیست، کە ڕۆژنامەی (کوردستان) دەرچوو گەرای داناوە. دروست بوونی کۆمەڵەی لاوان و خوێندکارانی کورد لە ١٩٤٨، هەنگاوی بنەڕەتی بوو بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا لە ١٩٥٦ کە تا ١٩٧٥ توانی دەنگێکی ئازاو چالاکی نەتەوەیی و کوردستانی بێت و ببووە نوێنەرو بڵندگۆی شۆڕشی کوردستانی ١٩٦٨ – ١٩٧٥.

– کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا خانەوە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندە لەکارو چالاکی بەتایبەتیش لەبواری بڵاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤاردا. پاشان دروست بوونی ئەکسا– کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات.

بڵاوکراوەو گۆڤارەکانی خوێندکاران زیاتر بایەخیان بە وتاری سیاسی و دەقی ئەدەب داوە. لەڕووی ئاستی نووسین و هونەری ڕۆژنامەگەریی ئەو بڵاوکراوەو گۆڤارانەی دەرچوونە جیاوازە.

تەواوی کتێبەکە بە (١٧) سەرچاوەی کوردی و دوو سەرچاوەی عەرەبی و چەند گۆڤارو ئەرشیف و کتێبخانەی کەس و کورتە بیرو ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ چەند شارەزاییەکی ئەو بوارە لەوان: د. کەمال فوئاد، مەحموود لەوەندی، محەمەد موهتەدی، عەبدولموئمین دەشتی، د. نەجاتی عەبدوڵڵا، فەهد گردەوانی، ڕێناس نەورۆزی، ئیسماعیل تەیب، جوتیار تۆفیق، پاشان زنجیرە بڵاوکراوەکانی نووسەر ڕیزکراوەکە ژمارەیان (٢٢) خەرمان بەرەکەت، ین بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردە بۆچی..

– هەق بوو کلێشەی ژمارەیەکی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، ئەگەر هەمووشی نەبا، نموونەی بخرابایە بەرچاو، وابزانم ئەوەندە زەحمەت نەبوو.

– دەبوا ئاماژە بەو کرابا کە ئەو وتارانە لەگۆڤاری (**ڕۆژنامەنووس**) بڵاو بوونەتەوە.

– گۆڤاری (**پرشنگ**)ی یەکەم تا ساڵی ١٩٧٢ بەردەوام بوو، هەق بوو ئاماژەی پێ بکرابوایە.

– هەندێ گۆڤارو بڵاوکراوە فەرامۆش کراون وەک:

– ڕەچاوی زنجیرەی گۆڤارو ڕۆژنامەکان لەهەندێ شوێن نەکراوە بۆ نموونە ١١ی ئەیلوول ١٩٦٩ لەدوای Die Kurdishe کە لە ١٩٧١ دەرچووە دواترە.

# گۆڤاری

ژیانی ڕۆژنامەنووسیی ئەمڕۆی کوردستان، زۆری و بۆرییەکەی بێ ئەندازەی پێوە دیارە، تا ئەو ئاستەی کە شەرمت بە دەرچوونی هەندێ کاری ڕۆژنامەوانییە.

بەڵام لەگەڵ ئەو جۆرە پاشەگەردانییەشدا، کاری جوانی ڕۆژنامەوانی واش لە ئارادان کە مایەی دەست خۆشی و پشتگیری کردنن. ئەگەرچی زۆر لەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوانەی دەردەچن، بە پشتگیری دارایی حکومەتیشن، کەچی کاری تایبەتی وا هەن کە بە ئەرکی تاکە کەسی دەرچوون، بەلام مایەی دڵخۆشین و بەڵگەی ئەوە هێشتا خەڵکی دڵسۆز هەر لە خزمەتکردن ناوەستن.

K21، گۆڤارێکی کلتوری: زانستی-مێژوویی-بەڵگەنامەیی-نەتەوەیی-وەرزریی ئازادە، خودانی دەرکردن: زیلان حەیدەری و سەرنووسەرەکەش ڕۆژنامەنووس مومتاز حەیدەرییە کە ژمارە (١)ی لە بەهاری ٢٠٠٨ بە (٤٤٠) لاپەڕە قەوارە گەورە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە.

ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکە چەندین نووسەر و ڕۆشنبیر وسیاسیەتمەدار و ڕۆژنامەنووس و ئەکادیمی بەشداریان تێدا کردووە و گۆڤارەکەیان دەوڵەمەند کردووە، کە هەموویان ناوی دیار و دەستەی بژاردەی نەتەوەکەمانن و هەریەکەو بوارێکی ڕووناکبیری بەسەر کردۆتەوە.

گۆڤارەکە بە وتارێکی شیرینی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە بەناوی زمانی کوردی لە سەدەی بیست و یەکەمدا دەست پێ کردووە، پاشان نامەی پیرۆزبایی تێکۆشەری ناسراو مامۆستا عەزیز محەمەد بۆ ١٤مین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان ـ ی ڕۆژهەلات، فەیسەلأ دەباغ لە بارەی شێخ ئەحمەدی بارزان و کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان لە بەڵگەنامەیەکی بەریتانیدا نووسیوە. دکتۆر نەجاتی عەبدوللاش گولبژێرێکی لە نامە دیپلۆماتیەکانی ژەنەراڵ شەریف پاشای خەندان لە ئەرشیفخانەکانی بەریتانیا و فەرەنسادا لە فەرەنسیەوە کردۆتە کوردی. هۆشمەند عەلی مەحموودیش لە تایبەتمەندییەکانی کەسێتی دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو دواوە، دکتۆر مەحموود عوسمانیش لە شۆڕشی کوردستان عیراق ١٩٦١ دواوە. ٨٠ ساڵەی لە دایک بوونی نووسەر و ڕووناکبیری ناسراو مامۆستا کەریم شارەزا شکۆداربێت، بابەتێکی بێناوە. هەولێر لە ساڵانی سەڕی یەکەمی جیهاندا ١٩١٤-١٩١٨، لەبارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کارگێڕی ئەو دەمەی هەولێر، مەهدی محەمەد قادر نووسیویەتی. عەبدوڵڵا زەنگەنەش لە قەفێکی دیکەی ڕۆشنبیری هەولێری چل و پەنجاکانی بەسەر کردۆتەوە،

به دوان له بارەی رووناکبیرێکی هەولێری بە ناوی ئیحسان مستەفا. کاکە (**حاجی مەمۆ**)لە سویدەوە، سەرەتاتکێ لەگەڵ ئەدەبیات و رۆشنبیری منداڵان دەکات. لە یادی ١٦٠ ساڵەی دەرچوونی (**مانیڤێستی حزبی شیوعی**)، وتارێکی د.ساڵح یاسرە و جەلال دەباغ کردوویەتی بە کوردی، بەهزاد حەسەنیش لە جیهانی ئەمڕۆی سیاسەت و حیکمەت و دەسەڵاتی رۆشنبیری دواوە. یانەی گەورە پیاوانی کورد لە تۆفیق وەهبی و محەمەد عەلی عەونی و ئیبراهیم ئەحمەد فەتاح و جەعفەر محەمەد کەریم وعاسم حەیدەری، دواوە و مامۆستا کەریم شارەزا ئامادەی کردووە. لەپەراوێزی ڤیستیڤاڵی جگەر خوین شیعری (**ئاڵا من**)ی شاعیر ناوبراو بڵاوکراوەتەوە. لە گەل وتارێکی د.کامیران بەرواری لە بارەی هۆزانڤانی بەرخودان و سەر خوەبۆنی جگەر خوین. نووسینێکی پێش ٩٠ ساڵە لە تێگەیشتنی راستی بڵاوبۆتەوە (**دیانەت جویە ویاسەت جویە**). پاشان سەرنووسەر گەشتێکی بەنێو بیرەوەرییەکانی کەریمی حسامی کردووە. د.جمشید




حەیدەریش چەند لاپەڕەیەکی لە بەرگی دووەمی بیرەوەرییەکانی گێڕاوەتەوە. کتێبی دوورخراوەکانی راپەڕین، لە نووسینی شێخمووس دیکەنە باس لە کوردانی دوورخراوەی باکووری کوردستان دەکات. لەمەڕ خەباتی قەڵەمی کوردی چەند بەلگەنامەیەک سەبارەت بە بانگەوازی دامەزراندنی نووسەرانی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، دکتۆر عەبدوللا غەفووریش لە مەڕ پێکهاتەی ئیتێنی دانیشتوان لە قەزایەکانی باشووری کوردستان دواوە. لە کتێبخانەی زانیاریشدا پێنج کتێب لە بواری راگەیاندنی هەواریی و سەرچاوە و کتێبخانەکان و زانستی زانیاری و کتێبخانەکان و نەخشەسازی گۆڤار و رۆژنامە و کتێبخانە گشتییەکان لە لایەن ئازاد عوبێدەوە خراوەتە

روو، پاشان نووسـینێکی ئومێد ئاشنا بەر لە ١٥ سـاڵ دێت و لەگەڵ چەندین ووردەبابەتی دیکەش لە بەشـی عەرەبیدا، بە بۆنەی بیست سـاڵەی کیمیابارانـی شـاری هەڵەبجە کاتی خۆی لـە نامیلکەیەکـدا بەرەی کوردسـتانی لـە سـاڵی ١٩٩٠ لـە هەنـدەران بروسـکەو بەیاننامـە و شـیعرو گۆڤارو هـەواڵ لەلایەن ژمارەیەک ڕۆشـنبیری عـەرەب و عیراقی و کورد نووسـراوەو بڵاوکراوەتەوە، هەروەها هەواڵـی ڕۆژنامـە بیانییـەکان جارێکی دیکە لێرە بڵاوکراونەتـەوە، لەبەرئەوەی نامیلکەکە بەبەربڵاوی لەکوردستان بڵاونەبووتەوە.

د. موحسـین محەمـەد حوسـێن بەناوی خوێندنەوەیەکـی بەئاگایانـەی کەلەپوور **(دووانـەی دەسـەڵات و ڕۆشـنبیر)**، لێکۆڵینەوەیەکـی درێـژ و بەپێـز گۆڤارەکەی دەوڵەمەنـد کـردووە، کەمـال غەمباریـش لەهونەرمەنـد ئەحمەد سـالاری پێشـەنگ و دامەزرێنەری شانۆی کوردی دواوە.

خەباتی ڕۆژنامەوانی کوردی بەنامەیەکی شـەهید سـالح یوسـفی سەرنووسـەری ڕۆژنامەی **(التآخي)**یە بۆ وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنـی عیراق لـەرۆژی ١٨/١١/١٩٦٨ سـەبارەت بەداخسـتنی ڕۆژنامـەی ناوبراو. سـەلاح بەدرەددینیش لەکێشـەکانی ناکۆکی نەیارانی سووریا دەدوێت.

د. زوهێر کازم عەبوودیش باسی دانپێدانانی تورکیـا دەکات بەپەیماننامەکانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان. بەعەرەب کـردن (التعريب)، باسـی بەعەرەبی کردنی کوردسـتان دەکات لـەڕۆژگاری ڕێککەوتننامـەی (١١ی مارتـی ١٩٧٠) بابەتێکی دیکەی لەبارەی پەروەردەی عەرەبی و فەرمانگەیی بەلێکۆڵینەوەیەکی درێژ لەو بارەیەوە دواوە. مەحموود بادلیش کتێبی **(الحقيقة الغائبة)** ی فەرەج فودەی خستۆتەڕوو، کتێبـی **(مفهـوم الانسـان عنـد ماركس)**یـش خراوەتـەڕوو. ڕۆژی کـورد و مافـی گەلـی کـورد لەمافـی دیاریکردنی چارەنـووس، لە ٢٥ی شـوباتی ١٩٦٦، لەلایەن نووسـەرێکی شیوعی نەناسراو نووسـراوە، لەگەڵ هەندێ وردە بابەتـی دیکـە و لەبەرگی ناوەوەشـی ئیسـماعیل تەنیا لەئەڵمانییەوە بەناوی **(کتێب و گـوڵ)** لەکتێبخانـە تایبەتییـەکان دواوە، بەتایبەتیش کتێبخانـەی دەوڵەمەندی مومتاز حەیدەری. ئەم کارەی کاک مومتاز حەیدەری کارێکی دیارو مایەی دەسـت خۆشییە، بەڵام دەبێ لەئاسـت هەندێ کەم و کوڕی ئەم کارە بسەنگرێتەوە.

جێی داخە هەڵەی چاپ لە (K21) لەئەندازە بەدەر زۆرە، نەبوونی پێرست خوێنەر ماندوو دەکات لەدۆزینەوەی بابەتێک وێڕای ئەمانەو دابـەش کردنی بابەتەکان شـێوە کەشـکۆڵی چـرو پرە و جۆرێـک تێکـەڵ و پێکەڵی پێوە دیارە.

لەگەڵ هیوای بەردەوامی بۆ (K21) و کار هەڵسوڕێنەرانی.

**(ڕۆژنامەنووسێک)**

لێکۆڵینەوە:

# کورتەیەک دەربارەی کۆششی مەسیحییەکان لەرابوونی رۆشنبیریدا

## سەدەی (١٩)

## رۆژنامەنووسی- کۆمەڵەکان- چاپخانەکان



ئەڵبرت عۆدیشو/ بەغداد
و: خالید بەکر ئەییوب

رۆڵ و کۆشش و بەشداربوونە کاریگەرییەکانی مەسیحییەکان لە بنیاتنانی شارستانی مرۆڤایەتی، لەسەردەمە بەرابییەکانداو لە گشت بوارە رۆشنبیری و زانستییەکانداو لە هەموو نێوەندە رۆشنبیرییەکاندا، ئاشکراو زانراوە.

ئەم رۆڵ و کۆششانەش لەسەر دەستی ئەدیب و بیرمەندە گەورەکانیان و خوێندنگا بەناوبانگەکانیان و دێرە جۆراوجۆرەکانیان ئەنجامدراون.

شاراوەش نییە کەوا لە سەردەمی عەباسییەکاندا، کە گەیشتبووە ئەوپەڕی لوتکەو بە چەرخی زێڕینی شارستانیەتی عەرەب ناسراوبوو، باووباپیرانمان لە کەڵە مرۆڤان، بەهۆی شوێن و پێگەیان لەلای خەلیفەکان، چەندین پزیشک و دەرمانساز و شارەزای بیرکاری و بیناسازی و گەردوونناس و نووسەر و دانەر و وەرگێڕیان بەم شارستانیەتە بەخشیوە، هەر لەرێگەی ئەمانەش عەرەبەکان توانیویانە پەیوەندی بە جیهانی دەرەوەو شارستانیەتی جیهان بکەن و ئاشنای رۆشنبیری گەلان ببن.

ئامانجی پیرۆزی عەقڵی مەسیحی لەپێناو لێک نزیکبوونەوەو پەیوەندیکردن و بەشداربوونی ژیاری لە رێگەی وەرگرتن و بەخششداو قەبوڵکردنی ئەویتر، وەک بەردی بناغە بۆ سەرەتاکانی دیالۆگە ژیارییەکان وا بوو.

هەروەها مەسیحییەکان بوونە هۆکارێکی ڕاستەقینەی لێک تێگەیشتن و کرانەوە، عەرەبەکانیش دوای تێکەڵکردنی ئەم ڕۆشنبیریانەو تواندنەوەیان لە کایەیەکی عەرەبیدا، ڕۆشنبیرییەکی تایبەت بە خۆیان پێکهێناو دوای خستنە سەر و نوێکردنەوەی شارستانیەتی عەرەبیان هێنایە کایەوە.



ئەوەی پاڵی بە مەسیحییەکانەوە نا، کە پێشڕەوی ئەم ڕێرەوە شارستانیەتەبن، کەلتوور و کەلەپووریان بوو، هەروەها خۆشەویستییان بوو، بۆ بەرهەمهێنانی زانیاری بەپیت و نوێ بە مەبەستی دەرچوونیان لە قۆناغەکانی دواکەوتن و نەزانیندا.

ئەم زانیاری و مەعریفەیە کە (بوستانی) لە یەکێک لەسەر گوتارەکانی ڕۆژنامەی (ئەلنەفیر) بەم جۆرە وەسفی دەکات:

**(مەعریفەی عەقڵی و ڕووناکبیری، ڕەگەزپەرستی لەنێو دەبات و لەجیاتی ئەو، بەها باڵاو هاوبەشەکانی نێوان نەتەوەو ئایینەکان دەچەسپێنێت).**

هەروەها پیمان باشە، هەندێ لەو گوتانەی دەربارەی کرداری مەسیحییەکان و ڕۆڵیان لە ڕابوونی عەرەبیدا، کە لەسەر لاپەڕەکانی مێژوودا تۆمارکراون، بخەینەڕوو، وەکو: عەلی مستەفا فارابی کە دەڵێ: **«دەکرێ بڵێین مەسیحییەکان، موسڵمانەکانیان فێری فەلسەفە کرد، ئەمە یەکەم. دووەمیش ئەم فەلسەفەیان تەرجەمە کرد، بۆیە موسڵمانەکان کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو فەلسەفەی کە مەسیحییەکان شارەزاییان لێ هەبوو»**(١)

(کندیش) لەیەکێک لە نامەکانیدا دەڵێت:

**«مەسیحییەکان بۆ ئێمە ڕێگاومیکانیزمێک بوون، بۆ گەیشتن بە زانستێکی فرە، گەر ئەوان نەبوونایە، ئەم هەموو سەرەتاییە ڕاستەقینانە بۆ ئێمە کۆنەدەبوونەوە».** (٢)

هەروەها محەمەد عەبدولحەمید ئەلحەمەد لە کتێبەکەیدا **«ڕۆڵی سریان لە بواری زانستەکانی عەرەبدا»**(٣) دەڵێت: **(سریانەکان ڕۆڵێکی پێشڕەوانەیان هەبووە لە بواری زانستەکانی عەرەبدا، وەک دامەزراندنی قوتابخانە و خوێندنگا، هەروەها جێبەجێکردنی کرداری وەرگێران لەسەردەمی مەنسوور و ڕەشید و مەئموون، کە**

بەناوبانگترین وەرگێڕەکانی نووســراوو کتێبەکانی یۆنانی لــەوان بوون و ئەمــەو جگە لە کاریگەریی دێرەکان، رۆڵی ســریانیش هەر لەسەرەتای فتوحاتی ئیسلامی لە بنیاتنانی شارستانیەتی عەرەبی بەم جۆرە بوو).

ســەمیر عەبدەش لە کتێبەکەیدا، (مەسیحیەکانی ســوریا لە ســەردەمی کۆن و نوێدا): دەڵێت: «بۆ بنیاتنانی شارســتانیەتی عەرەبی، مەســیحییەکان کۆششــیان کردووە و باوەشــیان بۆ گرتۆتەوەو لە بوارەکانی سیاســی و رۆشنبیری و هونەری و ئابووریــدا پشــتگیریان کــردووەو لە هەموو قۆناغەکانیشدا بەم شێوە بوونەو لە رزگارکردنی وڵاتانی عەرەبیشدا پێشڕەو بوونەو تا ئێستاش بەپیتترین توخمن لە رابوونی ئەم شارستانیەتە و چاکەشــیان لە پاراســتنی زمــان و چاپ و بڵاوکــراوەی عەرەبــی و لێکۆڵینەوەیــان لە کەلەپــووری ئەدەبــی عەرەبی بــۆ دووبارە تاوتوێکردنــی و کرانــەوە بــە رووی رۆژنامەگەری و ئەدەبدا، ناکرێت فەرامۆش بکرێت، دڵســۆزترین خەڵکیش بوون لە خزمەتکردنــدا و بەشــێکی گــەورەش لە ئەرکی سەرشانیان، جێبەجێکرد).




هەروەهــا (فیلیــب حەتــا) دەڵــێ: (مەســیحییەکان رۆڵیــان لــە رابوونــی عــەرەب بەگشــتی، رابوونــە هزرییەکەیان لەســەردەمی عەباســییەکاندا لە بەغدا هەبووە، ئــەم رابوونەی کە تاکو ئێستا جێگەی شانازییە بۆ چەرخی کۆنی ئیسلام).

وا لــە خــوارەوەش، ژمارەیــەک لە رۆژنامــەو گۆڤار، لەگەڵ رێکەوتی دەرچوونیان لەلایەن مەســیحییەکانەوە لە وڵاتانی عەرەبدا دەخەینەڕوو.

جگــە لەمانــەش مەســیحییەکان چەندەهــا کتێبیــان لە بواری مەعریفی و زانستیدا داناوەو یاخود وەریانگێڕاوەتە ســەر زمانی عەرەبی و لە وانەبێژیشــدا رۆڵیان هەبووە و چەندیــن ئەدیب و زمانزان و رۆژنامەنووس و شــاعیر لە نیوەی دووەمی ســەدەی (١٩)دا لەسەر دەستی ئەواندا پێ راگەیشتوون.

---

پەراوێز:

١. تأريخ الفرق الاسلامية ونشأة علوم الكلام عند المسلمين.
٢. رسائل الكندي الفلسفية.
٣. تعين المسيحيين عامة.

## عێراق:

| ز | ناو | رۆژنامە | گۆڤار | ئەولایەنەی دەریکردووە | رێکەوتی دەرچوونی | شوێنەکەی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | النجم–ئەستێرە | – | × | سولەیمان سائیغ | ١٩٢٩ | عێراق |
| ٢ | الموصل–موسڵ | × | – | سولەیمان سائیغ | ١٩١٨ | عێراق |
| ٣ | العلوم– زانستەکان | | × | رەزوق عیسا | ١٩١٠ | عێراق |
| ٤ | المؤرخ– مێژوونووس | – | × | رەزوق عیسا | ١٩٣٢ | عێراق |
| ٥ | صدى بابل–سەدای بابل | × | – | یوسف غەنیمەو داود سلێوە | ١٩٠٩ | عێراق |
| ٦ | السیاسة–سیاسەت | × | – | یوسف غەنیمە | ١٩٢٥ | عێراق |
| ٧ | الحریة– ئازادی | – | × | روفائیل بەتی | ١٩٢٤ | عێراق |
| ٨ | البلاد–ولآت | × | | روفائیل یەنی | ١٩٢٩ | عێراق |
| ٩ | دارالسلام | – | – | ئەنستاس کەرمەلی | ١٩١٨ | عێراق |
| ١٠ | العرب | × | – | ئەنستاس کەرمەلی | ١٩١٧ | عێراق |
| ١١ | لغة العرب– زمانی عەرەب | – | × | ئەنستاس کەرمەلی | ١٩١١ | عێراق |

سەرەڕای ئەمانەش، بەشداری زۆریان بە بابەتی بەپێز هەبووە، لەو رۆژنامە(١) و گۆڤارانەی کە لە عێراق و میسر و لوبنان و سوریادا دەرچوونە، وەک **(دارلسەلام، میسباح، نور، مرئاتی عێراق، ئیعتدال، هیلال، ریســالە، موقتەتەف، عاسـیمە، ویفاق، ســوەر، ئیسرار، ئەهرام، حەیاتی بەغدادی، بەیان، زهور....هتد).**

(١): کونت رەشــید ئەلدحداح (١٨١٣–١٨٨٩).. یەکەم کەس بوو کە وشــەی **(صحیفە)** وەک هاو واتای **(الجریدە)** بە واتا سەردەمییەکەی بەکارهێناوە.

## لوبنان:

| ز | ناو | رۆژنامە | گۆڤار | ئەولایەنەی دەریکردووە | رێکەوتی دەرچوونی | شوێنەکەی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | حدیقە الاخبار الاسبوعیە | × | – | خەلیل خۆری | ١/ك/١٨٥٨ | لوبنان–بەیرووت |
| ٢ | نەفیر سوریا | × | – | بوترس بوستانی | ت١/١٨٦٠ | لوبنان |
| ٣ | ئەلجەنان | – | × | سەلیم بوستانی | ١/ك٢/١٨٧٠ | لوبنان– بەیرووت |
| ٤ | ئەلجەنە | × | – | سەلیم بوستانی | ١٨٧٠/٦/١١ | لوبنان– بەیرووت |
| ٥ | ئەلجەنینە | × | – | == | ٣/شوبات/١٨٧١ | لوبنان– بەیرووت |
| ٦ | ئەلنەحلە | – | × | ئەلقەس لویس سابونجی | ١١/ئایار/١٨٧٠ | لوبنان– بەیرووت |
| ٧ | ئەلمەجمەع ئەلفاتیکانی | – | × | ئەلئاباء– ئەلیەسوعین | ١/ك٢/١٨٧٠ | لوبنان– بەیرووت |
| ٨ | مار مەنسوور دی بول | – | × | شەریکەت مارمەنسوور | ١/حوزەیران/١٨٦٧ | لوبنان– بەیرووت |
| ٩ | ئەلبەشیر/ هەفتەنامە | × | – | ئەلئاباء– ئەلیەسوعین | ٣/ئەیلوول/١٨٧٠ | لوبنان– بەیرووت |
| ١٠ | ئەلنەجاح | – | × | لویس سابونجی و یوسف خەلیل | ٩/ك٢/١٨٧١ | لوبنان– بەیرووت |
| ١١ | لسان ئەلحال | × | – | خەلیل سەرکیس | ١٨/ت١/١٨٧٧ | لوبنان– بەیرووت |
| ١٢ | ئەلئیرز (الارز) | × | – | فیلیب ئەلخازن | ١٥/ت١/١٨٩٥ | لوبنان– بەیرووت |
| ١٣ | ئەلمسباح | × | – | نیقولا ئەلنەقاش | – | لوبنان– بەیرووت |
| ١٤ | ئەلئەیام/ رۆژانە | × | – | فایق غرغورو – تانیوس عەبدە | ٢٧/ئایار/١٩٠٩ | لوبنان– بەیرووت |
| ١٥ | ئەلحەسناء | – | × | جرجی نیقولا باز | ١٩٠٩ | لوبنان– بەیرووت |

## لوبنان:

| ز | ناو | ڕۆژنامە | گۆڤار | ئەولایەنەی دەریکردووە | ڕێکەوتی دەرچوونی | شوێنەکەی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. | الوطن – نیشتمان | × | – | میخائیل عەبدولسەید | ١٨٧٧ | میسر/ قاهیرە |
| ٢. | ئەلنەحلە ئەلحورە | – | × | ئەلقس لویس سابونجی | ١٨٧١ | میسر/ قاهیرە |
| ٣. | ئەبو نەزارە زەرقاء | × | – | یەعقوب سەنوع (جیم س سانووا) | ٢١/ ئازار/ ١٨٧٧ | میسر/ قاهیرە |
| ٤. | ئەلئەهرام | × | – | سەلیم بەگ تەقلا و بەشارە بەگ تەقلا | ٥/ئاب/١٨٧٦ | میسر/ قاهیرة |
| ٥. | ئەلوەقت | × | – | سەلیم بەگ تەکلا و بەشارە بەگ تەکلا | ١٨٧٧ | میسر /ئەلئەسکەندریە |

پێنووســی مەسیحییەکان.. هەر لە سنووری خۆیان نەوەســتان، بەڵکو لە ئاوارەییشدا و لە هەر وڵاتێکدا تیایا نیشتەجێبوون، ڕۆژنامەو کتێبیان تێدا دەرکرد و چاپخانەیان تێدا دامەزراند، لەنێوانیاندا:

## لەئاوارەییدا:

| ز | ناو | ڕۆژنامە | گۆڤار | ئەولایەنەی دەریکردووە | ڕێکەوتی دەرچوونی | شوێنەکەی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ریحلەت ئەبی نەزارە زەرقاء | × | – | یەعقوب سەنوع | ٧/ئاب/١٨٧٧ | فەرەنسا–پاریس |
| ٢ | برجیس پاریس | × | – | ئەلکونت رەشید ئەلدحداح | ٢٤/حوزەیران/١٨٥٨ | فەرەنسا– پاریس |
| ٣ | عەتارد | × | – | مەنسوور کارلتی | ١٨٥٨ | فەرەنسا–مارسیلیا |
| ٤ | ئەلنەحلە | – | × | ئەلقەس بولس سابونجی | ١٨٧٧/٤/٢ | بەریتانیا– لەندەن |
| ٥ | ئەلعەسر | × | – | نەعوم مکرزل | ١٨٩٨ | ئەمریکا– نیویۆرک |
| ٦ | ئەلهودا | × | – | نەعوم مکرزل | ١٨٩٨ | ئەمریکا– نیویۆرک |
| ٧ | ئەلدائیرە | – | – | عیسا خوری | ١٩٠٠ | ئەمریکا– نیویۆرک |
| ٨ | ئەلجامعیە | × | × | فەرەج ئەنتوان | ١٩٠٦ | ئەمریکا |
| ٩ | بەرید ئەمریکا | × | – | سەلوم مکرزل | ١٩١٠ | ئەمریکا |
| ١٠ | سوریا ئەلجەدیدە | × | – | نەسیم ئەلخوری | ١٩١٠ | ئەمریکا |
| ١١ | ئەلعالەم ئەلجەدید | × | – | سەلوم مکرزل | ١٩١٠ | ئەمریکا |
| ١٢ | ئەلسائیح (لەهەفتەی دووجار | – | × | عەبدولمەسیح و نەدرەت حەداد | ١٩١٠ | ئەمریکا– نیویۆرک |
| ١٣ | ئەلئەخلاق | × | – | یەعقوب روفائیل | ١٩١٤ | ئەمریکا– نیویۆرک |
| ١٤ | ئەلحەیات | × | – | حنا ئەلهنیدی | ١٩١٥ | ئەمریکا– نیویۆرک |
| ١٥ | ئەلمجلە ئەلتجاریە–مانگانە | – | × | سەلوم مکرزل | ١٩١٦ | ئەمریکا– نیویۆرک |
| ١٦ | ئەلخالیدات | × | – | ئەنتونیوس بەشیر | ١٩٢٥ | ئەمریکا– نیویۆرک |
| ١٧ | ئەلعالەم ئەلسوری (ڕۆژانە) | – | × | سەلوم مکرزل | ١٩٢٦ | ئەمریکا– نیویۆرک |
| ١٨ | ئەلسەمیر (نیو مانگی) | × | – | ئیبلیا ئەبو مازی | ١٩٢٩ | ئەمریکا– نیویۆرک |
| ١٩ | ئەلمەشرق | × | – | حنا یتوما | ١٩٤٩ | ئەمریکا–دیترویت |
| ٢٠ | ئەلجەریدە ئەلوبنانیە ئەلئەمریکیە | × | – | فارس ئیستیفیان | ١٩٥٤ | ئەمریکا– نیویۆرک |
| ٢١ | ئەلعالەم ئەلجەدید | × | – | یوسف ئەنتوان | ١٩٦١ | ئەمریکا–دیترویت |
| ٢٢ | ئەلمینبەر ئەلعەرەبی | – | × | جۆزیف ئەلحایك | ١٩٧١ | ئەمریکا– ئۆهایو |
| ٢٣ | میسر (سەوت میسر–دەنگی میسر) | × | – | ولیوم ئەلمیری | ١٩٧٢ | ئەمریکا– نیوجرسی |
| ٢٤ | ئەلموجەز ئەلعەرەبی | × | – | جیمس نازر | ١٩٧٣ | - |
| ٢٥ | دائیرەت ئەلئەخبار | × | – | یوسف ئەلحایك | ١٩٧٤ | ئەمریکا– لوس ئەنجلوس |
| ٢٦ | ئەلرائید | × | – | مەمدوح بوترس | ١٩٧٥ | ئەمریکا– نیویۆرک |
| ٢٧ | ئەلموشیر | × | – | سەلیم سەرکیس | – | ئەمریکا– نیویۆرک |
| ٢٨ | ئەلئیقبال | × | – | یوسف سلیبا | زۆر بەردەوام نەبوون ١٩٠٠– ١٩١٤ | ئەمریکا– نیویۆرک |
| ٢٩ | ئەلسەخرە | × | – | جبرائیل قیرقمار | | ئەمریکا– نیویۆرک |
| ٣٠ | ئەلراعی | × | – | سەلیم سەرکیس | | ئەمریکا– نیویۆرک |
| ٣١ | ئەلحیکمە | × | – | خەیروللا ئەستیفان | | ئەمریکا– نیویۆرک |
| ٣٢ | ئەلکەلیمە | × | – | ڕۆفائیل هواویتی | | ئەمریکا– نیویۆرک |
| ٣٣ | ئەلحوریە | × | – | ئەلقەس نەسیب وەهبی | – | ئەمریکا –دیترویت |
| ٣٤ | ئەلئیسلاح | × | – | ئەلئەب ئەلفونس شوریز/ لەدایك بووی عێراق | ١٩٣٣ | ئەمریکا–نیویۆرک |
| ٣٥ | ئەلتوراس–التراث) | × | | حنایف یاسیل | ١٩٣٩ | ئەمریکا–نیویۆرک |

سـەرەڕای ئـەم هەمـوو ڕۆژنامـەو گۆڤارانە، مەسیحەکان چەندین چاپخانەشیان دامەزراندووە، وەک چاپخانەی (**دێر قەزاحیا**) [1] و چاپخانەی شـەماس عەبدوڵـلا زاخیـم (١٧٤٨-١٨٦٤)و چاپخانـەی ئەدەبـی (١٨١٨) کە خەلیل سـەرکیس لە بەیروت دایمەزراند و لە سـاڵی (١٨٩٨)یش خەلیل سـەرکیس بە هاوبەشی لەگەڵ بوترس بوستانی چاپخانەی (**مەعاریفـی**) دامەزراند، هەروەهـا خەلیـل سەرکیس شـێوەیەکی نوێی بۆ پیتی عەرەبی داهێنـا کە بە (**پیتی سـەرکیس**) ناسـرا، جگە لەمانەش (**قوسـتەنتین بەیتار**) لەگەڵ (**نەجیب سەرکیس**)، لە هەڵکەندنی پیتەکانی چاپخانەی ئەدەبی بەشداربوو.

لـە (**عێراق**)یش لـە سـاڵی (١٨٥٦) یەکەم چاپخانە لە موسڵ دامەزراو یەکەم گۆڤاریش بەناوی (**ئەکلیل ئەلورود**)[2] دەرچوو، هەروەها چاپخانەی (**ئاسوری**) لە کەرکووک دامەزرا.

سـەرەڕای ئـەم هەمـوو هەوڵانـە کە بۆ دەرچوونـی ڕۆژنامەو گۆڤـارەکان دران، کە دەربڕینێک بوون، لە بواری کەفوکوڵی هزری و وێنـەی زیندوو و واقیعیانـەی ئەم وڵاتانە و بەدیاردەیەکیش لـە دیاردەکانی چالاکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆجێی دەژمێردرێـن، پیاوانـی هـزری مەسـیحی لە دامەزراندنـی کتێبخانـە و پەیمانگـەو کۆلێژ لە پایتەخت و شـارەکاندا ڕۆڵـی بەرچاویان هەبوو.

---

**پەراوێز:**

**١. ڕێکەوتـی دامەزراندنی ئـەم چاپخانەیە لەم سەرچاوانەی لەژێر دەستم دابوون، نەهاتووە، ئەمەش دەگوترێت کـەوا تەنها کتێبێکی بەناوی (ئەلمەزامیر).. چاپکردووە.**

**٢.یەکـەم کتێبی عەرەبی کە بەچـاپ گەیەنرا، کتێبی (سەلات ئەلسەواعی)بوو، لە ساڵی ١٥١٤ لە شارۆچکەی (فاتو) لە ئیتالیادا چاپکراو (٢٤٠) لاپەڕەبوو.**

لەلایەنی دامەزراویشـەوە، مەسیحییەکان هەر لەسەرەتاوە، لە دامەزراندنی کۆمەڵەکان و یەکێتیـی و سـەندیکاکان و یانەکانـی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و زانستی و ئەدەبی بەشداربوون.

بـۆ نموونـە: لـە عێراقـدا مونتـەدای (**ئەلتەهزیب**) لە بەغدا لە ساڵی ١٩٣٢ هەروەها یانـەی (**ئەلقەلەم ئەلریـازی**) و یەکێتی لاوانی ئەدەبی و یانەی نیشـتمانی زانسـتی و یانەی (ئەلئەخا)یان دامەزراند.

سـەرەڕای ئەندامەتیان لە لیژنەو دەستەو دامەزراوە حکومییەکاندا.

لـە (**لوبنان**)یـش بوتـرس بوسـتانی کۆمەڵـگەی (**ئەلتەهزیب**)ی لە سـاڵی (١٨٤٩) لـە بەیـرووت دامەزرانـد، کە دواتـر بەناوی (**کۆمەڵەی ئەدەبیات و زانسـتەکان**) ناسـراو هەروەها (**بوسـتانی**) دامەزراوەی (**ئەلعومدە**)ی ئەدەبـی لەسـاڵی (١٨٦٠) و کۆمەڵـەی زانسـتی سوری لەسـاڵی (١٨٥٧)، دامەزراند کە گۆڤارێکی بەنـاوی (**مەجموعەت ئەلعلوم**) دەردەکـرد. هـەر لـە ئاوارەییشـدا، کۆمەڵەو یانـەی جۆراوجۆریـان بەپێـی جۆرەکانیـان (**بازرگانـی، ئابـووری، ئەدەبی، ڕۆشـنبیری، زانسـتی، خێر خوازی**) دامەزراند هەروەها لە چالاکییەکانیاندا بەردەوامبـوون، لەنێوانیاندا: (**کۆمەڵـەی خانمانـی سـوریا**)ی خێرخوازی لەنیویـۆرک کـە لەسـاڵی (١٩٠٧)، لـە سـەر دەسـتی (**مـاری باسـیلاو مونیـرە ڕاحیل و سەلیمە خۆری و جەلیلە شەماس**) لەدایک بوو، هەروەها کۆمەڵەی (**ئەلنەهـزە ئەلوبنانیە**)، لە ساڵی (١٩١١) لە نیویۆرک، کە دامەزرێنەرانی حەبیـب عیسـاو یەعقـوب ڕوفائیل و شـارل مەترو جان سـەعداو یوسف شریل و سەلوم مکـرزل بـوون و زمنحاڵی ئـەم کۆمەڵەیەش ڕۆژنامەی (**ئەلهودا**)بوو، سەرەڕای ئەمانەش نەجیب بەربوورو جورجی سـەدح و جورج ئەلمیـر، لەسـاڵی (١٩١٦) (**کۆمەڵـەی لاوانی بیرونیان**) یان دامەزراند و (**ڕابیتەی ئەلقەلەم**) یش لە سـاڵی (١٩٢٠) لـە نیویۆرک دامەزراو سەرۆکەکەشی (**جۆبران خەلیل جوبران**) بوو، ئەندامەکانیشـی عەبدولمەسـیح ئەلحـەداد و نودرە ئەلحەداد و ئیلیا ئەبو مازی و میخائیل نەعیمەو چەندان کەسـی دیکە بوون و یانەی (**ئەلکتێـاب**) لـە سـاڵی (١٩٢٤) لـە نیویۆرک دامـەزراو لەنێـوان ئەندامەکانـی (مـاری

**تەرابولسی)** - کەسانی دیکە بوون.
چەرخی رابوون سەردەمی رابوونی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری بوو، کە لە ئەنجامی پەیوەندی بە مەدەنیەتی ئەوروپاو شارستانیەتی رۆژئاوا، کاریگەریی بەسەر ژینگەو هەموو بوارەکانی ژیاندا هەبوو.
لەم روانگەیەشەوە توێژەری ئەم سەردەمە، کە لە رەوشی رۆشنبیری وڵاتانی عەرەبی و چالاکی ئەدەبی ئاگادار دەبێت، بۆی روونده‌بێته‌وه مەسیحییەکان بە قورساییەوە لە ریڕەوی ئەم رابوونەدا بەشداربوونە، کە لەم بوارەدا ناکرێت بەدوور و درێژی باسی لێوە بکرێت.

پرسیاری تایبەتمان ئەوەیە، ئایا ئەمرۆ مەسیحییەکانی وڵاتانی عەرەبی ئازادی و دەرفەتی گونجاویان پێدەدرێت، بۆ ئەوەی لە ریڕەوی بنیاتنانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی بەشداربن؟.
هەروەها، ئایا لێک تێگەیشتنێک لەسەر بنەمای دیالۆگی رۆشنبیری و ژیاری پرنسیپی بەشداربوون و لەنێو کۆمەڵگەکاندا هەیە؟..
کەی کرداره مرۆییەکانیان و بەرهەمە بەهادارەکانیان بەرز دەنرخێندرێن و مافی مرۆییان لە وڵاتەکانیان پێدەدرێت؟..
کەی روانینی رەگەزپەرستی و جیاکاری، گۆڕانکاری بەسەردادێت؟.

**سەرچاوەکان:**


**١- مئة عام من تأريخ الصحافة - لسان الحال- د.عبدالرحيم غالب.**
**٢- العرب في المهجر الامريكي- وجودهم - صحافتهم - جمعياتهم/ عامر ابراهيم القندلجي.**
**٣- دور السريان في العلوم العربية - محمد عبدالحميد الحمد.**
**٤- السريانية - العربية - الجذور والامتداد - سمير عبده.**
**٥- مجلة المؤرخ العربى/ العدد (٣٤) - ١٩٨٨.**
**٦- اسهام السريان فى الحضارة العربية - محمد عبدالحميد الحمد.**
**٧- المسيحيون السوريون قديما وحديثا - سمير عبده.**

# شیعرو ئەدەبیاتی تورکمانی هەوێنی بابەتە رۆژنامەوانییەکان بووە

**بەشی سێیەم**
**١-٢**



**ئیسماعیل عەلی**

**مێژووی شیعرو ئەدەبیاتی تورکمانی لە ئیراق:**

ناکرێت لێتوێژینەوە لە شیعری ئازادی تورکمانیدا بەجیا لە بزاڤی شیعری ئازادی لە ئەدەبی جیهانیدا، ئەنجام بدرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندی و کارتێکردنە شارستانییە هاوبەشەی لەنێو نەتەوەو میللەتاندا لەدێر زەمانەوە هەن، مێژووی کۆن و نوێش پێکەوە شایەتی لەسەر ئەم راستییە دەدەن.

هەمیسان لێکۆڵینەوەو لێتۆژینەوەکان لەبواری ئەدەبی بەراوردکاریدا زۆر لە خاڵە هاوبەش و لە یەکچووەکانی نێوان نووسینە سۆمەری و ئەغریقییەکانمان بۆ روون دەکەنەوە، هەروەها لەنێوان میتۆلۆژیای میللەتە جیاجیاکانی سەر زەوی، وێڕای پێوەندیی کارتێکردنی هاوبەش لەنێوان کارە ئەدەبییە تۆمارکراوەکانی ئەم میللەتانە. لێکۆڵینەوە ئەدەبییە نوێکانی ئەورووپا جودان و کۆک نین سەبارەت بە دیاریکردن و ساغکردنەوەی مێژووی پەیدابوونی شیعری ئازاد (**سەربەست**)، هەندێکیان مێژووی سەرهەڵدانی ئەو شیعرە (**بەمانا وردەکەی**) بەو کاتە دەستنیشان دەکەن کە شاعیری ئەمریکی (**واڵت واتمان**) ئەم شێوازەی بەکارهێناوە، ئەویش کاتێک ساڵی ١٨٥٥ کۆمەڵە شیعرەکەی بە ناونیشانی پەڕەی گیا) بەشێوە نووسینی پشتبەستوو بە ریتمی دێرەکان نەک بەکێش و سەرواکان، بڵاوکردنەوە.

هەندێک لە لێکۆڵینەوەکان وای بۆ دەچن کە شاعیرانی هێماگەری بەر لە هەموو کەس بانگهێشتیان بۆ ئازادکردنی شیعر لە کێشە تەقلیدییەکان کردەوە بۆ ئەوەی موزیک لەگەڵ شەپۆل و تەکانەکانی هەستدا تێیدا (**واتە لە شیعرەکەدا**) کۆک بن، بۆیە ئەو لێکۆڵەرەوانە شیعرێکیان خواست کە رەها و ئازاد بێت لە کۆتی کێش و سەروا، هەندێکیش

لـە لێکۆڵـەرەوەکان هەوڵـی ڕەگ ژۆکـردن (**تأصیـل**)ی ئەم بزاڤەو گەڕانەوەی ڕەگ و ریشـەکانی بۆ ئەدەبی یۆنانی کۆن دەدەن لەسـەر ئەو بناغەیە گوایە شـیعری ئازاد، جۆرێکە لە پەخشانی ریتم ئامێز، کە زیاتر لە شیعرەوە نزیکترە تا خودی پەخشـان، ئەرسـتۆ-ش یەکەمین کەس بووە ئـەو شـیعرەی دۆزیوەتەوەو بە لاتیـن و ئەغریقییەکانی گوتووەتەوەو فێری کردوون.



بەهەمانشـێوە راو بۆچوونـەکان دەربارەی شـیعری ئازاد لە ئەدەبی عەرەبیـدا زۆرو هەمەجـۆرن، هەندێکیـان ئامـاژە بـەوە دەکەن، شاعیرانی ئەم شەپۆلە پەیوەندیدارن بـەو دیـاردە نوێگەرییانـەوە کە شـیعری عەرەبی لە سـەردەمی عەباسییەکانەوە پێیاندا تێپەڕیوە بەگوتەی شاعیری عێراقی (**شاذل طاقة**) لەو بارەیەوە، لە پێشـەکیی سەرجەمی کۆمەڵە شـیعرە کۆکراوەکانیـدا: (**لەوەیە مافی هونەر بێـت بڵێم، ئەم جۆرە شـیعرە داهێنـراو نییـە، بەڵکو ڕەگ و ریشـەکانی بۆ شیعری ئەندەلوسی درێژ دەبنەوە**).

زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان کۆکن لەسـەر ئەوەی هەوڵەکانی (**علی احمد باکشـیر و احمد زکی أبو شـادی لە میسـر و ابو القاسم الشابی لە تونس و الزهاوی و شاعیرەکانی دیاردەی- البنـد- لەئێـراق**) یەکەمیـن تۆوی ئـەم بزاڤەیان لـە وڵاتانی عەرەبیدا خسـتەوەو یەکەمین تەکانی راستەقینەشـی سـاڵی ١٩٤٧ لەگەڵ تاقیکردنەوەکانی شاعیران (**بدر شاکر السیاب و نازک الملائکة**) و ئەوانی تر لە ئێراقدا دەستی پێکرد.

لە ئەدەبی تورکیشدا، لێکۆڵەرەوەکان وا دەبینن کە بیرۆکەی شەپۆلی شـیعری ئازاد لەو پرنسیپەوە هاتۆتەکایەوە کە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی دەربڕینەکانی بە سۆزو هەڵچوونی بەتین و خرۆش چنرابێت و پێکهێنرابێت، لە خانەی شیعردا لە قەڵەم دەدرێت، وەلێ ئەو لێکۆڵەرەوانە کۆک نین لەسەر دیاریکردنی مێـژووی بە دەرکەوتنـی ئەم بزووتنەوەیە لە شـیعرەکەیاندا (**مەبەست شیعری تورکییە**)، بڕێکیان ئەو مێژووە دەبەستنەوە بـە سـەرەتاکانی سـەدەی بیست یـان روونتر بڵێیـن، بۆ هەوڵەکانی شاعیر (**احمد هاشم بهاءالدین**)، هەندێکی تریشیان بەرهەمەکانی شاعیر (**جلال ساهر**) بەیەکەمین هەوڵەکانی ئەم بوارە لە قەڵەم دەدەن، بەڵام زۆربەیان کۆکن لەسـەر ئەوەی کە کامڵبوونی تاقیکردنەوەی شـیعری ئازاد پاش ساڵی ١٩٤١ و لەسەر دەستی شاعیران (**ئورخان ولی، ملیع جودت، ئوکتای**

**رەفعەت**) دا بووە کە پێکەوە کۆمەڵە شیعرە هاوبەشەکەیان بەناونیشانی (**غەریب**) بڵاوکردەوە، هەروەها دان بەوەدا دەنێن کە ئەم بزووتنەوەیە لە ئەدەبی فەرەنسییەوە پەڕیوەتەوە بۆ شیعری تورکی، ئەویش لەئاکامی وەرگێڕانی بەرهەمە شیعرییەکانی، مالارمیە، بۆ دلێر، رامبۆ و ئەوانی دیکە لە شاعیرانی ئەم بزاڤە لە شیعری نوێی ئەورووپیدا شیعری تورکمانیی نوێ، وەک تێکڕا شیعری گەلان و نەتەوەکانی دیکە بە دەرنەبووە لە ئاکام و کاریگەرییەکانی پەیوەندیکردن بە ئەدەبی نەتەوەکانی دراوسێوە، نەخاسمە ئەدەبی عەرەبی کە راستەوخۆ ئەدەبی تورکمانی پەیوەندی پێوە هەیە و بە هۆیەوە شاعیرە تورکمانەکانمان بەرهەمەکانی شیعری عەرەبی و بەهەمە وەرگێڕدراوەکانی شاعیرە ئەورووپییەکان دەخوێننەوە، جا سەیرنییە سەرهەڵدانی شیعری ئازادی تورکمانی هاوکات بووبێت لەگەڵ قۆناغی پاش گەشەکردنی ئەو شەپۆلە و فراوانبوونی بناغەکەی لە شیعری عەرەبی لە عێراقدا لەسەردەستی پێشەنگەکانی ئەو شیعرە، وەک (**بدر شاکر السیاب و نازک الملائکە و هتد..**)، جا هەر چەندە رایەک هەیە گوایە یەکەمین نموونەی شیعری ئازاد تورکمانی بە ناونیشانی (**باباگورگوڕ**) بووە (**سەرچاوەکە ناوی شاعیرەکەی نەبردووە)و لە ساڵی ١٩٣٨-١٩٣٩**)دا نووسراوەو پاشان ساڵی ١٩٥٩ لەژمارە (١٦)ی رۆژنامەی (**بشیر**)ی کەرکووکیدا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام یەکەمین هەوڵ لەو میانەدا ساڵی ١٩٥٤ بەشێوەی چامەیەک بە ناوونیشانی (**دڵەکەم**) لەلایەن شاعیر (**عنایت رفیق**) ەوە لە رۆژنامەی (**افاق**) لە کەرکووکدا بڵاوبوووتەوە، دەنگۆی ئەوەش هەیە گوایە شاعیری ناوبراو ئەو بەرهەمەی پێشتر بۆ غەزەتەی پێشکەوتن (**ایلەری**) ناردووە (**ساڵی ١٩٣٥**) وەلێ بۆیان بڵاونەکردۆتەوە.


ملیل الصحافة في كركوك عبر قرن
بشیر
هفته لق ادبیات غزته سی
رمضان ماعنیلری

دوا بەدوای هەوڵی یەکەم، ژمارەیەک پارچە شیعری ئازاد لەهەردوو رۆژنامەی (**افاق و بشیر**) و گۆڤاری (**الاخاء-برایەتی**) دا بڵاوبوونەتەوە، بەڵام گشت ئەمانە بەشێوەیەکی ورد و متمانە پێکراو سەرەتای سەرهەڵدانی شیعری ئازادی تورکمانی دیاری ناکەن، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ قورسیی بەدواداچوونی بەرهەمەکانی لەمجۆرە کە لەوەیە لە رۆژنامە تورکمانییەکانی سەدەی بیستدا بەدی

بکرێن.

شایەنی باسە، چەند هەوڵێکی بڵاونەکراوە (**بەگوتەی خاوەنەکانیان**) هەبوون کە بەماوەیەک پێش مێژووی هەوڵی یەکەم (**ساڵی ١٩٥٤**) کەوتوون لەوانە، هەوڵێکی شاعیر (**عبداللطیف بندر اوغلو**) ساڵی ١٩٥٠ لەمیانەی چامەکەیدا (بەئەسپایی)، هەروەها هەوڵێکی شاعیر (**عبدالخالق بیاتلی**) بە چامەکەی (**سۆزێک بۆ کەرکووک**) ساڵی ١٩٥٣.

مامۆستای لێکۆڵەرەوە (**عەتا تەرزی باشی**)ش دوو بۆچوونی لەم میانەدا هەیە، لە یەکەمیانداهەوڵی گەیشتنە بنج و بنەمای ئەم شەپۆلە دەدات وەک ئەو هەوڵانەی لێکۆڵەرەوە عەرەب و ئەوروپاییەکان لەم بوارەدا ئەنجامیان داوە، باشی لە گوتارەکەیدا (**پەخشانە شیعر**) دەڵێت: شیعری ئازاد بەگوێرەی زانیاریمان جۆرێکە لە شیعرە هەرە بەراییەکان و پرۆفیسۆری تورکی (**رحمتی ارات**) لە گۆڤارێکی تورکیدا دەقێکی شیعریی بڵاوکردۆتەوە کە لەیەکێک لە چاڵە ئاسەوارییەکاندا (**بە کورفانە ناسراون**)، دۆزیوییەتەوە، دەقەکە ناوونیشانی (**گانغ تنکری، واتە خوداوەند گانغ**)ی هەڵگرتووە، کە خوداوەندێکی تورکی دێرین بووە، هەمیسان باشی وای بۆ دەچێت کە داستانی (**دەدە قورقوت**)ی تورکمانی کە لە کۆتایی سەدەی چواردەی زایینی نووسراوە، بڕگەگەلێکی شیعری دەگرێتە خۆ کە لە بونیاتدا لە شیعری ئازادی ئێستا دەچن.

مامۆستا (**ترزی باشی**) لە بۆچوونەکەی دیکەیدا هەوڵ دەدات بەدووی سەرەتایەکی نزیک بۆ شیعری ئازادی تورکمانیدا بگەڕێت و بیدۆزێتەوە، لەو بارەوە گوتوویەتی: شیعری ئازاد لای خۆمان بۆ یەکەم جار بەر لە بیست و شەش ساڵ دەستی پێکرد، کاتێک گەنجێک لە شاری کەرکووک بەناوی (**احمد سوکار**) لەم جۆرە شیعرەی بە ئاواز دەگووتەوە، ئەمەش نموونەیەکی وەرگێڕدراوە لەو شیعرە:

**ڕێگەکان قیرتاو کراون**
**ئاسمان هەور دایپۆشیوە،**
**تۆیش ئەی دڵدارەکەم،**
**لەکەناری چمە سافو رازاوەکەدا**

بەهەرحاڵ، ترزی باشی ئەو کەسەی بە پێشەنگ و مزگێنی خشی یەکەمی شیعری ئازادی تورکمانی لە کەرکووکدا داناوە، مەبەستیشی لەو مێژووەی ئاماژەی بۆ کردووە، ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی رابردوو بووە (**دیارە ترزی باشی ئەم بۆچوونەی بەر لە چەندین ساڵ راگەیاندووە**).

لەلایەکی دیکەوە باشی لە کتێبەکەیدا (**کرکوک شاعرلری- شاعیرانی کەرکووک**) وای بۆ دەچێت کە بەرهەمە پەخشانەکانی شاعیری کلاسیکی تورکمانی عبدالله صافی (١٨٠٩-١٨٩٨) کە شێوازێکی هونەریی هاوشێوەی سەروا و کێش (**هەندێک جار**) هەڵدەگرنن بەپەخشانە شیعر دەژمێردرێن. ئەم بابەتە بە شێوەیەکی خێرا ئاماژەی بۆ کراوە، مەبەستیش لەو ئاماژە بۆ کردنە هیچ تۆمارکردنی مێژوویی بزاڤی شیعری ئازادی تورکمانی نییە، چونکە باشی لەمیانی باسکردنی شاعیری ناوبراودا، خۆی لەو بابەتە نادات. ئێمەش لای خۆمانەوە پشتگیریی ئەو هەوڵانە ناکەین کە لێکۆڵەرەوان بەمەبەستی گەیشتنە ئەو بنج و بنەوانەی لەم بابەتە داویانە، چونکە ئەو هەوڵانە لەلایەکەوە، ئەڵقەڕێزە بەندکراوەکانی پێشکەوتن ناگرنەخۆ، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو نموونانەی بەرهەمە شیعرییە دێرینەکانەوە کە رەخنەگران ئاماژەیان بۆ دەکەن، بەدەرن لەو خەسڵەت و تایبەتمەندییە هونەرییانەی کە شیعری ئازاد، چ لە رووی شێواز و چ لە رووی ناوەڕۆکەوە، پێیانەوە ناسراوە. بۆیە پێویستە ئەو قۆناغەی کە مەرجەکانی کامڵبوونی ئەم جۆرە شیعرەیان تێدا دێتە دی (ئەو مەرجانەی کە دەتوانن بەم جۆرە شیعرە نوێگەری و داهێنان ببەخشن)، بەسەرەدەمی مێژووی راستەقینەی پەیدابوونی شیعری ئازاد لە ئەدەبی هەر نەتەوەیەکدا حەساو بکرێت.

بەڕای ئێمە دیاریکردن و دەستنیشانکردنی زانستیانەی سەرەتای راستەقینەی بزاڤی

شیعری ئازادی تورکمانی ئەوەمان نیشان دەدات کە ئەو سەرەتایە دەکەوێتە نێوان کۆتایی پەنجاکان و کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردووەوە، لەو قۆناغە مێژووییەدا ئەم شەپۆلە شیعرییە پەیدابووەو بەدەرکەوتووە.

ئەوەبوو لەو سەردەمەدا، لەسەر لاپەڕەکانی غەزەتەی (بشیر)ی کەرکووکیدا کە ساڵی ١٩٥٨ دەرچووە وا ژمارەکانی گۆڤاری **(الاخاء- برایەتی)**ی مانگانەی تورکمانی کە لەیانەی تورکمانییەوە لە بەغدا لە ساڵی (١٩٦١)ەوە دەردەچێت، چەندین پارچە شیعر بڵاوبوونەتەوە کە رۆڵێکی گرنگیان لە پتەوکردنی بزاڤی شیعری ئازادی تورکمانی و بگرە لەپێشکەوتنی ئەدەبی تورکمانی نوێدا بەگشتی، بینیوە. هەرچەندە ئەو دەقە شیعرییانەی کە لەو ماوەیەدا بڵاوبوونەتەوە، زۆرنین و کەمن و ژمارەیان لە ٦٠ قەسیدە تێپەڕ ناکات، ئەمە وێڕای دوو کۆمەڵە شیعری دیکە کە ساڵی ١٩٦٩ دەرچوون، یەکەمیان بەرهەمی **(نسرین اربیل)**ە بەناونیشانی **(خەونی دەریا)** دووهەمیشیان بەرهەمی **(عبداللطیف بندر اوغلویە)** بەناوونیشانی **(گۆرانیی هەتاو)**، کەچی ئەو دەقانە گرنگییەکی ئەوتۆیان هەیە لە رووی بەشداربوونیان لە دامەزراندنی بزاڤی شیعری تورکمانی ئازاد لەلایەکی دیکەوە. بەهەمان شێوە ناوی شاعیرانی ئەم شەپۆلە نوێیەش زۆر نەبوون و لەو ماوەدا ناوی پێشەنگەکانی ئەم شیعرە درەوشاونەتەوەو بە دەرکەوتوون، نموونەی **(عبدالخالق بیاتلی، نسرین اربیل، عبداللطیف بندر اوغلو، صلاح بهاءالدین صالحی، عطا بازرگان، عزالدین عبدی، کنعان سعید، ارشد هرمزلی، نهاد اق قوینلو، قحطان هرمزلی، حسن عزت چارداغلی، ایدن کرکوکلی)**.

بەڵام بەرهەم و چالاکی گرووپی یەکەم لەو شاعیرانە، لەرووی قەبارەو جۆرەوە، فراوانترو کاریگەرتر بوون.

**هەواری سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم:**

لە شاعیرەکانی ئەو سەردەمە **(رەزا چۆلاق اوغلو، اکرم صابر کرکوکلی، محمد بەیات اوغلو، کەوسەر باغەوان اوغلو، غالب کفریلی، عبدالقادر دباغ اوغلو، صباح عبدالله کەرکوکلی، عاصی اسماعیل توزلو، صباح توزلو، فاروق کوپرلو، سیف الدین بیر ئاوچی، شوکت زەمان اوغلو، کەمال مستەفا داقوقلو، گولەر عبدالکریم، اسعد اربیل، حسام حەسرەت، شمس الدین تورکمن اوغلو، احسان اربیل، صباح قارە التون، صباح بهول علی، صلاح الدین بەیرەقدار، عدنان قصاب اوغلو، قادر دەروێش اوغلو)** و گەلێکی دیکەش.

ئەو نەوە زۆرەش لە شاعیران شوێن پێی نەوەی پێشوویان هەڵگرتووەو لەهەمان قوتابخانە ئیلهامیان وەرگرتووەو رێچکەی ئەوانیان بەرنەداوە لە ئەزموون و رامان و شێوازو دارشتن و تا رادەیەکیش ناوەڕۆک، لە ئەزموونی هەندێکیاندا دەرچوون لە لاسایی کردنەوەو دووپات کردنەوە بەدی دەکرێت، چۆن هەوڵیان داوە بە شێوەیەکی چڕ کەڵک لە **(هێما=رموز)** وەرگرن و لەزمانی مەجازیی نزیک بینەوە لە هەڵبەستەکانیاندا، هەروەکو زۆربەشیان کێشی عەرووزی عەرەبیان بەکارهێناوە.

لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی تورکمانی بەشێوەیەکی تێکڕایی و بەتایبەتی شیعری تورکمانی بەشێوەیەکی تایبەت ئەوە دەخوازێ کە بگەڕێیتەوە سەر سەرچاوە بنەڕەتی و سەرکییەکانی، لەماوەی دە سەدەی رابوردوودا، وێڕای ئەوەی کە پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی وردی کۆمەڵگەی تورکمانی بکرێت، لەرووی رۆشنبیری، کۆمەلایەتی، سیاسی، بۆ دەستنیشان کردنی ئەو تەوژمە ئەدەبییە کاریگەرانەی کە هەبوونەو کاریگەری خۆیان بۆ ئەمرۆ بەجێ هێشتووە، بۆیە لەو لێکۆڵینەوەیدا دەپرژێینە سەر:

یەکەم: پێشکەوتنی رۆشنبیری کۆمەڵگای تورکمانی.

دووەم: مێژووی ئەدەبی تورکمانی.

سێیەم: پێشکەوتنی شیعری تورکمانی لەماوەی سەدەی بیستەمدا.

**پێشکەوتنی رۆشنبیری کۆمەڵگای تورکمانی:**

ئەگەر سەرچاوە چینییەکان لەسەر ئەوەدا کۆک بن کە خێڵە تورکمانەکان دەستیان بەسەر (پەکین)ی پایتەختی ئەواندا گرتبێت و ناوەکەیان بە (خان بالغ) گۆڕیبێت لەسەدەی سێیەمی پێش لەدایک بووندا، ئەوە لە دەرەنجامی یەکبوونی ئەو خێڵە تورکمانانەدا بوون. دواتر چینییەکان توانیان دووبەرەکایەتی بخەنە نێوان سەرەک خێڵەکان و شەڕو شۆڕ و ناکۆکی کەوتە نێوانیان، ئەمە وای کرد تا سەردەمانێکی زۆر لەژێر دەسەڵاتی چینییەکاندا بمێننەوە.

ئەو خێڵانە شارستانیەتی پێشکەوتووی وەک چینییەکان و فارس و عەرەبەکانیان نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێت کە هەندێ دابونەریتی کۆنی لادێیانەیان پیادە دەکرد، بەڵام ئەدەبێکیان هەبوو کە لەگەڵ ژیانی ئەواندا دەگونجا، شاعیرەکانیان کە بە (ئوزان) ناوزەد کرابوون، بێجگە لە شیعر هونینەوە، کاری پزیشکی و سیحربازییان دەکرد، لە ئاهەنگ و بۆنە ئاینییەکاندا چەندین ئامێری مۆسیقایان دەژەند، بەڵام ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری تورکمانەکان، پێش ئیسلام، ژیانێکی سەرەتایی و دەرەبەگی بوو، بەڵام چینە کۆمەڵایەتییەکان لەپای خێڵەکانیان لە (سەرۆک) خێڵ و تاکەکان و کۆیلەکان پێک هاتبوو.

لەبەرئەوەش کەشو هەوای ئاسیای ناوەڕاست کە نیشتمانی تورکمانەکانە- بۆ کشتوکاڵ دەستی نەدەدا، بۆیە خێڵەکان خەریکی مەڕو ماڵات بەخێوکردن بوون، لەشوێنێکەوە دەیانگوازتەوە شوێنێکی دیکەو هەمیشە بەدوای ئاوو لەوەڕدا دەگەڕان.

> **لەبەرئەوەش کەشو هەوای ئاسیای ناوەڕاست کە نیشتمانی تورکمانەکانە- بۆ کشتوکاڵ دەستی نەدەدا، بۆیە خێڵەکان خەریکی مەڕو ماڵات بەخێوکردن بوون، لەشوێنێکەوە دەیانگوازتەوە شوێنێکی دیکەو هەمیشە بەدوای ئاوو لەوەڕدا دەگەڕان**

لێکۆڵینەوە نوێیەکانیش کە لەسەر نووسینە تورکمانییە کۆنەکان ئەنجام دراون لە ئاسیای ناوەڕاستدا هیچ وشەو نیشانەیەکی کشتوکاڵی لە نووسینە ئورخونیەکاندا نەهاتووە، چونکە ئەوان لەهەموو خێڵەکانی تر زێتر بەختیان هەبووە لە رۆشنبیریداو خەتێکی ناسراویان هەبووە بۆ نووسین کە بەخەتی ئەبجەدی سامی ناسراو بوو، لەسەدەی پێنجەمی لەدایک بوون پێیان گەیشتبوو، ئەو جۆرە نووسینە لە ١٤ پیت پێکهاتبوو، لەوکاتەدا شوێنی خەتی ئورخونی گرتەوەو بۆ کاری نووسین بەکار دەهات، ئەو خەتە ئورخونیەش لە ٢٨ پیت پێکهاتبوو، لەسەرەوەدا بۆ خوارەوە دەنووسرا، لەلای راستیشەوە دەستی پێ دەکرد.

بێجگە لەخەتی ئویغۆری و ئورخویی تورکمانەکان ئەبجەدی دیکەیان لە نووسینەکانیاندا بەکارهێناوە، لەوانەش هەوڵی مەسیحیەکان بۆ دۆزینەوەی ئەبجەدییەتی نوێ بۆ خۆیان، کە لە ئەبجەدی یۆنانی پێکهاتبوو بەتایبەت دوای ئەوەی ئینجیل کرا بە تورکمانی.

هەندێ خڵێی دیکەی تورکمانی ئەبجەدی سلافی و

عبرانی و چەند جۆرێکی دیکەیان بەکار دەهێنا.
ئـەو تورکمانانــەی کە لەســەدەی چوارەم و پێنجەم و شەشــەمی لەدایک بووندا چەنـد ئیماراتێکی بچووکیان لەباکووری چین دروست کردبوو، ئەو قەسیدە شیعریانەیان دەنووسـی کە بە (**قەسیدە گۆرانییەکان**) ناوزەد کرابوون، ئەو قەسـیدانە ئەو شـیعرانە بوون کە شاعیرانی (**ئویون**) یـان (**قـام**) و (**باقشـی**) و (**ئـۆزان**) لەبۆنـە ئایینییەکانـدا دەیانخوێنـدەوە، ئـەو شـاعیرانە خۆیـان بەپەیوەندیـکار دەزانی لەنێوان خواوەند و مرۆڤ و کارەکانی خۆیشیان لە خواوەنـدەوەو وەردەگرت و پڕۆپاگەندەی ئەوەیان دەکرد کـە مرۆڤ لەشــەڕی جـن و دێـوەکان دوور دەکەونەوە بەرێگە جادوگەرییەکانی خۆیانەوە.
لەسەدەی شەشــی لەدایکبوونیشـدا دەقی نووسراوی ڕۆشـنبیری تورکمانــی لەســەردەمی دەوڵەتــی تورکمانە ئەزاریقــەکان بەنــاوی (**کوک تــورک**) لە باکــووری چین دەرکەوتووە، کە تێیدا شــەڕو شــۆڕو کەلەپووری خۆیان گواســتۆتەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەو تۆماریان دەکرد، چونکە ئەوان تا ئەو کاتەش لە ژیانی ڕەوەندایەتی نەکەوتبــوون و شــتێکیان لەکشــتوکاڵیش نەدەزانی، تەنیا لەســەدەی دەی لەدایـک بــوون نەبێت، کـە بۆیەکەمجار (**دەنکە شامی**)یان چاند، چونکە لەکاتی بووک گواستنەوەدا ئەو دەنکە شامیانە ڕۆحی شەڕانی لەسەر سەری بووکەکە دەردەکات و ڕۆحی خێرخوازی ماڵی زاوای بەسەر سەردا دەبــارێ، ئەمــەش ئــەوە دەگەیەنێت کە ســەقامگیربوونی تورکمانەکان و گوندو شـار دروسـت کـردن لای ئەوان لەســەدەکانی دەیــەم و یانزەیەمی لەدایک بوون دەسـتی پێکـردووە، ئـەو ســەردەمە، هــەر ئـەو ســەدەمەبوو کە تورکمانەکان تێیدا چوونە ناو ئایینی ئیسلامی.
دیسان هەر تورکمانەکان هیچ جۆرە پیشەسازییەکانییان نەدەزانی تەنیا پیشەســازی لبادو مافوورو چنینی دەستی نەبێت، بەڵام لەرووی بازرگانییەوە، بازرگانییەکی چاکیان لەگــەڵ دەرو دراوســێکانییان هەبــوو، بەتایبەت بازرگانی مەڕو ماڵات، سیســتەمی ئەو کاتەی وڵات پشتی بەیەکێتی ریزەکانــی خێڵــە تورکمانــەکان دەبەســت، (**خاقــان**) یان (**کاغان**) یاخود (**خان**) سەرووەری ئەو خێڵانە بوون، پاشان میرەکان.
وێڕای ئەو ژیانە سەرەتایی و ڕەوەندییە ناسەقامگیرەی هەیانبوو،تورکمانەکان فێری سیستەمی (**موڵکایەتی زەوی و زار**) بوون، چونکە ئەوان لە شــەڕو شۆڕەکانی خۆیاندا ئەو زەوی و زارانەیان بەدەست دەکەوت، زۆر لەو زەوی و زارانە دەدرانە سەرکردە لەشکرییەکان بۆ دەست بەسەر

> **دیســـــان هــەر تورکمانەکان هیچ جۆرە پیشە سا ز ییە کا نییا ن نەدەزانی تەنیا پیشەسازی لبـادو مـافـوورو چنینی دەسـتـی نـەبـێت، بەڵام لــەرووی بازرگانییەوە، بـازرگـانـیـیـەکـی چاکیان لەگەڵ دەرو دراوسێکانییان هەبوو، بەتایبەتبازرگانی مـەڕو مـاڵات، سیستەمی ئـەو کـاتـەی وڵات پشتی بەیەکێتی ریزەکانی خێڵە تورکمانەکان دەبەست**

هەواڵنامەی کتێب

داگرتنی، دواتر ئەو سەروسامانە دەدرایە نەوەکانی دوای خۆیان.

ئەم سیستەمە دواتر گواسترایەوە بۆ مەگۆل و سەلجووقییەکان و عوسمانییەکان، تەنیا ئەوەندە نەبێت، پرنسیپی کۆمەڵایەتی لەلای عوسمانییەکان پشتی بەسوڵتان دەبەست، پاشان زاناکان، ئەگەرچی زەوی و زارەکان لەسەردەمی عوسمانییەکان موڵکی دەوڵەت بوون، بەڵام چینە کۆمەڵایەتییەکان لە لوتکەدابوون، ئەوان خاوەنی راستەقینەی ئەو زەوی و زارانە بوون، بۆیە لەگەڵ سوڵتان-دا چینی هەرە باڵاچوون و تاکەکانی دیکەی گەل چینی هەژارو رەش و رووت بوون.

لەسەدەی یازدەی لەدایکبووندا، کاتێ تورکمانەکان هاتنە ناو ئایینی ئیسلام، هەموو ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییان مۆرکو سیمای ئەو ئایینەی بەخۆیەوە گرت.

**مێژووی ئەدەبی تورکمانی:**

ئاماژەمان بەوەدا کە مێژوونووسانی ئەدەبی تورکمانی ئەو ئەدەبەیان دابەشی سێ بەشی سەرەکی کردووە، بۆیە کەمێکی تر دەربارەی ئەدەبی تورکمانی پێش هاتنی ئیسلام و دوای هاتنی ئیسلام دەدوێین:

١- مێژووی ئەدەبی تورکمانی پێش هاتنی ئیسلام:

تورکمانەکان پێش هاتنی ئیسلام تەنیا کێش-یان بەکارهێناوە لە شیعرەکانیاندا، کە پشت بەحیسابی پەنجە دەبەستێت، ئەو شیعرانە لەشێوەی چوارینە بوون بەقافیە دەهۆندرانەوە، لەوانەش ئەو چوارینانەی کە بە (**ساغو**) ناوەزەد دەکرا، بەشی هەرە سەرەکی ئەو جۆرە شیعرانە بوونە.

هەر دیسان تورکمانەکان داستانی نەتەوەیی خۆیان هەبووە، ئەو داستانانەش دابەشی سێ بەشی سەرەکی بوونە:

أ- داستانی هینکنو.

ب- داستانی توک هینکنو.

ج- داستانی ئویگور.

داستانی (**ئیویگور**) گرنگترین ئەو داستانانە بووە، تەنها چەند بەشێکی گەیشتووەتە دەست، کە پێی دەگوترێت (**ئوگوزنامە**) و باس لە شەرو شۆرو سوارچاکی یەکێ لە سوڵتانە تورکمانەکان دەکات بەناوی (**ئوغوزخان**).

هەروەها کتێبی (**دەدە قورقوت**) کە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی دۆزرایەوە و بەشێکە لە کۆنە داستانێکی تورکمانی.

ئەگەر لەسەر ئەمانەش ئەو نووسینە (**ئورخونیە**) یانەشی بخەینە سەر کە لەسەدەی هەشتەمی لەدایکبوون بەخەتی ئورخونی نووسراون، ئەوە رەنگە وێنەیەکی روونمان لەئەدەبی تورکمانی پێش هاتنی ئیسلام بێتە بەرچاوی.

بەڵام زمانی تورکی، زمانی چەندین خێڵ بووە کە بەچەندین شێوەزار قسەیان کردووەو جیاوازییەکی زۆریان هەبووە لە زماندا، بەڵام شێوەزاری دوو خێڵی تورکمانی لەو کاتەدا زۆر باو بووە لەوانە (**کوگ بۆرک**) و (**ئالاویغور**).

رەنگە کۆنترین شوێنەوارێکی فیکری تورکمانەکان کتێبی (**یاسا نامە بزرک- یاسای گەورە**) بێت، کە کاتی خۆی جەنگیزخان- فەرمانی نووسینەوەی دابوو بەخەتی (**ئالاویغۆری**)، ئەو کتێبە چەندین جۆری داب و نەریت و ئەحکامی ئەوسا دەگرێتە خۆی، جەنگیزخانیش هات هەندێ بنەمای دیکەی بۆ زیدەکرد تا ببێتە دەستوورێک و مەغۆلییەکان پشتی پێ ببەستن.

دەقەکانی (**ئەلیاسا**) لای مەگۆلەکان زۆر بەرێز بوو، تا ئەو ئاستەی کە بەشتێکی پیرۆزیان دەزانی، یان وەک کتێبێکی پیرۆز وابوو لای ئەوان، کەس نەیدەتوانی سەرپێچی لێ بکات هەتا سوڵتان خۆشی.

ئەگەرچی ئەو کتێبە لەسەدەی دوانزەیەم نووسراوە، بەڵام بە بەرهەمێکی تورکمانەکانی پێش هاتنی ئیسلام دادەنرێت، چونکە هەموو ئەو داب و نەریتە تورکمانیانە دەگرێتە خۆی کە پێش هاتنی ئیسلام هەبوونە، یەکەم شوێنەوارێکی ئەدەبیش دوای نووسینەکانی ئورخونیە (**قوتادغو بیلیک**)ە (**زانستی ئاسوودەیی**) کە یوسف خاس حاجب بەلاساغونی، لەسەدەی یانزەیەم بەخەتی

ئاویغوری لەسەدەی پانزەهەم نووسیبووی، لەبەر نەبوونی هەندێ پیتی تورکی، هەندێ پیتی عەرەبی تێدا بەکارهێنرابوو، لەم قەسیدەیەدا گەلێک سیماو مۆرکی ئیسلامی بەروونی دەبینین.

مێژووی ئەدەبی تورکمانی دوای هاتنی ئیسلام:

کاتێ تورکمانەکان هاتنە ناو ئایینی ئیسلام، ڕۆژهەڵاتناس و پێشەنگەکانی شارستانی عەرەبی شێوەزارێکی (**کوک تورک**)یان بەشێوەزاری (**ڕۆژئاوایی**) ناوبردو شێوەزاری (**ئالاویغور**)یشیان بە (**شێوەزارێکی ڕۆژهەڵاتی**) ناوزەد کرد، دواتر ئەمە ئەو ناوانە بەناوی دیکە گۆڕان.

شێوەزاری ئورغوزی- کەوتە ژێر کاریگەری هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی، وای لێهات نەرمترو ساناتر بێت، بۆ وەرگرتنی شارستانییەتی ئیسلامی باشتر بێت، ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی سەلجوقی و دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش وای کرد ئەو شێوەزارەش دابەشی دوو بەش بێت (**عوسمانی**) و (**ئازەری**).

کۆنترین نووسینێک بەشێوەزاری ئالاوغوزیە—میعراجنامەو بەختیارنامەو یادکردنەوەی ئەولیاکانە لەوانە (**قوتادغو بیلیک**) لە سەدەی یانزەیەمدا.

ئەگەرچی زمانی فارسی زمانی ئەدەبی باڵاو نووسینی ڕەسمی بوو لەسەردەمی مەگۆلی و سەلجوقی و سەرەتای دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، بەڵام نەبووە هۆی لێپۆشینی زمانی عەرەبی، کە هەمیشە زمانی زانست بووە لەو سەردەمەدا، چونکە هەموو کتێبە یاسایی و پزیشکی و زمانەوانییەکان لەوەکاتەدا بەزمانی عەرەبی بوون، وەک گوتمان ئەدەبی تورکمانی دوای ئیسلام دابەشی دوو تەوژمی سەرەکی دەبێت:

یەکەم: تەوژمی ئەدەبی میللی: ئەو ئەدەبەیە کە لەنێوەندی میللی نەشوونومای کردووە، بەکێشی (**هیجا**)ی تورکی و بەشێوەی سەروای چوارینە، بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە تا ئێستا شتێکی ئەوتۆ دەربارەی شوێنی سەرهەڵدان و مێژووی ئەم ئەدەبە ڕوون نەبۆتەوە، بەڵام بیروڕا زێتر بۆ ئەوە دەچێت کە پێش (**کێش**) بەماوەیەکی زۆر داهاتبێت، یان وا مەزندە دەکرێت کە لەسەردەمی کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا پەیدا بووبێت، چونکە زۆربەیان وێنەی ئەو خۆشەویستی و پاڵەوانیانەو سوارچاکییانە دەگێڕنەوە کە لەو سەردەمەدا هەبوون تەوژمی ئەدەبیش دابەشی سێ بەش دەبێت:

**-١ ئەدەبی میللی دانەری نادیار:**

ئەو ئەدەبەیە کە شوێن و مێژووی سەرهەڵدانی لە مێژووی ئەدەبی گەلاندا دیار نییە، بۆیە بە کەلەپوورێکی گشتی گەل دادەندرێت، لەو ئەدەبانەش: حیکایەتی میللی، ئەفسانە، پەندی میللی، گۆرانی فۆلکلۆری و چەند جۆرێکی دیکە.

**-٢ ئەدەبی میللی دانەری دیار:**

ڕەنگێکە لە ڕەنگەکانی چیرۆکی میللی درێژ، لەشێوەی داستان، کە دەکەوێتە نێوانی پەخشان و شیعر، ئەو ئەدەبە لەلایەن شاعیرە ناسراوەکانی ئەدەبی میللی تورکی داندراون و بە (**عاشق**) ناوزەد کراون، بۆیە بەو ئەدەبەش دەڵێن (**ئەدەبی عاشقان**) (**عاشق ئەدەبیاتی**) ئەو ئەدەبە باس لە پاڵەوانیەتی و سوارچاکی و خۆشەویستی دەدوێت، کاتی خۆی ئەدەبییەکە بە ئامێری مۆسیقای وەک (**ساز**) دەگوترایەوە، بۆیە هەندێ جار پێی گوتراوە (**شاعیرساز**) ئەم ئەدەبە لە سەدەی چواردەیەم سەری هەڵداوە، لەسەدەی پانزەیەم و شانزەیەمیشدا کەوتۆتە ژێر کاریگەری شارستانی ئیسلامی و ڕۆشنبیری عەرەبی، بۆیە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، بۆیە زۆر وشەی عەرەبی و فارسی تێکەوتووە، ناودارترین نموونەی ئەو ئەدەبەش (**یوسف و زلیخا**)ی فەقی سولی و (**وەرقەو گولشا**)ی یوسف و (**لەیلەو مەجنون**)ی فزولی بەغدادی و چەند شاعیرێکی دیکەی وەک (**ئیسماعیل سەفەوی**) و (**کورئوغلو**) و (**عاشق غەریب**) و زۆرانی دیکە.

**-٣ ئەدەبی تەکییەکان:**

کاتێ لەسەدەی یانزەیەم و دوانزەیەمدا لەژێر کاریگەری شارستانیەتی ئیسلامی

**(ئەدەبی دیوان)** سەری هەڵدا، گەلی تورکمان بەگشتی لەو بزاڤە نوێیە دوورکەوتنەوە، چونکە تایبەت بوو بە چینە ئۆرستۆکراتییەکان، لەوانەی کە پلەو پایەی بەرزیان لەدەوڵەتدا هەبوو، ئەدەبێکی تایبەت بوو بەخۆیان، ئەویش هەر ئەدەبێک بوو کەوتبووە ژێر کاریگەری ئیسلام، نێوەندی ئەدەبی دیوان و ئەدەبی شامانی کۆن بوو، ئەو ئەدەبە میللییەیان بە **(ئەدەبی تەکییەکان)** ناوزەد کرد، چونکە ئەدەبێک بوو لە گۆشەو کەناری تەکییەکاندا نەشوونوومای کردو پێشکەوت، ناوەڕۆکێکی ئایینی هەڵدەگرت و ستایشی پێغەمبەر و ئالی بەیت و ماتەمینی حوسێنی شەهیدو زۆر بابەتی دیکەی ئایینی دەگرتە خۆی، **(دوانی حیکمە)** ی **(ئەحمەد یەسەوی)** کە لە ساڵی (١١٦٦)ماڵئاوایی لە دنیادا کردووە، نموونەیەکی ئەدەبی تەکییەکانە، کە تێیدا شاعیر سکالاکانی خۆی لەدنیا دەکات و چەند وێنەیەکی بەهەشت و دۆزەخ نمایش دەکات و چەند ستایشێکی پێغەمبەر دەکات و چەند نموونەیەکیش لەموعجیزەو ئامۆژگارییە ئایینی و ڕەوشتییەکان دەهێنێتەوە.


آفاق

ئەم قەسیدانە بەشێوە زاری خاقانی و بەکێشی **(هیجا)** ی تورکی و بەچوارینەو زمانێکی میللیانەی تەڕ دەهۆنێتەوە، ئەم شاعیرە بەدامەزرێنەری یەکەم ڕێگە بەرەو سۆفیگەری لای تورکمانەکان دادەندرێت و قەسیدەکانی بەزمانی میللەت هۆنیوەتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت بەئاسانترین ڕێگە ئەو ڕێبازەی خۆی بگەیەنێتە خەڵکی، بۆیە ئەو شاعیرە بە دامەزرێنەری ئەدەبی سۆفیگەری لە ئەدەبی تورکیدا دادەندرێت، دوای ئەویش زۆر شاعیری دیکە لە گۆڕەپانەکەدا دەرکەوتن، بەتایبەت ئەوانەی مەولودی پێغەمبەریان نووسیووەتەوە لەچەشنی **(سلێمان چەلەبی)** و چەند شاعیرێکی دیکەی وەک سروری، خەیالی، بەخشی، ئاوگۆزو زۆرانی دیکە، کە چەندین بەرهەمی ئەدەبی ئایینی بەپێزیان نووسیوە، وەکو (ژیانی پێغەمبەران، میعراج نامە، شەهید بوونی حوسێن) و زۆری دیکەیش.

**تەوژمی ئەدەبی دیوان:**

زمانی عەرەبی لەسەدەی دەیەمی لەدایکبووندا کاریگەری

خۆی لەسەر ئەدەبی تورکمانی بەجێ هێشت، کاتێ لەملاو لەولا هەندێ تەفسیری وەرگێڕدراو لە قورئانی پیرۆز بەزمانی تورکی، لەلایەن چەند نووسەرێکی نادیارەوە سەریان هەڵدا، کۆنترین ئەو تەفسیرانەش (**تەفسیری قورئان**) بوو، کە مێژوونووسی خوالێخۆشبوو (**زەکی وەلیدی کۆغان**) لە ئاسیای ناوەڕاستدا دەستی کەوتبوو، ئێستاکە ئەو تەفسیرە لە کتێبخانەی (**لینینگراد**) پارێزراوە.

ئەم وەرگێڕانانە نرخ و بەهایەکی مێژوویی گەورەیان هەیە، چونکە چەندین وشەی عەرەبی و زاراوەی قورئانی پیرۆزیان تێدایە، وێڕای ڕێزمانی عەرەبی- کە ئەویش هەر لەو سەردەمەدا هاتە نێو زمانی تورکی.

بەڵام یەکەم شوێنەوارێکی ئەدەبی تورکی سەربەخۆ کە لەژێر کاریگەری ڕۆشنبیریی عەرەبی ئیسلامییەوە دەرکەوتبێت، کتێبی (**قوتادغو بیلیک**) بوو کە لەشاری (**کاشغەر**) لە ئاسیا ناوەڕاستدا دوای رووخانی دەوڵەتی (**ئاویگۆریە**)سەری هەڵداوە، (**یوسف خاس حاجب بلاساگونی**) ساڵی (١٠٧٠) لەو شارەدا، قەسیدەیەکی فێرکردنی بۆ سوڵتان (**بگراخان حەسەن**-ی کوڕی **سلیمان ئەرسەلان**) نووسیوەو تێیدا ویستوویەتی حیکمەتی ژیان بۆ میرەکان بەدەربخات، بۆیە ناوی ناوە (**قوتادغو بیلیک**) یا ن (**زانستی ئاسوودەیی**) یوسف- ئەم قەسیدەیەی لەسەر بیروباوەڕە فەلسەفییەکانی ئیبن سینا- هۆنیوەتەوەو لەسەر کێشی شیعری عەرەبی- دایڕشتووە، هەر لەو سەردەمەدا تورکمانەکان ئەبجەدی عەرەبیان لە نوسینەکانیاندا بەشێوەیەکی سەربەخۆ، یاخود لەگەڵ خەتی (**ئاویگۆری**) بەکارهێناوە.




بەڵام یەکەم کاری ئەدەبی تورکی کە بە ئەبجەدی عەرەبی نووسرابێت دیوانی (**هیبە الحقائق**)ی شاعیری تورکی (**ئەدیب ئەحمەد-ی کوڕی محەمەد یۆگیناکی**) بووە، کە بریتیە لە قەسیدەیەکی شیعری دووروودرێژ و شاعیر پێشکەشی (**میر سپاهسالار**)ی حاکمی ولایەتی (**سەمەرقەند**)ی کردووە، ئەمەشیان هەر قەسیدەیەکی فێرکارییە، ئەم قەسیدەیە بەکێشی عەرەبی و لەشێوەی چوارینەی شیعریدا نووسراوە. ئەگەر دیوانی شیعری (**حیکمەت**)ی شاعیری تورکی (**ئەحمەد یەسوی**) شیان بخەینە سەر ئەوە وێنەیەکی تێرو تەسەلمان دەربارەی

ئەو شیعرە تورکمانیانەدا بۆ دەرخستنی کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری شارستانیەتی ئیسلامی، بەمەش کەشوهەوای لەدایک بوونی ئەدەبی دیوان لەسەدەی سێزدەمدا نەشوو نومای کردو سەری هەڵدا.

**ئەدەبی دیوان چی دەگەیەنێ؟**

ئەدەبی دیوان ئەو تەوژمە ئەدەبییەیە کە لەژێر کاریگەری شارستانیەتی ئیسلامیدا- دوای قەبوڵکردنی ئایینی ئیسلام لەلایەن تورکمانەکانەوە سەری هەڵداوە، کە تاوەکو سەردەمی خۆرێکخستنەکان بەردەوام بووە، بەتایبەت لەبواری شیعردا، ئەوەبوو شاعیران کەوتنە خۆ بۆ کۆکردنەوەی شیعرەکانیان لە (**دیوان**)ێکی سەربەخۆدا، لەگەڵ بەکارهێنانی هەندێ وشەی عەرەبی و فارسی و رێزمانی عەرەبی، لەبەر ئەوەش ئەم تەوژمە رێچکەیەکی ئۆروستوکراتی گرتە بەر، ناویان نا (**ئەدەبی کۆشکەکان**).

ئەم تەوژمە ئەدەبییە لەسەدەی سێزدەم سەری هەڵداو پێشکەوت، لەسەدەی پازدەم و شازدەم لەسەر دەستی شاعیرانی وەکو نەسیمی بەغدادی، فزولی بەغدادی، باقی، نەفغی، نائیلی، یەحیا، نابی، نەدیم و شێخ غالیب و زۆرانی دیکە پێگەیشتن. شاعیرانی دیوان بەپلەی یەکەم پشت بە یەکێتی بەیت دەبەستن نەک یەکێتی قەسیدە، لەرووی دارشتنی شیعر، ئەم تەوژمە ئەدەبییە لە شیعردا دابەشی دوو بەشی سەرەکی بووە:

**١- ئەدەبی دیوان-ی ئایینی:**

ئەو شیعرە ئایینیانە دەگرێتەوە کە بە لێکچواندنێکی ساکارو روون دەستی پێکرد، پاشان ئەم لێک چوونە بوو بە جۆرێک لە خوازە (**مەجاز**) کە رەگوریشەکەی لە فیکری ئیسلامی و رێبازەکانی سۆفیگەری و فەلسەفەی رۆژهەڵاتی دروست بووبێت، شیعری سۆفیگەری باشترین نموونەی ئەم ئەدەبەیە.

**٢- ئەدەبی دیوان-ی دنیایی:**

ئەو تەوژمە شیعریەیە کە لەلایەن شاعیر (**دهانی**) لەکۆشکی خولەفایەکان دەستی پێکرد، کە پشت بە رێگاکانی شیعرە چنینەوەی فارسی دەبەستێت.

ئەم جۆرە شیعرە لەمەڕ رابواردن و شەراب خواردنەوەو راوچییەتی و ستایشکردنی سوڵتانەکان دەدوا، شیعرە (**بەهاریە**)کان لەدەوری ستایشی سوڵتانەکان و وەسفی بەهار دەخولایەوە، شیعری (**شکاریە**)ش باس لە ستایش و وەسف کردنی راوو میرو پاشاکان دەکات.

ئەگەر ئەوکات زمانی عەرەبی زمانی زانست و فارسیش زمانی ئەدەب بووبێت، لەسەردەمی حوکمڕانی قەراخانی و سەلاجیقەکانەوە هەتا سەدەی سێزدەم، ئەوە رووچوونی ئیمپراتۆریەتی سەلجوقی لەسەدەی چواردەم بۆ ئیماراتی بچووک، بووە هۆی دابەزینی ئاستی رۆشنبیری بەگشتی.

کاتێکیش پرسەکە گەیشتە عوسمانییەکان- ئەوانەی کە دوورەپەرێز بوون لە رۆشنبیریی عەرەبی و فارسی، ئەوە زمانی تورکمانی جێگەو شوێنی خۆی لە کۆشکی میرەکاندا کردەوە، ئەوەبوو زمانی تورکمانی جێگەو شوێنی خۆی لە کۆشکی میرەکاندا کردەوە، بۆیە زمانی تورکمانی بوو بەزمانی رەسمی دەوڵەت، ئەمەش هۆکارێکی بنەڕەتی بوو بۆ پێشکەوتنی زمان و دەرکەوتنی کۆمەڵێ بەرهەمی شیعری و پەخشانی. هەروەها بوو بەهۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێ شاعیر لەو سەردەمەدا، لەسەردەمی هەمووشیانەوە گولشەهری و عاشق پاشا (١٢٧٢-١٣٣٣)ن، هەروەها ئەحمەدی و نەسیمی بەغدادی، کە دەستێکی باڵای هەبوو لە پێشخستنی ئەدەبی دیوان و شیعری سۆفیگەری تورکمانی.

لەسەردەمی سوڵتان محەمەدی دووەمیش (١٤٥١-١٤٨١)م ئاسۆی شیعری تورکی زۆر فرەوان بوو شێوەزاری تورکمانی رۆژهەڵاتیش یان (**خاقانی**) بوو بەشێوەزاری (**جەغتانی**) کە زۆر شاعیری لێ هەڵکەوت، لەچەشنی سکاکی- لەسەردەمی سوڵتان (**ئۆلوغ بیک**).

هەر لەو دەمەدا سەربووردەی ژیانی (**محەمەد بایرشاه**)ی (١٤٨٢-١٥٣٠)

دامەزرێنەری دەوڵەتی مەگۆل لە هیند، بەناوی (**بابرنامە**) بەزمانی تورکی لە کتێبێکدا داڕێژرا، وێڕای ئەوەی کە زۆربەی شاعیرە عوسمانییەکان لەسەدەی شازدەمدا بەزمانی تورکی شیعریان دەنووسی، کەچی هەندێ لەوان بەتورکی و فارسی و عەرەبیش شیعریان دەنووسی، لە چەشنی فچولی بەغدادی (٨٨٨ه-٩٦٣ه). کە ئەمڕۆ بەمیری شاعیرانی کلاسیکی تورکمانی دەژمێردرێت.. چونکە ئەو نوێکارو داهێنەرو شیعر بووەو زۆر بە راستگۆیی و تێڕوانینێکی تیرو تەسەل دەیڕوانییە مرۆڤ و جیهان. زۆر بوێرانەش رەخنەی لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی گرتووە.

هەر لەو سەردەمەدا شیعری ئایینی پەرەی سەند، شا ئیسماعیل سەفەوی (١٤٨٦-١٥٢٤) دیارترین شاعیری نێو شاعیرانی ئەو رەوتە ئایینییە بووە، کە دواتر ئەو بوو بە رابەری شاعیرانی سۆفیگەر.

هەروەها شێوازی چیرۆکی میللی- لە قالبی شیعری بڵاوبۆوە، کە بەزمانێکی سادەو ساکاری تورکمانی لەژیانی پێغەمبەر (د.خ) و حوسێنی شەهید دەدوان.

لەسەدەی حەڤدەیەمیشدا شێوازی شیعری تورکمانی، مۆرکێکی سۆفیگەری رۆمانتیکیانەی پێوە دەرکەوت، زۆر لە شاعیران لاسایی جەلالەدینی رۆمی و عەبدولرەحمان جامی و نیزامی گەنجەوی-یان کردەوە، پێشڕەوی ئەو قوتابخانە شیعرییە، شاعیری ناوداری تورکمانی (**باقی**) بوو کە لەساڵی ١٦٠٠م ماڵئاوایی لەدنیادا کردووە. ئەو شاعیرە توانی خەسڵەتی سێ شاعیری گەورە- لەوانەی لەسەدەی شانزدەم- پێش سەردەمی خۆی کۆ بکاتەوە، رەوتی شیعری تەسەوفی لە (**خەیالی**) شاعیر وەرگرت، زمان پاراوی لە (**یەحیا بەگ**)ی شاعیرو هەمەڕەنگی سەرنج راکێشیش لە (**زاتی**) شاعیر و بۆیە ئەو لەو جۆرە شیعرەدا بوو بە تاکە شۆڕەسوارێکی ئەو جۆرە شیعرە نوێیەی شیعری تورکمانی لەو سەردەمەدا.

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زۆر پەرەی سەند، بەڵام دواتر لەسەدەی هەژدەم بەهۆی شۆڕشە ناوخۆییەکان و جەنگە دەرەکییەکان بەرەو لاواز بوون چوو، لەدواییەکانی سەدەی هەژدەمیش ئەو ئیمپراتۆرە مەزنە دووچاری وەستان هات و لە پەیگەی هێرش کردنەوە هاتە سەر بەرگری لەخۆکردن، لەپاڵ ئەو لاواز بوونە سیاسییەش ژیانی رۆشنبیریش بەرەو لاواز بوون چوو، چونکە سوڵتان و وەزیرەکانی ئەو سەردەمە هیچ بایەخێکی ئەوتۆیان بەئەدەب نەدەدا، تا ئەوکاتەش شیعری تورکی کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەدەبی کلاسیکی فارسی. لەگەڵ ئەوانەشدا هەندێ هەوڵ و تەقەڵلای تاک تاکە سەریان هەڵدا، ویستیان شێوازی میللیانەی تورکی بخەنە ناو ئەدەب، بەڵام ئەشکەنجەو ئازاری سەردەم و خراپەکارییەکانی بنەمای کۆمەڵایەتی، شاعیران زۆر بەتاڵی گوزارشتیان لێی دەکرد، کەم پارچە شیعر هەبوو تیرو توانج و رەخنە لەو بارودۆخە بەدکارە کۆمەڵایەتییە نەگرێ. شاعیری ناسراو (**عەبدولرەزاق نوری**) کە ساڵی ١١٧٥ ماڵئاوایی کردووە، لەسەردەمی ئەو شاعیرە رەخنەگرانە بووە، ئەم هەڵوێستەی وای لە سوڵتان کرد کە بۆ ولایەتی (**بورسە**) نەفی بکات، تا لەوێ گیانی سپارد.

هەروەها شیعری کۆمەڵایەتیش لەو سەردەمەدا چەکەرەی کرد، بەهۆی تێکچوونی بارودۆخ و خۆخەریک کردنی سوڵتانەکان بە هاوهەوەسی خۆیان و دابەشکردنی وڵات لەنێوان خزمو کەسوکارو لایەنگرانی خۆیان، شیعر هەندێ جار بەسکاڵاو ناڕەزایی و هەندێ جاریش بەهێرش کردنە سەر گەندەڵی و خواستی چاکسازی کۆمەڵایەتییەوە دەنووسرا.

تا لەسەدەی نۆزدەیەمدا چەند تەوژمێکی فیکری سەربەخۆ هەڵیانکردە سەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ئەورووپادا، چەندین شاکاری فیکری ئەدەبی جیهانی وەرگێردرانە سەر زمانی عوسمانی، وەک شاکارەکانی روسو، مونتیسکیو، گۆتە، لوک، هۆگۆ، تولستۆی و چەندانی دیکە.

لاوە عوسمانییەکان دەستیان بەبزووتنەوە کرد و چەند کۆمەڵێکی ئاشکراو نهێنییان دامەزراند، بۆ گەیاندنی ئەو بیروباوەڕە ئازادانەیە.

ئەوانەی لەژێر زەبروزەنگی سوڵتانەکان رایانکردبووە ئەوروپا لەگەڵ گەشانەوەی هەلومەرجی ئازادی دەگەڕانەوە وڵات و کۆمەڵێ بیروباوەڕی نوێیان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنایەوە بۆ بڵاوکردنەوەیان لە گۆڤارو رۆژنامە تورکمانییەکان، دیارترین شاعیرانی ئەو سەردەمە، (**ضیاء پاشا، عەبدولحەق حامد، نامیق کەمال**) بوون، کە لەنووسینەکانیاندا چەمکی وایان دەخستە روو کە پێشتر لە ئەدەبی تورکمانیدا نەبوو، بەمە نوێکارییەکیان خستە ناو چەندین بواری ئەدەبی و هونەری، هەروەها ویستیان ئەدەبی تورکمانی بەشاکارە کلاسیکییە جیهانییەکان موتوربە بکەن و چەند دەستەواژەو وشەی وەکو نیشتمان و گەل و ئازادی و سەربەخۆی بخەنە نێوەندی ژیانی فیکری و ئەدەبی تورکی، بەمانا راستەقینەکەی خۆیانەوە. هەروەها رۆشنبیرە تورکمانەکان هەوڵیاندا کە چاوپیاخشاندنێکی نوێ بە کەلتووری ئەدەبی کۆنی خۆیاندا بخشێننەوەو ئەوان وای بۆ دەچوون کە ئەو ئەدەبە ئەدەبێکی رەسەن نییە، چونکە لەژێر جەختی ئەدەب و چێژی فارسی نووسراون، بەمە شۆڕشێکی نوێیان لە دنیای ئەدەبی داهێناو لەو چوارچێوە تەسکەی ئەدەبی تاکەکەسی کۆن دەربچن و ئەدەب بەسیاسەت لەلایەک و بەگەڵ لەلایەکی دیکەوە ببەستنەوە.

ئەم چاکسازیەیان هەر تەنیا بواری ئەدەبی نەگرتەوە، بەڵکو زمانی تورکمانیشی گرتەوە، هەوڵیاندا خۆیان لە دروستکردنی فۆنەتیک لەشێوازدا بەدوورخەنەوە، کۆمەڵێ بنەمای نوێ بۆ زمانی تورکمانی داڕێژن، هەروەک فەرهەنگێکیشیان بۆ ئەو زمانە نوێیە دارشتەوە، داواشیان لە بەرپرسان کرد کە شێوازی کۆنی نووسین و دواندنی فەرمانگەکان بەشێوازێکی ئەدەبی نوێ بێت، بەچەشنێک کە لەگەڵ رۆحی سەردەمی نوێدا بگونجێت.

# لە بەڵگەنامەکانی ڕێکخراوی فیدراڵیی نێودەوڵەتی بۆ ڕۆژنامەنووسان (IFJ) کە خراوەتە بواری گفتوگۆکردنەوە

◢ وەرگێڕانی : هەندرێن شێرزاد

هەواڵنامەی کتێب

**پێشەکی**

(پێشنیازی ڕۆژنامەگەریی ئەخلاقی) هەڵمەت و پرۆسەیەکی کارکردن و نواندنی چالاکی جۆراوجۆرە، ئەو چالاکیانەی کە لەلایەن ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس و میدیاکارەوە پەرەیان پێ دراوە بەمەبەستی دووبارە نۆژەنکردنەوە و بونیادنانەوەی ئەو بەها و پەیامانەی کۆڵەگەی کاری ئەوانن. مەبەست لەدوای ئەم پێشنیازە، پشتگیریکردنە لە ئازادی ڕاگەیاندن و بەهێزکردنی ڕۆژنامەگەریی پرۆفیشناڵ و یەکخستنی هەوڵ و کۆششەکانە لە پێناوی پتەو کردنی سەربەخۆیی نووسین.ئەم پێشنیازە لەکاتێکدا خراوەتە ڕوو کە تیایدا ڕۆژنامەگەریی خۆی لەگەڵ کۆمەڵێک گۆڕانی ناوخۆیی بنەڕەتیدا دەگونجێنێت، قۆناغێک تیایدا ڕۆژنامەگەریی لە بواری کارکردندا ڕووبەڕووی چەندین بەربەست و کۆسپ دەبێتەوە، لە جیهانێکدا کە بەبەردەوامی لە گۆڕان و بەرفراوانبوون دایە و بە توندڕەویکردن لە ئاین و کلتوور و نەبوونی متمانە بە سیاسەتی تەقلیدی و بەرزبوونەوەی ئاستی نیگەرانی خەڵک سەبارەت بە ئایندەو پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەرودراوسێکانیدا وەسف دەکرێت.ساڵی ٢٠٠٥ پاش ئەوەی وێنە کارتۆنیەکان لە دانیمارک بڵاوکرانەوە و بوونە مایەی سەرهەڵدانی ناکۆکی، دەست کرا بە کارکردن لەسەر پێشخستن و خستنەڕووی پێشنیازی ڕۆژنامەگەریی ئەخلاقی، بەتایبەتیش دوای ئەوەی لە هەردوو ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ چەند کۆبوونەوەیەک بۆ ڕۆژنامەنووس و میدیا کارە پرۆفیشناڵەکانی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەندەنووسیا ڕێک خرا و لەلایەن هەردوو حکومەتی نەرویژ و ئەندەنووسیا و ژمارەیەک ڕێکخراوی نێودەوڵەتی وەک ئەنجومەنی ئەوروپی و کۆمیسیاری ئەوروپی و یونسکۆوە پێشوازیان لێ کرا.

مەبەست لە پێشنیازی ڕۆژنامەگەریی ئەخلاقی پشتگیریکردنە لە بەهاکانی دیموکراسی، لە ڕێگەی بانگەشەکردن بۆ بونیادنانی کۆمەڵێک تۆڕی گفتوگۆکردن دەربارەی زەرووڕەتی بوونی ڕۆژنامەگەریەکی

ئەخلاقی، هەروەها کارکردن لەپێناوی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بەو ڕۆڵە گرنگەی کە دەکرێت ڕۆژنامەگەریەکی زیندوو بیگێڕێت، ڕۆژنامەگەریەک کە پابەند بێت بە پێشکەشکردنی راپۆرت و هەواڵی گونجاو و دروست بەجۆرێک ببنە مایەی هێنانەدی لێک تێگەیشتنێکی دوولایەنە و دوورخستنەوەی ئەگەرەکانی دابەشبوون و ناکۆکی بونیادنراو لەسەر بوونی جیاوازی لە زمان یان کلتوور یان ڕەگەز یان بیروباوەڕی ئاینی.ساڵی ٢٠٠٨ ئەم پێشنیازە لە ئاسیا و ئەورووپا خرایە ڕوو و لە چوارچێوەی کاری ڕۆژنامەنووسی و زیاتر پتەوکردنی و دووبارە پابەندبوونەوە پێی، جەختی لەسەر چەند بنەمایەکی ئەخلاقی کردەوە، لەوانە:

- کارکردن لەپێناوی ڕێزگرتن لە راستیەکان.
- دەبێ سەربەخۆ و بێ لایەن بێت.
- کاربکەیت بەمەرجێک زەرەر بە هیچ لایەک نەگەیەنیت.
- دەبێ کراوە و شەفاف بێت و ئامادە بێت کە لەلایەن هەموانەوە دووچاری لێپرسینەوە بێت.
- لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا کار بکەیت.

پێشنیازی ڕۆژنامەگەریی ئەخلاقی جەخت لەسەر بانگەشەکردن بۆ هێنانەدی گفتوگۆیەکی ئیقلیمی و جیهانی لە ناو کەرتی راگەیاندندا دەکاتەوە، بەو پێیەی ئەمە لە هەر ستراتیژیەتێکی بونیادنانی ئاشتەوایی و گەشەسەندندا بنەما و توخمێکی گرنگ و پێویستە.یەکێک لە پەیامەکانی ئەم هەڵمەتە ئەوەیە کە نابێ خەڵکانی سیاسەتوان دەست لە کاروباری ڕۆژنامەگەریی وەربدەن، بەڵام حکومەتەکان بۆیان هەیە بەشداری لە هێنانەکایەی کەشوهەوایەکی وا بکەن کە ببێتە مایەی هاندانی ئازادی راگەیاندن، لە ڕێگەی هەڵگرتنی هەموو ئەو بەربەستانەی کە بەسەر ئازادیی ڕۆژنامەگەریدا سەپێنراون و توندوتۆڵکردنی پێگە و پایەی ئەوانەی کە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کار دەکەن، بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنیش، کاری سەرەکی ئەم پێشنیازە بریتیە لە دەستنیشانکردنی ڕەگ و ریشەی پەرتوبڵاوی و ناکۆکیەکان و ئەو سەرچاوانەی کە بوونەتە یان دەبنە مایەی سەرهەڵدانی ناکۆکی لەگەڵ ئاشکراکردنی ئەو زانیاریە نابەجێیانەی کە دەبنە فاکتەرێک بۆ بڵاوکردنەوەی لێک تێنەگەیشتن لە نێو سەرجەم گرووپەکانی کۆمەڵگادا.پێشنیازی ڕۆژنامەگەریی ئەخلاقی بەها و نرخی ئەو ژێرخان و پێکهاتانە بەرز دەنرخێنێ کە لەپێناوی گفتوگۆکردندا تەرخان کراون و کار بۆ تێکەڵبوونی میدیاکار و حکومەت و گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن. لەلایەکی دیکە، ئەم پێشنیازە بە شێوەیەکی تایبەت کار بۆ ئەوە دەکات کە ڕۆشنایی بخاتە سەر جیاکردنەوەی ڕۆژنامەگەری و ئەو کارە دروستانەی کە لە راگەیاندن بەئەنجام دەگەیەنرێن، هەروەها بایەخ بە کردەوە پراکتیکیەکان دەدات لە پێناوی باشترکردنی شێوازی کارکردنی راگەیاندن، ئەمەش لە ڕێگەی دابینکردنی بواری مەشق و راهێنانی گونجاوتر و گرتنەخۆی شارەزاییەکان و نواندنی کۆششی زیاتر لە ژوورەکانی نووسیندا.

**١. گرفت و بەربەستە هەنووکەییەکان:**

لەم ئان و ساتانەدا، ڕۆژنامەگەریی ڕووبەڕووی کاتێکی ناخۆش و بەربەستی گەورە دەبێتەوە، وێڕای زەحمەتی ڕووماڵکردنی هەواڵی شەڕوشۆڕ و ململانێ ناوخۆییەکان و تیرۆر و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و گەشەکردنی بواری ئابووری کە بەبەردەوامی ئاڵۆزیی زیاتر بەخۆیانەوە دەبینن،پەیامنێر و نووسەران بەرەوڕووی ئەرکێکی زەحمەت دەبنەوە ئەویش نووسینە دەربارەی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان کە دواتر بڵاوە دەکەن و هەموو جیهان دادەپۆشن. ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەبواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی جیهاندا ڕوودەدەن، کۆمەڵێک کاردانەوەو ئاسەواری نابەجێ بەسەر هەندێک گرووپی مرۆیی خاوەن کلتوور و ئاین و دابونەریتدا بەجێ

دێڵن، لە بەرامبەریشدا ئەوان هەوڵ دەدەن خۆیان لەسەر پێکەوە ژیان ڕابێنن، لە هەمان کاتدا تێکەڵبوونی خەڵک و ڕەگەز و ئاینەکان لە سەرتاسەری جیهاندا دەبێتە هۆی خولقاندنی بریسکێکی نوێ لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کلتووریدا کە سەرتاپای گۆی زەوی دەگرێتەوە، لەو ململانێ و کیشمەکێشمە کۆمەڵایەتیەشدا بینینی لایەنە تاریکەکان کارێکی زەحمەت نیە. لەماوەی ڕوودانی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیە قووڵەکاندا هەستی لێنەبوردنیش سەرهەڵدەدات و پەرەدەسەنێت، ڕەگەزپەرستی و دژایەتیکردنی خەڵکی بیانی بەشێوەیەکی مەترسیدار دێتە پێشەوە، جەماوەری ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەش ڕوو لە زیادبوون دەکات کە دژایەتی خەڵکی بیانی دەکەن، بۆ نموونە، لە زۆر وڵاتی ئەوروپا هێرشکردنە سەر ئەو کەمینانەی کە سپی پێست نین بووە بە شتێکی ئاسایی، ئەمەش بێگومان دەبێتە هۆی گەشەکردنی ئاستی توندڕەوی لە نێو ئەم گرووپانەدا،سەرەڕای ئەمە، لەکاتێکدا سیاسەتمەداران لە زۆربەی وڵاتانی دیموکراسیخوازدا سوورن لەسەر ئەوەی کە پابەندن بە ئازادیی ڕۆژنامەگەری، هاوکات لە سەرتاسەری جیهاندا ڕۆژنامەنووسان لەلایەن حکومەت و سیاسەتمەدارانەوە دووچاری فشارێکی زۆر دەبنەوە، تەنانەت لەنێو ئەوانەدا هەن بەبیانووی شەڕ لەدژی تیرۆر هەوڵی کپ کردنی ئازادی ڕۆژنامەگەری دەدەن. لەراستیدا شەڕی دژ بە تیرۆر بۆتە شێوازێکی سوودبەخشی کپکردن بۆ زۆر حکومەت و لایەن، بەتایبەتیش ئەوانەی بەدوای بیانوودا دەگەڕێن بۆ ئەوەی ئەو گرووپانە بنبڕ بکەن کە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا نین و هەمیشە بەوە تۆمەتباریان دەکەن کە بۆچوونی توند بڵاودەکەنەوە یان سەر بە گرووپ و ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانن. هاوکات لە زۆر وڵاتدا کەسانێکی ڕەگەزپەرست و توندڕەو لە ڕێگەی هێرشکردنە سەر پەیامنێران یان هەڕەشەی کوشتنەوە هەوڵی کپکردن و بێدەنگکردنی بۆچوون و دیدە میانڕەوەکان دەدەن، ئەم جۆرە توندوتیژیەش بەشێوەیەکی تایبەتی لە وڵاتانی گەشەکردوو و – وڵاتانی ئیسلامی – بەدی دەکرێت کە تیایاندا ململانێیەکی توند لەنێوان بنەماکانی تازەگەری و تەقلیدیدا لە ئارادایە. لە زۆر دەوڵەتی ئاسیا یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ململانێی ئەوانەی کە بەناوی ئیسلام قسەدەکەن – میانڕەو یان توندڕەوەکان – ڕۆژانە ڕوودەدەن و لە زۆر حاڵەتدا ڕووبەڕووبوونەوەکان دەگەنە شۆستە و شەقامەکان.ململانێی لەم جۆرە بوونەتە مایەی زیادکردنی ئەو نائارامیەی کە لە بنەڕەتدا بوونیان هەبووە، لە لایەکی دیکە ئەمە هەستێکی نوێی لێنەبوردنی خولقاندووە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە تیایاندا دیموکراسی کامڵ نەبووە. لەکاتێکیشدا هێزە ئابووریەکان ملیۆنەها کەس – لەوانەی بەدوای دەرفەتی کاردا دەگەڕێن – لە ڕێگەی سنوورەکانەوە دەنێرنە دەرەوە، ڕاستیە کۆمەڵایەتیەکان ئاماژە بە گەشەکردنی ژینگەیەک دەدەن کە بە گومان و نەبوونی دڵنیایی دەربارەی لێبوردەیی و فرە کلتووریی دەناسرێت.هیچ کاتێک وەک ئێستا کاری ڕاگەیاندن زەحمەت و مەترسیدار نەبووە، لێرەدا مەبەست ئەو ڕۆڵەیە کە ڕاگەیاندن دەیبینێت (**دەربڕینی بیروڕای کۆمەڵگا و بەخشینی زانیاری متمانەدار بەو کۆمەڵگایانەی کە لە تێکەڵەیەکی زمانەوانی و ئاینی و کلتووری پێکدێن و تەبەننای بۆچوونێکی مێژوویی جیاواز دەکەن**). لەم چەند ساڵەی دواییدا ڕووداوەکانی کوشتنی میدیاکار و ڕۆژنامەنووسان زیادیان کردووە، هەندێکیان لە لایەن توندڕەوانی ئاینی و سیاسیەوە کراونەتە ئامانج. بەڵام سەرەڕای ئەمە هێشتا هیوایەک بەدی دەکرێت، لە ڕابردوودا چەند حکومەتێک هەرگیز گوێیان نەدەدا بە پشتگیریکردنی مافی کەمینەکان بەڵام ئێستا گۆڕاون و تارادەیەک بایەخ بەم مەسەلەیە دەدەن، هەمان ئەم شتە سەبارەت بە دژایەتی جیاوازیکردن لەسەر بنەمای چوارچێوە و حوکمە پێشوەختەکان لە ئارادایە، لەوەش گرنگتر،ئەو گرووپ و کەمینانەی پێشتر بێدەنگیان دەنواند ئێستا خەریکە متمانە بەخۆیان دەکەن و لەو گۆشەگیریە دەردەچن

که بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەسەر خۆیاندا سەپاندبوو و روو دەکەنە گرتنە ئەستۆی ئەو بەرپرسیاریەتیانەی کە لەنێو کۆمەڵگادا هەیانە. لە هەندێک شوێنی دیکە کە چەند دەوڵەتێکی ئیسلامیش دەگرنە خۆ، گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لە رابردوودا بێدەنگ بوون، ئێستا بە متمانەیەکی تەواو دەنگیان بەرز دەکەنەوە و راشکاوانە داوای چاکسازی و گەیشتن بە فێرکردن و مافی کەمینە و ئافرەتان دەکەن. لە بەرامبەریشدا زۆر حکومەت و لایەنی بەرپرسی جیهان لەژێر ئەم فشارەدا وردەوردە خەریکە سیستمە سیاسیەکان والا دەکەن و کار بۆ تەبەنناکردنی بنەماکانی دیموکراسی دەکەن و دان بە مافە شەرعیەکانی ئافرەت و کەمینەکاندا دەنێن.

**۲. وەڵامی راگەیاندن:**

چەندین رۆژنامەو کەناڵی پەخشکردن و شێوازی دیکەی دامودەزگاکانی راگەیاندن نەیانتوانی بگەنە ئاستی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو تەحەدیەدا کە خۆی لە روونکردنەوەو وەسفکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی جیهاندا دەبینێتەوە،لەجیاتی نواندنی هەوڵ و ماندووبوونی زیاتر لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و بنبڕکردنی نەفامی و نەخوێندەواری، زۆربەیان کەوتنە گەرمکردنی ئاگری رەگەزپەرستی و لێنەبوردن.ئەگەرچیش زۆر پەیامنێر هەن بەروەڕووی چوارچێوەداری و حوکمی پێشوەختە و دەسەڵاتی کەناڵەکانی پەخشکردن دەوەستن بە تایبەتی ئەوانەی کە لە دامودەزگاکانی پەخشی گشتی کاردەکەن و لە بەرنامەکانیاندا جەخت لەسەر پرسی کەمینەکان دەکەنەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە بوونی رووماڵێک دەکرێت کە مایەی نیگەرانیە، ئەم رووماڵکردنە لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵی کەمینەکاندا هاوشێوەی حاڵەتەکانی داتەپینی مێشک وایە، ئەمەش کارێکی نابەجێیەو دەکەوێتە ئەستۆی میدیا، بەو پێیەی بۆچوونێکی ساکار و یەکلایەنە سەبارەت بە لایەنی بەرامبەر دەخاتە ڕوو. لەوانەیە لە ژینگەیەکی پڕ لە ململانێی بەردەوامدا راپۆرتە وروژێنەرو هەستیارەکان ببنە مایەی زیادکردنی ئاستی فرۆشتنی رۆژنامە بەڵام ئەم جۆرە راپۆرتانە دەبنە فاکتەرێک بۆ زیادکردنی ترس و دڵەڕاوکێ لەنێوان گرووپەکانی مرۆڤایەتیدا. ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر گۆڕەپانی راگەیاندندا هاتن بوونە مایەی دابەزینی ئاستی ئەو سەرمایەگوزاریەی کە بە مەبەستی پاراستنی شێوازو جۆری کاری نووسین خراوەتە گەڕ، هەروەها لە زۆر دەڤەری جیهاندا ئەمە وایکردووە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و دەرفەتی کارکردن روو لە کزی بکەن، ئەمە هەمووی وایکرد لادانێکی ئەخلاقی لە رۆژنامەگەریدا بێتە کایەوە و پابەندبوونیش بە بەها ئەخلاقیە تەقلیدیەکانی ناو کارکردن روو لەکزی بکات.

کاتێک ئەجێندای راگەیاندن بکەوێتە ژێر هەژموون و دەسەڵاتی ژمارەیەک بابەت و نووسینی لاواز و ناوردبین و کرچوکاڵ، هەرکاتێکیش بایەخی زۆر بەوانە بدرێت کە وتاری پڕ لە رق و کینە و رەگەزپەرستی بڵاودەکەنەوە، بێگومان دەرەنجام بریتی دەبێت لە وروژاندنی هەستی رەگەزپەرستی و بڵاوکردنەوەی لێنەبوردن.لە ئەورووپاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیادا کۆمەڵێک ململانێی هەرێمی لە نێوان ئەو گرووپانەدا کە لە رووی زمان یان ئاینەوە جیاوازن لەگەڵ پێکهاتە ئەتنیکیەکانی دەوڵەت لە ئارادان. ئەم ململانێیانە دەبنە هۆی دابینکردنی بڕێکی گەورەی بابەتی میدیایی کە زیاتر دیمەنی توندوتیژیان بەسەردا زاڵە، جگە لەوە، ئەو راپۆرتانەی کە زادەی بارودۆخێکی لەم جۆرەن بیرۆکەیەکی وا دەخەنە ڕوو وەک بڵێی ئەوەی روودەدات رووبەڕووبوونەوەیەکی نالۆژیکیانەی بێ مانایەو هیچی تر. کەواتە پێویستی بوونی میدیایەک کە کار بۆ پێشکەشکردنی رووماڵێکی هاوسەنگ و مانادار و هەمەلایەن بۆ هەموولایەک بکات

هیچ کاتێک وەک ئیمڕۆ زەحمەت و گرنگ نەبووە.

**٣. میدیای جیهانی و کێشە هەرێمیەکان:**

له سەردەمی میدیای جیهانیدا مەسەلەی دەربڕینی بیروڕای جۆراوجۆر وەک پرسیارێکی ورد و هەستیار دەمێنێتەوە، سەرەڕای ئەو دەرفەتانەش کە ئەنتەرنێت بۆ زیاتر تێکەڵبوونی خەڵک دەیڕەخسێنێت، بەڵام ئەجیندای میدیای جیهانی هێشتا لەژێر دەسەڵاتی ژمارەیەکی کەمی ئاژانسی دەنگوباس و کەناڵە ئاسمانیەکاندا ماوە. هەندێک لەو یاریزانە سەرەکیانە **(لەنێوانیاندا بی بی سی و سی ئێن ئێن و ئەلجەزیرە)** ئەوەیان لەبەرچاو گرتووە کە لە ڕێگەی تەبەننا کردنی لێک نزیکبوونەوە و دامەزراندنی کەناڵی پەیوەندیکردنی هەمیشەیی نێوان ژوورەکانی نووسین بتوانن وەڵامی ئەگەری هاتنەپێشەوەی تەنگژە ناچاوەڕوان کراوەکان بدەنەوە. ئەو پێشنیازانەی کە سەبارەت بە سازکردنی کۆبوونەوەی ساڵانە لە نێوان نوێنەرانی سەرجەم ئەو کەناڵە هەواڵئامێزە سەرەکیانە دەخرێنە ڕوو کە لە ژینگەی پڕ لە توندوتیژی و مەترسیداردا کاردەکەن، پێشنیازی سوودبەخش و گرنگن، ئەمە بۆ ئەو ئاژانسە نێودەوڵەتیانەش گرنگە کە زانیاریەکانیان بەسەر هەواڵی دەرەکی هەزاران کەناڵی هەرێمی و نیشتمانیدا زاڵە. دەکرێت ئەو تۆڕانە بەهێز تر بکرێن کە ئێستا لە کارکردن دان، چونکە دەتوانن کارئاسانی بۆ ئەو میدیاکار و ڕۆژنامەنووسانە بکەن کە لە ناوچەی جیاوازەو دێن بۆ ئەوەی سەبارەت بەو بەربەست و کێشە هاوبەشانە گفتوگۆ بکەن کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە. گرنگی کەناڵە هەواڵئامێزە هەرێمیەکان – وەک ئەو کەناڵانەی کە بەرنامەکانیان لە جیهانی عەرەب پەخش دەکەن یان کەناڵە سەرەکیە تازەکانی نیمچە کیشوەری هیند – لە جیهانی پەخشکردندا شتی تازە و گرنگن. کاریگەریی هەندێک کەناڵی هەواڵئامێزی وەک تەلەفزیۆنی جەزیرە و تەلەفزیۆنی جیۆ و تەلەفزیۆنی ئێن دی و توانای گەیشتنیان بە ملیۆنەها بینەر ئاماژەیەمە بۆ ئەو هێزە هەڵکشاوەی میدیای هەرێمی، ئەم یاریزانە نوێیانە دەتوانن ببن بە پردێک لە نێوان زۆر ناوچەی جۆراوجۆردا، هەروەها لەتوانایاندا هەیە جەخت لەسەر بابەت و مەسەلەی هاوبەشی وەک سەلامەتیی ڕۆژنامەنووسان لە ناوچەکانی ململانێدار بکەنەوە یان سەبارەت بە مەترسیەکان زانیاری ئاڵوگۆڕ بکەن.

**٤. دەبێ میدیای ئەلیکترۆنیش ئەخلاقی بێت:**

هەر گفتوگۆیەک سەبارەت بەو بەربەستانەی کە ڕووبەڕووی ڕاگەیاندن دەبنەوە ئەنجام بدرێت دەبێ پرسیارێک دەربارەی کاریگەری ڕەوتی تازەی ئەو بابەتانە بگرێتە خۆی کە پشت بە بەکارهێنانی ئەنتەرنێت و شێوازە تازەکانی پەیوەندیکردن دەبەستن، بۆ نموونە، ئەو ناوەڕۆکەی لە لایەن بەکارهێنەرەوە لەدایک دەبێت و بە یو جی سی ناو دەبرێت، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە مۆتەکەی ڕۆژنامەگەریی ئەخلاقی وەسف دەکرێت، وەک ئەوەی ئەمڕۆ ڕوودەدات،هەندێک لە زۆربەی وێنە و فیلمە بەهێزەکان – وەک مامەڵەکردن لەگەڵ تسۆنامی ٢٠٠٥ یان لەسێدارەدانی سەدام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٦ – لەجیاتی ئەوەی لەلایەن پەیامنێری پرۆفیشناڵەوە تۆمار بکرێن، لە لایەن کەسانێکی ئاساییەوە تۆمار کراون، ئەوان ئەگەرچی خۆیان و کامێرای مۆبایلەکانیان لە شوێنی ڕووداو بوون.

ئەنتەرنێت تەحەدیەکی ترە، لەوانەیە زۆربەی ئەو ماڵپەڕانەی کە لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت هەن بریتی بن لە ماڵپەڕی کۆمەڵایەتی یان تایبەت بن بە گەشتوگوزار و سەفەرکردن یان سێکس، لەگەڵ چەندین ماڵپەڕی دیکەی جۆراوجۆری کڕین و فرۆشتن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەر لەم تۆڕەدا چەندین وتاری تایبەت بە هاندانی ڕق و کینە و لێنەبوردن و بانگەشەکردن بۆ شەڕو شۆڕ بەدی دەکرێن، جگە لەوە کۆمەڵێک

ماڵپه‌ڕی نیمچه‌ ڕۆژنامه‌وانی ده‌كه‌ونه‌ به‌ر چاو كه‌ زانیاری نادروست بێ سه‌رچاوه‌ بڵاو ده‌كه‌نه‌وه‌ و به‌مه‌ش پاڵی پروپاگه‌نده‌ و ئه‌گه‌ره‌كان ده‌گرن. هه‌موو ئه‌م ماڵپه‌ڕانه‌ ژماره‌یه‌ك پرسیار دوروژێنن وه‌ك:

كێ به‌رپرسه‌ له‌ ناوه‌ڕۆك؟ كێ ئه‌و زه‌ره‌ره‌ ده‌گرێته‌ ئه‌ستۆ كه‌ له‌وانه‌یه‌ روویدات؟ ئایا پێوه‌رێكی ئه‌خلاقی هه‌یه‌ كه‌ به‌سه‌ر بابه‌ته‌كانی ئه‌نته‌رنێتدا پیاده‌ بكرێت؟ چۆن هاوسه‌نگی بكه‌ین له‌ نێوان پێویستی بوونی ئازادی راده‌ربڕین له‌سه‌ر ئه‌نته‌رنێت و ڕێزگرتن له‌ مرۆڤایه‌تی ؟ پێشنیازی ڕۆژنامه‌گه‌ریی ئه‌خلاقی پێویستی به‌ بانگه‌شه‌كردن بۆ گفتوگۆیه‌ك هه‌یه‌ كه‌ ده‌كرێت به‌مه‌به‌ستی ده‌رخستنی زه‌رووره‌تی پاراستنی جۆرو شێوازی بابه‌تی میدیایی به‌كار بهێنرێت، زۆربه‌ی سه‌رچاوه‌كانی هه‌واڵی خاوه‌ن میسداقیه‌ت له‌سه‌ر تۆڕی ئه‌نته‌رنێت موڵكی چه‌ند دامووده‌زگایه‌كی راگه‌یاندنی ته‌قلیدین و له‌لایه‌ن ڕۆژنامه‌نووسانه‌وه‌ به‌رهه‌م ده‌هێنرێن، هه‌ر ئه‌وانیش سه‌رپه‌رشتی سه‌رجه‌م ماڵپه‌ڕه‌ گرنگه‌كانی ناو تۆڕی ئه‌نته‌رنێت ده‌كه‌ن، هاوكات رۆڵی سه‌پێنه‌ر و به‌هه‌ند وه‌رگری به‌ها ئه‌خلاقیه‌كانی ناو تۆڕی ئه‌نته‌رنێت به‌سه‌ر كه‌شو هه‌وای كاركردنا ده‌بینن.

**٥. نه‌خێر بۆ میساقێكی شه‌ره‌فی ڕۆژنامه‌گه‌ریی نوێ، به‌ڵێ بۆ ڕۆژنامه‌گه‌ریه‌كی ئه‌خلاقی:**

ته‌نگژه‌ی لێنه‌بوردن ئاستی داواكاری داڕشتنی میساقێكی نوێی شه‌ره‌فی بۆ ڕۆژنامه‌نووسان زیاد كرد، به‌ڵام زۆر به‌ توندی ئه‌م داواكاریانه‌ ره‌ت كرانه‌وه‌.ڕۆژنامه‌نووسان له‌ ئه‌گه‌ری سه‌پاندنی كۆت و به‌ند به‌سه‌ر ئازادی راده‌ربڕین ده‌ترسن – ئه‌وان له‌سه‌ر هه‌قن كاتێك ئه‌مه‌ ره‌ت ده‌كه‌نه‌وه‌ – له‌جیاتی ئه‌وه‌ سوورن له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ نابێت یاسا یان میساقی نوێ هه‌بێ، چونكه‌ دوور نیه‌ ئه‌مه‌ ببێته‌ هانده‌رێك بۆ ده‌ستێوه‌ردانی سیاسی له‌ بابه‌ت و كاروباره‌كانی راگه‌یاندن، كه‌واته‌ چۆن ده‌كرێت ئه‌و پێوه‌ر و ڕێنماییانه‌ چالاك و به‌هێز بكه‌ین كه‌ بوونیان هه‌یه‌ به‌جۆرێك ئه‌وه‌ له‌به‌ر چاو بگیرێت كه‌ له‌ جیهانێكی پڕ له‌ ململانێدا پێویستمان به‌ بوونی ڕۆژنامه‌گه‌ریه‌كی پیشه‌یی و شاره‌زا هه‌یه‌ ؟ نوسین سه‌باره‌ت به‌ كۆمه‌ڵگا ئاڵۆز و فره‌ڕه‌نگه‌كان پێویستی به‌وه‌ هه‌یه‌ كه‌ به‌ شێوه‌یه‌كی هه‌ستیار و ئاگادار مامه‌ڵه‌ له‌گه‌ڵ به‌رهه‌مه‌كانی راگه‌یاندندا بكرێت، ئه‌و بابه‌تانه‌ی هه‌وڵی مامه‌ڵه‌كردن له‌گه‌ڵ ئاڵۆزیی ململانێكان ده‌ده‌ن پێویستیان به‌ شاره‌زایی و كاركردن له‌ ناوه‌وه‌ی چوارچێوه‌كان هه‌یه‌، هه‌روه‌ها ده‌بێت به‌ شێوازێكی وردبینانه‌و هه‌مه‌لایه‌نه‌ بنووسرێن، له‌ سه‌رووی هه‌موو شتێكه‌وه‌ ده‌بێت تیایاندا خۆپارێزی له‌ وتاری هاندان بۆ رق و كینه‌ و دووركه‌وتنه‌وه‌ له‌ لاگرتنی لایه‌نێك له‌ لایه‌نه‌كان بكرێت.ڕۆژنامه‌گه‌ریی باش و گونجاو –بۆ نموونه‌ – پێویستی به‌وه‌ هه‌یه‌ رووبه‌ڕووی سیاسه‌تمه‌داران ببێته‌وه‌ كاتێك بانگه‌شه‌ بۆ لێنه‌بوردن و تۆقاندنی خه‌ڵكی بیانی و بۆچوونی ره‌گه‌زپه‌رستی ده‌كه‌ن. ده‌بێت هه‌موو ئه‌و ئه‌گه‌ره‌ نێگه‌تیڤه‌ به‌ربڵاوانه‌ی كه‌ ده‌رباره‌ی كۆچبه‌ران هه‌ن بپشكینرێن و چاویش به‌ سه‌رجه‌م لایه‌نه‌كانی چیرۆكه‌كه‌دا بخشێنرێت، بۆ نموونه‌: ده‌بێ پاشكۆی ئه‌و گێره‌شێوێنیه‌ روون بكرێته‌وه‌ كه‌ كه‌مینه‌یه‌كی دیاریكراو پێی هه‌ڵده‌ستێ – هه‌ستكردن به‌ سته‌م و به‌رزبوونه‌وه‌ی ژماره‌كانی بێكاری و بوونی سیاسه‌تی ره‌گه‌زپه‌رستانه‌ له‌ كارپێكردن كه‌ له‌لایه‌ن هه‌ندێك خاوه‌ن كاره‌وه‌ پیاده‌ ده‌كرێن.نابێت ئه‌وه‌ی كه‌سێك یان گرووپێكی توندڕه‌و دیكات بكرێته‌ هۆكارێك بۆ وه‌سفكردنی چه‌ند گرووپێكی مرۆیی به‌ شه‌ڕخواز. زۆر له‌و بنه‌مایانه‌ له‌ چوارچێوه‌ی جاڕنامه‌ی بنه‌ماكانی به‌ئه‌نجام گه‌یاندنی كاری ڕۆژنامه‌وانیدا هه‌بوون، ئه‌و جاڕنامه‌یه‌ی كه‌ له‌ كۆنگره‌ی جیهانیی یه‌كێتی نێوده‌وڵه‌تی بۆ ڕۆژنامه‌نووسان له‌ ساڵی ١٩٥٤ ته‌به‌ننا كرا.جاڕنامه‌ی ناوبراو به‌ ئاشكرا ئاماژه‌ به‌مه‌ی خواره‌وه‌ ده‌كات (**ده‌بێ ڕۆژنامه‌نووس ده‌رك به‌و مه‌ترسیه‌ بكات كه‌ له‌وانه‌یه‌ راگه‌یاندن بیخولقێنێت له‌كاتی**

**کارکردنیدا بۆ بڵاوکردنەوەی جیاخوازی و لێک دوورکەوتنەوە، بۆیە دەبێت هەموو هەوڵەکانی بخاتە گەڕ لە پێناوی خۆ دوور راگرتن لە پێشکەشکردنی ئاسانکاری بۆ ئەو جیاکاریەی کە لەسەر بنەمای رەگەز، ئاین، رای سیاسی یان هەر بۆچوونێکی دیکە، رەچەڵەکی نیشتمانی یان ئاینی یان هەر جۆرە جیاکاریەکی دیکە دێتە کایەوە).**

لەم کاتە ئاڵۆز و ترسناکانەی ئێستادا پێویستە زیاتر جەخت لەسەر ناوەڕۆکی ئەم بنەمایانە بکرێتەوە و هێزی زۆرتریان پێ ببەخشرێت. ئەگەرچیش زۆر لەو رۆژنامەنووسانەی کە ئەمڕۆ لە گۆرەپانی کاردان دەخوازن پارێزگاری لە سیما بەرزەکانی پیشەکەیان بکەن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دامودەزگا و کۆمپانیاکانی راگەیاندن لە ناوجەرگەی ململانێیەکی توندا لەسەر خوێنەر و بینەر، لەکاتێکیشدا کە ئەوان خەریکی خۆگونجاندنن لەگەڵ کۆمەڵێک گۆرانی شۆڕشگێڕی لە بازاڕی راگەیاندندا، هەوڵی کەمکردنەوەی دەرفەتی کار و بچووککردنەوەی قەبارەی سەرمایەگوزاری لە راهێنان و مەشق پێکردن دەدەن.

## ٦. دانانی چەند پێوەرێک بەمەبەستی پاراستنی جۆر و شەفافیەت:

ئەو رۆژنامەنووسانەی دەخوازن کارەکانیان بە باشترین شێوە رابپەڕێنن، پێویستیان بەوە هەیە لە یەک کاتدا مامەڵە لەگەڵ چەندین بابەت و پرسی ئاڵۆز بکەن لەنێوانیاندا :

- گفتوگۆکردن دەربارەی (**خۆڕێکخستنی زاتی**) بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەمە دەربڕی چەند حوکمێکی دروستی نووسینە نەوەک تەنیا پرۆسەیەکی سانسۆری زاتی.
- گەڕان بەدوای ئەو ڕێگایانەی دەبنە مایەی هاندانی رۆژنامەنووسان بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی شارەزایی زیاتر و خۆیان لەوە دوور بخەنەوە کە لەلایەن کەسانی توندڕەو یان سیاسەتوانە بێ باوەڕەکان بقۆزرێنەوە و بەکار بهێنرێن.
- مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی و بێ لایەنی و پیادەکردنی بنەما سەرەکیەکانی رۆژنامەگەریی ئەخلاقی لەکاتی رووماڵکردنی بابەتە هەستیارەکانی وەک : تاوان، کۆچکردن، پەیوەندی نێوان گرووپەکان، بیروباوەڕی ئاینی، تیرۆر.
- هەڵێنانی هەنگاوی پراکتیکی کە ببنە مایەی باشکردنی جۆری راگەیاندن و بنبڕکردنی بڕیارە پێشوەختەکان لەناو کەرتی راگەیاندندا، هەروەها هاندانی کەسانێک کە سەر بە کەمینە ئەتنیکیەکان بن بۆ ئەوەی لە ژوورەکانی نووسیندا کار بکەن.
- باسکردنی ئەم پرسە ئاڵۆزانە لەگەڵ گرووپەکانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی و شارەزایانی بواری سیاسەت بەبێ لەدەستدانی سەربەخۆیی نووسین. ئەوانەش کە خاوەنی دامودەزگاکانی راگەیاندنن، دەتوانن بەشداری لەم پرۆسەیەدا بکەن بەمەرجێک ئەوان کار بۆ ئەوە بکەن کە دامودەزگاکانی راگەیاندن کۆمەڵێک پێوەر دابنێن حوکمی کاری ئیداری ناوخۆ بکەن بۆ ئەوەی ببن بە سەرچاوەیەک بۆ شەفافیەت و لێپرسینەوە، ئەمەش چەند خاڵێک دەگرێتە خۆی:

– ئاشکراکردن و راگەیاندنی پەیامی دامودەزگا، ئەم پەیامە بە ئاشکرا رۆڵ و ئامانجەکانی راگەیاندن دادەمەزرێنێت.

– ئاشکراکردنی هەموو ئەو وردەکارییانەی پەیوەندیان بەموڵکداریتی دەزگای راگەیاندن و ئەو کۆمەکەوە هەبێت کە پێی دەبەخشرێت.

– ڕێککەوتن سەبارەت بە چەند یاسایەکی ناو راگەیاندن کە مامەڵە لەگەڵ تێکەڵبوونی بەرژەوەندیەکان و چالاکیە داراییەکاندا بکەن لەپێناوی ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی نووسین.

– ڕێزگرتن و پشتگیریکردن لە ئالیەتێکی ڕێکخستنی زاتی باوەڕپێکراو و خاوەن میسداقیەت.

– دامەزراندنی چەند پێکهاتەیەکی ناوخۆیی بۆ گفتوگۆی کۆمەڵایەتی.

– خولقاندنی چەند ئالیەتێکی کاریگەر لە پێناوی مامەڵەکردن لەگەڵ گلەیی و گازندەی خوێنەران و گوێگران و بینەراندا.

## پێشنیازی ڕۆژنامەگەریی ئەخلاقی بەرنامەی چالاکیەکان

**١. بەڕێوەبردنی پێشنیازی ڕۆژنامەگریی ئەخلاقی:**

ئەم پێشنیازە لەلایەن ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس و گرووپی پیشەیی ڕاگەیاندنەوە پشتگیری لێ دەکرێت و لە ڕێگەی کۆمکارێکیشەوە ئاراستە دەکرێت کە نوێنەری کۆمەڵێک ڕێکخراوی ڕاگەیاندنی پیشەیی نێودەوڵەتی و هەرێمی دەگرێتە خۆی.

**٢. وردبینیکردن و چاوخشاندنەوەیەک بە سیاسەتەکان نووسیندا، ڕێنمایی و مەشق و گرتنەخۆ:**

پێشنیازی ڕۆژنامەگەریی ئەخلاقی کار بۆ پشتگرتنی پرۆژەو چالاکی ڕووپێوی دەکات، مەبەستیش چاوخشاندنەوەیە بەو ڕێوشوێنانەی کە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی ڕۆژنامەنووسان لەسەر ئاستی نیشتمانیدا لە پێناوی مسۆگەرکردنی جۆر و شێوازی گونجاو بۆ ڕاگەیاندن و مامەڵەی دروست لە ڕووماڵکردنی هەواڵی کەمینەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرت سەبارەت بە ناوچە کێشەدارەکان دەیانگرنە بەر.بە پشت بەستن بە پێنج بنەما سەرەکیەکەی پێشنیازی ڕۆژنامەگەریی ئەخلاقی، پرۆژە ڕووپێویەکان کار بۆ شیکردنەوەی پێکهاتەکانی ناو دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکەن لە پێناوی زامنکردنی شەفافیەت و سەربەخۆیی نووسین وپتەوکردنی ڕێکخستنی زاتی و دڵنیابوون لە بوونی ئالیەتێکی کاریگەر کە لەتوانایدا هەبێت مامەڵە لەگەڵ گلەیی و گازندەی خوێنەر و بینەر و گوێگراندا بکات.

**٣. چەند کۆنگرەیەک بۆ خستنەڕووی پێشنیازی ڕۆژنامەگەریی ئەخلاقی:**

چاوەڕێ دەکرێت ئەم هەڵمەتە بە شێوەیەکی فەرمی لە میانەی چەند کۆنگرەیەکدا ڕابگەیەنرێت کە تیایاندا ژمارەیەک لە نوێنەرە سەرەکیەکانی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوەکانیان ئامادە دەبن جگە لە کۆمەڵێک لێکۆڵەرو شارەزا لە ئەوروپا و ئاسیا. مەبەست لەدوای سازکردنی ئەم کۆنگرانە هێنانی ڕێکخراوە میدیاییە میللیەکانە بۆ نێو ئەم پێشنیازە، هەروەها ڕێککەوتن لەسەر پرۆگرامێکی پراکتیکی کارکردن. بڕیارە کۆنگرەی خستنەڕووی پێشنیازی ڕۆژنامەگەریی ئەخلاقی لەماوەی ساڵی ئەوروپی بۆ گفتوگۆی نێوان کلتوورەکان لە ئەوروپا ساز بکرێت، جاڕدانی پێشنیازەکەش لەسەر ئاستی جیهان هاوکات دەبێت لەگەڵ کۆتایی قۆناغی یەکەمی گفتوگۆی جیهانیی دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن کە لەلایەن هەردوو حکومەتی ئەندەنووسیا و نەرویژەوە پشتگیریی لێ دەکرێت.

**٤. ڕێبەرێک بۆ ڕۆژنامەنووس و نووسەر و ئامادەکارانی بەرنامەکان:**

بڕیارە چاپکراوێک بەرهەم بهێنرێت تیشک بخاتە سەر گونجاوترین شێوازەکانی کارکردن و ژمارەیەک ڕێنمایی کردەییش بگرێتە خۆی کە هانی پشت بەستن بە ڕێوشوێن و بڕیاری گونجاوو دروست بدەن لە ژوورەکانی نووسیندا.ئەم ڕێبەرە بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ڕۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی پەخش و ڕێکخراوە چالاکەکانی بواری ڕاگەیاندن و مافی کەمینەکان بەرهەم دەهێنرێت، مەبەست لە بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێبەرە گەیاندنی ژمارەیەک ڕێنمایی پراکتیکیە بە میدیاکاران بۆ پاراستنی پێوەرە گونجاوەکانی نووسین نەوەک سەپاندنی یاسا دەربارەی چۆنیەتی ڕووماڵکردن. ئەم ڕێبەرە کار بۆ دابینکردنی چەند ئامۆژگاریەکی کردەیی دەکات دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هەڵوێست و بارودۆخانەی کە لەڕووی ئەخلاقیەوە نامۆن، لەو بارەشەوە ژمارەیەک نموونەی واقیعی لە سەرتاسەری جیهاندا سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردنی ڕۆژنامەنووس و

نووسەران لەکاتی ئامادەکردنی راپۆرتەکانیان دەربارەی ناسەقامگیری نێوان گرووپە مرۆییەکان یان گرفتە کۆمەڵایەتیەکان یاخود ناوچەکانی ململانێ دەخرێنە ڕوو، لەلایەکی دیکە ئەم ڕێبەرە هەڵدەستێ بە پێشکەشکردنی بڕێک ڕێنمایی جۆراوجۆر بەمەبەستی ئاسانکاریکردن لە دامەزراندنی کۆمەڵێک پێکهاتە کە لەناو دامودەزگاکانی راگەیاندندا کرانەوەو شەفافیەت بگرنە خۆ.

### ٥. تۆڕێکی زانیاریەکان:

لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانەی کە لە میانەی هاوبەشیەوە لەبەر دەست دان، چاوەڕێ دەکرێت دەست بە دروستکردنی ماڵپەڕێک بکرێ، ئەم ماڵپەڕە هەموو زانیاری پێویست سەبارەت بەو پێشنیازانە کۆدەکاتەوە کە بانگەشە بۆ باشکردنی جۆر و شێوازی رۆژنامەگەریی و گفتوگۆی نێوان کلتوورەکان دەکەن، هەروەها ناونیشانی چەندین ماڵپەڕی دیکە بۆ رۆژنامەنووسان دەخاتە بەرچاو کە سەرچاوەی زانیاریەکان دەگرنە خۆیان و وەک مینبەرێک وان بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لە نێوان رۆژنامەنووسان و میدیاکاران. ئەم ماڵپەڕە زیاتر جەخت لەسەر خستنەڕوو و دەرخستنی چەندین پێشنیازی کردەیی دەکاتەوە کە لەلایەن دامودەزگا و ڕێکخراوەکانی رۆژنامەنووسانەوە جاڕ دەدرێن و هەوڵی ئاشکراکردنی ئەو سیاسەتانە دەدەن کە لەکاتی ئامادەکردنی راپۆرت سەبارەت بە کەمینەکان و شەڕوشۆڕ و چۆنیەتی دامەزراندنی پێکهاتەی ناوخۆیی و مامەڵەکردن لەگەڵ تێکهەڵچوونی بەرژەوەندیەکان و بانگەشەکردن بۆ ئالیەتە کاریگەرەکانی ڕێکخستنی زاتی و پێشخستنی ئاستی زانست و گرێدانی پەیوەندی لەگەڵ گرووپە هەمەجۆرەکانی ناو کۆمەڵگا ئامادە دەکرێن. ئەم ماڵپەڕە لەوانەیە ناونیشانی زۆر لەو سەرچاوانەش بگرێتە خۆی کە باوەڕپێکراون و لەکاتی ئەنجامدانی دیمانەدا رۆژنامەنوسان پشتیان پێ ببەستن یان لەکاتی بوونی گومانێک دەربارەی بابەتی پەیوەندیدار بە فرە کلتووری، پرس و رایان پێ بکەن. مەبەست لەدوای دامەزراندنی ئەم ماڵپەڕە بەخشینی دەرفەتی دەستەبەرکردنی نموونەیە لەلایەن رۆژنامەنووس و نووسەران بۆ ئەوەی بتوانن کار بۆ وەرگرتنی بڕیاری گونجاوو هێنانەکایەی رۆژنامەگەریەکی تەندروست بکەن.

### ٦. کۆبوونەوەی زانستی و راهێنانی رۆژنامەنووسان:

کاتێک ئامانجمان بریتی بێت لە تێگەیشتنی زیاتر لە فەرهەنگ و کلتووره جیاوازەکان و کارکردن لە پێناوی بانگەشەکردن بۆ بڕیاری دروستی وا کە لە ڕێگەی مەشق و راهێنانەوە هەموو گۆشەکانی مەسەلەکان بە هەند وەربگرن، ئەو وەختە بەهۆی راهێنانی کۆمەڵێک لەو رۆژنامەنووسانەی سەر بە کلتوور و پاشکۆی جیاوازن دەکرێت باشترین دەرەنجام وەدەست بهێنرێت، بەمەرجێک ئەم خولانە لایەنی جۆراوجۆر بگرنە خۆیان. لەم خولانەدا جەخت لەسەر چۆنیەتی دروستکردنی بڕیارەکانی تایبەت بە نووسین و دەستنیشانکردنی هەواڵ و پێشکەشکردنیان دەکرێتەوە لەگەڵ بایەخدانی هەمیشەیی بە هەڵبچاردنی ئەو ناونیشانانەی کە مایەی سەرنجن، لەگەڵ تەواوبوونی هەر خولێکیشدا رۆژنامەنووسانی بەشدار بابەتێک بەرهەم دێنن و لەو دامودەزگایانەدا بڵاو دەکرێنەوە کە کاریان تیادا دەکەن.کاتێک ئەو رۆژنامەنووسانە بەیەک دەگەن کە خاوەنی کلتوور و وڵات و پاشکۆی جیاوازن و پێکەوە وەک یەک تیم کاردەکەن، کاتێکیش تیشک دەخرێتە سەر ئەو بڕیار و هەڵوێستە هەمەڕەنگانەی کە رۆژنامەنووس و نووسەران لەکاتی پرۆسەی بەرهەمهێنانی هەواڵەکاندا وەریان دەگرن و دەیاننوێنن، ئەو کاتە مەشق و راهێنان دەبێتە مایەی بەخشینی هۆشیاری زیاتر بە پرۆسەی دروستکردنی بڕیارەکانی نووسین، ئەمە جگە لە راهاتنیان لەسەر دەرخستنی توانای زیاتر بۆ چاوخشاندنەوە بەو بڕیارانەیاندا کە لەکاتی پرۆسەی

بەرهەمهێنانی هەواڵەکاندا دەیدەن.لە لایەکی دیکە، مەشقکردن سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ژوورەکانی نووسین لەگەڵ نووسەرانی تر لەوانەیە ببێتە مایەی خولقاندنی گۆڕەپانێک بۆ گفتوگۆکردن و دۆزینەوەی ئالیەتی باشتر بۆ دەرکردنی بڕیار و گرتنەبەری ڕێگەیەکی کاریگەر بۆ ڕێکخستنی زاتی و داڕشتنی ئەو یاسایانەی دەبنە مایەی پاراستنی شەفافیەت لەناو دامودەزگاکانی راگەیاندندا.

**٧. چاودێریکردنی پێشێلکاریەکانی رۆژنامەگەریی سەربەخۆ و ئەخلاقی لەرێگەی توێژینەوە رووپێویەکان و ئامادەکردنی راپۆرت دەربارەی ئەو بابەتانەی کە خاوەن مۆرکی ئەخلاقین:**

بە هاوکاری لەگەڵ ئەو پێکهاتانەدا کە بوونیان هەیە، پێشنیازی رۆژنامەگەریی ئەخلاقی هەڵدەستێت بە چاودێریکردنی پێشێلکاریەکانی پێوەرە ئەخلاقیەکان، وەک ئەوەی بەگوێرەی پێنج بنەما سەرەکیەکانی ئەم پێشنیازە و ئەو میساقانەی کە رۆژنامەنووسان تەبەنیان کردوون داڕێژراون، ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی هەڵمەتەکەش دەبێتە ئامرازی سەرەکی کۆکردنەوەی ئەم زانیاریانە.

ئەم هەڵمەتە هەوڵی دەرخستنی چۆنیەتی خۆدوورخستنەوە لە پێشێلکاریەکان و ئامادەکردنی باشترین جۆرەکانی راپۆرت دەدات.

**٨. پرۆژەی هاوشێوە:**

جگە لە مەشق و راهێنان، پێشنیازی رۆژنامەگەری ئەخلاقی کار بۆ پشتگیریکردنی چەندین پرۆژەی دیکە دەکات کە لە نێوان دامودەزگاکانی راگەیاندندا ئەنجام دەدرێن،بە مەبەستی ئاسانکردنی ئاڵوگۆڕی بابەتی رۆژنامەوانی و سەردان لەنێوان ئەو رۆژنامەنووسانەی کە لە دەزگا بەشداربووەکاندا کاردەکەن. دەستنیشانکردنی بەشداربووانی ئەم پرۆژانەش لە ڕێگەی ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان و کەناڵەکانی پەخش و بەرنامەکانی مەشق و ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی هەڵمەتەکەوە ئەنجام دەدرێت، لەو بارەوە پشت بەو پێشنیازانەوە دەبەسترێت کە بوونیان هەیە.

**٩. رۆژنامەگەریی، کتێبخانەیەکە بۆ هزروانان :**

زۆر جار گفتوگۆ و مشتومڕ سەبارەت بە نەبوونی وتەو پەندی رۆشنبیری ورد و راست روودەدەن، بۆیە کار بۆ دامەزراندنی کتێبخانەیەک بۆ هزروانان دەکرێت، مەبەست لەدوای ئەم هەنگاوە لەلایەک بەرزکردنەوەی ئاستی گفتوگۆکردنە، لە لایەکی دیکە دانانی جۆر و بڕیارە قووڵەکانە لە سەرەوەی ئەولەویەتی هەڵمەتەکە. پێشنیازی رۆژنامەگەریی ئەخلاقی لەگەڵ ژمارەیەک کەسایەتی ناسراوی نێو گۆڕەپانی رۆژنامەگەریدا ڕێکدەکەوێت بۆ ئەوەی دەست بکەن بە نووسینی ژمارەیەک بابەت دەربارەی ئەو پرسیارە بنەڕەتیانەی ئێستا رووبەڕووی کاری رۆژنامەگەری دەبنەوە، لە نێوانیاندا:

- • ئازادی رادەربڕین و مافە ئاینیەکان پێکەوە گرێدراون یان پێچەوانەی یەکترن ؟
- • هەموارکردنی یەکەم یان مادەی دەیەم رێگەی بەردەم رۆژنامەنووسانە؟
- • ئەو راپۆرتانەی کە سەبارەت بە کۆچکردن ئامادە دەکرێن قازانجی ئابووری و تەحەدیاتی رۆشنبیریان بەدواوەیە؟ وشەش وەک گوللە وایە – کاریگەریی زمان لەسەر ئامادەکردنی راپۆرت. بینین بڕواکردنە : رێگەکانی نووسین و کاریگەری دیمەنە میدیاییەکان. لە راگەیاندندا پارە قسە دەکات : دەنگە تایبەتەکان و بەها گشتیەکان.
- • راگەیاندنی هاوڵاتی، نوسینەوەی شتی نووسراو و پێوەرەکان و دەنگی خەڵک.
- • دەرگاپارێزە بێدەنگەکان، ئایا خەڵک دەتوانێت کار بکاتە سەر راگەیاندن؟ چاوەڕێ دەکرێت ئەم جۆرە بابەتانە ببنە مایەی وروژاندن و پتەوکردنی گفتوگۆ کردن. لە کۆتاییدا، ئەم پێشنیازە دەبێتە وەبیرهێنانەوەیەکی بەهێز بۆ رۆژنامەنووسان بەوەی ئەرکی سەرەکیان ئەوەیە کە زانیاری

ورد و هەمەلایەنە بە پەلەو ئازادانە بگەیەننە رای گشتیپێشنیازی رۆژنامەگەریی ئەخلاقی، بنەما و بەها بنەڕەتیەکان : پێشنیازی رۆژنامەگەریی ئەخلاقی دان بەوەدادەنێت کە ئازادیی راگەیاندن و هەڵڕژانی زانیاری و هزرو گفتوگۆی کراوە، بەبێ دەستێوەردانی دەسەڵاتداران، پێویستی بنەڕەتین بۆ گەشەکردن و پێشخستنی کۆمەڵگای ئازاد و سەقامگیر و دیموکراسی. هاتنە کایەی ئازادی راگەیاندن یەکێکە لە پێداویستیەکانی لێک تێگەیشتن و گرێدانی پەیوەندی بەهێز لەنێوان وڵات و گەلاندا.پێشنیازی رۆژنامەگەریی ئەخلاقی دوپاتی دەکاتەوە کە پابەند دەبێت بە بنەمای ئازادی رادەربڕین و راگەیاندن و هەڵڕژانی زانیاریەکان،وەک چۆن لە مادەی ژمارە ١٩ ی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و مادەی دەیەمی میساقی ئەوروپی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان و ڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپی و کۆمەڵێک میساق و ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتیدا هاتووە.پێشنیازی رۆژنامەگەریی ئەخلاقی دان بە بەشداربوونی کاریگەرانەی ئازادیی رۆژنامەگەریدا دەنێت لە بونیادنانی ڕێزلە یەکگرتن و هاوکاری و سەقامگیری لە چوارچێوەیەکدا کە بەها و کلتوور و فەرهەنگی جیاواز دەگرێتە خۆی و بەگوێرەی ئەو پێوەرانەی کە دەربارەی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و حوکمی یاسا لەسەر ئاستی جیهاندا دانیان پێدانراوە. هەروەها پشتگیریش لە بۆچوونێکی گشتی چالاکتر و شارەزاتر و بەشداربووی ناو گفتوگۆیەکی کراوە دەکات وەک شێوازێک بۆ هێنانەدی زۆر شتی وەک بڵاوکردنەوەی لێبوردەیی و سەقامگیریی و لێک تێگەیشتن و راستی و سەربەخۆیی و نەگەیاندنی زەرەر بە هیچ لایەک.بنەما ئەخلاقیە سەرەکیەکانی رۆژنامەنووسان لە بایەخ و گرنگی ئەمانەی خوارەوە زیاد دەکەن : ڕێزگرتن لە راستی و پێویستی بوونی سەربەخۆیی و بێ لایەنی و نەگەیاندنی زەرەر.ئەم پێشنیازە تێدەکۆشێت لە پێناوی یارمەتیدانی میدیاکاران لە هەوڵەکانیاندا لە پێناوی دەستنیشانکردنی چەند پێوەرێکی ئەخلاقی گونجاو و ڕێککەوتن لەسەریان و جێ بەجێکردنیان، ئەم پێوەرانەش پێویستیان بەمەی خوارەوە هەیە : دەبێ راگەیاندن خۆی لەو وتارانە دوور رابگرێت کە باس لە رق و کینە بەرامبەر بە ئاین یان کەمینەیەکی ئەتنیکی دیاریکراو یان رەگەزپەرستی و دژایەتیکردنی خەڵکی بیانی، هەروەها دوورکەوتنەوە لەو زمانانەی کە هانی توندوتیژی دەدەن. رۆژنامەنووسان لە رووماڵکردنی بابەتەکانیاندا دەبێ هاوسەنگی بنوێنن و چاویان لە یەکسانی بێت. لەناو راگەیاندندا جگە لەوەی دەبێت فرەییەک هەبێت، کۆمەڵێک راپۆرتی ورد و گونجاویش بکەونە بەرچاو کە پشت بە راوبۆچوونی هەمەچەشن ببەستن. راگەیاندن دەبێت ئامادەبێت بۆ راستکردنەوەی ناوردبینی و هەڵە، ئەمەش دەبێ بەپەلە و بەگوێرەی توانا ئەنجام بدرێت. لەکاتی کارکردندا رۆژنامەنووسان لەسەریانە ڕێز لە کەرامەت و مافەکانی مرۆڤ بگرن. لەسەرووی هەموو شتێکەوە، رۆژنامەگەریی ئەخلاقی داوای پابەندبوون بە ڕێزگرتنی راستیەکان و مافی هەموو لایەک لە زانینی راستی دەکات، ئەمەش لەرێگەی کۆکردنەوەی زانیاری و بڵاوکردنەوەیان. لەکاتی رەخنەگرتنیش لە کەسانێکی دادپەروەردا گرتنەبەری شێوازی ئەخلاقی زۆر گرنگ و پێویستە. رۆژنامەنووسان لەسەریانە راپۆرتی وا ئامادە بکەن پشت بەو راستیانە ببەستن کە خۆیان پێشتر دەیانزانن و هەرگیز هەوڵی شاردنەوەی زانیاریە پێویستەکان نەدەن و یاری بە بەڵگەنامەکان نەکەن، لە دەستەبەرکردنی هەواڵ و وێنە و دۆکیومێنتیشدا رێگەی شیاو بگرنە بەر. هاوکات رۆژنامەگەریی ئەخلاقی دەرک بە گرنگی لێپرسینەوەی دیموکراسیانە دەکات، رۆژنامەنووسانی خاوەن ئەخلاق دەبێ هەموو هەوڵ و کۆششێکی شیاو بخەنە گەڕ لەپێناوی راستکردنەوەی هەر زانیاریەکی نادروست و زەرەربەخش. نهێنی پیشەیی کە لە رۆژنامەگەریی ئەخلاقیدا

بنەمایەکی بنەڕەتیە، ئەوە دەخوازێت کە ڕۆژنامەنووس دەبێت نهێنی سەرچاوەکانی بپارێزێ، بەتایبەتیش ئەو زانیاریانەی کە متمانەدار و نهێنین.ڕۆژنامەنووسان دەبێ دەرک بەمەترسی بەهێزکردنی جیاخوازی بکەن کە دەکرێت لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە پتەو بکرێت و بەهەموو شێوەیەک خۆیان دوور رابگرن لەو جیاخوازیەی کە ئاراستەی ئەتنیکەکان، رەگەز، ئاراستەی سیاسی، زمان، ئاین، بۆچوونی سیاسی، بنەما نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیەکان دەکرێت.هەر لە کۆنەوە شتێک لەناو کاری ڕۆژنامەگەریدا قبوڵ کراوە کە ئەمەیە: فێڵکردن و ساختەکاری و شێواندنی بە ئەتقەستی ڕاستیەکان و جنێودان و ناوزڕاندن و هەڵبەستنی تۆمەتی نابەجێ و وەرگرتنی بەرتیل بەمەبەستی بڵاوکردنەوە یان شاردنەوەی بابەتێک، هەڵەی پیشەیی کوشندەن.ئەو ڕۆژنامەنووسانەی دەخوازن بگەنە قۆناغە پێشکەوتووەکان دەبێ بەهەموو پێوەرێک سەربەخۆ بن، ئەمەش مانای وایە کە دەبێت دووربن لە پەیوەندیکردن یان خۆبەستنەوە بە بەرژەوەندی حزبی و سیاسی و بازرگانی یان هەر بەرژەوەندیەکی تر کە کاریگەری بۆ سەر کارو کار و پیشەکەین هەبێت.

**سەرەخۆشی**

**لە شەوی پێنج شەممەی ٢٠٠٨/٨/٧دا، لەکاتێکدا خەریکی ڕاکێشانی ترێسی گۆڤارەکەمان بووین، (ئەیوب محەمەد بابەکر)ی نەخشەسازی هاوکارمان، هەواڵی کۆچی دوایی (شاخەوان حوسێن فەتاح)ی کوڕە خاڵی پێگەیشت، کە بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل گیانی لەدەست دابوو، لەخوای گەورە دەپاڕێینەوە ئەمە دوا کۆستی بنەماڵەکەیان بێت، خوالێخۆشبووش بە ڕەحمەتی خۆی شاد بکات.**

هەواڵنامەی کتێب

# هەواڵ و چالاکییەکان


ئامادەکردنی:

- جەمال حوسێن
- خالید بەکر ئەییوب



سایتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

www.kurdistanjournalists.com




بۆ هەر زانیارییەك سەبارەت بە كارو چالاكییەكانی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان، سەردانی سایتی سەندیكا بكەن بۆ ئاگاداربوون لە:

- گۆڤاری « رۆژنامەنووس ».

- گۆڤاری « الصحفي ».

- هەواڵ و چالاكییەكانی سەندیكا.

www.kurdistanjournalists.com

# بەیاننامەیەک لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە

## بەبۆنەی رۆژی جیهانی
## ئازادی رۆژنامەنووسییەوە

بەناوی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و بەبۆنەی **(٣ی مایس)**ی رۆژی جیهانی ئازادی رۆژنامەنووسییەوە، پیرۆزبایی لە سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەین و خوازیارین کە ئازادی رۆژنامەنووسی لە وڵاتی ئێمەشدا بە یاسا بچەسپێ و کاری رۆژنامەنووسی وەک پرۆسەیەکی شارستانی و کاریگەر لەسەر رەوتی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری خەڵک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ و بە هەموولامانەوە بتوانین لە رێگەی بەهێزکردنی بنەماکانی ئازادی رۆژنامەنووسی و پەرەپێدانی پێوەرە پیشەییەکان و پابەند بوون بە پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسی و نەریتە پتەوەکانی ئەم ئامرازە شارستانییەوە دەسەڵاتی چوارەم لە کوردستاندا جێگیر بکەین، بۆ ئەوەی رۆڵی مێژوویی خۆی ببینێت لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵگاو قوڵکردنەوەی بنەماکانی دیموکراسیەت و فرەیی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ، کە هەموو ئەوانە پایەی گرنگن لە بەرەوپێشبردنی ئەزموونی گەلی کوردستان و گرنتی دەستەبەرکردنی پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ گەلەکەمان و ئامانجەکانی..

هەر لەم بۆنەیەدا بە پێویستی دەزانین جارێکی تریش داوا لە پەرلەمانی کوردستان بکەین **(یاسای کاری رۆژنامەنووسی)** کە لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانەوە پرۆژەکەی ئامادەکراوەو رۆژنامەنووسانیش بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی دەرچوونی دەکەن بە ناوەڕۆک و قاڵبێکی سەردەمیانە پەسەند بکات، کە بێگومان دەبێتە دەسکەوتێکی دیکە بۆ رۆژنامەنووسان و پاڵپشتێک بۆ چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی لە کوردستاندا.

هەر لەم یادەدا جارێکی تر هاوسۆزی و پشتگیری خۆمان بۆ هاوکارانمان رۆژنامەنووسانی عێراق دەردەبڕین و داوا لە حکومەتی ناوەندی عێراق دەکەین کە ژیانیان لە مەترسی بپارێزێت و هەلومەرجی لەبار بۆ کارکردنیان فەراهەم بهێنێت.. هەروەها پشتیوانی خۆمان بۆ ئەو پرۆژەیەی ئەم دواییەی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق دەردەبڕین کە پێشکەشی پەرلەمان و حکومەتی عێراقی کردووە بە مەبەستی دابینکردنی ئازادی و پاراستنی گیانی رۆژنامەنووسانی عێراق لە مەترسییەکان.

پیرۆز و شکۆداربێت رۆژی ٣ی مایس سەرکەوتووبێت هەوڵ و خەباتی رۆژنامەنووسان لەپێناو بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و هۆشیار و ئاسودەو ئارامدا.

**ئەنجوومەنی**
**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**٢٠٠٨/٥/٣**

* * *

# شاندی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و کۆمیتەی داکۆکی لەمافی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکی کۆدەبنەوە

نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٣ شاندێکی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە پێکهاتبوو لە (**فەرهاد عەونی**) نەقیبی ڕۆژنامەنووسان و (**حامد محەمەد عەلی**) سکرتێری سەندیکاو (**زیرەک کەمال**) سەرۆکی لیژنەی داکۆکی لەئازادی ڕۆژنامەنووس و مافی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەهوتێلی شیراتۆنی شاری هەولێر لەگەڵ شاندی کۆمیتەی داکۆکی لەڕۆژنامەنووسان کە بارەگاکەی لەشاری نیویۆرکە، کۆبوەوە.

لەکۆبوونەوەکەدا ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆڵی سەندیکا لەداکۆکی لەئازادی ڕۆژنامەنووس و مافی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان تاوتوێکرا.

شایانی باسە لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٥ کۆمیتەی ناوبراو لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕاپۆرتێکی لەسەر ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی لەکوردستاندا بڵاوکردەوە، کە هەندێک زانیاری نێو ڕاپۆرتەکە بەلای سەندیکاوە جێگەی نیگەرانی بوو، لەم ڕوانگەوە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەڕاگەیاندنێکیدا ڕەخنەی لەشێوازی دارشتنی ڕاپۆرتەکە گرت، بەتایبەتیش لەمەڕ ئازادی ڕۆژنامەنووسی لەکوردستان، کە لەڕاپۆرتەکەدا پشتی بەسەرچاوەی جۆراوجۆر و متمانەپێکراو نەبەستووەو ڕەمەکیانە زانیاری لەسەر ڕووداوەکان بڵاوکردۆتەوە.

*　*　*

# سەندیکای ڕۆژنامەنووسان هەوڵی تیرۆرکردنی سەرنووسەری گۆڤاری (خاک) ریسواو مەحکوم دەکات

سەر لەبەیانی ئەمڕۆ ٢٠٠٨/٥/٤ لەکاتێکدا کەخاتوو (**هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد**) سەرنووسەری گۆڤاری (**خاک**) و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لقی سلێمانی، بەرەو باڵەخانەی شانۆی نیشتمانی (**المسرح الوطني**) دەچوو لە بەغدا، بۆ بینینی فیلمی (**ژانی گەل**) کە لەچوارچێوەی چالاکییەکانی فێستیڤاڵی دەزگای (**المدى**) نمایش دەکرا، ڕووبەڕووی هەوڵێکی تیرۆرکردن بووەوە بەهۆی ئۆتۆمبێلێکی مینرێژکراوەوە، کە خۆشبەختانە بەسەلامەتی ڕزگاری بوو..

ئێمە لەکاتێکدا ئەم هەوڵە چەپەڵە ریسوا دەکەین، داوا لە دەزگاکانی حکومەتی ناوەندی دەکەین کە گیانی ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران بپارێزێ و، کەشی ئارام بۆ کاروچالاکی ڕۆشنبیری وهونەری برەخسێنێ..

**ئەنجوومەنی سەندیکای**
**ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**
**٢٠٠٨/٥/٤**

# سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
# تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس (سروە عەبدولوەهاب)
# مەحکوم دەکات

سەر لەبەیانی رۆژی ٢٠٠٨/٥/٤ رۆژنامەنووس **(سروە عەبدولوەهاب)** ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان/ لقی موسڵ، لەبەر دەرگای ماڵی خۆیان لەشاری موسڵ لەلایەن تاقمێکی تیرۆریستییەوە تیرۆرکرا..

ئێمە لەکاتێکدا ئەو کردەوە تاوانکارییە مەحکوم و ریسوا دەکەین، کە بەرامبەر رۆژنامەنووس (سروە) کرا، داوا لە دەزگا پەیوەندیدارەکانی ناوخۆی موسڵ دەکەین کە لێکۆڵینەوەی وردو بە پەلە لەو رووداوە بکەن، بۆ ئەوەی تاوانباران ئاشکرا بکرێن و سزای یاسایی خۆیان وەربگرن. هەروەها داوا لە حکومەتی ناوەندی بەغدا دەکەین کە پارێزگای لەگیانی هاوولاتییان بە گشتی و رۆژنامەنووسان بەتایبەتی بکات کە بوونەتە ئامانجی تیرۆریستان..

لەخودای گەورە دەپارێینەوە کە جێگای خوالێخۆشبوو بەهەشتی بەرین بێت و سەبرو ئارامیش بە کەسوکاری هاوکارانی بدات..

**ئەنجوومەنی سەندیکای**
**رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**٢٠٠٨/٥/٤**

* * *

## شاندێکی سەندیکا
## سەردانی خاتوو (سینەمخانی جەلادەت بەدرخان) دەکات

ئێوارەی رۆژی ٢٠٠٨/٥/٥ شاندێکی سەندیکا کە پێکهاتبوو لە **(فەرهاد عەونی)** نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و **(حامد محەمەد عەلی)** سکرتێری سەندیکاو **(عەبدوڵڵا زەنگەنە)** سەرنووسەری گۆڤاری رۆژنامەنووس، سەردانی خاتوو **(سینەمخانی جەلادەت بەدرخان)**یان لەماڵی خۆیان لەعەنکاوە لەشاری هەولێردا کرد.

لەو سەردانەیدا وەفدی سەندیکا رۆڵی خانەوادەی بەدرخانییەکانیان لەخزمەت کردن بەبواری رۆژنامەنووسیی کوردی بەرز نرخاند، لەبەرانبەردا خاتوو **(سینەمخان)**



سوپاسی شاندی سەندیکای کرد بۆ بەسەرکردنەوەیان و ئومێدی سەرکەوتنی بۆ سەندیکا لەپێناوگەیاندنی پەیام و ئامانجەکانی خواست.

هەواڵنامەی کتێب

# ئەنجوومەنی سەندیكا كۆبوونەوەی چوارەمی ئاسایی خۆی بەست



سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/١١ سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان بەئامادەبوونی تەواوی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیكادا، كۆبوونەوەی چوارەمی ئاسایی خۆی لەبارەگای سەندیكا لەشاری هەولێردا بەست.

لەكۆبوونەوەكەدا گفتوگۆ لەبارەی چۆنیەتی خۆئامادەكردن بۆ بەستنی كۆنفرانسی لقەكانی هەولێر و بەغدا و كردنەوەی چەند نووسینگەیەكی سەندیكا لەهەندێ لەشارۆچكەكان كرا، هەروەك قسەو گفتوگۆ لەسەر بودجەی سەندیكاو كردنەوەی خولی ڕۆژنامەنووسی و وەرگرتنی ئەندامیەتی لەسەندیكادا كرا.

لەبەشێكی تری كۆبوونەوەكە باس لەپتەوكردنی پەیوەندی سەندیكا لەگەڵ سەندیكاو ڕێكخراوە ڕۆژنامەنووسییەكاندا، بەمەبەستی پەرەپێدانی كاری پیشەیی كرا.

لەكۆتایی كۆبوونەوەكەدا ئەنجوومەن چەند بڕیارێكی پێویستی وەرگرت، سەبارەت بە بەدواداچوونی دابینكردنی زەوی نیشتەجێبوون بۆ ڕۆژنامەنووسان و یاسای سندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسان بەئامانجی زیادكردنی بڕی مووچەی خانەنشینی تایبەت بەڕۆژنامەنووسان.

* * *

## شاندێكی مەكتەبی پەیوەندییە نیشتمانییەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان سەردانی لقی كەركووكی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان دەكات

بەمەبەستی پیرۆزبایی كردن لەلیژنەی تازەی لقی كەركووكی سەندیكا ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/١٤ شاندێكی مەكتەبی پەیوەندییە نیشتمانییەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان سەردانی بارەگای لقی كەركووكی سەندیكا كرد، لەدانیشتنێكدا وێڕای ئەوەی شاندی میوان پیرۆزبایی گەرمی خۆیان ئاراستەی سكرتێر و ئەندامانی لیژنەی كەركووكی سەندیكا، بەبۆنەی هەڵبژاردنیان لەكۆنفرانس كرد، هەردوو لا جەختیان لەسەر هاوكاری پێویست لەبواری ڕۆشنبیری كلتووری لەپێناو قولكردنەوەی گیانی برایەتی پێكەوەژیانی نەتەوەكانی شاری كەركووك كردەوە.

# لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان وۆرک شۆپێک ئەنجامدەدات

ڕۆژانی ١٤-٢٠٠٨/٥/١٥ لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان وۆرک شۆپێکی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ سازکرد، ڕۆژی یەکەمی وۆرک شۆپەکە بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانە تەرخانکرا کە نوێنەرایەتی دەزگا ڕاگەیاندنە حیزبی و ئەهلییەکانی شاری سلێمانیيان دەکرد و لەمیانەیدا دکتۆر **(دلێر ئەشین مری)** ڕاگری کۆلێژی زمان لەزانکۆی سلێمانی، بابەتێکی سەبارەت بەئاکاری پیشەی ڕۆژنامەگەری و مامەڵەی ڕۆژنامەنووس لەکاتی ڕووداوەکاندا پێشکەش کرد، دواتریش لەلایەن بەشداربووان گفتوگۆی لەسەرکرا.

ڕۆژی دووەمی وۆرک شۆپەکەش بۆ ئەفسەرانی پۆلیس و ئاسایش تەرخانکرا، لەمیاندا **(د. سامان فەوزی)** مامۆستا لەکۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانی، بابەتێکی لەمەڕ ڕۆلی پۆلیس و ئاسایش لەکاتی ڕووداوەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان لەکاتی ڕووداوەکاندا پێشکەش کرد، دواتر لەلایەن ئەفسەران ڕۆژنامەنووسانەوە گفتوگۆ لەسەر بابەتەکە کرا.

جێگەی باسە وۆرک شۆپەکە لەهۆتێل ئاشتی شاری سلێمانی بەئامادەبوونی بەڕێزان پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت و جێگری نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و نوێنەرانی ئەندامانی لیژنەی داکۆکیکردن لەڕۆژنامەنووسان و سکرتێرو ئەندامانی لقی سلێمانی و پارێزەری سەندیکا بەڕێوەچوو.



*  *  *

# سەندیکای ڕۆژنامەنووسان پێشوازی لەشاندێکی ڕۆژنامەنووسانی ئیتاڵی دەکات

نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/١٩، بەڕێز (**حامد محەمەد عەلی**) سکرتێری سەندیکاو (**ئەکەد موراد**) ئەندامی ئەنجوومەن پێشوازییان لەشاندێکی ڕۆژنامەنووسانی ئیتاڵی کرد کە پێکهاتبوون لەبەڕێزان: خاتوو (**جیان لۆکا**) و (**ئینریکا سبیرۆنی**) لەڕۆژنامەی لاکازیتا سپۆرت، کە بەیاوەری بەڕێز (**د. سەردار**) سەردانی بارەگای سەندیکایان کردبوو.

لەدانیشتنێکدا سکرتێری سەندیکا باسی لەکارو چالاکییەکانی سەندیکاو کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی کردو ئاماژەی بەپێویستی کردنەوەی خولی ڕۆژنامەنووسی لەبواری ڕۆژنامەنووسی وەرزشیدا بەمەبەستی بەهێزکردنی ئاستی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی لەکوردستاندا، لەبەرانبەردا شاندی ڕۆژنامەنووسانی ئیتاڵی پشتگیری لەداواکەی سەندیکا کردو بەڵێنی دا لەداهاتوودا پسپۆڕ و شارەزا لەو بوارەدا بۆ کوردستان بنێرن.

لەکۆتایی دیدارەکەدا ئارمی سەندیکاو چەند ژمارەیەک لەهەردوو گۆڤاری (**ڕۆژنامەنووس و الصحفی**) لەلایەن سەندیکاوە پێشکەش بەشاندەکە کرا.




* * *

# شاندێکی ڕۆژنامەنووسانی بەریتانی سەردانی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکات

نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٢١ شاندێکی ڕۆژنامەنووسانی بەریتانی کە پێکهاتبوو لە ڕۆژنامەنووسان (**مایک کرانیت و مایکل هاوارد**) بەیاوەری بەڕێزان (**بەیان سامی عەبدوڕەحمان و ژیلوان شەفیق قەزاز**) سەردانی بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکای

ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیان لەشاری هەولێردا کرد، کە بەگەرمییەوە لەلایەن **(حامد محەمەد عەلی)** سکرتێری سەندیکاو **(ئەکەد موراد و جەمال حوسێن)** ئەندامانی ئەنجوومەن پێشوازییان لێکرا.

لەدانیشتنێکدا سکرتێری سەندیکا تیشکی خستە سەر کارو چالاکی و ئامانج و دروشمەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لەبەرانبەر شاندی میوان وێڕای دەستخۆشی لەکارەکانی سەندیکا، پرۆژەیەکیان لەپێناو کەم کردنەوەی ئاستەنگەکانی بەردەم ئازادی ڕۆژنامەنووسی لەکوردستان خستەڕوو، ئەویش بە دامەزراندنی کۆمسیۆنێک لەنوێنەرانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و حکومەت و پەرلەمان.

لەکۆتاییدا ئارمی سەندیکاو هەردوو گۆڤاری **(ڕۆژنامەنووس و الصحفی)** پێشکەش بەڕۆژنامەنووسانی میوان کرا.



* * *

# سکرتێری سەندیکا سەرپەرشتی کۆبوونەوەی هەردوو لیژنەی چاودێری و بەرزەفتی کرد

ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٢١ لەبارەگای سەندیکا بەڕێز **(حامد محەمەد عەلی)** سکرتێری سەندیکا بەئامادەبوونی بەڕێزان **(قاسم شێروانی و ئاکۆ محەمەد)** سەرۆکی هەردوو لیژنەی چاودێری و بەرزەفت کردن و ئەندامەکانیان کۆبۆوە.

کارو چالاکییەکانی سەندیکا لەدوای کۆنگرەو ئامادەکارییەکانی دامەزراندنی کۆنفرانسی لقی هەولێر و وەرگرتنی ئەندامێتی لەسەندیکاو کاراکردنی هەردوو لیژنەکە تەوەری سەرەکی کۆبوونەوەکە بوون.

* * *

# سکرتێری سەندیکا پێشوازی لە ڕۆژنامەنووس خاتوو (جودیت نیورینک) بەرپرسی ناوەندی ڕاگەیاندنی کوردی سەربەخۆ دەکات

ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٢٥ بەڕێز **(حامد محەمەد عەلی)** سکرتێری سەندیکا پێشوازیکرد لەڕۆژنامەنووس **(جودیت نیورینک)** بەرپرسی ناوەندی ڕاگەیاندنی کوردی سەربەخۆ کە بارەگاکەی لەشاری سلێمانییە.

لەدانیشتنێکدا ڕۆژنامەنووس **(جودیت)** باسی لەڕۆڵی ناوەندی ناوبراو لەکردنەوەی خولی ڕۆژنامەنووسی تایبەت بەبوارەکانی **(وێنەگرتنی فۆتۆگرافی و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسی)** کرد.

لەم بارەیەوە سکرتێری سەندیکا بوونی ئەو جۆرە خولانەی بەپێویست زانی و پێشنیاری کرد ناوەندی ناوبراو بەیارمەتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەتەواوی شارەکانی هەرێمی کوردستان خولی ڕۆژنامەنووسی بکرێتەوە بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لەڕۆژنامەنووسان لەو خولە تایبەتییانە بەشداربن.

لەبەرانبەردا ڕۆژنامەنووس **(جودیت)** ڕەزامەندی لەسەر پێشنیارەکەی سکرتێری سەندیکا نیشانداو بەڵێنی دا ژمارەیەک لە پرۆژە تایبەتییەکانی پەیوەست بەخولەکان بۆ سەندیکا بنێرێت بەئامانجی کردنەوەی ئەو جۆرە خولانە بۆ ڕۆژنامەنووسان لە ئایندەدا.

* * *

# لقی سلێمانی سەندیکا سەردانی مەڵبەندی سلێمانی یەکگرتووی ئیسلامی دەکات

ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٨/٦/٥ سکرتێرو ئەندامانی لیژنەی سلێمانی سەندیکا سەردانی مەڵبەندی سلێمانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیان کرد، کە بەگەرمییەوە لەلایەن مامۆستا (عومەر محەمەد کەریم) بەرپرسی مەڵبەند و ژمارەیەک لەکارگێڕو ئەندامانی مەڵبەند پێشوازییان لێکرا.

لەدانیشتنێکدا بارودۆخی سیاسی کوردستان و ڕەوشی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لەکوردستان و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەردوولا گفتوگۆیان لەسەرکرا.

* * *

# کۆبوونەوەی پێنجەمی ئەنجوومەنی سەندیکا

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٨/٦/٨ لەبارەگای سەندیکا بەئامادەبوونی نەقیب و جێگری نەقیب و سکرتێرو تەواوی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پێنجەمین کۆبوونەوەی خۆی بەست.

چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئیش و کارەکانی لقەکانی سەندیکاو چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم کاری ڕۆژنامەنووسی و دوا ئامادەکارییەکانی ڕاپۆرتی لیژنەی داکۆکی لەئازادی ڕۆژنامەنووس و مافی ڕۆژنامەنووسان و یاداشتی کۆمەڵێک لەپیاوانی ئایینی و مامۆستایانی زانکۆ کە ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان کردبوو، تەوەری سەرەکی کۆبوونەوەکە بوون کە بەدوورو درێژی گفتوگۆیان لەسەرکراو بڕیاری گونجاویان لەمەڕ وەرگیرا.

* * *

# نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پێشوازی لەمامۆستا (عەلی باپیر) ئەمیری کۆمەڵی ئیسلام دەکات

لەبارەگای سەندیکا (**فەرهاد عەونی**) نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەئامادەبوونی سکرتێری سەندیکاو ژمارەیەک لەئەندامانی ئەنجوومەن پێشوازی لەبەڕێز مامۆستا (**عەلی باپیر**) ئەمیری کۆمەڵی ئیسلام و شاندی یاوەری کرد، لەدنیشتنێکدا بەڕێز ئەمیری کۆمەڵی ئیسلام سوپاس و ستایشی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کرد کە بێ لایەنانەو سەربەخۆ ئەرکە پیشەییەکانی خۆی بەجێ دەگەیەنێ.

لەبەرانبەردا نەقیبی ڕۆژنامەنووسان سوپاسی هەڵوێستی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کردو جەختی لەسەر سەربەخۆیی سەندیکا لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکییەکانی کردەوە.



* * *



ڕۆژنامەنووس

# بەیاننامەیەک لە ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە

ماوەیەک بەر لە ئێستا ژمارەیەک کەسی نێوەندی جیاجیای چین و توێژی گەلەکەمان یاداشتێکیان داوەتە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و لە دەقی یاداشتەکەدا بێزاری و ڕەخنەی توند دەردەبڕن بەرامبەر سوکایەتی و پێشێل کردن کە «بەرامبەر بەهاو پیرۆزییەکانی ئیسلام دەکرێت».

هەڵبەت نووسینی یاداشت بەشێکە لە شێوازی خەباتی مەدەنیانەو دیموکراسیانە هەروەها مافێکی سروشتی و ئاسایی هەرکەس و چین و توێژێکیشە لەبەرامبەر دیاردەیەک یاخود هەر کێشەیەکی تری سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەڵام بە وردبوونەوەیەکی مەعریفی و بابەتیانە لە یاداشتی ئەو بەڕێزانە دەبینین کە بەشێک لە برگەو تەوەرەکانی ناچێتە چوارچێوەی بنەماکانی کەلتوری دیموکراسی و پرەنسیپەکانی دیالۆگی پێشکەوتووخوازانە، بەتایبەتیش لەو شوێنەی کە داوای دانانی سانسۆری پێشوەختی حکومی و ئاینی دەکات لەسەر ئەو کتێب و نامیلکانەی کە لە داهاتوودا دەربارەی ئایین بەچاپ دەگەیەندرێن.

هەڵبەت ئێمە لە ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پێمان وایە دەبێت نووسین و گفتوگۆکردن لەسەر چەمکە ئاینی و فیکریەکان لەبەر ڕۆشنایی میتودە فەلسەفی و مەعریفی و زانستیەکان بێت نەک دەربڕین و خستنەڕووی بۆچوونەکان لەم بارەیەوە بە شێوازێکی نازانستی و زمانی سوکایەتی زبرو دوور لە بنەماکانی دیالۆگ و دیموکراسیەت، چونکە ئەم حاڵەتە جگە لەوەی لەلایەک دەبێتە مایەی وروژاندنی هەستی کۆمەڵایەتی بەئاراستەیەکی سلبیدا لە هەمانکاتدا دەبێتە میکانیزم و فاکتەرێکیش بۆ لاواز کردنی پێگەو شوێنگەی پرۆسەی نوسین لەنێو پانتایی روناکبیری و مەعریفی لەولاتەکەماندا، بەڵام نابێت ئەوەش ببێتە بیانوو پاساوێک بۆ دانانی سانسۆر لە سەرنووسین و بەرتەسک کردنەوەی پانتاییەکانی ئازادی بیروڕا دەربڕین، چونکە نووسین دەبێت بە نووسین وەڵام بدرێتەوە و هەرکەس و لایەنێکیش کە پێی وابێت ناتوانێت لە ڕێگای نووسینەوە وەڵامی لایەنی بەرامبەری بداتەوە ئەوا لە جیاتی داواکردن بۆ دروست کردنی سانسۆر لەسەر کتێب و نامیلکەکان دەبێت پەنا بۆ دادگا و یەکلایی کردنەوەی کێشەکە لە ڕێگای یاساوەبێت، چونکە ئەگەر ئەو نووسین و بابەتانەی کە بە زمانی زبر و سوکایەتی و دوور لە کایە مەعریفیەکان لەسەر پیرۆزیەکانی گەلەکەمان ببێتە مایەی وروژاندن و زویرکردنی بەشێک لە کۆمەڵگاکەمان، ئەوا دانانی کۆت و بەند و سانسۆر لەسەر نووسین دەبێتە هۆکار و فاکتەری وروژاندنی رای گشتی جیهانی بەگشتی و سەرجەم نێوەندەکانی تایبەت بە داکۆکی کردن لە مافی نووسین و دەربڕینی ئازادی و بیروڕا بەتایبەتی، ئێمە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەکاتێکدا کە جەخت لەسەر سەروەری یاسا دەکەینەوە بەڵێن بە ڕۆژنامەنووسانی وڵاتەکەمان دەدەین کە هەموو جۆرە شێوازێکی خەباتی

مەدەنیانەو دیموکراسیانە دەگرینەبەر لە پێناو جێ بەجێ کردنی دروشمی ناوەندی سەندیکا کە بریتییە لە «لەپێناو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی و دەستەبەر کردنی ماف و گوزەرانی رۆژنامەنووسان» چونکە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە هەنگاوێکی بنەڕەتی و چۆنایەتیە لەسەر رێگای پتەوکردنی کەلتوری بەیەکەوە ژیانی دیموکراتیانەو بەهێز کردنی بنەماکانی رای گشتی و بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هەروەها داواش لە رۆژنامەنووسانی کوردستان و هەڵگرانی بیرو وشە و قەڵەم و سەرجەم رۆشنبیرانی کوردستان دەکەین دیالۆگ و ململانێی و فیکرە جیاوازەکانی خۆیان لەنێو کایەکانی نووسین لەبەر رۆشنایی میتۆدی یەکتر قبولکردن و داننان و رێزلێنان لە رای جیاوازی یەکتری بە شێوازێکی دیموکراسیانەو دوور لە هەڵچوون و عاتیفە بخەنەڕوو. ئەوەش بەبیر هەموو لایەک دەهێنینەوە کەوا ئایندە و چارەنووسی ئەزمونی هەرێمی کوردستان بەگشتی و پاراستنی سەرجەم دەستکەوتە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی تاڕادەیەکی یەکجار زۆر بەندە بە پاراستنی یەکریزی ناوخۆیی و قوڵکردنەوەی پرۆسیسی دیموکراسی و زیاتر بەرفراوان کردن و چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی و، دانانی هەر جۆرە سانسۆرێک و هەر هەوڵێک بۆ بەرتەسککردنی پانتاییەکانی ئازادی نووسین بەهەر بیانوو و پاساوێک بێت، ئایندەی ئەزموونەکەمان دەخاتە بەردەم هەڕەشەی جدی، هەروەها داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین کە پەلە بکات لەسەر تەواو کردنی پرۆژە یاسای کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان و پێشنیاز و سەرنجەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسان لەبەرچاوبگرن، چونکە کۆ دەنگی سەندیکای رۆژنامەنووسان و سەرنووسەرانی رۆژنامە حزبی و ئەهلی و دەزگا رۆژنامەنووسییەکانی کوردستانی لەسەرە و قەناعەتی تەواومان بەوە هەیە کە ناوەڕۆکەکەی دەشێت ببێتە بنەمایەکی یاسایی بۆ چارەسەر کردنی هەر گرفتێک کە پەیوەندی بە کێشەو ئازادی رۆژنامەنووسییەوە هەبێت.

**ئەنجوومەنی**
**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**٢٠٠٨/٦/١١**

* * *

## لقی سلێمانی سەندیکا سەردانی (محەمەدی حاجی مەحموود) دەکات

رۆژی ٢٠٠٨/٦/١٢ سکرتێرو ئەندامانی لیژنەی سلێمانی سەندیکا سەردانی بەرێز (**محەمەدی حاجی مەحمود**) سکرتێری پارتی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستانیان لەبارەگای مەکتەبی سیاسی لەشاری سلێمانیدا کرد. لەدانیشتنێکدا رەوشی رۆژنامەنووسی لەکوردستان و هۆکاری دواکەوتنی گفتوگۆکردنی پەرلەمان لەسەر یاسای کاری رۆژنامەنووسی و پەیوەندی نێوان هەردوولا قسەو باسیان لێوەکرا.

* * *

# لە رۆژی رۆژنامەگەری عیراقدا

## ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
## پیرۆزبایی لە ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراق دەکات

**هەڤاڵانی بەرێزی**
**ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراق**

سڵاوێکی گەرم

ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بیرەوەری تێپەڕبوونی (١٣٩) ساڵەی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی عیراق (زوراء)، کە بۆتە جەژنی رۆژنامەنووسانی عیراق، بە دەرفەت دەزانێت بۆ ئەوەی گەرمترین پیرۆزبایی لە ئێوە و لە هەموو رۆژنامەنووسانی عێراق بکات، لەو کاتەی کە وڵات بە بارودۆخێکی دژواری و نائارامی تێدەپەڕێت و ژمارەیەکی زۆر رۆژنامەنووسانی هاورێمانی تێداچووون، کە دواهەمینیان هەڤاڵی کۆچکردوو شەهید (**شەهاب ئەلتەمیمی**) بوو، کە بەڕاستی نموونەی سەرکردەیەکی سەندیکایی بە بیروباوەڕبوو و بڕوای ویژدانی و سیاسیانەی بە برایەتی عەرەب و کورد و بە مافەکانی گەلی کوردستانەوە هەبوو، بۆ گەیشتن بە تەواوی مافەکانییەوە.

هاوڕێیانی خۆشەویست:

هەروەک لە ساڵانی پێشووشدا دڵنیامان کردبوونەوە، کە ئێمە پەرۆشی پتەوکردن و بەهێز کردنی پەیوەندی پیشەیی دەبین لەسەر بنەمای راست و دروست و بە کردەوە بۆ خزمەتی هەموو رۆژنامەنووسانی عیراق بە جیاوازی نەتەوە و ئایین و بیروباوەڕی سیاسییەوە، هیوامان زۆرە کەوا پەیوەندی نێوان هەردوو سەندیکای عێراق و کوردستان پێشکەوتنی توندوتۆڵ بەخۆوە ببینێ.

**سەربەرزی بۆ رۆژنامەنووسیی عیراق و کوردستان**
**جارێکی دیکە گەرمترین سڵاومان قەبووڵ بفەرموون**

**فەرهاد عەونی**
**نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**٢٠٠٨/٦/١٥**

*　*　*

# جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لەشاندێکی ڕۆژنامەنووسیی کەرکووک دەکات

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٨/٦/١٧ بەڕێز (کۆسرەت ڕەسول عەلی) جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لەرۆژنامەنووسان (**شوان داوودی**) ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ((**لەتیف فاتح فەرەج**) سکرتێری لقی کەرکووکی سەندیکا و ژمارەیەک ڕۆژنامەنووسانی شاری کەرکووک.

لەدانیشتنێکدا ڕەوشی شاری کەرکووک بەگشتی و بواری ڕۆژنامەگەری لەشارەکەدا بەتایبەتی تاوتوێ کرا. لای خۆشیەوە بەڕێز جێگری سەرۆکی هەرێم پشتگیری خۆی بۆ ڕۆژنامەنووسانی شاری کەرکوک دەربڕی و پەنجا هەزار دۆلاری سەرف کرد وەک قەرەبووکردنەوە بۆ ڕۆژنامەنووسە زیان لێکەوتووەکانی تەقینەوە تیرۆریستییەکەی بەردەم کۆمەڵەی ڕوناکبیری کەرکووک لە ٢٠٠٧/٧/١٦ کە تێیدا هەشت ئۆتۆمبیلی تایبەت بەڕۆژنامەنووسان سوتا، هەروەک بەڕێزیان بەڵێنی وەرگرتنەوەی زەوییەکانی ڕۆژنامەنووسانی دا کە پێشتر بەسەر خێزانی ڕۆژنامەنووسە شەهیدەکان دابەش کرابوو، دواتر لێیان سەندرابوەوە، لای خۆشیانەوە ڕۆژنامەنووسانی شاری کەرکووک سوپاسی هەڵوێست و دەست پێشخەری بەڕێزیان کرد لەبەرەوپێش بردنی بواری ڕۆژنامەگەری و هاوکاری کردنی ڕۆژنامەنووسانی شاری کەرکووک.



* * *

# کۆنفرانسی دامەزراندنی لقی هەولێری سەندیکا

لەژێر دروشمی (**لەپێناو چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی و دەستەبەرکردنی ماف و گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان لەکوردستان**)، ڕۆژی ٢٠٠٨/٦/٢٢ لەهۆڵی سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەددین، بەئامادەبوونی بەڕێزان (**نەوزاد هادی**) پارێزگاری هەولێر و (**مەدحی مەندەلاوی**) وەزیری ڕۆشنبیری بەوەکالەت و نەقیب و جێگری نەقیب و سکرتێرو ژمارەیەک لەئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و بەبەشداری ١٨٩ ئەندام بەنوێنەرایەتی ڕۆژنامەنووسانی ئەندامی سەندیکا لەسنووری شاری هەولێر، کۆنفرانسی دامەزراندنی لقی هەولێری




سەندیکا بەڕێوەچوو.

سەرەتای کۆنفرانسەکە بەدەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی ڕۆژنامەنووسانی شەهید دەستی پێکرد.

پاشان وتاری سەندیکا لەلایەن (**مستەفا ساڵح کەریم**) جێگری نەقیبی ڕۆژنامەنووسان خوێندرایەوەو تێیدا وێڕای ئەوەی ئومێدی سەرکەوتنی بۆ کارەکانی کۆنفرانس خواست، جەختیشی لەسەر کۆشش کردن لەپێناو هێنانەدی ئامانج و دروشمە ناوەندییەکانی سەندیکا کردەوە.

دواتر هەریەک لەبەڕێزان پارێزگاری هەولێرو وەزیری ڕۆشنبیری بەوەکالەت وتاریان پێشکەش کرد، لە وتارەکانیاندا پشتگیری و پشتیوانی خۆیان و دام و دەزگا حکومییەکانیان لەپێناو بەرەوپێش چوونی ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی لەکوردستان دەربڕی.

پاشان وتاری لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانس لەلایەن (**زیرەک کەمال**) سەرۆکی لیژنەکە خوێندرایەوە، کە تێیدا ئاماژەی بەوردەکارییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ڕۆژنامەنووسان لەدام و دەزگا حکومی و حزبی و ئەهلییەکاندا کرد.

لەدانیشتنی دووەمی کۆنفرانس بەسەرپەرشتی دادوەر (**گەیلان خالید مستەفا**) و بەئامادەبوونی نوێنەری پارێزگای هەولێر، دوای ئەوەی شێوازی هەڵبژاردنی لیست زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا، دادوەر داوای لەئەندامانی کۆنفرانس کرد لیست ئامادە بکەن، بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژنامەنووس (**ئازاد حەمەد ئەمین**) لیستی (**چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسیی لەکوردستان**) پێشکەش کرد، لەبەرئەوەی هیچ لیستێکی تری ڕکابەر نەبوو، بۆیە لیستی ناوبراو متمانەی تەواوی دەنگەکانی بەدەست هێنا، لیستەکەش بریتی بوون لەو ڕۆژنامەنووسانە:

١. ئازاد حەمەد ئەمین
٢. سمکۆ عەبدولکەریم
٣. عەبدولکەریم یاسین
٤. هەندرێن ئەحمەد
٥. تۆنی جونسون وشام
٦. سەرەتا محەمەد
٧. ئۆبان جەوهەر.

لەیەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا بەئامادەبوونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسان ئیش و کارەکان لەنێوان ئەندامان دابەشکراو (**ئازاد حەمەد ئەمین**) بەسکرتێری لقی هەولێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هەڵبژێردرا.

# کردنەوەی لقی هەولێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان




ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٨/٦/٢٣ بەئامادەبوونی ژمارەیەک لەئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا و سکرتێرو ئەندامانی لێژنەی هەولێر و ژمارەیەک لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن، لەرێ و ڕەسمێکی شایستەدا **(فەرهاد عەونی)** نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بارەگای لقی هەولێری سەندیکای کردەوە، هەر بەم بۆنەیەوە لەوتەیەکدا نەقیبی ڕۆژنامەنووسان، وێڕای ئەوەی پیرۆزبایی لەسکرتێرو ئەندامانی هەڵبژێردراوی لقی هەولێر کرد، ئومێدی سەرکەوتنی لەکارەکانی بۆ خواستن و داوای لێکردن بەگیانی یەک تیمی ئیش و کارەکان بەئەنجام بگەیەنن.

* * *

# کۆبوونەوەی شەشەمی ئەنجوومەنی سەندیکا

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٨/٦/٢٥ لەبارەگای سەندیکا، بەئامادەبوونی نەقیب و جێگری نەقیب و سکرتێرو سەرجەم ئەندامانی ئەنجوومەن، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان شەشەمین کۆبوونەوەی ئاسایی مانگانەی خۆی گرێدا، کۆبوونەوەکە تەرخانکرا بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لێژنەی داکۆکی لەئازادی ڕۆژنامەنووس و مافی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لەم بارەیەوە ئەنجوومەن دوایین سەرنج و تێبینی خۆی لەسەر دا و چەندین گۆڕانکاری گونجاوی لەسەر هەندێک لەبڕگەکانی کرد، بۆ ئەوەی ببێتە بەڵگەنامەیەکی متمانە پێکراو.

* * *

# ڕاگەیەنراوی یەکەم کۆبوونەوەی فراوانی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و هەردوو لیژنەی چاودێری و بەرزەفت و لقەکانی سەندیکا

ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان... وەک نەریتێکی سەندیکایی و پیشەیی کە خۆی لەگردکردنەوەی هەموو ئەلقە سەرکردایەتییەکانی سەندیکا بەرجەستە دەکات. بۆئەوەی لەرێچکەی دروستکردنی بڕیاردا ڕۆڵیان هەبێت. بەپێی ئەم پرنسیپە کۆبوونەوەیەکی فراوان لەڕۆژی (٦/٢٦/ ٢٠٠٨) بەسترا... کە نەقیبی ڕۆژنامەنووسان و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاو هەردوو سەرۆک و ئەندامانی لیژنەکانی چاودێری و بەرزەفت و سکرتێرو ئەندامانی لقەکانی سەندیکا لە(**سلێمانی و کەرکووک و هەولێرو دهۆک و موسڵ**) تیایا بەشداربوون، ئەم کۆبوونەوەیەش بەمەبەستی تاوتوێ کردنی ڕاپۆرتی ئامادەکراو لەلایەن لیژنەی داکۆکیکردن لەئازادییە ڕۆژنامەگەرییەکان و مافی ڕۆژنامەنووسان لەکوردستان دا... سازکرا، تیایدا ڕاپۆرتەکە لەلایەن بەرپرسی لیژنەکە خوێندرایەوە، دواتر بەگیانێکی پیشەییەوە... بەتێرو تەسەلی گفتوگۆی دەربارە کرا.

لەتەوەری دووەمی کۆبوونەوەکەشدا، لەلایەن بەشداربووانی کۆبوونەوەکە، بابەتەکانی چۆنیەتی کارکردنی سەندیکایی و پیشەیی لەهەموو لقەکانی سەندیکا، خرانە بەر باس و لێکۆڵینەوە، هەروەها پێداویستی لقەکان و کێشەکانیان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان، تاوتوێ کران.. کۆبوونەوەکە (٥) سەعاتی خایاندو لەکۆتاییدا ڕاگەیەنراوێک ڕاگەیەنرا ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کۆبوونەوەیەکی فراوان لەهۆڵی سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەددین، لەسەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی (٢٠٠٨/٦/٢٦)... بەسترا، لەم کۆبوونەوەیەدا، نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و جێگری نەقیب و ئەندامانی ئەنجومەن و بەرپرس و ئەندامانی هەردوو لیژنەی چاودێری و بەرزەفتکردن و سکرتێرو ئەندامانی لقەکانی (**دهۆک و موسڵ و هەولێرو کەرکووک و سلێمانی**)، ئامادەبوون بەشێکی هەرە فراوانی کۆبوونەوەکە، بۆ خوێندنەوەو تاوتوێ کردنی ئەو ڕاپۆرتە بوو، کە لەلایەن لیژنەی بەرگری



کردن لەئەندامان ئامادەکرابوو.

راپۆرتەکە دوو بەش بوو: یەکەمیان رێڕەوی رۆژنامەگەری لەکوردستان و رەوشی لەبار بۆ دابینکردنی ئازادییەکان و ئەو پێشێلکارییانەی کە لێرەو لەوێ روودەدەن و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ژمارەیەک لەرۆژنامەنووسان بەبێ ئاگاداری سەندیکا، کە پێویستە لەم رووەوە سەندیکا ئاگاداربێت، لەخۆگرتبوو.

هەروەها لەپێشەکی راپۆرتەکەش ئاماژە بەوە کرابوو، کەوا سەندیکا پابەندی دابینکردنی ئازادییە بۆ رۆژنامەنووسان و پەرۆشی ئەوەشە دەرگای زانیارییەکان بۆ رۆژنامەنووسان والا بێت و رۆژنامەنووسان بانگهێشتی دەزگاکانی پۆلیس و دەستەی لێکۆڵینەوە (**بەبێ ئاگاداری سەندیکا**)... نەکرێن.

بەشی دووەمی راپۆرتەکە، هەموو ئەو حاڵەتانەی کە لە (٦) شەش مانگی رابردوو روویاندابوو، لە ٢٠٠٨/١/١، تاکو ٢٠٠٨/٦/٣٠ لەخۆگرتبوو.

ئەم حاڵەتانەش پێشێلکارییەکان و تەوقیفی رۆژنامەنووسان و ئیحالەکردنیان بۆ دەستەکانی لێکۆڵینەوەو دادگاکان گرتوتەوەو سەرەرای ئەم دەعوایانەی کە لەلایەن هاوڵاتیانەوە و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە کە دژی رۆژنامەنووسان لەدادگاکاندا تۆمارکراون.

سەبارەت ئەم دۆزانەی کە پەیوەندیداران بەپێشێلکاریان زانیوە.

راپۆرتەکەش کە هەموو ئەم حاڵەتانەی خستۆتە روو، جەختی لەسەر ئەوەش کردۆتەوە، کەوا ئەم دۆزانە هەر هەموویان پێشێلکاری نین...لەبەرئەوەی هەندێ لەم دۆزانە بەپێی رێنماییەکان خراونەتە بەردەم دادگاکان، بەڵام هەندێکی دیکەیان بەپێشێلکاری دادەنرێن، چونکە تیایاندا رەچاوی یاسا نەکراوەو سەندیکاش ئاگاداری بابەتی رووداوەکان نەکراوەتەوە.

دواتر بەرپرسی لێژنەی داکۆکیکردن لەراپۆرتەکەیدا برگەکانی ئەم رووداوانەی بەشوێن و رێکەوت و ئەنجامەکانی خستەروو، لەلایەن بەشداربووانیشەوە گفتوگۆی دەربارە کراو تێبینی خۆیان سەبارەت بەناوەرۆک و برگەکانی راپۆرتەکە دەربڕی و پاشانیش راپۆرتەکە پەسەندکرا.

دوای تەواوبوونی تەوەری یەکەم، نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان دەرگای والاکرد بۆ تەوەری دووەم، کە راپۆرتی سکرتێری لقەکانی لەخۆگرتبوو.

سەرەتا سکرتێری لقی سلێمانی راپۆرتی لقەکەی خوێندەوە، تیایدا ئاماژە بەسەرجەم چالاکییەکانی لق لەماوەی (٦) شەش مانگدا کرابوو، هەروەها تیشکی خستبووە سەر بەرنامەی کار کە لیژنەی لق ئامادەی کردبوو، جگە لەمەش سکرتێری لق ئاماژەی بەپەیوەندییە توندوتۆڵەکانی لقی لەگەڵ رێکخراوەکان و لایەنە کارگێڕییەکان و ئەمنییەکان و سەردانەکانی مەیدانی لق و پشتیوانی پارێزگای سلێمانی بۆ لق کرد.

پاشان سکرتێری لقی دهۆک راپۆرتی لقەکەی پێشکەش کرد، کە تیایدا ئاماژە بەبەرنامەی کارو دابەشکردنی کاروبارەکان و چالاکییە پیشەییەکان و هاوکاری پارێزگای دهۆک بۆ لق لەلایەنی ماددی و مەعنەوییەوەو پێشکەشکردنی ئاسانکاری بۆ لێژنەی لق و بەمەبەستی بەرەوپێش بردنی چالاکییەکانی... کرابوو.

دواتر سکرتێری لقی موسڵ، لەراپۆرتەکەیدا ئاماژەی بەبەستنی سیمینارو کۆبوونەوە لەبۆنە جیاجیاکانداو ئاڵوگۆرکردنی سەردانەکان و بەشداربوون لەچالاکییە رۆشنبیرییەکان و پێشکەشکردنی موحازەرات لەبابەتە جۆراوجۆرەکاندا کرد.

دوای ئەویش سکرتێری لقی کەرکوک، راپۆرتەکەی پێشکەش کرد، تیایدا ئاماژە بەچالاکییەکانی چەند مانگی رابردوو و بەستنی کۆبوونەوەی فراوان لەنێوان دەزگاکانی راگەیاندن و دەزگا رۆژنامەگەرییەکان و بەستنی سیمینار دەربارەی پرۆژەی کاری رۆژنامەنووسی و بەردەوام بوون لە داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان و



ئاڵوگۆڕکردنی سەردان و بەستنی پەیوەندی بەرهەمدار لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان کرابوو.

هەروەها ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەبەخششەکەی جێگری سەرۆکی هەرێم کردبوو، کە بەڕێزیان بڕی (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دۆلاری بەو ڕۆژنامەنووسانەی لەکارە تیرۆریستییەکەی کەرکووک زیانیان لێکەوتبوو بەخشی، ڕاپۆرتەکەش ئاماژەی بەو کێشانەی دابوو کە ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنووسانی کەرکووک دەبنەوە...لەدادگاکاندا.

لەکۆتایی ڕاپۆرتەکاندا... سکرتێری لقی هەولێر، داوای پۆزشی کرد لەپێشکەش نەکردنی ڕاپۆرتەکەی، لەبەرئەوەی لقی هەولێر تازە کراوەتەوەو...ماوەی کردنەوەکەشی لەهەفتەیەک تێنەپەڕیوە.

دواتر بەرپرسی لیژنەی چاودێری ڕاپۆرتێکی کورتی پێشکەش کرد و داوای لێبوردنی کرد، کە بەهۆی دواکەوتنی دامەزراندنی لقی هەولێر کارەکانی لیژنە وەستابوو، هەروەها بەرنامەی کاری ئایندەی لیژنەکەی خستەڕوو، ئینجا بەرپرسی لیژنەی بەرزەفتکردن گوتەیەکی پێشکەشکرد و ئامادەگی لیژنەی بۆ وەرگرتنی سکاڵاو داخوازی ئەندامانی بۆ توێژینەوەو چارەسەرکردنیان...دەربڕی.

لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا، بەشداربووان داوایان لەپەرلەمانی کوردستان کرد، بۆئەوەی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی بەزووترین کات هەموارو پەسەند بکات و بەهیچ پرۆژە یاسایەکی دیکەی نەبەستێتەوە.

# بەسەرپەرشتی نەقیبی ڕۆژنامەنووسان پلینیۆمی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەڕێوەچوو

کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٨/٦/٢٦ لەهۆڵی ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەددین، **(فەرهاد عەونی)** نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و بەئامادەبوونی جێگرو سکرتێرو ئەندامانی ئەنجومەن سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی فراوانی سەندیکای کرد، تیایدا سکرتێرو ئەندامانی لقەکانی **(هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، مووسڵ، دهۆک)** و بەرپرس و ئەندامانی هەردوو لیژنەی چاودێری و بەرزەفت ئامادەبوون.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بەدەقیقەیەک

وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی رۆژنامەنووس و تەواوی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد، دواتر **(مستەفا ساڵح کەریم)** جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسان وتاری سەندیکای خوێندەوە، تێیدا کارو چالاکییەکانی سەندیکاو بەرنامەی کاری ئایندەی سەندیکای خستەڕوو، دواتر تەوەرە سەرەکییەکانی کۆبوونەوەکە لەلایەن نەقیبی رۆژنامەنووسان باسیان لێوەکرا، دواتر رەشنووسی راپۆرتی لیژنەی داکۆکی لەئازادی رۆژنامەنووس و مافی رۆژنامەنووسانی کوردستان لەلایەن **(زیرەک کەمال)**ی سەرۆکی لیژنە خوێندرایەوەو لەلایەن ئامادەبووان دواین سەرنج و تێبینی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی راپۆرتەکە جێگیر کرا.

لەدواین تەوەری کۆبوونەوەکەش راپۆرتی لقەکان لەلایەن سکرتێری لقەکان خوێندرایەوە کە بریتی بوو لەکارو چالاکییەکانی لقەکانی سەندیکا لەماوەی شەش مانگی رابردوو.

* * *

## دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە بەهاوکاری لقی کەرکووکی سەندیکا پێشانگایەکی کتێب دەکاتەوە

بەچاودێری بەڕێز **(عەبدولڕەحمان مستەفا)** پارێزگاری کەرکووک و بەهاوکاری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لقی کەرکووک، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە رۆژانی ٢٦-٢٠٠٨/٦/٢٨ لەهۆڵی کازیوەی منداڵان، یەکەم پێشانگای بۆ چاپکراوەکانی خۆی کردەوە.

کردنەوەی پێشانگاکە لەچوارچێوەی ئەو کارو چالاکییانە دێت کە لقی کەرکووکی سەندیکا لەیادی ١١٠ ساڵەی رۆژی رۆژنامەگەری کوردی ئەنجامیدا.

جێگای باسە پێشانگاکە زیاتر لە ٣٥٠ کتێبی بەناوونیشانی جۆراوجۆر لەبوارەکانی ئەدەبی، رۆشنبیری، زانستی مێژوویی لەخۆگرتبوو.

* * *

## چالاکییەکانی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەگەڵ سەندیکاو ناوەند رۆژنامەنووس و راگەیاندنەکانی وڵاتی میسر رۆژانی ٢٢ تا ٢٩ ی حوزەیرانی ٢٠٠٨ (شێرکۆ حەبیب) بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا سەردانی قاهیرەی پایتەختی میسری کردو چەندین چاوپێکەوتنی ئەنجامدا، کە بریتی بوون لەچاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێزان:

موکەرەم محەمەد نەقیبی رۆژنامەنووسانی میسر، ئوسامە سەرایا سەرنووسەری رۆژنامەی ئەلئەهرام، محەمەد حەسەن ئەلعەنا جێگری سەرنووسەری رۆژنامەی ئەلئەهرام، محەمەد ئەلسەید ئەلنەجار

لەناوەندی ئەلئەهرام بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، بەهیەددین حەسەن، بەرپرسی ناوەندی لێکۆڵینەوە لەمافی مرۆڤ و خاتوو (ڕەشا) ئەندامی ناوەند، رجائی فاید نووسەرو ڕۆژنامەنووسی شارەزا لەپرسی کورد،

لەسەرجەم چاوپێکەوتنەکاندا بەڕێز بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا ڕەوشی ئازادی ڕۆژنامەنووس و کارو چالاکییەکان و دروشمە سەرەکییەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەزموونی سەرکەوتووی کوردستانی بۆ ئامادەبووان ڕوون کردەوە، هەروەک جەختی لەسەر پتەوکردنی پەیوەندی نێوان سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و سەندیکاو ناوەندە ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەکانی میسر کردەوە.



*   *   *

# سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕاپۆرتێک سەبارەت ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان بڵاودەکاتەوە

لەژێر ڕۆشنایی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی دووەمی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کاتژمێر (٧:٠٠)ی ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٨/٦/٣٠ لەبارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەشاری هەولێر بە ئامادەبوونی **(فەرهاد عەونی)** نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ژمارەیە لە ئەندامانی ئەنجومەن و لێژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی کە ژمارەیەکی زۆر لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن تێیدا ئامادەبوون، ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەلی هەمەلایەنەی لەسەر ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان بڵاوکردەوە.

لەسەرەتای کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسییەکە **(فەرهاد عەونی)** نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لەوتەیەکدا وێڕای بەخێرهێنان گوتی: **(سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان وەک ئەرک و دروشمی سەرەکی خۆی بەڵێنی داوە لەپێناو چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان و داکۆکیکردن لەماف و گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان، بەوپەڕی بوێری هەر شەش مانگ جارێک ڕاپۆرتێک لەسەر ڕەوشی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان بڵاوبکاتەوە)**.

دواتر (زیرەک کەمال) بەرپرسی لێژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لە وتەیەکدا ئاماژەی بە تەوەرە سەرەکییەکانی ڕاپۆرتەکە کرد.

لە کۆتاییدا هەریەک لە نەقیب و

ئەندامانی ئەنجوومەنی وەڵامی سەرجەم ئەو پرسیارانەیان داوە کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە ئاراستەیان کرا.

دەستپێکی ڕاپۆرتەکە چوار تەوەری سەرەکی لەخۆدەگرێت کە بریتییە لە:

١. ڕەوشی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان.
٢. چەند نموونەیەک لە کێشەو بەربەستەکانی بەردەم ڕۆژنامەنووسان.
٣. ڕۆژنامەنووس و یاسا.
٤. ڕۆژنامەنووس و پابەند نەبوونی بەپیشەی ڕۆژنامەنووسی هەروەک لەناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە جگە لەو یاداشت و نووسراوانەی کە سەندیکا بە مەبەستی داکۆکیکردن لەمافی ڕۆژنامەنووسان بۆ لایەنە بەرپرس و نێوەندە حکومییەکان ناردوویەتی، هەموو ئەو پێشێلکارییانەی وەکو (**تیرۆر، گرتن، لێدان، ڕاگرتن «توقیف»**)، کە لەلایەن نێوەندە بەرپرسە جۆراوجۆرەکان دژ بە ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە لەخۆ دەگرێت، ئەمە جگە لەو سکاڵایانەی کە لەلایەن نێوەندو بەرپرسەکان لەدادگا لەسەر ڕۆژنامەنووسان تۆمار کراو لە ڕاپۆرتەکە ئاماژەی پێدراوە.



* * *

# کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی پێشانگایەکی فۆتۆگرافی دەکاتەوە

کاتژمێر ٤ ی ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/١٢ لەبارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی کوردستان لەشاری هەولێر لەدووەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنیدا کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی بەئامادەبوونی بەڕێز (**فارس سەعدی**) سەرۆکی کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان پێشانگایەکی فۆتۆگرافی وەرزشی بۆ وێنەگران (**سیروان چاوبەخاڵ، مەحموود هەولێری، ئیسماعیل ڕەئوف، ئاسۆ عادل**) کردەوە، کە چەندین وێنەی فۆتۆگرافی وەرزشی لەخۆگرتبوو.

هەر بەم بۆنەیەوە کاتژمێر ٦ ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ لەیاریگای بچووککراوەی شەهید (**فرەنسۆ**) یارییەکی دۆستانە لەنێوان هەردوو تیپی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی و ناوبژیوانانی هەولێر بەڕێوەچوو.

# ئەنجوومەنی سەندیكا
# حەوتەمین كۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەبەستێت و داوای هەمواركردنی یاسای خانەنشینی ڕۆژنامەنووسان دەكات



سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/١٦ بەسەرپەرشتی نەقیب و بەئامادەبوونی جێگری نەقیب و سكرتێرو ئەندامانی ئەنجوومەن، سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان حەوتەمین كۆبوونەوەی ئاسایی خۆی گرێدا، جگە لەهەڵسەنگاندنی ئیش و كارەكانی لقەكانی سەندیكا، خۆئامادەكردن بۆ بەشداریكردن لەخێوەتگای دیدەوانی كە بڕیارە لەنێوان ڕۆژانی ٢٧ تا ٣١ی مانگ لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ زیاتر لە ٥٠ ڕۆژنامەنووس لەشارۆچكەی كەلار ئەنجامداو دەستنیشانكردنی كات و شوێنی ئەنجامدانی كۆنفرانسی لقی بەغدا نووسینگەكانی گەرمیان و سۆران و كۆنفرانسی كۆمەڵەی وەرزشی و لێژنەی پشتیوانی لەڕۆژنامەنووسانی مێیینە و هەڵسەنگاندنی گۆڤارەكانی (**ڕۆژنامەنووس و الصحفي**) تەوەری سەرەكی كۆبوونەوەكە بوون، كە بەدوور و درێژی گفتوگۆیان لەسەركراو بڕیاری پێویست لەبارەیانەوە وەرگیرا.

هەر لەكۆبوونەوەكەدا بڕیاردرا نووسراوێكی فەرمی ئاراستەی بەڕێز سەرۆكی حكومەتی كوردستان بكرێت كە تێیدا جەخت لەسەر هەمواركردنی یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠١)ی سندووقی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسانی كوردستان بكرێتەوەو بڕی مووچەی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسان لە (١٠٨) هەزار دینار بكرێتە ٥٠٠ هەزار دینار.

هەروەك بڕیاردرا یاداشتێك ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان بكرێت بە مەبەستی پەلەكردن لەپەسەندكردنی یاسای كاری ڕۆژنامەنووسی لەكوردستان بەلەبەرچاوگرتنی دوایین سەرنج و تێبینییەكانی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان.

**وا لەخوارەوەش، دەقی نووسراوی سەندیكا، سەبارەت زیادكردنی مووچەی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسان بۆ ڕێزدار سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان، دەخەینەڕوو:**

## بەڕێز/ کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

سڵاوێکی گەرم...

ویڕای ڕێز و سوپاس و پێزانینی ئەنجوومەنی سەندیکا بۆ ئەو هاوکاری و پشتگیرییەی کە بۆ سەندیکاو ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەیکەن، هیوادارین ئەم داواکاریەشمان لێ قەبول بکەن کە لەخزمەتی خێزانی ڕۆژنامەنووسانی شەهید و کۆچکردوودایە، کە بریتییە لەهەموارکردنی یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠١)ی سەندووقی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە بەنووسراوی ژمارە (١٤٦٠) لە ٢٠٠٧/١١/٢٨ ئاراستەی بەڕێزتانمان کردبوو دەربارەی هەمواركردنەكە، جارێکی تر بۆ بەڕێزتانی دەنێرینەوە، بۆ ئەوەی بەچاوێکی باوکانە تەماشای خێزانی ڕۆژنامەنووسانی شەهید و کۆچکردوو بکەن بەزیادکردنی بڕی مووچەی خانەنشینی لە (١٠٨) هەزار دینارەوە بۆ (٥٠٠) هەزار دینار.. لێرەدا بەبیری بەڕێزتان دەهێنینەوە کە ئێمە پێشی ماوەیەک لەگەڵ لێژنەی یاسای ئەنجوومەنی وەزیراندا ئەو مەسەلەیەمان تاوتوی کردو ئەوانیش ڕەزامەندی خۆیان دەربڕی و هەموارکردنەکەیان پەسەندکرد، بەڵام تاکو ئێستا بێ ئاکامە.. شیاوی باسە ئەوانەی کە تا ئێستا ئەو یاسایانە دەیانگرێتەوە بریتین لەخێزانی (٧) ڕۆژنامەنووس.

**لەگەڵ ڕێزماندا**

**فەرهاد عەونی**
**نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**

* * *

## ڕاگەیاندنێک لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانەی کوردستان دەربارەی شەهید کردنی ڕۆژنامەنووس (سۆران مامە حەمە)

شەوی ٢١-٢٠٠٨/٧/٢٢ ڕۆژنامەنووس (سۆران مامە حەمە) ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەماڵەکەی خۆی لە شاری کەرکوک بانگهێشتی دەرەوە دەکرێت و دواتر هەر لەو شوێنەدا شەهیدی دەکەن.

دیارە لیژنەی داکۆکی کردن لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە ڕاپۆرتی شەش مانگی خۆیدا کە لە ٢٠٠٨/٦/٣٠ بڵاوی کردووە لە برگەی (٢)ی تەوەری هەڕەشەکردن لە ڕۆژنامەنووساندا، ئاماژەی بەوەکردووە کە ڕۆژنامەنووس (سۆران مامە حەمە) لە ٢٠٠٨/٥/١٥ بە ژمارە مۆبایلی (١٥ ٢٠ ٥٩٧ ٠٧٧٠) هەڕەشەی لێکراوە، ئێمە لە ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی

کوردستان ئەو کارە تیرۆرستی و دژە ئینسانییە بە توندی مەحکوم دەکەین و داوا لە حکومەتی عێراق و بە گشتی و کاربەدەستانی ئیداری شاری کەرکووک بەتایبەتی دەکەین کە بەپەلە بە دواداچوون بکەن و ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە گەورەیە بدۆزنەوەو بە سزای یاساییان بگەیێنن.

هەروەها بەم بۆنە خەمناکەوە پرسەو هاوخەمی خۆمان ئاراستەی خانەوادە بەرێزەکەی دەکەین و خوازیاری ئەوەین دواکۆست و ناسۆریان بێت.

* * *

# نەقیبی ڕۆژنامەنووسان سەرپەرشتی کۆبوونەوەی دەستەی کارگێڕی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی کرد

کاتژمێر (١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٤ لەبارەگای سەندیکا لەشاری هەولێر **(فەرهاد عەونی)** نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەئامادەبوونی ئەکەد موراد، جەمال حسێن، ئەندامانی ئەنجوومەن سەرپەرشتی کۆبونەوەی ئاسایی دەستەی کارگێڕی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی کرد.

هەڵسەنگاندنی کارو چالاکییەکانی کۆمەڵەو دانانی بەرنامەی کاری داهاتوو و خۆئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی تەوەری سەرەکی کۆبونەوەکە بوون کە بەدوورو درێژی قسەو باسیان لێوەکراو بڕیار و ڕاسپاردەی پێویستیان لەبارەیەوە وەرگیرا.



* * *

# کونسوڵی بەریتانی لەکوردستان پێشوازی لەشاندی سەندیکا دەکات

لەسەر بانگهێشتی کونسوڵییەی بەریتانیا لەکوردستان و باکووری عیراق، سەر لەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٦ لەهوتێل خانزادی شاری هەولێر شاندێکی سەندیکا کە پێکهاتبوو لە **(فەرهاد عەونی)** نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و **(حامد محەمەد عەلی)** سکرتێری سەندیکا لەگەڵ بەڕێز **(ڕۆبەرت ویڵسن)** کونسوڵی گشتی بەریتانیا کۆبووەوە.

لەکۆبوونەوەکەدا قسەو باس لەڕەوشی گشتی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری لەکوردستان و واقیعی کاری ڕۆژنامەگەری و ئازادی ڕۆژنامەنووسی لەهەرێمی کوردستان دا کرا.

لەم بارەیەوە نەقیبی ڕۆژنامەنووسان تیشکی خستە سەر قۆناغەکانی گەشەسەندنی ئاستی ڕۆژنامەگەری لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و چۆنیەتی دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کە بۆتە چوارچێوەیەکی گشتی بۆ سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان، هەروەها نەقیبی ڕۆژنامەنووسان ئاماژەی بەهەنگاوەکانی پرۆژە یاسایی کاری ڕۆژنامەنووسی لەکوردستان دا کرد. لەتەوەرێکی دیکە کۆبوونەوەکەدا باس لەڕاپۆرتی لێژنەی داکۆکی لەمافی ڕۆژنامەنووسان و ئازادی ڕۆژنامەنووسی لەکوردستان دا کرا، کە هەر شەش مانگ جارێک سەندیکا بڵاوی دەکاتەوەبڵاودەکرێتەوە.

لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا کونسوڵی بەریتانیا باسی لەبیرۆکەی سازدانی وۆرک شۆپی هاوبەش لەنێوان ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و عیراق و وڵاتانی دراوسێ کردو بەڵێنی دا لەداهاتوودا ناوەرۆکی بیرۆکەکە بۆ سەندیکای ڕۆژنامەنووسان شی بکاتەوە.

هەر بە هەمان مەبەست، دوای نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/٤ نەقیبی رۆژنامەنووسان و سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا لەلایەن (رۆبەرت ویڵسن) پێشوازی کران و بۆ ماوەی کاتژمێرێک گفتوگۆ لەسەر چەند بابەتێکی رۆژنامەنووسیی تاوتوێکراو بە مەبەستی زیادکردنی ژمارەی ئەو رۆژنامەنووسانەی کە بڕیار وایە لە وۆرک شۆپی عەممانی پایتەختی ئوردەن بەشداری بکەن، گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە (١٥) رۆژنامەنووس لەلایەن سەندیکاوە هەڵبژێردرێت بۆ ئەو مەبەستە.

شایانی باسە ئەنجوومەنی سەندیکاش لە رێگای لقەکانەوە داوای دەستنیشانکردنی نوێنەران و پێداویستییەکانیان بۆ بەشداری کردن لەو وۆرک شۆپە.

ئەمەو بەڕێز ویلسن پشتگیری و هاوکاری خۆی بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان دووپات کردەوە.



* * *

# دیدارێک لەگەڵ شاندی یۆنامی

ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٧ شاندێکی سەندیکا کە پێکهاتبوو لەبەڕێزان زیرەک کەمال و ئەکەد موراد لەئوتێلی چوارچرا لەهەولێر، چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ شاندی یۆنامی کە پێکهاتبوو لەبەڕێزان ئیلیانە نەبع جێگری بەڕێوەبەری ڕێکخراوی یۆنامی و بەڕێز سەباح عەبدولڕەحمان ئەندامی ئەم ڕێکخراوە کرد.

سەرەتا باسی کاری سەرەکی سەندیکا کرا، کە جەخت لەسەر ئازادی ڕۆژنامەگەری لەکوردستاندا دەکات و یەکەم ڕاپۆرتی سەندیکا دەربارەی ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی لەکوردستان لەماوەی ١/١ تا ٢٠٠٨/٦/٣٠ کە تیایا گشت پێشێلکارییەکانی سەر ڕۆژنامەنووسان دیاریکراو خرایەڕوو و تەئکیدیش کرا لەسەر پڕۆژە یاسای سەندیکا، کە ماوەیەکە لەپەرلەمانی کوردستان دایە بۆ بڕیار لەسەر دانی، چونکە تائێستا ڕۆژنامەنووسان بەبێ یاسای تایبەت حوکم دەدرێن.

پاشان شاندی یۆنامی دەستخۆشی لەکارەکانی سەندیکا سەبارەت بەو ڕاپۆرتە و چالاکییەکانی دیکەی کرد و ئامادەیان بۆ هاوکاری سەندیکا لەچالاکییەکانی لەبارەی ئازادی و کاری ڕۆژنامەگەری دەربڕی.

* * *

# ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەشداری خۆپیشاندانەکەی هەولێر دەکەن

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٩،بەهەزاران هاوڵاتی شاری هەولێر بەسەرجەم چین و توێژ و پێکهاتەکانییەوە بەمەبەستی ڕەتکردنەوەی ماددەی (٢٤)ی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان، بەتایبەتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، خۆپیشاندانێکی ئاشتییانەیان لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدا.

لەخۆپیشاندانەکەدا هاووڵاتیان داوای



جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عیراق و ڕەتکردنەوەی ماددەی (٢٤)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیان دەکرد، کە ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٢ لەپیلانێکی بەرنامە بۆ داڕێژراودا بەبێ ئامادەبوونی لیستەکانی هاوپەیمانی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق پەسەندی کرد، کە دژ بەبنەماکانی پێکەوە ژیانی پێکهاتە جیاجیاکانی عیراقی نوێیە، جێگەی باسە سکرتێری سەندیکا و ژمارەیەک لەئەندامانی ئەنجوومەن و سکرتێرو ئەندامانی لقی هەولێر و سەرنووسەرو جێگری سەرنووسەری گۆڤاری ڕۆژنامەنووس و تەواوی فەرمانبەرانی یەکەی کارگێڕی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسان بەشداری بەرچاویان لەخۆپیشاندانەکە کرد.

* * *

# کۆنفرانسی نووسینگەی گەرمیانی سەندیکا بەسترا

بە ئامادە بوونی نەقیب و جێگری نەقیب و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەن، سەعات (٥)ی سەر لە ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٨/٧/٣١ لە هۆڵی هونەرمەندانی (کەلار) لەژێر دروشمی **(لەپێناو چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی و دەستەبەرکردنی ماف و گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان)**، بە بەشداری (٨٥) ڕۆژنامەنووسی ئەندامی کارای سەندیکا، کۆنفرانسی نووسینگەی گەرمیانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەستی بە کارەکانی کرد لە سەرەتای کۆنفرانسەکە بە ساتێک وەستان بۆگیانی شەهیدانی کوردستان و شەهیدانی ڕۆژنامەنووسی دەستی پێکرد. دوایی **(فەرهاد عەونی)** نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان وتاری ئەنجومەنی سەندیکای پێشکەش کرد و تیایدا وێڕای دەستخۆشی لە ڕۆژنامەنووسانی گەرمیان، جەختی لەسەر هەنگاوەکانی سەندیکا کردەوە لە پێناو پاراستنی یەکریزی ڕۆژنامەنووسان و داکۆکی کردن لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و ماف وگوزەرانی ڕۆژنامەنووسان. دواتر دەرفەت بە ڕۆژنامەنووسانی ئەندامانی کۆنفرانسەکە درا، کە لیستی پاڵێوراوانی



خۆیان بۆ نووسینگەی گەرمیانی سەندیکا پێشکەش بکەن، بەڵام لەبەرئەوەی تەنیا لیستێک پێشکەش کرا کە ئەویش (**لیستی چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی**)بوو، ئەوەبوو لیستەکە خرایە دەنگدانەوە و بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی کۆنفرانس (٦٨ دەنگ) هەڵبژێردران ئەمەش ناوی ئەندامانی نووسینگەکەیە:

١. تەحسین ئیبراهیم بابان
٢. کاروان عەلی یاروەیس
٣. بێستون شەوکەت (بێستون ژاڵەیی)
٤. ئارام ئیکرام عەلی
٥. ساڵح عەلی فەرەج
٦. جەمال ئەکبەر ناوخاس
٧. سامان کەریم مەحمود
٨. هیوا محەمەد عەلی/ ئەندامی یەدەگ

دواتر لە یەکەم کۆبوونەوەی لیژنەی نووسینگە بە ئامادەبوونی نەقیب و جێگری نەقیب و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا (**تەحسین ئیبراهیم بابان**) بە سکرتێری نووسینگەکە هەڵبژێردرا.

* * *

# رێکخستنی خێوەتگایەکی دێدەوانی بۆ رۆژنامەنووسان

لە رۆژانی (٢٧-٢٠٠٨/٧/٣١) و لە ناوچەی دەربەندیخاندا، یەکەمین خێوەتگای دێدەوانی بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان رێکخرا.

لەم خێوەتگایەدا (٦٠) رۆژنامەنووس لە رۆژنامەنووسانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان تیایدا بەشداربوون.

بەرنامەی خێوەتگاکە لایەنی رۆشنبیری و وەرزشی ئەنجامدانی دیالۆگ سەبارەت کاری پیشەیی لە خۆگرتبوو.

لەلایەنی رۆشنبیرییەوە، چەندین موحازەرەی بەسوود پێشکەشکران و چەندین کۆڕی دیالۆگ و ئاڵوگۆڕکردنی بیرورا سازکرا.

لە بواری وەرزشیدا، بەیانیان بۆ ماوەی سەعاتێک مەشقی وەرزشی ئەنجامدەدرا هەروەها رۆژانەش ئاهەنگ رێکدەخراو بەشداربووان خۆیان برگەکانی ئاهەنگەکەیان رێکدەخست و پێشکەش دەکرد.

خێوەتگاکەش لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری بە هاوکاری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان رێکخرابوو.



# لەنووسراوێکی فەرمیدا، سەندیکای رۆژنامەنووسان جەخت لەسەر پەلە کردن لەپەسەندکردنی یاسای کاری رۆژنامەنووسیی لە کوردستان دەکاتەوە

**بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

سڵاوو رێز..

لەم ماوەیەی دواییدا دەنگۆیەک بڵاو بووەوە، کە گوایە چەند هەوڵێک لە ئارادایە بە مەبەستی تێکەڵکردنی **(پرۆژە یاسای کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان)** کە پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٧/١٢/١٣ بەبڕیار پەسەندی کردو پاشتر لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە گەڕێندرایەوە بۆ پەرلەمان، لەگەڵ پرۆژە یاسایەکی دیکەدا بەناوی **(پرۆژە یاسای راگەیاندن)**.

ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە کۆبوونەوەی فراوانی خۆیدا لەگەڵ سەرجەم سکرتێرو ئەندامانی لقەکان و لێژنەکانی سەندیکادا لەرۆژی ٢٠٠٨/٦/٢٦، تاوتوێی ئەو مەسەلەیەی کرد، کە تێیدا بەکۆی دەنگ بڕیاردرا یاداشتێک ئاراستەی بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بکرێت بە **(نارازیبوونی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەهەر جۆرە تێکەڵکردنێک کە هەوڵی بۆ دەدرێت)**..

ئێمە جارێکی دیکە جەخت لەسەر راو سەرنج و پێشنیازەکان دەکەینەوە کە بە نووسراوی ژمارە (٥٣) لە ٢٠٠٨/٢/١١ پێشکەش بە بەڕێزتان کرابوو، کە تێیدا رای سەرنووسەری زۆربەی رۆژنامە حزبی و ئەهلییەکان وەرگیرابوو.

هەروەها دەمانەوێت جەخت لەسەر ئەو راستییە بکەینەوە کە هەر تێکەڵکردنێکی پرۆژە یاساکەی سەندیکا لەگەڵ هەر پرۆژەیەکی دیکەدا دەبێتە مایەی لەباربردنی پرۆژەکە، کە تایبەتە بەرێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی و پیشەی رۆژنامەگەری لە کوردستان. بۆیە هیوادارین لەخولی نوێی پەرلەماندا بخرێتە ئەوەلیاتی بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە بەو شێوەیەی کە هەبووە..

**لەگەڵ رێزماندا..**

**فەرهاد عەونی**
**نەقیبی رۆژنامەنووسانی**
**کوردستان**

هەواڵنامەی کتێب

**بە مەبەستی ئاگاداربوونی سەرۆکایەتی پەرلەمان و رۆژنامەنووسانی کوردستان لە هەنگاوەکانی ئامادەکردنی ئەم پرۆژە یاسایەو ئەو هەوڵ و کۆششانەی ئەنجوومەنی سەندیکا داویەتی بۆ وەرگرتنی راو سەرنج پێشنیاری رۆژنامەنووسانی کوردستان سەبارەت بە پرۆژەکە، وا لە خوارەوە راپۆرتێک دەربارەی چۆنیەتی ئامادەکردنی پرۆژەکە هەر لەسەرەتاوە تا پێشکەشکردنی بە پەرلەمانی کوردستان دەخەینەڕوو:**

## هەنگاوەکانی ئامادەکردنی
## (پرۆژە یاسای کاری رۆژنامەگەری لە کوردستان)

<u>دەسپێک:</u>

لەبەر رۆشنایی یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرەی گشتی یەکەم کە لە رۆژانی ١٣-٢٠٠٣/١٢/١٥ لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەسترا، کە بریتی بوو لە پێکهێنانی لێژنەیەک لە ئەنجوومەنی سەندیکاو دەرەوەی ئەنجوومەن بە مەبەستی گەڵاڵەکردنی پرۆژە یاسایەک بۆ (**رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان**)، هەروەها پاش هەستکردن بە بوونی بۆشاییەکی تەواو لە رووی یاساییەوە بۆ رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی، چونکە هەر کارو پیشەیەک ئەگەر چوارچێوەیەکی یاسایی نەبێت، بەتایبەت کاری رۆژنامەنووسیی، دەبێتە هۆکاری دروستبوون و سەرهەڵدانی کێشەو ئاستەنگی جۆراوجۆر، وەک ئاشکرایە پاش راپەڕینی ١٩٩١ کاری رۆژنامەنووسی پێی نایە قۆناغێکی تازەوە، چ لە رووی چەندایەتی و چ لە رووی چۆنایەتییەوە، سەرەڕای نەبوونی سانسۆر بەپێی یاسای ژمارە (١٠) ی چاپەمەنی ساڵی (١٩٩٣)ی پەرلەمان، کە تا رادەیەکی گەورە بواری کاری رۆژنامەنووسی فراوان و پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینی، پێویستی ئەوەی دەکرد ئەو ئازادییەی بەدەست هاتووە بە یاسایەکی شارستانی و سەردەمیانە رێکبخرێت. ئەوەبوو لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن کە لە کۆتایی مانگی (مایسی ٢٠٠٥) لە هەولێر ئەنجامدرا، بڕیاردرا بە پێکهێنانی لێژنەکە وەک ئەرکێکی پیشەیی و مێژوویی سەندیکا کە پێشتریش لە ساڵی (١٩٩٨ و ٢٠٠١) هەردوو پرۆژە یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و سەندوقی خانەنشینی رۆژنامەنووسانی کوردستانی ئامادەو پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کردبوو، کە هەردووکیان لەلایەن پەرلەمانەوە بە ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٩٨) و ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠١) پەسەندکران. لێژنەکەش پێکهاتبوو لەم پەرلەمانتارو رۆژنامەنووس و یاساناس و مامۆستایانەی زانکۆی لای خوارەوە:

١. فیکرەت عیزەت/ پارێزەر.
٢. ئەحمەد عەبدوڵڵا خدر/ پارێزەر.
٣. تاریق جامباز/ پەرلەمانتارو یاساناس.
٤. حوسامەدین سەرداری/ پارێزەر.
٥. د. کەمال سەعدی/ مامۆستای زانکۆ لە بواری یاسا.
٦.خالید بەکر ئەیوب/ ئەندامی ئەنجوومەن.
٧. حامید محەمەد عەلی/ ئەندامی ئەنجوومەن.
٨. زیرەک کەمال/ ئەندامی ئەنجوومەن.
٩. ئەکەد موراد/ ئەندامی ئەنجوومەن.
١٠. فەرهاد عەونی/ نەقیبی رۆژنامەنووسان.
١١. ئازاد حەمەدئەمین/ یاساناس. تەنیا لەچەند کۆبوونەوەیەکی سەرەتادا بەشداربوو.
١٢. مەسعود مستەفا/ یاساناس، بەڕێوەبەری یاسایی وەزارەتی رۆشنبیری. تەنیا لەچەند کۆبوونەوەیەکی سەرەتادا بەشداربوو.

# قۆناغەکانی ئامادەکردنی پرۆژەکە
# تاکو گەیشتنی بە پەرلەمانی کوردستان

**یەکەم/**

رۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٥ یەکەمین کۆبوونەوەی لیژنـەی ئامادەکار، بە بەشـداری سـەرجەم ئەوانـەی کـە لەسـەرەوە ناویـان هاتـووە ئەنجامدرا. کە تێیدا رەشنووسی ئەو پرۆژەیە کە پێشـتر لەلایەن (**یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردسـتان**) لـە سـلێمانی ئامادەکرابـوو، گفتوگـۆی لەسـەر کـرا، وەکـو بنەمایەک بۆ سـوود وەرگرتن لـە مـاددەو بڕگەکانی ئەو پرۆژەیە..

**دووەم/**

لەنێـوان کۆبوونـەوەی یەکـەم تاکـو (٢٠٠٥/٦/٢٣) لیژنـەی ئامـادەکار چـوار کۆبوونەوەی چڕو پڕی ئەنجامدا، بە مەبەستی گەڵاڵەکردنی پرۆژە یاساکە.

**سێیەم/**

رۆژی (٢٠٠٥/١٠/٢٢) لیژنـەی ئامادەکار پێنجەمیـن کۆبوونەوەی خـۆی ئەنجامدا، بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر دوا رەشنووسی پـرۆژەی ئامادەکراو کە بریتی بـوو لە (٢١) مادەو (٥) بـەش. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا بە بڵاوکردنەوەی رەشنووسـەکە بەهەردوو زمانـی کـوردی و عەرەبـی لـە کەناڵەکانـی راگەیاندن و سایتی سەندیکا، بۆ ئاگاداربوونی رۆژنامەنووسـان و رۆشنبیران لە پرۆژەکەو وەرگرتنی راو سـەرنج و پێشنیازەکانیان بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە، کە تاکو ٢٠٠٦/٢/١٥ ماوەی بۆ دیاری کرابوو..

**چوارەم/**

رۆژی (٢٠٠٥/١١/٨) پـرۆژە یاسـاکە بەزمانـی (**کـوردی و عەرەبـی**) لەرۆژنامەی (**الصحفـی**) بڵاوکرایـەوە. هەروەهـا لە چەند سایت و رۆژنامەیەک..

**پێنجەم/**

رۆژی ٢٠٠٥/١١/٢٨ ئەنجوومەنـی سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسـیی بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن سازکرد، بە ئامادەبوونی سەرۆک و ئەندامانـی هـەردوو لیژنـەی چاودێری و بەرزەفتکردن..

لە کۆنگرەکەدا نەقیبی رۆژنامەنووسان پاش راگەیاندنی تەواوبوونی پرۆژەکە ئاماژەی بە گرنگی پرۆژە یاساکە کردو داوای لەسەرجەم رۆژنامەنووسان و رۆشـنبیرانی کوردستان کرد کە بەشـداری بکەن لە دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکـە بـە سـەرنج و پێشـنیارەکانیان. هەروەهـا رۆژی ٢٠٠٦/٢/١٥ی دیـاری کرد کە دوا ماوەیە بۆ وەرگرتنی راو سەرنجەکان لەسەر پرۆژەکە. لە کۆنگرەکەدا رەشنووسی پرۆژەکە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دابەشـکرا بەسـەر کەناڵەکانـی راگەیاندندا، هەروەهـا راگەیەنـدرا کـە بۆ ئەو مەبەسـتە کـۆڕو سـیمیناری تایبەت و فـراوان لەلایەن لقەکانی سەندیکاوە سازدەکرێت..

**شەشەم/**

پـاش راگەیاندنی رەشنووسـی پرۆژەکە لـە رۆژی ٢٠٠٥/١١/٢٨ تاکـو ٢٠٠٦/٩/١٦ لەسـەرجەم لقەکانـی سـەندیکا (**کەرکووک، سلێمانی، دهۆک، موسڵ، بەغدا**) هەروەها لـە هەردوو دەڤەری (**سـۆران و گەرمیان**) و لەلایـەن مەکتەبـی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سـەندیکا لە شـاری (**لەندەن**) چەندین کۆڕو سـیمینار بـۆ گفتوگـۆکـردن لەسـەر پـرۆژە یاساکە سـازکراوە، راو سەرنج و پێشنیازی بەشـداربووان وەرگیـران بـە مەبەسـتی دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە.

سـەرەڕای دەیـان دیمانـەو میزگـردو بڵاوکردنـەوەی چەندیـن بابەتـی تایبـەت دەربارەی ئەو پرۆژەیە.

**حەوتەم/**

رۆژی (٢٠٠٦/٤/٢٢) لەیادی (١٠٨) ساڵەی رۆژنامەگـەری کوردیـدا، لەچوارچێـوەی (**فێسـتیڤاڵی سـێیەمی بەدرخـان**) کـە لـە هەولێـر سـازکرا، تێیـدا رۆژی ٤/٢٢ بـە تـەواوی بـۆ گفتوگۆکـردن لەسـەر پـرۆژە یاسـاکە تەرخانکـرا کە ژمارەیەکـی بەرچاو و زۆر لـە رۆژنامەنووسـان و رۆشـنبیران بەشدارییان تێدا کرد، لەنێوان دوو دانیشتن دا

کەماوەی (٨) سەعاتی خایاند، راو سەرنجی ئامادەبووان وەرگیرا، کە تا رادەیەکی زۆر پرۆژە یاساکەی دەوڵەمەندکرد، لەسەر رۆشنایی سیمینارەکە لێژنەی ئامادەکار دوو کۆبوونەوەی تێروتەسەلی ئەنجامداو جارێکی دیکە پرۆژەکەی داڕشتەوە..

**هەشتەم/**

لە سەرەتای مانگی (**تەمووزی ٢٠٠٦**) بۆ جاری دووەم رەشنووسی پرۆژە یاساکە بە هەردوو زمانی (**کوردی و عەرەبی**) لە چەندین رۆژنامەو سایتی سەندیکاو لە رۆژنامەی (**الصحفی**) بڵاوکرایەوە، دیسان بە مەبەستی ئاگاداربوونی رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران و دەربڕینی راو سەرنجیان لەسەری..

**نۆیەم/**

رۆژی ٢٠٠٦/٩/١٦ بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی سەندیکا، لێژنەی ئامادەکار کۆنفرانسێکی بەرفراوانی لەهۆڵی سەنتەری رۆشنبیری زانکۆی سەڵاحەددین لە هەولێر سازکرد، کە تێیدا زیاتر لە (١٥٠) رۆژنامەنووس و رۆشنبیرو پەرلەمانتارو مامۆستای زانکۆ ئامادەو بەشداربوون، تیایدا بەشێوازی وۆرک شۆپ (١٥) گروپ پێکهێنرا بە گوێرەی ژمارەی ماددەکانی پرۆژەکەو بەوردی و تێرو تەسەلی گفتوگۆ لەسەر پرۆژەکە کرا. لەکۆتایی کۆنفرانسەکەدا راو سەرنجی زۆربەی بەشداربووانی لەسەر وەرگیرا..

کۆنفرانسەکە رۆژێکی تەواوی خایاند و بڕیاردرا جارێکی دیکە پاش داڕشتنەوەی لەبەر رۆشنایی راو سەرنجی بەشداربووانی کۆنفرانسەکە، پرۆژەکە بڵاوبکرێتەوە.

**دەیەم/**

لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦ بۆ جاری سێیەم، پرۆژە یاساکە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، لە هەندێ رۆژنامەو گۆڤارو سایتی سەندیکاش بڵاوکرایەوە. ئەویش دیسانەوە هەر بە مەبەستی ئاشنابوون و ئاگاداربوونی رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران و دەربڕینی راوسەرنجیان لەسەری..

**یازدەیەم/**

بۆ دواجار لێژنەی ئامادەکار لە ٢٠٠٦/١٠/١٠ دوا کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامداو بڕیاریدا پرۆژەکە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستانی بکرێ..

**دوازدەیەم/**

رۆژی ٢٠٠٦/١٠/١٧ وەفدی ئەنجوومەنی سەندیکا سەردانی بەڕێز (**عەدنان موفتی**) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی کردو بە رەسمی پرۆژە یاسای کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی پێشکەشی بەڕێزیان کردو، هیوایان خواست کە بەڕێزیان هاوکارو پشتیوانی سەندیکا بێ لە پەسندکردنی پرۆژە یاساکە..

**سێزدەیەم/**

لەبەر هەندێ هۆکاری هونەری کە دەبوایە پرۆژە یاساکە لە رێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەشی پەرلەمان بکرێت، یاخود (١٠) پەرلەمانتار ئیمزای لەسەر بکەن و بیدەنە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام ئەنجومەنی سەندیکا راستەوخۆ پرۆژەکەی دایە دەست بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دیارە ئەمەش بووە هۆی دواکەوتنی پرۆژەکە لە پەرلەمان.

**چواردەیەم/**

ئەوەبوو جارێکی دیکە ئەنجوومەنی سەندیکا بە نووسراوی ژمارە (١٣٤٧) لە ٢٠٠٧/٧/٢٤ پرۆژەکەی پێشکەشی وەزارەتی رۆشنبیری کرد بۆ ئەوەی لە رێگەی وەزارەتەوە بدرێتە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران.

**پازدەیەم/**

رۆژی ٢٠٠٧/٩/٢٤ شاندێکی ئەنجوومەنی سەندیکا لەگەڵ لێژنەیەکی تایبەت کە بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەو کارە پێکهاتبوو، کۆبووەوە بە مەبەستی تاوتوێ کردنی ماددەو بڕگەکانی پرۆژەکە کە تێیدا لێژنەی ناوبراو هەندێ راوسەرنجی ئاسایی هەبوو، بەڵام بەگشتی لێک تێگەیشتنێکی تەواو هەبوو، دەربارەی زۆربەی ماددەو بڕگەکان..

**شازدەیەم/**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەنووسراوی ژمارە (٢٤٤٧) لە ٢٠٠٧/٩/٢٧

بە ئیمزای بەڕێز سەرۆکی حکومەت پرۆژە یاساکەیان بۆ پەرلەمانی کوردستان نارد.

**حەڤدەیەم/**

پەرلەمانی کوردستان لەرێگەی هەردوو لیژنەی یاسایی و رۆشنبیری بەجیا دوو دانیشتنی تێرو تەسەلی لەرۆژانی ٢٠٠٧/١٠/٢٨ و ٢٠٠٧/١١/٢٥ لەگەڵ شاندی ئەنجوومەنی سەندیکا ئەنجامدا، هەروەها دانیشتنێکی فراوانی هاوبەشی هەردوو لیژنەی ناوبراوی پەرلەمان و شاندی ئەنجوومەنی سەندیکا، بە سەرپەرشتی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان و بە بەشداری بەڕێز وەزیری رۆشنبیری لەرۆژی ٢٠٠٧/١٢/١ بەڕێوەچوو، کە تێیدا سەرتاپای برگەو ماددەکانی پرۆژەکە گفتوگۆیان لەسەر کراو تێیدا هەندێ رای جیاواز لەسەر هەندێ ماددەو برگە هەبوو..

**هەژدەیەم/**

پەرلەمانی کوردستان لە رۆژانی ٤، ٥، ١١، ٢٠٠٧/١٢/١٢ لە چەند دانیشتنێکدا کە (١٧) سەعاتی خایاند بەدرێژی و تێرو تەسەلی گفتوگۆی لەسەر پرۆژە یاساکە کرد، کە تێیدا راوبۆچوونی جیاواز لەسەر زۆرێک لە ماددەو برگەکان هەبوو، ئەوەبوو لە ئاکامدا لەرۆژی ٢٠٠٧/١٢/١١ پاش دەستکارییەکی زۆری دەقی پرۆژەکەی سەندیکا، لەژێر یاسای ژمارە (٣٥)دا پەسەند کرا..

**نۆزدەیەم/**

دەرچوونی یاساکە بەو شێوەیەی کە پەرلەمان بڕیاری لەسەردا، بووە جێگای نارەزایی و نیگەرانی ئەنجوومەنی سەندیکاو رۆژنامەنووسان، هەر بۆیە رۆژی ٢٠٠٧/١٢/١٣ شاندێکی سەندیکا سەردانی سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کرد، سەرەرای دەربڕینی نیگەرانی سەندیکا بەرامبەر یاساکە، لە هەمان کاتیشدا داوای دیدارێکی بەڕێز کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کرد..

**بیستەم/**

رۆژی ٢٠٠٧/١٢/١٧ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبارەگای تایبەتی خۆی لەهاوینەهەواری سەلاحەدین کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ شاندی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان کرد، بە مەبەستی روونکردنەوەی هەڵوێستی سەندیکاو ئەو ماددەو برگانەی کە بوونەتە جێی نارەزایی، شاندی ئەنجوومەنی سەندیکا بە تێرو تەسەلی باسیان لەو خاڵ و برگانە کرد کە بوونەتە مایەی نیگەرانی رۆژنامەنووسان..

ئەوەبوو بەڕێزیان لەو دانیشتنەدا گوتی: **(من بەهیچ شێوەیەک ئیمزا لەسەر یاسایەک ناکەم کە پانتایی ئازادی رۆژنامەنووسیی لە کوردستان کەم بکاتەوە)**، بۆیە بەشاندەکەی راگەیاند کە ئەو یاساکە دەگەڕێنێتەوە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی جارێکی دیکە گفتوگۆی لەسەر بکرێ و هەموار بکرێتەوە..

ئەوەبوو لە ٢٠٠٨/١/٣ بەڕێزیان یاساکەی گەڕاندەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان.

**بیست و یەکەم/**

لەرۆژانی ٢٧-٢٠٠٧/١٢/٢٩ کۆنگرەی دووەمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە بەشداری (٣٦٣) رۆژنامەنووس لە هەولێر بەسترا، کە تێیدا (٦) لیژنەی جیاجیا بۆ گفتوگۆکردن و ئامادەکردنی راپۆرت بۆ کۆنگرە پێکهاتن، کە گرنگترینیان لیژنەی هەموارکردنی یاسای کاری رۆژنامەنووسی، بوو کە زیاتر لە (٢٥) رۆژنامەنووس بەشدارییان لەو لیژنەیە کردو راپۆرتێکی تێرو تەسەلیان لەسەر دەقی یاساکە ئامادەکردو پێشنیازی ئەوەش کرا کە ئەنجوومەنی تازەی سەندیکا ئەو مەسەلەیە بە هەند وەربگرێت لەگەڵ بەدواداچوونی دا.

**بیست و دووەم/**

رۆژی ٢٠٠٨/١/١٥ ئەنجوومەنی نوێی سەندیکا یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی لە هەولێر گرێداو خالی سەرەکی ئامادەکردنی یاداشتێک بوو بۆ پەرلەمانی کوردستان دەربارەی هەموارکردنی هەندێ برگەو ماددەی یاساکە، لەبەر رۆشنایی بڕیاری کۆنگرە کە ئەویش بەپێی دەقی راپۆرتەکەی لیژنەی هەموارکردنی یاسای ناوبراو ئامادەکرا. لەهەمان کاتیشدا بڕیاری ئەوە درا کە رۆژی ٢٠٠٨/٢/٩ کۆبوونەوەیەکی فراوان لەگەڵ زۆربەی سەرنووسەرو بەڕێوەبەری رۆژنامەو کەناڵە حیزبی و ئەهلییەکان سازبکرێت بە مەبەستی

وەرگرتنی راوبۆچوونییان لەسەر یاساکە...

**بیست و سێیەم/**

رۆژی ٢٠٠٨/٢/٩ لەبارەگای مەکتەبی راگەیاندنی حزبی شیوعی کوردستان کۆبوونەوەیەکی فراوان بە بەشداری ئەنجوومەنی سەندیکاو ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەری رۆژنامەو کەناڵەکان، ئەنجامدرا..

کە تێیدا دوا راوسەرنج و پێشنیازەکان وەرگیران و دواتر بە یاداشتێک بەنووسراوی ژمارە (٥٣) لە ٢٠٠٨/٢/١١ پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرا..

**بیستم و چوارەم/**

بە مەبەستی کۆکردنەوەی پاڵپشتی بۆ راوبۆچوونەکانی سەندیکاو ئەو یاداشتەی کە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانی کرد، ئەنجوومەنی سەندیکا بە پلانێکی دارێژراو لەنێوان شوبات و ئازاری ٢٠٠٨دا سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆرەپانی کوردستانی کرد کە فراکسیۆن و ئەندامیان لە پەرلەمانی کوردستاندا هەیە، بەو ئومێدەی هەموو لایەکیان پشتگیری هەڵوێستی سەندیکای رۆژنامەنووسان بکەن، بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی وا پەسەند بکات کە ببێتە مایەی چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی لە کوردستان..

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە نەقیب و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا لە نزیکەوە بەشدارییان لەو هەموو کۆڕو سیمینارانە کردووە کە لەلایەن هەندێ رێکخراوەوە بۆ گفتوگۆ لەسەر یاساکە سازدەکرا. کە هەندێکیان یاداشتی پێشنیازکراوی ئەنجوومەنی سەندیکایان کردە بناغەی هەموارکردنی یاساکە..

**بیست و پێنجەم/**

ئەنجوومەنی سەندیکا بە نووسراوی ژمارە (٢٥١) لەرۆژی ٢٠٠٨/٧/١٧ یاداشتنامەیەکی پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان و هەردوو لێژنەی یاسایی و رۆشنبیری لە پەرلەمانی کوردستان کرد، سەبارەت بەو دەنگۆیەی کە لە ئارادایە بەتێکەڵکردنی پرۆژەکەی سەندیکا لەگەڵ پرۆژە یاسایەکی دیکەدا بەناوی (**پرۆژە یاسای راگەیاندن**)، تیایدا ناڕەزایی سەندیکای دەربڕیوە بەرامبەر هەرجۆرە تێکەڵکردنێک کە هەوڵی بۆ دەدرێت بە مەبەستی پەراوێزخستن و لەباربردنی، هەروەها جەختی کرد لەسەر دانانی پرۆژەکە لە ئەولەویات پەرلەمان لە خولی نوێیدا.

**تێبینی:/**

**- شایانی باسە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان (IFJ) کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان تێیدا ئەندامە، لە چەندین بۆنەدا دەستخۆشی لە سەندیکا کردووە، بۆ ئەو هەوڵ و کۆششانەی کە بە بەردەوامی خەریکی چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسیی و دابین کردنی مافی رۆژنامەنووسانە لە کوردستان، سەرەڕای بایەخی سەندیکا لە بەیاسا کردنی رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسیی..**

**- لەهەمان کاتیشدا رێکخراوی (پەیامنێرانی بێ سنوور) لەسەر زاری (رۆبێرت مینارد) سکرتێری رێکخراوەکە، بەم شێوەیە (پرۆژە یاسای کاری رۆژنامەنووسیی لە کوردستان) هەڵسەنگاند: (ئەگەر ئەم پرۆژەیە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بەیاسا پەسەند بکرێت، ئەوا کوردستان لەم بوارەدا بەچەند هەنگاو پێش فەرەنسا دەکەوێت)...**

**- سەرەڕای هەڵسەنگاندنی ئیجابی (ئەنجومەنی صنفی رۆژنامەگەرانی ئێران) و چەندین رێکخراو و سەندیکای رۆژنامەنووسانی دیکە، کە لە کۆنگرەو کۆبوونەوەکانی تایبەت بە ئازادی رۆژنامەنووسیی و بارودۆخی رۆژنامەنووسانی عیراق ئەنجام دەدرێت، کە تێیدا رۆڵی سەندیکا، بە بەرز دەنرخێنن، کەوا تاکو ئێستاکە دوو پرۆژەی ئامادەکراوی لە پەرلەمانی کوردستان بە یاسا دەرچووە..**

# سەندیکای ڕۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ - لقێ دهوک

## پێناسەیەک بدەڤەرا شنگال
## ل سەندیکا رۆژنامەڤانێن کوردستانێ ل دهۆکێ هاتە پێشکێش کرن

رەوشــەنبیری کورد (رێســان حەســەن) دیار کــر کو شــنگال وەک باژێرەکێ دێرینێ کوردستانێ مێژویا وی ڤەدگەریتە سەردەمێن کەڤن و ئێکەم جار ژێدەران بەحسێ وی وەک جهەکــێ گرنگی ئاکنجی بوونێ د ســەردەمی بــەری (حەجەری) دا هاتیە وشــیایە قوناغێن گرنــگ و دیرۆکی یێن ببڕیت هەتا گەهشــتیە ڤی سەردەمی.

هەر وەســا ناڤبــری د ســیمینارەکێ دا و دچاچوڤی چالاکی یێن لقێ دهۆک یێ سـەندیکا رۆژنامەڤانین کوردستانێ دا وژبوو گرنگیدانێ بدەڤەرێن نوی رزگارکری ویەرچاڤکرنا رۆلا وان دەڤەران ددیــروکا هەڤچەرخا گەلێ مەدا دیارکر کــو شــنگال وەک باژێرەکێ ناڤداری کوردستانێ د چەندین قوناغان دا بوری یە و چەندین ناڤ د دیرۆکێ دا ل دویڤخوە هێلاینە ژوان (**شــنعار، شــەنهار، شــەنگار، شــنگار، سنجار، شەنگال**) و چەندین جهێن دیرۆکێ و شێنوارێن ناڤدار لیچ ماینە رەسەنی و دێرینی یا ڤی جهی خوەیا و بەرچاڤدکەن.

رۆشــنبیری کورد (رێســان حەســەن) د سـیمینارا خـوەدا کـو ب ناڤێ (**پێناســەک ب دەڤەرا شنگالێ**) ل باخچێ موزەخانا فولکلوری یــا دهوکێ هاتیە پێشــکێش کــرن و ژمارەکا رەوشەنبیرێن کورد تێدا ئامادە بوین بەحسی رۆلێ شــەنگالا ژ لایەنێن سیاسی و جڤاکی و مرۆڤایەتی دا کر و چەندین نموونە ژ خەبات و خوراگــری یا خەلکێ وێ و ناڤدارێن وێ د ڤان بیاڤان دا ئاشکرا و بەرچاڤکرن.

ل دوناهیــا ســیمیناری ژی ژمــارەکا ئامادەبویان دان و ســتاندن ل سەر تەوەرێن سیمیناری کر و لایەنێن وی و دیرۆکا وی یا هەڤچەرخ پێ هاتە دەولەمەندکرن و بۆ دەمێ دوو دەمژمێران یا بەردەوام بوو.




* * *

## پێشەنگەها بەلاڤۆکێن کوردی یا رۆژنامەڤان شڤان توڤی ل دەڤەرا بەهدینان یێن قۆناغا بەری سەرهلدانێ

ب هەلکەفتا ١١٠ سالیا رۆژا رۆژنامەڤانیا کوردی ل رۆژا ٢٠٠٨/٤/٢٢ و ل بارەگایێ لقێ مە پێشانگەها چاپەمنیێن کوردی ل دەڤەرا بەهدینان یا رۆژنامەڤانێ چالاک شڤان توڤی هاتە ڤەکرن.

د پیشانگەهێدا ژمارەکا کوڤار و رۆژنامەیێن کوردی چ ل چیایی چ ل باژێران هاتینە وەشاندن هاتبوونە بەرچاڤکرن ژ وان (چیا – رەوشەن – پێشمەرگە – دەنگێ مە – پەیڤ – مەتین – گازیا خوێندکار و لاوان – هیڤی)، و هەمان رۆژ ژی ژمارەکا مەزنا رۆژنامەڤان و بەرپرسێن دەزگەهێن حکومی ە حزبی بۆ پیرۆزباهیکرنێ سەرا بارەگایێ لقێ مە دا و ئەڤ هلکەفتە ل گشت ئەندامێن مە پیرۆز کر پشتەڤانیا خو بۆ کاروبارنامێن مە دیارکر.




* * *

## بەرنامێ لقێ دهۆک ب هلکەفتا ٢٢- نیسانێ ل باخچێ مۆزەخانا دهۆک یا فولکلوری

سەرباری روینشتنا پرۆتوکولی و پێشکێش کرنا پەیڤان هەلبەستا (**رۆژناما کوردستان یا ماک**) یا هلبەستڤانێ ناڤدار دکتۆر بەدرخان سندی هاتە خواندن و خێوانێن ئەندامێن مە یێن وەغەرکری (**دیار محەمەد سەعید وسکی – محەمەد تاهیر گوهەرزی – سەلمان کوڤلی – شێخ تاها مایی – جەعفەر شێخ مەمی – ئیبراهیم عیسا**) هاتنە خەلاتکرن و پاشان ئارمێن سەندیکایێ ل سەر (**پارێزگەرێ دهۆکێ – رێکخراوێن ئەلەند و بادینان و پرسێن سیاسی و جڤاکێ مەدەنی**) هاتنە بەلاڤکرن و پاشان سیمینارا (**رۆژنامەڤانیا ئەکادیمی**) ژ لایێ رۆژنامەڤان (**رێبەر فەتاح**) ڤە هاتە پێشکێش کرن و بۆ رۆژا دوی سیمینارا (**دەزگەهێن راگەهاندنا کوردی د بەلگەنامێن ئیرانیدا**) ژ لایێ رۆژنامەڤان (**موسەددەق توڤی**) ڤە هاتە پێشکێش کرن و رۆژا سێیێ یا تەرخانکری بوو بۆ رێزلێنانا کوڤارا (**دەنگێ مە**) و دو سمینار ژ لایێ لا رۆژنامەڤان (**دکتۆر فازل عومەر و ئیسماعیل بادی**) ڤە هاتە پێشکێش کرن و ل هەردوو رۆژێن ئێکێ و دووی ٢٢ کچێن رۆژنامەڤان هاتنە خەلاتکرن.

* * *

## پێشانگەها کاریکاتۆری یا هونەرمەندێ رۆژنامەڤان جەمیل محەمەد سەبری

ل دووەمین رۆژا رێ و رەسمێن لقێ مە ل رێکەفتی ٢٠٠٨/٤/٢٣ نوێنەری پارێزگەرێ دهۆکی بەرێز (**ئەحمەد زماری**) و ب ئامادەبونا قایمقامێ قەزا دهۆک پێشانگەها کاریکاتۆری یا هونەرمەندێ رۆژنامەڤان (**جەمیل محەمەد سەبری**) ل هۆلا گەلەریا چالاکییان ل دهوکێ هاتە ڤەکرن.

د پێشانگەهێدا ٤٧ تابلوییێن کاریکاتوری هاتبونە نیشاندان. د رۆژانێن پێشەنگەهێدا کو سێ رۆژان ڤەکێشایی ژمارەکا مەزنا رۆژنامەڤان و کەسانێن رۆشەنبیر سەرا پێشەنگەهێدا کو دەربرین ژ کەتورارێ ئەڤرە و رەخنەگرتنا دیاردێن جڤاکی و سیاسی دکر.

* * *

## روینشتنا گەنگەشەکرنا باری راگەهاندن و رۆژنامەڤانی د گەل دادگەهێ



ب هلکەفتا رۆژا ئازادییا رۆژنامەڤانی و ب دەست پێشخەریا دەزگەهی خانی یێ روشەنبیری و راگەهاندنێ و سەرۆکاتیا زانکویا دهۆکێ و ب پشکداریا سکرتێرێ لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ و ژمارەکا مامۆستایێن زانکویا دهوکێ و بەرپرس و نوێنەرێن دەزگەهێن راگەهاندنێ ل دهۆکێ رویتشتنەکا ڤەکری د گەل سەرۆکێ دادگەها دهۆکێ (**محەمەد ئەمین هادی شەرەفانی**) و ژمارەکا دادوەران دادگەها دهۆکێ ل رۆژا ٢٠٠٨/٥/٣ ل هۆلا کۆمبونان ل هوتێلا ژیان شیراتۆن ل دهۆکێ هاتە کرن.

د کۆمبوونێ دا دانوستاندن ل سەر ئازادیا رۆژنامەڤانی و تێکگەهیشتن دناڤبەرا ڤان لایەنان و نەهێلانا ئالوزیان و یاسا کارێ رۆژنامەنڤیسی و رۆلێ سەندیکایێ و بیاڤێ راگەهاندنی بشێوەکێ بەرفرە هاتە کرن و ل دوماهیێ چەند بریار و راسپاردە هاتنە بەرچاڤکرن ژوان.

ڤەکرنا خولێن پێگەهاندنی بۆ کادرێن راگەهاندنێ و گرنگیا هەبوونا شیرەتکارێن یاسایی د ڤان دەزگەهان دا و پەیداکرنا پشکەکا راگاهاندنێ ل دادگەهێ و ئاسانکرنا دانا زانیاریان بۆ رۆژنامەڤانان و پشکدارکرنا پارێزەر و داخوازکاریا گشتی و پۆلیسان د گەل دادوەران بۆ دانا زانیاریان و هندەکێن دی.

## سەرەدانا شاندێ کۆمەلا رۆژنامەنڤیسێن وەرزشی بۆ بارەگایێ لقێ مە

ژ بـۆ کارکرنا پەیوەندیان و هەڤنیاسـینێ و خورتکرنـا کاری کۆمەلا رۆژنامەنڤیسـێن وەرزشـی ل پارێزگەهـا دهۆکـێ شـاندەکێ بلندێ کۆمەلا ناڤبری یێ پێک هاتی ژ (**سامان عەبدوللا جێگرێ سـەرۆکێ کۆمەلێ و سابیر ئەحمەد و زاگرۆس نانەکەلی و جەلال سەعید و ئیحسـان حەسەن زوبێر و سەمیر محەمەد سـەبری**) ل رۆژا ٢٠٠٨/٥/٤ سەرا بارەگایێ لقێ مە دا.

د هەڤدیتنەکێ دا بەحسـێ رەوشـا کارێ سـەندیکایێ و کۆمـەلا ناڤبـری و بـارێ رۆژنامەڤانیا وەرزشی ل دهۆکێ هاتە کرن و بەرهەڤیا لقێ مە بۆ هاریکاریا نوێنەرێن کمەلێ ل دهۆکێ ژ لایی لقی مە هاتە دیارکرن.

د هەمـان هەڤدیتن دا بریـار هاتە دان کو لقـێ مە بهەمی شـینان پشـتەڤانیا کۆمەلێ ل دهۆکـێ بکەت و کاروبارێن وا ئاسـان بکەت هەتا رەوشا ستاندارتێ خو وەردگریت.



* * *

## لقێ مە پشکداریێ د هەلکەفتا دوو سالیا دەرکەفتنا گوڤارا (ڤەژەن) دا کر

ب مەبەسـتا ساخکرنا هلکەفتا بورینا دوو سـالان ل سەر دەرکەفتنا ئێکەم ژمارا گوڤارا (**ڤەژەن**) یا سـەربخو کو گرنگیێ ددەتە تەخا قوتابـی و گەنجـان و دەرکەفتنا ژمارە ٢٤ ل رۆژا ٢٠٠٨/٥/٥ ئاهەنگەک ل هۆلا کوربەندێ سـەرەرم یـێ قوتابیان ل دهۆکـێ سـازکر. د ڤان رێ و سـیمینارانـدا سکرتێرێ لقێ دهۆک پەیڤەک پێشکێش کر و د دویڤدا چەند چالاکی یێـن دی هاتنـە ئەنجامـدان و پاشـان دان وسـتاندنەکا ڤەکری و رەخنەگرتنێ ل سـەر ئاستێ گوڤارێ هاتە کرن و ژمارەکا پێشنیار و خالان بۆ هاتنە دەست نیشانکرن کو نزیکی ١٥ ژوان یێن لقێ مە یێ سەندیکایێ بوون.

* * *

## لقێ مە وۆركشوپەكا دوو رۆژی یا ئامادەكرنا بەرنامێن تێلەڤزیۆنێ گێرا

بـۆ كاراكرنـا ئاسـتی كادرێـن راگاهاندنـێ و خورتكرنـا بیاڤـێ ئامادەكرنـا بەرنامێـن تێلەڤزیۆنی و ب پشـكداری یا ٢٦ كارمەندێن تێلەڤزیۆنێـن (دهـۆک - دەلال - گەلـی كوردستان – یەكگرتو – ن دهۆک سەتەلایتا كوردسـتان – ن دهۆک سەتەلایتا نەورۆز – سـەتەلایتا ڤین) ل رۆژێـن ٣٠، ٣١ ی گولانا ٢٠٠٨ ل هۆلا ژورا بازرگانی ل دهۆكێ گێرا.

د ئێكـەم رۆژا وورکشـۆپێ دا كـو لقـێ مـە ب هەڤـكاری د گـەل رێكخـراوا ئەلەنـد بـۆ دیموكراسـیكرنا گەنجان ل دهۆكێ و بنگەهێ راگەهاندن كارێـن ئافرەتێن عیراقی پێرابوین دكتۆرە سـوعاد جەزائـری وانێن پراكتیكی و تیوری ل دور ئامادەكرنا بەرنامێن تێلەڤزیۆنێ و پەیام و راپۆرتێن نوچەیان تێدا گوتن.



* * *

## لقێ مە وورکشوپەكا دوو رۆژیا ئامادەكرنا بەرنامێن تێلەڤزیۆنێ ب دوماهی ئینا

د بەردەوامیا وورکشـوپا دوو رۆژی یا لقێ ب هەڤـكاری دگەل رێكخـراوا ئەلەند بۆ دیموكراسـیكرنا گەنجان ل دهوكێ گێرایی، دكتورە جومانە قەرەوی ب دوو دانان و چوار وانێن زانستی بەردەوامی داكارێ وورکشۆپێ و تایبەتمەندیـەک دا بابەتێ چێكرنا پەیامی و راپۆرتێـن نوچەیـان و ب هاریكاریـا ئامێرێ داتاشو شرۆڤەكاری دانە بابەتی.

ل دوماهیـا وورکشـوپێ چـوار وانێـن كوپیكـری ل سـەر قوتابیان هاتنـە بەلاڤكرن و درێ و رەسـمێن ب دوماهـی هاتنـێ دا كـو (بهجـت هـروری) نوینـەرێ لقـێ مە د ئەنجومەنێ سـەندیكایێ و رێڤەبەرێن مارەكا تێلەڤزیونـان تێدا ئامادەبوین خەلات و دیاری ل سەر پشكداران و مامۆستایان و رێكخەرێن وورکشۆپێ هاتنە بەلاڤكرن.

* * *

## ب هلكەفتنا ئێكی خزیرانێ لقێ مە زارۆكێن دەزگاهێن راگەهاندنێ خەلاتكرن

ب هلكەفتنا ئێكی خزیرانی جەژنا جیهانی یا زاروكان و ژ بوو هاندانا زاروكێن بەهرەمەند ئەوێن ل تێلەڤزیۆنێن ناڤخوییێن دهۆكێ كاردكەن و ب چاڤدێری یا چالاككارا بیاڤێ راگەهاندنێ (**پەروین عەبدولعەزیز**) لقێ مە ژمارەكا خەلاتێن بهادار ل سەر ژمارەكا زارۆكێن بەهرەمەند ل تێلەڤزیۆنێن (**دهۆك و یەكگرتو و گەلی كوردستان**) بەلاڤكرن وەكی هاندانەک بۆ باشتر گێرانا رۆلێ خوە دبیاڤێ كارێ راگاهاندنێ دا.

ل بەراهیێ ئەندامێ لقێ دهۆک یێ سەندیكایێ (رەقیب مەحمود) ب خێرهاتنا مێڤانان كر و ئەڤ هلكەفتە ل زارۆكێن كوردستانی پیرۆز كر و پاشان دیاری ل سەر ١٥ زارۆكێن بەهرەمەند هاتنە بەلاڤكرن و دەست ل كارێ وان هاتە كرن.



* * *

## ب ئامادەبوونا لقێ مە دەە سالی و ١٠٠ ژمارەیی یا كوڤارا نووبوون هاتە ساخكرن

ب هلكەفتا بورینا ١٠ سالان و دەركەفتنا ١٠٠ ژماران ژ گوڤارا نووبوون و ب ئامادەبونا سكرتێری لقی مە رێ و رەسمەكێ تایبەتێ ساخكرنا ڤی هلكەفتێ ل بارەگایێ كوڤارا ناڤبری ل دهوكێ هاتە گێران و د پەیڤەكێ دا سكرتێرێ لقێ پیرۆزباهی ل دەستەیا نڤیسێ یا كوڤارا نووبوون كر و چەند تێبینی و پێشنیار بۆ كاراكرنا رۆلێ وێ بەرچاڤكرن و رۆلێ وێ د پێكڤەگرێدانا بیاڤێ رۆشنبیری ل كوردستانی ب بەرزی سەنگاند.

د دیڤدا چەند پەیڤ هاتنە خواندن و تێدا ئاماژە ب رۆلێ سەندیكایێ د پشتەڤانیكرنا پەیڤا ئازاد دا هاتە كرن و ڤان رێ و رەسمان نزیكی دوو دەمژمێران ڤەكێشا.

* * *

# ڕاپۆرتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان دەربارەی ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی لە كوردستان

## لە ٢٠٠٨/١/١ تاكو ٢٠٠٨/٦/٣٠

دەستپێك:

ئەمڕۆ بزووتنەوەی ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی كوردستان بە شێوەیەكی بەرفراوان گەشەی كردووەو پرۆسەی ئەو گەشەیەش بەردەوام بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێ، بوونی زیاتر لە سەدان كەناڵی ڕۆژنامەنووسی كەناڵی جۆراوجۆری ڕۆژنامەوانی بەرجەستەو سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن كە ئاماژەمان پێ كرد.

هەڵبەت بەرفراوان بوونی ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی بەم ئاست و قەبارەیە لەلایەك گوزارشت لە بەرزبوونەوەی كێرڤ و ئاستی هۆشیاری گەلەكەمان دەكات و لەلایەكیش تاسەو هیوای توێژی ڕۆشنبیرانی كوردستان بەدیار دەخات كە چەند تینووی چەسپاندنی پایەكانی سیستەمی دیموكراسی و كۆمەڵی مەدەنین، چونكە ڕۆژنامەنووسی سەرمەشق و داینەمۆی بونیادنانی ئەو سیستەمەیە، دیارە دەمانەوێت ئاماژەش بەوە بكەین كە سەرەڕای ئەوەی كە لە دیدو تێڕوانینی ئێمە وای دەبینین كە ئەم ئاستەی گەشەكردن و بەرەو بەرزایی هەڵكشانی ڕەوتی ڕۆژنامەوانییە، وەكو خاڵێكی ئیجابی وایە لە قۆناغی ئێستا، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانییە دەزانین كە ئەم ڕەوتە ڕووكارو ڕەهەندی چەندایەتی هەیە نەك چۆنایەتی و بگرە هەر خودی ئەو چەندایەتی زۆرجار لەسەر حسابی چۆنایەتییەكەیە، بۆ نموونە لەنێو سەدان كەناڵ و نێوەندی ڕۆژنامەوانی دەبێت دان بەو هەقیقەتەدا بنێین كە تاكو ئێستا ئەو ژمارە بەرفراوانەی ڕۆژنامەوانی نەیتوانیوە لەنێو هەناوی خۆیدا هەردوو ئاستەكە بە تەریبی بڕوێنێت.

چونكە لەنێویاندا ژمارەی ئەو كەناڵانەی كە هەڵگری تەواوی خەسڵەتە بنچینەییەكانی پیشەیی ڕۆژنامەوانین و پابەند بن بە پرەنسیپەكانی ئەو پیشەیە لە لە ئاستی پێویستدا نین.

دیارە ئەوەش بۆتە مایەو سەرچاوەی بەرهەمهێنانی بەشێك پەتاو قەیرانی جۆراوجۆر لە نێو پانتایی و هەناوی بزووتنەوەی ڕۆژنامەوانی.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا مایەی دڵخۆشی و ئاسوودەییە كە ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی بە گشتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر شوێنگەو پێگەی خۆی كاریگەرو پتەوتردەكات.

كە دیارترینیان گەشەكردنی ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی ئەهلییە كە هەمووان درك بەوەدەكەین كە ڕەوتی ئەو گەشەو بەرەوپێشچوونە ڕووەو پێشەوە هەنگاو دەنێت و تارادەیەك كاریگەری هەبووە لەسەر پێشخستنی بزووتنەوەی ڕۆژنامەنووسی لە كوردستان.

## یەکەم
## ڕەوشی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان

لە تەوەرەیەکی تری ئەم ڕاپۆرتەمان ئاماژەمان بەوەکرد کە دنیای ڕۆژنامەنووسی لە وڵاتی ئێمەدا لەرووی قەبارەو چەندایەتی ئاراستەو مەودایەکی بەرفراوانی وەرگرتووە، دیارە بەچاپ گەیاندن و بڵاوکردنەوەی دەیان و سەدان کەناڵی ڕۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفزیۆنی حزبی و ئەهلی گوزارشت لەوە دەکات و ئەو ڕاستییە بەرجەستە دەکات کە لە قۆناغی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا ئازادی بیروڕاو ڕۆژنامەنووسی لە ئاراداو ئاستێکی بەرچاو دوور لە سانسۆری پێشوەخت ڕۆژنامەنووسان سەربەست و ئازادن لە لەبەچاپ گەیاندن و دامەزراندنی کەناڵە ڕۆژنامەوانییەکان و لەم بارەیەوە گرفت و بەربەستێکی ئەوتۆیان نایەتەڕێ، کەمایەو شایانی ئاماژە پێدان بێت. هەڵبەت بوونی ئەم پەراوێزو پانتاییە بۆ ئازادییەکان بەگشتی و ڕۆژنامەنووسی بەتایبەتی خاڵێکی پۆزەتیڤ و درەوشاوەیە لەسەر ڕوخساری واقیعی هەرێمی کوردستان، بۆیەش دان پێدانمان بەو ڕاستییە واقیعی و مێژووییە پابەند بوونمانە بە پرەنسیپ و خەسڵەتە بنچینەیی و پیشەییەکانی ڕۆژنامەنووسی، بەڵام لێرەدا دیاردەیەکی بەرچاوو ڕاستییەکی مێژوویی هەیە کە دەبێت هێماو ئاماژەی پێ بکەین ئەویش ئەوەیە لەگەڵ هەبوونی ئەو هەموو کەناڵە جۆر بەجۆرە ڕۆژنامەنووسی و ئامادەبوونی ئەو پەراوێزو زەمینە ئازادییەی کەبۆ تویژو بزووتنەوەی ڕۆژنامەنووسی ڕەخساوە، بەڵام کۆمەڵێک بەربەست و کێشەی جدی و بەرچاو هەیە کە ناکرێت ئێمە هێماو ئاماژەو پەنجەنومای بۆ درێژ نەکەین، چونکە هەر جۆرە قەیران و پەتاو کێشەیەک ئەگەر لەسەرەتادا ڕەگ و ڕیشەو بنەماکانی دەستنیشان نەکەیت و ڕەهەندە بنچینەییەکانی پشت ئەو پەیران و کێشانە نەخرێنە ڕوو، ئەو هەوڵ و کۆششانە بۆ چارەسەرکردنیان، ئەگەر نەشچێتە حاڵەتی حەتمی، بەڵام یەکجار قورس دەبێت.

## دووەم
## چەند نموونەیەک لەو کێشەو بەربەستانەی بەردەم کاری ڕۆژنامەنووسی

١. بەپێی بڕگەی (٥) لەمادەی نۆزدەیەمی یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە نابێت هیچ دادگاو دەزگایەکی پۆلیس، بەبێ ئاگاداری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هیچ جۆرە بانگهێشت و ڕاکێشییەکی ڕۆژنامەنووسان بکەن بۆ لێپێچنەوە، بەڵام بەداخەوە زۆرجار هەندێک لە بنکەو هێزەکانی ناوخۆ ئیلتیزام بەو بڕیارەوە ناکەن و دوور لە چاوو ئاگایی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ڕاکێشی لێپێچینەوەیان دەکەن و هەندێک جاریش دووچاری ڕاگرتن (**تەوقیف**)یان دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی بەرچاو لە دادگاکان لەم بارەیەوە پابەندی یاسا بوونەوە بەبێ ئاگاداری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لێپێچینەوەیان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان نەکردووە، واتا هەردوو حاڵەت بە ڕووکارە سلبی و ئیجابییەکە لە کوردستان بوونی هەبووە.

٢. هەندێکجار ڕۆژنامەنووسان لەکاتی جێبەجێ کردنی ئەرکە پیشەییەکانی خۆیان لەلایەن هێزەکانی ناوخۆو نێوەندە سەربازییەکانی تر، دووچاری گوشارو ئازاری جەستەیی و دەروونی بوونەتەوەو لەسەر بنەمایەکی ناشارستانی، مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا کراوەو کامێراو ڕیکۆردەریان لێ سەندراوەو هەندێک جاریش شکێندراوە.

٣. دیاردەی بەندکردنی ڕۆژنامەنووسان بەبێ دادگایی کردن و گرتنەبەری ڕێ و شوێنی یاسای بۆ ماوەی جیاجیا، بوونی هەبووەو بەتایبەتیش لەکاتی ڕووداوی گەورەدا هێزەکانی نێوخۆ توندوتیژانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان کردووە، کەم جار هەبووە کە ڕووداوێک لەم وڵاتە ڕوویدابێت، ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس ئازار نەدرابێت.

٤. نەبوونی شەفافییەت لەنێو کایە سیاسییەکان و نەبوونی سەرچاوەی زانیاری کێشەو گرفت و تەگەرەی زۆری بۆ ڕۆژنامەنووسان دروست کردووە، هەر بۆیەش زۆرجار ڕۆژنامەنووسان بە ناچاری پەنایان بۆ سەرچاوە نهێنییەکان و گوێ هەڵخستن لەنێوەندە جۆر بەجۆرەکان بردووە، ئەمەش بۆتە مایەیو سەرچاوەی دروستکردنی وێنەیەکی ناحەزانەو هەندێک جاریش دوژمنکارانە لەنێوان نێوەندەکانی دەسەڵات و ڕۆژنامەنووسان و سەیرکردنی یەکتر وەکوو دوو هێزو بوونی ناحەزو بەیەکەوە هەڵنەکردوو، لەکاتێکدا یەکێک لەمافە

هەرە سەرەتاییەکانی مافی رۆژنامەنووسی گەیشتنیەتی بە سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاری جۆراوجۆرو هەر ئەمەش ئەلف و بای دیموکراسییەتە، چونکە لە رێگای ئاشکرابوونی زانیارییەکان و دەرخستنی راستی رووداوەکان، چین و توێژو تاکەکانی کۆمەڵگا دەزانن چی لەواقیعی وڵاتەکەیان روودەدا، هەر بۆیەش دەبێت کایەکانی دەسەڵات هیچ جۆرە رووبەرو پانتاییەکی نارێکیان نەبێت دوور لە چاوی کامێراو ئاگایی رۆژنامەنووسان بێت، چونکە رۆژنامەنووس لە رێگای زوومی کامێراو ریکۆردەرەکەی وێنەی کۆمەڵگای نیشانی حکومەت و وێنەی حکومەتیش نیشانی کۆمەڵگا دەدات، ئەمەش پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی هەردوو لا دەخاتە حاڵەتی ئۆرگانی هارمۆنی و دیموکراسی و ئاسایی، نەک ناحەزی و دژایەتی.

٥. لە یەکتری جیانەکردنەوەی دەسەڵاتەو پەیوەنەبوونی کەلتووری دیموکراسی لەنێو پانتاییە جۆراوجۆرەکانی حزب و حکومەت وای کردووە پەیوەندی دەسەڵات و رۆژنامەنووسان لەحاڵەتێکی سروشتی و ئاساییدا نەبێت، چونکە لەو حاڵەتە رۆژنامەنووس دەیان کێشەو گرفتی بۆ دروست دەبێت و ناتوانێت هەروا بەئاسانی دەستی بەسەر دەستکەوتنی هەواڵ و زانیاری رابگات.

٦. دیاردەیەکی تر کە مایەی نیگەرانی ئێمەیە کە دام و دەزگا حکومی و سیاسی و حزبییەکان لە پێدانی هەواڵ و زانیاری بەیەک چاو سەیری رۆژنامەنووسان ناکەن و زۆرجاریش ناسنامەی سیاسی و حزبی پێوەر بووە، بۆ ئاگادارکردنیان لەهەواڵ و رووداوە نوێیەکان.

٧. فەرمانگەکان و نێوەندەکانی بڕیارو دامەزراوەکانی حکومەت زۆر بە زەحمەوت نەبێت ئامادە نین لێدوان و چاوپێکەوتن لەسەر پرس و مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بە رۆژنامەنووسان بدەن. ئەگەر بشیکەن کێشەو بێنەو بەردەیەکی زۆریان پێدەکەن.

٨. بە کەمی نەبێت بەرپرسەکان وەڵامی داواکاری و خواست و پرۆسەی نووسینی رۆژنامەوانی نادەنەوەو بایەخێکی ئەوتۆ بەو هەواڵ و رووداوانە نادەن کە لە رۆژنامەکان بڵاودەبێتەوە، ئەمەش بۆتە مایەی نائومێدی رۆژنامەنووسان و هەندێک جاریش ساردبوونەوەیان لەکاری پیشەیی خۆیاندا.

٩. لەپاڵ هەموو ئەو گرفت و کێشەو ئاڵۆزییانە کە زۆرجار لەلایەن نێوەندە جۆربەجۆرەکانی دەسەڵات بۆ توێژی رۆژنامەنووسان دروست دەکرێت، هەروەها زۆر جاریش بە بەڵگە ئەو راستییەمان لەلایە کە رۆژنامەنووسان لەلایەن خاوەن و سەرنووسەری رۆژنامەو بەڕێوەبەری کەناڵەکانی رۆژنامەنووسی دووچاری دەرکردن و هەندێک جاریش دووچاری سزادانی دەروونی بوونەتەوە، هەندێک لەو بەرپرسانەش هەڕەشەی ئەوەیان لە رۆژنامەنووسان کردووە کە ئەگەر پەنا بۆ سکاڵاکردن لای سەندیکای رۆژنامەنووسان ببەن ئەوا سزاکەیان قورستر دەبێت، دیارە ئەمەش دەچێتە خانەی پێشێل کردنی مافی رۆژنامەنووسی و هەروەها هەوڵێکیشە بۆ پاشەکشە پێکردنی رۆژنامەنووس لەکاری راستەقینەی پیشەیی خۆی.

١٠. هەندێ جاریش لەجیاتی وەلامدانەوەو پەنابردنە بەر یاسا، تۆمەتی نادروست و بێ بەڵگە دەخرێتە پاڵ رۆژنامەنووسان.

**سێیەم**

**رۆژنامەنووس و یاسا**

دیارە تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت رۆژنامەنووس لە وڵاتی ئێمەدا بە یاسای سزادانی عێراقی بە گشتی و یاسا کۆنەکانی سەردەمی رژێمی سەدام لێپێچینەوەو دادگایی دەکرێت، هەر ئەوەش وای کردووە کە ئەو پەراوێزو پانتاییەی بۆ ئازادی رۆژنامەنووسی هەیە زەمانەتی ئەو ئازادییەی لەگەڵدا نەبێت، بۆیەش بەشی هەرە زۆری پرۆسەی دادگایی کردنەکانی ئەو توێژە، بەزەرەرو زیانی رۆژنامەنووسان تەواو بووە.

ئەوەش وای لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کرد کە هەرچی زووە لێژنەیەک پێک بهێنێت بۆ ئامادەکردنی پرۆژە یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان، ئەو لێژنەیە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی (٢٠٠٥/٥/٢٥) بەمەبەستی دەست پێکردنی بە ئامادەکردنی ئەو پرۆژەیە ئەنجامدا، دواتر ئەو لێژنەیە کە دەیان کۆبوونەوەی بەردەوامی کردو لەم بارەیەشەوە سەندیکای رۆژنامەنووسان لەسەر ئاستی لقەکان و بوارەکانی تردا، بەردەوام بوو لە بەستنی کۆرو سیمینار بۆ رۆژنامەنووسان بۆ ئەوەی فراوانترین گفتوگۆ لەبارەوە بکرێت، ئەوەبوو دوای زیاتر لە ساڵ و نیوێک کۆبوونەوەی بەردەوامی لێژنەی ئامادەکاری پرۆژەکەو تێپەڕینی ئەو پرۆژەیە بە



هەولێرنامەی کتێب

کۆمەڵێک قۆناغی جیاجیادا ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کرا، دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستانیش دەستکاری کۆمەڵێک برگەو ماددەی پرۆژەکەی کردو کە دەبووە مایەی بەرتەسک کردنەوەی ئازادی ڕۆژنامەنووسی، ئەنجوومەنی سەندیکا پەنای بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بردو بەناوی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان داوای لێکرد کە ئیمزا لەسەر ئەو یاسایە نەکات، ئەوەبوو بەڕێزیان داوایەکەی سەندیکای قبوڵ کردو پرۆژەکەی ناردەوە پەرلەمان، ئەنجوومەنی سەندیکاش بۆ ئەوەی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەکە بەرفراوانتر بکات، ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/٩ لە شاری هەولێر، کۆبوونەوەیەکی بۆ سەرنووسەرو بەرپرسی دەزگا ئەهلی و حزبییەکان سازکردنی لەم کۆبوونەوەیەدا کە یەک ڕۆژی خایاند سەرنج و تێبینی هەموو لایەک لە چوارچێوی نووسراوێک فۆرمۆڵە کراو ناردرا بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆیەش ئێمە لە ڕێگای ڕاپۆرتەکەمان داوا لە پەرلەمانی کروردستان دەکەین، کە ئەو سەرنج و تێبینیانەمان بەهەند هەڵبگرێت، چونکە کۆ دەنگی هەموو ڕۆژنامەنووسانی لەسەرە.

**چوارەم**

**ڕۆژنامەنووس و پابەندبوونی بە پیشەی ڕۆژنامەنووسی**

یەکێک لە خەسڵەتە بنچینییەکانی ڕۆژنامەنووس پابەند بوونی ڕۆژنامەنووسە بە پرەنسیپ و بنەماکانی پیشەیی خۆی، هەروەها پابەندبوونیەتی بە بەها مرۆیی و ڕاستگۆییەکان و بێ لایەنی بوونیەتی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکی تری ڕۆژنامەنووسی.

بەڵام جێگای داخە کە زۆرجار هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان پابەندنەبوون بەو پرەنسیپ و بەها پیشەییانەی کە بزووتنەوەی ڕۆژنامەنووسی پایەکانی خۆی لەسەر داکوتاوە، ئەگەرچی ئەو جۆرە ڕۆژنامەنووسانە ژمارەیان کەمەو لەسەر ئاستی داهێنانیش شتێکی ئەوتۆیان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیویانە تارادەیەکی بەرچاو پەرێزو ڕووکارو تابلۆی پیشەیی ڕۆژنامەنووسی لەوڵاتی ئێمە دووچاری جۆرێک لە تەڵخی بکەن و وێنەیەکی ناسەردەمیانە بەکایەکانی ئەو پشەییەوە بلکێنن، هەڵبەت پەنابردنی هەندێک لەو ڕۆژنامەنووسانە بۆ ئەو شێوازی نووسینەی کە شایستەی پێگەو شوێنگەی مەعنەوی و پیشەیی ڕۆژنامەنووسی نییەو دوورە لە بەهاو نۆرمی ئەو پیشەیە زۆرجار بۆتە بیانوو و پاساوێک بەدەست هەندێک نێوەندی حکومی و کۆمەڵایەتییە دژە ئازادییەکانی بیروڕاو کاری ڕۆژنامەنووسی، بۆ کارکردنیان لەپێناوی گوشار دروست کردنی بۆ سەر سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بۆ بەر تەسک کردنی پانتاییەکانی ئازادی ڕۆژنامەنووسی، دیارە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەسەر ئاستی نێوخۆیی زەرووەرەت و پێداویستی مێژووی بۆ ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی و داکۆکی کردن لە مافی ڕۆژنامەنووسان دامەزراوەو هەر بۆیەش ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە بەشی هەرە زۆری ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەبێ جیاوازی سەندیکا بە مەرجەعی خۆیان بزانن و ببنە ئەندام تیایدا، هەروەها بە ئەندامی بوونیشمان لە (**ئای – ئیف – جەی**) فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی دەرخەرو سەلمێنەری ڕۆڵی زیندووانەی سەندیکایە لەسەر ئاستی ناوەوەو دەرەوە، هەر لەبەر ئەمەش چەندید جار ئەوەمان بە هەموو لایەک ڕاگەیاندووە کە پێویستە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پابەندی پرەنسیپە بنچینەییەکانی پیشەیی ڕۆژنامەنووسی ببن و نابێت هیچ جۆرە گوشارو شێوازێکی کۆنترۆڵ وایان لێ بکات دەستبەرداری ئەو پرەنسیپانە بن.

دەمانەوێت لێرەدا ئاماژە بەوەش بکەین کە ناسنامەی سیاسی ئەزموونی هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتای لەدایکبوونییەوە وەکو ئەزموونێکی دیموکراسی خۆی بەرووی دەرەوەو ناوەوەدا نمایش کردووەو بانگەشەی دیموکراسیەت و بەدیموکراسی سەر دروشمی هەموو لایەک بووە، بۆیە دەبێت ئێستا هەموو لایەک لە هەقیقەتە تێ بگەین کە ڕۆژنامەنووسێکی کاراو زیندوو ڕۆژنامەنووسێکی پابەند بە پرەنسیپە بنچینییەکانی پیشەیی ڕۆژنامەوانی پەیماننامەی شەرەفی کاری ڕۆژنامەنووس مەرجی سەرەکی و فاکتەرو داینەمۆی بەهێزی قوڵکردنەوەی پرۆسەی بە دیموکراسی کردن و پێشخستنی کۆمەڵگای کوردستانە لە ئاستی مەعریفی و کەلتووری و ڕۆشنبیرییەکاندا.

ئێمە جارێکی تر بەناوی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەڵێن بە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەدەینەوەو کە

هەموو شێوازێکی خەباتی دیموکراسیانەو مەدەنیانە دەگرینە بەر لە پێناوی جێبەجێکردنی دروشمی ناوەندی سەندیکا کە بریتییە لە **(لەپێناو چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی و دەستەبەرکردنی ماف و گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان)**، چونکە جێبەجێکردنی ئەو دروشمەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی پشت ئەو دروشمە جگە لەوەی زەمینەیەکی لەبارترو ئاسۆیەکی نوێتر و دەروازەیەکی کراوەتر بە ڕووی کاری ڕۆژنامەنووسیدا دەکاتەوە، هەروەها هەنگاوێکی بنەڕەتی و سەرەکیش دەبێت لەسەر ڕێگای بەرفراوان کردنی مەوداکانی دیموکراسیەت بەمانا مۆدێرن و فەلسەفییەکەی.

## یەکەم
## یاداشت و نووسراوەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە بە مەبەستی داکۆکیکردن لەمافی ڕۆژنامەنووسان بۆ لایەنە بەرپرس و نێوەندە حکومییەکان ناردوویەتی

١. ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/١١ لێژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی ڕۆژنامەنووس و مافی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، یاداشتنامەیەکی ئاراستەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ نارد لەسەر لێدانی ستافی بەرنامەی **(زووم ئین)** ی کەناڵی ئاسمانی کوردستان کە ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/٩ لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکی ڕۆژنامەنووسی لەلایەن پاسەوانەکانی ئەکرەم شێمەی هاڕون بەتوندترین شێوە لێدران.

٢. ڕۆژی ٢٠٠٨/١/٢٢ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەڕاگەیەنراوێکدا نیگەرانی خۆی لەسەر بڕیاری ئابلۆقەدانی ڕۆژنامەنووسی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ناوچەکانی قەندیل نیشاندا و داوای ئەوەی کرد ڕۆژنامەنووسان ئازاد بن لەئەنجامدانی هەر جۆرە چالاکیەکی ڕۆژنامەوانی لەوڵاتەکەمان.

٣. سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەئیمزای نەقیبی ڕۆژنامەنووسان نارەزایی نامەیەکی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی هەرێمی کوردستان لەهەولێر نارد لەسەر دەست درێژی کردن و لێدانی سێ ڕۆژنامەنووسی ستافی کەناڵی ئاسمانی کوردستان لەلایەن هێزەکانی ناوخۆ لەو شارەدا.

٤. ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/٨ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەبەیاننامەیەکدا دەست درێژی کردنی سەر ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی **(سی سیل ئینیۆل)** مەحکوم کرد کە شەوی ٨/٧ ی ئاداری ٢٠٠٨ لەناو هوتێل هەورامان لەشاری هەولێر لەلایەن کارمەندێکی ئەو هوتێلە دەست درێژی کرایەسەر.

٥. سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/٢٣ تیرۆرکردنی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عیراق شەهاب تەمیمی مەحکوم کرد.

٦. ڕۆژی ٢٠٠٨/٤/١٩ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان گرتن و زیندانی کردنی سیانزە ڕۆژنامەنووسی باکووری کوردستانی مەحکوم کرد کە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە گیراون، کە بریتی بوون لەو ڕۆژنامەنووسانە:-

١. ڕوشدی دەمیرتایا
٢. بیرۆڵ دوورو
٣. دەبرقریم دۆنگیس
٤. نەسرین یازار
٥. حەیدەر هایکر
٦. سەیف گونەر
٧. محەمەد عەلی ئاتاشی
٨. موراد تولجە
٩. ئەرسین چەلیک
١٠. عەلی یولوش
١١. محەمەد قەرە ئەسلان
١٢. فەیسەل توپچ
١٣. بەهادین تونج

٧. ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٤ ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەبەیاننامەیەکدا تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس **(سروە عەبدولوەهاب)** ی ئەندامی لقی موسڵی سەندیکای مەحکوم کرد کە سەر لەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٤ لەبەردەم ماڵەکەی خۆی لەشاری موسڵ لەلایەن گروپێکی تیرۆریستی تیرۆرکرا.

٨. ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٤ ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەبەیاننامەیەکدا هەوڵی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس **(هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد)** ی خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری خاک و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان مەحکوم کرد کە سەر لەبەیانی ٢٠٠٨/٥/٤ لەناو شاری بەغدا هەوڵی تیرۆرکردنی درا.

٩. ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/١١ فەرهاد عەونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەنامەیەکدا بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەرێمی کوردستان لەسلێمانی نیگەرانی سەندیکا خستە ڕوو لەسەر بڵاوکردنەوەی فۆرمی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

١٠ ڕۆژی ٢٠٠٧/١/٢١ بەبەشداری سی ڕۆژنامەنووس لەهوتێل ئاشتی لەشاری سلێمانی بەمەبەستی پشتگیری کردن لەداواکەیان کە تایبەت بوو بەڕێگری لەبڕیاری داخستنی کەناڵی ئاسمانی (**ڕۆژ تی ڤی**) لەلایەن حکومەتی دانیمارک کۆبوونەوەیەکی فراوانیان ڕێکخست. نوێنەری لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ڕۆژنامەنووسان ئامادەبوو کە جگە لەوەی پاڵپشتی سەندیکای لەداوایەکەی ئەوان ڕاگەیاند، هەروەها بەیاننامەکەی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیشی پێ دان کە تایبەت بوو کە بەناڕەزایی لەبەرامبەر بڕیاری داخستنی ئەو کەناڵە.

## دووەم
## تیرۆر

١. ١-٢٠٠٨/٣/٥ نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدولستار تاهیر شەریف لەشاری کەرکووک تیرۆر کرا، تاکو ئێستاش نە لەلایەن هێزەکانی ناوخۆیی حکومەت لەو شارەداو نەلەلایەن هیچ نێوەندێکی تریش هۆکاری تیرۆرکردنەکەی و ئەو دەستەی هەڵساوە بەئەنجامدانی ئەو کارە نەزانراون.

٢. ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٤ ڕۆژنامەنووس (**سروە عەبدولوەهاب**) ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەبەردەمماڵەکەی خۆی لەشاری موسڵ لەلایەن گروپە ئیرهابییەکان تیرۆر کرا.

٣. ڕۆژی (٢٠٠٨/٤/١٨) ڕۆژنامەنووس بێگەرد قەڵای ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بەو پەڕی دڕندەیی کوژرا، لەم بارەیەوە لیژنەی داکۆکیکردن لەڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەدواداچوونی ورد و مەیدانی کردووەو تاکو ئێستاش فایلی ئەو کێشەیە لەدادگای هەولێر بەکراوەیی ماوەتەوە.

## سێیەم
## هەڕەشە

١. کاتژمێر (٥) ی ئێوارەی ٢٠٠٨/٤/٥ لەڕێگای ژمارە مۆبایل (٠٧٥٠٤٤٦٦١٤٦) هەڕەشە لەشوان داودی سەرنووسەری هەفتەنامەی هەواڵ کرا، بەڕێوەبەرایەتی دەزگای هەواڵیش بەنووسراوی ژمارە (٥٠٩) لە ٢٠٠٨/٤/٦ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکووکی ئاگادار کردۆتەوە و لەم بارەیشەوە سکاڵای تۆمارکردووە.

٢. لە ٢٠٠٨/٥/١٥ بەمۆبایلی ژمارە (٠٧٧٠٥٩٧٢٠١٥) هەڕەشە لەڕۆژنامەنووس (**سۆران مامە حەمە**) پەیامنێری کوردستان ڕاپۆرت کرا، ڕۆژنامەنووسی هەڕەشەکراویش بەڕەسمی لقی کەرکووکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی ئاگادار کردۆتەوە، لقی کەرکووکیش بەنووسراوی ژمارە (٣٣٦) لە ٢٠٠٨/٥/٢٠ ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی ئاگادار کردەوە.

٣. ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٢٣ ڕۆژنامەنووس نەجات ئەحمەد پەیامنێری هەفتەنامەی هاوڵاتی ئاگاداری لیژنەی داکۆکی کردن لەڕۆژنامەنووسانی کردەوە کە بەتەلەفۆنی جۆری ئەلەمبەر هەڕەشەی لێکراوە. لیژنەی داکۆکیش بەو ڕۆژنامەنووسەی ڕاگەیاند کە لەهەموو ڕوویەکەوە پاڵپشتی مەعنەوی دەکات.

٤. ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٢١ بەژمارە تەلەفۆنی (٠٧٥٠٤٣٦٠٦٠٤) هەڕەشە لەڕۆژنامەنووس مەریوان نەقشبەندی کرا و داوای ئەوەی لێکرا کە ئەگەر بەردەوام بێت لەسەر شێوازی نووسینی ڕەخنە ئامێز لەو بوارەی کە خاوەنی موبایل قبوولی نییە، ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە.

٥. دوای بڵاوبوونەوەی وێنەی ئیحسان مەلا عەلی لەگەڵ ئافرەتێکی بیانی لەهەفتەنامەی ئاوێنە، ڕۆژنامەنووس سیروان غەریب لەڕێگەی تەلەفۆن هەڕەشەی لێکراو لیژنەی داکۆکیکردنیش بەڕەسمی لەڕێگای ئەو هەفتەنامەیە پشتگیری لەسیروان غەریب لەدژی ئەو هەڕەشەیەی لێی کراوە ڕاگەیاند.

٦. دوای ئەوەی هەفتەنامەی ئاوێنە، وێنەی ئیحسان مەلا عەلی نوێنەری پێشووی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان لەبەریتانیا لەگەڵ کچێکی بیانی بڵاوکردەوە، ڕۆژنامەنووس مەحموود یاسین کە پەیامنێری ئاوێنەیە پێی ڕاگەیاندین کە شوان قەڵادزەیی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی بە تەلەفۆن هەڕەشەی لێکردووەو دەقی هەڕەشەکەش بە تۆمارکراوی لای ئەو ڕۆژنامەنووسە هەیە.

٧. ڕۆژنامەنووس (**سۆران داودی**) پەیامنێری کەناڵی (**الحره**) لە کەرکووک، لەلایەن (**احمد العبیدی**) سەرۆکی تەجەموعی عەرەبی هەڕەشەی لێکراوە، بۆ ڕۆژنامەی (**النبأ**) ژمارە (٢١٣) لێدوانی لەو بارەیەوە داوە.

## چوارەم
## ئەو ڕۆژنامەنووسانە بەشێوازی جۆراوجۆر گیراون

١. ٢٠٠٧/١٠/١٠ ڕۆژنامەنووس گۆران غەریب پەیامنێری رادیۆی نەوا لەلایەن بنکەی پۆلیسی دوکان دەستگیر کرا، لەگەڵ بیستنی هەواڵەکە لیژنەی داکۆکی کردن لەمافی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پەیوەندی بە قائیمقامی ئەو شارەو بەرپرسە حکومییەکانی ئەو شارەوە کردو ئەوانیش بەڵێنیان دا کە هەموو هەوڵێک دەخەنە گەڕ بۆ داخستنی فایلی کێشەی ئەو ڕۆژنامەنووسە، دوای تێپەڕینی شەوێک بەسەر دەستگیرکردنیدا، گۆران غەریب بە کەفالەت ئازاد کرا، گرتنی ئەو ڕۆژنامەنووسە لەسەر ئەوەبووە کە هەواڵێکی لەسەر بەسەرچوونی دەرمانی کۆگای دوکان بڵاوکردۆتەوە، لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لیژنەی داکۆکی کردن لەمافی ڕۆژنامەنووسان لەگەڵیدا، گۆران غەریب گوتی سەرەڕای ئەوەی من بە بەڵگەوە دەنگی بەڕێز محەمەد خۆشناو وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستانم لەکاتی دادگایی کردنمدا بۆ بەڕێز دادوەری دوکان لێدا کە ڕاستی هەواڵەکەی منی پشت ڕاست کردەوە، گوتی ئەوەی گۆران غەریب دەیڵێت لەسەر بەسەرچوونی مێژووی دەرمانەکانی کۆگای دوکان ڕاستەو بەڵام دادوەر گوێ پێنەدا، بەداخەوە فایلی ئەو ڕۆژنامەنووسە نەک دانەخرا، بەڵکو بەبێ ئاگاداری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و دوور لە چاوی کامێرا کامەران فەرەج دادوەری دوکان بۆ ماوەی سێ مانگ حوکمی زیندانی کردنی گۆران غەریب بەبێ جێبەجێ کردن دەرکرد.

٢. ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/١٦ ڕۆژنامەنووس محەمەد ساڵح حەجی تاهیر سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕەسەن بەگوێرەی ماددەی ٢٣٦ برگە (٤) یاسای سزاکان لەلایەن دادگای دهۆک بۆ ماوەی دوو شەو زیندانی کرا، تۆمەتی گیرانی ئەو ڕۆژنامەنووسە ئەوە بووە کە سووکایەتی بەبڕیارەکانی دادگا کردووە و لەڕێگای نووسینێک کە لەژمارە (٣٧٢) ی ڕۆژنامەی ڕەسەن بڵاوبۆتەوە، لەگەڵ دەستپێکردنی کێشەکە ئەندامی لیژنەی داکۆکیکردن لەڕۆژنامەنووسان لەسنووری دهۆک بەدەم کێشەکەوە چووە و پارێزەری بۆ ڕۆژنامەنووس محەمەد ساڵح حەجی تاهیر گرتووە، ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/١٨ ئەو ڕۆژنامەنووسە بە کەفالەت ئازادکرا.

ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٦ بەپێی ماددەی (٢٣٦) برگە چوار لەیاسای سزادان بەبڕی سەد هەزار دینار سزا درا، جێگای باسە لیژنەی داکۆکیکردن لەڕۆژنامەنووسان لە سنووری دهۆک جگە لەگرتنی پارێزەر بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسە هەروەها بڕی سەد هەزار دینارەکەشی لەجیاتی ڕۆژنامەنووسی سزادراو دا.

٣. ٢٠٠٨/٥/١٥ ڕۆژنامەنووس (**دانا جەمیل**) ی پەیامنێری ڕۆژنامەی هاووڵاتی، لەلایەن بنکەی پۆلیسی عەداله لە شاری کەرکووک دەستگیر کرا، بیانووی دەستگیرکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسە ئەوەبوو کە لەنێو شاردا خەریکی وێنەگرتن و جێبەجێ کردنی ئەرکی ڕۆژنامەنووسی خۆی بووە، دواتر لقی کەرکووکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان یەکسەر خۆی کردە خاوەن کێشەکەو ڕاستەوخۆ داکۆکی لە ڕۆژنامەنووس دانا جەمیل کردو دوای دووکاتژمێر تێپەڕین بەسەر دەستگیر کردنەکەی، لەژێر گوشارو داوای لق ئازادکرا.

٤. ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/١٠ بەپێی بڕیاری دادوەری هەڵەبجە ڕۆژنامەنووس ڕێبار ئەحمەد بەتۆمەتی ناو زڕاندنی ئەندازیارێکی شارەوانی لەبابەتێک بەناوی (بەدواداچوون لەسەر پارچە زەویەکی دابڕاو لە شارەوانی) لەژمارە (٣٣١) ی هەفتەنامەی هاوڵاتی بۆ ماوەی (٢٤) کاتژمێر، لەڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٢٦ دەستگیرکرا، جێی باسە کێشەی ئەو ڕۆژنامەنووسە تاکو ئێستا لەدادگا بەردەوامە.

٥. ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/١٠ بەتۆمەتی بڵاوکردنەوەی بابەتێک لەڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٣٦٩) و (٣٧٠)، بەناوی (**پارتی لەبەردەم مەترسییەکانی کۆنگرەی سیانزەدا**) لەلایەن لیژنەی ناوچەی گوڵان و گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە داوایەک لەسەر ڕۆژنامەنووس عومەر ئاشتی لەدادگای کەلار تۆمار دەکرێت.. ئەو ڕۆژنامەنووسە بۆ ماوەی (٤٨) کاتژمێر زیندانی دەکرێت، بەڵام دوای ئەوەی ئەندامی لیژنەی داکۆکیکردن لەڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەو ڕۆژنامەنووسە و هەروەها

گرتنی پارێزەر بۆی ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/١٢ (عومەر ئاشتی) ی ڕۆژنامەنووس بە کەفالەت ئازاد کرا.

٦. لە پارێزگای دهۆک ڕۆژنامەنووس (**جۆنی خۆشابا ئۆشانا**) خاوەنی سایتی ئەلیکترۆنی (**الصرخە**) دەستگیر دەکرێت بۆ ماوەی (٤) ڕۆژ لەنێوان ٢/١٧-٢٠٠٨/٢/٢١، دواتر بەپێی بەڵێننامەیەک ئازاد دەکرێ کە تیایدا بەڵێن دەدا چیتر لەسەر حکومەتی هەرێم و پیاوانی ئایینی مەسیحی هیچ شتێک لەسایتەکەیدا بڵاونەکاتەوە.

٧. ٢٠٠٨/٢/٢٢ ڕۆژنامەنووس ئارام نەجیم پەیامنێری ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، لەلایەن هێزە پاسەوانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سنووری مەرزی باشماخ پەلامار دراو بۆ ماوەیەکی کەمیش (**تەوقیف**) کرا، دواتر ئازادیان کرد، بەڵام تەواوی ئەو وێنانەی کە لەکاتی جێبەجێ کردنی کاری ڕۆژنامەنووسی گرتبووی لەلایەن ئەو هێزەوە سڕابوونەوە.

٨. ٢٠٠٨/٣/١٧ ڕۆژنامەنووس پشتیوان خورشید سەرپەرشتیاری سایتی ڕاستی لەلایەن دەزگای ئاسایشی دهۆک دەستگیرکرا، نوێنەری لێژنەی داکۆکیکردن لە ڕۆژنامەنووسان لەو سنوورە، خەریکی بەدواداچوونی کێشەی ئەو ڕۆژنامەنووسەییە.

٩. ڕۆژنامەنووس سەردەشت حەمە ساڵح سەرنووسەری سایتی چاودێر و ڕۆژنامەی بونیاد لەلایەن (**جەلال عومەر ساماغە**) سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی سێ داوای یاسایی لەسەر تۆمارکراوە، ٢٠٠٨/٦/٨ لە دەرەنجامی ئەوە ئەو ڕۆژنامەنووسە بۆ ماوەی یەک ڕۆژ لە بنکەی پۆلسی سەرای شاری سلێمانی دەستگیرکرا.

سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی لە بەرامبەر بڵاوکردنەوەی بابەتێکی ڕۆژنامەوانی داوای سەد ملیۆن دینار وەکو قەرەبوو لە ڕۆژنانووس سەردەشت حەمە ساڵح دەکات، نوێنەری لێژنەی داکۆکی کردن لە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە سلێمانی بەو ڕۆژنامەنووسەی ڕاگەیاندووە کە ئێمە داکۆکی لە مافی ڕۆژنامەنووسان دەکەین و پاڵپشتی خۆمان لە تۆ ڕادەگەیێنین، تاکو ئێستا فایلی ئەو کێشەیە بە کراوەیی ماوەتەوە.

١٠. ڕۆژی ٢٠٠٨/٦/٣ ڕۆژنامەنووس ڕزگار ڕەزا چوچانی ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی بارزان و خاوەنی بەرنامەی نەوای هونەر لە ڕادیۆی نەوا لەلایەن سەرۆکایەتی زێرەڤانی لە شاری هەولێر بۆ ماوەی (٥) ڕۆژ دەستگیر کرا، تۆمەتی دەستگیرکردنەکەشی لەسەر ئەوە بووە گوایە پابەند نەبووە بە یاساو ڕێساکانی زێرەڤانی چونکە کارمەندی ئەوانە، بەڵام پێشتر ئەو ڕۆژنامەنووسە بە ڕەسمی داوای دەست لە کارکێشانەوەی خۆی لە فەرماندەی زێرەڤانی ڕاگەیاندبوو فۆتۆکۆپییەکی ئەو نووسراوەشی دایە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، دەستبەجێ لەگەڵ هەواڵی دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووس ڕزگار ڕەزا چوچانی لیژنەی داکۆکی کردن لە ڕۆژنامەنووسان سەردانی بەشی هەواڵگری زێرەڤانی کرد و داوای بەردانی ئەو ڕۆژنامەنووسەی کرد، بەڵام ئەوان بە بیانووی جۆراوجۆر ئامادە نەبوون ئەو داوایەی لیژنەکەمان قبوڵ بکەن، بەڵام لە دوای پێنج ڕۆژ زێرەڤانی ئەو ڕۆژنامەنووسەی بەردا، (**ڕزگار ڕەزا چووچانی**) بە لێژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند کە گوتی بەو مەرجە ئازادیان کردم کە واز لەکاری ڕۆژنامەنووسی بێنم.

١١. ڕۆژی ٢٠٠٨/٦/٦ ڕۆژنامەنووس سروە عەبدولواحید پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی (**الحرە**) لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکی ڕۆژنامەنووسی خۆی لەلایەن هێزەکانی ناوخۆی شاری مەخمور بەزۆر برا بۆ بارەگای پۆلیس، لەوێ بۆ ماوەیەکی کەم (**تەوقیف**) کرا، لێژنەی داکۆکی کردن لە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پەیوەندی بە قائیمقامی مەخموورەوە کردو نیگەرانی خۆی لەو بارەیەوە نیشاندا.

### پێنجەم
### ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ئازاری جۆراوجۆر دراون و یاخود مافە پیشەییەکانیان پێشێل کراوە

١. ڕۆژی ٢٠٠٨/١/٢٢ لەلایەن ئاسایشی سەنگەسەر جگەلەوەی ڕێگری لەچوونی ڕۆژنامەنووسانی قەڵەم کرا کە بەمەبەستی شکاندنی ئابلۆقەی سەر قەندیل پێکهاتبوو، هەروەها لەلایەن هێزەکانی نێوخۆیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو سنوورە دوو ڕۆژنامەنووس دارکاری کرا، کە بریتیی بوون لە:

أ. سۆران عومەر بەرپرسی ئاژانسی دەنگ و باسی کوردستان نیوز و بەهۆی ئازاری زۆرەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی ڕانیەکرا.

ب. ڕەحمان غەریب پەیامنێری ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئازادی.

٢. ڕۆژی ٢٠٠٨/١٠/٢٣ ڕۆژنامەفرۆش دارا محیەددین لەکاتی ئەوەی خەریکی فرۆشتنی ڕۆژنامەکەیان بوو لەنێو بازاڕی سلێمانی لەلایەن موقەدەمێکی ئاسایش بەناوی خالید سیتەکی لێپرسراوی ئاسایشی سەرشەقام دارکاری کرا و بۆماوەیەکی کەمیش دەستگیرکرا.

٣. ڕۆژی ٢٠٠٨/١/٢ ژمارەیەک ئاسایشی سەر بەبەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەرێمی کوردستان/هەولێر لەبەردەم مزگەوتی سەواف هێرشیان کردە سەر ستافێکی ڕۆژنامەنووسانی سەر بەکەناڵی ئاسمانی کوردستان و ئازارێکی جەستەیی زۆریان دا. دەست بەجێ لیژنەی داکۆکی کردن لەڕۆژنامەنووسانی کوردستان پەیوەندی بەکاک عیسمەت ئەرگوشی بەڕێوەبەری ئاسایشی هەرێمەوە کرد و ڕۆژی دواتریش سەرۆکی لیژنە سەردانی ناوبراوی کرد. دەستبەجێ بەبڕیاری بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش لیژنەیەکی دوو قۆڵی لە کاک عادل بۆتانی جێگری بەڕێوەبەری ئاسایش و زیرەک کەمال – ئاکۆ محەمەد نوێنەرانی لیژنەی داکۆکی کردن پێک هات.

دواتر ئاسایش بڕیاری بەندکردنی چوار ڕۆژی بۆ هەر یەک لەو ئاسایشانە دەرکرد، ویستیان سزای مووچە بڕینیشیان بدەن، بەڵام لیژنەی داکۆکی کردن لە ڕۆژنامەنووسان ئەوەی ڕتکردەوە.

٤. ڕۆژی ٢٠٠٨/١/١٨ ڕۆژنامەنووس هۆگر محەمەد تاهیر سەرپەرشتکاری پاشبەندی ئەڤرۆ سپۆرات لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکی پیشەیی خۆی لەناو یاریگای بارزان لەزاخۆ لەلایەن خەڵکانێکی نەناسراو لێیدراو بەتوندی ئازاری جەستەیی دراو کامێراو ریکۆردەکەشیان لێ ستاند، دواتر لەلایەن ئەفسەرێکی ئاسایش کامێراو ریکۆردەرەکەی بۆ گەڕێندرایەوە.

٥. ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٢/٩ پاسەوانەکانی (**ئەکرەمی شێمەی هارون**) کە فەرماندەیەکی سەربازییە، لەنێو جەرگەی شاری هەولێر کەوتنە لێدانی ستافێکی ڕۆژنامەنووسانی سەر بە کەناڵی ئاسمانی کوردستان و ئازارێکی جەستەیی زۆریان دان، ئەو ڕۆژنامەنووسانەش بریتی بوون لە:

١. ڕزگار کۆچەر
٢. سامان عەدنان
٣. کاروان زامدار
٤. یوسف ستار
٥. گۆران ساڵح
٦. موحسین محەمەد

هەروەها لەم دەستدرێژییەدا دەستی ڕۆژنامەنووس (**کاروان زامدار**)یان شکاند، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەنووسراوێکی فەرمی ژمارە (٤٤) وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانیان ئاگادار کردەوە داوای سزادانی ئەوانەی کرد کە دەستدرێژیان کردبووە سەر ئەو ڕۆژنامەنووسانە، بەڵام بەداخەوە وەزارەتی ناوبراو هیچ جۆرە وەڵامێکی سەندیکایان نەدایەوە.

٦. شەوی ٧-٢٠٠٨/٣/٨ لەناو هوتێلی هەورامان لەشاری هەولێرو لەلایەن کارمەندێکی ئەو هوتێلە دەستدرێژی جەستەیی کرایە سەر ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی (**سیسێل ئینیونی**) دوای ئەمە هێزە ناوخۆکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو شارەدا دەستدرێژی کارییان دەستگیر کرد.

بۆ بەدواداچوونی ئەو کێشەیە، فەرهاد عەونی، نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان سەردانی هوتێلی هەورامانی کردو هەروەها ڕاستەوخۆش پەیوەندی بە کۆمەڵێک نێوەندی جیاجیای حکومەتەوە کرد لەهەولێر.

٧. دوای ئەوەی ڕۆژنامەنووس کۆسرەت عەبدولڕەحمان کە ڕۆژنامەنووسە لە تەلەفزیۆنی باباگوڕگوڕ بابەتێکی بەناوی (**سەرۆکی هەرێم بۆچی نایەی بۆ کەرکووک**) لە ژمارە (٢٦٨) ی ٢٠٠٨/٢/٢٣ بڵاوکردەوە، لەسەر ئەم بابەتە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەو تەلەفزیۆنە دەرکرا.

٨. ٢٠٠٨/٥/٤ لەناو شاری بەغدا هەوڵی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری خاک و ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان کوردستان درا.

٩. ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٢١ ڕۆژنامەنووس مەریوان نەقشبەندی ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی خەبات، لەسەر بڵاوکردنەوەی بابەتێک بەناوونیشانی (**دکتۆرا لەماستاو کردن**) کە لە ڕۆژنامەی هاووڵاتی بڵاوکرابووەوە دەرکرا، لیژنەی داکۆکی کردن لەمافی ڕۆژنامەنووسان پەیوەندی بە ناوەندی ئەو ڕۆژنامەیە کردو داوای گەڕانەوەی ئەو ڕۆژنامەنووسەی کرد، بەڵام ئەوان گوتیان ئێمە

بۆ شوێنێکی تر گواستومانەتەوەو مووچەشمان نەبڕیوەو بە بەردەوامی مووچەی دەدەینێ.
١٠. کۆمپانیای سترین منیستری ئەڵمانی کە بارەگاکەی لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیایەو بەشێکە لە پرۆژەی ڕاگەیاندنی عێراقی – ئەڵمانی مووچەی سێ مانگی ڕۆژنامەنووس (**کامەران نەجار**)ی خواردو ئامادەنەبوو مووچەکەی بداتێ، لەکاتێکدا ئەو ڕۆژنامەنووس بە شێوەیەکی ڕەسمی گرێبەستی ئەوەی لەگەڵدا ئیمزا کردبوو، کە لە بەرامبەر ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەنووسی بۆیان مانگانە دوو سەد دۆلاری بدەنێ.
١١. کۆتایی مانگی ئایاری ٢٠٠٨ (**بژار سەعید و نەوزاد محەمەد**) کە ڕۆژنامەنووس و پەیامنێرن لە کەناڵی ئاسمانی کوردستان (K.tv)ین، لەلایەن پۆلیسی فریاکەوتنی شاری کەرکوو تەنگیان پێ هەڵدەچنرێت و ڕێگای جێبەجێ کردنی ئەرکی ڕۆژنامەنووسیان لێ دەگیرێت، دواتر کامێراکەشیان لێ دەسەنرێت.
١٢. ئەنجام سەعید کە ڕۆژنامەنووسێکی شاری کەرکوکەو شەوی ٢٢-٢٠٠٨/٦/٢٣ لەلایەن مەفرەزەیەکی پۆلیسەوە لە شاری کەرکووک لە کاتێکدا خەریکی وەرزشکردن بووە، تەقەی لێکراوەو دوای سوکایەتی پێکردن، ناسنامەی لێوەرگیراوەو هەڕەشەی ئەوەی لێکراوە کە ئەگەر ئەم هەڕەشەو سوکایەتی کردن بڵاوبکاتەوە لە زیندانی قایم دەکەن.
١٣. ٢٠٠٨/٦/٢٤ ڕۆژنامەنووس (**سەفین حەمید ئەحمەد**) وێنەگری ئاژانی پەیامنێر، ئاژانسی فرانس پرێس لەکاتێکدا سەرقاڵی جێبەجێکردنی ئەرکی ڕۆژنامەنووسی بووەو بە مەبەستی ئامادەبوونی وەکو ڕۆژنامەنووسێک لە کردنەوەی لقی کۆمپیانی فۆردی ئەمریکی، لەلایەن پاسەوانێکی ئەو کۆمپانیایە پەلامار دەدرێت و وێڕای ئەوەی کامێراو ریکۆردەرەکەی لێ دەسەنرێت، هەروەها سوکایەتی زۆریشی پێ دەکرێت، لە بەرامبەر ئەو سوکایەتیی کە بەو ڕۆژنامەنووسە کرا، ستافی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان تی ڤی، کوردسات، ئەلعەرەبییە، ئەلعراقیە، ئەسۆمەریە، ڕۆیتەرز، ئەسۆشیەتید پرێس، فرانس پرێس و ڕۆژنامەی ئاسۆ، ئەو شوێنەیان بەجێ هێشت.
١٤. ٢٠٠٨/٦/٢٨ تیمێکی پەیامنێری سەر بە کەناڵی ئاسمانی کوردستان تی ڤی، لەکاتی ئەنجامدانی ئەرک و کاری پیشەیی خۆیان لە کۆمەڵگای کانی قرژاڵە، لەلایەن مەفرەزەیەکی سوپای عێراق هێرشیان کرایە سەرو سوکایەتییەکی زۆریان پێکراو هەواڵی ئەوەشیان دابوو کەوا کامێراکەیان لێ بستێنن.
١٥. دوای ئەوەی ڕۆژنامەنووس (**حاجی کەرکووکی**) بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی (**النبأ**) لەلایەن عەمید جومعە بەرپرسی کاروباری پارێزگای کەرکوک بانگهێشت دەکرێت و داوای ئامادەبوونی لێ دەکەن لەپێش لێژنەکەی یان بۆ لێکۆڵنەوە داوای سەرچاوەی زانیارییەکانی چەند بابەتێکی لێ دەکەن.
دواتر لەلایەن هەمان بەڕێوەبەرایەتییەوە بەنووسراوی ژمارە (٨٩٦) لە ٢٠٠٨/٥/١٥ ئاراستەی دەزگای هەواڵ کراوە تیایدا داوای ئامادەبوونی ڕۆژنامەنووس (**شوان داودی**) دەکەن لەبەردەم لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە کەلەسەر داوای پارێزگاری کەرکووک پێکهێنراوە بۆ ئاشکراکردنی سەرچاوەی زانیاری هەواڵ لەسەر ئەو پرۆژانەی کە لە ڕۆژنامەی (**النبأ**) بڵاوکراونەتەوە.

### شەشەم
### ڕۆژنامەنووسانی بێ سەرو شوێن

١. ٢٠٠٧/٢/٣ ڕۆژنامەنووس (**محەمەد حەسەن ئەحمەد**) ناسراو بە (**محەمەد سیاسی**) لەماڵەوە دەرچووەو تاکو ئێستاش بێ سەرو شوێنە، بەپێی وتەی برای ئەو ڕۆژنامەنووسە، ناوبراو نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لە چێشتخانەی ئەبو شەهاب لە شاری هەولێر نانی خواردووەو دواتر چارەنووسی نادیار دەبێت، لێژنەی داکۆکی لە ڕۆژنامەنووسان لەم بارەیەوە پەیوەندی بەچەندین نێوەندی حزبی و حکومییەوە کردووە، بەڵام هەموویان بێ ئاگایی خۆیان نیشان دەدەن.

### حەوتەم
### ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لەدادگا داوایان لەسەر تۆمار کراوەو بەمەبەستی دادگاییکردن و لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا بانگهێشت کراون

١. پاش تۆمارکردنی داوایەکی یاسایی لەڕۆژی ٢٠٠٧/٢/١١ لەسەر ڕۆژنامەنووس هێرش ئەحمەد سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئاراستە لەلایەن مامۆستایەکەوە بەتۆمەتی ناو زڕاندنی، بەبەشداری و ئامادەبوونی نوێنەری لێژنەی داکۆکی کردن لەڕۆژنامەنووسانی کوردستان فایلی ئەو ڕۆژنامەنووسە لەدادگای سلێمانی

بەقازانجی هێرش ئەحمەد داخرا.

٢. رۆژی ٢٠٠٧/٨/١ سەرنووسەری رۆژنامەی ئەڤرۆو ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکاو ئەندامی لیژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان (**بەهجەت هەروری**) بەپێی هەردوو برگەی (٩،١٠) لەماددەی ٤٣٣ ی سزاکانی عیراقی لەلایەن دادگای دهۆک بانگهێشت کرا. ئەو بانگهێشت کردنەش لەدەرەنجامی بلاوکردنەوەی بابەتێک بوو لەژمارە (١٩٩) رۆژی ٢٠٠٧/٧/٢٥ ی رۆژنامەی ئەڤرۆ- دەقی بابەتەکەش تایبەت بوو لەسەر بەرگری کردنی پارێزەرێک لە گومانلێکراوێک بەکاری تیرۆریستی لەکاتێکدا پارێزەرەکە ناویشی نەهاتبوو. جێی باسە دادگای دهۆک تاوانی تیرۆریستەکەی سەلماند و بەلەسێدارەدان سزایدا. کەچی پارێزەرەکە سکالای لەسەر سەرنووسەری رۆژنامەی ئەڤرۆ تۆمارکرد کە گوایە ئەو رۆژنامەیە ناوی ئەوی زراندووە. جێی باسە تاکو ئێستا کێشەکە لەدادگا بەردەوامە.

٣. رۆژی ٢٠٠٧/١١/١٥ لەلایەن سەرۆکایەتی تەندروستی دهۆک داوایەک لەدژی رۆژنامەنووس بەهجەت هەروری سەرنووسەری رۆژنامەی ئەڤرۆ و رۆژنامەنووس ئازاد عەبدوللا پەیامنێری هەمان رۆژنامە لەسنووری ئاکرێ تۆمارکرا، ٢٠٠٧/١١/٢٠ هەردوو رۆژنامەنووس بانگهێشتی دادگای دهۆک کران و بەپێی ماددەی (٤٣٣) ی یاسای سزاکان بەتۆمەتی ناوزراندن دادگایی کردنەکەیان دەستی پێکرد. دوای چەندین دانیشتن و لێکۆڵینەوە لەرۆژی ٢٠٠٨/١/١٠ بەپێی نووسراوی ژمارە ٩٠٨١٨ دادگای دهۆک ناراستی تۆمەتی سەر هەردوو رۆژنامەنووسی سەلماند و کێشەکە لەبەرژەوەندی رۆژنامەی ئەڤرۆ کۆتایی هات.

٤.رۆژی ٢٠٠٧/٩/٦ لەسەرداوای بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بنکەی پۆلیسی ئازادی - هەولێر بڕیاری دەستگیرکردنی رۆژنامەنووس شوان داودی سەرنووسەری هەفتانەی هەواڵ و ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا و ئەندامی لیژنەی داکۆکیکردن لەرۆژنامەنووسانی کوردستان دا - نوێنەری لیژنەی داکۆکیکردن لەرۆژنامەنووسان تاکو ئێستا چەندین جار سەردانی بنکەی پۆلیس کردووە. بەمەبەستی کۆتایی هاتن بەم کێشەیە بەلام تاکو ئێستا بڕیاری دەستگیرکردنی ئەو رۆژنامەنووسە بەکراوەیی ماوەتەوە، بڕیاری دەستگیرکردنی شوان داودی لەسەر بلاوکردنەوی بابەتێک بوو بەناونیشانی (**فیلمی سێکسی لەهەولێر**) لەنووسینی رۆژنامەنووس (باران) بوو لەژمارە (١٢٥) رۆژنامەی هەواڵ.

٥. رۆژی ٢٠٠٨/١/٨ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر-جۆلانەوەو تاوان بەنووسراوی ژمارە (١٠٨) ئاگاداری رۆژنامەنووس ئاسۆ جەباری کرد بۆ ئامادەبوونی لەبەردەم دادگا بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا چونکە تۆمەتبارە بەپێی ماددەی (٤٣٣) لە یاسای سزاکانی عیراق لەسەر بلاوکردنەوەی بابەتێکی رۆژنامەوانی، لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی رۆژنامەنووسانی کوردستان پەیوەندی بە رۆژنامەنووس ئاسۆ جەبارەوە کرد و ئامادەیی دەربڕی پارێزەری بۆ بگرێت.

٦. لەسەر بلاوکردنەوەی راپۆرتەکەی (**مایکل رۆبن**) لەرۆژنامەی هاولاتی رۆژی ٢٠٠٧/١/١٣ بەڕێز مام جەلال تالەبانی سەرۆک کۆماری عیراقی فیدراڵ لەدادگای سلێمانی داوایەکی یاسایی لەسەر عەبد عارف سەرنووسەری هاولاتی تۆمارکرد. رۆژی ٢٠٠٨/٢/٤ پرۆسەی دادگایی کردنەکە دەستی پێکرد و ناوبراو لەلایەن ئەو دادگایە بەبڕی یەک ملیۆن دینار کەفالەت ئازاد کرا تاکو دەست پێکردنی قۆناغێکی تری دادگایی کردنەکە.

٧. رۆژی ٢٠٠٨/٢/٤ دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بەنووسراوی ژمارە (٤٥٤) رۆژنامەنووس سەردار پشدەری ئاگادار کردەوە کە لەبەردەم دادگا ئامادەبێت بۆ لێکۆڵینەوەلەگەڵیدا چونکە تۆمەتبارە بەپێی ماددەی (٤٣٣) لە یاسای سزاکانی عیراق.

٨. رۆژی ٢٠٠٨/٢/٤ دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بەنووسراوی ژمارە (٤٥٦) ئاگاداری رۆژنامەنووس ئاکۆ محەمەد سەرنووسەری هەفتەنامەی میدیا و ئەندامی لیژنەی داکۆکی کردن لەرۆژنامەنووسانی کوردستان کردووە کە لەبەردەم دادگا ئامادەبێت چونکە تۆمەتبارە بەپێی ماددەی (٤٣٣) لەیاسای سزاکانی عیراق لەسەر بلاوکردنەوەی بابەتێکی رۆژنامەوانی، تاکو ئێستاش فایلی کێشەکە کە بەکراوەیی ماوەتەوە، لیژنەی داکۆکیکردن لەرۆژنامەنووسانی کوردستان بەدواداچوونی کردووە بەرەسمی داکۆکی لەرۆژنامەنووس ئاکۆ محەمەد کرد.

٩. رۆژی ٢٠٠٨/٢/٢٦ دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بەنووسراوێکی ژمارە (٨٨٢) رایگەیاند

کـە دەبێت هـەردوو رۆژنامەنـووس هەندرێن عەبدولقادر حەمەد و هێمن مەهدی نەقشبەندی لەبەردەمـی دادگا ئامادەبـن چونکە تۆمەتبارن بەپێـی مـاددەی (٤٣٣) لەیاسـای سـزاکان بەهۆی بڵاوکردنـەوەی بابەتێکی رۆژنامەوانی لەهەفتەنامەی جەمـاوەر . لیژنەی داکۆکیکردن لـەم بارەیـەوە بەدواداچوونی کـرد و داکۆکی کرد لەو دوو رۆژنامەنووسە.

١٠. رۆژی ٢٠٠٨/٣/١٨ دادگای لێکۆڵینـەوەی هەولێر بەنووسـراوی ژمـارە ١٢٤٧ رایگەیاند کـە دەبێـت هەرسـێ رۆژنامەنـووس تاریـق فاتـح خـاوەن ئیمتیازی رۆژنامـەی هاوڵاتی و عەبد عارف سەرنووسـەری ئـەو رۆژنامەیەو نەجات ئەحمـەد پەیامنێری هەمـان رۆژنامەی ئاگادارکـردەوە کـە لەبـەردەم دادگا ئامادەبن چونکـە لەسـەر بڵاوکردنـەوەی بابـەتێکـی رۆژنامەوانی تۆمەتبـارن بەپێی ماددەی (٤٣٣) لەیاسای سزاکان.

١١. ٢٠٠٨/٢/٤ دادگای لێکۆڵینـەوەی هەولێـر بەنووسـراوی ژمـارە (٤٥٧) رایگەیانـد کـە دەبێت هـەردوو رۆژنامەنـووس ئەحمەد میرە سەرنووسـەری مانگنامـەی (**لڤین**) لەبەردەم دادگا ئامادەبن بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا چونکە تۆمەتبارن بەپێی ماددەی (٤٣٣) لەیاسای سزاکانی عیراق.

١٢. رۆژی ٢٠٠٨/١/٢١ لیژنـەی داکۆکیکـردن لەرۆژنامەنووسـانی کوردسـتان ئامادەیـی دادگایی کردنی رۆژنامەنووس شێرزاد شێخانی بـوو لـەدادگای لێکۆڵینـەوەی هەولێـر، لەوێدا نوێنەر لیژنە داکۆکی لەو رۆژنامەنووسـە کرد و لەسەر داوای لیژنەکەش دادوەر عەبدولباست فەرهادی بڕیاری دادگایی کردنەکەی دواخست، رۆژی دواتـر لیژنـەی داکۆکـی کـردن لـە رۆژنامەنووسـان کاک حیسامەددین سەرداری وەکـو پاریـزەر بـۆ رۆژنامەنـووس شـێرزاد شـێخانی تەرخان کرد و ئـەوە بوو لەرۆژی ؟ ؟ کۆتایـی دادگایی کردنەکـە لەبەرژەوەندی شێرزاد شێخانی کۆتایی هات.

١٣. رۆژی ٢٠٠٨/٤/٣ سـەرۆکی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی تورکمـان لەشـاری کەرکـووک سکاڵای لەسەر رۆژنامەنووسان شوان داودی سەرنووسـەری هەفتەنامەی هـەواڵ و جەلیل ئەلبەسـری سەرنووسـەری (النبأ) لـەدادگای کەرکووک تۆمارکرد. ئەو دادگایەش بەمەبەستی لێکۆڵینـەوە لەگەڵ ئەو دوو رۆژنامەنووسـەدا بانگهێشتی بنکەکەی خۆی کردن.

١٤. رۆژی ٢٠٠٨/٥/٤ رۆژنامەنووس شـێرزاد عەبدولرەحمـان سەرنووسـەری هەفتەنامـەی (**هەرێمـی کوردسـتان**) لەلایـەن دادگای لێکۆڵینـەوەی رانیە بەنووسـراوی ژمارە ١٩٩ – ٢٠٠٨ لەرێکەوتـی ٢٠٠٨/٥/٤ ئاگادارکرایەوە کەوا لەو دادگایەدا سکاڵای لەسەر تۆمارکراوەو پێویسـتە بەمەبەسـتی لێکۆڵینـەوە لەگەڵیـدا ئامـادەی بـەردەم دادگا بێـت. تاکو ئێسـتاش فایلی کێشەکە بەکراوەیی ماوەتەوە، سەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردستان بڕیاریدا پارێزەر بۆ ئەو رۆژنامەنووسە بگرێت.

١٥. ٢٠٠٨/٤/١٥ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس لەهەولێـر رایگەیاند کە دەبێـت رۆژنامەنووس هەڵـۆ کەرکووکـی لەبەڕێوەبەرایەتیەکەیـان ئامادەبێـت چونکە محیەددین وەلی سـۆفی کە پۆلیسـە لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی فریاکەوتن داوای یاسـایی لەسـەر تۆمارکـردووە، تاکـو ئێستاش فایلی کێشەکە بەکراوەیی ماوەتەوە.

١٦. رۆژی ٢٠٠٨/٥/١٥ بەڕێوەبەرایەتـی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بەنووسراوی ژمارە (٩٠٧٠) رایگەیانـد رۆژنامەنـووس بورهـان قادر پەیامنێـری رۆژنامەی رۆژنامە کە دەبێت لەبەڕێوەبەرایەتییەکـەی ئامادەبێـت. بۆئەوەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵـدا بکرێت، چونکە تۆمەتبارە بەپێـی مـاددەی (٤٣٤) لەسـەر بڵاوکردنەوەی بابەتێکـی رۆژنامەوانـی. تاکو ئێسـتاش فایلی کێشـەکە بەکراوەیـی ماوەتـەوە، سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی بـەو رۆژنامەنووسـەی راگەیاند کە پارێزەری بۆ دەگرێت.

١٧. رۆژی ٢٠٠٨/٥/٨ دادگای لێکۆڵینـەوەی هەلێر بەنووسـراوی ژمارە ١٨٦٩ و بە ئیمزای دادوەر مسـتەفا عەبـاس عەزیـز رایگەیاند کە دەبێـت رۆژنامەنـووس نەبـەز گـۆران کـرد لەبـەردەم دادگا ئامادەبێـت بـۆ لێکۆڵینـەوە لەگەڵیدا لەسەر بڵاوکردنەوەی بابەتێک بەناوی (**شـەمەندەفەرە گەندەڵەکـە**) کـە لەرۆژنامـەی هاوڵاتـی بڵاوکردبـۆوە، تاکـو ئێسـتاش فایلی کێشـەکە بەکراوەیـی ماوەتـەوە، سـەندیکای رۆژنامەنووسان بەو رۆژنامەنووسەی راگەیاند کـە پارێزەری بۆ دەگرێت و داکۆکی لەجێبەجێ کردنی کاری پیشـەیی دەکات.

١٨. رۆژی ٢٠٠٨/٤/٨ بەنووسـراوی ژمـارە (١٤٨٧) دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر، رایگەیاند کـە دەبێـت رۆژنامەنـووس شـوان داودی سەرنووسـەری هەفتەنامەی (هەواڵ) لەبەردەم دادگا ئامادەبێت چونکە تۆمەتبارە بەپێی ماددەی

٤٣٣ لەیاسای سزاکان.

١٩. رۆژی ٢٠٠٨/٢/١١ دادگای لێکۆڵینەوی چۆمان بەنووسراوی ژمارە (٢٠٠٧/٢/٢٥) ئاگاداری رۆژنامەنووس (**ئارام زرار ئەحمەد**)ی کردەوە کە دەبێت لەبەردەم دادگا ئامادەبێت بۆ لێکۆڵینەوە، چونکە تۆمەتبارە بەپێی ماددەی (٤٣٣) لەیاسای سزاکان. لەسەر بڵاوکردنەوەی بابەتێکی رۆژنامەوانی، جێی باسە دواتر فایلی کێشەکە بەقازانجی رۆژنامەنووسەکە کۆتایی هات چونکە نوێنەری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەم بارەیەوە بەدواداچوونی کردو پارێزەری بۆ ئەو رۆژنامەنووسە گرت.

٢٠. رۆژی ٢٠٠٨/٤/١ لەلایەن کۆمپانیای نۆکانەوە داوایەکی یاسایی لەسەر بابەتێکی رۆژنامەوانی لەسەر رۆژنامەنووس (**عەبد عارف**) سەرنووسەری هەفتەنامەی هاوولاتی تۆمار دەکرێت.دواتر ئەو رۆژنامەنووسە بانگهێشتی دادگا کراو تاکو ئێستاش فایلی ئەو کێشەیە بەکراوەیی ماوەتەوە.

٢١. بەهۆی بڵاوبوونەوەی وێنەیەک و بەتۆمەتی ناوزڕاندنی ئیحسان مەلا عەلی داوایەکی یاسایی لەدادگای سلێمانی لەسەر هەفتەنامەی ئاوێنە تۆمار دەکات. لەلایەکی تریش سیروان غەریب سەرنووسەر سایتی ئاوێنە لەلایەن کەسێکی نەناسراو لەسەر هەمان مەسەلە هەرەشەی لێکرا. لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی رۆژنامەنووسانی کوردستان چووە ناو فایلی کێشەکەو پالپشتی خۆی بۆ سیروان غەریب راگەیاند، لە دژی ئەو هەڕەشەیە.

٢٢. رۆژی ٢٠٠٨/٣/١٨ هەردوو رۆژنامەنووس فەهیم عەبدوللا خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی ئەڤرۆ و بەهجەت هوروری سەرنووسەری هەمان رۆژنامە لەلایەن دادگای دهۆک بانگهێشت کران لەئەنجامی دایک و باوکی کچێک کە لەداواکەیان داوای قەرەبووی (٦٠) شەست ملیۆن دینار لەو دوو رۆژنامەنووسە دەکەن کە گوایە لەدەرەنجامی بڵاویوونەوەی بابەتێک لەسەر کچێکی ئەو خێزانە کە تەمەنی (٢٢) ساڵ بووە و لەژوورێکدا زیندانی کراوە. لەکاتێکدا نە ناوی خێزانەو نە ناوی کچەکەش لەبابەتەکە نەهاتبوو. شایانی گوتنە تاکو ئێستا کێشەکە لەدادگا بەردەوامە.

٢٣. رۆژی ٢٠٠٨/٤/٧ رۆژنامەنووس (**زانکۆ محەمەد**) سەرنووسەری گۆڤاری ئاوێنەکان، لەلایەن هونەرمەند فریاد خەلیل لە دادگای سلێمانی داوای لەسەر تۆمار کرا، ئەو کێشەیە تاکو ئێستا چارەسەر نەرکاوەو دۆسیەکەی بەکراوەیی ماوەتەوە.

٢٤. رۆژی ٢٠٠٨/٤/٢٧ رۆژنامەنووس میقداد شاسواری سەرنووسەری هەفتەنامەی جەماوەر لەلایەن بنکەی پۆلیسی تەیراوە لەشاری هەولێر بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا بانگهێشت کرا، چونکە لەلایەن رێکێش ئامێدی داوای لەسەر تۆمار کرابوو لە بەرامبەر بڵاوکردنەوەی بابەتێکی رۆژنامەوانی لەسەر گەندەڵی لە هەفتەنامەکەیان، دواتر کێشەکەی نێردرا بۆ دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر، تاکو ئێستا ئەو رۆژنامەنووسە هەر لەسەر ئەو مەسەلەیە چەندین جاری تر بانگهێشتی بنکەی پۆلیسی تەیراوەو باداوە کراوە، لە هەموو وردەکارییەکانی ئەو کێشەیەش لیژنەی داکۆکاکردن لە رۆژنامەنووسان لەگەڵ رۆژنامەنووس میقداد شاسواری ئامادە بووەو داکۆکی لێکردووە.

٢٥.رۆژی ٢٠٠٨/٦/١٠ داواکاری گشتی لەهەولێر رۆژنامەنووس نەبەز گۆرانی بانگهێشت کرد بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا لەسەر بڵاوکردنەوەی بابەتێک لەکاتێکدا پێشتر فایلی ئەو کێشەیە بە قازانجی ئەو رۆژنامەنووسە یەکلایی بۆتەوە، لیژنەی داکۆکی کردن لەمافی رۆژنامەنووسان پەیوەندی بە نەبەز گۆران کردو ئامادەیی دەربڕی پارێزەری بۆ بگیرێت.

٢٦. لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵی دەستگیرکردنی (**کامەران عومەر**)ی گۆرانیبێژ لەسەر تلیاک، ناوبراو داوای یاسایی لەسەر رۆژنامەی هاوڵاتی تۆمار کردووە لە بنکەی پۆلیسی سلێمانی، ئەو بنکەیەش بە رەسمی بانگهێشتی رۆژنامەنووسان ئاسۆس هەردی سەرنووسەری پێشووی رۆژنامەی هاوڵاتی و توانای عوسمان سەرنووسەری ئەوسای هەمان رۆژنامەی کردووە، ئێستاش کێشەکە بەر دەوامەو فایلەکەی دانەخراوە.

٢٧. ٢٠٠٨/٦/٨ جەلال عومەر ساماغە سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی لە سلێمانی لەسەر بڵاوکردنەوەی بابەتێک کە پەیوەندی بە دیوانی چاودێری هەبووە داوای یاسایی لەسەر رۆژنامەنووس (**رەنج قەرەداغی**)تۆمار کردووە، ئێستا فایلی ئەو کێشەیە بە کراوەیی ماوەتەوەو دانەخراوە.

٢٨. تۆمارکردنی پێنج داوای یاسایی (٣) جەزائی (٢) بەرایی، لەسەر شوان داودی

سەرنووسەری رۆژنامەی هەواڵ، لەلایەن **(جەلالی ساماغا)** سەرۆکی دیوانی چاودێری داراییەوە لە سلێمانی. لەدووانیاندا فەرمانی گرتن بۆ رۆژنامەنووس **(شوان داودی)** دەرچووە.

٢٩. لەسەر داوایەکی مەتران لویس ساکۆ مەترانی کەنیسەی **(قلب الاقدس)** لە کەرکووک، داوایەک لەسەر **(فوئاد گەنجی)** سەرنووسەری رۆژنامەی **(نرگال)** تۆمار کراوە، دوای بانگهێشت کردنی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی عەرەفەوە، هەڵسوکەوتی نایاسایی لەگەڵدا کراوە لەلایەن بەڕێوەبەری بنکەکە عەقید **(ئەفران یەعقوب)** ەوە، بۆ ئەو مەبەستەش بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووک ئاگادار کراوەتەوە.

٣٠. ٢٠٠٨/٦/٨ جەلال عومەر ساماغە داوایەکی یاسایی لەسەر رۆژنامەنووسان شوان داودی سەرنووسەری هەفتەنامەی هەواڵ و تاریق فاتح خاوەن ئیمتیازی هاووڵاتی و سەردەشت حەمەساڵحی رۆژنامەنووس لەسەر بڵاوکردنەوەی بابەتێکی رۆژنامەوانی تۆمارکردووە، تا ئێستاش کێشەکە بەردەوامەو فایلەکەی دانەخراوە.

٣١. دوای ئەوەی لە هەفتەنامەی ئاوێنە بابەتێک لەسەر سیستەمی کارکردن لە زانکۆی سلێمانی بڵاوکرایەوە، د. ئەلبێرت عیسا مامۆستای زانکۆ لە دادگا داوایەکی یاسایی لەسەر رۆژنامەنووس ئاسۆس هەردی سەرنووسەری ئەوسای ئاوێنە تۆمار کرد، ئێستا ئەو کێشەیە لە دادگا لە کراوەیی ماوەتەوەو دۆسیەکەی تاکو ئێستا دانەخراوە.

٣٢. مانگی ٢٠٠٨/٤ فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی لەسەر بڵاوکردنەوەی بابەتێکی رۆژنامەوانی لەسەر نخۆشی ئەنفلۆنزای باڵندە لە مانگنامەی لڤین داوایەکی یاسایی لەسەر هەردوو رۆژنامەنووس ئەحمەد میرە سەرنووسەری ئەو گۆڤارەو هەڵگورد ئەحمەد رۆژنامەنووس لە هەمان گۆڤار لە دادگای سلێمانی تۆمار کرد، تاکو ئێستاش پرۆسەی دادگایی کردنە بەردەوامەو دۆسیەی ئەو کێشەیە دانەخراوە.

## بەر لە کۆتایی

١. ئەم راپۆرتە هەر شەش مانگ جارێک تایبەت بە رەوشی رۆژنامەنووسی لە کوردستان، لەلایەن لیژنەی داکۆکی کردن لە رۆژنامەنووسان، لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بڵاو دەکرێتەوە.

٢. بۆ ئاگاداری هەموو لایەک دەقی ئەو راپۆرتە بریتییە لەو زانیارییانەی کە دەست لیژنەی داکۆکی کردن لە رۆژنامەنووسان کەوتووەو یاخود لەلایەن خاوەن کێشەکانەوە ئاگادار کراونەتەوە.

٣. هەندێ لەو رووداوانەی کە تۆمار کراون دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٧، هۆکارەکەی ئەوەیە کە تاکو ئێستا فایلی کێشەکانیان بە کراوەیی ماوەتەوە.

٤. جارێکی تر لە رێگای ئەم راپۆرتەمان داوا لە سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەین کە لەکاتی جێبەجێ کردنی ئەرک و کاری رۆژنامەنووسی هەر جۆرە کێشەو گرفتێکیان بۆ دروست بکرێت، پەیوەندی بە لیژنەی داکۆکی کردن لە رۆژنامەنووسان بکەن، کە ئەمەش ناونیشانی ئەندامانی لیژنەکەیە:

| | | |
|---|---|---|
| **زیرەک کەمال** | **٠٧٥٠٤٤٨٧٠٨٥** | **سەرۆکی لیژنە** |
| **ئەنوەر حوسێن** | **٠٧٧٠١٥٣٥٠٢٩** | **ئەندام** |
| **بەهجەت هروری** | **٠٧٥٠٤٤٥٩٢٥٨** | **ئەندام** |
| **شوان داودی** | **٠٧٧٠١٥٣٣٩٢٩** | **ئەندام** |
| **شوان هەورامی** | **٠٧٧٠١٤٣٢١١٠** | **ئەندام** |
| **ئاکۆ محەمەد** | **٠٧٥٠٤٤٥٠٩٧٨** | **ئەندام** |

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**لیژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و**
**مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان**
**٢٠٠٨/٦/٣٠**

# (کوردستان)ی
# کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد
# لە ئەوروپا

پێم وانیە نەتەوەی کورد هیچ شتێکی ئەوتۆی لە نەتەوەکانی دەوروبەری،جگە لە یەگرەنگی و گوێڕایەڵی و دامەزراوی، هیچی ئەوتۆی لە نەتەوەکانی دەوروبەری کەمتر بووبێت، دیارە ئەم سێ سوخەتی بۆ هەر میلکەینیک بناغەی مانەوەی دەوڵەتین. من هەموو جار دەڵێم لە خۆڕانییە تینکلیزنە بە چاوپۆشین لە بەرژەوەندی. نەیانهێشتووە کورد بنەماکانی بوونە بە دەوڵەتێ بۆخۆیان دابین بکەن.

دیارە زیندوویی هەر میلەتێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بەردەوام بوونیەی لەسەر (خەبات) کردن. دیارە ئەو خەبات و تێکۆشانەی زۆر جۆری هەیە توێژە خوێندکاران سووتەمەنی خەباتی میللەتانن قەتابیانی کوردیش لە سەرەتای سەدەی رابردووەوە درێغیان لەم بوارە نەکردووەتەوە. قوتابیانی کورد لە ساڵی ١٩١٢دا (جڤاتا هێڤی فەقیسی کوردان)یان دامەزراندووە. بەداخەوە، لەگەل هاتنی مستەفا کەمال ئەتاتورک بۆسەر حوکم، ئەو رێکخراوە زوو پەکی کەوت و چالاکی نەما. ئەوەبوو لە چلەکان، جارێکی دیکە قوتابیان کەوتنە جموجۆڵ، لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو قوتابیان پتر بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوایەتییەکان کەوتنە خۆ. ئەوەبوو لەساڵی ١٩٥٦دا کۆمەڵەی خوێندارانی کورد لە ئەوروپا دامەزرا، سەرەتا تەنیا چالاکی رۆشنبیری هەبوو. دواتر دەستی لە سیاسەتیش دەدا، ئەوەبوو لە مارتی ١٩٥٨دا ژمارە (١) گۆڤاریچکیان بەناوی کوردستان بڵاوکردەوە، گۆڤارەکە بەزمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بوو. دەمێک بوو خولیای ئەوەبووم ئەم گۆڤارە بەچاوی خۆم ببینم، ئەوەبوو لەساڵی ١٩٩٩دا ئەو ژمارەیەی گۆڤارەکەم لە ئەرشیفی ناوەندی (پ.د.ک) چاوپێکەوت. زوو هەستم کرد ئەو گۆڤارە دەهێنێت لێکۆڵینەوەی تایبەتی لەسەر بکرێ، دواتر لە کتێبخانەی ئوتێلێکی شاری بەغدا ژمارەیەکی دیکەی ئەم گۆڤارەم بەرچاو کەوت. ئەوەندەی دیکە پەرۆشی ژمارەکانی بووم بەداخەوە ئەو دانەیەی ژمارەکەی بەردەست وێنەیەکی لێکرابۆوە و دواتر بە تیپ پێیەوە چەسپ

کرابوو بۆیە ئەو ماوە لەخۆم رانەدەبینی وەکو خۆی بڵاوی بکەمەوە. ئەوەبوو لە بیرەوەری پەنجاساڵەی کۆچی دوایی شـەیخ حەفید کاک دارا عەتتار چەند دانەیەکی لێ هێنابۆوە کوردستان و ئەوەندەی دیکە کردمیە عاشقی عاشقی ئەم گۆڤارە، بەڵام لەبەرئەوەی سـەتاپای گۆڤارەکە بـە زمانی ئینگلیزی یوو بۆەی بەبـێ وەرگێڕانی هەندێ لـە ناوەڕۆکی وتارەکان لەخۆمان رانەدەبینی بیخەینە بەردەست. لەم رۆژانەدا کە چاومان بە کتێبی (کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانـی حکومەتـی بەریتانیا)ی د. کەمال مەزهەر کـەوت. ئەوەندەی دیکە پەرۆشی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم گۆڤارە کۆمەڵەی خوێندەوار بووم.

ئەوەتـا د. کەمال دوای ئەوەی پوختەیەکی ناوەڕۆکی ئەم ژمارەیەی گۆڤاری (کوردستان)مان بۆ دەنووسییەوە ئینجا لەبارەییەوە دەنووسێ: ئەم ژمارەیەی گۆڤاری (کوردستان) نیشانە و بەڵگەی سەلمێنەرە بۆ رۆڵ و سەنگی (کۆمەڵەی خوێنکارانـی کورد لە ئەوروپا) بۆیەکا دەبـوو بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی هەندەرانی بەریتانیای لە گەلێک زووەوە بایەخ بدات بەو دیاردە نوێیەی ژیانی سیاسـی و فیکری و هاوچەرجی کورد بەو جۆرە سـەرچاوەیەکی رەسـەن و دەگمەن پێک دەهێنین بۆ لێکۆڵینەوەی زانسـتی گشـت لایەنە فیکری و سیاسی و چالاکییەکانـی (کۆمەڵـەی خوێندکارانی کـورد لە ئەوروپا) و دیسـانەوە بە دڵنیاییـەوە دەڵێیـن دەتوانرێت نەک تەهـا دەربارەی کۆمەڵە خـۆی نامەیەکی دکتۆرای تێروتەسـەل بنووسـرێت، دەتوانرێت دوو نامەی ماجستێری رێک و پێکی دەربارەی گۆڤاری (کوردستان)ی ئۆرگانی کۆمەڵە بنووسرێت. یەکێکیان لەبـواری مێژوودا و ئەوەی دیکەشـیان لەبواری رۆژنامەنووسـیدا پاشـان د. کۆمەڵێک ناون بۆئەو کەسانە ژماردووە کە کارێکی زانستیی نایابی وەها دەگرنە ئەستۆ تا لەڕێگەیانەوە گەنجینەیەکی دەوڵەمەند لە زانیاری بایەخدار و رەسەن بۆ کارەکەیان وەدەست بهێنن، پێموایە لەم ژمارەیەی گۆڤاری (رۆژنامەنووس) یشـدا هاوکارانم نمایشـێکی کتێبەکەی (رۆژنامەگـەری خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا)یان کردووە کە کاتی خۆی بەشێکی لە ژمارە (٦)ی گۆڤارەکەمان بڵاو کراوەتـەوە. کوردسـتان. ژمارە (١)ی لە مارتـی ١٩٥٨ و ژمارە (١٦)ی کە دوا ژمارەیـە لە کانوونی دووەمی ١٩٧٢ دەرچووە. هەندێ ژمارەکانی هەمووی بە عەرەبی و ژمارەی دیکەشی هەبوە تەنیا بە زمانی ئینگلیزی دەرژووە. بەگشتی بەزمانـی کوردی (هەردوو زاراوەی سـەرەکی) ئینگلیزی و ئەڵمانی دەرچووە. لەم شوێنانە: ساندرلاند، پۆرتسموپ، لەندەن.

بفەرموون با ناوەڕۆکی گۆڤاری (کوردستان) خۆی لەگەڵتان بدوێ.



This Kurdish boy is only 12 years old . . . . he fights for the liberation of his country. He lives the life of a tough warrior.

هەواڵنامەی کتێب

# KURDICA

## Journal of Kurdish Affairs

Published by the Committee for the Advancement of Kurdistan in the United Kingdom (CAK-U.K.).
The first issue, published in July 1968 contained the following items:

Why Kurdica?
Two Years After – Editor
The Kurds in 1968 – A.M. Hamilton
Diary of a Kurd – M. Bapeer
Kurdica Essay: "The Role of the Military in the politics of the Developing Nations".
CAK Manifesto (The Essential Aims of the Kurdish Revolution)
A Tale from Baghdad – Spectator
Book Review: The Kurds by General Hassan Arfa
Various Press cuttings from British newspapers
Map of Kurdistan issued by the League of Nations

The next issue of Kurdica will be published shortly. All correspondence to CAK U.K. and Kurdica should be addressed to:

CAK – U.K.
31, Kensington Church Street,
London W.8.
United Kingdom.

# THE KURDISH JOURNAL

Published by the Kurdish Student Organisation in the U.S.A. The issued includes:

Editorial: The Kurds and the Concept of Iraqi Unity
The Etymology of the name Baghdad. Part 2. Taufiq Wahby
Facts on the Kurds: Reply to the "Story of the Kurds" Part 2 Jamil Rojbeyani
The Black Sixth of September – Ashti
Documents and Excerpts:
Correspondence on the Suspension of Al-Taakhi Newspaper

Address: The Kurdish Journal, P.O.Box 13005
Washington, D.C. 20009, U.S.A.

PAUL — Marquerite, Lusie et Bedir - Khan, Kamuran: Proverbs Kurdes. Paris 1936.
PERCY: Turkish-Kurdistan in Proceedings. Royal Inst. G. Britain XVI-640.
PRADIER, Jean: Les Kurdes; Revolution silencieuse, Durod edit. Bordeaux 1968.
PRYM, E. und SOCIN, A.: Kurdische Sammlungen. St. Petersbourg 1887-90.
RAMBOUT, L.: Les Kurdes et le Droit. Paris 1947.
RICH, C.J.: Narrative of a residence in Koodistan and account of a visit to Shiraz and Persepolis (2 Vols) London 1880.
—, —: Notes on Koodistan. London 1836.
ROMANETTE, I.: Le Kurdistan et la question Kurde. Paris 1937.
RUDENKO, M.B.: Mem u zin. Moskva 1962.
SAFRASTIAN, A.: Kurdes and Kurdistan. London 1948.
SCHMIDT, Dana Adams: Journey among Brave Men, Little Browr & Co. Boston USA 1964.
SOANE, E.B.: Elementary Kurmanji Grammar (Sulaimania district). Baghdad 1912.
— —: Grammar of the Kurmanji or Kurdish language. London 1913.
—, —: Elementary Kurdish Grammar. Baghdad 1919.
— —: To Mesopotamia and Kurdistan in Disguise. (2nd ed.) London 1926.
SPEISER, E.A.: Southern Kurdistan in the annals of Ashurnasirpa land today. 1928.
SYKES, M.: The Kurdish Tribes of the Ottoman Empire, London. 1908 in J.R. Anthrop Inst.
SOCIN, A.: Die Sprache der Kurden, ni Grundress der iranischen Philologie. Bd I Bdt. 2, S. 249-286 Hrsgb W. Geiger und E. Kuhn. Strausburg 1898-1901.
TANBERG, (Ol of G) RASTGELDI, S.: Det Glomda Kriget Rapport fran Krakiska Kurdistan. Solna Stockholm 1967.
VANLY, Ismet Cheriff: Interview sur la Question Kurde. Berlin 1960.
—, —: The War of Liberation of Iraqi Kurdistan in Revolution. Vol. 1 Nos. 4-5 Aug.-Sept 1963.
—, —: The Kurdish Problem in Syria. Published by C.D.K.P.R. 1968.
—, —: The Persecution of the Kurdish People by the Baath Dictatorship in Syria. 1969.
VIENNOT, Jean-Pierre.: Le Movement National Kurde. Paris.
VILCHEVSKI, O.: Kurd v Vedenya etnichesknyn istoryu Kurdskovo naroda. Moskva. 1961.
WAGNER, M.: Reise nach Persian und Land der Kurden. Leipzig 1852.
WAHBY, Taufiq: The Rock Sculptures in Gunduk Cave. Baghdad 1949.
—, —: The Remnants of Mithraism in Hatra and Iraqi Kurdistan. London 1962.
—, —: The Origin of the Kurds and their Language, London 1964.
—, —: Kurdish English Dictionary, Clarendon Oxford Press 1966 (co-author with C.J. Edmonds).
—, —: Kurdish Studies, published by Kurdica, London 1968. "Part I"
WAHEED, A.: The Kurds and Their Country. Lahore 1955.
WIGRAM, W.A. and F.T.A.: The Cradle of Mankind; Life in Eastern Kurdistan 2nd Ed. 1922.
WIKANDER, Stig.: Recueil de textes Kourmandji. Uppsala 1959.
WILHELM, Eugene: La Langue des Kurdes. Paris 1889.
WUNSCH, J.: Meine Reise in Armenien und Kurdistan. Wien 1883.
ZIKMUND. M. HANZELKA: Kurdistan. Czechoslovakia 1962.
ZUKERMANN, I.I.: Elements de grammaire Kurde Moscou 1962.
Bibliografia po Kurdovedenyu akademia nauk SSSR. Institut narodov Asiie. Moskva 1963

## SUGGESTED READINGS

**KURDICA:** (Journal of Kurdish Affairs) published by The Committee For the Advancement of Kurdistan. U.K. London.

**KURDISH JOURNAL:** Published by Kurdish Students Organisation in U.S.A. Washington D.C.

**KURDISH FACTS:** (Information sheet published by International Society Kurdistan Amsterdam)

**BULLETIN DU CENTRE D'ETUDES KURDES:** Paris (Direteur: l'Emir Bedir Khan).

**The Case of Kurdistan Against Turkey 1928.**

**PESH MERGA:** (Prepared to Die.) The story of the Revolution in Iraqi Kurdistan. Published by the General Representation of the Revolution in Kurdistan. 1966.

**REPORT FROM IRAQ:** The British Committee for the Defence of Human Rights in Iraq. Aegeian Press London 1963.

44

هەولاتەی کتێب

**EDMONDS, C.J.:** Some Ancient Monuments on the Iraqi-Persian Boundary. British School of Archaeology in Iraq.

**EIKSTEDT, Egomvon:** Turken, Kurden und Iraner seit dem Alter tum. Stuttgart 1961.

**ELPHINSON, W.G.:** The Kurdish Question (International Affairs. January 1st). London 1946.

**FARIZOV, I.O.:** Russko-Kurdiski Slovar. Moskva 1957.

**FOWLER, S.:** Drei Jahre in Persien und Reiseabenteuer in Kurdistan. Aachen 1842.

**FOSSUM, L.O.:** A practical Kurdish Grammar. Minneapolis 1919.

**FRASER, J.B.:** Travels in Kurdistan and Mesopotamia, 2 Vols. London 1840.

**FUAD, Kamal:** Kurdischer folkore in Literarischer uberlie ferung.
Wiss Z, Humbaldt–Univ Berlin Ges–Sprachw W.R. XIV. Berlin 1965.

**GARROD, D.A.E.:** The palaeolithic of Southern Kurdistan. 1930.

**GARZONI, M.:** Grammatica e vocabolario della lingue Kurda. Roma 1787.

**GAVAN, S.S.** Kurdistan – Divided nation of the Middle East. London 1958.

**GHASSEMLOU, Abdul Rahman:** Kurdistan and the Kurds. Praque 1965.

**HADANK, KARL:** Boti und Ezadi. Berlin 1938.

**— , — :** Kurdische – Persische Forschungen (Abteilung III, Band IV). Berlin 1932.

**HAMILTON, A.M.:** Road Through Kurdistan (2nd ed.) London 1958.

**HAMMER:** Ueber die Kurdische Sprache und ihre Mundarten aus dem III. Bande der Reisebecshreibuna. Evlias Wien. 1814.

**HANDEL-MAZETTI:** Zur Geographie von Kurdistan – Peterm-Mitt 1912.

**HANSEN, Henry H.:** The Kurdish Woman's life. Kobenhaqen 1961.
Daughters of Allah. Copenhagen 1960.

**HARALDSSON, Erlender:** Med Uppeisuarmonnum
**— , — :** i Land in Aufstand, Kurdistan. Hamburg 1966.

**HARTMANN, Martin:** Der Kurdische Divan des Scheich Ahmet von Gezirat ibni Omar Genannt, Melai Giziri. Berlin 1904.

**HAY. W.R.:** Two years in Kurdistan 1918-1920. London 1921.

**HUBBARD, G.E.:** From the Gulf to Ararat through Mesopotamia and Kurdistan – Edinburgh 1916.

**HUTTEROTH, W.D.:** Bergnomaden und Yaylab bauern in mitteleren Kurdischen Taurus, Humburg 1959.

**IVANOW, W.:** The Truth–Worshippers of Kurdistan. Holland. 1953.

**JABA, A.** Recueil de notices et extraits Kurdes, St. Petersbourg 1860.

**— , et JUSTI:** Dictionair Kurde – Francais St. Petersbourg 1879.

**JUSTI, Ferdinand:** Uber die Kurdischen Spiranten. Marburg 1873.

**— , — :** Kurdische Grammatik. St. Petersbourk 1880.

**KARABUDA, Barbro:** Oster om Eufrat; Kurdernas Land, Stockholm 1960.

**KHALFIN, N.A.:** Barba za Kurdistan. Moskva. 1964.

**KINNANE, Derek:** The Kurds and Kurdistan. London 1964.

**KLAPROTH.** Various Studies on Kurdish. Wien 1808.

**— , — :** Kurdisches Worterverzeichniss. Wien 1814.

**KURDOYEV K.K.:** Kurdiski Yazik, Moskva 1961.

**— , — :** Grammatica Kurdskava Yazika (Kurmangi). Moskva 1957.

**— , — :** Kurdsko – Russki Slovan. Moskva 1960.
Development of Kurdology in U.S.S.R., Moscow 1960.

**LAZAREV, M.S.:** Kurdistan i Kurdskaya Problema. Moskva 1964.

**LERCH:** Forschungen uber die Kurden 2 tle St. Petersburg 1857-58.

**LESCOT R.:** Textes Kurdes Genthner 1940-1942. 2 vol.

**MACKENZIE, D.N.:** Kurdish Dialect Studies (I,II) London 1964.

**— , — :** The origin of Kurdish. Oxford 1964.

**MANN, OSKAR:** Kurdish – Persische Forschungen (Abteibung IV – Kurdische Dialekte, Band I-II Berlin 1906-1909.

**MAUNSELI. F.:** Kurdistan. London 1894.

**MAURIES, Rene:** Le Kurdistan ou la Mort Laffont Edit. Paris 1967.

**Mc. Carus, Ernest, N.:** A Kurdish Grammar, New York 1958.

**MILLINGEN, F.:** Wild Life Among the Koords 1870.

**MINORSKY, V.:** Kurdistan and Kurds (Encyclopaedia of Islam) Vo. II. London 1927.

**— , — :** The Guran, in B.S.O.S. 1943.

**MOLTKE, H.:** Das Land und Volk der Kurden in Vermichte. Schriften zur orientalische Frace. Berlin 1892.

**MULLER, Friedrich:** Kurmangi – Dialekt der Kurden Sprache, Wien 1864.

**— , G.J.:** Einbruch ins verschlossene Kurdistan. Reutlingen 1937.

**NIKITINE, Basil:** Probleme Kurde (Politique etrangere). Paris 1946.

**— , — :** Les Kurdes – Etude Sociologique et historique Paris 1956.

43





**ABBAS, Hilmi:** Altkurdische Kamph – und Munchen 1964.

**ADAMSON, David:** The Kurdish War. London 1964.

**AJASIME, Jelil:** Les Ecrivains Kurdes en U.S.S.R. Yerevan 1954.

**ALDRIDGE, James:** The Diplomat. London 1950.

**ARFA HASSAN:** The Kurds, Oxford University Press. London 1966.

**BACHMANN, Watter:** Kirchen und Moscheen in Armenien und Kurdistan. Leipzig 1913.

**BALSAN F.:** Les Surprises du Kurdistan. Suisse 1946.

**BARTH, Frederick:** Principles of Social Organization in Southern Kurdistan. Oslo 1953.

**BEDIR-KHAN, Jaladat:** Grammair Kurde. Damas 1933.

**BEDIR-KHAN, Kamuran:** La Question Kurde. Paris 1959.

**BEDIR-KHAN & HERBERT, Oertel:** Der Adler Von Kurdistan. Potsdam 1937.

**BEKO, Tcherkes:** Kurdish Russian small Dictionary 14.000 words Moscow 1957.

**BENNETT J.G.:** Gurdijieff a very great enigma. Coombe Spring Press London 1966.

**BERLINER, R. and BORCHARD, P.** Silberchmiedearbeiten aus Kurdiston. Berlin 1911.

**BEYAZIDI, Mahmoud:** Moeurs et Coutumes des Kurdes Moscow 1963.

**BINDER, H.** Au Kurdistan, en Mesopotamie et en Perse. Paris 1887.

**BISHOP, I.L. BIRD:** Journeys in Persia and Kurdistan. 2 Volumns. London 1891.

**BLAU, Joyce:** Le Propleme Kurde, Bruxelles 1963.

**–, –: O.:** Die Stamme des nordostlichen Kurdistan. Leipzig 1858-62.

**BOIS, Thomas, O.P.:** Connaissance des Kurdes Khayyats edit Beyrouth 1965.

Les Kurdes (Histoire, folklore),

**–, – :** L'ames des Kurdes a la lumierede leur folklore Beyrouth 1946.

**BRAIDWOOD, Linda:** Digging beyond the Tigris.

**BRANI:** Notes of a Journey througha a part of Kurdistan in the Summer of 1838. London.

**BURCHARD, Brentjes:** Zu einigen problemen der Geschichte der Kurdischen Nationalbewegung. Aus der Widdenschaftliche Zeitschrift der Martin-Luther Universitat, XIII. Jg Heft 9/10 Halle-Wittenberg 1964.

**CHAILAND, G.:** Le Question Kurde Francois Haspero. Paris 1961.

**CAMPANILE, G.** Storia della regione di Kurdistan edille sette de religione-ivi existeni. Naples 1818.

**CHANTRE, Ernest:** Les Kurdes. Lyon 1897.

**CHARMONY, F:** Cherof-Nameh on fastes de la nation Kurde. 4 Vols. St. Petersbourg 1868-1875 (Arabic edition: Bidlisi. Sharaf Khan Al-Sharaf Nama. Baghdad 1952).

**CHRISTENSEN, Nerthus und Dieter:** Notizen Zur Kurdischen Topferei (Baschler - Archir, Neue Folge), Berlin. 1960.

**–, – :** Tanzlieder der Hakkari – Kurden (Jahrbuch fur musikalische Volks-u. Volker – Kunde, Sonderdruck aus Band 1/1963 (Berlin 1963).

**CHRISTOFF, H.:** Kurden und Armenier. Heidelberg 1935.

**CYAVANDOV. C.:** Kurdish-Armenian Dictionary 27,000 words Yerevan 1957.

**DEMCHENKO, P.:** Irakski Kurdistan Wagne. Moskva 1963.

**DOUGLAS, W.O.:** Strange Lands and Friendly People. London 1951. Deutshe Ausgable (Gaerender Orient, Zurich 1954).

**DRIVER, G.R.:** The name "Kurd" and its philological Connexions. in J.R.A.S., p.393-403. 1913.

**–, – :** Dispersion of the Kurds in ancient times, in J.R.A.S., p.563-572-1921.

**–, – :** Studies in Kurdish history in B.S.O.S., II. p. 491-513. 1922.

**–, – :** The Religion of the Kurds in B.S.O. II / II p.197-215. 1922.

**EAGLETON William:** The Kurdish Republic of 1946. London 1963.

**EDMONDS, C.J.:** Kurds, Turks and Arabs. London 1957.


42

**11.3.63** Declaration of the Revolutionary Council (Baath) that "this Council recognized the rights of the Kurdish people".

**April 63** Negotiations with the government of Baghdad.

**24.4.63** Kurdish Memorandum with a detailed definition of demands and the claim of autonomy (Hakum| Dhati).

**1.6.63** A Project of Decentralization in Iraq envisaging the creation of an administrative entity in the North (Baath).

**10.6.63** War breaks out again (following the fall of the Baath government), the new government addressing the Kurds with an ultimatum to lay down arms within 24 hours.

**28.10.63** "The International League for the Rights of Man" condemned the Iraqi Government for its "mass slaughter" and "virtual genocide".

**10.2.64** Barzani & Aref announce a cease-fire.

